# رۆڵی بنەماڵەی بەدرخانییەکان لە گەشەپێدان و پێشخستنی هونەرەکانی رۆژنامەگەریی کوردیدا ١٩٣٢ - ١٩٤٦

عەبدولسەمەد ئیسلام تەها دۆسکی

سلێمانی
٢٠١٠

# ڕۆڵی بنەماڵەی بەدرخانییەکان لە گەشەپێدان و پێشخستنی هونەرەکانی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا
# ١٩٣٢ – ١٩٤٦


- نووسەر: عەبدولسەمەد ئیسلام تەها دۆسکی
- بابەت: مێژوویی
- پیتچنی: نووسەر
- هەڵەچنی: عەتا مەحمود
- نەخشەسازیی بەرگ: جەبار سابیر
- نەخشەسازیی ناوەوە: چۆمان عادل
- سەرپەرشتیاری کتێب: کارزان عەبدوڵڵا
- زنجیرەی گشتیی کتێب: (٧٤٠)
- تیراژ : (٥٠٠) دانە
- چاپخانە: چاپخانەی بابان
- نرخ: (٤٠٠٠) دینار
- ژمارەی سپاردنی (١٧٣٢)ی ساڵی ٢٠١٠ی وەزارەتی ڕۆشنبیریی و لاوانی دراوەتێ.

**بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی**
**گردی ئەندازیاران- بەرامبەر کوردستانی نوێ**
**ژمارەی تەلەفۆن: ٣١٨٠٩٩٤**

## ئەم کتێبە پێشکەش بێت بە:

♦ نیشتمانەکەم (کوردستان)، کە شایستەی هەموو جۆرە قوربانیو ماندووبوونێکە.

♦ گیانی رۆژنامەنووسانی بنەماڵەی بەدرخان، کە دامەزرێنەرو مامۆستایانی رۆژنامەگەریی کوردی بوون، لە پێناو کوردایەتیدا درێغییان نەکردووە، هەموو ئەو بەرێزانەی کە بە دڵسۆزی نەتەوەیی ئەم کارەیان ئەنجامداوەو ئەوانەش کە بە ئازایەتی لەسەری بەردەوامن.

♦ بۆ خێزانەکەم....کۆرپەکانم، کارزان، دۆزان، رێزان، ئاراس.

# پێشەکی

ئەم لێکۆڵینەوەیە لەژێر ناونیشانی (رۆڵی بنەماڵەی بەدرخانیەکان لە گەشەپێدانو پێشخستنی هونەرەکانی رۆژنامەگەریی کوردیدا( ١٩٣٢ – ١٩٤٦ )دایە. بێگومان لە سەردەمی ئێستادا، راگەیاندن بەشێوەیەکی گشتی رۆڵێکی یەکجار گەورە لە دروستکردنی رای گشتیو ئاراستەکردنی ئەو رایە دەبینێت، ئەمە لەلایەك، لەلای دیکەش راگەیاندن دیسان رۆڵێکی کاریگەرو گەورەی هەیە بۆ ناسینی گەلانو کێشەکانیان. نە بەس گەلانو دەوڵەتو حکومەتەکان گرنگی بە راگەیاندن دەدەن بەڵکو دامو دەزگاکانو حزبو رێکخراوەکانیش بایەخێکی یەکجار گەورە بەم بوارە دەدەن. چونکە راگەیاندن ئەگەر تاکە رێگایەك نەبێت، بەڵام بەدڵنیاییەوە رێگایەکی هەرە گرنگو کاریگەرە لە بەستنی پەیوەندی لەگەڵ خەڵکدا. بۆیە دارابیەکی زۆر گەورە بۆ ئەم کارە تەرخان دەکەنو هەوڵ دەدەن تازەترین شێوەو تەکنەلۆژیاو سیستەم بەکاربێنن.

رۆژنامەگەریش وەکو بەشێکی گەورەو کاریگەر لەم بوارەدا، بەشی خۆی لەو کارو ئەرکانەدا دەبینێت. خاڵێکی دیکەش ئەوەیە، کە رۆژنامەگەریی دەبێتە نیشانەیەك بۆ دیاریکردنی ئاستی شارستانی کۆمەڵگاکە، چونکە رۆژنامەگەریی پەیوەندییەکی راستەوخۆی لەگەڵ ئاستی خوێندنو نووسینو رۆشنبیری کۆمەڵگادا هەیەو رەنگدانەوەی بارودۆخی ئەو کۆمەڵگایە لە رووی ئابووریو سیاسیو زانستیو رۆشنبیریو کۆمەڵایەتی....هتد.

رۆژنامەگەریی کوردی سەدەیەك زیاترە سەریهەڵداوەو قۆناغ بەدوا قۆناغ پێش دەکەوێت. ئاشکرایە رۆژنامەگەریی کوردی نەوەکو چەکی حکومەتو دەسەڵات دروست بووە، بەڵکو بە پێچەوانەوە وەکو سەنگەری خەباتو خۆراگری وەکو پێویستیەکی زۆر گرنگ لە دایك بووە، ئەمەش سەروەرییەکە بۆ ئەم کارە پیرۆزە. واتە رۆژنامەگەریی کوردی لەسەر شانی مرۆڤی رۆشنبیرو زانای کورد لە دایکبووە، هەر بە خەباتو تێکۆشانی ئەو توێژە وشیارو دڵسۆزە رێرەوی رۆژنامەگەریی کوردی بەردەوام بووە. رۆژنامەگەریی کوردی ئەو خاڵە پرشنگدارەی بۆ خۆی تۆمارکردووە کە لە زۆربەی جاران یان لە زۆربەی قۆناغەکانی ئەو رێرەوەدا لە سەنگەری

دژی رژێم و دەسەڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستاندا بووە. لەبەرئەوە دەبینین ئەم هونەرە تووشی زۆر گیروگرفت و ئاڕیشە بووە و داگیرکەرانی وڵاتەکەمان ڕێگایان بەم هونەرە نەداوە کە بەشێوەیەکی سروشتی لەگەڵ ژیاندا پێشبکەوێت وەکو پێویست خزمەتی گەل و نیشتمان بکات. هەر لەبەرئەوەش دەبینین زۆرجار ڕۆژنامەگەریی کوردی لە دەرەوەی وڵات درێژەی بە کاری خۆی داوە. ئەوەش هەیە کە بارودۆخ و خەسلەتەکانی ڕۆژنامەگەریی کوردی لە هی گەلانی دیکە جیایە. بۆ نموونە ئەو پارەی لەو کارەدا سەرفکراوە لە گیرفانی تاکە کەسێك بووە بۆ قازانجێکی بازرگانی ئابووری نەبووە، بەڵکو بۆ مەبەستێکی نیشتمانپەروەری بووە، هەروەها ئەو ئەرکە قورسە لەسەر شانی کەسێك یان دوو کەس بووە کە بە قەدەر ستافێکی گەورە کاریان کردووە. لەناو گەلانی دیکەدا کادری ڕۆژنامەنووس بە نوێترین ڕێگاو زانست ئامادە دەکرێت بۆئەوەی ئەم کارە جێبەجێ بکات، بەڵام ڕۆژنامەگەریی کوردی تاکو ئێستاش خۆی کادیری خۆی پێگەیاندووە و وەکو پێویستییەکانی کۆمەڵایەتی و نیشتمانی ئەم کارەی ئەنجامداوە.

بنەماڵەی بەدرخانییەکان لەگەڵ ئەوەی کە پێشەنگی ئەم بوارە بوون، لە قۆناغەکانی دوای سەرهەڵدانی ڕۆژنامەگەریی کوردی دیسان ڕۆڵێکی گەورەو کاریگەریان هەبوو لە قۆناغی دوای جەنگی جیهانی یەکەم تاکو دەگاتە جەنگی جیهانی دووەم بەشدارییەکی گەورەیان لە پێشخستنی ئەم بوارەدا هەبووە. ڕۆڵەکانی ئەم بنەماڵەیە وەکو میقداد مەدحەت بەدرخان و عەبدولڕەحمان بەدرخان و سورەییا (ثریا) بەدرخان و عەبدولڕەزاق بەدرخان و محەمەد ساڵح بەدرخان و جەلادەت عالی بەدرخان و د. کامیران عالی بەدرخان وەکو ئەستێرەی پرشنگداری ئەم مەیدانە دەناسرێن. لە ئافرەتانیش ڕەوشەن بەدرخان شوێن پەنجەی لەم بوارەدا دیارە.

ڕۆژنامەگەریی کوردی ڕۆڵێکی دیکەی پیرۆزی بینیووە، ئەویش پێشخستنی زمانی کوردی و نزیك کردنەوەی دیالێکتەکانیەتی. هەروەها کردنەوەی دەرگایەکە لەبەردەم بڵاوکردنەوەی بەهەرمەکانی ئەدەبی کوردی و زەمینە خۆشکردنە بۆ سەرهەڵدان و پێشکەوتنی هەندێ لە ژانرەکانی دیکەی ئەدەب وەکو وتارو چیرۆك و ژیاننامەو....هتد.

ئەم ڕاستییانەی کە باسمان کردن هەموویان پێکەوە بوونە هاندەری ئەوە کە ئەم لێکۆڵینەوەیە لەسەر ڕۆڵی بنەماڵەی بەدرخانییەکان لە پێش خستنی هونەری ڕۆژنامەگەریی کوردیدا ئامادەبکەم. لە قۆناغێکی دەست نیشانکراودا کە دەکەوێتە نێوان ساڵانی ١٩٣٢ — ١٩٤٦ و دوو گۆڤار (هاوارو روناهی) لەگەڵ دوو ڕۆژنامە (ڕۆژانوو ستێر) لەخۆدەگرێت. ئەم

لێکۆڵینەیە لەسەر ڕێبازی وەسفی شیکاری کراوەو بریتییە لە دەروازەیەك دەربارەی بنەماڵەی بەدرخانییەکانو ڕۆڵی لە بەرەو پێشبردنی ڕۆژنامەگەریی کوردی هەر لە سەرەتاوە تاکو دەگاتە کۆتایی جەنگی جیهانی دووەم.

بەشی یەکەم: بۆ باسی ڕۆژنامەگەریی تەرخانکراوە بەشێوەیەکی گشتی لە رووی وشەو زاراوەوەو پێناسەی ڕۆژنامەگەریی، هەروەها هەڵوەستەیەك لەسەر جۆرەکانی ڕۆژنامەگەریی بەپێی پێوەری جیاوازکراوە. دیسان زۆر بە کورتی تیشکێك خراوەتە سەر مێژووو قۆناغەکانی پێشکەوتنی ڕۆژنامەگەریی. هەروەها باس لە تیۆرە گشتییەکانی ڕۆژنامەگەریی لە کۆمەڵگای جیهانی بە سیستەمە سیاسیو ئابوورییە جیاوازەکانەوە کراوە.

بەشی دووەم: تایبەتە بۆ هونەری نووسینی ڕۆژنامەگەریی. باس لە چۆنیەتی نووسین دەکا بۆ ڕۆژنامەگەرییو جیاوازی لەنێوان نووسینو ئامادەکردن یان بڵێین (تەحریر) کراوە. دیسان زمانی ڕۆژنامەگەریی یان زمانی نووسینی ڕۆژنامەگەریی بووە بە تەوەرێکی دیکەی ئەم بەشەو باس لە تایبەتییەکانی ئەم زمانە کراوە لەگەڵ کاریگەری زمانەکە. پاشان هاتووینەتە سەر باسی هونەری هەواڵی ڕۆژنامەگەریی لە رووی پێناسەو رەگەزو جۆرو قاڵبو زمانەوە. ئینجا ڕەنگدانەوەی هەواڵ لە هەریەك لە گۆڤاری هاوارو روناهیو ڕۆژنامەی ڕۆژانووو ستێردا خراونەتە بەر باسو لێکۆڵینەوەو لە هەر یەکێك بە جیا باسکراوە.

بەشی سێیەم: بۆ هونەرێکی دیکەی ڕۆژنامەگەریی کوردی تەرخانکراوە ئەویش هونەری وتارە. لەم بەشەدا تیشك خراوەتە سەر پێناسەی وتاری ڕۆژنامەگەریی لەگەڵ بەشەکانی هەروەها مێژووی سەرهەڵدانی وتار لە ڕۆژنامەگەریدا ئاشکراکراوە، گرنگی وتاری ڕۆژنامەگەریش باسکراوە. پاشان هاتووینەتە سەر دیاریکردنی چۆنیەتی ڕەنگدانەوەی وتار لەسەر لاپەڕەکانی هاوارو روناهیو ڕۆژانوو ستێرداو هەریەکەیان بەجیا باسکراوە.

بەشی چوارەم: بۆ هونەری دەرهێنانی ڕۆژنامەگەریی تەرخانکراوە. لەسەرەتادا باسی پێناسەو چەمکی دەرهێنان کراوەو پێکهاتەکانی ئەم هونەرە دیاریکراون. پاشان باس لە شتە

گۆڕاوەکان‌و شتە نەگۆڕاوەکانی کاری دەرهێنان کراوە. هەروەها باس لە چۆنیەتی دابەشکردنی لاپەڕەکان کراوە. بەکارهێنانی مانشێت‌و وێنەو نەخشەکان لەگەڵ چۆنیەتی دەست نیشانکردنی جێگای هەر بابەتێکی ئەو خاڵانەی کە پێویستە لەم بوارەدا لەبەرچاوبگیرێت. هەر لەم بەشەدا باس لە وێنەی ڕۆژنامەگەریی کراوەو تیشکێك خراوەتە سەر پێناسەو جۆرو گرنگییەکەی. هەروەها ئامارێك بۆ سەرجەم ژمارەکانی گۆڤارو ڕۆژنامەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە کراوەو ژمارەی لاپەڕەو هەواڵ‌و وتارو وێنەو مێژووی دەرچوونی هەر یەکەیان بەشێوەی خشتە ڕێکخراوە.

بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە سوود لە ژمارەیەکی زۆر لە سەرچاوەی کوردی‌و عەرەبی‌و فارسی‌و ئینگلیزی وەرگیراوە. بێگومان هەر کارێك گیروگرفتی خۆی هەیە. ئەم لێکۆڵینەوەش بێ بەش نەبووە لە ئارێشەو گیروگرفت لەوانە:

١. کەمی سەرچاوەی ڕەسەن‌و لێکۆڵینەوەی زانستی بە زمانی کوردی لەم بوارەدا، کە لێکۆڵەرەوە بتوانێت پشتی پێ ببەستێ‌و سوودی لێ وەربگیرێت.

٢. تێپەڕبوونی ساڵانێکی زۆر کە نزیکەی (٩٠) ساڵ بە سەر دەرچوون‌و بڵاوبوونەوەی ئەم ڕۆژنامەو گۆڤارانەدا تێپەڕیوە، هەروەها هیچ کەسێك لەوانەی بەشدارییان لەم ڕۆژنامەو گۆڤارانەدا کردووە لە ژیاندا نەماون، بۆ ئەوەی سوود لە بیروبۆچوون‌و بیرەوەرییەکانیان وەربگرین.

٣. دەست نەکەوتنی دانە ڕەسەنەکانی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان، ئیتر ناچاربووین کە پشت بە دانە کۆپیکراوەکان ببەستین.

٤. ئەوەی زۆر کاری لێکردم‌و دوایخستم تووش بوونم بە نەخۆشی دڵ کە زۆر هیلاکی کردم، ناچاربووم زۆر بە هێمنی کارەکەم بکەم.

هیچ کارێك بێ‌کەم‌و کوڕی نابێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هیوادارم توانیبێتم خزمەتێکم بە ڕۆشنبیریی کوردی کردبێت‌و زۆر سوپاس.

## دەروازە

# ڕۆڵی بنەماڵەی بەدرخانییەکان لە ڕۆژنامەگەریی کوردیدا

# رۆڵی بنەماڵەی بەدرخانییەکان لە رۆژنامەگەریی کوردیدا

کۆنترین سەرچاوەی مێژوویی کە باسی ناوچەی بۆتانی کردبێت بۆ سەدەی پێنجەمی پێش زایین دەگەڕێتەوە. مێژوونووسی گریکی هیرۆدتس (٤٨٤ – ٤٢٦ پ.ز)، دەڵێت کەرتی سیازدە لە کەرتەکانی دەوڵەتی ئەخمینی پێیدەڵێن (بوخت وبیخ). لەبەر گەشەو گۆڕینی فۆنەتیکی ئەم وشەیە لەلایەن گەلو نەتەوە جیاجیاکانەوە بووە بە (بۆتان)[1]. ئەم ناوچەیە گۆڕەپانی سەرهەڵدانی میرنشینێکی کوردی بووە کە هەر بەو ناوەوە ناسراوە.

دەربارەی ساڵی دامەزراندنی ئەم میرنشینە سەرچاوە مێژووییەکان راوبۆچوونی جیاوازیان هەیە. بەڵام بەپێی ئاماژەو بۆچوونی شەرەفخانی بەدلیسی لەسەرەتای سەدەی چواردەمی زایینی بووەو تاکو ساڵی ١٨٤٧ بەردەوام بووە، نزیکەی پێنج سەدەو نیو تەمەنی کردووە. بێگومان لەو ماوە درێژەدا چەندین کەس لە بنەماڵەی (ئازیزان) یان (عەزیزان) فەرمانڕەوایی ئەم میرنشینەیان کردووە. ئەم ناوەش بۆ میر عەبدولعەزیزی کوڕی سلێمان دەگەڕێتەوە، "کە دووەم فەرمانڕەوایە، ئەم بنەماڵەیە بەناوی ئەوەوە ناونراوە بنەماڵەی ئازیزان"[2]. لەژێر سایەی فەرمانڕەوایی ئەودا وڵات گەلێ بەرەو پێشچووە. ئەم میرنشینە لە سەردەمی میر بەدرخاندا گەیشتە بەرزترین پلەی بەهێزبوونو پێشکەوتن[3]. هەر لەبەرئەوەش کوڕانی ئەو بنەماڵەیە خۆیان بە ناوی ئەوەوە ناونـاوە. میر بەدرخان کوڕی میر عەبدال خان کوڕی مستەفا خان کوڕی ئیسماعیل خان کوڕی مەنسور خان کوڕی شەرەفخانی دووەم کوڕی میر محەمەد خان کوڕی میر

---

١- صلاح هروري، إمارة بوتان في عهد الأمير بدرخان ١٨٢١ – ١٨٤٧، ط١، مؤسسة موكرياني للطباعة والنشر، اربيل، ٢٠٠٠، ص١١.

٢- د. عیزەدین مستەفا رەسووڵ، بەدرخان، گۆڤاری رۆژنامەنووس، ژ٤، ٢٠٠٥، ل٣٥.

٣- د. صلاح محمد سليم هروري، الأسرة البدرخانية نشاطها السياسي والثقافي ١٩٠٠ – ١٩٥٠، ط١، دار سبيريز للطباعة والنشر، دهوك، ٢٠٠٤، ص١٣.

شەرەفخانی یەکەمە[٤]. دەربارەی ساڵی لە دایکبوونی میر بەدرخان رای جیاواز هەیە، بلەچ شێرکۆ دەڵێ ئەو کاتەی حوکمی گرتەدەست لە ساڵی ۱۸۲۱ تەمەنی ۱۸ ساڵ بووە، دەبێ ساڵی لە دایکبوونی ۱۸۰۳ بێت[٥]. د. عیزەدین مستەفا رەسول، لەم بارەیەوە دەڵێت: "بەدرخان لە ساڵی ۱۷۹٤ دا لە دایکبووەو ساڵی ۱۸۱۲ بووە بە فەرمانڕەوا"[٦]. بەڵام دەستەیەکی دیکە لە مێژوونووسان ساڵی لە دایکبوونی بە ساڵی ۱۸۰۲ دەزانن[٧].

عەبدولڕەحمان بەدرخان لە (ژ۱۳)ی رۆژنامەی کوردستاندا، ئاماژە بەوە دەکات کە کاتێ میر بەدرخان کۆچی دوایی کرد تەمەنی ٦۳ ساڵ بووە، دیارە کە میر بەدرخان لە ساڵی ۱۸٦۹ دا کۆچی دوایی کردووە. لێرەدا ئاشکرا دەبێت کە ساڵی لە دایکبوونی دەبێتە (۱۸۰٦).

میر بەدرخان لە ساڵی ۱۸۲۱ فەرمانڕەوایی میرنشینی بۆتانی وەرگرتووە، دوای ئەوەی براکەی میر ساڵح دەستی لە فەرمانڕەوایی بەردا[٨]. لە ئەنجامی کارو رەفتارو بڕیارەکانی توانی دڵی هەموو لایەك بۆ لای خۆی رابکێشێ‌و گرنگی بە "رێکخستنی کاروباری وڵاتەکەی‌و هاندانی دروستکردنی خانوبەرەو کۆشك‌و تەلاری رێك‌و پێك بدا"[٩]. سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەدەن، کە "بە توندی سزای ئەوانەی دەدا ئەگەر تاوانێکیان ئەنجام بدابوایە، دەستی دزی دەبڕی. زەوی بە هەرزان دەدا بە جووتیاران کە دەبوایە بەرێژەی لە ۳% ی داهاتیان بدابوایێ، ئەم رێژەیەش کەمتر بوو لە رێژەی دەوڵەتی عوسمانلی کە لە جووتیارانیان وەردەگرت، یارمەتی دارایی دەدا بەو خێزان‌و کەسانەی دەست کورت‌و کەم دەرامەت بوون لە رووی داراییەوە"[١٠]. هەر

---

٤- لوتفی، میر بەدرخان، وەرگێڕانی لە عەرەبیەوە جەماڵ گردەسۆری، چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر، ۱۹۹۹، ل١٤.

٥- د. بلەچ شیرگوە، القضیة الکردیة ماضي الکرد وحاضرهم، ط١، رابطة کاوا للثقافة الکردیة، دار الکاتب، بیروت، ۱۹۸٦، ص٥١.

٦- د.عیزەدین مستەفا رەسووڵ، بەدرخان، گۆڤاری رۆژنامەنووس، ژ٤، ۲۰۰٥، ل٣٥.

٧- مالمیسانژ، بدرخانیو جزیرة بوتان، ترجمة: شکور مصطفی، مطبعة وزارة الثقافة، اربیل، ۱۹۹۸، ص٣٧.

٨- صلاح هروري، إمارة بوتان في عهد الأمیر بدرخان ۱۸۲۱ – ۱۸٤٧، ص٤٩.

٩- لوتفی، میر بەدرخان، ل١٥.

١٠- یوسف ئەحمەد مەنتك، بەدرخانییەکان مالباتێکی خەباتکار، کتێبفرۆشی سۆران، هەولێر، ۲۰۰٥، ل١٣ – ١٤.

لەبەرئەوەش، کە باسی دادپەروەری میر بەدرخان دەکرا دەیانگوت: "دادپەروەری بەدرخانەو، بەدرخانیش دادپەروەریە"[11]. لەژێر سایەی میر بەدرخاندا دادپەروەریو گەشەکردنو پێشکەوتن هەموو لایەنەکانی ژیانی گرتەوە، "میرنشینی بۆتان پێشکەوتووترین میرنشینی کورد بووە تا ئەو کاتە. بۆ بەرەبەرەکانی تورك کارگەی تفەنگو تەقەمەنی لە شاری جزیرە دروستکرا. چەند جار ئەو لەشکرەی تورك کە ئەوروپا پشتی دەگرت شکێنرا. لە بۆتان سکە لێدرا. زەویو زارێکی زۆر کرا بە وەقف بۆ مزگەوتو مەدرەسەکان، خوتبە بە ناوی میر بەدرخانەوە لەجێی سوڵتانی عوسمانی خوێندرایەوە"[12]. پێشکەوتنو بەهێزبوونی میرنشینی بۆتانو کارو کردەوەکانی میر بەدرخان بوونە جێگای نیگەرانیو نەرازی بوونی دەوڵەتی عوسمانی بۆ نەهێشتنی ئەو بارودۆخە دەوڵەتی عوسمانی هێرشێکی سەربازی بە یارمەتی بەریتانیا رێکخستو هێرشیان کردە سەر میرنشینی بۆتان. لەسەرەتادا هێزی میرنشینەکە توانی هێرشەکە بشکێنێو ناچاری بکات کە بۆ دواوە بکشێتەوە، بەڵام لەدواییدا لەشکری عوسمانی توانی شاری (جزیرە) کە پایتەختی میرنشینەکە بوو، داگیر بکات. میر بەدرخان بە ناچاری شارەکەی بەجێهێشتو بەرەو قەڵاتی ئاروخ چوو، دوای ئابلوقەدانی قەڵاکە لەلایەن هێزی عوسمانی بۆ نزیکەی مانگێك میر بەدرخان لە رۆژی (٢٠)ی مانگی تەمووزی ساڵی ١٨٤٧ خۆی بەدەست هێزی داگیرکەرەوە داو رەوانەی ئەستەنبوڵ کراو لە رۆژی (٢٩)ی ئەیلولی هەمان ساڵ گەیشتە ئەوێ، پاشان لەسەر فەرمانی عەبدولمەجیدی یەکەم بۆ دورگەی کریت دوورخرایەوە، نزیکەی (١٨) ساڵ لەوێ مایەوە، پاشان لە ساڵی ١٨٦٦ رێگای پێدرا کە لە شاری دیمەشق نیشتەجێ بێت، تاکو لە ساڵی ١٨٦٩ هەر لەوێ کۆچی دوایی کردو تەرمەکەی لە گەڕەکی (صالحیة) نێژرا.

عەبدولرەحمان بەدرخان لە (ژ١٣، ل٤)ی رۆژنامەی کوردستاندا ئەوە ئاشکرا دەکات، کە لە کاتی کۆچی دوایی میر بەدرخاندا (٤٢) کچو کوڕی هەبووە، هەندێ سەرچاوەی دیکە بە ژمارەی وردتر باسی ئەم بابەتە دەکەن، کە "بیستو یەك کوڕو بیست یەك کچی لە دوای بەجێما. بەم جۆرە ژمارەی نەوەکانی بە کوڕو کچەوە (٤٢) کەس بوو ئەو کاتەی کە ئەو لە ژیاندا

---

١١- لوتفی، میر بەدرخان، ل١٧.

١٢- د. عیزەدین مستەفا رەسووڵ، بەدرخان، گ. رۆژنامەنووس، ژ٤، ٢٠٠٥، ل٣٦.

مابوو. به نەوەی منداڵەکانیەوە گەیشتبووە (٩٦) منداڵ"[١٣]. بە مردنی میر بەدرخان کۆتایی بە ڕۆڵی بنەماڵەکەی نەهات، بەڵکو ڕۆڵەکانی چەندین شۆڕش‌و ڕاپەڕینیان بەرپاکرد، وەکو شۆڕشی یەزدان شێر لە ساڵی ١٨٥٤و شۆڕشی عوسمان بەدرخان لە ساڵی ١٨٧٩و ڕاپەڕینی ١٨٨٩ کە بە سەرپەرشتی هەردوو برا مەدحەت‌و ئەمین بەدرخان بوو ڕاپەڕینی ١٩١٠ کە بەرابەرایەتی هەردوو برا حەسەن‌و حسێن بەدرخان بوو[١٤]. هەندێ لە کوڕەکانی میر بەدرخان درێژەیان بە خەبات‌و چالاکی خۆیان داو چوونە ناو ڕیزی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردەوە، بگرە هەندێکیان بوونە هێمای نیشتمان پەروەری‌و جێگای دیارو تایبەتییان لە بزووتنەوەکەدا هەبوو.

لە ئەنجامی ئەزموونێکی دوورو درێژی ئەم بنەماڵەیە لە خەباتی کوردایەتیدا بە شکست‌و سەرکەوتنەکانیەوە ڕۆڵەکانی گەیشتنە ئەو ڕاستییە کە خەباتی چەکداری بەس نییەو ئامانجەکانی بە دەست ناهێنێت، ئەگەر هۆشیارییەکی سیاسی‌و ئاستێکی زانستی لەگەڵدا نەبێت، لەبەرئەوە "بەدرخانیان ڕوویانکردە شێوەیەکی دیکەی خەبات، کە بەشدارییە لە خەباتی سیاسی‌و پێکەوەنان یان بەشداریکردن لەو حیزب‌و کۆمەڵانەدا کە لە دەوری شێخ عەبدولقادر نێرییەوە دروستکران وەکو (تەعالی‌و تەرەقی کوردستان)، (هێڤی)، (خۆیبوون)...هتد"[١٥].

بەدرخانییەکان هەر زوو هەستیان بە گرنگی خەباتی ڕۆشنبیری، شان بە شانی خەباتی سیاسی‌و چەکداری کردووە، لەبەرئەوە پێشەنگ بوون لە ئاوێتەکردنی لایەنی هزری‌و سیاسی لە خەباتی خۆیان داو لەناو ڕیزەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردیدا گەیشتبوونە ئەو ڕاستییە، کە بڵاوکردنەوەی زانین‌و ڕۆشنبیری لەناو گەلی کورددا یارمەتی گەشەکردنی هۆشیاری نەتەوەیی دەدات. هەر لەبەرئەوەش "چوونە سەر چەند ڕشتەی دیکەی خزمەتی کوردایەتی، کە گەورەترینییان ڕۆژنامەنووسی بوو"[١٦]. ڕۆڵەکانی بنەماڵەی بەدرخانیان بەدەرکردنی ڕۆژنامەی

---

١٣- لوتفی، میر بەدرخان، ل٢٦.

١٤- عبدالفتاح علي يحيى، بوتان والبوتانيون والاغنية الكردية التاريخية، مجلة كاروان، العدد ٢٨، السنة الثالثة، كانون الثاني ١٩٨٥، ص١٥٨ – ١٥٩.

١٥- د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، بەدرخان، گ. ڕۆژنامەنووس، ژ٤، ٢٠٠٥، ل٣٦.

١٦- سەرچاوەی پێشوو، ل٣٦.

کوردستان لە رۆژی ٢٢ی نیسانی ساڵی ١٨٩٨ لە قاهیرە بوونە پێشەنگی رۆژنامەنووسانی کورد.

لێرەدا بە پێویست دەزانم کە تیشکێك بخەمە سەر ئەو رۆژنامەو گۆڤارانەی، کە لەلایەن بەدرخانیانەوە بڵاوکراونەتەوەو کورتەی ژیانی ئەو پێشەنگانە بۆ نەوەی دوای خۆیان بوونە مامۆستا لە بواری رۆژنامەگەریدا بنووسم.

# بنەماڵەی بەدرخانییەکانو رۆژنامەگەریی کوردی

بنەماڵەی بەدرخانیانییەکان یەکێکە لەو بنەماڵانەی، کە هەموو توانای خۆیان بۆ رزگارکردنی گەلو وڵات تەرخانکردووە. ئەوەی بەدرخانیانییەکان لە ئەوانی دیکە جیادەکاتەوە، فرە چەشنی خەباتە، واتە بەپێی قۆناغو بارودۆخی سەردەم، بنەماڵەی بەدرخانیان خەباتیان کردووە، کاتی خەباتی چەکداری پێویست بووە، چەك لە شان بوونو لە ریزی پێشەوەی بەرگری لە کوردستان بوون. هەروەها لە بواری خەباتی سیاسی، دیسان ئەوان رۆڵو ئەرکی خۆیان بە لێهاتوویی لە ناو ریزەکانی کۆمەڵو رێکخراوەکانی کوردیدا بینیوەو لەم مەیدانەشدا پێشەنگ بوون، خۆ ئەگەر خەباتی رۆشنبیریو هزری پێویست بووبێ بۆ خەڵکی کوردستان بێگومان رۆڵەکانی بنەماڵەکە رۆڵێکی گەورەیان تێدا بینیوە، چ لە دامەزراندنی قوتابخانە چ لە رێکخراوە زانستییەکاندا. لە هەموویان ئاشکراتر رۆڵی ئەم بنەماڵەیەیە لە کاروانی رۆژنامەگەریی کوردیدا. خەباتو کاری رۆژنامەگەریی بەدرخانیان بە رێکەوت نەبووە، یان گرێدای تاکە کەسێك بێت، بەڵکو ئەنجامی بیرو باوەڕێکی بەتین بووە بە پێویستییەتی ئەو سەردەمە، بۆ ئەو جۆرە خەباتە. هەر لەبەرئەوە دەبینین رۆڵەکانی ئەم بنەماڵەیە چەندین رۆژنامەو گۆڤاریان لە شوێنە جیاجیاکان بڵاوکردەوە. هەروەها دەبینین ئەو کارو خەباتە گرێدای تەنیا تاکە کەسێك نییە لەم بنەماڵەیەدا، بەڵکو وەکو قوتابخانەیەك نەوە دوای نەوە لێی دەردەچنو پاشان دەبنە مامۆستایانی ئەم بوارەو بە زانینو شارەزایی خۆیان بناغەو بنەمای بەهێز بۆ ئەم هونەرە دادەنێن. رۆژنامەو گۆڤارەکانیان ئەمانەن:

# رۆژنامەی کوردستان ١٨٩٨ – ١٩٠٢

رۆژنامەی کوردستان، یەکەمین رۆژنامەیە بە زمانی کوردی دەرچوو بێت، یەکەم ژمارەی لە رۆژی ٢٢ی نیسانی ساڵی ١٨٩٨ دا لە شاری قاهیرەی پایتەختی وڵاتی میسر دەرچووە، سەرنووسەری رۆژنامەکە لە ژمارە یەك تاکو ژمارە پێنج میقداد مەدحەت بەدرخان بووە. پاشان لە ژمارە شەش تاکو ژمارە سی‌و یەك کە ژمارەی کۆتاییە، عەبدولرەحمان بەدرخان لە جێگای برای بوو بە سەرنووسەری کوردستان. ئەم رۆژنامەیە هەروەکو لە لاپەڕەی یەکەمیدا داهاتووە، "پازدە رۆژا جارەکێ تێت نڤیساندن"، واتە لە پازدە رۆژدا جارێك دەنووسرێت. تاکو (ژ٢٤) ئەو دەستەواژەیە بەردەوام بووە. لە (ژ٢٥)دا گۆڕاو لە جیاتی ئەو نووسراوە: "هەیڤێ جارەکێ دەردکەڤە جەریدەیا کوردی یە"، واتە مانگێ جارێك دەردەچێت رۆژنامەیەکی کوردییە.

هەر ژمارەیەکی کوردستان چوار لاپەڕە بووە، بە رێنووسێکی کۆن نووسراوە. ئامانجی بڵاوکردنەوەی رۆژنامەکە زانین‌و فێرکردن‌و هۆشیارکردنەوەی خەڵکی کوردستان بووە، هەروەکو خاوەنی رۆژنامەکە لە (ژ١، ل١)دا نووسیویەتی‌و دەڵێت:

"صەد هزار شکرو حەمد ژ خودێ تەعالارە ئەم موسلمان خەلق کرین. وزانینا عیلم‌و مەعریفەتێرە هش‌و زەکادامە. دەرحەقا عملاندنا علم‌و مەعریفەتێرە گەلەك ئایەتێن جەلیلەو ئەحادیسە شەریفەهەنن دنیابیێدە چقاس موسلمان هەبن گوندو باژێرێن حەمیادە مەکتەب‌و مەدرەسەو جەریدە هەنن دنیابیێدە چ دبە چ نابە. جەریدە دنڤیسن. حەیفا من تێت ژ کوردا رە کورد ژ گەلەك قەوما زێدەتر خوەی هش‌و زەکانە جامێرن د بەنێ خوە دە راست‌و قەوینە خورتن‌و دیسا وەکە قەومێن دی نەخوەندانە نە دەولەمەندن دنیابیێدە چ دبە جیرانێ وان موسقوف چاوەیە وێ چ بکە نزانن لەوما ربا خودێدە من ئەڤ جەریدەیا ها نڤیسی ب ئیزنا خودێ تەعالا پاش نهو هەر پازدە رۆژادە جارەکێ ئەزێ جەریدەکێ بنڤیسم. ناڤێ ڤە من کریە (کوردستان) ڤێ جەریدە ییدە ئەزێ بەحسا قەنجیا عیلم‌و مەعریفەتا بکم ل کو دەرێ مروڤ د عملە ل کودەرێ مەدرەسەو مەکتەبێن قەنج هەنە ئەزێ نیشا کوردا بکم ل کو دەرێ چ شەر دبە دەولەتێن مەزن چ دکن چاوە شەردکن تجارەت چاوە دبە ئەزێ حەمیا حیکایەت بکم حەتا نهو کەسی جەریدەکی هولێ نەنڤیسی یە ئەڤ جەریدەیا مناها عەولی یە لەوما وێ گەلێك کیمایی هەبتن. ئەز هیڤی

دکم کیایا جەریدەیێ ژمنرە بنڤێسن حەمی تشت وەکی نو چێدبن کێمن پاشی هینکی دچە دکوە رێدە ئەڤە ئێدی ئەزێ دەست مەقصەدێ بکم".

بۆ جێبەجێ کردنی مەبەستەکە هەر لە لاپەڕەی یەکەمدا نووسیویە "هەرجار دوو هەزار جەریدەیا بێ پەرە ئەزێ رێکم کوردستانێ دەبدەن خەلکی"، واتە هەرجارە دوو هەزار دانە بەبێ پارە رەوانەی کوردستان دەکەم داکو بە خەڵکی بدەن.

قەبارەی رۆژنامەی کوردستان لە هەموو ژمارەکانیدا چۆن یەك بووە بە ئەندازەی ٢٥,٥ × ٣٢,٥ سم بووە. هەروەها رۆژنامەکە دروشمێکی تایبەتی هەبوو کە لەژێر ناوی رۆژنامەکە بە زمانی تورکی عوسمانلی نووسرابوو (کردلی ایقاڤ وتحصیل صنایعە تشویق ایصنون شمدیلك)، واتە: "هانی کوردان دەدات و راپەڕین بەرپابکەن و هونەرو زانست فێربین"[17]. ئەمەش دروشمی (ژ١ و٢)بوو، بەلام لە (ژ٣)دا دروشمەکە گۆڕاو لەجیاتی ئەمە نووسراوە: (کردلی تحصیل علوم وفنونە تشویق ایدر نصائح وادبیات کردیەیی حاوی)، واتە هانی کوردان دەدات بۆ بەدەستهێنانی زانست و هونەرو لەخۆگرتنی پەندو ئەدەبی کوردی. ئەم دروشمە تاکو ژمارەی کۆتایی بەردەوام بوو. ژمارەی یەك تاکو ژمارە پێنج لە شاری قاهیرە دەردەچوو، ژمارە شەش تاکو ژمارە نۆزدە لە شاری جنێف دەرچووە، ژمارە بیست تاکو ژمارە بیست و سێ جارێکی دیکە لە شاری قاهیرە دەرچووە، ژمارە بیست و چوار لە شاری لەندەن دەرچووە، ژمارەکانی بیست و پێنج تاکو بیست و نۆ لە شاری فۆلکستون لە بەریتانیا دەرچووە، ژمارە سی و سی و یەك جارێکی دیکە لە شاری جنێف دەرچووە. دوا ژمارەکانی رۆژنامەکە، ژمارەی ٣١ی لە یەکی نیسانی ساڵی ١٩٠٢ دەرچووە. پەیامی رۆژنامەی کوردستان پەیامێکی نەتەوەیی ئاینی بووە، ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە لەو سەردەمەدا لەناو گەلانی هاوسێی کوردیشدا باوبووە.

---

١٧- د. کەمال فوئاد، کوردستان یەکەمین رۆژنامەی کوردی ١٨٩٨ – ١٩٠٢، چ١، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ئەدەبی و رووناکبیری گەلاوێژ، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل١١.

## کورتەی ژیانی میقداد – مەدحەت بەدرخان

(میقداد مەدحەت) ناوێکی لێکدراوە، کوڕی میر بەدرخان پاشا بووە، ساڵی لە دایکبوونو کۆچی دوایی نەزانراوە. هەندێ سەرچاوە باسی ئەوە دەکەن، کە لە ساڵی ۱۸۸۹ میقداد مەدحەتو ئەمین عالی بەدرخان هەوڵیان داوە راپەڕینێك لە ناوچەی (تەرابزوون) بەرپا بکەن، بەڵام پلانەکەیان سەرنەکەوتوو، هەردوو برا بە دیلی کەوتنە دەستی هێزەکانی دەوڵەتی عوسمانیو زیندانی کران. پاشان نیشتەجێی کوتەکی (الاقامة الجبرية)یان لەسەر سەپێنرا[18]. هەندێ سەرچاوەی دیکە ئاماژە بەوە دەکەن، کە لە ساڵی ۱۸۹۱ چۆتە میسرو نەخۆشی سیلی هەبووە[19]. لە ساڵی ۱۸۹۸ لە شاری قاهیرە پێنج ژمارەی لە رۆژنامەی کوردستان بلاوکردەوە، پاشان بە ناچاریو لەژێر فشاری دەوڵەتی عوسمانی گەڕایەوە بۆ شاری ئەستەنبوڵ.

میقداد مەدحەت بەدرخان یەکێك بووە لە ئەندامە چالاکەکانی حزبی ئیتحادو تەرەقی، هەروەها لە ساڵی ۱۹۱۰ دا، بەشداری لە دامەزراندنی (جەمعیەتی نەشری مەعاریفی کوردی) کردووە لە شاری ئەستەنبوڵ. بەپێی گێڕانەوەی نووری دەرسیملی لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا، میقداد مەدحەت لە ساڵانی ۱۹۱۲ - ۱۹۱۳ بوەتە پارێزگاری شاری دەرسیم. چەندین وتاری جۆراو جۆری لە ژمارەکانی (۱ – ۵)ی رۆژنامەی کوردستان بلاوکردۆتەوە، هەروەها وتاری لە گۆڤاری (رۆژی کورد) لە ساڵی ۱۹۱۳ بلاوکردۆتەوە.

میقداد مەدحەت بەدرخان جگە لە زمانی کوردی، زمانی تورکیو عەرەبیو فەرەنسیشی زانیوە[20].

---

۱۸- عبدالفتاح علي يحيى، بوتان والبوتانيون والاغنية الكردية التاريخية، مجلة كاروان، العدد ۲۸، ص۱۵۹.

۱۹- د. کەمال فوئاد، کوردستان یەکەمین رۆژنامەی کوردی ۱۸۹۸ – ۱۹۰۲، ل۱۲.

۲۰- سەرچاوەی پێشوو، ل۱٤.

## کورتەی ژیانی عەبدولڕەحمان بەدرخان

عەبدولڕەحمان کوڕی میر بەدرخان پاشایەو برای میقداد مەدحەت بەدرخانە. زانیاریی ورد دەربارەی ساڵی لە دایك بوونو سەردەمی منداڵیو لاویتی نییە، بەڵام پێش ئەوەی ئەستەنبوڵ بەجێ بێڵێتو دەربەدەر بێت بەڕێوەبەر بووە لە وەزارەتی ڕۆشنبیری[21]. دەربارەی ساڵی دەربەدەربوونو پەیوەندی عەبدولڕەحمان بەدرخان بە حیزبی ئیتحادو تەرەقی، د. فەرهاد پیربال دەڵێت: "وا پێدەچێت عەبدولڕەحمان بەدرخان لە ساڵی ١٨٩٤ لەولاوە، لەگەڵ د. عەبدوللا جەودەتو د. ئیسحاق سکووتی ڕوویان کردبێتە ئەورووپا (فەرەنساو سویسراو بریتانیا). ئەمەش چونکە لە ساڵی ١٨٩١دا، زۆربەی ئەندامو شانە حزبییەکانی ئیتحادو تەرەقی لە ئەستەمبوڵ کەشف بوون. بەشێکی زۆر لە ئەندامەکانیان ڕایان کردە قاهیرەو لەندەنو پاریس بۆ ئەوەی درێژە بە خەباتی خۆیان بدەن. لەوێش ئەو ئەندامو بەرپرسیارە حزبییانەی ئیتحادو تەرەقی، تەنانەت لە ئاستی ئەندامانی سەرکردایەتیشیاندا، ژمارەیەکی زۆریان کورد بوون"[22].

عەبدولڕەحمان بەدرخان کاتێ چووە دەرەوە گەیشتە ڕیزەکانی نیشتمانپەروەرانو دژی فەرمانڕەوایی سوڵتانی عوسمانی خەباتی کرد، هەر لەبەرئەوەش سوڵتان هەوڵی زۆری دا بۆ گەڕاندنەوەی عەبدولڕەحمان بەدرخان بۆ وڵات، بەڵام هەموو هەوڵەکانی سوڵتانو دارو دەستەکەی سەری نەگرتو ناوبراو زیاتر سوور بوو لەسەر هەڵوێستی خۆی[23].

هەر لەبەرئەو هەڵوێستە نەگۆڕەی لە ساڵی ١٩٠٠ دادگایەکی عوسمانی بەشێوەی غیابی دادگایی عەبدولڕەحمان بەدرخان دەکاتو بڕیاری زیندانکردنی هەتاهەتایە بۆ دەردەچێت لەگەڵ دەست بەسەرداگرتنی هەموو سەروەتو سامانیو بێ بەشکردنی لە میرات[24].

---

٢١- جليلي جليل، نهضة الاكراد الثقافية والقومية في نهاية القرن التاسع عشر وبداية القرن العشرين، نقله عن الروسية باقي نازى، د. ولاتو، ط١، رابطة كاوا للثقافة الكردية، دار الكاتب، بيروت، ١٩٨٦، ص٣٨.

٢٢- د. کەمال فوئاد، کوردستان یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی ١٨٩٨ — ١٩٠٢، ل١٥.

٢٣- ئیسماعیل بادی، ڕۆژنامەڤانیا کوردی دناڤبەرا بزاڤا سیاسیو ڕەوشەنبیری دا، چ١، چاپخانەی هاوسەر، هەولێر، ٢٠٠٤، ل١٩.

٢٤- جليلي جليل، نهضة الاكراد الثقافية والقومية في نهاية القرن التاسع عشر وبداية القرن العشرين، ص٣٨.

له رۆژی (٤) شوباتی ساڵی ١٩٠٢ دا یەکەمین کۆنگرەی (ئیتحادو تەرەقی) لە پاریس بەسترا، عەبدولرەحمان بەدرخان لەگەڵ حیکمەت بابان وەکو نوێنەرانی نەتەوەی کورد بەشدارییان لەم کۆنگرەیەدا کرد. هەروەها لە رۆژانی (٢٧ – ٢٨) کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٠٧ کۆنگرەی تورکە لاوەکان بەسترا، دیسان عەبدولرەحمان بەدرخان وەکو نوێنەری گەلی کورد تیادا بەشداربووە[٢٥]. لە ساڵی ١٩٠٨ دوای راگەیاندنی شۆڕشی دەستووری لە تورکیا دەگەڕێتەوە بۆ ئەستەنبوڵ، لەوێ قوتابخانەیەك بۆ منداڵانی کورد لە گەڕەکی (جەنبری تاش)و لە شەقامی دیوانلی لەژێر ناوی (قوتابخانەی مەشروتیەت) دەکاتەوەو ئەو خۆی دەبێتە بەڕێوەبەری قوتابخانەکە، "بە زمانی کوردی دەرس بە منداڵانی کورد دەڵێتەوە مانگانە خەرجی قوتابخانەکە دەداتو پێویستییەکانی دابین دەکات"[٢٦].

ماوەی نێوان هەردوو ژمارەی (٥ و٦)ی رۆژنامەی کوردستان زیاتر لە سێ مانگ دەخایەنێت، لەو ماوەیەدا عەبدولرەحمان بەدرخان دەبێتە سەرنووسەری رۆژنامەکە، تاکو ژمارەی کۆتایی. رۆژنامەی کوردستان لە شاری قاهیرە بۆ شاری جنێف گوازراوەتەوە، واتە هەر پێنج ژمارەی کە میقداد مەدحەت بەدرخان سەرنووسەری بووە لە شاری قاهیرە دەرچووە، بەڵام دوای گەڕانەوەی بۆ ئەستەنبوڵ، عەبدولرەحمان بەدرخان بووە بە سەرنووسەری رۆژنامەکە کە لە چەندین جێگای جیاجیا چاپ کراوە: وەکو جنێفو قاهیرەو لەندەنو فۆلکستۆن.

خاڵێکی دیکە هەیە، کە دەبێت ئاماژەی بۆ بکەین ئەویش لە (ژ١٨، ل١)ی رۆژنامەی کوردستاندا عەبدولرەحمان بەدرخان ئاشکرای دەکات، کە لەسەر داوای خەڵك بە نیازە نیوەی رۆژنامەکە بە زمانی تورکی بڵاوبکاتەوەو لەم کارەدا خوارزاکەی کە ناوی (فەوزی بەگە) یارمەتی دەدات.

لە (ژ٦، ل٢) دوای ئەوە، کە دەبێتە سەرنووسەر، عەبدولرەحمان بەدرخان وتارێك دەنووسێتو تیادا داکۆکی لەسەر گرنگیی زانستو فێرکردن دەکاتو ئاماژە بەوە دەکات، کە لەم بوارەدا گەلی کورد زۆر دواکەوتووە، لەبەرئەوە پێویستە هەموو مرۆڤێکی کورد بایەخ بە بابەتەکە بدات.

---

٢٥- د. کەمال فوئاد، کوردستان یەکەمین رۆژنامەی کوردی ١٨٩٨ – ١٩٠٢، ل١٧.

٢٦- سەرچاوەی پێشوو، ل١٨.

## رۆژنامەی کوردستان دەورەی دووەمو سێیەم

هەندێ سەرچاوەی رۆژنامەگەریی کوردی ئاماژە بەوە دەکەن، کە رۆژنامەی کوردستان دوای شۆڕشی مەشروتیەت جارێکی دیکە لە ئەستەنبول دەرچووەو سەرنووسەرەکەی میر سورەییا بەدرخان بووە. ئەم سەرچاوانە ئاماژە بە وتارێکی خۆدی میر سورەییا دەکەن کە لە ژمارەی یەکەمی دەورەی سێیەمی رۆژنامەی کوردستان داهاتووە کە لە رۆژی ١٢ی ئەیلولی ساڵی ١٩١٧دا دەرچووەو لە وتارەکەدا هاتووە:

"کەنگی مشروگیەتێ چێبوو، حەمی مالێ بەدرخان دەرکەفت ژ حەبسێ دیسا ژ قەنجیا وەلاتێ کرمانجارا دیغە بتینێ دەست ئاڤێتن، نەڤی پێ میر بەدرخان (پریا بەگ) ژ ئەستانبولێ کوردستانێ دەرێخست، پاشی رۆژا ٣١ مارت صالێ ٣٢٥ کەنگی مەحمود شەوکەت پاشا ب لەشکەرێ خوە ئەستانبولێ گرت جەمعیەتی ئیتحادو تەرەقی ژ رویێ خوە ماسکەیێ ئاڤێت. گەلەك ژ مروڤێن قەنج ولاگی رێکیر حەبسو نەفی (پریا بەگی) ژی ئیرتجا عیرە ئانها مکیرو ئاڤێت حەبسێ ناڤێ ڤی (بەکر ئاغا بلوکی) جەریدەیی کوردستان ژی دادا"[٢٧].

بەپێی ئەم وتارەی سورەییا بەدرخان، خولی دووەمی رۆژنامەی کوردستان لە ساڵی ١٩٠٨ دەست پێدەکاتەوە تاکو رۆژی ٣١ ئاداری ساڵی ١٩٠٩ درێژە دەکێشێت، تا ئەو رۆژەی حکومەتی ئیتحادو تەرەقی (سورەییا بەدرخان)، کە سەرنووسەری رۆژنامەکە بوو، دەیخەنە بەندیخانەوەو رۆژنامەکەش دادەخات. د. بلەچ شێرکۆش پشتگیری ئەو بۆچوونە دەکات کە سوەرییا بەدرخان دووجاری دیکە رۆژنامەی کوردستانی بلاوکردۆتەوە، جارێك لە ئەستەنبوڵو ئەوی دیکە لە قاهیرە[٢٨].

دەورەی سێیەمی رۆژنامەی کوردستان لە دەرکەوتنی ژمارە یەك، کە لە رۆژی ١٢ ئەیلولی ١٩١٧ لە شاری قاهیرە دەرچووە دەست پێدەکاتەوە. سەرنووسەری ئەم رۆژنامەیە میر سورەییا

---

٢٧- د. کەمال فوئاد، کوردستان یەکەمین رۆژنامەی کوردی، دەورەی سێیەم ١٩١٧ — ١٩١٨، سلێمانی ١٩٩٨، ژ١، ل١.

٢٨- د. بلەج شيركوه، القضية الكردية ماضي الكرد وحاضرهم، ص٦٣.

بەدرخان بووە، تا ئێستا (١١) ژمارەی خولی سێیەمی رۆژنامەکە دۆزراوەتەوە، ژمارەی (١١) لە رۆژی ٢٨ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩١٨ بڵاوکراوەتەوە.

رۆژنامەی کوردستان لە خولی سێیەمدا بە دوو زمانی کوردیو تورکی عوسمانی دەرچووە، هەر ژمارەیەك بریتی بووە لە چوار لاپەڕەی ٢٨,٥ × ٤١ سم لەسەر کاغەزی زەردباوی خراپ، هەر لاپەڕەیەك بەسەر سێ ستووندا دابەشکراوە. هەموو ژمارەکانی لە چاپخانەی (أبـي الهـول) چاپکراون.

## کورتەیەك لە ژیانی سورەییا بەدرخان

ناوی دروستی ئەحمەد سورەییایە (احمد ثریا)[29]، کوڕی ئەمین عالی بەدرخانە لە ساڵی ١٨٨٣ لە ئەستەنبوڵ لە دایك بووە. بڕوانامەی ئەندازیاری کشتوکاڵی لە زانکۆی ئەستەنبوڵ وەرگرتووەو هەندێك دەڵێن بڕوانامەی یاسای هەبووە[30].

لە ساڵی ١٩٠٤ بە تۆمەتی تێکدانی ئاسایشی دەوڵەت زیندانی کراوە، لەنێوان زیندان و دەربەدەریدا، دوو ساڵ و نیوی بردۆتە سەر، دوای شۆڕشی مەشروتیەت لە ساڵی ١٩٠٨ دەگەڕێتەوە ئەستەنبوڵ، لەوێ جارێکی دیکە رۆژنامەی کوردستان خولی دووەم بڵاودەکاتەوە، پاشان لە دوای رووداوی ٣١ مارتی ساڵی ١٩٠٩ جارێکی دیکە دەگەڕێتەوە ئەستەنبوڵ و بەنهێنی رێکخراوێکی شۆڕشگێڕی کوردی دادەمەزرێنێت، بەڵام جارێکی دیکە زیندانی دەکرێت و بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ دەردەچێت. دوای ماوەیەك دەتوانێت لە زیندان رابکات و لە ساڵی ١٩١٣ دەربەدەر دەبێت[31].

لە ساڵانی (١٩١٧ – ١٩١٨) خولی سێیەمی رۆژنامەی کوردستان لە شاری قاهیرە دەست پێدەکاتەوە، پاشان دەبێتە سکرتێری گشتی کۆمیتەی سەربەخۆیی کوردستان، کە لە شاری قاهیرە دامەزرابوو[32]. هەروەها "دەورێکی باشی لە ئامادەکردنی پەیماننامەی سیڤەر (١٩١٩ – ١٩٢٠) بینیوە، بەڵام بڕیارەکانی پەیماننامەکە تەنها مەرەکەبی سەرکاغەز بوون و هیچی تر تا ساڵی (١٩٢٣) کە پەیماننامەی (لۆزان) مۆرکرا، کورد لە هیواو ئاواتەکانی چەندین ساڵەیان بێ بەشکران"[33]. لە ساڵی ١٩٢٧ بەشداری لە دامەزراندنی کۆمەڵەی خۆیبوون لە لوبنان دەکات. لە ساڵی ١٩٣٦ بەشداری لە کۆنگرەی جیهانی ئەنترۆبۆلۆجیا لە بروکسل دەکات و لەوێ چەند لێکۆڵینەوەیەکی کورت دەربارەی کوردو کوردستان پێشکەش دەکات[34].

---

٢٩- مالميسانژ، بدرخانيو جزيرة بوتان، ترجمة: شكور مصطفى، ص٨٦.

٣٠- د. صلاح محمد سليم هروری، الأسرة البدرخانية نشاطها السياسي والثقافي ١٩٠٠ – ١٩٥٠، ص٤٥.

٣١- مالميسانژ، بدرخانيو جزيرة بوتان، ترجمة: شكور مصطفى، ص٨٣.

٣٢- سەرچاوەی پێشوو، ل٨٣.

٣٣- یوسف ئەحمەد مەنتك، بەدرخانییەکان مالباتێکی خەباتکار، ل٤٨.

٣٤- مالميسانژ، بدرخانيو جزيرة بوتان، ترجمة: شكور مصطفى، ص٨٦.

سورەبیا بەدرخان جگە لە زمانی کوردی زمانی تورکی عوسمانی، عەرەبی و فارسی و فەرەنسی و ئینگلیزی زانیوە. لە بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانیدا چەند ناوی خوازراوی بەکارهێناوە وەکو: د. بلەچ شێرکو، ئازیزی ئەحمەد، سورەبیا بەگ، ئەحمەد عەزیزی[٣٥].

سورەبیا بەدرخان لە ساڵی ١٩٣٨ لە پاریس کۆچی دوایی کردووە.

## کورتەی ژیانی عەبدولرەزاق بەدرخان

عەبدولرەزاق بەدرخان کوڕی نەجیب پاشایە، نەجیب پاشا کوڕی میر بەدرخانە، لە ساڵی ١٨٦٤ لە شاری ئەستەنبوڵ لە دایکبووە، لە سەرەتای ژیانی خۆی زمانەکانی رۆژهەڵاتی و ئەورووپی خوێندووە. لەوانە زمانی فەرەنسی[٣٦]. هەوڵیداوە بۆ خوێندن بچێتە ئەورووپاو دەربارەی ئەم بابەتە ئەو دەڵێت: "من خواست کو ب ئارمانجا خواندنێ هەرم پاریسێ، لێ سولتان عەبدولحەمید ئەورێ لبەر من داگرتن"[٣٧].

لەسەرەتای نەوەتەکانی سەدەی نۆزدەهەم، عەبدولرەزاق بەدرخان وەکو کارمەندێك لە وەزارەتی دەرەوەی دەوڵەتی عوسمانی دامەزرا، پاشان بۆ باڵیۆزخانەی عوسمانی لە پترسبۆرگ گوازرایەوە، بەڵام لەبەر پەیوەندییەکانی لەگەڵ رووسیا جارێکی دیکە بۆ باڵیۆزخانەی دەوڵەتی عوسمانی لە تەهران گوازرایەوەو خرایە ژێر چاودێری، تاکو جارێکی دیکە گێڕایانەوە بۆ ئەستەنبوڵ[٣٨]. لە مانگی ئەیلولی ١٨٩٢ توانی بە یارمەتی کارمەندانی باڵیۆزخانەی رووسیا لە ئەستەنبوڵ لە چاودێری رزگار بێت و رابکات و بەرەو سیفاستوبل بچێت، پاشان بەرەو تیبلیس

---

٣٥- ئیسماعیل بادی، رۆژنامەڤانیا کوردی دناڤبەرا بزاڤا سیاسی و رەوشەنبیری دا، ل٦٠.

٣٦- د. سەلاح محەمەد سەلیم هروری، عەبدولرەزاق بەدرخان ١٨٦٤ – ١٩١٨ ژیان، تێکەلیێن سیاسی، خەباتا چاندی، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل١٠.

٣٧- جەلیلێ جەلیل، ئوتوبیوگرافیا عەبدولرەزاق بەدرخان، ژوەشانێن کوڤارا مەتین، چاپخانا خەبات، دهوك، ١٩٩٩، ل١٥. (بە ئەلفو بێی لاتینی).

٣٨- د. سەلاح محەمەد سەلیم هروری، عەبدولرەزاق بەدرخان...، ل١٠ – ١١.

رۆیشت بە هیوای ئەوە کە بچێتە یەریڤان بۆ ئەوەی لە کوردەکان نزیك ببێتەوە[39]. دەربارەی ئەم رووداوە، خۆی دەڵێت:

" هێژ بەرێدا من زانی بوو رەوشا هەموو مالباتا مە دبن فەرمانداری یا ئوسمانییێ و پارتیا تورکادا، چقاس دبن خەتەرێدانە. بونا پاراستنا خوە ئەز رێکەتم چوومە تبلیسیێ، ب وێ گومانێ، کو ئەزێ ل یێریڤانێ، نێزیکی کوردستانێ بژیم"[40].

ئەم کردارەی عەبدولرەزاق بەدرخان بوو بە هۆی نیگەرانی و بێزاری سولتان، لەبەرئەوە فشارێکی گەورەی خستە سەر باوکی ئەجیب پاشاو لە ئەنجامدا عەبدولرەزاق ناچاربوو جارێکی دیکە بگەڕێتەوە ئەستەنبوڵ.

لە ٢٢ی ئاداری ساڵی ١٩٠٦ (رەزوان پاشا) سەرۆکی پۆلیسی عوسمانی لە ئەستەنبوڵ کوژرا، عەبدولرەزاق و عەلی شامیلی مامی بەو رووداوە تۆمەت بارکران ژمارەیەکی زۆر لە مێژوونووسان ئەم رووداوە بە شتێکی گرنگ لە مێژووی بەدرخانیان دەژمێرن، چونکە سولتان عەبدولحەمید ئەو رووداوەی بە بیانووزانی بۆ دوورخستنەوەی بەدرخانیانییەکان لە ئەستەنبوڵ. لە ئەنجامدا عەبدولرەزاق و عەلی شامیل بۆ شاری تەرابلس لە لیبیا دوورخرانەوە[41].

لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩١٠ – ١٩١٧ عەبدولرەزاق بەدرخان خەباتی دەکرد بۆ دامەزراندنی کوردستانێکی خاوەن ئۆتۆنۆمی لەژێر چاودێری رووسیاو لەو کاتەدا بۆ ئەو مەبەستە لەگەڵ سیاسەتوانانی رووسیا کۆبووەوەو باسی ئەم بابەتەی کرد. لە ماوەی شەڕی جیهانی یەکەم هاوکاری لەشکری رووسیای کردووە بۆ داگیرکردنی چەند ناوچەیەك لە خاکی دەوڵەتی عوسمانی[42].

عەبدولرەزاق بەدرخان وەکو سیاسەتوان و رۆشنبیرێکی کورد، بڕوایەکی گەورەی بەوە هەبوو، کە گەشەکردن و پێشکەوتنی رۆشنبیری کوردی رۆڵێکی کاریگەر دەبینێت لە رزگارکردنی کوردستاندا، لەبەرئەوە بەشداری لە چەندین چالاکی رۆشنبیریی و رۆژنامەگەریدا کرد، وەکو "لە شاری ورمێ (رەزاییە)ی کوردستانی ئێراندا، عەبدولرەزاق بەگ بەدرخان لە ساڵی ١٩١٢ دا

---

٣٩- جەلیلی جلیل، نهضة الاكراد الثقافية والقومية....، ص١٤٤.

٤٠- جەلیلێ جەلیل، ئوتوبیوگرافیا عەبدولرەزاق بەدرخان، ل١٥.

٤١- د. سەلاح محەمەد سەلیم هروری، عەبدولرەزاق بەدرخان ١٨٦٤ – ١٩١٨، ل١٢.

٤٢- سەرچاوەی پێشوو، ل١٣.

گۆڤاری (کوردستان)ی دەرکردووە[43]. هەروەها لە ساڵی ۱۹۱۳ کۆمەڵەی جیهانزانی کە کۆمەڵێکی رۆشنبیری کوردی بوو دامەزراندو قوتابخانەیەکی لە شاری خۆی لە کوردستانی ئێران کردەوە[44]. لەبەر رۆڵی کاریگەری عەبدولرەزاق بەدرخان دەزگا سیخوڕییەکانی عوسمانی بەردەوام چاودێری‌و بەدواچوونی چالاکییەکانیان دەکرد، تاکو توانیان لە ساڵی ۱۹۱۸ لە دەوروبەری شاری رەواندوز وەکو دیلێک دەستگیری بکەن‌و بیدەنە دەست ئێحسان پاشای سەرکردەی فەیلەقی شەشی عوسمانی‌و ئەویش بێ دادگاکردن بڕیاری لە سێدارەی داو ئەو بڕیارە بەشێوەیەکی نهێنی لە شاری موسڵ جێبەجێ کرا[45]. عەبدولرەزاق بەدرخان لەگەڵ زمانی کوردی زمانی تورکی عوسمانی‌و رووسی‌و فەرەنسی‌و فارسیشی دەزانی.

---

٤٣- فاروق عەلی عومەر، رۆژنامەگەریی کوردی لە عێراقدا بەراییەکان ١٩١٤ — ١٩٣٩، وەرگێڕانی تاریق کارێزی، چ١، دەزگای چاپ‌و بلاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠١، ل٥٢.

٤٤- د. سەلاح محەمەد سەلیم هروری، عەبدولرەزاق بەدرخان...، ل٥١.

٤٥- زنار سلوپی، في سبيل كردستان (مذكرات)، ترجمة ر. علي، بيروت، ١٩٨٧، ص١٠٢.

## محەمەد سالح بەدرخان‌و رۆڵی لە رۆژنامەگەریی کوردیدا

محەمەد ساڵح کوڕی مەحمود عزەتی کوڕی ساڵح کوڕی عەبدال خانی میری بۆتانە. باپیری برای میری بۆتان میر بەدرخان بووە. میر ساڵح پێش میر بەدرخان فەرمانڕەوایی میرنشینی بۆتان بووە[٤٦]. محەمەد ساڵح بەدرخان لە ساڵی ١٨٧٤ لە شاری لازقیەی وڵاتی سوریا لەدایکبووە. کاتێ تەمەنی دەبێتە هەشت ساڵ لە مزگەوت‌و حوجرەکان دەست بە خوێندن دەکات، پاشان دەچێتە قوتابخانەی چەقماقی کە قوتابخانەیەکی میری بووە، پاشان لە قوتابخانەی روشدییە لە شاری دیمەشق وەردەگیرێت[٤٧]، بەڵام خوێندنەکە تەواو ناکات، پاشان لە قوتابخانەی (ئەلیانس) لە شاری قودس دوو ساڵ دەخوێنێت، دیسان ئەمەش تەواو ناکات بە هۆی گەڕانەوە بۆ شاری دیمەشق[٤٨].

محەمەد ساڵح بەدرخان رۆشنبیرییەکی فراوانی هەبوو، چونکە سەرچاوەکانی هەمەجۆر بوون، جگە لە زمانی کوردی، زمانی تورکی‌و عەرەبی‌و فەرەنسی باش دەزانی، هەروەها ساڵح بەدرخان وەکو ئەندامێکی بنەماڵەی بەدرخانیان مرۆڤێکی کورد پەروەر بووە[٤٩].

لە کارە گرنگەکانی محەمەد ساڵح بەدرخان لە بواری رۆژنامەگەرییدا، لە ساڵی ١٩٠٠ رۆژنامەی (ئومێد) بە هەردوو زمانی عەرەبی‌و تورکی عوسمانلی بڵاوکردەوە کە لە ئەیلولی ساڵی ١٩٠٠ بڵاوبووەوە، چوار لاپەڕە بوو. پەیامەکەی نەتەوەیی‌و ئایینی بوو، هەروەها رەخنەی لە دەسەڵاتی سوڵتان عەبدولحەمید دەگرت[٥٠].

محەمەد ساڵح بەدرخان ئەندامێکی چالاکی کۆمەڵەی (هێڤی) بووە، کە لە ساڵی ١٩١٠ لە ئەستەنبوڵ دامەزراوە، یەکێك لە زیرەکترین نووسەرانی گۆڤاری (رۆژی کورد) بوو، کە گۆڤاری

---

٤٦- د. سەلاح هەروری، پێداچوونەوەیەك ل سەر هندەك بەلگەنامێن تایبەت ب کوردان ڤە، چ١، ژوەشانێن ئێکەتیا نڤیسەرێن کورد - دهوك، چاپخانا هاوار، دهوك، ٢٠٠٦، ل٢٦.

٤٧- تەحسین ئیبراهیم دۆسکی، ژ رۆژنامەنڤیسێن کوردیێن دەستپێکێ: محەمەد سالح بەدرخان‌و گۆڤارا (رۆژی کورد)و (یەکبوون)، گۆڤاری سەنتەری برایەتی ژمارە (٥)، ٢٢ی نیسانی ساڵی ١٩٩٨، ل١٨٥.

٤٨- د. صلاح هروری، پێداچوونەوەیەك ل سەر هندەك بەلگەنامێن تایبەت ب کوردان ڤە، ل٢٧.

٤٩- سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧.

٥٠- سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨.

کۆمەڵەی (هێڤی) بووە. لە (ژ٢)دا سێ وتاری بڵاوکردۆتەوە لە (ژ٣)دا دوو وتار[٥١]، هەرچەندە ژمارەی چوارەمی گۆڤارەکە نەدۆزراوەتەوە، بەڵام لە بیرەوەرییەکانی محەمەد سالح بەدرخاندا، رەوشەن بەدرخانی کچی دوو وتاری وەرگێڕاوە بۆ زمانی عەرەبیو دەڵێت ئەم دوو وتارە لە (ژ٤)ی رۆژی کورد، کە لە ٣٠ ئابی ١٣٢٩ شەرقی دەرچووە، بڵاوبوونەتەوە.

هەروەها گۆڤاری یەکبوون بڵاوکراوەیەکی دیکەی کۆمەڵەی هێڤی بووە، سێ ژمارەی لێ دەرچووە، محەمەد سالح بەدرخان پێنج وتاری لەم سێ ژمارەیەدا بڵاوکردۆتەوە. ئەم نووسەرە بەرهەمەکانی خۆی بە چەند نازناوو هێمای تایبەت بڵاوکردۆتەوە وەکو، م.ص بەدرخان، م. س ئازیزی، سالح بەدرخان، ئەبو رەوشەن، مونجی کوردی[٥٢].

---

٥١- بڕوانە: جەمال خەزنەدار، رۆژی کورد، چاپخانەی (المؤسسة العراقية)، بەغدا، ١٩٨١.

٥٢- تەحسین ئیبراهیم دۆسکی، ژ رۆژنامە نڤیسێن کوردییێن دەستپێکێ: محەمەد سالح بەدرخان...، ل١٨٨.

# گۆڤاری هاوار ١٩٣٢ - ١٩٤٣

بنەماڵەی بەدرخانیان بە خەباتی نیشتمانیو نەتەوەیی ناسراون، خەباتەکەیان شێوەی جۆراوجۆری لە خۆگرتووە، لەوانە چەکداری، سیاسی، رۆشنبیریو دبلۆماسیو....هتد. بەدرخانیانییەکان لەو هەموو بوارانەدا نەك تەنیا رۆڵێکی سەرەکیو بەرچاویان هەبووە، بەڵکو زۆربەی جار دەست پێشخەرو لە ریزی پێشەوەی خەباتەکە بوون.

دوای دروستبوونی دەوڵەتی تورکیاو بەکارهێنانی سیاسەتی شۆڤینیزمیو درندەترین شێوەی زۆرداری لەو سەردەمەدا دژی گەلی کورد، بەدرخانییەکان بۆ ریگاگرتنو بەرەنگاربوونەوەی ئەو سیاسەتە بێ لایەنو بێ دەنگ نەوەستان، بەڵکو بە چەندین چەشنە خەباتی جیاواز بەرەنگاری بوونەتەوە، لە لایەکەوە بەشدارییان لە شۆڕشەکانی شێخ سەعیدی پیرانو ئارارات کرد، لەلایەکی دیکەوە خەریکی دامەزراندنی کۆمەڵەی خۆیبوون بوون. لەگەڵ ئەوەشدا مەیدانی خەباتی رۆشنبیرییان چۆڵ نەکرد. بەدرخانیان بەپێی بارودۆخ خەباتیان دەکرد، ئەگەر کەشو باری وڵات ئارام با ئەوان خەباتی سیاسیو جەماوەریو رۆشنبیرییان دەکرد. ئەگەر لە نیشتمان ئاوارەو دەربەدەر کرابان ئەوان زیاتر گرنگییان بە خەباتی رۆشنبیریو دبلۆماسی دەدا. هەروەکو ئاشکرایە، دوای ئەوەی شۆڕشی شێخ سەعیدو ئارارات شکستی هێنا، جارێکی دیکە بەدرخانییەکان ئاوارەی دەرەوەی کوردستان بوون، دەستیان کرد بە خەباتی رۆشنبیرییو گەشترین رووی ئەم خەباتە مەیدانی رۆژنامەگەریی بوو کە درێژەیان بە رێبازی بنەماڵەکەیان داوە.

بڵاوکردنەوەی گۆڤاری هاوار لە ساڵی ١٩٣٢ قۆناغێکی دیکەی کاروانی رۆژنامەگەریی کوردی بە گشتیو، رۆژنامەگەریی بەدرخانیان بە تایبەتی بووە. خاوەنی گۆڤاری هاوار "لە رۆژی ٢٦/١٠/١٩٣١ رەزامەندی حکومەتی سوریای وەرگرت بۆ بڵاوکردنەوەی گۆڤاری هاوار، بەڵام لەبەر هۆکاری ئابووری، دەرچوونی ژمارەی یەکەمی گۆڤارەکە نزیکەی حەفت مانگ دواکەوت"[٥٣].

---

٥٣- عبدالصمد اسلام طه دوسکی، رەنگدانەوەی ئەدەب لە گۆڤاری هاواردا ١٩٣٢ - ١٩٤٣، نامەی ماجستێر؛ کۆلیجی ئادابو زانکۆیی سەلاحەدین - هەولێر، ٢٠٠١، ل٤.

ژمارەی یەکەمی هاوار لە ڕۆژی یەکشەممەی ١٥ی گـوڵانی سـاڵی ١٩٣٢ دەرچـووە، خـاوەن‌و سەرنووسەرەکەی میر جەلادەت ئەمین عالی بەدرخان بـووە، هـاوار لـە یـەك کاتـدا بـە دوو شێوە ئەلف‌و بێ، ئەلف‌و بێی عەرەبی‌و لاتینی دەردەچوو. یەکەمین گۆڤاری کوردییە کە ئـەلف‌و بێـی لاتینی بەکارهێناوە. دیسان هاوار لە یەك کاتـدا بـە دوو زمـانیش دەردەچـوو، زمـانی کـوردی‌و زمانی فەرەنسی.

دەربارەی پێناسەو ڕێبازی هاوار، سەرنووسـەری گۆڤارەکـە، لـە (ژ١، ل١)، وتـارێکی لـەژێر ناونیـشانی (ئارمـانج، ئاوایـێ خـەبات‌و نقیـساندنا هـاوارێ) بڵاوکردۆتـەوەو لـە دەسـتپێکی وتارەکەدا هاتووە: "هاوار دەنگێ زانینێ یە. زانین خوەناسینە، خوەناسین ژ مەرە رێ یا فـەلات‌و خوەشییێ ڤەدکە. هەر کەسێ خوەناس دکە" دکارە خوە بدەناسکرن.

هاوارا مە بەری هەر تشتێ هەیینا زمـانێ مەدێ بدەناسکرن. لەوما کو زمان شەرتا هەینییێ ئا پێشینە.

هاوار ژوو پێڤە ب هەر تشتێ کو کوردانی‌و کوردیتی پـێ بەنـدەوارە، دێ مـژوول ببـە. تنـێ سیاسەت ژێ دوورە، خوە نائێخە سیاسەتێ".

گۆڤاری هاوار لە شاری دیمەشق دەردەچوو، سەرجەم ژمارەکانی ٥٧ ژمارەیـە. چـەند جـار لـە بڵاوبوونەوە وەستاوە، پاشان جارێکی دیکە بەردەوامی بە کاری خۆی داوە، تـاکو ژمـارە (٥٧)و کۆتایی لە ڕۆژی یەکشەممەی ١٥ی تەباخی (ئاب) ساڵی ١٩٤٣ دەرچووە.

خاڵێکی گرنگی گۆڤاری هاوار ئەوەیە، کە ڕەنگدانەوەیەکی ڕاستەقینەی ڕۆشنبیریی کـوردی ئەو سەردەمەیەو هیواو مەبەستەکانی ڕۆشنبیرو نووسەرەکانی، کە دەربڕی ئامانجە سەرەکییەکانی گەلی کورد بووە، بە ڕوون‌و ئاشکرایی لەسەر لاپەڕەکانی هاوار دەخرانە ڕوو. هـەروەها "گۆڤـاری هاوار وەنەبێ تایبەت بێ بـە ناوچـەیەکی تەسـکی کوردسـتان‌و تـەنها چـەند نووسـەری زارێکـی کـوردی تێیانـدا نووسـیبێ، بـەڵکو پـەل‌و پـۆی بـۆ هـەموو لایـەکی کوردسـتان هاویـشتووەو نووسەرانی زۆربەی پارچەکانی کوردستان بەشداری نووسینی بابەتەکانیان کردووە"[٥٤].

گرنگی‌و ڕۆڵی گـەورەی گۆڤارەکـە دەنگدانەوەیـەکی زۆرباشـی هـەبووە، ئـەو ڕاسـتییەش لـەو نامەو بابەتانەدا ئاشکرا دەبێت، کە گەورە نووسەرانی کوردی ئەو سەردەمە بـۆ ستایـشی هـاوار نووسیوویانە، وەکو گۆران‌و حامد فەرەج‌و جگەرخوێن‌و قەدری جان‌و هەندێکی دیکـە. سـەرەڕای ئەو نووسین‌و لێکۆڵینەوانەی دەربارەی هاوار ئەنجام دراون[٥٥].

---

٥٤- سەرچاوەی پێشوو، ل٧.

٥٥- بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی گۆڤاری هاوار بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧.

# گۆڤاری رۆناهی ١٩٤٢ - ١٩٤٥

هەروەکو لەژێر ناوی گۆڤاری رۆناهی بە زمانی فەرەنسی نووسراوە، پاشکۆیەکی وێنەداری گۆڤاری هاواری کوردییە، ژمارە یەکی رۆناهی لە رۆژی چوارشەممەی رێکەوتی یەکی نیسانی ساڵی ١٩٤٢ دا لە شاری دیمەشق دەرچووە. خاوەن و سەرنووسەرەکەی میر جەلادەت بەدرخان بووە. زیاتر گرنگی بەو هەواڵ و بابەتانە داوە، کە پەیوەندییان بە جەنگی جیهانی دووەمەوە هەبوو. ئەو خاڵەی کە رۆناهی لە گۆڤارەکانی دیکە جیا دەکاتەوە، وێنەدارییە، واتە رۆناهی گۆڤارێکی وێنەدار بووە، لەسەرجەم ژمارەکانیدا، کە دەبنە (٢٨) ژمارە، نزیکەی (٧١٤) وێنە بڵاوکراونەتەوە. زۆربەی زۆری ئەو وێنانە پەیوەندارن بە جەنگەوە، وێنەی بێگانەن و رێژەیەکی زۆر کەم وێنەی ناوخۆیی تێدایە.

گۆڤاری رۆناهی تەنیا بە زمانی کوردی و ئەلف و بێی لاتینی دەرچووە، بەلام پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە لەسەر بەرگی گۆڤارەکەو لە تەنیشت ناوی رۆناهی ژمارەی ساڵ و گۆڤارو ناوی رۆژو مێژووییەکەی لەگەڵ پێناسەی گۆڤارەکە لەژێر وشەی رۆناهی بە زمانی فەرەنسی نووسراون.

خاوەنی رۆناهی لە (ژ٢٧) و لاپەڕەی دواییدا، لە وتارێکدا لەژێر ناونیشانی (خەباتکەرێ هاوارێ عەبدولعەزیز گەرم)، ئاماژە بەوە دەکات، کە (عەبدولعەزیز کەرەم) کارمەندی هەردوو گۆڤاری هاوارو رۆناهی یەو کاری ریزبەندو چاپکارە. هەروەها لە (ژ٢٥) و لاپەڕەی دواییدا ئاماژە بە خاڵێکی دیکەش دەکات، کە وەکیلێکیان هەیە لە شاری موسڵ بە ناوی محەمەد ئەرمەغانییەوە مامۆستای کیمیایە لە ئامادەیی موسڵ و داوا دەکات، کە هەر کەسێ شتێکی هەبێت دەتوانێت پەیوەندی بە ناوبراوەوە بکات. ئەمە ئەوە ئاشکرا دەکات کە جۆرە رێکخستنێکی سادە بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانی هەردوو گۆڤارەکە هەبووە.

خاڵێکی گرنگ هەیە پێویستە باس بکرێت، لە نەریتی رۆژنامەگەریدا زۆربەی جاران ئەو بابەت و بەرهەمانەی کە بەبێ ناوی نووسەرەکەی بلاودەکرێنەوە، لە نووسین و ئامادەکردنی گۆڤاریان رۆژنامەکەیە، ئەو بەرهەمانەی بەو شێوەیە لە گۆڤاری رۆناهی دا بڵاوکراونەتەوە رێژەیەکی یەکجار زۆرە، ئەمەش دەبێتە بەڵگەیەکی روون و ئاشکرا بۆ خەبات و ماندووبوون و شارەزایی خاوەنی گۆڤارەکە لە بواری رۆژنامەگەریدا.

گۆڤاری رۆناهی لە ژمارە یەک تاکو ژمارە بیستو دوو بەشێوەیەکی زۆر رێکو پێک، سەرەتای هەر مانگێک ژمارەیەکی لێ دەردەچوو، بەلام دوای ئەوە نارێکو پێکی تێکەوتووە، شەش ژمارەی کۆتایی بەم شێوەی خوارەوە بلاوکراونەتەوە:

(ژ٢٣) لە مانگی شوباتو ئاداری ساڵی ١٩٤٤، (ژ٢٤) لە مانگی نیسانی ساڵی ١٩٤٤، (ژ٢٥) لە مانگی گولانی ١٩٤٤، (ژ٢٦) لە مانگی حوزەیرانو تەمموزی ساڵی ١٩٤٤، (ژ٢٧) لە مانگی ئابو ئەیلولی ساڵی ١٩٤٤، (ژ٢٨) لە مانگی ئاداری ساڵی ١٩٤٥. لە نێوان (ژ٢٧ و٢٨)دا، دابرانێك بۆ ماوەی پێنج مانگ هەیەو هۆی ئەو دابرانە تا ئێستا بە دروستی نەزانراوە، بەلام لەوانەیە زیاتر بۆ ئەگەری ئابووریو دارایی بگەڕێتەوە.

## کورتەیەك لە ژیانی میر جەلادەت بەدرخان

میر جەلادەت کوڕی ئەمین عالی بەدرخان بەگی میری بۆتانە، لە ٢٦ی نیسانی ١٨٩٣ لە ئەستەنبوڵ لە دایکبووە. لە قوتابخانەکانی ئەستەنبوڵو ئەدرنەو قونیەو ئەنقەرەو عەکاو نابلسو سالونیکی یۆنانی قۆناغەکانی سەرەتایی‌و دواناوەندی خوێندووە، پاشان چووەتە کۆلیجی جەنگ‌و بە پلەی ئەفسەر دەرچووە. یەکەم وتاری لە ساڵی (١٩٠٨) بڵاوکردۆتەوە. لە ساڵی ١٩١٧ وەکو ئەفسەر بەشداریی لەشەڕی یەکەمی جیهانیدا کردووە. ساڵی ١٩١٩ پێش مۆرکردنی پەیمانی سیڤەر لەنێوان دەوڵەتی عوسمانی‌و هاوپەیمانەکاندا، لەگەڵ براکەی کامیران بەدرخان‌و ئەکرەم جەمیل پاشاو مێجەر نۆئێل گەشتێکی بە کوردستاندا کردووە بۆ زانینی داواو بۆچوونەکانی گەلی کورد، لەم گەشتەدا بیری دانانی ئەلف‌و بێیەکی لاتینی لەلا دروست بووە[٥٦].

ساڵی ١٩٢٢ ناوی لە لیستی ئەو کەسانەدا بوو کە تورکیا بە تەمابوو لەناویان ببات، ئیدی ناچار بوو بچێتە ئەڵمانیا بۆ خوێندن. ساڵی ١٩٢٥ پەیوەندی بە شۆڕشی شێخ سەعیدی پیرانەوە کرد، کە شۆڕش نسکۆی هێنا گەڕایەوە ئەڵمانیاو بڕوانامەی لیسانسی لە (حقوق) ماف وەرگرت. باوکی لە میسر بوو، کە زانی باوکی نەخۆشە چووە میسر بۆ سەردانی‌و دوای مەرگی باوکی چووە بەیروت بۆ ماڵی خەلیل رامی بەدرخانی مامی.

ساڵی ١٩٢٧ لەگەڵ نیشتمان پەروەرانی کورد، کۆمەڵەی (خۆیبوون)ی دامەزراند، پاشان پەیوەندی بە شۆڕشی ئاگری کردو دوای شکستی شۆڕش چووە سوریا.

لە ١٥/٥/١٩٣٢ یەکەم ژمارەی گۆڤاری هاواری لە شاری دیمەشق بڵاوکردەوەو ساڵی ١٩٣٥ ژیانی هاوسەری پێکهێناو خانم رەوشەن بەدرخانی (١٩٠٩ — ١٩٩٢) مارەکرد. هەر لەو ساڵەدا بوو بە مامۆستای زمانی فەرەنسی لە قوتابخانەی پیشەسازی لە دیمەشق، ساڵی ١٩٣٩ بوو بە پارێزەری کۆمپانیای ریجی فەرەنسی.

لە ١/٤/١٩٤٢ یەکەم ژمارەی گۆڤاری رۆناهی بڵاوکردەوە. چەندین زمانی زانیووە، جگە لە کوردی زمانی تورکی‌و فارسی‌و عەرەبی‌و ئەڵمانی‌و فەرەنسی زانیووە. بەرهەمەکانی بە

---

٥٦- محەمەد بەکر، هاوار دەنگێ زانین‌و خوەناسینێ، گۆڤاری رۆژنامەڤانی، (ژ٥)، هەولێر، ٢٠٠١، ل٢٦٧.

چەندین ناوی خوازراو بڵاکردۆتەوە[٥٧]. لە ساڵی (١٩٥٠)وە خەریکی کشتوکاڵ بوو، لە گوندی هێجان کە چەند کیلۆمەترێك لە شاری دیمەشق دوورە. لە رۆژی ١٥/٧/١٩٥١ بە هۆی هەڵوەشانەوەی بیری ئاو، کەوتە ناو قوڕو ئاوی بیرەکەو گیانی لە دەستداو کۆچی دوایی کرد. جەلادەت بەدرخان چەندین بەرهەمی چاپکراوو دەستنووسی لەدوای خۆی بەجێ هێشتووە[٥٨].

---

٥٧- سلمان عثمان (کۆنی رەش)، الامیر جلادت بدرخان، حیاته وفکره، تقدیم روشن بدرخان، مطبعة الکاتب العربي، دمشق، ١٩٩٢، ص١٤٧ — ١٤٨.

٥٨- بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ژیانو بەرهەمی میر جەلادەت بەدرخان بڕوانە:

أ. سلمان عثمان (کۆنی رەش)، الامیر جلادت بدرخان، حیاته وفکره، تقدیم روشن بدرخان، مطبعة الکاتب العربي، دمشق، ١٩٩٢.

ب. صادق بەهائەدین ئامێدی، جەلادەت بەدرخان، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عیراق — دەستەی کورد، بەرگی حەوتەم، ١٩٨٠، ل٧١.

ج. ناهیدە رەفیق حیلمی، ژیانی پرشنگداری میر جەلادەت بەدرخان، گۆڤاری رۆشنبیری نوێ، ژ١٣٩، ساڵی ١٩٩٧، ل٧١.

ە. ئازاد عەبدولعەزیز مزوری، جەلادەت بەدرخانو شیعر، لێکۆڵینەکە شرۆڤەکارییە، چ١، دەزگەها سپیرێز چاپو وەشانێ، دهوك، ٢٠٠٦، ل١٩ — ٣٠.

## کورتەی ژیانی ڕەوشەن بەدرخان

ڕەوشەن بەدرخان کچی محەمەد سالّح بەدرخانە، لە ڕۆژی (١١)ی تەمووزی سالّی ١٩٠٩ لە شاری قەیسەریی تورکیا لە دایك بووە[٥٩]. "لە سالّی ١٩١٣ گوازراونەتەوە بۆ شام. باوکی بۆ ماوەیەکی زۆر بێکار بووە. لە سالّی ١٩١٥ باوکی دەستی بە کارکرد ئەویش بوو بە بەڕێوەبەری کرێکاران لە زیندانی شام، دوای ماوەیەك تووشی نەخۆشی بوو لە ڕێکەوتی ٣٠ی ئادار ١٩١٥ باوکی ڕەوشەن بەدرخان کۆچی دوایی کرد"[٦٠]. ئەو کاتە تەمەنی ڕەوشەن شەش سالّی تەواو نەبوو. ڕەوشەن بەدرخان لە شام قوتابخانەی سەرەتایی تەواو دەکاتو دەچێتە خانووی مامۆستایان (دار المعلمات) ئەویش تەواو دەکات.

لە سالّی ١٩٢٥ وەکو مامۆستا لە شاری (کەرەك) لە ولاّتی ئوردن دەست بەکار دەکات[٦١]. پاشان "لە سالّی ١٩٢٧ گەڕایەوە بۆ سوریا لە قوتابخانەیەك عەرەبی دەگوتەوە، ڕەوشەن بەدرخان لە سالّی ١٩٢٩ شووی کردووە، بەلاّم دوای ٢٠ مانگ لە مێردەکەی جیابۆتەوەو کچێکی لێی بووە بە ناوی (ئوسیما). ئەم کچەی لە (میسر) دەژی"[٦٢]. لە سالّی ١٩٣٤ پەیوەندی بە یەکێتی ژنانی سوریا کردووەو لە سالّی ١٩٤٤ بە نوێنەرایەتی ژنانی سوریا بەشداری لە کۆنگرەی جیهانی ژنان لە قاهیرە کردووە.

لە ڕۆژی ١٩٣٥/٢/٢٢ ژیانی هاوسەرێتی لەگەلّ میر جەلادەت بەدرخان پێکدێنێت. دەبێتە دایکی کچو کوڕێك بەناوی سینەمو جەمشید. سەرەڕای کارو ئەرکی مالّو پیشەکەی "لە گۆڤاری هاوار کاری کردووە، وەکو وەرگێڕو نووسەرو ڕۆژنامەنووس، یەکەم ژنی کورد بووە وتاری کوردی لە گۆڤاری هاوار بە ئەلفو بێی لاتینی بلاّوبکاتەوە"[٦٣].

---

٥٩- دلاوەرێ زەنگی، سالڤەگەرا ڕەوشەن بەدرخان، گۆڤاری پرس، ژ١٥، سالّ ٦، پایزی ١٩٩٨، ل٣٠، (بە ئەلفو بێی لاتینی).

٦٠- یوسف ئەحمەد مەنتك، بەدرخانییەکان مالباتێکی خەباتکار، ل٨٠.

٦١- مالمیسانژ، بدرخانیو جزیرة بوتان، ترجمة: شکور مصطفی، ص١٨١.

٦٢- یوسف ئەحمەد مەنتك، بەدرخانییەکان مالباتێکی خەباتکار، ل٨١.

٦٣- سەرچاوەی پێشوو، ل٨٣.

له (ژ٢٧، ل٧) له ستوونی (كەبانیان)دا وتارێكی لەژێر ناونیشانی (كەبانیو ماموستە) بلاوكردوتەوە، هەروەها لە (ژ٢٨، ل١٢) وتارێكی دیكەی لەژێر ناونیشانی (ژنو بەختیاری یا مالێ) بلاوكردوتەوە. لە سالی ١٩٤٧ دا دەبێتە بێژەری بەرنامەی مندالان لە ئێزگەی سوریا[٦٤].

لە سالی ١٩٥٦ رەوشەن بەدرخان لەگەل د. نوری دێرسمی، حەسەن هشیار، حەیدەر حەیدەرو عوسمان ئەفەندی لە شاری حەلەب كۆمەلەی زانستیو هاوكاری كوردی دامەزراند[٦٥]. لە سالی ١٩٥٧ بە نوێنەرایەتی ژنانی كوردستان بەشداری لە كۆنگرەی یەكەمی ولاتانی رۆژهەلاتی ناوەراستو دەریای سپی دژی كۆلنیالیزم لە شاری ئەسینا دەكات[٦٦].

لە سالی ١٩٦٤ لە كاری ماموستایەتی خانەنشین بووە.

لە سالی ١٩٧١ سەردانی باشووری كوردستانی كردووە، لە هەمان سالدا "كرا بە ئەندامی (فەخری) كۆری زانیاری كوردی لە عێراقو كاری ئەوەیان پێسپارد هەر شتێك تایبەت بە كورد لە بەلگەنامەو نوسراوی چاپكراوو دەستنووس كۆیان بكاتەوە ئەویش چوو بۆ ئەستەنبولو ئەركەكەی بە سەركەوتوویی ئەنجامدا"[٦٧].

بەشداری لە كۆنگرەی سێیەمی یەكێتی ئافرەتانی كوردستان كردووە. جگە لە زمانی كوردی، زمانی عەرەبیو توركیو ئینگلیزیو ئەلمانی زانیووە[٦٨].

رەوشەن بەدرخان هەموو تەمەنی لە رێگای مرۆڤایەتیو كوردو كوردستان بردەسەر، دلاوەر زەنگی، قسەكانی رەوشەن بەدرخان پێش مردنی دەگوازێتەوە كە دەیگوت: "كورێ من دەما ئەم هەبوون، هوون نەگهابوون" ئیرۆ هوون گهانە" لێ مخابن ئەم نەمانە. كورێ من، ژ هەڤ حەز بكنو پشتگریا هەڤ بكن. یەك بن كورێ من، بەلاوە نەبن". هەروەها دەیگوت: "كورێ من، یەكێتیا كوردان بدەمن، ئەزێ كوردستانەك ئازاد بدم تە"[٦٩].

رەوشەن بەدرخان لە رۆژی ١/٦/١٩٩٢ لە شاری بانیاس لە ولاتی سوریا كۆچی دوایی كردو چەندین بەرهەمی چاپكراوو دەستنووسی لەدوای خۆی بەجێهێشت[٧٠].

---

٦٤- مالمیسانژ، بدرخانیو جزیرة بوتان، ترجمة: شكور مصطفى، ص١٨٢.

٦٥- دلاوەرێ زەنگی، سالڤەگەرا رەوشەن بەدرخان، گۆڤاری پرس، ژ١٥، ل٣٢.

٦٦- مالمیسانژ، بدرخانیو جزیرة بوتان، ترجمة: شكور مصطفى، ص١٨٤.

٦٧- یوسف ئەحمەد مەنتك، بەدرخانییەكان مالباتێكی خەباتكار، ل٨٣.

٦٨- مالمیسانژ، بدرخانیو جزیرة بوتان، ترجمة: شكور مصطفى، ص١٨٧.

٦٩- دلاوەرێ زەنگی، سالڤەگەرا رەوشەن بەدرخان، گۆڤاری پرس، ژ١٥، ل٣٢.

٧٠- بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی بەرهەمەكانی رەوشەن بەدرخان بروانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢.

## ڕۆژنامەی ڕۆژانوو ١٩٤٣ – ١٩٤٦

ڕۆژانــوو بەرهــەمێکی تــازەی قوتابخانــەی ڕۆژنامەگــەریی بەدرخانییەکانــە، بــە نــاوەڕۆکێکی دەوڵەمەند روخسارێکی سەردەمانە بڵاوبۆتەوە. ژمارەی یەکەمی لـە رۆژی دووشــەممەی ڕێکەوتی ٣ی گوڵانی ١٩٤٣ لە شاری بەیروتی پایتەختی لوبنان دەرچووە. هـەروەکو لـە گۆڤـاری هـاوارو ڕۆناهی دا بانگەشەی بـۆکراوە، ڕۆژنامەیـەکی سیاسـی بـووە، خـاوەنو سەرنووسـەرەکەی میـر د. کامیران عالی بەدرخان بووە. ڕۆژنامەی ڕۆژانوو حەفتانە بوو، بەڵام هەندێ جار لە دە رۆژ جارێك یان دوو حەفتە جارێك ژمارەیەکی دەردەچوو. ڕۆژنامەی ڕۆژانوو بە چوار لاپەڕەی قـەبارە (٢٩,٥ × ٢١سم) دەرچووە.

لەسەرەتادا سێ لاپەڕەی ڕۆژنامـەکە بە زمانی کوردی دیالێکتی کرمانجی ژوورو، بە ئـەلفـو بێی لاتینی بووە، لاپەڕەی دیکە، کە زۆربەی جاران لاپەڕەی سێیەم بووە، جگە لە ژمارەی یەکەم، کە لاپەڕەی سێیەمو چوارەم بە زمانی فەرەنسی نووسرابوون. ئەم سیستەمە تاکو (ژ٤٨) بەردەوام بووە.

لە (ژ٤٩) بە سەرەوە چەند گۆڕانکارییەك بەسەر ڕۆژنامـەکەدا هاتن، لە رووی زمانـەوە، هـەر ژمارەیەك بە فەرەنسی، ئەوی دیکە بە کوردی دەردەچوون. (ژ٤٩) بە فەرەنـسی بـوو، (ژ٥٠) بـە زمانی کوردی بوو، هەردوو ژمارە لە یـەك رۆژ لـە ١٦/٧/١٩٤٥ دەرچـوو، (ژ٥١) بـە زمـانی فەرەنسیو (ژ٥٢) بە زمانی کوردی هـەردوو ژمـارە لـە ٣٠/٨/١٩٤٥ دەرچـوون، دوای ئەمـە جارێکی دیکە سیستەمـەکە تێکدەچێت، هەندێ جار دەبێتە حەفتانەو هەندێ جـار دەبێتـەوە دوو هەفتە جارێك.

سـەرجەم ژمارەکـانی ڕۆژنامـەی ڕۆژانـوو دەبنـە (٧٣) ژمـارە، لەوانـە (١١) ژمـارەی هـەر هەمووی بە زمانی فەرەنسی بوون کە ئەمانـەن: (٤٩، ٥١، ٥٣، ٥٦، ٥٨، ٦٠، ٦٢، ٦٥، ٦٧، ٧٠، ٧٣)، هەر ژمارەیەك چوار لاپەڕە بووە. (ژ٧٣) ژمارەی کۆتاییـە لـە رۆژی ٢٧/٥/١٩٤٦ دەرچووە. لە (ژ٥٩، ل٣)دا ئاماژە بەوەکراوە، کە ڕۆژنامەکە لە ناوچەی جزیرە پـەیامنێری خـۆی هەبووە، ئەمەش نەریتێکی تازە بووە لە ڕۆژنامەگەریی کوردیدا.

پەیامی ڕۆژنامەی ڕۆژانوو زیـاتر بایـەخی بـە رووداوەکـانی جـەنگی دووەمـی جیهـانی داوە، هەروەها بـە پلـەی دووەم گرنگـی بـە هـەواڵو رووداوەکـانی کوردسـتانیش داوە، پاشـان بابـەتی

فۆلکلۆری‌و ئەدەبی کوردی بڵاوکردۆتەوە. جگە لەو بابەتانەی بە ناوی نووسەرەکانیان بڵاوکراونەتەوە بابەتەکانی دیکە لە نووسین‌و ئامادەکردنی د. کامیران عالی بەدرخان بووە، ئەمەش ماندووبوون‌و رۆڵی ئەو دیاردەکات.

## ڕۆژنامەی ستێر ۱۹٤۳ – ۱۹٤٥

هەروەکو لەژێر ناوی ستێر بە زمانی فەرەنسی نووسراوە، پاشکۆیەکی ڕۆژنامەی کوردی ڕۆژانوو بووە. تەنیا سێ ژمارەی لێ دەرچووە، ژمارەی یەکەم لە ڕۆژی دووشەممەی ٦/١٢/١٩٤٣، ژمارەی دووەم لە ڕۆژی دووشەممەی ٢٨/٢/١٩٤٤، ژمارەی سێیەم لە ڕۆژی دووشەممەی ٢٢/١٠/١٩٤٥. هەر ژمارەیەك چوار لاپەڕە بووە، ناوەڕۆکەکەی زیاتر بابەتی ڕۆشنبیری گشتی بووە، هەر هەمووی بە زمانی کوردیو ئەلفو بێی لاتینی بووە، خاوەنو سەرنووسەرەکەی میر د. کامیران عالی بەدرخان بووە. ڕۆژنامەی ستێر لە شاری بەیروت پایتەختی لوبنان دەرچووە. شێوەی دەرچوونی ڕێكو پێك نەبووە، وەکو دیارە بەپێی بارودۆخ دەرچووە. لە هەر سێ ژمارەدا ناوی هیچ نووسەرێکی لەسەر نییە، جگە لە ژمارەی دووەدا بابەتێك لەژێر ناونیشانی (ڕوڤیو توزبەگ) لە نووسینی (سلێمانێ مەجی)یە.

ڕۆژنامەی ستێر بە قەبارەی (٢٩ × ٤٤سم) بە چوار لاپەڕە دەرچووەو لە ڕووی وێنەو دەرهێنانەوە دەوڵەمەندو تازە بووە. ئەم ڕۆژنامەیە دروشمی تایبەتی خۆی هەبووە. (وەلات بەری هەر تشت).

## کورتەی ژیانی د. کامیران عالی بەدرخان

کامیران کوڕی ئەمین عالی بەدرخان برای میر جەلادەت بەدرخانە، ساڵی ١٨٩٥ لە ئەستەنبوڵ لە دایك بووە. لە تەمەنی ٩ ساڵیدا لەگەڵ براکانی جەلادەتو سورەییاو چەند ئامۆزایەکی لە قوتابخانەی فەرەنسی (لیزویم) لە گەڕەکی گەلاتا سەرا خوێندوویەتی، کە لەو کاتەدا باشترین قوتابخانەی ئەستەنبوڵ بووە[٧١]. بەشی (ماف)ی لە زانکۆی سولتانی تەواوکردووە. لە ساڵی ١٩١٢ بە ئارەزووی خۆی بەشداری لە شەڕی بولقان داکردووە[٧٢]. لە ساڵی ١٩١٣ دەستی دایە نووسینو لەگەڵ جەلادەت بەدرخان هەردوویان پێکەوە کتێبێکیان بە ناوی (راستییاکەتنا ئەدرنە) بە زمانی تورکی بڵاوکردەوە[٧٣].

لەوانەیە د. کامیران بەدرخان لە سەرەتادا زمانی کوردی باش نەزانی بێت، چونکە نووسینەکانی لە گۆڤاری (ژین)ی ئەستەنبوڵ (١٩١٨ – ١٩١٩) بە زمانی تورکی بوون. بۆ نموونە بابەتێك بە ناوی (کوردستان ایچون) لە (ژ٣، ل٤)، لە، (ل٧)دا بابەتێکی دیکەی دیسان بە زمانی تورکی بە ناوی (کوردستانو کوردلر) نووسیووە[٧٤].

لە ساڵی ١٩٢٢، میر کامیران بەدرخان لەگەڵ براکەی جەلادەت دوای گرتنەوەی شاری ئەستەنبوڵ لەلایەن هێزەکانی مستەفا کەمال لەوێ رادەکەنو دەچنە وڵاتی ئەڵمانیا.

---

٧١- سالح جاسم، میر کامیران بەدرخان ژیانەکێ درێژو خەباتەکا مەزن، گۆڤاری هاڤیبوون، ژ١٨، ٢٠٠٧، ل٩٠.

٧٢- ريوي، تاريخ الأدب الكردي الحديث والمعاصر، الجزء الاول، مطبعة عيتاني الحمراء، بيروت – لبنان، ١٩٩٤، ص٣٣.

٧٣- سالح جاسم، میر کامیران بەدرخان ژیانەکێ درێژو خەباتەکا مەزن، ل٩٣.

٧٤- محەمەد ئەمین بوز ئەرسەلان، گۆڤاری ژین، کومبەندا کاوا بۆ چاندا کوردی، هەولێر، ٢٠٠١، (ژ٣، ل٤)و (ژ٩، ل٧).

میر کامیران بەدرخان لە رۆژی ١٩٢٦/٢/٢٤ نامەی دکتۆراکەی، کە لە بواری (حقوق)دا بوو، لە زانکۆی لایبزك لە ئەڵمانیا تەواو دەکات[٧٥].

لە ساڵی ١٩٣٢ لە شاری دیمەشق و بە ئەلف و بێی لاتینی و لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی هاوار ژمارە (٣)، دیوانی (دلێ کورێن من) چاپ دەکات. هەروەها چەندین بەرهەمی خۆی لە شیعرو پەخشان لە گۆڤاری هاواردا بڵاودەکاتەوە.

لە ساڵی ١٩٣٥ دا دیوانی شیعرەکانی خۆی (بەفرا رۆناهیێ Schnee des Lichts) لەگەڵ وەرگێڕانەکەی بۆ زمانی ئەڵمانی لە بەرلین بڵاوکردەوە، هەروەها لە ساڵی ١٩٣٧ رۆمانێکی خۆی کە بە ناوی هەڵۆی کوردستان Der Adler Von Kurdistan بە زمانی ئەڵمانی بڵاوکردەوە[٧٦].

لە ساڵی ١٩٢٧ دا بەشداری لە دامەزراندنی کۆمەڵەی (خۆیبوون)دا[٧٧] دەکات و لە ساڵی ١٩٣٢ دەست لە ئەندامەتی ئەو کۆمەڵەیە دەکێشێتەوە، لەگەڵ براکەی میر جەلادەت بەدرخان هەموو هێزو توانای خۆیان بۆ خزمەتی رۆشنبیری کوردی تەرخان دەکەن[٧٨].

د. کامیران بەدرخان بایەخێکی زۆری بە زمانی کوردی داوە، لە ساڵی ١٩٣٨ دا کتێبی خۆی (ئەلفابێیا من) لە بەیروت چاپکرد، هەروەها کرێکارو کۆچبەرانی کوردی لە شاری بەیروت لە دەوروبەری خۆی کۆدەکردەوەو قوتابخانەیەکی بۆ فێربوونیان بە زمانی کوردی کردەوەو مستەفا ئەحمەد بۆتی، بوو بە مامۆستای ئەو قوتابخانەیە[٧٩].

---

٧٥- سالمێ جاسم، میر کامیران بەدرخان ژییەکێ درێژو خەباتەکا مەزن، ل٩٦.

٧٦- سەرچاوەی پێشوو، ل٩٦-٩٧.

٧٧- روهات آلاكوم، خویبون وثورة آگري، مراجعة شكور مصطفى، ط١، منشورات رابطة كاوا للثقافة الكردية، اربيل، ٢٠٠٠، ص٢١.

٧٨- سالمێ جاسم، میر کامیران بەدرخان ژییەکێ درێژو خەباتەکا مەزن، ل١٠١.

٧٩- سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٢ — ١٠٣.

له رۆژی ٥ی ئاداری ساڵی ١٩٤١ رادیۆیی رۆژهەڵات (الشرق) رۆژێ چارەکە سەعاتێك دەستی بە بڵاوکردنەوەی پەخشی کوردی کرد، هەواڵو راپۆرت لەلایەن د. کامیران بەدرخانو د. نورەدین زازا دەخوێندرانەوە[٨٠].

لە رۆژی ١٩٤٣/٥/٣ یەکەم ژمارەی رۆژنامەی رۆژانووی لەشاری بەیروت بە زمانی کوردیو فەرەنسیو ئەلفو بێی لاتینی دەرکرد، هەروەها لە رۆژی ١٩٤٣/١٢/٦ یەکەم ژمارەی رۆژنامەی ستێری وەکو پاشکۆیەکی رۆژنامەی رۆژانوو دەرکرد.

دوای جەنگی دووەمی جیهانی میر کامیران بەدرخان بیری لەوە کردەوە کە بچێتە پاریس بۆ ئەوەی سەرنجی رای گشتی ئەوروپی بۆ کێشەی کورد رابکێشێتو لە ساڵی ١٩٤٧ دا چووە پاریس بۆ فێرکردنی زمانی کوردی لە قوتابخانەی نێودەوڵەتی بۆ زمانەکانی رۆژهەڵات، پاشان سەنتەری لێکۆڵینەوەی کوردی (Centred Etudes Kurdes)ی دامەزراندو لەوێ گۆڤارێکی سیاسی دەرکرد.

لە ساڵی ١٩٤٨ دا دەچێتە ئەمریکا بۆئەوەی یاداشتنامەیەك پێشکەش بە ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بکات. لە ساڵی ١٩٦١ دا جارێکی دیکە سەردانەکەی دووبارە دەکاتەوە[٨١].

لە ساڵی ١٩٦٤ دا وەکو نوێنەری شۆرشی ئەیلولو قسەکەری فەرمی لە ئەوروپا دەست نیشان دەکرێت.

لە ١٩٦٨/١١/١٨ جارێکی دیکە نامەیەك بۆ ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەنێرێ و دەکات کە ناوبژیوانێك دەست نیشان بکرێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەگەڵ حکومەتی بەغدادا[٨٢].

---

٨٠- وەسفی حەسەن ردێنی، ئێزگەو تەلەفزیۆنێت کوردی ١٩٣٩ — ٢٠٠٢، چ١، وەزارەتی رۆشنبیری، بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاپو رۆژنامەگەریو دابەشکردنو بڵاوکردنەوە، هەولێر، ٢٠٠٥، ل١٦.

٨١- مالمیسانژ، بدرخانیو جزیرة بوتان، ترجمة: شکور مصطفی، ص١٨٧.

٨٢- فیصل حسون، صحافة العراق مابین عامي ١٩٤٥ — ١٩٧٠، دار المدی، ص٥١٣.

له ساڵی ١٩٧٠ دا سەردانی باشووری کوردستان دەکات، ماوەیەك دەمێنێتەوەو هەر لەو ساڵەدا خانەنشین دەبێت. لە ساڵی ١٩٧٤ کۆمەڵەی فەرەنسا – کوردستان لە پاریس دادەمەزرێنێت[٨٣].

لە رۆژی ٤/١٠/١٩٧٨ دا لە پاریس کۆچی دوایی کردووە[٨٤]. ژمارەیەکی زۆری لە بەرهەمی چاپکراوو دەستنووس لە دوای خۆی بەجێهێشتووە[٨٥].

---

٨٣- سالمێ جاسم، میر کامیران بەدرخان ژییەکێ درێژو خەباتەکا مەزن، ل١٠٥.

٨٤- سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٦.

٨٥- بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی بەرهەمەکانی د. کامیران بەدرخان بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٩ – ١١٠.

# بەشی یەکەم

## پێناسە و جۆر و تیۆرەکانی رۆژنامەگەریی

- پەیڤ و زاراوەی رۆژنامەگەریی
- رۆژنامەنووس
- جۆرەکانی رۆژنامەگەریی:

أ. رۆژنامە

ب. گۆڤار

- کورتەیەك لە مێژووی رۆژنامەگەریی
- تیۆرەکانی رۆژنامەگەریی

## پەیڤو زاراوەی رۆژنامەگەریی

لەگەڵ پەیدابوونی مرۆڤ لەسەر رووی زەوی پێویستی پەیوەندیکردن communication پەیدابووە، ئەویش بە تایبەتی بۆ دروست بوونی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی. بەڵام رۆڵی پەیوەندیکردن هەر ئەوەندە نەبووە، بەڵکو بە هاوکێشەیەکی راستەوانە لەگەڵ کۆمەڵگا رۆیشتووە، کۆمەڵگا چەند بەرەو پێش چووبێ ئەوەندە پێویستی بۆ پەیوەندیکردن زیاتر بووە. پەیوەندیکردن لە سێ رەگەز دروست دەبێت: سەرچاوە، هۆکار، ئامانج.

ئەم سێ رەگەزانە لەگەڵ پێشکەوتنی ژیاندا پەرەدەسێنن، تا دەگاتە ئەو رادەیە، کە لە قۆناغێکی مێژووییدا، مرۆڤ دەتوانێت رۆژنامەگەریی وەکوو هۆکارێك لەم پرۆسەیەدا بەکاربێنێت. لەو رۆژەوە رۆژنامەگەریی رۆڵێکی یەکجار گەورە لە دروستکردنو ئاراستەکردنی رای گشتیو بەرەو پێشبردنی کۆمەڵگادا دەبینێت. هەر لەبەرئەوەش رۆژنامەگەریی بووە بە نیشانەیەك بۆ رادەی شارستانیو پێشکەوتنی کۆمەڵگاو بایەخو گرنگییەکی زۆری پێدەدرێت.

وشەی رۆژنامەگەریی، یان رۆژنامەنووسی یان رۆژنامەوانی لە زمانی کوردیدا، بەرامبەر بە وشەی (Journalism) یان وشەی (press)ی زمانی ئینگلیزی بەکاردێت" لەزمانی عەرەبیشدا پێی دەڵێن (صحافة). واتاکەی (پیشەو کرداری رۆژنامەنووسانە)[٨٦]، هەروەها بە واتای "پیشەسازی رۆژنامە بەکاردێت[٨٧]". لە رووی زاراوەییەوە بۆ ئەو چەمکە بەکاردەهێنرێت، کە "بنەماکانی پیشەی نووسینی رۆژنامەی رۆژانەو زانستی دەرهێنانە، تا دەگاتە (تەنیسق)و چاپکردنو فرۆشتنی رۆژنامە[٨٨]".

---

٨٦- گیوی موکریانی، فەرهەنگی کوردستان، چاپی یەکەم، دەزگای چاپو بلاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر ١٩٩٩، ل٥٠١.

٨٧- د. یوسف محي الدين ابو هلاله، الاعلام نشأتة. وأساليبه، ما يؤثر فيه، ط١، مكتبة الرسالة الحديثة، عمان- اردن، ١٩٧٨، ص٣٣.

٨٨- مجدي وهبة، معجم مصطلحات الأدب، مكتبة لبنان، بيروت، ١٩٧٤، ص٢٧٠.

لەبەر گرنگی رۆڵی رۆژنامەگەریی لە کۆمەڵگاداو تێڕوانینی جیاواز بەرامبەر بە رۆژنامەگەریی، بە چەندین شێوەی جۆراوجۆر پێناسەکراوە، یەکێك لەو پێناسانە، "رۆژنامەگەریی لایەنێکی گرنگی سەرخانی کۆمەڵە، بەڵکو دیارترین لایەنی سەرخانە، کە گوزارشت لە راستەقینەی ژێرخانی کۆمەڵ دەکات[٨٩]". هەر لەبەر کاریگەری رۆڵەکەشی، رۆژنامەگەریی بە دەسەڵاتی چوارەم ناوبراوە، هەروەها بە "پاسەوانی دڵسۆزی نەتەوە[٩٠]" ناسراوە. هەندێ جار لە رووی پێناسەوە لە ئەدەب نزیك دەبێتەوە، کە دەڵێن: "رۆژنامەگەریی ئاوێنەی ژیانی کۆمەڵایەتیو سیاسیو ئابووریو بیرکردنەوەی سەردەمی خۆیەتی[٩١]". هەر دەربارەی رۆژنامەگەریی (جیفەرسون)* دەڵێت:" رۆژنامەگەریی باشترین ئامرازە بۆ رووناککردنەوەی مێشکی مرۆڤو پێشخستنی، وەکو بوونەوەرێکی ژیرو خاوەن رەوشتو کۆمەڵایەتی وایە". هەر لەبەر ئەوەش دەڵێت:"ئەگەر من سەر پشك بکەن لەنێوان حکومەتی بێ رۆژنامەو رۆژنامەی بێ حکومەت، بەبێ نیگەرانی ئەوەی دووەم هەڵدەبژێرم، لێرەدا مەبەستم مرۆڤێکە لەناو ئەم گەلەدا کە وەکو پێویست توانای خوێندنەوەی هەبێت[٩٢]".

هەر نەوەیەك ئەم ئامرازە لەسەردەمی خۆی دا، بەپێی دیدو بۆچوونو بیرکردنەوەی خۆی بەکاردەهێنێت، لەبەرئەوە (ڤۆلتێر) دەڵێت: "رۆژنامەنووسی دەزگایەکە بەکەس ناشکێ، بەڵام ئەو جیهانی کۆن دەروخێنێ بۆ ئەوەی جیهانێکی نوێ دابمەزرێنێ... [٩٣]".

---

٨٩- سامي ذبيان، مدخل نظري وعملي الى الصحافة اليومية والاعلام، الموضوع والتقنية والتنفيذ، ط١، دار المسيرة، بيروت- لبنان، ١٩٧٩، ص٧.

٩٠- د. عبداللطيف حمزة، المدخل في فن التحرير الصحفي، ط٤، دار الفكر العربي، ص١٦.

٩١- البروفيسور د. تودوروف، تأريخ الصحافة العالمية، ترجمة د. اديب خضور، ط١، المكتبة الاعلامية، دمشق- سوريا، ١٩٩٠، ص١٠.

* (توماس جيفەرسون ١٧٤٣- ١٨٢٦) سەرۆکی سێیەمی وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە لە نێوان ساڵانی ١٨٠١- ١٨٠٩.

٩٢- د. احمد بدر، الاتصال بالجماهير والدعاية الدولية، ط١، دار القلم، الكويت، ١٩٧٤، ص٥٩.

٩٣ د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، تێگەیشتنی راستی، شوێنی لە رۆژنامەنووسی کوردیدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٨، ل١٨.

هەنـدێ لـە شـارەزایان بەشـێوەیەکی سـەردەمیانە پێناسـەی ڕۆژنامەگـەریی دەکـەن، "ڕۆژنامەگـەریی بەرهـەمی جۆرە پەیوەندییـەکانی مرۆڤـە لەسـەدەی بیستەمدا، قوتابخانەیەکـە کۆمـەڵێکی زۆر لـە خوێنـدکاران بەمەبەسـتی فێربـوونی دوو لـق لـە زانسـتی ڕاگەیانـدن: واتـا زانستی تەکنیکی پەیوەندییـەکان Telecommunication و زانسـتی پەیوەندییـەکانی مـرۆڤ Human Communication بـەرەو خـۆی ڕادەکێـشێت"[٩٤]. هـەر لـە بـواری پێناسـەی ڕۆژنامەگەریدا تودوروف بە دیدێکی چینایەتی دەڕوانێتە ئەم هونـەرەو دەڵێـت: "ڕۆژنامەگـەریی هۆکـارێکی بڵاوکردنـەوەی ئایدۆلۆجییـەتی بۆرجوازیەتـە، بیروبـاوەڕو ڕەوشـتە بۆرجوازییـەکانی بەرجەستە دەکات، بە ڕێگایەکی خێراترو مسۆگەرتر لـە پانتایـەکی فـراوانترو بەکاریگەرییـەکی زیاتر لە ئەدەب بڵاودەکاتەوە[٩٥]"، لەبەرئـەوەی ڕۆژنامەگـەریی بـۆ مەبەسـتی جیاجیـا بـەکاردێ، پێناسەی جۆراوجۆری بـۆ دەکرێـت، وەکـو یـەکێك لـە لێکۆڵـەرەکانی ئـەمریکا، لـەم بارەیـەوە دەڵێـت:"ڕۆژنامـەگـەریی، دیاردەیـەکی ئـابووریو کۆمەڵایەتییـە لـە کۆمـەڵگادا، هێزێکـی سەرەکییە بۆ دروستکردنی ڕای گشتی لە هەموو جیهاندا، کاریگەرییەکی زۆری لەسەر خەباتو کۆشـشی نیـشتمانیو نێونەتـەوەیی هەیـە لــە ڕووی پێـشکەوتنی ئـابووریو تێگەیـشتنی گەردوون[٩٦]". هەروەها نووسەرێکی دیکە، پلـەی شارسـتانیو فێربـوون لـە کۆمـەڵگادا دەکاتـە مـەرج بـۆ سـەرهەڵدانی ڕۆژنامەگـەریی، چـونکە لـەلای ئـەو "ڕۆژنامەگـەریی هونـەرێکی شارسـتانییە، گرێـدای پێـشکەوتنی زانـستە، بـۆ ئـەوەی بـوارە دوورو ئاڵۆزەکـانی کۆمـەڵگا بگەیەنێتـە خـەڵك، پێویـستی بـە بڵاوکردنـەوەی فێربوونـە[٩٧]". هەنـدێك سەرچـاوە پیـشەی ڕۆژنامەگەریی بە زانستێك دادەنێتو بە (زانستی ڕۆژنامەگەریی)[٩٨] ناوی دەبەن.

---

٩٤- د. عباسعلی مهاجري، واژەنامە علوم مطبوعات و روزنامەنگاری، انگلیسی- فارسی، چاپ اول، دانشیار، تهران- ایران، ١٣٨٣، ص١٠.

٩٥- البروفيسور د تودوروف، تأريخ الصحافة العالمية، ترجمة د. اديب خضور، ط١، المكتبة الاعلامية، دمشق- سوريا، ١٩٩٠، ص١٠.

٩٦- جون. ر. بتنر، مقدمة في الاتصال الجماهيري، مركز الكتب الاردني، ص٣٣.

٩٧- د. ابراهيم امام، دراسات في الفن الصحفي، مكتبة الانجلو المصرية، القاهرة، ١٩٩١، ص٨.

٩٨- بڕوانە:

J. A. Cuddon, A Dictionary of Literary Terms, ل٣٤٧،١. ١٣٨٠، ایران- تهران، چاپخانەء حافظ.

بێگومان ڕۆژنامەگەریی سیمبولێکی گەورەی پێشکەوتنی مرۆڤایەتییەو ئەم پێشکەوتنە لە هەموو کۆمەڵگاکاندا لە یەك ئاست دانییە، لەبەرئەوە بەپێی پێشکەوتنی کۆمەڵگاو ئاستی ڕۆشنبیری خەڵکی ئەو کۆمەڵگایە، هەروەها بە پێی ئارمانج و مەبەستی بڵاوکردنەوەی، پێناسەی جیاوازی بۆ دەکرێت و چەندین تایبەتمەندێتی جۆراوجۆری بۆ دەستنیشان دەکرێت. لە ساڵی ١٩٢٨ زانای ئەڵمانی (ئوتوگروس Ottogroth) پێنج تایبەتمەندێتی بۆ ڕۆژنامەگەریی دەست نیشان دەکات، زانایانی هاوچەرخی ڕۆژنامەگەریی ئەو تایبەتێتیانە بە پێوەرێکی پەسەند دەزانن بۆ دەست نیشانکردنی ڕۆژنامەگەریی ڕاستەقینە:

یەکەم: دەبێت دەوری بێت و لە ماوەی هەفتەیەك کەمترنەبێت.

دووەم: دەبێت بەشێوەی میکانیکی بەرهەم بهێنرێت. بەپێی ئەم بۆچوونە ڕۆژنامەکانی ڕۆمانیو چینی کۆن ناچنە ناو ئەم جۆرە.

سێیەم: هەموو مرۆڤێك توانای کڕینی هەبێت، واتە بۆ هەموو مرۆڤێك هەبێت نەك بۆ کەمێکی سنووردار بێت.

چوارەم: ناوەڕۆکی هەمەرەنگ و هەمەجۆر بێت و هەر شتێکی گرنگ بێت بۆ ڕای گشتی تێیدا بێت، نەك گرنگی بە بۆچوونی کەمێك بدات.

پێنجەم: دەبێت کاتی دەرچوونی دیاربێت و بەشێوەیەکی بەردەوام لە دەزگایەك دەربچێت[٩٩].

---

٢. د. سليمان صالح، مقدمة في علم الصحافة، دار النشر للجامعات، القاهرة- مصر، (ب.ت).

٩٩- جون. ر. بيتز، مقدمة في الاتصال الجماهيري، ص ٣٣- ٣٤.

## رۆژنـــامـەنـووس

وشەی رۆژنامــەنووس، نـاوێکی لێکـدراوە لـە سێ بـەش پێکهـاتووە: وشـەی (رۆژ)، وشـەی (نامـە)، وشـەی (نووس)، کە رەگی چاوگی (نووسین)ە. واتای فەرهەنگی ئەم وشەیە، ئەو کەسـە دەگرێتەوە، کە کاری نووسین بۆ رۆژنامـەگەریی دەکات. بەڵام چەمکی زاراوەکە لـەم چوارچێوەیە فراوانترە، چونکە هەموو ئەو کەسانە دەگرێتـەوە. کـە کـارو پیـشـەیان لـە رۆژنامــەو گۆڤاردایـەو بەرامبەر چەمکی وشەی زمانی ئینگلیـزی Journalist بـەکاردێت. بـەڵام وەکـو ئێمـە دەزانـین کارو پیشەی رۆژنامەگەریی کارو هونەری دیکـەی تێکـەڵاو دەبێـت، تـاکو رۆژنامــە یـان گۆڤـار دروسـت دەبێـتو دەردەچـێت. هـەر لەبـەر ئـەوەش رۆژنامــەنووس لـە رووی پیـشەییەوە پێناسـە دەکرێت، کە " ئەو کەسەیە کە کاری رۆژنامەوانی بە هەموو لق و پۆپەکانیەوە کردووە بە پیشەی خۆیو بەردەوام خۆی بۆ تەرخان کردووە. بە تایبەتیش نووسینی هەواڵو راپـۆرت، کـە گـرنگترین دوو کاری رۆژنامـەوانین. هەروەها رۆژنامـەوان بە هەموو ئەو کەسانەش دەگوترێ، کە لـە رۆژنامـە یان کۆوارێکدا کاردەکەن بەمـەرجێك کارەکەیان لەو جـۆرە بـێ، کـە پێوەنـدیی بـە هونـەرێك لـە هونەرەکانی رۆژنامـەوانییەوە هەبێ، وەك خۆشنووسـیو هەڵەبڕێریو نەخشەکێشیو دەرهێنـانی هونەریو هتد...ئێستە ئەم زاراوەیە فرەوان بووە تا ئەوەی هەموو ئەو کەسانە دەگرێتـەوە، کـە لـە بواری رۆژنامـەوانیو هۆیـەکانی راگەیانـدنو ئاژانـسی دەنگوباسـدا کاردەکـەن، بـە پـەیامنێرو نووسـەرو شرۆڤەکارانیشەوە"[100].

هەر بۆ ئەم چەمکە لە زمانی کوردیدا چەن وشەیەکی دیکەش بەکاردێن وەکو: رۆژنامــەوان، رۆژنامەڤان، رۆژنامـەکار، رۆژنامـەنڤیس، رۆژنامەگـەرو رۆژنامەچی[101]... هتـد. یاسـای ژمـارە (٤)ی ساڵی ١٩٩٨ (یاسای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان)، لە ماددەی یەکەم بڕگەی

---

١٠٠- بەدران ئەحمـەد حـەبیب، فەرهـەنگی زاراوە گـەلی راگەیانـدن، چاپی یەکـەم، لـە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کوردستان، هەولێر، ٢٠٠٥، ل٩٢- ٩٣.

١٠١- گیـوی موکریـانی، فەرهـەنگی کوردسـتان، چـاپی یەکـەم، دەزگـای چـاپو بڵاوکردنـەوەی ئـاراس، هەولێر، ١٩٩٩، ل٥٠١.

(د)دا، بەم شێوەیە پێناسەی ڕۆژنامەنووس دەکات، "هەر ئەندامێك لە سەندیکا بێ‌و وەفادار بێ بەرامبەر بە پابەندییەکانی"[١٠٢].

ماددەی بیست‌و سێی ئەم یاسایە، ئەو کەسانە دەست نیشان دەکات، کە بۆیان هەیە ببنە ئەندامی سەندیکاکە، "مەبەست لە ڕۆژنامەنووس ئەوەیە کە یەکێك لەم ناونیشانانەی خوارەوەی هەبێ: خاوەن ئیمتیاز، سەرنووسەر، جێگری سەرنووسەر، بەڕێوەبەری نووسین، سکرتێری نووسین، نووسەر، وەرگێڕی ڕۆژنامەنووسی، پەیامنێر، وێنەگر، وێنەکێش، ڕەنگرێژ (المصمم)، هەڵەچن".

لەگەڵ پێشکەوتنی کاروانی ڕۆژنامەگەریی بەشێوەیەکی گشتی، گۆڕانکاری گەورەو گرنگ بەسەر ئەم هونەرەدا هاتووە، چ لە ڕووی ڕۆخسارو چ لە ڕووی ناوەڕۆکەوە. ئەگەر ڕۆژنامە یان گۆڤار گشتی بێت لاپەڕەکانی بە پێی پسپۆری دابەش دەکرێت وەکو: لاپەڕەی دەنگ‌و باس، لاپەڕەی سیاسی، لاپەڕەی ئابووری، لاپەڕەی زانستی، لاپەڕەی ڕۆشنبیری، لاپەڕەی وەرزش، لاپەڕەی کۆمەڵایەتی، لاپەڕەی هەمەڕەنگ...هتد. بەرپرسیاریەتی هەر لاپەڕەیەك دەخرێتە سەرشانی کەسێك، کە لەو بوارەدا شارەزابێت، واتە لەناو ڕۆژنامەگەریی دا پسپۆری جیاواز هەیە، لەبەرئەوە پێویستیان بە ڕۆژنامەنووسی پسپۆر هەیە. بەڵام ئەگەر ڕۆژنامە یان گۆڤار تایبەتی بێت لەم حاڵەتەشدا دیسان ڕۆژنامە یان گۆڤار دابەش دەکرێتە سەر پسپۆری وردتر. ئەم گۆڕانکارییەی کە بەسەر ڕۆژنامەگەریدا داهاتووە، کاریگەری لەسەر پێناسەی ڕۆژنامەنووسدا کردووە. ڕۆژنامەنووسی پسپۆر بەشێوەیەکی جیا پێناسە دەکرێت: "ڕۆژنامەنووسی پسپۆر، ئەو ڕۆژنامەنووسەیە کە بابەت بۆ جەماوەرێکی تایبەت یان پسپۆر دەنووسێت یان پێویستێکی تایبەتی خوێنەر بە دەست دێنێت. ئەگەر چی ئەم بابەتانە لە لاپەڕەیەکی پسپۆڕو تایبەتدا لە ڕۆژنامەیەکی گشتیدا، یان لە ڕۆژنامەو گۆڤاری تایبەت‌و پسپۆردا بڵاودەکرێتەوە. پێویستە ئەم ڕۆژنامەنووسە بە تەواوی لە بواری پسپۆرییەکەیدا شارەزا بێت، بۆ ئەوەی ئەم کارە بە باشی ئامادەبکرێت، ئەم زانین‌و شارەزاییە بە ڕێگای خوێندن‌و لێکۆڵینەوەو ڕاهێنان دروست دەبێت"[١٠٣].

---

١٠٢- گۆڤاری ڕۆژنامەوانی، ژ (١)، ٢٢ نیسانی ٢٠٠٠، ل٢٠٧.

١٠٣- د. اسماعيل ابراهيم، الصحفي المتخصص، ط١، دار الفجر للنشر والتوزيع، القاهرة- مصر، ٢٠٠١، ص١٤.

بۆ ئەوەی رۆژنامەنووس سەرکەوتووبێت لە کارەکەیداو بتوانێت پیشەکەی بەرەو پێش ببات پێویستە خاوەن خەسڵەتی تایبەت بێت، واتە دەبێت هەندێ تایبەتمەندیتی خۆی هەبێت. بەڕاو بۆچوونی شارەزایانی رۆژنامەگەریی، پێویستە چەند خەسڵەتێکی تایبەت لە کەسایەتی رۆژنامەنووسدا هەبێت" وەکوو: هێزو توانا (حیویة)، چوستو چاپوکی (السرعة)، بەدوای راستیدا بگەڕێت (حەزی لە راستی بێت)، وردبین بێت، خاوەن رەوشت بێت، رۆشنبیرییێکی فراوانو قوڵی هەبێت، خاوەن گیانێکی رکەبەر بێت"[١٠٤]. هەروەها پێویستە رۆژنامەنووس شارەزاییەکی باشی لە زماندا هەبێت، بۆ ئەم سەردەمەش دیسان گرنگە رۆژنامەنووس شارەزایی لە تەکنەلۆژیای پیشەکەیو بەکارهێنانی ئامێرە پێویستەکانی هەبێت، وەکوو کامێرەو کۆمپیوتەر...هتد.

ژیانی ئەم سەردەمە لە گۆڕانێکی خێرادایەو لەبەرئەوە پێویستە رۆژنامەنووس لە غاردانێکی بێ وەستاندا بێ چ لە رووی خۆ ئامادەکردنو پێشخستنی کەسایەتی خۆی، یان لە رووی بەدواداچوونو فریاکەوتنی رووداوەکانی ژیان. شایانی باسە ئازادی مەرجێکی زۆر گەورەو گرنگو پێویستە بۆ رۆژنامەگەریو رۆژنامەنووس، رۆژنامەگەریی بەبێ کەشو هەوای ئازاد ناژیتو پێش ناکەوێت، لەبەرئەوە پێویستە رۆژنامەنووس مرۆڤێکی بوێرو راستگۆ بێت بۆ ئەوەی بتوانێت باشترو زیاتر خزمەتی کۆمەڵگاو دامو دەزگاکەی خۆی بکات.

دەربارەی کارو ئەرکی رۆژنامەگەرییو ناوەڕۆکەکەی، راو بۆچوونی جیاواز هەیە، (ئالان پیت روبینز Alan Pit Robbins) لە کتێبەکەیدا بەناوی (رۆژنامەگەریی ئەمڕۆ Newspapers Today)، سێ ئەرك بۆ رۆژنامەگەریی دەستنیشان دەکات: ئاگادارکردنەوە To Inform، ئامۆژگاژی کردن To Instruct، قایل کردنو خۆشی بەخشین (الاقناع والتسلیة) To Entertain.[١٠٥]

بەڵام هەندێکی دیکە کارو ئەرکی رۆژنامەگەریی لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەبینن:

یەکەم: هەواڵو راگەیاندن.

دووەم: شیکردنەوەو راڤەکردنو بەدواداچوون.

---

١٠٤- جون هوهنبرغ، الصحفي المحترف، ترجمة فؤاد مويساتي، المؤسسة الاهلية للطباعة والنشر، بروت- لبنان، (ب-ت)، ص٢٠.

١٠٥- فتحي الابياري، صحافة المستقبل والتنظيم السياسي، ص١٥.

سێیەم: ئامۆژگاری کردن و روونکردنەوەو ئاراستەکردن.

چوارەم: بەرجەستەکردن و بەدەست هێنانی خواستی جەماوەرو پێویستییەکانی.

پێنجەم: خۆشی و رابواردن.

هەڵوێستی رۆژنامەگەریی بەرامبەر بەرژەوەندییەکانی گەل، جێگاو گرنگیی رۆژنامەگەریی لە کۆمەڵگادا دەست نیشان دەکات، پەیامی راست و رەوان و ئاشکراکردنی راستییەکان دەبێت بە هۆی دروست بوونی رای گشتی بەرامبەر هەر بابەتێك، هەر بۆیەش بە رۆژنامەگەریی دەڵێن (دەسەڵاتی چوارەم)، واتە رۆژنامەگەریی توانای دروستکردنی رای گشتی و ئاراستەکردنی هەیە، لە ئەنجامدا دەتوانێت فشارێك بخاتە سەر حکومەت و دام و دەزگاکانی و زۆرجار بووە بە هۆی گۆڕانی حکومەتێك، یان بەرپابوونی راپەڕین و شۆڕشێك. بەڵام پێویستە ئەوەش بگووترێت، کە هەموو رۆژنامەیەك یان گۆڤارێك پابەند نییە، بە بابەتە ستراتیژییەکانی گەل، بەڵکو هەندێ لە رۆژنامەو گۆڤاری وا هەن، کە بەدوای پارەو بەرژەوەندی تەسکدا دەگەڕێن، ئامانجیان کۆکردنەوەی پارەیە بەهەر رێگایەك بێت، هەتا ئەگەر پەیامەکەی شتی خراپ و ژەهراوی بێت بۆ کۆمەڵ، یان وروژاندنی حەزەکانی هەرزەکاران بێت، یان هەر بابەتێك بێت، کە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی خەڵك و کۆمەڵگادا نەگونجێ و تەنیا ئامانجی رۆژنامەکە کۆکردنەوەی پارە بێت. بەم جۆرە رۆژنامەگەرییە دەڵێن (رۆژنامەگەریی زەرد)، کە زیاتر بایەخ و گرنگی بە هەواڵەکانی تاوان و سێکس و بەم جۆرە بابەتانە دەدات. واتە "رۆژنامەگەریی زەرد یان رۆژنامەگەریی رسواکەر، ئەو جۆرە رۆژنامەگەرییەیە، کە گوتارو هەواڵ بۆ رابواردن و خەریك کردنی خوێنەران بە بابەتی پڕوچوچ، یان بە ئاشکراکردنی نهێنییەکانی ژیانی تایبەتی خەڵك بەتایبەتی ناودارەکان بڵاودەکاتەوە، ناوبردنی بە رۆژنامەگەریی زەرد بۆ ساڵی ١٨٩٥ دەگەڕێتەوە"[١٠٦]، کاتێ رۆژنامەی (جیهانی نیویۆرك World The Newyork) "باسی ژیانی شوقەکانی نیویۆرکی دەکرد نیگاری منداڵێکی بە جل و بەرگی زەرد کێشابوو"[١٠٧].

هەروەها دەتوانین بە پێی پەیامی رۆژنامەگەریی، جۆری رۆژنامەگەرییەکە دەستنیشان بکەین، وەکو رۆژنامەگەریی سیاسی، ئابووری، ئەدەبی، وەرزشی، ئافرەتان، منداڵان....هتد.

---

١٠٦- مجدي وهبة، معجم مصطلحات الأدب، مكتبة لبنان، بيروت- لبنان، ١٩٧٤، ص٦١٤.

١٠٧- جون.ر.بيتز، مقدمة في الاتصال الجماهيري، ص٦١.

# جۆرەکانی رۆژنامەگەریی

تێهەڵکێشانی ئەو رەگەزو هۆکارانەی کە لە پیشەسازی رۆژنامەگەریدا بەکاردێن و زۆربوونی شێوازەکانی ئامادەکردنی بابەت و بڵاوکردنەوەی، بۆتە هۆی زۆربوونی جۆرەکانی رۆژنامەگەریی. لەم قۆناغەدا رۆژنامەگەریی هەمەجۆر هەیەو هەر جۆرێك هەوڵ دەدات لە رووی پسپۆرییەوە بۆ خۆی چوارچێوەیەك دروست بکات و لە گۆڕەپانی پێشبڕکێدا بەشێوەیەکی جیاواز خۆی ئاشکرابکات و زانیاریەکان بگەیەنێتە خوێنەر. چەندین پێوەر هەیە بۆ جیاکردنەوەی جۆرەکانی رۆژنامەگەریی[١٠٨]، وەکو:

## پێوەری جۆرەکانی رۆژنامەگەریی:

### یەکەم: پێوەری ناوەڕۆك و هونەری نووسین:

بە پێی ئەم پێوەرە دیارترین جۆری رۆژنامانە، کە ئێستا لە جیهان دا باون، ئەمانەن:

١. رۆژنامەگەریی ئەلتەرناتیڤ Alternative Journalism

ئەو رۆژنامەنووسانە، کە پیشەکارن (محترف) ئەم جۆرە رۆژنامەگەرییە بەڕێوەدەبەن. بەرەنگاری کۆنترۆڵی گەورە کۆمپانیای راگەیاندن دەکەن، ئەوانەی هەوڵ دەدەن، کە شێوازی کارکردن و مامەڵە لەگەڵ رووداو رێگە چارەسەری تایبەت بە سیاسەتەکەیان بسەپێنن.

---

١٠٨- د. عبدالجواد سعيد ربيع، فن الخبر الصحفي، ط١، دار الفجر للنشر والتوزيع، القاهرة- مصر، ٢٠٠٥، ص١٩.

### ٢. ڕۆژنامەگەریی ڕۆشنبیری بەرامبەر Counter Culture Journalism:

ئەو کەسانەی، کە ئەم جۆرە ڕۆژنامەگەرییە داوا دەکەن‌و بەڕێوەدەبەن، ئەو لاوانەن، کە بە شێوازی لاسایکەری ڕۆژنامەگەریی ڕازی نابن‌و کۆشش دەکەن بۆ دروستکردنی ئەلتەرناتیڤێك، کە لەگەڵ چێژو حەزو پێویستییەکانی خۆیان بگونجێن.

### ٣. ڕۆژنامەگەریی وردەکاری Precision Journalism:

ئەوانەی ئەم جۆرە ڕۆژنامەگەرییە بەڕێوەدەبەن ڕۆژنامەنووسانی ئەکادیمین، ئەوانەی بۆ چەسپاندنی چەمکی زانستی کاردەکەن، لە نووسین‌و دەرهێنانی ڕۆژنامەگەریی، سەرەڕای گرنگیدان بە هونەرو تازەکردنەوە، ئەمانە ڕۆژنامەگەریی وا پێناسەدەکەن، کە "وردەکارییە، وردەکارییە، پاشان وردەکارییە".

### ٤. ڕۆژنامەگەریی بەرگری بیروڕا Advocacy Journalism :

لەم جۆرە ڕۆژنامەگەرییەدا، نووسەر داکۆکی لەسەر بیرو بۆچوونی تایبەتیی خۆی دەکات، دەربڕین لە هەڵوێست‌و بۆچوونی لایەنێك ناکات.

### ٥. ڕۆژنامەگەریی تازە New Journalism:

ئەمە بەو جۆرە ڕۆژنامەگەرییە دەڵێن، کە لە ساڵانی شەستەکانی سەدەی بیستەمدا، ژمارەیەك لە نووسەران‌و ڕۆژنامەنووسان‌و هەندێ لە ڕۆمان نووسان بەکاریان هێناوە، تیایدا بە وردی چارەسەری بابەتەکان دەکەن، لە ڕێگای ڕەوانبێژی لە دارشتنی ڕاپۆرت‌و هەواڵەکاندا.

### ٦. ڕۆژنامەگەریی پیشەکاران Journalism Reviews:

ئەم جۆرە ڕۆژنامەگەرییە دەربڕین لە نارازی بوونی پیشەکارانی ڕۆژنامەگەریی، بەرامبەر کاری کەناڵەکانی ڕاگەیاندن دەکەن. داوا دەکەن ئاستی بابەتەکان بەرزبکرێتەوە، کە لەگەڵ ڕەوشتی ڕاگەیاندن Media Ethics بگونجێت.

٧. رۆژنامەگەریی دەفتەری چەك Chequebook Journalism:

ئەمە ئاراستەیەکی تازەیە لە رۆژنامەگەریی دا، رۆژنامە یان گۆڤار بابەتو چیرۆکی سەیر لە نووسەرەکانی دەکڕێتو بە زنجیرەو هەڵقە بڵاوی دەکاتەوە.

٨. رۆژنامەگەریی پەڕاشوت Parachute Journalism:

ئەم جۆرە رۆژنامەگەرییە بەخێراییەکی زۆر بەدوای رووداوی گەرمدا دەگەڕێت بۆ ئەوەی بە زووترین کات بیگەیەنێتە جەماوەر.

٩. رۆژنامەگەریی ئاژانسی دەنگوباس Agency Journalism:

ئەمە دەنگوباسەکان بەشێوەیەکی تێروتەسەڵو بە پەلە ئامادە دەکاتو بەدوای رووداودا دەگەڕێتو بڵاویان دەکاتەوە.

١٠. رۆژنامەگەریی وروژاندن Sensational Journalism:

ئەم جۆرە رۆژنامەگەرییە بەشێوەیەکی وروژاندنو گەورەکردنی رووداو مامەڵە لەگەڵ بابەتەکان دەکاتو رەنگاو رەنگیان دەکاتو زیاتر گرنگی بە رووداوی تاوانو بێ رەوشتی دەدات[١٠٩].

دووەم: پێوەری دەوری، یان کاتی دەرچوون:

ئەم جۆرە رۆژنامەگەرییە، بەپێی پێوەری دەوریو کاتی دەرچوونی لە یەکتر جیادەکرێنەوە، واتە دەست نیشانکردنی کاتی نێوان ژمارەیەكو ئەوەی بە دواییدا دێت، بە پێی ئەم پێوەرە دەتوانین بەم شێوەیەی خوارەوە دابەشی بکەین:

١. رۆژنامەی رۆژانە (بەیانی – ئێواران):

ئەم جۆرە رۆژنامەگەرییەی، کە رۆژانە دەردەچێت رۆژنامەیەکە، ئەمە گرنگی بە هەواڵو رووداوەکانی رۆژێك دەدات، کە لە ماوەی (٢٤) کاتژمێردا روویان داوە. دیسان ئەم جۆرە

---

١٠٩- د. عبدالستار جواد، فن كتابة الاخبار، ط٢، دار مجدلاوي للنشر والتوزيع، عمان- الاردن، ٢٠٠١، ص١٢- ١٣.

بە پێی کاتی دەرچوونی لە رۆژێکدا، دوو جۆرە ئەوانەی: بەیانیان دەردەچن و ئەوانەی ئێواران دەردەچن. زۆربەی زۆریان بەیانیان دەردەچن. بۆ نموونە لە کوردستان وەکو: خەبات و کوردستانی نوێ...هتد. ئەم جۆرە بە (جەمی) چەورو سەرەکی بۆ خوێنەر دەژمێردرێت، کە هەموو بەیانییێک هەواڵ و رووداوی تازە دەگەیەنێتە خوێنەر.

رۆژنامەی رۆژانەی ئێواران گرنگی بە دواداچوون و تەواوکردنی ئەو هەواڵانە دەدەن، کە بەیانی بڵاوکرابوونەوە، هەندێ جار ئەم جۆرەیان پێشبرکێی رۆژنامەوانی بەدەست دێنێت، کە هەواڵێکی تازەو گرنگ پاش رووداني بەکاتێکی کەم بڵاودەکاتەوە. ئەم جۆرە رۆژنامەگەرییە ئێستا لە کوردستان دا نییە، بەڵام پێش ئێستا، رۆژنامەی گوڵانی ئێواران هەبوو. ئەم جۆرە لە جیهان دا باوە.

۲. رۆژنامەی هەفتانە:

ئەمانە هەفتەی جارێك دەردەچن، گرنگی بە هەواڵ و رووداوی شەش حەفت رۆژ دەدەن، لەبەرئەوەی کاتی بە بەرەوە هەیە بۆ کۆکردنەوەی هەواڵ و رووداوی گرنگ، بەدرێژایی لەسەریان دەدوێن و هەموو هۆو پاشخان و ئەنجامەکانی بەباشی روون دەکەنەوە. ئەمەیان لە رووی ناوەڕۆك و بابەتەوە دەوڵەمەندترو زیاترە. هەروەها ماوەی هەفتەیەك دەبێتە دەرفەتێکی باش بۆ ئەم جۆرە، بۆئەوەی تازەترین هونەری وتارو ریپۆرتاژی رۆژنامەگەریی و نیگارو وێنەو دەرهێنان بەکاربێنن. ئێستا ئەم جۆرە رۆژنامەگەرییە لە کوردستان هەیە، وەکو: رۆژنامەی هاوڵاتی، جەماوەر، ئەڤرۆ، بەشێوەی رۆژنامەن، بەڵام هەفتانە دەردەچن. دیسان گۆڤاری هەفتانەش هەن وکو گۆڤاری گوڵان.

۳. رۆژنامەگەریی نیومانگانە:

ئەو رۆژنامەو گۆڤارانەن، کە لە مانگێك دا دووجار دەردەچن، واتە هەردوو هەفتە جارێك. ئەمە هەواڵ و رووداوو بۆچوون بڵاودەکاتەوە. لەوانەیە ئەم جۆرە کەم بێ چونکە جەماوەر حەزی لەم جۆرە نییە، یان لەبەر تەسکی چوارچێوە جوگرافیاکەی، چونکە زۆربەی زۆری ئەم جۆرە رۆژنامەگەرییە لە ناوچەی تەسك و هەرێمی بچووك دا دەردەچن.

٤. ڕۆژنامەگەریی مانگانە:

لەهەر مانگێکدا ژمارەیەکی لێ دەردەچێت. زۆربەی زۆری ئەم جۆرە گرنگی بەهەندێ بابەت دەدەن، کە بە قووڵی بۆی دەچن و دوور نییە لە چوارچێوەی پسپۆڕییەکدا بن، وەکو وەرزش یان ئافرەتان یان سیاسی...هتد، وەکو گۆڤاری رامان و کاروان و مەتین و مێرگ....هتد.

٥. ڕۆژنامەگەریی وەرزی:

ئەم جۆرە هەر سێ مانگ جارێك دەردەچێت. زۆربەی ئەم جۆرە گۆڤارە، لە بنکەو سەنتەرو دەزگای ئەکادیمی و پسپۆر دەردەچن، گرنگی بە لێکۆڵینەوەی زانستی دەدەن و بڵاوبوونەوەیان لەناو جەماوەردا کەمە، بەڵام ئاستی بابەت و کەرەستەیان زۆر بەرزە، بۆ ئەو جۆرە خوێنەرانەی کە لەو بابەتەدا پسپۆڕن، خوێنەری ئەو جۆرە خاوەن زانین و رۆشنبیرییەکی بەرفراوانن وەکو: گۆڤاری رۆژنامەنووس، سەنتەری برایەتی جاران.....هتد.

## سێیەم: پێوەری پانتایی جوگرافی

مەبەست لەم دابەشکردنە، گەیشتنی بەرهەمەکەیە بەدەست خوێنەران، واتە ئەو بەرهەمە (رۆژنامە، یان گۆڤار بێت) لە ناوچەیەکی تەسکدا، یان لە وڵاتێکدا، یان لە چەند وڵاتێکدا بەدەست خوێنەر دەگات، بەمەرجێك ئەو گەیشتنە بەشێوەیەکی بازرگانی بێت، ئەگەر لەناوچەیەکی تەسکدا بێت، وەکو پارێزگایەك دەبێتە رۆژنامەگەریی ناوخۆیی، یان ناوچەیی، وەکو رۆژنامەی (ئەڤرۆ) و گۆڤاری (مەتین) کە لە پارێزگای دهۆك دەردەچن، بەڵام ئەگەر لەسەر ئاستی نیشتمانێکدا بڵاو ببێتەوە، ئەوە دەبێتە رۆژنامەگەریی نیشتمانی وەکو: رۆژنامەی خەبات و کوردستانی نوێ.

ئەگەر لەسەر ئاستی زیاتر لە وڵاتێکدا بڵاوببێتەوە دەبێتە جیهانی، وەکو رۆژنامەی (حیاة) و (الشرق الاوسط)، کە بەزمانی عەرەبی دەردەچن و لە زیاتر لە جێگایەك چاپ دەکرێن. لە جیهان دا نموونەی ئەم جۆرە بە تایبەت بە زمانی ئینگلیزی زۆرە.

## چوارەم: پێوەری ناوەڕۆكو سروشتی خوێنەر

ئەم پێوەرە گرنگی بەوە دەدات، كە ناوەڕۆكی ڕۆژنامە یان گۆڤار بۆ گشت خوێنەرانە، یان بۆ بەشێكە. ئەمە بە پێی ناوەڕۆكی بەرهەمەكە دەست نیشان دەكرێت، ئەم جۆرە دەبێتە دوو بەش:

۱. ڕۆژنامەگەریی گشتی:

ئەم جۆرە ناوەڕۆكێكی گشتیو هەمەڕەنگ دەگرێتە خۆی، وەكو سیاسەت، ئابووری، زانست، كۆمەڵایەتی، ئەدەب، هونەرو وەرزش....هتد. ئەم ناوەڕۆكەش بۆ هەموو خوێنەرانە، كە لە ڕووی ئارەزوو، پسپۆریو گرنگی پێدان، لەیەكتر جیاوازن، وەكو ڕۆژنامەی خەباتو كوردستانی نوێ.

۲. ڕۆژنامەگەریی پسپۆر:

لە ڕووی ناوەڕۆكەوە یەك چوارچێوە، یان هەمان پسپۆری هەیە، پەیامەكە بۆ خوێنەرانی ئەو پسپۆرییەیە. لەوانەیە زاراوەی تایبەت لەهەر پسپۆرییێكدا بەكاربهێنرێت، كە تەنیا خوێنەرانی ئەو بوارە تێیبگەن، وەكو پسپۆری ئەدەب، زانست، ئابووری، وەرزش، هونەر، وەكو ڕۆژنامەی وەرزش، گۆڤاری شێوەكاری، گۆڤاری هونەر، كە لەشاری دهۆك دەردەچێت.

## پێنجەم: پێوەری ئاراستەی بیری ڕۆژنامەگەریی

بەپێی ئەم پێوەرە، دەتوانین دوو جۆر لەم ڕۆژنامەگەرییە ببینین:

۱. ڕۆژنامەگەریی سەربەخۆ، یان نیمچە سەربەخۆ

ئەمە ئەو جۆرە ڕۆژنامەگەرییەیە، كە پەیوەندی سیاسی لەگەڵ هیچ لایەنێكی سیاسی نییە، واتە ئایدۆلۆژییێكی سنووورداری نییە، هەروەها ئۆرگانو قسەكەری هیچ گرووپێك، یان پارتێك نییە. دەرگای كراوەیە بۆ هەموو راو بۆچوونی سیاسیو ڕێبازی بیركردنەوەو كۆمەڵایەتی. ئەم جۆرە زیاتر شەقڵی هەواڵی پێوە دیارە، لەگەڵ بڵاوكردنەوەی بیروبۆچوونی سیاسی جیاوازو

گرنگی دان به ڕاو شیکردنەوەی بی لایەنانە. ئەم جۆرە ڕۆژنامەگەرییە لە کوردستان دا کەمە، یان هەر بە تەواوی نییە، بەڵام پسپۆران هەست بە گرنگی هەبوونی ئەم جۆرە دەکەن، هەندێك ڕۆژنامە پروپاکندەی ئەوە دەکەن، کە سەربەخۆن، بەڵام لە ڕاستییدا وا نییە، چونکە دەرکردن و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەیەك، یان گۆڤارێك بەبێ یارمەتی لایەنێك بەتایبەتی لە بواری داراییەوە لە کوردستان کارێکی قورس و گرانە. چونکە بەپێی بازاری کوردستان خەرجی هەر ڕۆژنامەیەك یان گۆڤارێك لە داهاتەکەی زیاترە.

٢. ڕۆژنامەگەریی پارتایەتی

ئەم جۆرە ڕۆژنامەگەرییە دەگرێتەوە، کە لەلایەن پارتێکی سیاسییەوە دەردەچێت و داراییەکی باشی بۆ تەرخان دەکرێت، بۆئەوەی ئەم ڕۆژنامەیە، یان گۆڤارە، ببێتە ئۆرگان و قسەکەری ئەو پارتەو هەڵوێست و بیروبۆچوونەکانی دەربڕێ، بەرامبەر هەر ڕووداوێك و پرس و کێشەیەك، کە لە نیشتمان و جیهان ڕوودەدات. سەرەڕای ئەوە، کە دەبێتە هۆکارێك بۆ گەیاندن و بڵاوکردنەوەی ئایدۆلۆژیەتی ئەو پارتە لەناو کۆمەڵگادا. نموونە بۆ ئەم جۆرە ڕۆژنامەگەرییە لە کوردستان دا زۆرە، وەکو ڕۆژنامەی خەبات کە ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە، کوردستانی نوێ کە ئۆرگانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانە، ئاڵای ئازادی کە ئۆرگانی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستانە....هتد.

**شەشەم: پێوەری هۆکاری پەیوەندیکردن، هۆکاری گەیاندنی رۆژنامەگەریی بە خوێنەر.**

لە ئەنجامی ئەو پێشکەوتنەی جیهانی گرتۆتەوە، دەبینین چەندین رێگا دروست بوون بۆ گەیاندنی رۆژنامەگەریی بە خوێنەر. لە کۆنەوە تەنیا کاغەز بۆ ئەم مەبەستە بەکاردەهێنرا، بەڵام ئێستا دەزگای ئەلیکترۆنیش بۆ ئەم مەرامە بەکاردەهێنرێت، رۆژنامەگەریی بە پێی ئەم پێوەرە دەبێتە دوو جۆر:

**١. رۆژنامەگەریی کاغەز، چاپکراوی لاسایی**

ئەم جۆرە رۆژنامەگەرییە کۆنە، کە لە چاپخانە لەسەر کاغەز چاپ دەکرێتو لە بازاڕ دەفرۆشرێت.

**٢. رۆژنامەگەریی ئەلیکترۆنی:**

ئەم جۆرە بە هۆکاری ئەلیکترۆنی دەگاتە خوێنەر، یان بە هۆی ئامێری ئەلیکترۆنی خوێنەر دەتوانێت بیخوێنێتەوە، ئەمەش دەبێتە چەند جۆر:

**أ. رۆژنامەگەریی ئەلیکترۆنی بە پەلە Online Journalism**

خوێنەر دەتوانێت ناوەڕۆکی ئەم جۆرە بە رێگای تۆڕو بنەمای (بەیانات) و خزمەتگوزاری زانیاری، بەرامبەر ئابوونەیەك یان بە خۆڕایی بخوێنێتەوە، وەکو ئەو رۆژنامانەی لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێتو تۆڕی دیکە دەردەکەون وەکو ئەمریکا ئۆن لاین American Online، بودیجیو کمبیوسیرف، لە خەسلەتەکانی ئەم جۆرە ئەوەیە کە بە توانایەو بەردەوام لە رووی ناوەڕۆکەوە تازە دەبێتەوەو زمانی هابرتکست بەکاردێنێت.

**ب. رۆژنامەگەریی ئەلیکترۆنی ناپەلە Off Line Journalism**

ژمارەو دانەی ئەم جۆرە رۆژنامەگەرییە لەسەر هۆکاری ئەلیکترۆنی تۆماردەکرێت وەکو CD یان Floppy.

ج. شێوەی تازە لەسەر هۆکاری تازە تۆماردەکرێت‌و بە کۆمپیوتەرەوە گرێدەدات، وەکو ڕۆژنامەگەریی دیسکی ڕوناك Tablet Newspaper، یان ئەو ڕۆژنامەگەرییەی، کە لە ڕۆژنامەگەریی کاغەز ئامادەدەکرێت، بە پێی گرنگی پێدانی ئەو کەسەی وەریدەگرێ.

ئەمە بە ڕۆژنامەگەریی فاکسمیل ناودەبەن، چونکە لەسەر ئامێری فاکسمیل وەردەگرێت[110].

## حەوتەم: پێوەری یاسایی.

بەپێی ئەم پێوەرە ڕۆژنامەگەریی دەبێتە دوو جۆر:

١. ڕۆژنامەگەریی یاسایی، یان ئاشکرا.
٢. ڕۆژنامەگەریی نایاسایی، یان نهێنی.

ئەم دوو جۆرە ڕۆژنامەگەرییە پەیوەستن بە سیستەمی سیاسی وڵات‌و دەستوورەکەی، هەر دەسەڵاتێك سیستەمی تایبەتی خۆی هەیە، دەستوورێك چوارچێوەی یاسایی ئەو دەسەڵاتە دەستنیشان دەکات. لەژێر ڕۆشنایی ئەو دەستوورەدا بۆ هەر بوارێك یاسایەك دادەنرێت. بۆ ڕۆژنامەگەریش یاسایەك دەبێت، لە کاری ڕۆژنامەگەریدا پێویستە ئەم یاسایە ڕەچاوبکرێت. لە سیستەمی دیموکراسیدا دەرکردنی ڕۆژنامە یان گۆڤار پێویستی بە مۆڵەت نابێت، بەڵام لە سیستەمی دیکتاتۆریدا هەر بڵاوکراوەیەك دەربچێت پێویستی بە مۆڵەت هەیەو، زۆرجار ڕێگا بە هەموو کەسێك یان هەر گروپێك یان هەموو پارتێك نادەن، کە ڕۆژنامەیەك، یان گۆڤارێك دەربکات. لەبەرئەوە ئەوانەی مۆڵەتیان پێنەدراوە، ناچار دەبن ڕۆژنامەگەریی بەشێوەیەکی نهێنی دەردەکەن. بۆ نموونە بەشێکی زۆر لە ڕۆژنامەگەریی کوردی سەردەمی شۆڕش دەچێتە ژێر چەتری ڕۆژنامەگەریی نهێنییەوە[111].

---

١١٠- د. عبدالجواد سعيد ربيع، فن الخبر الصحفي، ص٢٤.

١١١- بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی د لاپەرەیەك لە مێژوی ڕۆژنامەوانی کوردی، ١٩٣٨- ١٩٥٨، ڕۆژنامەوانی نهێنی، بەرگی سێیەم، بەشرۆژنامەگەری نهێنی کوردی بڕوانە:

أ. نەوشێروان مستەفا ئەمین، چەنی یەکەم، سلێمانی ٢٠٠٤.

ب. نەوزاد عەلی ئەحمەد، ڕابەری ڕۆژنامەگەریی نهێنی کوردی، چ ١، وەزارەتی ڕۆشنبیری، بەڕێوەبەرایەتی چاپ‌و بڵاوکردنەوە، سلێمانی، ٢٠٠١.

## هەشتەم: پێوەری خاوەندارێتی (عائدية).

لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا، بەتایبەتی وڵاتانی رۆژئاوا ئەوانەی ئەزموونێکی دوورو درێژی دیموکراسییان هەیە، حکومەتی خاوەن رۆژنامەگەری نییە[112]، بەڵام لە هەندێ وڵاتداو بەپێی سیستەمی سیاسی، حکومەت دێتە ئەم مەیدانەوە. بە پێی ئەم پێوەرە رۆژنامەگەری دەبێتە دوو جۆر:

١. رۆژنامەگەریی حکومی، یان فەرمی:

ئەم رۆژنامەگەرییە بە پێی بەرژەوەندی حکومەت کاردەکا، بانگەشە بۆ سیاسەتی دەکاتو دەبێتە ئۆرگانیو هەڵوێستو بۆچوونی حکومەت دەردەبڕێ، بەرامبەر هەر رووداوو پرسو کێشەیەك، کە لەناو وڵات، یان لە دەرەوە روودەدات، هەروەها یاساو بڕیارەکانی حکومەت بڵاودەکاتەوە. کارمەندانی ئەم جۆرە رۆژنامەگەرییە، وەکو فەرمانبەری حکومەت مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت.

٢. رۆژنامەگەریی ناحکومی، یان نافەرمی:

ئەم جۆرە گرێدای هیچ حکومەتێك نییە، بەڵکو سەربەخۆیە یان سەر بە لایەنێکی سیاسی، یان پیشەیی، یان کۆمەڵایەتییەو بەرژەوەندی ئەو لایەنانە دەردەبڕێو بیروبۆچوونەکانی لە سەر کێشەکانی ناوخۆو جیهان دەخاتە روو. زۆرجاریش رۆڵی رەخنەگر دەبینێت، بەرامبەر هەڵسوکەوتو رەفتارو سیاسەتی حکومەت یان لایەنانی دیکە.

رۆژنامەگەریی بە پێی سروشتو قەوارە دەبێتە دوو بەش، رۆژنامەو گۆڤار. ئەم دوو بەشە لە زۆر رووەوە جیاوازن، بەڵام لە هەندێ خەسڵەتدا لە یەك دەچن، وەکو:

یەکەم: هەردووکیان خولنامەن، واتە هەموو ژمارەکانیان بە یەك ناو دەردەچن، بەڵام لە ژمارەو مێژوودا جیاوازن، بە رێكو پێکی لە کاتی خۆی دا بڵاودەبنەوە، ئەگەر رۆژانە بن، یان حەفتانە، یان مانگانە، یان وەرزی، یان ساڵانە.

---

١١٢- سعدالدين خضر، الصحافة والعصر، دائرة الشؤون الثقافية والنشر، الموسوعة الصغيرة ١٨٧، بغداد- العراق، ١٩٨٦، ص٧٩.

دووەم: هەردووکیان بە ئامێری چاپ، چاپ دەکرێن[113].

سێیەم: ئەو بەرهەمانەی لە هەردوو جۆردا بڵاودەکرێنەوە، بەرهەمی بیرۆکەی تاکە کەسێك نین، بەڵکو بەرهەمی کۆمەڵە نووسەرێکن، واتە بەرهەمی هەردوو جۆرەکە هەمەڕەنگەو لە رووی نووسەرەکەوە جیاوازە.

چوارەم: هەر کەرەتێك یان جارێك رۆژنامە یان گۆڤار دەربچێت، ژمارەی تایبەتی لەسەر دادەنێن، واتە ژمارەکردنی خولنامەکە، خاڵێکی هاوبەشە لەنێوان رۆژنامەو گۆڤاردا.

پێنجەم: رۆژنامەو گۆڤار گرنگییەکی زۆر بە بڵاوکردنەوەی وێنەو نیگارو کاریکاتور دەدەنو پانتایەکی باش بۆ ئەم مەبەستە تەرخان دەکەن، بەڵام ئەم خاڵە زیاتر خۆی لە گۆڤاردا دەبینێت.

راستە چەمکی رۆژنامەگەریی ئەم هەردوو بەشە دەگرێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، هەر یەکێکیان تایبەتمەندێتی خۆی هەیە، لەبەرئەوە بە پێویستی دەزانم بە جیا لەسەر هەر یەکێکیان بدوێم.

### أ. رۆژنـــامە:

وشەی رۆژنامە، وشەیەکی لێکدراوە لە دوو وشە دروست بووە، وشەی (رۆژ) لەگەڵ وشەی (نامە)، دەبێتە رۆژنامە، بە واتای پەیامی رۆژ. واتە "نووسراوێکی چاپکراوە رۆژ بە رۆژ دەنگوباسی ناوەوەو دەرەوە بڵاوو پەخش دەکاتەوە"[114]. بەرامبەر ئەم وشەیە لە زمانی عەرەبیدا دوو وشە بەکاردەهێنرێن، وشەی (جريدة)و وشەی (صحيفة). لە زمانی ئینگلیزیشدا چەند وشەیەك بۆ ئەم واتایە بەکاردەهێنرێن، وەکو (Paper, Daily, Newspaper, Journal) بەڵام وشەی رۆژنامە، لە رووی چەمكو زاراوەوە واتایەکی فراوانتر دەبەخشێت، وەکوو: " رۆژنامە خولنامەیەکە، بە شێوەیەکی ئاسایی رۆژانە دەردەچێتو هەواڵو رووداوی گەرم، بە پەلە بۆ خوێنەرەکانی دەگوازێتەوە بۆ ئەوەی بە ئاگابن لە رووداوو پێشهاتەکانی جیهان، ئەوانەی کە تازە روودەدەن. لەگەڵ دەنگوباسی کۆمەڵایەتیو ئابووریو وەرزشیو ئەدەبی، سەرەڕای ئەو گوتارو

---

113- د. عبدالجواد سعيد ربيع، فن الخبر الصحفي، ص١٨.

114- گیوی موکریانی، فەرهەنگی کوردستان، ل٥٠١.

بەدواداچوونانەی، کە نووسەرانی لێهاتوو خاوەن ئەزموون و پسپۆر لە بوارێکدا دەربارەی رووداوەکانی جیهان دەنووسن"[115]. پێناسەیەکی دیکەی رۆژنامە هەموو ئەو بڵاوکراوەو نامیلکانەی بە شێوەی دەوری دەردەچن بە رۆژنامە دەژمێردرێن، "بڵاوکراوەو نامیلکە، ئەوانەی لە کاتێکی دەستنیشانکراودا دەردەچن و هەواڵ و رووداوی سیاسی و بازرگانی و زانستی و کشتوکاڵی و ئەدەبی و ئایینی و پیشەسازی...هتد لە خۆدەگرن، بە رۆژنامە، یان جۆرنال، یان غازێتە (گازێتە) دەناسرێت"[116].

ئینسکلوپیدیای بەریتانیش بۆچوونی تایبەتی خۆی لەم بوارەدا هەیە: " رۆژنامە بڵاوکراوەیەکی دەورییە، بەبێ بەرگە، لەکاتی خۆی بەرێك و پێکی دەردەچێت، ئەرکی سەرەکی گواستنەوەی هەواڵەکانە. زۆربەی رۆژنامەکان رۆژانە، یان حەفتانە دەردەچن. جیاوازی لەنێوان گۆڤارو رۆژنامە، بەتایبەتی ئەو رۆژنامانەی حەفتانە دەردەچن کارێکی زەحمەتە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ئەو بڵاوکراوەی لە دوو توێی دوو بەرگدا دەردەچێت پێی دەڵێن گۆڤار"[117]، بەڵام (فیلیب گایار)** رۆژنامە وەکو دەزگایەك دادەنێت و ئەرك و بەشەکانی ئاشکرا دەکات، "رۆژنامە لە راستیدا دەزگایەکە رۆڵێکی بناغەیی هەیە لە گواستنەوەی رووداو بۆ دەنگ و باس، سەرەڕای ئەوەی، کە رۆژنامەنووسان کاری تیادەکەن، ژمارەیەکی زۆر لە کرێکارو خزمەتکار، لەسەر سێ بەش دابەش دەکرێن، کارگێڕی و فرۆشتن، بانگەشە (ئاگاداری بازرگانی)، پیشەسازی"[118]. هەندی لە پسپۆرانی بواری رۆژنامەگەریی، شیکردنەوەو بەدواداچوونی هەواڵ و رووداو، بە ئەرکێکی رۆژنامە دادەنێن، لەم بوارەوە (خەلیل صابات) دەڵێت: "رۆژنامە، چاپکراوێکی دەورییە، هەواڵی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریی و زانستی و

---

١١٥- جبور عبدالنور، معجم الأدبي، ط١، دار العلم للملايين، بيروت- لبنان، ١٩٧٩، ص٨٤.

١١٦- بطرس البستاني، دائرة المعارف، مجلد سادس، مؤسسة مطبوعاتي اسماعيليان، تهران- ايران، ص٤٤١.

١١٧- د. محمد حسن عبدالعزيز، لغة الصحافة المعاصرة، السلسلة الثقافية، المركز العربي للثقافة والعلوم، بيروت- لبنان، (ب. ت)، ص٢٠.

** فیلیب گایار، راوێژکاری رۆژنامەنووسی سەرۆك کۆماری سینیگالی پێشوو بوو.

١١٨- فيليب گايار، تقنية الصحافة، ترجمة فادي الحسيني، ط١، منشورات عويدات، بيروت- لبنان، ١٩٧٣، ص٢٢.

تەکنۆلۆجی...هتد، شیدەکاتەوەو لەسەری دەدوێت"[119]. هەروەها لە پێناسەیەکی دیکەدا جەخت لەسەر رۆڵی رۆژنامە لە بواری فێرکردندا دەکات، "رۆژنامەی رۆژانە، ئەو خولنامەیەیە، کە هەمیشە سروشتێکی فێرکردنی هەیە"[120].

دیسان دەتوانین رۆژنامە لە دوو لایەنەوە پێناسە بکەین، لایەنی کەرەستەیی‌و لایەنی واتایی، یان کارو ئەرکەکەی:

١. لە رووی شێوەوە: رۆژنامە بریتییە لە تەنێکی ماددی کە لە کاغەز پێکهاتووە بە قەبارەی چەند لاپەرەیەك کە هونەرەکانی تایپۆگرافی لە خۆدەگرێت، هونەرەکانی تایپۆگرافیا بریتین لە (پیتەکان، وێنە، هێڵ، کاریکاتێر) کە بەنێو لاپەرەکاندا دابەشکراون.

٢. لە رووی ناوەرۆکەوە: رۆژنامە بریتییە لە هۆیەك لە هۆیەکانی راگەیاندن‌و کەناڵێکی دەربڕینی بیروبۆچوون‌و گەیاندنی زانیارییە لە رێگەی شێوە نوێیەکانی رۆژنامەنووسی لە (هەواڵ، وتار، رێپۆرتاژ، وێنە، کاریکاتێر...هتد) پێکهاتووە[121].

لە مێژووی رۆژنامەگەریی کوردیدا چەندین وشە لە جیاتی وشەی رۆژنامە بەکارهێنراون، تاکو ئەم وشەیە، وەکو زاراوەیەکی خاوەن چوارچێوە جێگای خۆی گرتووە، وەکو وشەی (جريدة)، (غەزەتە). ئەوەی ساخبووتەوە بۆ یەکەمین جار شاعیری گەورەی کورد حاجی قادری کۆیی هەردوو وشەی (رۆزنامە)و (جريدة)ی بۆ یەك مەبەست بەکارهێناوە، کاتی دەڵێت:

صەد قائیمەو قەصیدە کەس نایکڕێ بە پوولێ
رۆزنامەوو جەریدە کەوتۆتە قیمەت‌و شان[122]

---

١١٩- خليل صابات، وسائل الاتصال، نشأتها وتطورها، ط٨، مكتبة الانجلو المصرية، ـ القاهرة- مصر، ١٩٩٩، ص٧٥.

١٢٠- J. A. Cuddon, A Dictionary of Literary Terms، چاپخانەی حافظ، تهران، ١٣٨٠، ل٣٤٧.

١٢١- سامان جەلال، رۆڵی رۆژنامە لە خولقاندنی رای گشتی خوێندکاران، چاپی یەکەم، چاپخانەی وشە، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل٩٦.

١٢٢- سەردار حمید میران‌و کەریم مستەفا شارەزا، دیوانی حاجی قادری کۆیی، ئەمینداریێتی گشتی رۆشنبیری‌و لاوانی ناوچەی کوردستان، ١٩٨٦، ل٨٨.

هەر هەمان شاعیر لە شیعری (زەمانە)دا جارێکی دیکە وشەی (جەریدە)ی بەکارهێناوە کە دەڵێت:

زەمانە رەسمی جارانی نەماوە
چراغی ناقم و مونشی کوژاوە
لە دەوری ئێمە رۆمان و جەریدە
ئەگەر چی مەقصەدە، زانینی باوە[١٢٣]

دیسان هەر دەربارەی ئەم دوو وشەیە، رۆژنامەی کوردستان، کە یەکەمین رۆژنامەی کوردییەو یەکەمین ژمارەی لە ٢٢ی نیسانی ساڵی ١٨٩٨ لە شاری قاهیرە پایتەختی وڵاتی میسر دەرچووە، وشەی (جریدة)ی بەکارهێناوە. لە ژمارە یەك و دوودا، ئەم دەستەواژەیەی بەکارهێناوە:

"حچی کاغزك ڤی ریکە دڤی ریکت مصری سێ ناڤ خویی ڤی جریدەیی لاوِ بدرخان پاشا مقداد مدحت بکی.

هرجار دُو هزار جریدەیا بی پرە ئێزی ریکم کردستانی دەبِدِن خلکی پازدە رۆژا جارکی تیت نڤیساندن"[١٢٤]

هەر بۆ زانیاری زیاتر وشەی (جریدة) نزیکەی (١٨) هەژدە جار لە ژمارەی یەکەمی کوردستاندا بەکارهێنراوە. ئەبێ ئەوەش بڵێین لە ژمارەی یەك و دوودا پێناسەی رۆژنامەکە بە زمانی تورکی نووسراوە، بەڵام لە ژمارە سێ و بە دواوە لەژێر وشەی کوردستان ئەم دەستەواژەیە بە زمانی کوردی نووسراوە:

" پازدە رۆژا دە جارکی تیت نڤیساندن جریدیا کردی"[١٢٥]، بەڵام بەکارهێنانی وشەی (جریدة) لەلایەن هەردوو برا (میقدادمەدحەت بەدرخان) و (عەبدولرەحمان بەدرخان)، کە خاوەنی رۆژنامەی کوردستان بوون، نەبوو بە مایەی بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە لەلایەن ئەو کەسانەی دوای ئەوان خەریکی ئەم کارەبوون، بۆ نموونە گۆڤاری کۆمەڵەی (تعاون و ترقی) لە

---

١٢٣- سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٦.

١٢٤- د. کەمال فوئاد، کوردستان یەکەمین رۆژنامەی کوردی ١٨٩٨- ١٩٠٢، چاپخانەی (الاخلاص)، بەغدا، ١٩٧٢، ژمارە ١، ٢.

١٢٥- د. کەمال فوئاد، کوردستان یەکەمین رۆژنامەی کوردی، ژمارە (٣).

ساڵی ١٩٠٨ وشەی (غزتە)ی بەکارهێناوە لەگەڵ ئەوەشدا، کە رۆژنامە نییە، بەڵکو گۆڤارە[١٢٦]. هەروەها هەر سێ رۆژنامەی رۆژگاری شێخ مەحمودی نەمر (بانگی حەق ١٩٢٣)، (بانگی کوردستان ١٩٢٢ - ١٩٢٣ - ١٩٢٦)، (ئومێدی ئیستقلال ١٩٢٣ - ١٩٢٤)، وشەی (غزتە)یان بەکار هێناوە. دیسان رۆژنامەی (رۆژی کوردستان ١٩٢٢ - ١٩٢٣)، ئەویش هەر وشەی (غزتە)ی بەکارهێناوە. رۆژنامەکانی (ژیانەوە ١٩٢٤ - ١٩٢٦)و (ژیان ١٩٢٦ - ١٩٣٨) ئەوانیش وشەی (غزتە)یان بەکارهێناوە. "رۆژنامەی (پێشکەوتن ١٩٢٠ - ١٩٢٢، سلێمانی) نەبێ، کە لە هەموو ژمارەکانیدا، کە (١١٨) ژمارەیە، نەزاراوەی (غەزەتە)و نە (رۆژنامە)ی بەکارهێناوە. ئەوەش، ئەوەمان بۆ دەسەلێنێ کە زاراوەی (رۆژنامە) بۆ بەکارهێنان دەقی خۆی نەگرتبوو"[١٢٧]

وشەی (غەزەتە) بۆ وشەی گازێتا (Gazetta)ی دیالێکتی شاری ڤینیسیای ئیتالی دەگەڕێتەوە، ناوی پارەیەکی لە زیو دروستکراوی ئەو شارە بوو.

" لە سەرەتای سەرهەڵدانی رۆژنامەگەریی لە ئەوروپادا، پاش داهێنانی چاپ‌و پەیدابوونی نووسین بە شێوەی چاپکردن، ئەم داهێنانە، شۆڕشێکی گەورەی بەرپاکردو بوو بە هۆی بلاوکردنەوەی هەواڵ‌و دەنگوباس بەناو خەڵکی‌و بەناو جیهاندا، ئەم هەواڵنامەو بلاوکراوانە لە شاری ڤینیسیا بە گازێتاییێك دەفرۆشرا"[١٢٨]

پاشان ئەم وشەیەیان بۆ ناولێنانی رۆژنامە بەکارهێناوە، ئەم ناوە لە وڵاتانی ئەوروپادا وردە وردە بۆ مانا تازەکەی بلاوبووە، "بە تایبەت دوای ئەوەی روناکبیرێکی فەرەنسی (ت. رینوردو T. Renaudot) لە ساڵی ١٦٣١ وە دەستی بە بلاوکردنەوەی La Gazetta". کرد[١٢٩] پاشان گەیشتە ئەمریکا لەوێش ئەم ناوەیان بەکارهێنا، وەکو "گازێت ئۆف یونایتد ستیتس Gazette of United States ١٧٨٩). هەر ئەم وشەیە بە (غەزەتە) لە زمانی تورکی عوسمانیدا بەرکاهاتووەو لە زمانی عەرەبیشدا بە (جازیت) بەکاربراوە. دیارە وشەی غەزەتە لە رێگای

---

١٢٦- جەمال خەزنەدار، کورد تعاون وترقی غزتەسی، گۆڤاری هاڤیبون، ژمارە (٩)، (چاپا کوردستانێ)، ساڵی ٢٠٠١، ل٢٩.

١٢٧- سەرچاوەی پێشوو، ل٣١.

١٢٨- سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠.

١٢٩- د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، \\تێگەیشتنی راستی، ل٢٢.

زماني توركييەوە گەيشتۆتە ناو زمانی كوردیو، بۆ ماوەيەك ئەم وشەيە بۆ رۆژنامە بەكار هاتووە. زاراوەی (رۆژنامە) جگە لە شيعرەكەی حاجی قادری كۆيی، بۆ يەكەم جار لە گۆڤاری (رۆژی كورد)دا بەكارهاتووە، كاتێ (خەليل خەيالی) بەناوی كورتكراوی خۆی (مودانی خ)[١٣٠]، وتارێك لەژێر ناوی (پيروزناوە) لە ژمارە دوودا بلاودەكاتەوە، سێ جار وشەی (رۆزنامە)ی تێدا دووبارە دەكاتەوە. لە سەرەتادا دەڵێت:"هژمارە اول "روژناوە"***" وە من خوند كلك پی چاو نورو دلخوش بوم صد افرين بی غيرتو همتاوە"[١٣١]. هەر زاراوەی رۆژنامە لە گۆڤاری (هەتاوی كورد ١٩١٣)دا بەكارهاتووەو لە ژمارە (١٠)دا لە گووتارێكدا دەڵێت:" ل رويی دنێ تەنێ رۆژناوەيەكی كوردا هەيە، ل رەغبەت كرن، ئابونەبون ل سەر حمو كوردارا فەرزە"[١٣٢]. ئەبێ ئەوەش بلێين، كە وشەی (رۆژنامە) لەسەر سينگی رۆژنامەی (تێگەيشتنی راستی ١٩١٨ — ١٩١٩) دەبينرێت كە ئەم دەستەواژەيەی لەسەر نووسراوە، "رۆژنامەيەكی سياسی، ئيجتماعیو خاديمی يەك بونو سەربەستی كوردانە"[١٣٣].

زاراوەی رۆژنامە وردە وردە بلاوبووەوەو بە كارهات، "لە كوردستانی رۆژهەلاتيشا، رۆژنامەی (كرد = كورد)، كە لە ساڵی ١٩٢٠دا دەرچووە، لەسەر لاپەرەيەكيدا بەم جۆرە نووسراوە: (رۆژناميكە، سياسی، ادبی، اخباری، سرمقالی دكری بفارسی دينوسی كرديك بۆ همو كردان"[١٣٤].

---

١٣٠- هوگر طاهر توفيق، دور الصحافة الكوردية في تطوير الوعي القومي الكوردي، ١٨٩٨- ١٩١٨، ط١، دار سبيريز للطباعة والنشر، دهوك، ٢٠٠٤، ص١٧٣.

*** ديارە ئەم وشەيە بە چەوتی نووسراوە (رۆژناوە) راستييەكە (روزنامە)يە.

١٣١- جەمال خەزنەدار، رۆژی كورد ١٩١٣، چاپخانەی (المؤسسة العراقية)، بەغدا، ١٩٨١، ل٧٧.

١٣٢- نەوشيروان مستەفا ئەمين، چەند لاپەرەيەك لە مێژووی رۆژنامەوانی كوردی ١٨٩٨- ١٩١٨، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، ل ١٣٢.

١٣٣- د. كەمال مەزهەر ئەحمەد، تێگەيشتنی راستی، ل١٣٦.

١٣٤- جەمال خەزنەدار، كورد تعاون وترقی غزتەسی، ل٣٢.

### ب. گۆڤـــار:

وشەی (کۆڤار) بۆ جاری یەکـەم لەلایـەن (حسێن حوسـنی موکریـانی ۱۸۹۳ – ۱۹٤۷) لەسەر سینگی گۆڤاری زاری کرمانجی ژمارەی یەکەم لە رۆژی ۲۵ی ئایـاری سـاڵی ۱۹۲٦، بـەم شێوەیە بەکارهاتووە: (کوڤارێکی اجتماعی تـاریخی ادبـی یـە)، بـەڵام لـە بـەرگی نـاوەوەدا بـەم شێوەیەی دەبینین: (گڤاریکی اجتماعی تاریخی فنی ادبی یە)، لە ژمارەکانی دوو سێدا هـەر بـە (کوڤار)ی نووسیوە، بەڵام لە ژمـارەی چواردا گـۆڕانی بەسـەر شـێوەی نووسـینی ئـەم وشـەیەدا هێناوە. بەم رێنووسـە (کوڤـاریکی اجتمـاعی تـاریخی فـنی ادبـی مـانگی یـە)ی دەبیـنین، ئـەم کەلیشەیە تا ژمارە (۱٥) بەردەوام دەبێت. لە ژمارە (۱٦)ی رۆژی ۷ی کانوونی دووەمـی سـاڵی ۱۹۲۹ ئەو شێوەیە دەگۆڕدرێت‌و بەم شێوەیە دەنووسرێت: (کوڤـاریکی اجتمـاعی تـاریخی فـنی ادبی کوردیە موقتـا مـانگی جاریـك دەرئەچی)، لـە ژمـارە (۲۰)ی ۷ی ئاغـستوس ی سـاڵی ۱۹۲۹ دیسان وشەکە گۆڕانی بەسەردا دێت‌و بـەم شـێوەیە دەنووسـرێت: (کڤـارەیکی اجتمـاعی تاریخی فنی ادبی کوردیە موقتا مانکی جاریك دەرئەچی). بەڵام لـە ژمـارەی (۲٤)و کۆتاییـدا هەر بە یەکجاری ئەو کەلیشەیە لە سینگی گۆڤارەکەدا نامینێت، بەڵکو لـە لاپـەڕەی کۆتاییـدا هەر بەشێوەی کۆنەکە هاتووە (کوڤاریکی اجتماعی ادبی تأریخی فنی کوردیە)[١٣٥].

شایانی باسە پێش بەکارهێنانی ئەو زاراوەیە، "بۆ یەکەمین جار لـە مێـژووی رۆژنامـەگەریی کوردیدا، زاراوەی مجموعە مجموعە، لە بری کـووار، کوڤـار، گۆڤـار، لەلایـەن حـەمزە مۆکـسی‌و مەمدووح سەلیم بەڕێوەبەرانی ئەم گۆڤارانەی لـە ئەسـتەمبوول دەردەچـوون وەك گۆڤـاری (ژیـن ۱۹۱۸-۱۹۱۹، ئەستەمبول)و ئەوانەی پێش ژین‌و پاش ژیـن-یـش دەرچـوون، سـەری هەڵـداوەو بـەکارهاتووە"[١٣٦]. زاراوەی (کۆمـەڵ)یـش لـە گۆڤـاری (هـاوار)دا لـە جیـاتی زاراوەی گۆڤـار بەکارهاتووە، کە ژمارەی یەکەمی لە رۆژی یەکشەممە (۱٥)ی گولانی (۱۹۲۳) دەرچووە. لـەژێر ناوی گۆڤارەکەدا نووسراوە: (کومەلا کوردی). ئەم دەستەواژەیە، یان وشەی (کۆمەڵە) تا ژمـارە (٤) بـەردەوام بـووە، لـە (ژ ٥) کـە لـە رۆژی چوارشـەممەی (۲۰)ی تـەمووزی سـاڵی (۱۹۳۲)

---

١٣٥- د. کوردستان موکریانی، زاری کرمانجی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ‌و بڵاوکردنـەوەی موکریـانی، هەولێر ٢٠٠٢. (هەموو ژمارەکان).

١٣٦- جەمال خەزنەدار، کورد تعاون وترقی غزتەسی، ل٣٣.

دەرچووە تا دوا ژمارەی وشەی گۆڤاری بەکارهێناوە"[١٣٧]. یەکەمین بەرهەمی ڕۆژنامەگەریی کوردی، کە بتوانین بە گۆڤاری دابنێین " کورد تعاون و ترقی غزتەسی"یە، گەرچی خۆی بەناوی ڕۆژنامە بڵاوکراوەتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا گۆڤارێکی هەفتەیی بووە"[١٣٨]، کە لە ساڵی (١٩٠٨) لە ئەستەمبول دەرچووە.

بەرامبەر زاراوەی (گۆڤار)ی کوردی لە زمانی عەرەبی دا وشەی (مجلە) بەکاردێت لە زمانی ئینگلیزی دا زیاتر لە وشەیەك بۆ ئەم مەبەستە بەکاردێن، وەکو وشەی (Magazine). ئەم وشەیە لە بنەڕەتدا لە وشەی (مخازن[١٣٩])ی عەرەبییەوە هاتووە، بەو گۆڤارە دەڵێن (Magazine)، " ئەوەی بابەتەکانی هەمەڕەنگ و زۆر دریژ نەبن و وێنەی تێدابێت و کەرەستەی کات ڕابواردنی لەگەڵدا بێت"[١٤٠]. ئەم وشەیە بۆ جاری یەکەم لە ساڵی ١٧٣١ ز لە لەندەن بەکارهاتووە، کاتێ بڵاوکراوەیەك بەناوی (Gentleman Magazine) دەرچوو[١٤١]. دیسان وشەیەکی دیکەش لە زمانی ئینگلیزیدا ئەو واتایە دەگەیێنێت ئەویش وشەی (Periodical)ە، واتە خولنامە. هەروەها وشەی (Review) هەر بۆ ئەو مەبەستە بەکاردێت، کە (گۆڤار یان چاپکراوێکی خولنامەییە، گوتاری ئەدەبی و هونەری و فەلسەفی تیایە"[١٤٢]. هەندێ جاریش وشەی (Journal) بە واتای گۆڤار بەکاردێت.

پێناسەکردنی گۆڤار وەکو بەرهەمێکی هونەری، کارێکی ئاسان نییە، چونکە چەندین ڕەگەزی جیاجیا بەشداری تێدا دەکەن و لەناویەکدا ئاوێتە دەبن، تاکو گۆڤار دروست دەبێت و

---

١٣٧- عبدالصمد اسلام طە، ڕەنگدانەوەی ئەدەب لە گۆڤاری هاواردا ١٩٣٢- ١٩٤٣، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٢، ل٧.

١٣٨- جەمال خەزنەدار، کورد تعاون وترقی غزتەسی، ل٢٩.

١٣٩- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

١. Websters News World Dictionary, Pocket books reference, printed in U.S.A, p٣٥٤.

٢. J. A. Cuddon, A Dictionary of Literary Terms, p٣٧٩.

١٤٠- د. عبدالستار جواد، النقد الصحفي، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٩٩، ص٣٨.

١٤١- د. تيسير ابو عرجة، دراسات في الصحافة والاعلام، ط١، دار مجدلاوي للنشر والتوزيع، عمان- الاردن، ٢٠٠٠، ص١٠٣.

١٤٢- د. عبدالستار جواد، النقد الصحفي، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٩٩، ص٣٩.

دێتە ئاراوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵدراوە، کە پێناسەیەکی گونجاوی بۆ بکرێت وەکوو، "چاپکراوێکی خولنامەییە، بە بەرگێکی کاغەز داپۆشراوە، ناوەڕۆکێکی هەمەڕەنگی هەیە، وەکو چیرۆکو گوتارو شیعرو بابەتی دیکە، چەندین نووسەر بەشداری تێدا دەکەن، لە زۆربەی ژمارەکانی وێنەو نیگار لە خۆی دەگرێت، زیاتر پسپۆر دەبێت لە بابەتێك، یان تایبەت دەبێت بە ناوچەیەك، یان بۆ ئارەزوویەك، یان بۆ هەواڵ یان بۆ وەرزش دەبێت"[143]. ئەم پێناسەیە باسی زۆر رەگەز دەکات، کە بەشداری لە دروستبوونی گۆڤار دەکەن، وەکوو بەرگو خولنامەیی، بەشداربوونی نووسەری جیاجیا، ناوەڕۆکێکی هەمەڕەنگ، هەبوونی وێنەو نیگار، لەوانەیە پسپۆر بێت لە بابەتێکدا، یان تایبەت بێت بە ناوچەیەك، یان بۆ جۆرە ئارەزوویەك بێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێناسەی دیکە هەیە بۆ گۆڤاری گشتی، کە دەڵێت: "چاپکراوێکی خولنامەییە، لە زۆربەی جاران بریتییە لە کۆمەڵێکی هەمەڕەنگ لە گوتارو چیرۆکو شیعرو وێنە، بۆ جەماوەرێکی گشتی خوێنەران"[144].

هەر دەربارەی پێناسەی گۆڤار لێکۆڵەرەوەی ناوداری ئەمریکی (موت Mott) بەشێوەیەکی دیکە پێناسەی دەکاتو دەڵێت:"چاپکراوێکی رۆژنامەگەرییە بەرگ کراوە، بەشێوەیەکی رێكو پێك، چ کەم یان زۆر دەردەچێت، بریتییە لە بابەتی جیاواز بۆ خوێندنەوە"[145].

گۆڤار بە پێی چەند پێوەرێکی جیاواز دەبێتە چەند جۆر، لە رووی کاتەوە، واتە کاتی دەرچوونی: وەکوو گۆڤاری هەفتەیی، دوو هەفتەیی (نیو مانگانە)، گۆڤاری مانگانە، وەرزی، نیو ساڵانە.

هەروەها بە پێی پێوەری پەیامەکە، دەبێتە دوو جۆری سەرەکی: گۆڤاری گشتی، گۆڤاری پسپۆر، واتە تایبەت بە بوارێکی سەربەخۆ: وەکو زانستی، ئەدەبی، وەرزشی، ئابووری، ئایینی، ئافرەتان، لاوان، منداڵان...هتد. هەر جۆرێك لەمانە خاوەن تایبەتمەندێتی خۆیەتی.

لە تایبەتمەندییەکانی گۆڤاری گشتی:

١. یەکجار زۆر بڵاودەبێتەوە، واتە ژمارەی دانەکانی یەکجار زۆرە.

٢.بۆ هەمووئاستێکی رۆشنبیریو کۆمەڵایەتییە، واتە بۆ هەموو ئاستێکە.

---

١٤٣- د. محمود ادهم، التعريف بالمجلة، دار الثقافة للطباعة والنشر، القاهرة- مصر، ١٩٨٥، ص٣٦.

١٤٤- د. عبدالستار جواد، النقد الصحفي، ص٣٧.

١٤٥- د. ياس خضير البياتي، الاعلام الدولي والعربي، جامعة بغداد، كلية الاداب، ١٩٩٣، ص٧٧.

٣.بە پەلە چاپ دەکرێت، زۆربەی جاران هەفتانەیە یان مانگانەیە.
٤.بایەخێکی باش بە هەواڵەکان دەدات[١٤٦].
نموونەی ئەم چەشنە لە کوردستاندا گۆڤاری گوڵانە.

جۆری دووەم، واتە گۆڤاری پسپۆر، هەر لە ناوەکەی دیارە، کە خاوەن جەماوەێکی تایبەتە، کە خاوەن ئارەزوویەکە، یان لە بوارێکدا پسپۆرە، وەکوو ئەدەب، زانست، وەرزش...هتد. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم جۆرە دەبێتە دوو جۆری دیکە[١٤٧] وەکو:

أ. چاپکراوی ستوونی:

ئەم چاپکراوەیە، کە بۆ جەماوەرێکی خاوەن یەك ئارەزوو یان پسپۆری دەنووسرێت، بەڵام ئەم جەماوەرە لە ئاستی پسپۆرییەکە، یان ئارەزووەکەدا، جیاوازن.

ب. چاپکراوی ئاسۆیی:

ئەم جۆرە ئاراستەی جەماوەرێك دەکرێت، کە خاوەن ئاستێکی دەستنیشانکراوبێت لە پسپۆرییەکەدا، وەکوو گۆڤارە زانکۆییەکان، کە زیاتر بۆ لێکۆڵەرەوەو مامۆستایانی زانکۆیە.

جگە لەم دابەشکردنە، چەندین راو بۆچوونی جیاواز لەم بوارەدا هەیە، لێکۆڵەرەوەی ناوداری ئەمریکی (ولیام رایڤەرز William Rivers)[١٤٨]، بەشێوەیەکی تر گۆڤارەکان دابەش دەکات بۆ چوار جۆر:

| | |
|---|---|
| ١. گۆڤاری گشتی | Mass Magazine |
| ٢. گۆڤاری هەواڵ، یان دەنگوباس | News Magazine |
| ٣. گۆڤاری چینێکی دەست نیشانکراو | Class Magazine |
| ٤. گۆڤاری پسپۆرو تایبەتمەندێتی | Specialize Magazine |

---

١٤٦- د. عبدالستار جواد، النقد الصحفي، ص٤٧.

١٤٧- جون. ر. بيتز، مقدمة في الاتصال الجماهيري، ص١٠٣.

١٤٨- د. عبدالستار جواد، النقد الصحفي، ص٥٠-٥١.

لێکۆڵەوەرێکی دیکەی ئەمریکا (جۆن. ر. بیتەر)ە[149]، بەشێوەیەکی دیکەی جیاواز گۆڤارەکان دابەش دەکات، وەکو:

١. گۆڤاری هەرێمی یان گۆڤاری ناوچەیی: واتە لە ناوچەیەکی جوگرافی دا دەردەچێتو ئاراستەی خاوەن پیشەیەکی تایبەت دەکرێت، وەکو کشتوکاڵو پێی دەڵێن Vocational.
٢. گۆڤاری پیشەیی Business، چاپکراوێکە ئاراستەی جەماوەرێکی خاوەن یەك پیشە دەکرێت، وەکو پزیشکان، پارێزەران، مامۆستایان....هتد.
٣. گۆڤاری گشتی Consumer: ئەمە چاپکراوێکی گشتییە ئاراستەی جەماوەرێکی جیاواز لە رووی گرنگی پێدانو ئاراستەکان دەکرێت.
٤. گۆڤاری ئایینی Religious: زۆربەی جاران لە دەزگاکانی ئایینی دەردەچێتو بۆ ئامانجێکی ئاینییە.

هەر لەم بوارەدا لێکۆڵەرەوەیەکی ئینگلیزی بەناوی (هیث Heath)[150] گۆڤار بۆ دە جۆری جیاواز دابەش دەکات وەکو:

| | |
|---|---|
| ١. گۆڤاری هەواڵ | News |
| ٢. گۆڤاری را (هزری) | Opinion |
| ٣. گۆڤاری تایبەت بە ئەدەبو هونەر | Literature and the Arts |
| ٤. گۆڤاری زانستی | Scientific |
| ٥. گۆڤاری ژنان | Women |
| ٦. گۆڤاری پیشەیی | Professional, Technical and Trade |
| ٧. گۆڤاری لاوانو منداڵان | Teenage and Children |
| ٨. گۆڤاری هەڵبژاردەکان (مختارات) | Digest |
| ٩. گۆڤاری وەرزشو ئارەزووەکان | Hobbies and Sports |
| ١٠. گۆڤاری بەرنامەی تەلەفزیۆن | Television Programme Magazine |

١٤٩- جون. ر. بيتز، مقدمة في الاتصال الجماهيري، ص١٠٢.

١٥٠ د. عبدالستار جواد، النقد الصحفي، ص٥١.

لەمیانەی ئەم پێناسانەی پێشوودا بۆمان ئاشکرا دەبێ، کە رۆژنامەو گۆڤار لە زۆر روو و خاڵەوە لەیەك دەچن، بەڵام لە هەمان کاتدا لە زۆر لایەنەوە جیاوازن. بۆ ئەوەی چوارچێوەی هەر یەکێك لە رۆژنامەو گۆڤار باشتر روونو ئاشکرا بێ، هەروەها بۆ ئەوەی پێناسەی هەر یەکێکیان زیاتر بچەسپێت، بە پێویستی دەزانم خاڵە جیاوەزاەکان بە وردیو زانستی لە رووی رۆخسارو ناوەرۆکەوە دەست نیشان بکەم:

١. لە رووی کاتی دەرچوونو بڵاوبوونەوە، واتە خولنامەیی هەر یەکێك لە رۆژنامەو گۆڤار: رۆژنامە زیاتر رۆژانەیە، لەوانەشە لە رۆژێکدا دوو چاپی هەبێت، چاپی بەیانیانو چاپی ئێواران. هەروەها لەوانەیە رۆژنامە هەفتانە بێت، دیسان لەوانەیە بۆ تاقیکردنەوە لە کاتی سەرەتای دەرچوونی بەشێوەیەکی کاتی نیو مانگانە بێت. بەڵام گۆڤار هەفتانەی نیو مانگانەو مانگانەو وەرزیو نیو ساڵانەو ساڵانەیە، زیاتر هەفتانەو مانگانەیە.

٢. رۆژنامە بەرگی نییە، بەڵکو لاپەڕەی یەکەم دەبێتە روویەك، ناوو ژمارەو مێژووو پێناسەی بەشێوەیەکی هونەری لەسەر دەنووسرێت، هەروەها مانشێتو ناونیشانی بەقەبارەیەکی گەورەترو سەرنج راکێشتر لەسەر دەنەخشێنن. زۆرجار وێنەی کەسێك یان وێنەی رووداوە گرنگەکان هەر لەسەر ئەو لاپەڕەیەدا بڵاودەکەنەوە. بەڵام گۆڤار بەرگی هەیە ژمارەی لاپەڕە وەرناگرێتو زۆرجار ئەم بەرگە دەبێتە چوار لاپەڕەو بۆ بابەتی هونەری تەرخان دەکرێت. بەرگی یەکەم دیسان ناوو ژمارەو مێژووی گۆڤارەکەی لەسەرە، زۆربەی جاران بەرگی گۆڤار رەنگاو رەنگەو بەشێوەیەکی هونەری نەخشەی بۆ کێشراوە، هەروەها ناونیشانی چەند بابەتێکی گرنگو سەرنج راکێشی لەسەر دەنووسرێ. بەرگی گۆڤار مقەبابایەو لە کاغەزی ناوەوە ئەستوورترە. ئەو بەرگە بە (کلیبس) یان بە (صمغ) لەگەڵ لاپەڕەکانی دیکە کەبس دەکرێت.

٣. نووسین بۆ گۆڤار بەرفراوانترو قووڵترە، لە هەمان کاتیشدا نووسەر دەتوانێت لەسەرخۆ شت بنووسێت، بەڵام بۆ رۆژنامە کورتترەو زۆر قووڵ نییەو نووسەر بە پەلە دەینووسێت.

٤. خوێنەری رۆژنامە زیاتر گشتییە، بۆ هەموو تەمەنو رەگەزو پسپۆرییێك، بەڵام خوێنەری گۆڤار بە رێژەیەکی زیاتر تایبەتە لە رووی پسپۆرییەوە. ئەمەش بۆ سروشتی رۆژنامەکە یان گۆڤارەکە دەگەڕێتەوە.

٥. گۆڤار زیاتر رەنگ بەکاردێنێ، بەڵام بەکارهێنانی رەنگ لە رۆژنامەدا رێژەی کەمترە.

٦. له رووی قەبارەوە، رۆژنامە ئەگەر رۆژانە بێت، لەوانەیە چوار لاپەڕە بێت تا دەگاتە ٣٢ لاپەڕەو زیاتر، بەڵام ئەگەر هەفتانە بێت لەوانەیە لەسەد لاپەڕە تێدەپەڕێت. پێوەرەکانی لاپەڕەی رۆژنامە جیاوازە، قەبارەی گەورەی ئاسایی نزیکەی ٥٨ سم × ٣٨سم دەبێت، قەبارەی تابلوید دەگاتە نزیکەی ٣٧سم ×٢٨سم، رەنگە بە پێی پێویستی پێوەرەکانی دیکەش هەبێت. لاپەڕەی رۆژنامەی قەبارە گەورە بەسەر هەشت ستووندا دابەش دەکرێت[١٥١]. بەڵام قەبارەی گۆڤار جیاوازەو پێوەری ستانداردی نییە، بەڵکو قەبارەی گەورەی هەیە، هەروەها قەبارەی بچوکیشی هەیە، بەڵام له رووی ژمارەی لاپەڕەکانەوە گۆڤار نابێت لە (مەلزەمەیەك)، کە دەکاتە (١٦) لاپەڕە[١٥٢] کەمتر بێت، لەوانەیە ژمارەی لاپەڕەکانی لەسەدان تێپەڕێت. بەشێوەیەکی ئاسایی لاپەڕەکانی گۆڤار دابەش دەکرێتە سەر چوار ستوون یان دوو ستوون، یان بە پێی پێویست دابەش دەکرێت.

٧. رۆژنامە زیاتر بایەخ بە هەواڵ دەدات پاشان هونەرەکانی دیکە، بەڵام گۆڤار بە پێچەوانەوە گرنگی بە هونەرەکانی رۆژنامەگەریی دەدات، وەکو رێپۆرتاژ، چاوپێکەوتن، بەدواداچوون، پاشان هەواڵەکان.[١٥٣]

سەرەڕای ئەو خاڵانەی سەرەوە، ئەگەر بە وردیو لە هەموو لایێکەوە جیاوازییەکان دەست نیشان بکەین، دەتوانین چەندین خاڵی تر زیاد بکەین، بەڵام هەندێ لێکۆڵەرەوە تەنها جەخت لەسەر سێ خاڵی سەرەکی دەکەنەوە وەکو:[١٥٤]

١. کاتی دەرچوون، ئەگەر رۆژانە بێت بێگومان ئەمە رۆژنامەیە. ئەم خاڵە دەبێتە هۆیەك بۆ پسپۆڕی هەر یەکێك لە رۆژنامەو گۆڤار.

٢. کەرەستەی نووسین، یان هونەری نووسین، رۆژنامە زیاتر بایەخ بە هەواڵ دەدات، بەڵام گۆڤار زیاتر گرنگی بە گوتارو راپۆرتو ریپۆرتاژو وێنەو نیگار دەدات.

---

١٥١- د. محمود ادهم، التعريف بالمجلة، ص١١٢.

١٥٢- سامي ذبيان، مدخل نظري وعملي الى الصحافة اليومية والاعلام، ص٩٥.

١٥٣- د. محمود ادهم، التعريف بالمجلة، ص٨٢.

١٥٤- د. تيسير ابو عرجة، دراسات في الصحافة والاعلام، ص١٠٤.

٣. قــەبارەی چــاپەمەنی: قــەبارەی تایبەتێتییێکــە بــۆ جــۆری ڕۆژنامەگــەریی، وەکــو لاسایکردنەوەی لێهاتووە. زۆربەی ڕۆژنامەکان قەبارەیان گەورەیە، هەرچەندە ڕۆژنامـەی وا هەیـە کە قەبارەکەی نیوەیە، کە پێی دەڵێن (تابلوید)، گۆڤاری قەبارە گەورەش هەیە. بەڵام ئـەوەی زۆر باوە ئەوەیە کە قەبارەی ڕۆژنامە گەورەیەو هی گۆڤار بچووکە.

## کورتەیەك لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی

سەرچاوەکانی نووسینی مێژووی ڕۆژنامەگەریی لە جیهاندا، تا ئێستا لەسەر خاڵی دەستپێکردنی ئەم مێژووە ڕێك نەکەوتوون. هەر یەکێك بە پێی دیدو بۆچوونو تێگەیشتنو فەلسەفەی خۆی دەستپێکێك دەستنیشان دەکاتو مێژووی ڕۆژنامەگەریی لەو ڕۆژەوە دەنووسێتەوە. ئەمەش بۆ زاڵ نەبوونی چەمکی ڕۆژنامەگەریی لەلایەن ئەو سەرچاوانەو ڕێك نەکەوتنیان لەسەر چوارچێوەو ڕەگەزەکانی ڕۆژنامەگەریی دەگەڕێتەوە. هەندێك سەرچاوە، ئەوانەی بە گیانێکی دەمارگیری نووسراون، هەوڵ دەدەن مێژوویێکی کۆنو گەشەدار بۆ ڕۆژنامەگەریی نیشتمانو گەلەکەیان دروست بکەن، بۆئەوەی بیکەن بە بەڵگەیەکی مێژوویی بۆ شارستانیو هۆشیاریو پێشکەوتنی ئەو گەلو نیشتمانە، لە جیاتی بایەخدان بە چەمكو ڕەگەزەکانی ڕۆژنامەگەریی زیاتر بایەخو گرنگی بەم خاڵە دەدەن.

ئەگەر مێژووی ڕۆژنامەگەریی بە بڵاوکردنەوەو گواستنەوەی هەواڵێك لە کۆمەڵگادا ببەستینەوە، دەتوانین بڵێین پێش هەزاران ساڵ، خەڵکی ناوچە شاخاوییەکان، بۆ ڕاگەیاندنی هەواڵ ئاگریان لەسەر لوتکەی بەرزی چیاکان کردۆتەوەو دوکەڵیان لە ئاسماندا بەرزدەکردەوە. لە ناوچە دارستانەکانیشدا بە لێدانی دەهۆڵ هەواڵیان گەیاندووە، لە هەندێ جاریشدا بە قسەی زارەکی یان بە گۆرانیو چیرۆكو داستانی شیعر ئەم کارەیان ئەنجامداوە.

نووسینی مێژووی ڕاستەقینەی ڕۆژنامەگەریی کارێکی زەحمەتو قورسە، چونکە ڕۆژنامەگەریی دەزگایەکی فرە لایەنو ڕەنگدانەوەی مێژووی گەلو نیشتمانێکەو دەربڕینی لە بوونو پێشکەوتنی ئەو گەلەیە لە خۆشیو ناخۆشیدا، بگرە دەربڕینی شارستانی مرۆڤایەتییە، دەربڕینی ئازادی مرۆڤایەتییەو بە هەموو قۆناغەکانی تێکۆشانو قوربانیدان. دەربڕینی دیدو بۆچوونو بەرژەوەندیو ئاستو چینی جیاوازە.

هەندێ سەرچاوەی مێژوویی ڕۆژنامەگەریی بۆ میسری کۆن دەگەڕێننەوە، ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە پێش "چەند هەزار ساڵێك لەمەوبەر فەرمانڕەوا کۆنەکانی میسر کاروباری وڵاتو شەڕەکانی سوپاو گەلێك شتی تری لەو بابەتەیان بەشێوەیەکی ڕازاوە لەسەر بەرد هەڵدەکەندو لەگەڵ خۆیان دەیانبردە ناو گۆڕ، یان بۆ نەوەی دوای خۆیانیان بەجێ دەهێشت. سەرەڕای ئەوە زۆربەیان دەنگوباسیان لەسەر دیواری بتخانەکان هەڵدەکەند بۆ ئەوەی خەڵك بیانبینن. هەر

شتێکی گرنگ رووی بدایە لەسەر تاشە بەردی تازە هەڵیاندەکەندو بە دیواردا هەڵیاندەواسی". [155]

دۆزینەوەی کاغەزی (بەرەدی) لە میسری کۆن کە (فلاندرز بیتری) کۆی کردوونەتەوە، گوایە بۆ (٤٠٠٠) چوار هەزار ساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوە، ئەمەش بەڵگەیەکە بۆ هەبوونی هەستی رۆژنامەگەریی لەو وڵاتەدا[156]. هەر لەبارەی مێژووی رۆژنامەگەریی، مێژوونووسی ناوداری کۆن هیرۆدۆت باسی ئەوە دەکات کە گوایە میسرییە کۆنەکان رۆژنامەی رەخنەو گاڵتەو گەپیان هەبوە کە یەکێکیان ناوی "رۆژنامەی کۆشك" بووەو دەڵێ: " نووسەرەکانی باسی رابواردنی شەوانی پاشاو خواپێداوەکانیان دەکردو بە بیانووی قسەی خۆشەوە توانجیان تێ دەگرتن"[157].

هەروەها لێکۆڵەرەوەی فەرەنسی (یوسینۆسی) دەڵێ: "بابلییەکان رۆژنامەیان هەبووەو رووداوی رۆژانەیان تۆمارکردووە"[158]. ئەگەر مەبەستی ئەم نووسەرە لە رۆژنامە، تۆمارو بڵاوکردنەوەی هەواڵ بێت بەشێوەیەکی رۆژانە، ئەم کارە هەر لە دەستپێکی مێژووی مرۆڤایەتییەوە هەبووە، چونکە مێژوونووس (فلاینوس جوزێف)، دەڵێت:" بابلییەکان مێژوونووسییان بۆ تۆمارکردنی رووداوەکان تەرخانکردبوو (بیوزبیریز) لەبەر رۆشنایی ئەو زانیاریانەدا، مێژووی کلدانییەکانی لە سەدەی سێیەمی پ.ز نووسیوە"[159].

هەندێ مێژوونووس پسپۆری تری بواری رۆژنامەگەریی، "سەرەتاکانی سەرهەڵدانی کاری رۆژنامەگەریی بۆ کیشوەرە پانو بەرینەکەی ئاسیاو دروست بۆ ساڵی (٩٩١)ی پێش زایین دەگەڕێننەوە، کاتێ کە حکومەتی دەسەڵاتداری ئەو کاتەی چین (وڵاتی شوورەی مەزن) لە پێناو دەستەبەرکردنی هەموو شێوازێکی کاریگەر بۆ ئومێدی پایەدارکردنی پێگەی دەسەڵاتەکەی، رۆژنامەی (کین بان)ی بڵاوکردەوە...(کین بان) رۆژانە سێ جارو بە سێ روخساری جیاوازو سێ ژەمە بڵاودەکرایەوە: بەیانیان بە رەنگی زەردو نیوەڕوان بە رەنگی سپیو ئێوارانیش بە رەنگی

---

١٥٥- د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، تێگەیشتنی راستی، ل١٩.

١٥٦- فتحي الابياري، صحافة المستقبل والتنظيم السياسي، ص١٧.

١٥٧- د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، تێگەیشتنی راستی، ل٢٠.

١٥٨- هەڤال ئەبوبەکر، چەند هەنگاوێك بەرەو: راگەیاندن، رۆژنامەنووسی، پروپاگەندەو رای گشتی...، چاپی دووەم، کتێبخانەی رۆشنبیر، سلێمانی، ١٩٩٧، ل٤٥.

١٥٩- فتحي الابياري، صحافة المستقبل والتنظيم الساسي، ص١٨.

سوور دەردەچوو"[١٦٠]. هەندێ مێژوونووسی دیکە، سەرەتای ڕۆژنامەگەریی خولنامەیی بۆ ساڵی (٥٩)ی پێش زایین دەبەنەوە، کاتێ کە قراڵی ڕۆمانی یۆلیۆس قەیسەر ڕێو ڕەسمو بڕیارەکانی بەشێوەیەکی خولنامەیی بەناوی (ئەکتادیورنا **Acta Diurna**) واتە (کاروباری ڕۆژانە)، یان (ڕووداوی ڕۆژانە) دەردەکردو بە دیوارەکانی ڕۆمادا هەڵدەواسرا،"[١٦١] ئەم بڵاوکراوەی یۆلیۆس قەیسەر دایمەزراند نزیکەی پێنج سەدە ژیا"[١٦٢].

لە سەدەی حەوتەمدا چینیەکان بڵاوکراوەیەکی دیکەیان بڵاوکردەوە، کە لە "ڕووداوی ڕۆژانە"ی یۆلیۆس قەیسەر زیاتر لە ڕۆژنامەی ئیمڕۆی دەکرد. چینییەکانیش یاساو بڕیارو ڕوداوەکانی ژیانی ڕۆژانەی کۆشکی پاشایان بڵاودەکردەوەو ئەوانیش ناوێکی تایبەتی مانادارییان بۆ هەڵبژاردبوو: "دی باو" واتە" هەواڵەکانی پایتەخت". ئەمەش بۆ خۆی یەکێکە لەناوە هەرە کۆنو دەگمەنەکان کە لەناوی ڕۆژنامەی ئەم سەردەمەی دەکرد"[١٦٣].

لە سەدەی سێزدەهەمدا پیشەی هەواڵی دەستنووس لە ئینگەلتەرا پەیدابوو[١٦٤]. لەوانەیە هەر لە ئەنجامی ئەم کارە تازە بێ کە لە ساڵی ١٢٧٥ فەرمانێکی پاشایەتی لەم وڵاتە دەرچوو بۆ ڕێگەگرتن لە هەواڵی درۆ، ئەمە یەکەمین بەڵگەی دەستنووسە لە مێژوودا، کە تایبەت بێت بە هەواڵ بڵاوکردنەوە[١٦٥]. دوای دوو سەدە، واتە لە سەدەی پازدەهەمدا، ئەم جۆرە ڕاگەیاندنە بەشێوەیەکی بەرفراوان لە ئەڵمانیاو ئیتالیا سەریهەڵدا، لە شاری ڤینیسیای ئیتالیا بڵاوکراوەی

---

١٦٠- برایمی مەلا، ڕۆژنامەگەری لە سەرەتای سەرهەڵدانیەوە تا چەرخی نوێکاری، وەزارەتی ڕۆشنبیری- لیژنەی چاپەمەنی، هەولێر، ١٩٩٨، ل١٠.

١٦١- البروفسور د. تودوروف، تأريخ الصحافة العالمية، ترجمة: د. اديب خضور، ط١، دمشق- سوريا، ١٩٩٠، ص٧.

١٦٢- د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، تێگەیشتنی ڕاستی، ل٢١.

١٦٣- د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، تێگەیشتنی ڕاستی، ل٢١.

١٦٤- أميل بوافان، تأريخ الصحافة، ترجمة محمد اسماعيل محمد، دار المصرية للطباعة والنشر، القاهرة- مصر، ١٩٤٩، ص١٣.

١٦٥- د. محمود نجيب ابو الليل، تأريخ الصحافة في اوروبا وامريكا منذ بدايتها حتى قيام الحرب العالمية الثانية، ط١، ص١١.

دەستنووس بە (avvisi) ناو دەبراو چینی ئەرستوکراتی نرخێکی باشیان بەم بڵاوکراوانە دەدا[١٦٦].

هەر لە ئەوروپاو لە سەدەکانی ناوەڕاست دا " بڵاوکراوەیەك بەناوی (پامفلێت Pamphlet) پەیدابوو، لە شێوەی پەخش‌و کتێبی بچووکدا بڵاودەکرایەوە. ئەم پامفلیتانە لە سەدەی پازدەوە لەزۆر شوێنی ئەورووپای رۆژئاوادا بڵاودەکرانەوە. زۆر لە پیاوە ناودارەکانی ئەو سەردەمە لە رێگای ئەم پامفلێتانەوە بیروڕاو هەستی خۆیان بە خەڵك دەگەیاند. زۆربەی ناوەڕۆکی ئەو "پامفلێت"انە بۆ مەبەستی سیاسیو رەخنە لە زۆرداری رژێم تەرخان دەکران"[١٦٧]. لە ساڵی ١٤٠٩ تا ١٤٤٩ رۆژنامەی (بورجوازی پاریس) لە فەرەنسا دەرچوو، ئەم رۆژنامەیە لە تەك هەواڵەکاندا چیرۆك‌و پێشبینییەکانی کەشناسی بڵاودەکردەوە[١٦٨]. لە ناوەڕاستی سەدەی پازدەهەمدا[١٦٩]، داهێنەری ئەڵمانی (یوهانز گوتنبێرگ Johannes Gutenberg ١٤٠٠ – ١٤٦٨) لە شاری (ماینتز) چاپی نوێی بە پیتی بزواو (متحرك) داهێنا. ئەم داهێنانە تازەیە "گەورەترین دەسکەوتی روناکبیری سەرتاپای گەلی ئەلمانییە لە سەدەی پازدەدا، بەتایبەتی چونکە بوو بە سەرەتای بەرپا بوونی شۆڕشێکی گەورە لە ژیانی روناکبیری گەلانی ئەوروپاو ئینجا هەموو جیهاندا"[١٧٠]. هەروەها کاریگەرییەکی گەورەی لە پێشکەوتنی کاروانی رۆژنامەگەریدا هەبوو لە ئەنجامدا بڵاوکراوەی چاپکراوی هەواڵ هاتەکایەوەو شان بە شانی ئەمەش بڵاوکراوەی دەستنووس هەر بەردەوام بوو درێژەی بە ئەرکی خۆی دەدا. دەشێ ئەم جۆرە بڵاوکراوانە بکرێن بە سەرەتای رۆژنامەی دەوری، چونکە هەندێکیان زنجیرە ژمارەی رێك‌و پێکیان لەسەر بوو، بەڵام ماوەی نێوان هەر ژمارەیەك‌و ژمارەی دوای ئەو، بەو رێك‌و پێکییەوە نەبوو[١٧١]. بێگومان بڵاوکراوەکانی هەواڵ جێگای خۆشحاڵی دەسەڵاتدارانی

---

١٦٦- امیل بواڤان، تأریخ الصحافة، ص١٣.

١٦٧- د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، تێگەیشتنی راستی، ل٢١.

١٦٨- ایمل بواڤان، تأریخ الصحافة، ص١٣.

١٦٩- دەربارەی دەست نیشانکردنی ساڵی داهێنانی چاپ لەلایەن داهێنەری ئەڵمانی (یوهانز گوتنبێرگ)، سەرچاوەکان جیاوازن.

١٧٠- د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، تێگەیشتنی راستی، ل٢٦.

١٧١- د. محمود نجیب ابو اللیل، تأریخ الصحافة في اوروبا وامریکا، ص١٩.

ئەو سەردەمە نەبوون بەتايبەتى زانايانى ئايينى مەسيحى، كە بە هەموو تواناى خۆيانەوە دژى بزاڤى چاكسازى بوون. لە سالّى ١٥٦٠ پاپا بيوسى پێنجەم رايگەياند، كە ئەوانەى هەواڵ دەنووسن و بلاّوى دەكەنەوە دوژمنى پاپاو ئايينن. فەرمانى لە سێدارەدانى نيكولوفرانكو (Niccolo Franco)ى دا، كە كارى هەواڵ نووسى دەكرد. لە سالّى ١٥٧٢ پاپا بە فەرمانێك بلاّوكردنەوەو بازرگانى كردنى بە هەواڵ قەدەغە كرد[١٧٢].

سەرهەلّدان و دەرچوونى خولنامەكان بەشێوەيەكى رێك و پێك نەبوو. خولنامەى سالانە وەكو سالنامەى سەرەتا، لەنێوان سالانى ١٤٤٨ تا ١٤٧٠ لە زۆربەى ولاتانى ئەوروپا سەريهەلّدا، وەكو ئەلّمانياو فرەنساو ئيتاليّاو سويسرا، زياتريش بايەخيان بە دەنگوباسى ئەستێرەناسى دەدا[١٧٣]. بەلاّم بلاّوكراوەى خولنامەى تايبەت بە دەنگوباس لە كۆتايى سەدەى شازدەم لەسەر دەستى پياوێكى نەمساوى لە شارى كولونيا بەناوى (ميشيل ڤون ئيتينگ Michel Von Aiting) دەستى پێكرد. هەر شەش مانگ جارێك بەرگێكى دەنگوباسەكانى چاپ دەكرد[١٧٤]. پاشان زۆر كەسى ديكە ئەم كارەيان پەيڕەو كردو لاسايى ئەوانەى پێشوويان كردەوە. سالّى ١٥٩٧ (گيگل) لە شارى فلورەنسا خولنامەى تايبەتى بە بازرگانى دەركرد، بەلاّم لە ئەلّمانيا، دەستپێكى راستەقينەى رۆژنامە، ئەوەى بايەخ بە كاروبارى گشتى و دەنگوباسى هەمەرەنگ دەدا، لە سالّى ١٦٠٩ لە شارى ستراسبورگ بە حەفتەنامەى (پەيوەندى) دەستى پێكرد، لە هەمان سالّدا لە شارى (فولفنبيويل) حەفتەنامەى (كەشتى هەوالّەكان) بلاّوكرايەوە. پاشان ئەم حەفتەنامەيە گوازرايەوە بۆ شارى ئۆگسبۆرگ. ئەم دوو حەفتەنامەيە بە چوار لاپەڕەو بە قەبارەى بچووك بلاّودەكرانەوە[١٧٥]. پرۆفيسۆر د. تودوروف سالّى ١٦٠٩ بە سالّى لە دايك بوونى رۆژنامەگەريى لە جيهاندا دادەنێت. پاشان دواى ئەم مێژووە ئەم جۆرە رۆژنامانە لە وولاتانى ديكەى ئەوروپا دەرچوون. هەر لە ئەلّمانيا دواى ئەم دوو حەفتەنامەيە بە شەش سالّ، واتە لە سالّى ١٦١٥ (ئيونولف ئيميل) رۆژنامەى (فرانكفورتەر تسايتونگ)ى بلاّوكردەوە، پاشان لە سالّى ١٦١٧ لە شارى بەرلين رۆژنامەى (فرشمان تسايتونگ) دەرچوو، خاوەنەكەى (كريستوف

---

١٧٢- د. محمود نجيب ابو الليل، تأريخ الصحافة في اوروبا وامريكا، ص١٧.

١٧٣- د. محمود نجيب ابو الليل، تأريخ الصحافة في اوروبا وامريكا، ص٢٦.

١٧٤- د. محمود نجيب ابو الليل، تأريخ الصحافة في اوروبا وامريكا، ص٢٦.

١٧٥- البروفسور د. تودوروف، تأريخ الصحافة العالمية، ص١٥.

فرشمان) بوو. خوێنەران بە پەرۆشەوە چاوەڕێی دەرچوونی ئەم رۆژنامەیان دەکرد، بۆ ئەوەی لە هەواڵەکانی ناوخۆو دەرەوەی ئەڵمانیا ئاگادارببنەوە. " ساڵی ١٦٦١، بۆ یەکەم جار لە مێژوودا رۆژنامەیەکی رۆژانە بەناوی "Leipziger Zeitung"وە لە لایبزگی ئەڵمانیا کەوتە بازارەوە[١٧٦]". هەروەها لەنێوان ساڵانی ١٨٤١ – ١٨٤٣ لە شاری کولونیا رۆژنامەی (راینینگ زایتۆنگ) دەرچوو. کارل مارکس لە ساڵی ١٨٤٣ کاری تێدا دەکردو وەکو رۆژنامەنووسێکی گەورە ناوی دەرکرد[١٧٧]. هۆیێکی سەرەکی بۆ بڵاوبوونەوەی گازێتە لە ئەڵمانیا پەیدابوونی پۆستە بوو. لە سەردەمی قراڵ (ماکسیمیلیانی یەکەم ١٤٩٣ – ١٥١٩)، یەکەم تۆڕی پۆستە لە ئەڵمانیا دامەزرا. هەر لەم ماوەیەدا پەیامنێر پەیدابوو، کە بە لاتینی پێیان دەگووت (ئوردانیری)[١٧٨]. شایانی باسە رۆژنامەگەریی ئەڵمانیا لەم ماوەیەدا لە ئاستی رۆژنامەگەریی فرەنساو ئینگلتەرەدا نەبوو، چونکە زۆربەی رۆژنامەکان لەژێر دەسەڵاتی دیکتاتۆرو زۆرداران دەردەچوون، هەرچەندە شۆڕشی ساڵی ١٨٤٨ بۆ ماوەیەکی کورت ئازادی بە رۆژنامەگەریی ئەڵمانیا بەخشی[١٧٩].

ئەگەر مێژووی سەرهەڵدانی رۆژنامەگەریی لە فەرەنسا بۆ ساڵانی نێوان ١٤٠٩ – ١٤٤٩ بگەڕێتەوە، کە ماوەی دەرچوونی رۆژنامەی (بورجوازی)یە لە پاریس. بەڵام یەکەمین خولنامەی فرەنسی کە ناوی (میرکورفرانسێ Mercure Francais) بوو، لە ساڵی ١٦١١ بەرگی یەکەمی دەرچوو. ئەم خولنامەیە ساڵانەبوو[١٨٠]، رووداوەکانی هەر دوازدە مانگی رابوردووی دەگێڕایەوە. لەسەر راسپاردەکانی کاردینال (ریشلیو ١٥٨٥ – ١٦٤٢)[١٨١] وەزیری لویسی سیازدەهەم، (تیوفراست رینورد) رۆژنامەی (لاگازیت دی فرانس)ی لە ساڵی ١٦٣١ بە

---

١٧٦- د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، تێگەیشتنی راستی، ل٢٩.

١٧٧- د. یاس خضیر البیاتي، الاعلام الدولي والعربي، ص١٣٠.

١٧٨- البروفسور د. تودوروف، تأريخ الصحافة العالمية، ص١٣.

١٧٩- ب. دينوايية، الصحافة في العالم، ترجمة عبدالعاطي جلال، مراجعة د. خليل صابات، دار سعد، القاهرة، ص١٧١.

١٨٠- د. محمود نجيب الليل، تأريخ الصحافة في اوروبا وامريكا، ص٣٨.

١٨١- فيليب تايلور، قصف العقول، الدعاية للحرب منذ العالم القديم حتى العصر النووي، ترجمة سامي خشبة، سلسلة عالم المعرفة ٢٥٦، المجلس الوطني للثقافة والفنون والاداب، الكويت، ٢٠٠٠، ص١٦٧.

قەبارەی چارێك (in٤) بە چوار لاپەڕەو بەشێوەی حەفتانە دەرکرد. پاشان بوو بە هەشت لاپەڕە جێی سەرنجە هیچ سەر گوتاری تێدا نەدەنووسرا، تەنیا گرنگی بە دەنگوباسی دەرەوە دەدا. پاشان وردە وردە دەنگوباسی ناوخۆی زیادکرد[١٨٢]. خاوەنی ئەم رۆژنامەیە دەربارەی بەرهەمەکەی دەڵێ: "گازێتە، رۆژنامەی پاشاو دەسەلاتدارانی سەر زەویە[١٨٣]". لە بارەی رۆڵی رۆژنامەگەریی ئەو رۆژگارە (تیوفراست رینورد Theophraste Renaudot) دەڵێت:"مێژوو رووداوەکان دەگێڕێتەوە، بەڵام گازێتە ئەوە دەگێڕێتەوە کە لەناو خەڵکدا پەخش و بلاوە، مێژوو جەخت لەسەر گوتنی راستییەکان دەکات، بەڵام گازێتە کاتی کە درۆ قەدەغە دەکات باشترین رۆڵ دەگێڕێت[١٨٤]". لاگازێت رۆژنامەیەکی نیمچە فەرمی بووە، لویسی سیازدەهەم گوتاری تێدا نووسیوە، لە ساڵی ١٧٦٢ قەبارەی لاپەڕەکان گەورەکران و کاتی دەرچوونی نزیکتربووەو بە راشکاوی بووە رۆژنامەی فەرمی ئەو سەردەمە[١٨٥]. بە یەکەمین خولنامەی سیاسی لە فەرەنسا دەژمێردرێت.

بە پشتگیری (جین پاتست کولبرت ١٦١٩ – ١٦٨٣)، کە وەزیری لویسی چواردەهەم بوو، لە ساڵی ١٦٦٥ یەکەمین خولنامەی ئەدەبی بەناوی (جورنال دێس ساڤان Journal Des savants) لە فرەنسا دەرچوو. نووسەری ئەم خولنامەیە (دینی دوساللو Denis De Sallo)ی راوێژکاری پەرلەمان بوو. ئەوە یەکەمین جار بوو، وشەی (جورنال Journal) بەکاربهێنرێت. دەربارەی ئەم وشەیە فەرهەنگی ئەکادیمیای فرەنسا کە ساڵی ١٦٨٤ چاپکراوە دەڵێت: (جورنال):" گێڕانەوەی روداوی هەموو رۆژێکە" پاشان دەڵێت: جورنال دێس ساڤان ناوی نامەیەکی حەفتانەیە، هەر دوو حەفتە یان هەر مانگێك چاپ دەکرێت و بریتییە لە باسی کتێبی تازەو دەنگوباسی ئەدەبی[١٨٦]. دوای ئەمە وشەی (جورنال) لە ئینگلتەراو هۆڵەنداش بلاوبووەوە. دوایی ساللو، قەشە گالوا Gallois سەرپەرشتی ئەم گۆڤارەی کرد. گۆڤارەکە

---

١٨٢- د. محمود نجيب ابو الليل، تأريخ الصحافة في اوروبا وامريكا، ص٤١.

١٨٣- برایمی مەلا، رۆژنامەگەری لە سەرەتای سەرهەڵدانەکانەوە تا چەرخی نوێکاری، وەزارەتی رۆشنبیی، هەولێر، ١٩٩٨، ل١٩.

١٨٤- د. محمود نجيب ابو الليل، تأريخ الصحافة في اوروبا وامريكا، ص٤١.

١٨٥- اميل بوافان، تأريخ الصحافة، ص١٦.

١٨٦- د. محمود نجيب ابو الليل، تأريخ الصحافة في اوروبا وامريكا، ص٤٨.

ناوبانگێکی زۆر دەرکردو بوو بە جێگای ڕەزامەندی گەلانی دەوروبەر، بۆ زمانانی ئیتالی‌و ئەڵمانی‌و لاتینی وەرگێردرا. لە ساڵی ١٦٧٨ قەبارەکەی بچوککرایەوە بۆ ئەوەی بتوانن بە ئاسانی ڕەوانەی هەموو هەرێمەکانی فرەنساو دەرەوەی بکەن.

هەر لە سەردەمی لویسی چواردەهەمدا، جۆرێکی دیکە لە ڕۆژنامەگەریی هاتەکایەوە، ئەویش ڕۆژنامەگەریی بچووکە. دیارترین خولنامە لەم جۆرە (میرکور گالان Mrcure Galant)ە لە ساڵی ١٦٧٢ لەسەر دەستی (دۆنۆ دوڤیزیە Donneau de Vize) دەستی پێکرد.

(میرکور) مانگانە بە دوو سەد لاپەڕە دەردەچوو، دەنگوباسی کۆمەڵ‌و ئەدەب‌و ئاهەنگەکانی پێشوازیکردنی بڵاودەکردەوە، هەروەها شانۆنامەی بەشێوەی زنجیرەو پارچە شیعری بچووك‌و هەندێك مامك‌و جارجاریش هەندێك لە کێشەی دڵداری بڵاودەکردەوە. شایانی گوتنە نووسەری ئەم خولنامەیە ناکۆکی لەگەڵ ڕاسین‌و مولیێر هەبوو[١٨٧]. ئەم خولنامەیە بەدرێژایی سەدەی هەژدەهەم بەردەوام بوو. پێویستە ئەوەش بگوترێت، کە لە ساڵی ١٦٦٥ نزیکەی (١٩) بەرهەمی ڕۆژنامەگەریی لە فەرەنسا مۆڵەتیان پێدرابوو[١٨٨].

لە سەردەمی لویسی شازدەهەمدا، ڕۆژنامەی ڕۆژانە لە فرەنسا لە دایك بوو، ئەویش (جورنال دوپاری Journal de Paris) واتە ڕۆژنامەی پاریس بوو، لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ١٧٧٧ دەرچوو. گرنگیی بە دەنگوباس دەدا[١٨٩]. لە ساڵی ١٧٦٨ ڕۆژنامەی تایبەت بە جل‌و بەرگ لە فرەنسا دەرچووە[١٩٠].

پیشەو کاری مامەڵەکردن لەگەڵ هەواڵی دەستنووس لە ئینگلتەرەدا مێژوویێکی دێرینی هەیە. دەستنیشانکردنی مێژووی سەرهەڵدانی کارێکی ئاسان نییە، بەڵگەی ئەم ڕاستییە ئەوەیە لە ساڵی ١٢٧٥ فەرمانێکی پاشایی لە ئینگلتەرا دەرچووە بۆ ڕێگاگرتن لەوانەی مامەڵە بە هەواڵی درۆ دەکەن[١٩١]. دوای داهاتنی چاپخانە، هەواڵی دەستنووس بوو بە هەواڵی چاپکراو، لە

---

١٨٧- د. محمود نجيب ابو الليل، تأريخ الصحافة في اوروبا وامريكا، ص٥٣.

١٨٨- اميل بوافان، تأريخ الصحافة، ص١٩.

١٨٩- د. محمود نجيب ابو الليل، تأريخ الصحافة في اوروبا وامريكا، ص١١١.

١٩٠- البروفسور د. تودوروف، تأريخ الصحافة العالمية، ص٣٩.

١٩١- د. محمود نجيب ابو الليل، تأريخ الصحافة في اوروبا وامريكا، ص١١.

ئەوروپا بایەخێکی باشی پێدەدرا، بوو بە پیشەی خەڵکانێك، چونکە لە رووی بازرگانییەوە نرخێکی باشی هەبوو. لەو سەردەمەدا خەڵکی ئینگلتەرا وایان بیردەکردەوە، کە بڵاوکردنەوەی دەنگوباس تەنیا مافی پاشایە، لەبەرئەوە پێویستە مۆڵەتی بڵاوکردنەوەی دەنگوباس هەر لە پاشاوە وەربگرن. بنەماڵەی (تیۆدۆر Tudor) رێگای بە چاپکردنی دەنگوباسی بووك گواستنەوەو شاهیی و تازییەکانی بنەماڵەی پاشایەتی ئینگلتەرا دەدا. پاشان ئەم کارە پەرەی سەندو بۆ کارکردن لەسەر رای گشتی خەڵکی وڵات رۆژنامەی چاپکراو دەرچوون. ئاسانکاری بۆ ئەو رۆژنامانە کرا، کە مامەڵە لەگەڵ دەنگوباسی دەرەوە دەکەن و لە دەنگوباسی ناوخۆ دوور دەکەونەوە. شایانی گوتنە هەندێك لەو گازێتانە بەشیعر دەنووسران و هەندێکیان وێنەیان تێدابوو، وەکو ئەوانەی لە ساڵی ١٥٨٧ دەردەچوون[١٩٢]. خەڵکی ئینگلتەرا چێژێکی تایبەتیان لە هەواڵەکانی دەرەوە وەردەگرت، بە تایبەتی ئەو هەواڵانەی پەیوەندییان بە جەنگە ئایینییەکانی نێوان فەرەنساو هۆڵەندا هەبوو. لە ئینگلتەرا بەم چاپکراوانەیان دەگوت (News)، پاشان لەبەرئەوەی لەو سەردەمەدا ئیتالیا لە رووی شارستانییەوە لە وڵاتانی ئەوروپا پێشکەوتووتر بوو، وشەی گازێتەو کورانتوسی ئیتالییان بەکارهێناوە. دوای ئەوەی بەرگەکانی هەواڵی (نیوز) ساڵانە لە ئەڵمانیاوە دەگەیشتنە ئینگلتەرا، وشەی (میرکور Mercure عگارد)یان لەو بەرگانە وەرگرت و لەجیاتی گازێتە بەکاریان هێنا[١٩٣].

لە ١٦ی گوڵانی ١٦٢٢ خولنامەیەکی راستەقینە لە ئینگلتەرا بەناوی (A Cuurent of General News) دەرچوو، ژمارەی یەکەمی ئەم خولنامەیە دیار نییە، بەڵام ژمارەی دوای ئەو، کە لەسەری نووسراوە "٢٣ی گوڵان، دەنگوباسی هەفتانەی لە ئیتالیاو ئەڵمانیاو هنگاریاو بوهیمیاو فەرەنساو هوڵەندا تێدایە" بڵاوکەرەوەکە (توماس ئارشەر) بوو. ئەم خولنامەیە ناوێکی نەگۆڕی نەبوو، بەڵکو بۆ ژمارەی هەر هەفتەیەك ناوێکی دادەنا، ناوەکەش درێژ بوو، وەکو ئەوانەی لە شارەکانی دیکەی ئەوروپا دەردەچوون. ئەم خولنامەیە لە بیست لاپەڕە پێکدەهات تاکو ساڵی ١٦٣٢ بەردەوام بوو[١٩٤]. لەهەمان ساڵداو لەسەر داوای

---

١٩٢- د. محمود نجیب ابو اللیل، سەرچاوەی پێشوو، ص٣٣.

١٩٣- د. محمود نجيب ابو الليل، تأريخ الصحافة في اوروبا وامريكا، ص٣٣.

١٩٤- د. محمود نجیب ابو اللیل، سەرچاوەی پێشوو، ص٣٦.

باڵیوزخانەی ئەسپانیا هێنری چوارەم لە ئینگلتەرا بڕیاری قەدەغەکردنی بڵاوکردنەوەی چاپەمەنی دەرکرد[١٩٥].

لە ساڵی ١٦٣٨ حکومەت مۆڵەتی بە (ناتانێل بەتەر Butter Nathaniel)و (نیکۆلاس بورن Nicolas Bourne) دا بۆ دەرکردنی بڵاوکراوەیەکی تایبەت بە دەنگوباسەکانی دەرەوە بەرامبەر باجێکی ساڵانە، کە دە جونەیە بوو[١٩٦]، لەژێر کۆنترۆڵی نووسینگەی سانسۆریش بوو. لەهەمان ساڵدا شۆڕشی ئوسکوتلەندا بەرپابوو. لە ئەنجامدا پەرلەمان لە ساڵی ١٦٤٠ کۆبووەوە، چەندین یاسای پاشایی لەناوبرد، لەوانە یاسای سانسۆری ڕۆژنامەگەریی هەروەها نووسینگەی سانسۆریشی نەهێشت، بەڵام هەر زوو ئەندامانی پەرلەمان لەناوخۆیان ناکۆکییان تێکەوت، بەشێك بوون بە لایەنگیری پاشا کە باڵی پاشایەتی بوون، ئەوی دیکە بوون بە بەشی پەرلەمانی. لەم ماوەیەدا دوو ڕۆژنامەی تازە لە دایك بوون: ڕۆژنامەی باڵی پاشایەتی، (میرکوریوس ئولیکوس Mercurius Aulicus)و ڕۆژنامەی باڵی پەرلەمانی (میرکوریوس بریتانیکوس Mercurius Britanicus)[١٩٧].

ژمارەی ڕۆژنامەکان لە بەریتانیا بەرەو زیادبوون ڕۆیشت، لە ساڵی ١٦٤١ چوار ڕۆژنامە هەبوو، لە ساڵی ١٦٤٢ ژمارەیان گەیشتە ١٦٧ ڕۆژنامە، لە ساڵی ١٦٤٥ گەیشتە ژمارەیەکی ئەندازەیی ئەویش ٧٢٢ ڕۆژنامە بوو. ئەم ژمارە زۆرە بوو بە هۆی تێکەڵ و پێکەڵ بوونی ڕاو بۆچوونی جیاوازو دژایەتی لەنێوان خاوەنەکانیاندا. ئەویش بوو بە هۆی نارازی بوونی پەرلەمان، بۆیە پەرلەمان جارێکی دیکە لە ساڵی ١٦٤٣ سانسۆری سەپاند[١٩٨]. ئەم بڕیارەی پەرلەمان بوو بە هۆی نەرازی بوونی شاعیری بەناوبانگی ئینگلیزی (جۆن میلتون John Milton). ئەوەبوو ساڵی ١٦٤٤، بانگەوازێکی بەناوی (ئیریوپاگیتیکا Areopagitica) ئاراستەی پەرلەمان کرد تێیدا هاتووە:

---

١٩٥- البروفسور. تودوروف، تأريخ الصحافة العالمية، ص٢٦.

١٩٦- د. محمود نجيب ابو الليل، تأريخ الصحافة في اوروبا وامريكا، ص٥٦.

١٩٧- فيليب تايلور، قصف العقول، ص١٦٢.

١٩٨- فيليب تايلور، قصف العقول، ص١٦٢.

" کوشتنی پیاوێك تەنها بە واتای لەناوبردنی کەسێك دێ کە دەکرێ ژیر بێ، بەڵام خنکاندنی پەرتوکێکی سوودمەند، لە راستی دا کوشتنی خودی ژیریە"[199].

لە ساڵی ١٦٦٥ پاشا شارلی دووەم لەبەر مەترسی نەخۆشی کولێرا لە شاری لەندەن بەرەو شاری ئوکسفورد رایکرد. لە ئوکسفورد رۆژنامەیەکی فەرمی بەناوی (ئوکسفورد گازێت The Oxford Gazette) دەرکرد. پاش ساڵێك، کە گەڕایەوە لەندەن، رۆژنامەکەی لەگەڵ خۆی هێنایەوە پایتەختو بەناوی (لەندەن گازێت London Gazette) بەردەوامی پێدا تا ئێستاش ئەم رۆژنامەیە بەردەوامە. لەبەرئەوە بە کۆنترین رۆژنامە دەژمێردرێت لە جیهاندا[200].

یەکەمین رۆژنامەی رۆژانە لە ئینگلتەرا، رۆژنامەی (دەیلی کارانت) واتە (رەوتی رۆژانە)یە، ژمارەی یەکەمی ئەم رۆژنامەیە لە شاری لەندەن لە ساڵی ١٧٠٢ دەرچوو تاکو ساڵی ١٧٣٥ بەردەوام بوو[201].

کارکردنی (دانیال دیفۆ Daniel Defoe ١٦٦٠ – ١٧٣١) لە بواری رۆژنامەگەریی دا، بە دەستپێکردنی قۆناغێکی تازە دەژمێردرێت، ئەویش قۆناغی رۆژنامەگەریی مۆدێرنیزم بوو بۆ ئەو سەردەمە، رۆژنامەی را، رۆژنامەی رامیاری، رۆژنامەی هزر. دیفۆ ساڵی ١٧٠٤ رۆژنامەی (Weekly Review of the Affairs of Franceویکلی ریڤیو ئوف زی ئەفیرز ئوف فرانس) واتە "راپۆرتی هەفتانەی کاروباری فرەنسا"ی دەرکرد. ئەم رۆژنامەیە تاکو ساڵی ١٧١٣ بەردەوام بوو. رۆژنامەیەکی دەنگوباس نەبوو، بەڵکو شیکردنەوەی دەنگوباسەکانی لەگەڵ رەخنەی رۆژنامەگەریی تێدا بڵاودەکردەوە[202].

بۆ یەکەم جار لە مێژووی رۆژنامەگەریی ئینگلیزی دا (دیفۆ) پاشکۆیەکی بۆ رۆژنامەی خۆی دەرکرد، بەناوی یانەی ریسواییەکان (نادی الفضائح)، رەخنەی لە دابو نەریتی ئەو سەردەمە دەگرت. دوای ئەمە چەند پاشکۆیەکی دیکە دەرچوون. هەروەها یەکەمین رۆژنامەی ئینگلیزی، کە وەکو پرۆژەیەکی ئابووری دەرچوو بێت رۆژنامەی (مورنینگ کرونیکلو لەندەن Morning Chronicle and London) بوو، کە لە ساڵی ١٧٦٩ دەرچوو تا ساڵی

---

١٩٩- برایمی مەلا، رۆژنامەگەری لە سەرەتای سەرهەڵدانەکانەوە تا چەرخی نوێکاری، ل ٢٥- ٢٦.

٢٠٠- البروفيسور د. تودوروف، تأريخ الصحافة العالمية، ص٢٨.

٢٠١- د. محمود نجيب ابو الليل، تأريخ الصحافة في اوروبا وامريكا، ص٧٦.

٢٠٢- البروفسور د. تودوروف، تأريخ الصحافة العالمية، ص٢٩.

١٨٦٢ بەردەوام بوو. لەو ساڵەدا فرۆشرا. لە ساڵی ١٧٧٢ رۆژنامەیەکی دیکە لەم جۆرە دەرچوو ئەویش (مورنینگ پۆست Morning Post) بوو پاشان لەگەڵ رۆژنامەی (دەیلی تەلیگراف)یەکیان گرتو تا ئێستا بەردەوامە[٢٠٣].

پاشان لە رۆژی یەکەمی مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ١٧٨٥ دا رۆژنامەی بەناوبانگی ئینگلیزی (تایمز The Times) دەرچوو، خاوەنەکەی (جون والتەر John Walter) بوو، لەسەرەتادا تاکو ساڵی ١٧٨٨ ناوی The Daily Universal Register)) بوو تا ئێستاش بەردەوامە.

رۆژنامەی (تایمز) یەکەمین پەیامنێری خۆی لە دەرەوەی وڵات لە ساڵی ١٨٠٧ داناو یەکەمین رۆژنامەیە ئامێری هەڵمی بۆ چاپکردن بەکارهێنابێت. ژمارەی دانەکانی ئەم رۆژنامەیە لە ساڵی ١٨٢٩ دا گەیشتە (٥٥) پەنجاو پێنج هەزار دانە، کە ژمارەیەکی گەورەیە بۆ ئەو سەردەمە[٢٠٤].

کیشوەری ئەمریکا لە ساڵی ١٤٩٢ لەلایەن کریستۆفەر کۆلۆمبس دۆزرایەوە. هەندێك لە ویلایەتەکانی ئەمریکا لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٦٠٧ – ١٧٧٦ لەژێر رکێفی بەریتانیادا بوون، لەبەرئەوە پێیان دەگوترا (نیو ئینگلاند) لەو کاتەدا ئەم وڵاتە ببوو بە گۆرەپانی چالاکی بازرگانی ئینگلتەرا لە بواری رۆژنامەگەریدا. ئەو راستییە هەیە کە یەکەم چاپخانە بە رێگای ئینگلتەرا گەیشتبێتە ئەمریکا ئەو چاپخانەیە بوو، کە کولیژی هارفەرد لە ساڵی ١٦٣٨ کڕی بووی، بەڵام دەسەڵاتدارانی ئینگلیز لە ئەمریکای باکووری نیازی بڵاوکردنەوەی رۆژنامەیان نەبوو، لەبەرئەوە پاشای بەریتانیا لە ساڵی ١٦٦٨ دا یاسای قەدەغەکردنی چاپەمەنی لەو ناوچەیەدا دەرکرد[٢٠٥].

سەرهەڵدانی رۆژنامەگەری لە ئەمریکا بۆ مەبەستو ئامانجی سیاسی نەبوو، بەڵکو بۆ سوودو قازانجی ئابووری بوو. لە رۆژی ٢٥ی مانگی ئەیلولی ساڵی ١٦٩٠، کۆچبەرێکی ئینگلیزی بەناوی بنیامین هاریس (Benjamin Harris) توانی یەکەم ژمارەی رۆژنامەی (Public Occurences) لە شاری بوستن بەشێوەی مانگانە دەربکات، بەڵام لەبەرئەوەی

---

٢٠٣- البروفسور د. تودوروف، تأريخ الصحافة العالمية، ص٣٤.

٢٠٤- د. ياس خضير البياتي، الاعلام الدولي والعربي، ص١٠٩.

٢٠٥- البروفسور د. تودوروف، تأريخ الصحافة العالمية، ص٢٠.

هێرشی دەکردە سەر هیندییەکان هەر دوای ژمارەی یەکەم داخرا بە بیانوی ئەوەی کە بەبێ مۆڵەتی فەرمی دەرچووە[٢٠٦]. لە ساڵی ١٧٠٤ سەرۆکی پۆستەی شاری بۆستن (جۆن کامبل) بۆ زیادکردنی داهاتی خۆی رۆژنامەیەکی بچووکی بەناو هەواڵنامەی بۆستن ( Boston News Letter)دامەزراند، بەڵام سەرکەوتنی نەهێنا[٢٠٧]. لە رۆژی ١٧ی تەمووزی ساڵی ١٧٢١ (جیمس فرانکلین) رۆژنامەی (کوریبە دولا نوفل ئەنجلیز)ی لە شاری بوستن بڵاوکردەوە[٢٠٨]. یەکەمین رۆژنامەی رۆژانە لە ئەمریکا لەلایەن بنیامین تاون، بەناوی (بنسلڤانیا ئیڤینینگ پۆست) لە ساڵی ١٧٨٣ دەرچوو. پاشان لە ساڵی ١٧٨٥، رۆژنامەیەکی دیکەی رۆژانە بەناوی (نیویورك دیلی ئادڤەرتایزەر) دەرچوو[٢٠٩].

لەم بوارەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین، کە لە ساڵی ١٨٩٢ (جوزیف بولیترز) خاوەنی رۆژنامەی (نیویورك ورلد)، یەکەمین کۆلیجی رۆژنامەگەریی لە جیهاندا دامەزراند.

سەرەتای سەرهەڵدانی رۆژنامەگەریی لە رووسیا بۆ سەدەی هەڤدەهەم دەگەڕێتەوە، بە پێی ئەو یاسایەی قڕاڵ پەترۆسی یەکەم لە مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٧٠٢ دەریکردبوو. هەر لەو ساڵەدا ژمارەی یەکەمی رۆژنامەی (لیستە - القائمة) دەرچوو. لە ساڵی ١٧٠٣ ئەم رۆژنامەیە بە رێك و پێکی دەردەچوو، گرنگی بە دەنگوباسی جەنگ دەدا، نێزیکەی ٢٠٠ - ٤٠٠ دانەی لێ بڵاودەکرایەوە. رۆژنامەی (لیستە) تا ساڵی ١٧٢٨ بەردەوام بوو، پاشان ناوی گۆڕاو بۆ "لیستەی سکانت بترو بورسکیە". لە ساڵی ١٨١٥ ئەم رۆژنامەیە بوو بە رۆژانە[٢١٠]. یەکەم رۆژنامەی ئێواران لە روسیا لە شاری پیتەربورگ (لینینگراد) لە ژێر ناوی (رۆژنامەی ئێواران) دەرچوو[٢١١].

---

٢٠٦- البروفسور د. تودوروف، تأريخ الصحافة العالمية، ص٢٣.

٢٠٧- د. محمود نجيب ابو الليل، تأريخ الصحافة في اوروبا وامريكا، ص٩٠.

٢٠٨- اميل بوافان، تأريخ الصحافة، ص٣٥.

٢٠٩- د. ياس خضير البياتي، الاعلام الدولي والعربي، ص٨٣.

٢١٠- د. سلوى ابو سعدة، الصحافة في الاتحاد السوفيتي، دار الموقف العربي للصحافة والنشر والتوزيع، القاهرة- مصر، ص١٠.

٢١١- د. سلوى ابو سعدة، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠.

نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەھەمو سەرەتای سەدەی بیستەم، ماوەی گەشەسەندنی ڕۆژنامەگەریی بوو لە رووسیا. لە ساڵی ١٨٦٠ ژمارەی ڕۆژنامەکان گەیشتە (١٠٥) ڕۆژنامە. لە ساڵی ١٨٩١ ئەو ژمارەیە زیاد بوو، گەیشتە ٢٩٦ ڕۆژنامە. لە ساڵی ١٩٠٨ گەیشتە ٧٩٤و بۆ ساڵی ١٩١٣ گەیشتە ١٠٥٥ ڕۆژنامە[٢١٢].

زۆربەی ئەو ڕۆژنامانە لە داموو دەزگای میری دەردەچوونو پشتگیریيان لە حکومەتەکە دەکرد.

یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی (پرافدا) واتە (راستی) لە ڕۆژی (٢٢)ی نیسانی ساڵی ١٩١٢ لە شاری پیتەربورگ لەژێر سەرپەرشتی لینین دەرچوو. ژمارەی یەکەمی ئەم ڕۆژنامەیە وەکو ئۆرگانی پارتی کومونیستی، لە ڕۆژی ٥ ئاداری ساڵی ١٩١٧ دەرچوو[٢١٣]. گرنگی بە بارودۆخی ئابووریو کۆمەڵایەتیو سیاسیی دەدا لە سۆڤیێت. لە ڕۆژی ١٤ی ئاداری ساڵی ١٩٩٢ لە بڵاوبوونەوە وەستا[٢١٤].

ڕۆژنامەی (ئەزڤستیا) واتە (دەنگوباس)، لە ساڵی ١٩١٧ دا وەکو ئۆرگانی ئەنجوومەنی باڵای شۆڤیێت دەرچوو. ئەم ڕۆژنامەیە، ڕۆژنامەی ڕەسمی حکومەتی یەکێتی سۆڤیێت بوو. لە ساڵی ١٩٦٢ گۆڕانکاری بەسەردا هات، بوو بە ڕۆژنامەیەکی ئێواران، ناوەڕۆکی هەمەجۆر بوو، زیاتر گرنگی بە دەنگوباسەکانی دەرەوە دەدا، ڕۆژانە هەشت ملیۆنو شەش سەد هەزار دانەی لێ چاپ دەبوو. لە ڕۆژی یەکەمی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٨٨ دا، ژمارەی دانەکانی ئەم ڕۆژنامەیە گەیشتە دە ملیۆن دانە. لە ساڵی ١٩٩٠ پاشکۆیەکی بەناوی (سەیوز) بڵاوکردەوە[٢١٥].

دەوڵەتی عوسمانی، لەسەر بناغەیەکی فیودالی دروستبوو، هیچ بنەمایەکی دەوڵەتی مودێرنی تێدا نەبوو، زیاتر گرنگی بەشەڕو جەنگ دەدا. هەر لەبەرئەوە زۆربەی ناوچەکانی ئەو

---

٢١٢- د. سلوى ابو سعدة، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠.

٢١٣- د. سلوى ابو سعدة، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٣-٣٤.

٢١٤- د. یاس خضیر البیاتي، الاعلام الدولي والعربي، ص١٤٧.

٢١٥- خلیل صابات، وسائل الاتصال نشأتها وتطورها، ط٨، مكتبة الانجلو المصرية، القاهرة- مصر، ١٩٩٩، ص١٣٠.

دەوڵەتە ئاژاوەیان تێدا بوو و بە پاشکەوتوویی دەژیان. گرنگی بە زانستو رۆشنبیری نەدەدا. لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەمدا، کاتێ چاپخانەی عەرەبی یان هێنایە ئەستەمبوڵ، دەسەلاتدارانی حکومەت دژی وەستانو زانایانی ئایینی فەتوایان دا کە چاپخانە شتێکی پیسەو دەستکردی شەیتانە[٢١٦].

ئەم بیرکردنەوەیەو چەندین هۆی دیکە، بوون بە کۆسپو تەگەرە لەبەردەم سەرهەڵدانی رۆژنامەگەریی لە دەوڵەتی عوسمانی دا. یەکەم رۆژنامە لە ئەستەمبوڵ، کە پایتەختی دەوڵەتی عوسمانی بوو، لە ساڵی ١٨٣١ بە زمانی فەرەنسی، وەکو لاساییکردنەوەی رۆژنامەی پاریسی فەرمی بوو، لەژێر ناوی (Moniteur Ottoman) دەرچوو. لە ساڵی دواتر واتە لە ساڵی ١٨٣٢ دا دانەیەك بە زمانی توركی – عوسمانلی – بەناونیشانی (تقویم وقائع) بۆ بلاوکردنەوەی فەرمانو هەواڵە رەسمییەکانی دەوڵەت دەرکراو پاشان ماوەیەك وەستا، ئینجا جارێکی تر دەرچوو[٢١٧]. لەدوای جەنگی (قەرم) لە ساڵی ١٨٥٦ دا فەرمانێکی سوڵتانی دەرچوو، رێگای دا، کە سوود لە هونەرو زانستەکانی ئەوروپا وەربگرنو لە ساڵی ١٨٦٤ دا حکومەتی عوسمانی فەرمانی دا، کە لە هەر ویلایەتەکی عوسمانی رۆژنامەیەك دابمەزرێت[٢١٨]. لە ساڵی ١٨٦٥ دا سوڵتان عەبدولعەزیز یاسای چاپەمەنی دەرکرد. ئەمە یەکەمین یاسا بوو لەو جۆرە لە حکومەتی عوسمانیدا دەربچێت[٢١٩]. لەژێر رۆشنایی ئەم بارودۆخە تازەیەدا، یەکەمین رۆژنامە لە سوریا لە ساڵی ١٨٦٥ دا بەناوی (سوریا) دەرچوو، رۆژنامەیەکی رەسمی حکومەت بوو. لە ساڵی ١٨٦٩ دا مەدحەت پاشا، کە ئەو کاتە والی عێراق بوو، یەکەمین رۆژنامەی رەسمی لە عێراق بەناوی (زەورا) بلاوکردەوە. رۆژنامەیەکی هەفتانە بوو، رۆژانی سێ شەممە دەردەچوو، سەرنووسەرەکەی (ئەحمەد مەدحەت ئەفەندی) بوو، بەهەر دوو زمانی تورکیو عەرەبی بوو. ئەم رۆژنامەیە گرنگی بە دەنگوباسو رووداوەکانی ناوخۆو دەرەوە دەدا[٢٢٠].

---

٢١٦- فتحي الابياري، صحافة المستقبل والتنظيم السياسي، ص٣٠.

٢١٧- ابراهيم زكي خورشيد وآخرون، دائرة المعارف الاسلامية، المجلد الحادي العشر، ص٢٥٣.

٢١٨- محمد فريد وجدي، دائرة معارف القرن العشرين، الطبعة الثالثة، دار المعرفة للطباعة والنشر، بيروت- لبنان، ١٩٧١، ص٥٩.

٢١٩- جوزيف الياس، تطور الصحافة السورية في مائة عام (١٨٦٥- ١٩٦٥)، الجزء الاول، ١٨٦٥- ١٩١٨، الطبعة الاولى، دار النضال، بيروت- لبنان، ١٩٨٢، ص٢٥.

٢٢٠- منير بكر التكريتي، الصحافة العراقية واتجاهاتها السياسية والاجتماعية والثقافية من (١٨٦٩- ١٩٢١)، مطبعة الارشاد، بغداد، ١٩٦٩، ص ٧٧- ٧٨.

دەسەڵاتدارانی فرەنسا لە میسر، لەگەڵ کشانەوەیان لەو وڵاتەدا، چاپخانەکانی خۆیان بردەوەو لە ئەنجامدا رۆژنامەکانیان لە بڵاوکردنەوە وەستان. لە ساڵی ١٨١٩ دا لە سەردەمی محەمەد عەلی پاشا، چاپخانەی (بولاق) دامەزرا. لە ساڵی ١٨٢٨ رۆژنامەی (وقائع مصرية) بڵاوبووەوە. لەسەرەتادا ئەم رۆژنامەیە بەزمانی تورکی بوو، پاشان بە هەردوو زمانی تورکیو عەرەبی دەرچوو، ئینجا لە دواییدا تەنیا بە زمانی عەرەبی بڵاوکرایەوە. ئەمە یەکەمین رۆژنامەی عەرەبییە لەو وڵاتەدا دەردەچێت. گەورە نووسەرانی میسری ئەو سەردەمە بۆیان دەنووسی. محەمەد عەلی خۆی سەرپەرشتی نووسینی (وقائع مصرية)ی دەکرد[٢٢١]. بڵاوکردنەوەی ئەم رۆژنامەیە، تەنیا بۆ پیاو ماقوڵانو گەورە فەرمانبەرانو ئەفسەرانی لەشکر بوو، بۆ خەڵکی سادەو ساکار نەبوو[٢٢٢]. مەبەستی سەرەکی لە دەرکردنی ئەم رۆژنامەیە، بڵاوکردنەوەی ئاگاداریو بەیاننامەو رێورەسمو فەرمانەکانی والی بوو[٢٢٣]. لە هەفتەیەکدا سێ جار بە دوازدە لاپەڕەی قەبارە ناوەندی دەردەچوو[٢٢٤]. لە ساڵی ١٨٦٥ یەکەم گۆڤاری پزیشکی لە میسرو وڵاتانی عەرەبی دەرچوو ئەویش گۆڤاری (يعسوب الطب) بوو، نوسەرەکەی (محمد علی حکیم) بوو[٢٢٥].

لە رۆژی ٥ی تەمموزی ساڵی ١٨٦٧ دا رۆژنامەی (وادي النيل) دەرچوو. ئەمە یەکەمین رۆژنامەیە لە میسر، کە لەلایەن کەسێکەوە دەربچێت. لەسەری نووسرا بوو: رۆژنامەیەکی ئەهلییە[٢٢٦]. خاوەنەکەی (عەبدوڵڵا ئەبو سعود) بوو، بەڵام ئەوەی راستی بێت ئەم رۆژنامەیە بە پشتیوانیو یارمەتی (خدیوی اسماعیل) دەردەچوو، چونکە بە دڵسۆزیی خزمەتی بیروباوەڕەکانی ئەوی دەکرد[٢٢٧].

---

٢٢١- خليل صابات، وسائل الاتصال نشأتها وتطورها، ص١٥١.

٢٢٢- فتحي الابياري، صحافة المستقبل والتنظيم السياسي، ص٣٢.

٢٢٣- د. عبداللطيف حمزة، الاعلام له تأريخه ومذاهبه، ط١، دار الفكري العربي، ١٩٦٥، ص١٠٨.

٢٢٤- د. ياس خضير البياتي، الاعلام الدولي والعربي، ص٢٥٢.

٢٢٥- خليل صابات، وسائل الاتصال نشأتها وتطورها، ص١٥٢.

٢٢٦- د. ياس خضير البياتي، الاعلام الدولي والعربي، ص٢٥٣.

٢٢٧- فتحي الابياري، صحافة المستقبل والتنظيم السياسي، ص٣٣.

لە مانگی ئابی ساڵی ١٨٧٣ دا رۆژنامەیەکی دیکە، بەناوی (کوکب الشرق) لە شاری ئەسکەندەریە دەرچوو. لەسەرەتادا هەفتانە بوو، پاشان بوو بە رۆژانە. ئەمە یەکەمین رۆژنامەی رۆژانەی میسرییە، خاوەنەکەی (سلیم حموی) بوو[٢٢٨].

هەر لە شاری ئەسکەندەریەو لە رۆژی ١٥ی ئابی ساڵی ١٨٧٦ دا رۆژنامەی (ئەهرام)، لەلایەن هەردوو برا (سلیم تقلا)و (بشارە تقلا)، کە خەڵکی لوبنان بوون، دامەزرا. ساڵی ١٨٩٨ ئەو رۆژنامەیە گوازرایەوە شاری قاهیرە. لە خاسیەتەکانی ئەم رۆژنامەیە ئەوەبوو بایەخێکی باشی بە دەنگوباس دەداو هونەری رۆژنامەگەریی بەشێوەیەکی پێشکەوتوو بەکاردەهێنا[٢٢٩].

لە رۆژی (٢٠)ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٨٩٢ دا، یەکەم ژمارەی گۆڤاری (الفتاة)، کە خاوەنەکەی (هند نوفل)ی کچێکی لوبنانی بوو لە شاری ئەسکەندەریە دەرچوو. ئەمە یەکەمین گۆڤاری ئافرەتانە لە میسر دەردەچێت. ئەم گۆڤارە دوای شوکردنی خاوەنەکەی وەستا[٢٣٠].

بە پێی بۆچوونی هەندێك لە مێژوونووسان، یەکەمین رۆژنامەی فارسی لە جیهاندا، (رام موهان روی Ram Mohan Roy) رۆناکبیرو رۆشنبیری هیندیی بڵاویکردەوە، کە مامۆستای کەلتووری فارسیو ئیسلامیو بڵاوکەرەوەی دیوانی حافزی شیرازی بووەو یەکێك بووە لە پێشەنگەکانی هزرو بیری نوێ لە هیندستان. یەك دوو ژمارەی لە رۆژنامەکەی بڵاوکردەوەو رەوانەی ئێرانیشی دەکرد، بەڵام ئەوەی راستی بێت تا ئێستا هیچ شوێنەواری ئەم رۆژنامەیە لە ئارادا نییە[٢٣١].

هەر دەربارەی رۆژنامەگەریی فارسی لە هیندستان نەوشیروان مستەفا ئەمین دەڵێت: "ساڵی ١٨٢٠ رۆژنامەی (مرآت الاحوال) بە فارسی لە کلکتە چاپ کراوە"[٢٣٢]. هەندێك

---

٢٢٨- خليل صابات، وسائل الاتصال نشأتها وتطورها، ص١٥٢.

٢٢٩- د. ياس خضير البياتي، الاعلام الدولي والعربي، ص٢٥٣.

٢٣٠- خليل صابات، وسائل الاتصال نشأتها وتطورها، ص١٥٧.

٢٣١- د. حسن حاج سيد جوادي، بررسي وتحقيق در ادبيات معاصر ايران، ضاثى اول، انشارات طروة ثذوهشكران، ايران، ١٣٨٢، ص٦٦. (بە زمانی فارسی).

٢٣٢- نەوشیروان مستەفا ئەمین، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی رۆژنامەوانیی کوردی، ١٨٩٨- ١٩٣٨، بەرگی یەکەم، ل١١.

سەرچاوەی دیکە ئاماژە بەوە دەکەن، کە "دووەمین رۆژنامەی فارسی بەناوی (احسن الاخبار وتحفة الاخبار) لەلایەن (میرزا محمد علی شیرازی) لە کەلکەتای هیندستان بلاوبووەوە. ئەم رۆژنامەیە رەوانەی ئێران دەکرا بە توندی رەخنەی لە سیاسەتی دەوڵەتی ئینگلیزیو رەفتارەکانی دەگرت، لەبەرئەوە بالیۆزی ئینگلیز لە تەهران داوای کرد رێگا نەدەن ئەم رۆژنامەیە رەوانەی ئێران بکرێت"[٢٣٣]. بەڵام سەرهەڵدانی رۆژنامەگەریی لە ئێران دا بە پێی زۆربەی سەرچاوەکان ئەوەیە کە "لە ئێران سەرەتای رۆژنامەوانی ئەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٨٣٧، کە میرزا صالحی شیرازی (کاغژ اخبار)ی لە تاران بۆ بلاوکردنەوەی هەواڵی ناوخۆو دەرەوەو هەواڵەکانی شاو دەربارو بڕیارو رێنماییەکانی دەرکرد"[٢٣٤]. بۆچوونێکی دیکە دەربارەی ئەم رۆژنامەیە، ئەوەیە کە "دوو ژمارە لە رۆژنامەکە، بەبێ ناو بلاوکراونەتەوەو لە پەرتووکخانەی مۆزەخانەی بەریتانیادا هەیەو ناوی لێنراوە (کاغژ اخبار)، کە وەرگێڕانی (Newspaper)ی ئینگلیزییە"[٢٣٥]. هەر دەربارەی ئەم رۆژنامەیە، گۆڤاری کۆمەڵەی شاهانەی ئاسیای لەندەن (Journal of Royal Asiatic Society)، لە ژمارەی دووەمی ساڵی ١٨٣٩ز بەرامبەر ١٨ (ذي قعدة)ی ساڵی ١٢٥٤ی کۆچی لە بابەتێکدا لەژێر ناوی (نموونەی جەریدەی فارسی بلاوکردۆتەوە، تێیدا هاتووە: "لەسەدەی سێزدەهەمدا، واتە دەوروبەری ساڵی (١٢٥٣)ی کۆچی، لە تاران رۆژنامەیەك بە سەرپەرشتی ساڵحی شیرازی دامەزراو چاپ بوو، ئەو رۆژنامەیە لەسەر دوو کاغەزی گەورە چاپ بووە، کە لە لایەکیەوە بە خەتێکی ئاشکراو نزیك لەیەك وتارەکان چاپ دەبوونو لایەکەی دی سپی بووە. کۆی دێرەکانی لەگەڵ مانشێتی وتارەکان (٢١٧) دێر بوو، هەموو ژمارەیەکی لەژێر ناوی (اخبار وقائع) مانگی (محرم الحرام) (١٢٥٣)ی قەمەری لە دار (الخلافة) لە تاران چاپکراوە"[٢٣٦].

---

٢٣٣- د. حسن حاج سيد جوادي، بررسي وتحقيق در ادبيات معاصر ايران، ص٦٦.

٢٣٤ نەوشێروان مستەفا ئەمین، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی رۆژنامەوانیی کوردی، ١٨٩٨- ١٩٣٨، بەرگی یەکەم، ل١١.

٢٣٥- د. حسن حاج سيد جوادي، بررسي وتحقيق در ادبيات معاصر ايران، ص٦٦.

٢٣٦- د. گازم موعتەمید نژادو هەندێکی دیکە، جیهانی سێیەمو گەڕان بەدوای رۆژنامەوانی ئازاددا، وەرگێڕانی د. هیمدادی حسین، زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، کتێبی گیرفانی ژمارە (٣٣)، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل٨٥.

ڕۆژنامەیەکی دیکە کە لە سێیەمین ساڵی دەسەڵاتی (ناصرالدین شا)دا لە ڕۆژی ٧ی شوباتی ساڵی ١٨٥١دا، بەرامبەر ڕۆژی پێنجی (ربیع الثاني) ساڵی ١٢٦٧ دەرچوو، ڕۆژنامەی (وقائع اتفاقية) بوو. ئەم ڕۆژنامەیە بە پشتیوانی وەزیری ڕۆناکبیر (میرزا تقی خان امیرکبیر) دەرچوو. ڕۆژنامەیەکی هەفتانە بوو، لە ژمارەی یەکەمدا ناوی (روزنامچەو اخبار دار الخلافة) بوو. لە ژمارەی دووەمدا ئەم ناوە گۆڕا بە (وقائع اتفاقية) تا ژمارە (٤٧١) بەم ناوە بەردەوام بوو، بەڵام لە ژمارەی (٤٧٢)وە، جارێکی تر ناوەکەی گۆڕاو بوو بە (روزنامەو علمیە ایران)[٢٣٧]. ڕۆژنامەی (وقائع اتفاقية)، "وەکو ڕۆژنامەی ڕەسمی حکومەتی ئێران، هەندێ جار بە ٤ لاپەڕەو هەندێ جاریش بە ٦ و ٨ لاپەڕە بە چاپی سەنگی دەردەچوو. (ڕۆژنامەی وەقائعی ئیتفاقییە) هەواڵی ڕووداوەکانی پایتەختو ولایەتەکانو هەندەرانو، وتاری ئەدەبییو زانستیو نرخی کەلوپەلو خۆراکی بڵاودەکردەوە"[٢٣٨].

لە سەردەمی (مظفرالدین شاە) بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەکانی دەوڵەت بەردەوام بوو، هەروەها ڕۆژنامەکانی تایبەتیو ئازادەکان بەشێوەیەکی ئاشکرا لە تاران دەردەچوون. یەکێك لە سەرنج ڕاکێشترینو گرتگترین ڕۆژنامەکانی سەردەمی (مظفر)، ڕۆژنامەی (تربیت) بوو، کە لەلایەن (میرزا محمد حسین فروغی) ناسراو بە (ژکاو الملك) دەرچوو. یەکەمین ژمارەی ئەم ڕۆژنامەیە لە ڕۆژی (١١)ی (ڕەجەب)ی ساڵی (١٣١٤)ی کۆچی لە تارانو بە چاپی بەرد، بە چوار لاپەڕەی قەبارە گەورە بڵاوبووەوە[٢٣٩].

ڕۆژنامەی (تربیت) تا ڕۆژی پێنج شەممەی (٢٩)ی (محرم)ی ساڵی (١٣٢٥)ك بەردەوام بوو. ئەم ڕۆژنامەیە ماوەیەك بە شێوەی ڕۆژانە بڵاودەبووەوە ماوەیەکیش وەستا. سەرجەمی ژمارەکانی (٤٣٤) ژمارە بوو، هەموو لاپەڕەکانی بەسەر یەکەوە (٢٤٩٢) لاپەڕەیە[٢٤٠].

---

٢٣٧- د. حسن حاج سيد جوادي، بررسي وتحقيق در ادبيات معاصر ايران، ص٦٨.

٢٣٨- نەوشێروان مستەفا ئەمین، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی ڕۆژنامەوانیی کوردی، ١٨٩٨- ١٩٣٨، بەرگی یەکەم، ل١٢.

٢٣٩- د. حسن حاج سيد جوادي، بررسي وتحقيق در ادبيات معاصر ايران، ص٧٠.

٢٤٠- د. حسن حاج سيد جوادي، بررسي وتحقيق در ادبيات معاصر ايران، ص٧٢.

# تیۆرییەکانی رۆژنامەگەریی

ئاشکرایە، کە رۆژنامەگەریی هەر گەلێك یان هەر کۆمەڵگایەك لەم جیهانەدا، رەنگدانەوەی باری دەسەڵاتی سیاسی ئەو کۆمەڵەیە، کە گەلەکەی لەسایەیدا دەژیت. دەسەڵاتی سیاسی بە پێی بارودۆخی کۆمەڵگاکە، لە رووی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، هزرییەوە دەگۆڕێت. بێگومان هەر کۆمەڵگایەك یان هەر گەلێك بە درێژایی مێژووی خۆی بە چەندین قۆناغی جیاوازدا تێپەڕیوەو چەندین سیستەمی دەسەڵاتی جۆراو جۆری بینیوە. بە گۆڕانی دەسەڵاتی سیاسی، پەیوەندی لەنێوان دەسەڵاتو خەڵك دا دەگۆڕدرێت، دەسەڵاتی سیاسی بە پێی فەلسەفەو بیرکردنەوەو بەرژەوەندیو ئامانجەکانی، پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ خەڵکدا دەبەستێتو رۆژنامەگەریی هۆکارێکی گرنگو بەردەوامی ئەم پەیوەندی بەستنەیە، ئیتر جۆری فەلسەفەی دەسەڵاتو پەیوەندی لەگەڵ خەڵکدا لە رێگای رۆژنامەگەرییەوە دەبێتە هۆی دروستبوونی تیۆری رۆژنامەگەریی ئەو کۆمەڵگایە. بەدرێژایی مێژوو چەندین تیۆری رۆژنامەگەریی سەریان هەڵداوەو کاریان پێکراوە، گرنگتریان ئەمانەن:

١. تیۆری دەسەڵاتی رەها (دەسەڵاتداریەتی) **Authoritarian:**

ئەمە کۆنترین تیۆری رۆژنامەگەرییە، مێژووی سەرهەڵدانی بۆ سەدەکانی شازدەو هەڤدەدا دەگەڕێتەوە لە ئینگلتەرا. لە سەردەمی خۆی دا بە شێوەیەکی فراوان پیادە دەکراو تا ئێستاش لە زۆر وڵاتدا هەر هەیە.

سەرچاوەی ئەم تیۆرییە فەلسەفەی دەسەڵاتی رەهای پاشاو حکومەتەکەیەتی، یان دەسەڵاتی هەردووکیان پێکەوەیە. بۆ فەلسەفەی (ئەفلاتون ٤٢٧ – ٣٤٧) پ.ز دەگەڕێتەوە[٢٤١]. کاتێ دابەشکردنی دەسەڵات بە یەکسانی لە دەوڵەتدا، بە تووی هەرەس هێنانو هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەت **Degeneration** دەبینێتو لەوانەیە لە مێژوودا ئەفلاتون بە یەکەم داواکاری سانسۆر بژمێردرێت[٢٤٢]. دیسان رێبازی مافی خوداوەندی پاشاو قڕاڵەکانی ئەو سەردەمە بناغەیەکی

---

٢٤١- د. ليلى عبدالمجيد، التشريعات الاعلامية، مركز جامعة القاهرة للتعليم المفتوح، ٢٠٠٥، ص١٩.

٢٤٢- د. احمد بدر، الاتصال بالجماهير والدعاية الدولية، ط١، دار القلم، كويت، ١٩٧٤، ص٣٤١.

دیکەی ئەم تیورەیە. بەپێی ئەم باوەڕە دەسەلاتی ڕەهای ئەوان لەلایەن خەلکەوە شتێکی پیرۆزەو شایستەی ملکەچییە ئاینییەکانیش ڕێ خۆشکەری ئەم تیۆرە بوون. لە چەرخەکانی ناوەڕاستدا کەنیسە ئەوەی لە مێشکی خەلکدا چەسپاندبوو، کە بڕیارو دەسەلاتی خۆی لە خودا وەرگرتووە. هەروەها خەلیفەکانی ئیسلامیش لە سەردەمەکانی ئەمەوی و عەباسی و عوسمانیدا، ڕەگو ڕیشەی خۆیان دەبردەوە سەر بنەمالەی (محەمەد) پێغەمبەر، بۆ ئەوەی کەسایەتی و دەسەلاتیان لە چاوی خەلکدا شتێکی پیرۆز بێت.

لە سەردەمی نوێشدا فەلسەفەی (جورج هیگل ١٧٧٠- ١٨٣١) کاریگەری خۆی بۆ دیکتاتۆریەتی دەولەت هەبوو، چونکە بەپێی بۆچوون و فەلسەفەی هیگل، دەولەت "گیانی ڕەوشتە، ویستە، مێشکە[٢٤٣]" بەپێی ئەم تیۆرە دەولەت هۆکار نییە، بەلکو ئامانجە و مافی لەسەر خەلك زۆرە. پێویستە بە هەر شێوەیەك بێت بپارێزرێت،هەروەکو بۆچوونەکەی (نیکولو میکیافیلی ١٤٦٩ – ١٥٢٧). ئامانجی ئەم تیورە ئەوەیە کە ڕاگەیاندن بەشێوەیەکی گشتی و ڕۆژنامەگەریی بەتایبەتی، ببێتە ئامرازێك بۆ بەهێزکردنی دەسەلاتی پاشاو میرو قڕالەکان، پشتیوانی لە سیاسەتی دەولەتی ئەوان بکات، بۆ ئەوەی کۆمەلگا پێش بکەوێت و دەولەتیش بگاتە ئامانجەکانی خۆی. بەپێی بۆچوونی ئەم تیۆرە زۆرینەی خەلك شایستەی بڕیاردان نین، بەلکو کەسێك یان چەند کەسێك سەرکردایەتی کۆمەلگا دەکەن. ئەرکی ئەوانەیە سانسۆر لەسەر ڕاگەیاندن دابنێن، چونکە کاری ڕاگەیاندن پشتیوانی کردنە لە سەرکردایەتی و ئامانجەکانی، بۆیە کارکردن لە ڕۆژنامەگەریی دا وەکو (ئیمتیاز)ێك وایە لە دەسەلاتەوە بۆ ئەوانەی لەو بوارەدا کاردەکەن، لەبەرئەوە پێویستە گوێ ڕایەل و ملکەچ و پێگیری فەرمانەکانی سەرکردەو دەولەت بن[٢٤٤].

ئەم تیۆرە ڕێگا نادات ڕەخنە لە پلان و سیاسەتی گشتی دەولەت بگیرێت. لە چوارچێوەی ئەم تیۆرەدا، خاوەنداری (ملکییەت) ڕۆژنامەگەریی دەشێ گشتی یا تایبەتی بێت، بەلام دەبێ مۆلەت و سانسۆری هەبێت[٢٤٥].

---

٢٤٣- د. احمد بدر، الاتصال بالجماهير والدعاية الدولية، ص٣٤٢.

٢٤٤- د. ليلى عبدالمجيد، التشريعات الاعلامية، ص٢٠.

٢٤٥- د. احمد بدر، الاتصال بالجماهير والدعاية الدولية، ص٣٣٩.

ئەم فەلسەفەی رۆژنامەگەرییە لە کاتێکدا لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا بنەماو بناغەی سیستەمی رۆژنامەگەریی بوو، ئێستاش لە هەندێ وڵاتدا پەیڕەوی دەکرێتو باشترین نموونە بۆ ئەم تیۆرە، رۆژنامەگەریی عێراقە لەسەردەمی رژێمی (سەدام حسێن)دا.

### ٢. تیۆری ئازادی یان لیبرالی Libertarian:

سەرهەڵدانی ئەم تیۆرە لە سەدەی شازدەیەمدا ئاماژەی بۆ کراوە، لەسەدەی حەڤدەیەمدا ئاشکرا بووە، بەتایبەتی دوای شۆڕشی ساڵی ١٦٨٨ لە ئینگلتەرا، لە سەدەی هەژدەمدا سەقامگیر بووەو لەسەدەی نۆزدەهەمدا بەشێوەیەکی بەرفراوان بڵاوبۆتەوە.

ژمارەیەك لە رووناکبیرو فەیلەسوفەکانی ئەوروپا بنەماکانی ئەم تیۆرەیان دارِشتووە، وەکو شاعیری ئینگلیزی (جۆن میلتۆن ١٦٠٨- ١٦٧٤)، کە لە ساڵی ١٦٤٤ دەربارەی بوونی رای جیاواز دەڵێت:"ڕاستی مانەوەی دابین نابێ ئەگەر دەرفەتێکی بۆ نەرەخسێت، کە بە شێوەیەکی تەواوو بە ئازادییەکی راستو دروست رووبەرووی راستییەکانی تر ببێتەوە"[٢٤٦]. هەروەها لەبارەی ئازادی بڵاوکردنەوە نووسیویەتی:" ئازادی بڵاوکردنەوە بەهەر هۆکارێك بێتو لەلایەن هەر کەسێکەوە بێتو بیروباوەڕی هەرچی بێت، مافێکە لە مافە سروشتییەکانی هەموو مرۆڤایەتی، ناتوانین بەهیچ شێوەیەكو لەژێر هیچ بیانوێك ئازادی بڵاوکردنەوە کەم بکەینەوە"[٢٤٧].

هەروەها فەیلەسوفی ئینگلیزی (جۆن لۆك ١٦٣٢ – ١٧٠٤) بەشداری لە بەهێزکردنی بیری ئەم تیۆرە کردو لە ساڵی ١٦٦٥ بەیاننامەیەکی پێشکەش پەرلەمانی ئینگلیزی کردو هێرشی بردە سەر سانسۆری رێگر. پەرلەمان ناچار بوو یاسای سانسۆر هەڵوەشێنێتەوە[٢٤٨]. هەروەها جۆن لۆك لەبارەی سەرچاوەی دەسەڵات لە کۆمەڵگادا دەڵێت:" گەل سەرچاوەی دەسەڵاتە"، مافی ئەم گەلەیە، ئەگەر هەستی کرد حکومەت بەرژەوەندییەکانی ناپارێزێت متمانە لەو حکومەتە بکێشێتەوەو حکومەتێکی تازە پێك بێنێتەوە.

---

٢٤٦- د. صابر فلحوط، د. محمد البخاري، العولمة والتبادل الاعلامي الدولي، ط١، منشورات دار علاءالدين، دمشق- سوريا، ١٩٩٩، ص٣٤.

٢٤٧- د. ليلى عبدالمجيد، التشريعات الاعلامية، ص٢٠.

٢٤٨- د. ليلى عبدالمجيد، سەرچاوەی پێشوو، ص٢٠.

بۆ چارەسەری کێشەی نێوان حکومەتو چاپکارەکان، (جۆن راسکین) کە ناودارترین بەرگریکەری مافەکانی چاپکارو بڵاوکارەکانە لە سەدەی هەژدەهەمدا دەڵێت:" هەموو کەسێك کۆشش دەکات بۆ رێ پێشاندانی خەڵکی دیکە نەك بۆ گومڕا کردنیان، مافی خۆیەتی هەرچی لە مێشكو وێژدانیدا هەیە بڵاوی بکاتەوە، جا بابەتێکی حکومی بێت یان تایبەتی"[249].

لەبارەی ئازادی رۆژنامەگەرییەوە، فەیلەسوفو سیاسەتمەداری ئەمریکی (تۆماس جیفەرسون)، بۆچوونێکی تایبەتی هەیە کە نابێت رۆژنامەگەریی لەژێر سانسۆری حکومەتدا بێت، چونکە رۆژنامەگەریی سەرچاوەی سەرەکییە بۆ زانیارییەکانی تاکە کەسو کۆمەڵ. هەروەها جیفەرسون بۆچوونی وایە کە ئەو حکومەتەی خۆی لەبەردەم رەخنە رانەگرێت پێویستە نەمێنێتو گۆڕەپان بۆ حکومەتێکی تازە چۆڵ بکات. هێزی راستەقینەی هەر حکومەتێك ئەوەیە، کە توانای هەبێتو ئامادە بێت بە خۆشحاڵییەوە رەخنە وەربگرێت[250].

هەروەها فەیلەسوفی ئینگلیزی (جۆن ستیوارت میل ١٨٠٦ – ١٨٧٣) رۆڵێکی باشی لە بەهێزکردنی فەلسەفەی ئازادی تاکە کەس هەبوو، دەڵێت: "مافی هەر کەسێکی پێگەیشتووە لە کۆمەڵگادا چۆن حەزدەکات ئاوا بیربکاتەوەو رەفتاربکات. بەمەرجێ بە بیرو رەفتارەکەی ئازاری کەس نەداتو بیرو رەفتارەکەی سوودی خۆی هەبێ"[251].

بە پێی ئەم تیۆرە رۆژنامەگەریی زۆر مەبەستو ئامانج بە دەست دێنێت وەکو:

١. پەیڕەوکردنی ئازادی بە واتا فراوانەکەی.
٢. رێزگرتن لە مرۆڤایەتیو پاراستنی بیروباوەڕەکانی تاکە کەس.
٣. دابینکردنی پاشەرۆژی تاکە کەس.
٤. بە دەستهێنانی بەختیاریو خۆشگوزەرانی بۆ کۆمەڵگا[252].

---

٢٤٩- د. عبداللطيف حمزة، الاعلام له تأريخه ومذاهبه، ص١١٨.

٢٥٠- د. عبداللطيف حمزة، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٩.

٢٥١- د. صابر فلحوط، د. محمد البخاري، العولمة والتبادل الاعلامي الدولي، ص٣٤.

٢٥٢- د. صابر فلحوط، د. محمد البخاري، سەرچاوەی پێشوو، ص٣٤.

جگە لەمانەی سەرەوە، ئامانجی سەرەکی ئەم تیۆرە، ئاشکراکردنی راستیو چاودێری کردنی کاروباری حکومەتە. دیسان بە پێی ئەم تیۆرە هەر کەسێك توانای دارایی هەبێت، مافی دامەزراندنی دەزگایەکی راگەیاندنی هەیە. واتە خاوەندارییەتی کەرتی تایبەتە. لە چوارچێوەی ئەم تیۆرەدا، ئەدەبی بێ پەردەو جنێودانو بابەتی بەدڕەوشتانەو هاندانی یاخی بوون لەکاتی جەنگدا قەدەغەیە[٢٥٣]. بەپێی ئەم تیۆرە سانسۆر لە کاری رۆژنامەگەریی لە رێگای دادگاوە دەبێت.

رووناکبیری راگەیاندنی سویدی (دینیس ماکویل) رەگەزە سەرەکییەکانی ئەم تیۆرە بەم خاڵانەی خوارەوە دەستنیشان دەکات:

١. پێویستە بلاوکردنەوە لە سانسۆری پێشەکی ئازاد بێت.

٢. پێویستە بواری بلاوکردنەوە کراوە بێت بۆ هەر کەسێك یان گروپێك. هەر کەسێكو هەر گروپێك مافی هەیە ببێ بە خاوەن رۆژنامەو دەزگاکانی دیکەی راگەیاندن بەبێ ئەوەی مۆڵەت لە دەسەڵات وەربگرن.

٣. ئەو رەخنەی لە حکومەت یان حزبێکی سیاسی یان بەرپرسێکی فەرمی دەگیرێت لە دوای بلاوکردنەوە نابێتە هۆی سزادان.

٤. هیچ زۆرییەك یان سەپاندنێك یان پێگیرکردنێك لەسەر رۆژنامەنووس نەبێت.

٥. هیچ جۆرە کۆتو بەندێك لەبەردەم کۆکردنەوەی زانیارییەکانو بلاوکردنەوەیان نەبێت، ئەگەر بەرێگایەکی یاسایی ئەنجام بدرێت.

٦. هیچ کۆتو بەندێك لەسەر وەرگرتنو رەوانەکردنی زانیارییەکان لە دەوروبەری وڵاتو بۆ دەرەوەی نەبێت.

٧. پێویستە رۆژنامەنووس سەربەخۆیی پیشەیی لەناو دەزگاکانی رۆژنامەگەریدا هەبێت[٢٥٤].

تیۆری ئازادی بەشدارییەکی کاریگەری لە ئازادکردنی رۆژنامەگەریی لە کۆتو بەندو کۆسپو تەگەرەکانی دەسەڵات کرد. لە سەدەی نۆزدەهەم تاکو ناوەڕاستی سەدەی بیستەم،

---

٢٥٣- د. احمد بدر، الاتصال بالجماهير والدعاية الدولية، ص٣٣٩.

٢٥٤- د. ليلى عبدالمجيد، التشريعات الاعلامية، ص٢١- ٢٢.

ڕۆژنامەگەریی لە باکووری ئەورووپاو ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا توانی فرە لایەنیو هەمەجۆری بۆ خۆی دەستەبەر بکات، بەلام لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم ئەو دۆخەی ڕۆژنامەگەریی گۆڕا، ئەو فرە لایەنیو هەمەجۆرییە بەرەو کەمبوونەوە ڕۆیشت، لەبەر پاوانکردنی ئەم بوارە لەلایەن کۆمپانیا گەورەکان، هەروەکو لە سەرچاوەکانی یونسکۆدا هاتووە. نیوەی سەرجەمی دامو دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە جیهاندا لەژێر دەستی پەنجا پاوانکاریی (احتكار) ڕۆژنامەگەرییو ڕادیۆو تەلەفزیۆن دا بوو[٢٥٥]. لە ئەنجامدا ڕۆژنامەگەریی کەوتە ناو هاوکێشەی بەرژەوەندییەکانی ئەو کۆمپانیا گەورەو پاوانکارانەو لە ئازادیو ڕاستگۆیی دوورکەوتەوەو نەیتوانی ئەرکی خۆی وەکو پێویست ئەنجامبدات. بەم شێوەیە ڕۆژنامەگەریی لەو ولاتانەدا، لە بیرو باوەڕەکانی تیۆری لیبرالّی دوورکەوتەوە.

### ٣. تیۆری بەرپرسیاری کۆمەلایەتی Socail Responsbility:

لەگەلّ سەدەی بیستەم، ڕۆژنامەگەریی لە قۆناغی ڕۆژنامەگەریی زەرد پەڕییەوە، لەلایەن خاوەندارییەوە کەوتە بەر دەستی چەند کەسێکی کەم لەناو کۆمەلّگادا. هەروەها بانگەشەش بۆ مەترسی لەسەر داهاتی ڕۆژنامەگەرییو ڕەوشی خەلّك دەکرا. تیۆری لیبرالی ڕۆژنامەگەریی لەبەر ئەم هۆیانەو هەندێکی دیکە کەوتە بەر ڕەخنەو ئەو ڕەخنانەی لە تیۆری ئازادی دەگیرێت ئەمانەی خوارەوەن:

١. ڕۆژنامەگەریی بە دروستی ڕۆلّی خۆی لە پێشاندانی بۆچوونە جیاوازەکانی کۆمەلّگادا نابینی.

٢. ئامانجی تیۆری ئازادی دنەدانو وروژاندنی هەستو هۆشی تاکەکانی کۆمەلّە، بۆیە بە تەواوی ڕاستی ناگەیەنێت، بەلّکو ڕاستییە کە لەت لەت دەکاتو جاروباریش دەیگۆڕێت، ئەمەش دەبێتە هەلّخەلّەتاندنی کۆمەلّ[٢٥٦].

لەگەلّ کۆتایی جەنگی جیهانی دووەم ڕەخنەی تیۆری ئازادی گەیشتە لوتکە. بە پشتیوانی دارایی گۆڤاری تایمی ئەمریکیو ئینسکلوبیدیای بەریتانی، لیژنەیەك بۆ ئازادیی ڕۆژنامەگەریی لە دوازدە مامۆستای ئەکادیمی بە سەرۆکایەتی پرۆفیسۆر (روبەرت هوتشتز) و

---

٢٥٥- د. سلوى ابو سعدة، الصحافة في الاتحاد السوفيتي، ص٢٧.

٢٥٦- د. صابر فلحوط، د. محمد البخاري، العولمة والتبادل الاعلامي الدولي، ص٤٠.

ئەندامیَ دیارترین رەخنەگرەکانی رۆژنامەگەریی ئەمریکی وەکو (ولیەم دیفرز)و (تیودۆر بتەرسون) پێکهات[257]. ئەم لیژنەیە لێکۆڵینەوەی لەسەر رۆژنامەگەریی ئەمریکی کردو لە سالّی ١٩٤٧ راپۆرتێکی بەشێوەی کتێب بە ناونیشانی : "رۆژنامەگەریی ئازادو بەرپرس" بلاّوکردەوە. هەروەها (ولیەم هوکنگ) کە ئەویش ئەندامی لیژنەکە بوو، لێکۆڵینەوەیەکی دیکەی بە ناونیشانی:"ئازادی رۆژنامەگەریی، چوارچێوەی بیروباوەڕەکان" نووسی. لەم دوو کتێبەدا تیۆری بەرپرسیاری کۆمەلاّیەتی دارێژرا. کارو ئەنجامەکانی ئەو لیژنەیە لە ئەمریکاو هەندێ ولاّتانی ئەوروپا، بەتایبەتی بەریتانیا پێشوازییەکی گەرمی لێکراو دەنگی دایەوە.

بیرۆکەی سەرەکی ئەم تیۆرە، ئەوەیە کە رۆژنامەگەریی بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە، بە پێی پێوەرەکانی ئەم تیۆرە خۆی رێك دەخات، لەگەڵ پێکهێنانی ئەنجومەنێك بۆ رۆژنامەگەریی. رۆژنامەنووسانی ئەمریکا گەیشتنە ئەو باوەڕە کە لە تیۆری ئازادیدا، کۆمەڵگای تازە حەز لە ئازادی نێگەتیف ناکات، پێویستە ئازادی بەرپرسیاریەتی لەگەڵدا بێت، چونکە مرۆڤ لەوانەیە تووشی کاریگەری کردەوەی شارەزایانی پەیوەندییە گشتییەکان بێت[258].

هەروەها لیژنەی ئازادی رۆژنامەگەریی لە سالّی ١٩٤٧ دا، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، کە پێویستە لە ئەمریکا پیشەسازی راگەیاندن هەر لە دەست کەرتی تایبەت دابمێنێتو بەرژەوەندیی گشتی رەچاو بکات. لیژنەکە چەند کارو ئەرکێکی بۆ رۆژنامەگەریی دەستنیشانکرد لەوانە:

١. نووسینی راپۆرتی راستگۆو گشتیو ژیرانە دەربارەی روداوی رۆژانە، ئەوانەی گرنگی خۆیان هەیە.

٢. وەکو سەکۆیەك ئالّوگۆڕی رەخنەو بیرو بۆچوون بەکاربهێنرێت.

٣. وێنەیەکی دروست لە پێکهاتەکانی کۆمەڵگا پێشکەش بکات.

٤. کاربۆ بەدەستهێنانو شیکردنەوەو روونکردنەوەی ئامانجەکانی کۆمەڵگاو بیروباوەڕەکانی بکات.

٥. هەموو زانیارییەك دەربارەی روداوەکانی رۆژانە پێشکەش بکات[259].

---

٢٥٧- د. لیلی عبدالمجید، التشریعات الاعلامیة، ص٢٣.

٢٥٨- د. لیلی عبدالمجید، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤.

٢٥٩- د. لیلی عبدالمجید، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤-٢٥.

٦. پێشکەش کردنی بابەتی هەمەڕەنگ بۆ رابواردن و خۆشی خەڵك.

٧. پاراستنی سیستەمی سیاسی لە ولاتدا، کە زۆرینەی خەڵك دەنگی بۆ داوە[٢٦٠].

لیژنەی ئازادی رۆژنامەگەریی چەند راسپاردەی پێشکەشکرد، بۆ زیادکردنی مەڵبەندەکانی لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی لە بواری راگەیاندن و دامەزراندنی دەزگایەکی تازەو بێ لایەن و سەربەخۆ بۆ هەڵسەنگاندنی کاری رۆژنامەگەریی و پێشکەشکردنی راپۆرتی ساڵانە دەربارەی کارەکە.

هەر لەبارەی ئەم تیۆرە مامۆستایەکی ئەمریکی بەناوی (کیرتس مۆنتیگری) لە کتێبی (بەرپرسیاریەتی بۆ بەرزکردنەوەی پێوەرەکان)، دیدێکی تازە لەبارەی بەرپرسیاریەتی دێنێتە کایەوەو دەڵێت: "رۆژنامەگەریی کە خەڵك ئاگادارەکاتەوەو خاسیەتەکانی دەپارێزێت و چاودێری بیرو باوەڕەکانی دەکات ئەمە نیوەی بەرپرسیاریەتی رۆژنامەگەرییە، نیوەکەی دیکە، ئاشکراکردنی بەرپرسیاریەتی خەڵکە بەرامبەر بابەتی بڵاوکراوە"[٢٦١].

(رۆبەرت رای) یەکسانییەك لەنێوان بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی و راستگۆیی و بێ لایەنی دەنگوباسەکان دروست دەکات، چونکە ئەمە بنەمای مافی خوێنەرانە لە ئەبستمۆلۆجیادا. پاشان گفتوگۆکردنی دیموکراسیانەی تەواو لە کۆمەڵگادا، کە دەبێتە هۆی گەشەسەندنی ئەو کۆمەڵگایە[٢٦٢]. بەم شێوەیە ئاشکرا دەبێت کە بناغەی دامەزراندنی ئەم تیۆرە "ئازادی مافەو لە هەمان کاتیشدا ئەرك و بەرپرسیارییە"[٢٦٣].

تیۆری بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی لەسەر چەند بیروباوەڕو بناغەیەك دامەزراوە لەوانە:

١. پێویستە راستی پێشکەشی تاك بکرێت و نابێت بە هیچ شێوەیەك بشاردرێتەوە یان زانیاری چەوت و درۆ پێشکەش بە خەڵك بکرێت.

٢. پیادەکردنی رەخنەی ئامانجبەرو رازی بوون لەسەر هەر بیرۆکەیەکی تازە کە لەلایەن تاکەوە پێشکەش بکرێت. هەروەها رازی بوون لەسەر گفتوگرکردنێکی دیموکراسیانە لەگەڵ ئەو تاکە بۆ راستکردنەوەی هەر چەوتییەك کە هەبێت.

---

٢٦٠- د. احمد بدر، الاتصال بالجماهير والدعاية الدولية، ص٢٥٢.

٢٦١- د. ليلى عبدالمجيد، التشريعات الاعلامية، ص٢٥.

٢٦٢- د. ليلى عبدالمجيد، التشريعات الاعلامية، ص٢٥.

٢٦٣- د. احمد بدر، الاتصال بالجماهير والدعاية الدولية، ص٢٥٣.

٣. بڵاوکردنـەوەی ئامانجـەکانی کۆمـەڵگاو پلانـەکانی لـە رووی پـەروەردەییو فێرکـردنو ئابوورییـەوە....هتـد، ئامـانجی راگەیانـدن بـە گـشتیو رۆژنامەگـەریی بەتایبـەتی خزمـەتکردنی کۆمەڵگایەو رێزگرتنە لە مافە سیاسیو ئابووریو رۆشنبیریو کۆمەڵایەتییەکانی تاك[٢٦٤].

ئەم تیۆرە لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم لە ئەمریکا (ولاتە یەکگرتووەکانی ئـەمریکا)، لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی لیژنەی ئازادی، دروست بوو. چەند دامو دەزگایەکی پێویست لەبەر رۆشنایی ئەم تیۆرە بۆ پێشخستنی رۆژنامەگەریی دامەزران، وەکو ئەنجومەنی رۆژنامەگەریی. لە بـەریتانیاش ئـەم تیـۆرە قبـوڵ کـراو هـەر هـەمان هـەنگاویان بـۆ بـەڕێوەبردنو گەشـەکردنی رۆژنامەگەریی هاوێشت، هەر لەبەرئەوەش لە هەندێك سەرچاوە بەم تیۆرە دەگـوترێ: "تیـۆری ئەنگلۆ ئەمریکی"[٢٦٥].

٤. تیۆری کۆمۆنیستی Communist:

سەرهەڵدانی ئەم تیۆرە بۆ سەدەی نۆزدەهەم دەگەڕێتەوە، کارل مارکس بە دامەزرێنـەری ئـەم تیۆرە دەژمێردرێت، ئەویش بە فەلسەفەی فەیلەسوفی ئـەڵمانی (جـورج هیگـل) کاریگـەر بـوو. کارو ئەرکەکانی تیۆری کۆمۆنیست، هەروەکو کارل مارکس دەستنیشانی دەکات، هەر ئەو کـارو ئەرکەن کـە دامو دەزگاکـانی دەسـەڵات جـێ بـەجێی دەکـەن، وەکـو مانـەوەو بـەرفراوان کردنـی سیـستەمی سوسیالیـستیو پێویـستی هـەبوونی ئـەم هۆکارانـە بـۆ بڵاوکردنـەوەی سیاسـەتی سوسیالیست. تیۆری کۆمۆنیست لەسەر چەند بنەمایەك دامەزراوە وەکو:

١. گەل خاوەنی دامو دەزگاکـانی راگەیانـدنی جەماوەرییـە. بـە بۆچـوونێکی تـر، راگەیانـدن هۆکارێکی دەوڵەتە بۆ ئاشکراکردنی سیاسەتو هەڵوێستەکانی دەوڵەت بەرامبەر گەلەکەی[٢٦٦].

٢. گرێدانی دامو دەزگاکانی جەماوەر بـە کۆمـەڵگای سۆسیالیـستیو دەسـت نیـشانکردنی رۆڵی پۆزەتیفی، بۆ ئەوەی هەموو کارمەنـدانی بـواری راگەیانـدن پێیـەوە پەیوەسـت بـن[٢٦٧]. بـە واتایەکی دیکە هەروەکو (وێلبۆر شرام) لە کتێبی (چوار تیۆرەکەی رۆژنامەوانی )دا دەڵێت:

---

٢٦٤- د. صابر فلحوط، د. محمد البخاري، العولمة والتبادل الاعلامي الدولي، ص٣٩.

٢٦٥- د. عبداللطيف حمزة، الاعلام له تأريخه ومذاهبه، ص١٣٩.

٢٦٦- د. عبداللطيف حمزة، الاعلام له تأريخه ومذاهبه، ص١٧٢.

"خالێك هەیە، ئەویش ئەوەیە، ئەو کەسانەی لە کەناڵەکانی پێوەندیی جەماوەریی سۆڤیەتیدا کاردەکەن بە هیچ شێوەیەك خاوەن کەسایەتییەکی دیاری خۆیـان نین، کەسـایەتییان، هـەروەکو دیارە کەسایەتیی دەوڵەتە. ئامرازێکی ملکەچن و بە وریاییەوە رێڕەوی حزب و فەرمایـشتەکانی دەوڵەت پیادەکەن[268]".

٣. دام و دەزگاکانی راگەیاندنی کۆمۆنیستی بـەرپرس و ئـازادن، بـەڵام بۆچـوونی ئەمانـە لـە بۆچـوونی رۆژئـاوا بـۆ ئـەم دوو زاراوەیـە جیـاوازە. رۆژئـاوا وای دەبینـێ کـە دام و دەزگاکـانی راگەیاندنی سۆڤییێت، وەکو ئامرازێك وان لە دەست دەوڵەتدا، هەروەها سوڤیێت دام و دەزگاکانی راگەیاندنی رۆژئاوا وا دەبینێ کە ئامرازێکـە لـە دەسـت چـینی سـەرمایەداردا. دیـسان رۆژئـاوا راگەیاندنی کۆمۆنیستی دوور لە ئـازادی دەبینێـت، بـەڵام هەڵوێـستی سـوڤییێت ئـەوە بـوو کـە راگەیاندنی کۆمۆنیستی باشترین شێوەی ئازادی هەبوو[269].

٤. کۆمـەڵگا مـافی خۆیەتی سانسۆری یاسایی لەسەر راگەیاندن دابنێ بۆ ئەوەی هزرو بـیری دژی سۆسیالیست بڵاونەکرێتەوە. مـافی کۆمـەڵگایە رۆژنامەنووسان سزا بدات[270].

هەر لەژێر رۆشنایی ئەم تیۆرەدا (لینین) پێناسەی رۆژنامە دەکات و دەڵێت:

"رۆژنامـە ئامـرازی پروپاگەندەی کۆمـەڵ و وروژاندنی کۆمـەڵایەتی نییە، بەڵکو ئامـرازێکە بـۆ رێکخستنی کۆمـەڵایەتی"[271].

(د. عبداللطیف حمزة) چەمکی تیۆری کۆمۆنیـستی لـە چـەند دێرێکـدا کـورت دەکاتـەوەو دەڵێت:

"رۆژنامـەگەریی سۆڤیێت لەژێر کۆنترۆڵی تیۆری دەسەڵاتدایە، بەڵام نـەك بـە واتـا کۆنەکـە، بـەڵکو بـە واتایـەکی تـازە، کـە دەسـەڵات دەبێتـە پاسـەوانێکی دڵـسۆز بـۆ بەرژەوەندییـەکانی کۆمەڵگا، بـەڵام پاسـەوانێکی دڵ رەقـەو دارێکـی بەدەسـتەوەیە، هـەر کەسـێ لـەو چوارچـێوەی

---

٢٦٧- د. صابر فلحوط، د. محمد البخاري، العولمة والتبادل الاعلامي الدولي، ص٣٨.

٢٦٨- د. کازم موعتەمید نژادو هەندێکی دیکە، جیهانی سێیەم و گەڕان بـەدوای رۆژنامـەوانی ئـازاددا، ل١١٧.

٢٦٩- د. احمد بدر، الاتصال بالجماهير والدعاية الدولية، ص٣٥٦.

٢٧٠- د. ليلى عبدالمجيد، التشريعات الاعلامية، ص٢٨.

٢٧١- عزيز السيد جاسم، مبادىء الصحافة في عالم المتغيرات، دار افاق عربية، بغداد، ١٩٨٥، ص٦٩.

خاوەنی ڕێبازەکە بۆی داناوەو حزب لەسەری رازی بووە، بیرنەکاتەوە ئەو دارەی لەسەری دەدات"[272].

ساڵی **١٩٨٩** لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەو شکستی یەکێتی سۆڤییێت، ئەم تیۆرەش تووشی لاوازبوون بووەو بەرەو نەمان دەچێت، بەڵام هێشتا لە هەندێ وڵاتانی وەکو چین‌و کۆریای باکوورو کوبا ڕۆڵی خۆی هەیەو لەژێر فشاری جیهانگیری بەردەوامی بەرێوەکەی خۆی دەدات.

زۆربەی سەرچاوەکان، ئەوانەی باسی تیۆرەکانی راگەیاندن بە گشتی‌و تیۆرەکانی رۆژنامەگەریی بەتایبەتی دەکەن، بە تێروتەسەلی باس لەم چوار تیۆرەی پێشەوە دەکەن، بەڵام هەندێك سەرچاوە سەرەڕای ئەمانە، ئاماژە بە چەند تیورێکی دیکەی تازەی رۆژنامەگەریش دەکەن وەکو:

- تیۆری رۆژنامەگەریی گەشەپێدان[273].
- تیۆری بەشداری دیموکراسی[274] **Participant Demecratic**
- تیۆری بەرپرسیاری جیهانی[275].

---

٢٧٢- د. عبداللطيف حمزة، الاعلام له تأريخه ومذاهبه، ص١٨٢.

٢٧٣- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: د. ليلى عبدالمجيد، التشريعات الاعلامية، ص٢٨.

٢٧٤- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: د. ليلى عبدالمجيد، التشريعات الاعلامية، ص٣١.

٢٧٥- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: د. صابر فلحوط، د. محمد البخاري، العولمة والتبادل الاعلامي الدولي، ص٤٢.

## بەشـــی دووەم

# هونــەری هــەواڵی رۆژنـــامەگەریی

- هونــەری نووســینی رۆژنـامـەگەریی
-هونـەری هـەواڵی رۆژنامـەگەریی
- رەگەزەکانی هەواڵ
- بنەماکانی هەواڵ
- سەرچاوەکانی هەواڵ
- بەشەکانی هەواڵ
- قاڵبەکانی دارشتنی هەواڵ
- زمانی هەواڵ
- جۆرەکانی هەواڵ
- هونەری هەواڵ لە گۆڤاری هاواردا
- هونەری هەواڵ لە گۆڤاری رروناهی دا
- هونەری هەواڵ لە رۆژنامەی رۆژانوودا
- هونەری هەواڵ لە رۆژنـامەی ستێردا

# هونـەری نووسـینی رۆژنـــامەگەریی

رۆژنامەگەریی هونەرێکی شارستانییە، چونکە کۆمەڵگا، کە گەشە دەکات و پسپۆرییەکانی هەمـەڕەنگ و کێشەکانی ئـاڵۆز دەبـن، لـەو کاتـەدا هونـەریی رۆژنامەگـەریی دەبێتـە شـتێکی پێویست. رۆژنامەگەریی لەو کۆمەڵگایەدا دەبێتە هۆکار، یان ئامرازێـك لـەنێوان شـارەزاییێکی پسپۆر، یان زانایێکی گەورە، یان بەرپرسێکی بەرز لەلایەکەوەو شەقامی کۆمەڵگاکە لەلایەکی دیکەوە. دەربارەی رۆڵی رۆژنامەگـەریی لـە کۆمـەڵگای تـازەدا، نووسـەری ناسـراوی ئـەمریکی (والتەر لیپمان Walter Lipmann) دەڵێت: " کۆمـەڵگای تـازە بەشـێوەیەکی راسـتەوخۆ ناکەوێتە بەر دیدی خەڵك، هەروەها هەمیشە مرۆڤ تێی ناگات، ئەگەر گروپێـك تێـی گەیـشت، گروپێکی دیکە تێی ناگات...لەم دۆخەدا گرنگی رۆژنامەگەریی دروست دەبێت بۆ شیکردنەوەو راڤەکردن و تەواوکردنی ئەو تێگەیشتنە"[٢٧٦].

زۆر لـە شـارەزایان لێکۆڵێنـەوەیان لەسـەر پەیوەنـدی نێـوان شارسـتانی و رۆژنامەگـەریی کردووە، فاکتەرەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و شارستانی و کاریگەرییان لەسـەر رۆژنامەگـەریی شیکردۆتەوە. لەوانـە زانایێـك بـەناوی (دانییـل لیرنـەر Daniel Lerner)بـە بۆچـوونی ئـەو، شارستانی ئاراستەیەکی ژیرییە، تـەنیا لـە کۆمـەڵگا پێـشکەوتووەکاندا بـەدی دێـت. هـەروەها دەڵێـت، پەیوەندیـەکی بـەتین لـەنێوان شارسـتانی و فێرکـردن و رۆژنامەگەریـدا هەیـە. رێـژەی خوێنـدەواران لـە شـار زیـاترە، کەواتـە ئەوانـەی رۆژنامـە دەخوێننـەوە، ژمارەیـان زیـاترە، ئـەو خوێندنەوەیە دەبێتە هۆی باشتر تێگەیـشتن لـە کۆمـەڵگاو بەشـداربوونێکی کاریگـەر لـە رووی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵناسییەوە[٢٧٧].

رۆژنامەگەریی لە رووی هونەرییەوە، ئەو هۆکارەی راگەیاندنی جەماوەرییە چاپکراوەیە، کـە تێکەڵاوەیەکە لە وشـەو وێنـەو نیگـاری رەخنـەیی و رونکردنـەوەو دەربـڕین بەشـێوەیەکی سـادەو

---

٢٧٦- د. ابراهيم إمام، دراسات في الفن الصحفي، مكتبة الانجلو المصرية، القاهرة، مصر، ص٧.

٢٧٧- د. ابراهيم إمام، سەرچاوەی پێشوو، ل٨.

سەرنج ڕاکێش و ئاسان لەسەر لاپەڕەکانی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان بۆ خوێندنەوە پیشان دەدات[٢٧٨]. هەر دەربارەی هونەری ڕۆژنامەگەریی، دەتوانین بە دیتنێکی تازەی دابنێین بۆ جیهان، کە لەگەڵ دیتنی مرۆڤی سادەو ساکار دەگونجێت، کە ڕۆژنامەنووس زاراوە وشك و ئالۆزەکان بە شێوەیەکی هونەری وەردەگێڕێ بۆ زاراوەی ڕیالیستیی و کردەوەو پڕ لە ژیان" بۆیە هونەری ڕۆژنامەگەریی بە هونەرێکی داهێنان دەژمێردرێت. ئەو پرسیارەی کە هەمیشە لە مێشکی ڕۆژنامەنووسدایە ئەوەیە، کە چۆن دەتوانێت زانیاری بە شێوەیەکی ئاسان و تێگەیشتوو بگەیێنێتە خەڵك[٢٧٩]. هەر لەم بارەیەوە (د. فاروق ابو زید) بۆچوونێکی هەیە، کە ڕۆژنامەگەریی هونەرە، بەڵام لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەگەریی پێویستی بەشێوەیەکی زانستی تەواو دەبێت[٢٨٠]. هەروەها (د. عبداللطیف حمزة) جەخت لەسەر هونەری ڕۆژنامەگەریی دەکات، کە ڕۆژنامەگەریی هونەرێکە بوونی خۆی هەیەو خاوەنی زمانی تایبەتی خۆیەتی[٢٨١].

هونەری ڕۆژنامەگەریی دابەش دەبێتە سەر سێ هونەری دیکە:

یەکەم: هونەری نووسین

دووەم: هونەری دەرهێنان

سێیەم: هونەری کارگێڕی (ئیدارە)

## هونەری نووسین:

هونەری نووسین بەشێکە لە هونەری ڕۆژنامەگەریی، وەکو بەردی بناغەی ڕۆژنامە یان گۆڤار وایەو هۆی سەرەکی سەرکەوتن و بڵاوبوونەوەو فرۆشتنی ڕۆژنامەیە. لەبەر گرنگی ئەم هونەرە، بە چەندین شێوەی جۆراو جۆر پێناسە کراوە: هونەری گواستنەوەی ڕووداو بیرو شارەزاییی و کێشە مرۆڤایەتییەکان و دیاردە گەردوونیی و ژیانییەکانە بۆ کەرەستەیەکی ڕۆژنامەوانی چاپکراوو تێگەیشتوو لەلایەن ڕۆشنبیری ئاست بەرزو ناوەندیی و نزمداو لەلایەن

---

٢٧٨- د. محمود علم الدين، الفن الصحفي، مطبوعات قطاع الثقافة، مؤسسة اخبار اليوم، القاهرة – مصر، ٢٠٠٤، ص١٤٣.

٢٧٩- د. ابراهيم إمام، دراسات في الفن الصحفي، ص١١.

٢٨٠- د. فاروق ابو زيد، مدخل الى عالم الصحافة، ط٢، عالم الكتب، القاهرة – مصر، ١٩٩٨، ص٣٠.

٢٨١- د. عبداللطيف حمزة، المدخل في التحرير الصحفي، ص٦.

خەڵکی سادەو ساکار، ئەوەی دەخوێنێتەوە بۆ ئەوەی تێیی بگاتو بیزانێت[282]. هەروەها نووسین بۆ رۆژنامە واناسراوە کە پرۆسەیەکی هونەرییە، رووداوو بیرو بۆچوونو شارەزایی زەینیو بیری دەگوازێتەوە بۆ زمانێکی نووسراوو تێگەیشتوو بۆ خوێندەوارێکی سادەو ساکار[283].

لێرەدا پێویستە جیاوازی لەنێوان هەردوو زاراوەی نووسین Writing و ئامادەکردن (تەحریر) Editing بکەین. بە پێی بۆ چوونی (د. فاروق ابو زید) زاراوەی هونەری نووسینی رۆژنامەگەریی سنووردارترە لە زاراوەی هونەری (تەحریر)ی رۆژنامەگەریی، چونکە پرۆسەی ئامادەکردن جیایە لە پرۆسەی نووسین. نووسین هونەرێكو کارێکەو شتێکی جیاوازە، هەروەها ئامادەکردن بۆ بڵاوکردنەوەش شتێکی دیکەیە[284].

تەحریری رۆژنامەنووسی گرنگی تایبەتی هەیەو مەرجە لەو پرۆسەیەدا رەچاوی هەریەك لە شێوازو زمانو سیاسەتی رۆژنامەکە بکرێت، کەواتە تەحریر چەمكو پێناسەی تایبەتی خۆی هەیە: "پرۆسەکە کە لەو رێگەیەوە کارەکەت پوخت دەبێت، هەرچی هەڵەی نووسینو رێزمانیی هەبێت راست دەکرێتەوەو، ئەگەری کەمو کورتی بوارەکانی تریش کەم دەبێتەوە....و بونیادی بابەتی لاواز بەهێز دەکرێت، ئەمەیان لە کاتێکدایە کە ئەو کەسانەی بەو کارە هەڵدەستن (کاری تەحریر) خاوەن توانایەکی باش بن. هەندێك جار وا بووە بە تەواوی نووسینەکە رەتکراوەتەوە، ئەمەش لە پێناو رزگارکردنی رۆژنامەکەو پەیامنێرەکەی لەوە کە تووشی دڵەڕاوکێ یان کێشەی یاسایی بن[285].

ئامانجە سەرەکییەکانی هونەری نووسین، تێگەیشتنی خوێنەرو ئاگادارکردنەوەی لە رووداوە ناوخۆو جیهانییەکانو پاشان راکێشانو هاندانی خوێنەرە بۆ خوێندنەوە، بۆ ئەوەی کار لە خوێنەر بکاتو ئیقناعی بکاتو ئاراستەی بکات.

---

٢٨٢- د. اجلال خليفة، اتجاهات حديثة في فن التحرير الصحفي، ط٢، مكتبة الانجلو المصرية، ١٩٨١، ص١٣.

٢٨٣- د. إسامة عبدالرحيم علي، فنون الكتابة الصحفية والعمليات الادراكية لدى القراء، ط١، ايتراك للنشر والتوزيع، القاهرة-مصر، ٢٠٠٣، ص١٠٠.

٢٨٤- د. فاروق ابو زيد، فن الكتابة الصحفية، ط٤، عالم الكتب، القاهرة-مصر، ١٩٩٠، ص٩.

٢٨٥- د. قەیس ئەلیاسری، رۆژنامەنووسی، وەرگێڕانی سەلام کەریم، چ١، لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی بانگەوازو روناکبیری ئیسلامی، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل٣٢.

به پێی بۆچوونی (فیلیب گایار): "ئامانجی سەرەکی شێوازی ڕۆژنامەنووسیی زیاتر لە هەر شتێك دەیەوێت ئەو ئامانجە بپێکێت کە خوێندنەوەو تێگەیشتن بۆ خوێنەری ئاسایی، ئاسان بکات. ئامانجێکی دیکەی ئەم شێوازە ئەوەیە کە بابەتو نوسراوەکانی سەرنج ڕاکێشو شیرین بکاتو خوێنەر بکاتە شایەتێکی ناڕاستەوخۆی ڕووداوەکان"[286].

هونەری (Editing) ئامانجی تایبەتی خۆی هەیە وەکو:

١. دارشتنەوەی تێکستی ڕۆژنامەنووسی، کە لەگەڵ سیاسەتی ڕۆژنامەگە بگونجێت.

٢. دۆزینەوەو ڕاستکردنەوەی هەڵەو چەوتییەکان.

٣. گونجاندنی دەق لەگەڵ ئەو شوێنەی بۆی تەرخانکراوە لە ڕووی ڕووبەرو پانتاییەوە.

٤. ئاسانکردنو ڕوونکردنەوەو چاکردنەوەی زمانی دەقی ڕۆژنامەنووسی.

٥. ڕوونکردنەوەو ژیاندنەوەی دەقی ڕۆژنامەنووسی.

٦. پێداچوونەوەی دەقەکە لەپێناو دووپاتکردنەوەی لوجیکی بابەتەکە.

٧. ڕاستکردنەوەی دیالێکتی ڕۆژنامەنووس لەکاتی پێویستدا.

٨. وا لە تێکیست بکرێت کە بە دڵی خوێنەر بێتو چێژی لێ وەربگرێت.

٩. دروستکردنی هارمۆنیەتێك لەنێوان شێوازی دەقە جیاوازەکان، ئەوانەی ڕۆژنامە یان گۆڤارەکە بڵاویان دەکاتەوە.

١٠. ئاسانکردنی پرۆسەی دەرهێنانی ڕۆژنامەگەریی[287].

بە کورتی تەحریری ڕۆژنامەنووسی بریتییە لە ڕێگەی بیرکردنەوەو دەربڕین، تێڕوانینێکی تایبەت بۆ ژیان، بە چەشنێك ڕووداوو زانیاریو ڕۆشنبیریو فەلسەفەو زانست بەشێوازێکی بە چێژو ڕوونو مەبەستدار دەرخواردی هەموو لایەك بدا.

لەمەدا، ئەوە ڕووندەبێتەوە کە وشەی تەحریر، مانا ڕۆژنامەنووسییەکەی، لە مانا زمانییەکەی جیاوازە. یەکەمیان لەگەڵ مانای (نووسین) دا دەگونجێت، ئەگەر نووسینی

---

٢٨٦- ئومێد مەسعوودی، بنەماکانی نووسین لە ڕاگەیاندندا، وەرگێڕانی جوامێر مارایی، چ١، بڵاوکراوەکانی بنکەی ئەدەبیو ڕوناکبیری گەلاوێژە، ژمارە (٦٩)، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل١٠.

٢٨٧- د. عبدالجواد سعید ربیع، فن الخبر الصحفي، ل١٧-١٨.

هەواڵێك بریتی بێت لە خاڵی کردنەوەی ڕووداوێك لە چوارچێوەیەکی نووسراوداو گواستنەوەی لە بیرەوە بۆ نووسینی سەر کاغەز، ئەوا تەحریری هەواڵەکە بریتییە لە پێداچوونەوەی نووسینەکەو دووبارە داڕشتنەوەی بابەتو دانانی ناونیشانی گونجاوو ئامادەکردنی بۆ پەخش یاخود بڵاوکردنەوە لە کەناڵێکی گونجاودا (ڕۆژنامە یان ئێزگە... هتد).

تەحریر پێویستییەکی شارستانییە، ئەو ڕووداوانە تۆماردەکات کە لە دەوروبەری مرۆڤ ڕوودەدات بۆ ئەوەی مرۆڤ ئاگاداربێت لەو ڕووداوانەی کە لە نزیكو دەوروبەرەکەیدا ڕوودەدەن، لەبەرئەوە پێویستە نووسینەکە ڕاستگۆو ڕوونو تێگەیشتوو بێت، ئەگەر نا ئامانجەکە بە دەستەوە نادات. تەحریری باشو کاریگەر پێویستی بە چەند فاکتەرێك هەیە[٢٨٨]، وەکو:

١. فاکتەری کارمەندان: ئەمە گرێدای ئاستو تواناو شارەزاییو ژمارەی ئەو کارمەندانەیە، کە لە بەشی تەحریری دەزگاکە کاردەکەن.

٢. فاکتەری خولیای ڕاگەیاندن: واتا کۆکردنەوەی هەواڵەکانو دۆزینەوەی سەرچاوەی جۆراوجۆرو بەراوردکردنی ئەو زانیاریانە لە هەموو لایەکەوە.

٣. فاکتەری سیاسی: هەر دەزگایەکی ڕاگەیاندنو ڕۆژنامەگەریی سیاسەتی تایبەتی خۆی هەیە، بە پێی ئەو سیاسەتە دەست نیشانی دەکاتو دایدەڕێژێتو جێگای پێویستی بۆ تەرخان دەکات.

٤. فاکتەری مادی: ئەمەش توانای داراییو ئامێرو دەزگاکانی تەکنۆلۆژی بە خۆوە دەگرێت. ئەمە خاڵێکی گرنگە، چونکە بە پێی توانای دارایی دەزگاکە دەتوانێت سوود لە ژمارەی پێویست لە کارمەندان وەربگرێتو ئامێرو دەزگای تازەو کاریگەر بۆ کۆکردنەوەی بابەتو چاپ پەیدا بکات.

---

٢٨٨- علي محمود، الصحافة مهنة، ط١، مكتب علاءالدين للطباعة والتصاميم بالكومبيوتر، الموصل، ٢٠٠٦، ص٣٧.

٥. فاکتەری دەرەکی: ئەمەش کاریگەری خۆی هەیە لە هەڵبژاردنی بابەتو چۆنیەتی دارشتنو شوێنی بڵاوکردنەوە، بە تایبەت ئەگەر دەزگای رۆژنامەگەریی سەر بە حکومەت یان حزبێك بێت.

بێگومان ئەو شێوەو پلەو ئاستەی هونەری نووسینی رۆژنامەگەریی پێی گەیشتووە شتێکی نەگۆڕ نەبووە، هەر لە پەیدا بوونەوە وا نەبووە، "چونکە بە دواداچوونی رەوتی کارو ئەرکی چالاکی رۆژنامەنووسییو راگەیاندن هەر لە سەرەتای سەدەی هەڤدەهەمەوە بەڵگەیە بۆ ئامادەبوونی هەمیشەیی مەرجدارو پەیوەستو کاریگەریی ئاڵوگۆرکراوی نێوان دەزگای رۆژنامەنووسیو ژینگەی سیاسیو ئابوورییەکەیدا، هەروەها لە نێوان شێوەو تەکنیکی دیاریکراوی نووسین کە دەزگا رۆژنامەنووسییەکە لە خۆی گرتووە لەگەڵ ئەو ئامانج یان مەبەستە سیاسیو ئابوورییەی لە پشت چالاکی رۆژنامەنووسی ئەو دەزگایەوەیە. هەموو ئەمانەش پەیوەندیییان بە مەرجو کاریگەریی ئاڵوگۆڕکراو لەگەڵ سروشتو ئاستی بارودۆخی تەکنۆلۆژییەوە هەیە"[٢٨٩]. ئاشکرایە ئەم هونەرە بە چەند قۆناغدا تێپەڕیوە تاکو گەیشتۆتە شێوەو ئاستی ئەمڕۆ، بەڵام دیاریکردنی سنووری تەواو لەنێوان قۆناغەکاندا کارێکی ئەستەمە، چونکە رێرەوی پێشکەوتنو گەشەکردنی هەموو بوارەکانی ژیان، لە هەموو وڵاتەکانی جیهاندا بە یەك شێوەو بە یەك هێزو پلە نەبووە.

هەموو بابەتەکانی رۆژنامەگەریی بە یەك شێوە نانووسرێن، بەڵکو بە چەند شێوەی جیاواز دەنووسرێن. هەندێك لە زانایان بە پێی بابەت نووسینی رۆژنامەگەریی دابەش دەکەن وەکو: نووسینی تایبەت بە سیاسەت، نووسینی تایبەت بە زانست، نووسینی تایبەت بە کۆمەڵایەتی، نووسینی تایبەت بە ئافرەتو...هتد. بەڵام ئەوەی لە هەموویان باوترەو جێگای خۆی گرتووەو بۆتە سیمای رۆژنامەگەریی ئەو دابەشکردنەیە کە بۆ هەواڵو وتارو هەڤپەیڤینو رێپۆرتاژو...هتد دابەشی دەکەن[٢٩٠]. دابەشبوونی نووسینی رۆژنامەگەریی بۆ هونەرو ژانرو جۆری جیاجیا بۆ چەند فاکتەرێك دەگەڕێتەوە:

١. هەمەرەنگیو دەوڵەمەندیو ئاڵۆزی ریالیست.

---

٢٨٩- د. محەمەد الدروبی، رۆژنامەگەرییو رۆژنامەنووسی هاوچەرخ، وەرگێڕانی سۆزان جەمال، لوقمان غەفور، چاپی یەکەم، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل١١٧.

٢٩٠- د. عبداللطيف حمزة، مدخل في فن التحرير الصحفي، ص٧.

٢. پێویستی تاكو كۆمەڵ بە راگەیاندنی هەمەڕەنگ.

٣. هەمەڕەنگی زۆری ژمارەی هۆكارەكانی راگەیاندن[٢٩١].

لەگەڵ جیاوازی جۆرەكانی رۆژنامەگەریی، بەڵام هەموو هونەر یان جۆر یان ژانرەكان لە چەند رەگەزێك هاوبەشنو یەكدەگرنەوەو دەچنە ناو چوارچێوەی هونەرەكانی رۆژنامەگەریی ئەم رەگەزانەش ئەمانەن:

١. بابەت: هەر كەرەستەیەكی رۆژنامەگەریی بریتییە لە بابەتێك، دەشبێت هەر بابەتێك بە چەندین ژانری رۆژنامەگەریی بنووسرێت.

٢. شرۆڤەو راڤەكردن: هەموو بابەتێكی رۆژنامەگەریی پێویستی بەم رەگەزە هەیە، بەڵام بە پێی زۆریو جۆری ئەم رەگەزە، ژانری رۆژنامەگەریی دەگۆڕدرێت.

٣. توانج (تعلیق)و شیكردنەوەو هەڵسەنگاندن: ژانری رۆژنامەگەریی پێویستە شیبكرێتەوە هەروەها هەڵسەنگاندنێكی بۆ بكرێتو نووسەر رای خۆی لەسەر ئاشكرا بكات.

٤. راستیو رووداوەكان: رەگەزێكی بناغەییە لە هەموو ژانرەكانی رۆژنامەگەریی دا هەیە، چ هەواڵ بێت، یان هەڤپەیڤین، یان رێپۆرتاژ، بەڵام دەبێت رەگەزی سەرەكی بێت لە هەندێ ژانردا وەكو هەواڵو رێپۆرتاژ.

٥. شێواز: شێوازی رۆژنامەگەریی دەبێت راستەوخۆو روونو سادەو ئاسانو كورتو زانستی بێت.

٦. فاكتەری خۆیەتی: ئەم رەگەزە لە هەموو كەرەستەی رۆژنامەگەریدا هەیە، بەڵام رێژەو جۆرو شێوەی لە ژانریكەوە بۆ یەكێكی دیكە دەگۆڕێت.

٧. قەبارە یان رووبەر: كەرەستەی رۆژنامەگەریی لە رووی قەبارەوە لە رۆژنامەو گۆڤاردا دەگۆڕێت. بەڵام قەبارەی بابەتەكە رۆڵێكی گرنگ دەبینێت لە دەست نیشانكردنی ناوەڕۆكی بابەتەكەو چۆنیەتی پێشكەشكردنی، هەروەها وەكو رەگەزێكی سەربەخۆ رۆڵی دەست نیشانكردنی جۆری كەرەستەی رۆژنامەگەریی دەبینێت[٢٩٢].

داڕشتنی پەیامی رۆژنامەگەریی لەسەر پەیوەندی نێوان شێوەی رۆژنامەگەرییو ناوەڕۆكەكەی بونیاد دەنرێ. زۆربەی هزرو بیری رۆژنامەگەریی دەست نادات كە بە هەموو

٢٩١- علي محمود، الصحافة مهنة، ص٤٢.

٢٩٢- علي محمود، الصحافة مهنة، ص٤٣.

ژانرێکی رۆژنامەگەریی دەربڕێت، وەکو کەلیشەی هەواڵ، یان کەلیشەی راڤەکردن، یان کەلیشەی ئامۆژگاری کردن، یان کەلیشەی رابواردن (تسلية).

لە ئەنجامدا ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەر شێوەو ژانری رۆژنامەگەریدا دێت کار دەکاتە سەر ناوەڕۆکی پەیامی رۆژنامەگەریی، چونکە پەیوەندی نێوان شێوەی رۆژنامەگەریی‌و ناوەڕۆکی رۆژنامەگەریی پەیوەندییەکی دیالێکتیکیە (جدلیە) [٢٩٣]. هەر یەکێکیان کار لە ئەوەی تر دەکات. دەتوانین ئەو پەیوەندییە بەم شێوەیەی خوارەوە ئاشکرا بکەین:




هەروەها ئەو ژمارە زۆرەی کارو ئەرکی رۆژنامەگەریی، شێوەی رۆژنامەگەریی گونجاو بۆ هەر یەکێك دروست دەکات، چونکە هەر کارێك شێوەی گونجاوی خۆی هەیە، رۆژنامەگەریی بە رێگای ئەوانەوە کارەکانی خۆی ئەنجام دەدات. لەگەڵ رکەبەریی هۆکارەکانی دیکەی راگەیاندن‌و گەشەسەندنی تەکنۆلۆژی‌و گۆڕینی بیروباوەڕو بایەخی خوێنەران.

هونەری نووسین پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ ژیانی مرۆڤایەتی دا هەیە. ئەم هونەرە بە زۆر قۆناغی گەشەکردن‌و پێشکەوتندا تێپەڕیوەو تا ئێستاش ژانرەکانی لە گەشەکردنێکی بەردەوام دان. ئەم پێشکەوتن‌و گەشەکردنە لەوە هەڵدەقوڵێت کە پێویستە کەرەستەی رۆژنامەگەریی بەشێوەیەکی باش لەگەڵ سەردەمەکەی بگونجێت‌و حەزو ئارەزووەکانی خوێنەر بەجێ بێنێت، بۆ ئەوەی خوێنەر بە گەرمی بەردەوام بێت لەسەر خوێندنەوەی رۆژنامەکەیان. ئەم خاڵەش ئەگەر شێوازێکی ئاشکراو دەسەڵاتی بەکارهێنانی هونەری نووسینی گونجاوی بۆ هەر ژانرێك تێدا نەبێت بە دەستەوە نایێت.

رۆژنامەگەریی هەر لە رۆژی پەیدابوونییەوە تا ئێستا رەنگدانەوەی کۆمەڵگایە، رەنگدانەوەی رووداوو گۆڕانکارییەکانە هەروەها لە هەندێ کۆمەڵگادا زمانی گەلە، کە رابوردووی ئایندەی خۆی پێ دەردەبڕێت، بەشێکیشە لە رابوردوو مێژووی ئەو گەلە، زمانیش کە هۆکاری ئەو دەربڕینەیە دوور نییە لە گۆڕانکارییەکان. زمان ئەو مرۆڤەیە کە بەکاری دەهێنێت، بیرو

---

٢٩٣- د. إسامة عبدالرحيم علي، فنون الكتابة الصحفية والعمليات الادراكية لدى القراء، ص١٠٠.

هەست‌و حەزەکانی ئەوە، پێش ئەوەش ئەو ئامرازەیە کە دەتوانێت پێی ببێتە کەسێکی کاریگەر لە کۆمەڵگادا، هەر لەبەرئەوەش ڕۆژنامەنووس (بەرنارد لیڤن B. Levin) دەڵێت: "خراپی زمان دەبێتە هۆی خراپی بیر"[294].

ڕۆژنامەگەریی ڕۆڵێکی گەورەی لە گۆڕینی زمان دا هەیەو شێوازی نووسینەکە گیانێکی تازەی دەداتێ. هەر لەبەرئەوە (فیلیب گایار) دەڵێت: "بابەتێکی هەواڵی بە گشتی‌و ڕیپۆرتاژێك بە تایبەتی، نابێت گێڕانەوەیەکی وشك‌و بێ گیان بێت، بەڵکو دەبێت ئەو بابەتانە خوێنەران ببەنە ناخی ڕووداوەکانەوە. هەر لەبەرئەمەشە لە هەندێ گۆڤاردا نەبێت، ئەگینا شێوازێکی ڕۆژنامەوانیی یەکسان‌و یەکگرتوو نییە"[295]. لەگەڵ ئەمەشدا زمانی ڕاگەیاندن بە گشتی‌و زمانی ڕۆژنامەگەریی بە تایبەتی بە چەند سیمایەك دەناسرێت وەکو[296]:

١. وردی بەکارهێنانی وشە، چونکە بۆ هیچ مەبەستێکی دیکە بەکارناهێنرێت جگە لە واتاکەی.

٢. بەکارهێنانی وشەی (عامی)و هەندێ جاریش وشەی بێگانە.

٣. زمان تەنها بۆ ڕێك‌و پێکی بیری نووسەر بەکاردێت، کە بۆ ئیقناع کردن ئاراستەی خوێنەری دەکات. لەبەرئەوە ڕستەی کورت‌و ئاشکراو دوور لە ئەندێشەکاری بەکاردێنێت.

٤. شێوازەکەی بابەتییە، واتە ڕاستگۆییەکی بابەتی تێدایە، چونکە مەبەستی گواستنەوەی ڕاستییە، نەك تاقیکردنەوەیەکی کەسی.

٥. لێکچوون‌و هاوبەشی‌و گشتی لەم شێوازەدا هەیە، چونکە فاکتەری بناغەیی سەرکەوتنی هەر پەیامێکی ڕاگەیاندن لێکچوون‌و هاوبەشییە لە شارەزایی‌و هزرو بیردا.

---

٢٩٤- د. عبدالستار جواد، اللغة الاعلامية دراسة في صناعة النصوص الاعلامية وتحليلها، ط١، منشورات دار الهلال للترجمة، اربد – الاردن، ١٩٩٨، ص٢٩.

٢٩٥- ئومێد مەسعوودی، بنەماکانی داڕشتن لە میدیاکاندا، وەرگێڕانی مەجید ساڵح، بڵاوکراوەکانی بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان زنجیرە (٣)، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل١٣.

٢٩٦- وليد ابوبكر، بين لغة الادب ولغة الاعلام، مجلة الاقلام، العدد ٦، السنة التاسعة عشرة، حزيران ١٩٨٤، ص١٢.

٦. شێوازی رۆژنامەگەریی زیاتر توانای گۆڕینی هەیە، شێوازی رۆژنامەگەریی نەرمە، چونکە لەناو کۆمەڵگادا زۆر بەکاردێت. دەتوانین بڵێین شێوازی رۆژنامەگەریی شێوازێکی ژیرییە، نەك شێوازێکی (عاطفي).

رۆژنامەگەریی بە شێوەی پەخشان دەنووسرێت، پەخشانێك کە هەموو خوێندەوارێك تێی بگات، واتە سادەو روونو ئاشکرا بێتو لە زاراوەو وشەی نامۆو سەیر دوور بێت، هەروەها زۆر رەمەکیو بێ تامو بێ گیان نەبێت. هەر لەبەرئەوە شارەزایانی ئەم بوارە لە پۆلین کردنی پەخشاندا جێگایەکی تایبەت دەدەنە زمانی رۆژنامەگەرییو بە پەخشانی رۆژنامەگەریی ناو دەبەن، لەلایەن هەندێ لێکۆڵەرەوە پەخشانی رۆژنامەگەریی دوای پەخشانی هونەری دێت ئینجا پەخشانی سادە واتە زمانی ئاخاوتنی رۆژانە دێت[٢٩٧]. بەڵام لای هەندێکی دیکە پەخشان بەشێوەیەکی دیکە ریز بەند دەکرێت وەکو:

١. پەخشانی هونەری یان پەخشانی ئەدەبی.

٢. پەخشانی زانستی یان شێوەی نووسینی بابەتی زانستیو فەلسەفی.

٣. پەخشانی رۆژنامەگەریی، کە ئەو شێوەیە رۆژنامەو گۆڤاری جەماوەریو گشتی پێ دەنووسرێت.

٤. پەخشانی سادە، شێوەی ئاخاوتنی رۆژانەی خەڵکە[٢٩٨].

پەخشانی رۆژنامەگەریی لە جۆرەکانی دیکەی پەخشان جیادەکرێتەوە بەوەی کە پەخشانێکی سادەو روونو ئاشکرایە، واتاکەی لە روخساری وشەوە دێت، واتا وشە بە واتا فەرهەنگییەکەی بەکاردێت، چونکە هەموو خوێندەوارێك پسپۆڕو ناپسپۆڕ دەیخوێنێتەوە، لەبەرئەوە نابێت لە ئاستی ئەو خوێندەوارە بەرزتر بێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نابێت دابەزێتە ئاستی زمانی ئاخاوتنی رۆژانەی خەڵك، بەڵکو پێویستە ببێتە فاکتەرێك بۆ گۆڕینو پێش خستنی زمانەکە. بۆئەوەی زمانی رۆژنامەگەرییو راگەیاندن بە جوانی بەکاربهێنرێتو زمانەکە بتوانێت

---

٢٩٧- د. محمد سيد محمد، الاعلام واللغة، عالم الكتب، سلسلة البحوث الاعلامية، القاهرة – مصر، ١٩٨٤، ص١٠.

٢٩٨- د. عبدالستار جواد، اللغة الاعلامية دراسة في صناعة النصوص الاعلامية وتحليلها، ص٩.

ئامانجەکانی خۆی بپێکێت و کاریگەر بێت لەناو کۆمەڵگادا، ڕۆژنامەنووس (هوگسون F.W. Hodgson) لە کتێبی (پیشەسازی ڕۆژنامەگەریی نوێ)دا، دە ئامۆژگاری ئاراستەی ڕۆژنامەنووسان دەکات:

١. بەکارهێنانی وشەی کورت.

٢. دوور کەوتنەوە لە بەکارهێنانی وشەی بێگانەو ئەو وشانەی کە بە دەگمەن بەکاردەهێنرێن، (بەڵام ئەم دیاردەیە، ئیستا لە ڕۆژنامەگەریی کوردیدا زۆر باوە، هۆی ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی زمانی کوردی و ئەو بارودۆخەی گەلی کورد تێیدا دەژیت. هەروەها ڕەوتی جیهانگیریش کاریگەری خۆی لەم بوارەدا هەیە).

٣. دوورکەوتنەوە لە زۆر بەکارهێنانی ئاوەڵناو ئاوەڵکار.

٤. بەکارنەهێنانی ڕستەی زۆر درێژ.

٥. دوورکەوتنەوە لە بەکارهێنانی دۆخی کاری زۆر دەگمەن. باشتر وایە ئەگەر فرمان (کار) لە کاتێکدا بەکارهات، هەر لەو کاتەدا بەردەوام بێت. چونکە دەبێتە هۆی تێکدانی مێشکی خوێنەر.

٦. ئاگاداربوون لە بەکارنەهێنانی زاراوەی تایبەت بە کارو پیشەیێک.

٧. دوورکەوتنەوە لە بەکارهێنانی کەوانەو هەندێ شتی زیادە لە ڕووی خاڵبەندییەوە، چونکە دەبێتە هۆی تێکدانی خوێندنەوە.

٨. لابردنی دەستەواژەو قاڵبی ئامادەو ڕستەی کۆن، کە زۆر دووبارە دەبێتەوەو بۆتە شتێکی لاسایی.

٩. کەم بەکارهێنانی نیشانەی خاڵبەندی.

١٠. بەکارهێنانی پەرەگرافی کورت، چونکە نابێتە هۆی ماندوو بوونی مێشکی خوێنەر[٢٩٩].

زمانی ڕاگەیاندن بە گشتی و زمانی ڕۆژنامەگەریی، بەتایبەتی لە ڕووی بیرکردنەوەو زمانەوانییەوە کاریگەرییەکی یەکجار گەورەی لە ژیانی هەر نەتەوەیەکدا هەیە، چونکە دەبێتە

---

٢٩٩- د. عبدالستار جواد، اللغة الاعلامية دراسة في صناعة النصوص الاعلامية وتحليلها، ص٣٤.

هۆی ئاشکراو دیاربوونی بیرو گەشەسەندنی، هەروەها دەبێتە هۆی زیادکردنی شتی تازە لەسەر خەرمانی بیرو شێوەی دەربڕینی نوێ دروست دەکات. دیسان زمانی رۆژنامەگەریی لەگەڵ گۆڕانی سەردەمدا خۆی دەگۆڕێت، هەر چەندە گۆڕانی رێزمانی زۆر کەم روودەدات، بەڵام لە رووی فەرهەنگەوە ئەم گۆڕانە زیاتر خۆی دەنوێنێت. "گۆڕانکاری لە زماندا خاسیەتی زۆری هەیە، بەرزترین نموونەی زمان لە پاشەرۆژەکەیدایە، نەك لە رابوردووەکەی"[٣٠٠]. تەواوترین زمان ئەوەیە کە لە گەشەسەندندا درێژترین هەنگاوی هاویشتووە.

٣٠٠- د. عبدالعزيز شرف، لغة الحضارة وتحديات المستقبل، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة – مصر، ١٩٩٩، ص١٣٩.

## هونـەری هـــەواڵ

هەواڵ لە رووی زمانەوانییـەوە واتـە (دەنگوبـاس)، "وەك زاراوە لـە فەرهـەنگو ئـەدەبیاتی کوردییـدا بـۆ ١٥٥ سـاڵ زیـاتر بـەر لـە ئێستا دەگەڕێتـەوەو لـە شیعرێکی (مـستەفا بـەگی کوردی)دا ئاماژەی پێکراوە، کە دەڵێت:

"صەبا یارانی مەجلیس گەر هەواڵی من دەپرسن لێت

بڵێ کێشاویە مەیخانە دوو چـاوی بێچووە عەیـیاریّ"[301]

هـەروەها وشـەیەکی دیکـە بـۆ ئـەم مەبەسـتە بـەکاردێت ئـەویش (نووچـە)یـە، (نـوو - چێبوون)[302]، واتـە رووداوی تـازە. بەرامبـەر بـەم چـەمکە لـە زمـانی عەرەبیـدا چـەند وشـەیەك بەکاردێت وەکو (خبر) یان (نبأ)، هەروەها لە زمانی ئینگلیزیـشدا وشـەی (**Information**) بەکاردێت جگە لە زاراوەی (**News**) کـە ئاماژەیـە بـۆ هـەر چـوار ئاراسـتە: بـاکوور **North**، رۆژهـەڵات **East**، رۆژئـاوا **West** و باشـوور **South**، بۆیـە ئـەم چـەمکە جێگـای خـۆی گرتۆتەوە[303]. بۆچوونێکی تریش دەربارەی زاراوەی (**News**) هەیە، کـە بـۆ وشـەی (**Neowe**) دەگەڕێتەوە کە لە زمانی ئینگلیزی کۆندا واتای نوێ دەدات[304].

هەواڵ ژانرێکی سەرەکی رۆژنامەگەرییـە، هـەموو هۆکارەکـانی راگەیانـدن، وەکـو رادیـۆو تەلەفزیۆنو رۆژنامەگەریی‌و ئینتەرنێت، گرنگییەکی یەکجار گەورە بـەم هونـەرە دەدەن. هـەواڵ

---

٣٠١- هەڤاڵ ئەبوبەکر حسەین، چەشنە ئـەدەبیو رۆژنامەنووسییەکانیو رەنگدانـەوەیان لـە "ژیـانو ژین"دا، بنکەی ژین، سلێمانی ٢٠٠٧، ل١٥٨.

٣٠٢- دەنیس دارگول، میدیاو بەرنامەڤانی، چ١، دەزگەها سپێرێز یا چاپو وەشانێ، چاپخانەیا حەجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٦، ل٩٧. هەروەها گۆڤاری هاوار، ژ٢٧، ل١٢.

٣٠٣- د. سـعيد محمـد السـيد، د. حسن عمـاد مكـاوي، الاخبـار الاذاعيـة والتلفزيونيـة، مركـز جامعـة القاهرة للتعليم المفتوح، القاهرة - مصر، ٢٠٠٢، ص٢٠.

٣٠٤- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

أ. د. فلاح كاظم المحنة، د. سؤدد القادری، الفنون الاذاعية والتلفزيونية، جامعة بغداد، كلية الاداب، قسم الاعلام، (ب.ت)، ص١٢١.

ب. د. يوسف مرزوق، الخدمة الاخبارية في الاذاعة الصوتية، دراسات اعلامية، ١٩٨٦، ص٢٩.

پێداویستییەکی ڕۆژانەی خەڵکە، گرنگیو بایەخدان بە هەواڵ لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە، بەپێی ئاستی زانستیو ئابووریو سیاسیو ئایدۆلۆژیو کارو تەمەنو ڕەگەزەوە دەگۆڕێت. هەروەها لە ڕووی ئابوورییەوە، ئەم هونەرە بووە بە کالایەکی بازرگانی، چەندین ئاژانسی گەورەی تایبەت بۆ کۆکردنەوەو فرۆشتنی هەواڵ لە جیهاندا دامەزراونو بە هەزاران کەس لەم پیشەیەدا کاردەکەن.

دەربارەی پێناسەو چەمکی هەواڵ جیاوازییەکی گەورە لە ئارادایە، چونکە هەر کەس بەپێی نیگای تایبەتی خۆیو لە گۆشەیەکی تایبەتییەوە سەیری ئەم ژانرە دەکات، بەپێی ئەو دیتنو بۆچوونە چەمکێکی لەلا دروست دەبێتو لەبەر ڕۆشنایی ئەو چەمکە دەتوانێت پێناسەی هەواڵ بکات. دیسان خاڵێکی دیکەی گرنگ هەیە، کە پەیوەندی بە چەمكو پێناسەکردنی هەواڵەوە هەیە، ئەویش گۆڕانی کاتو شوێنە، واتە ژیان لە گۆڕانێکی هەمیشەدایەو ئەو گۆڕانە لە هەموو وڵاتێك یان جێگایەك وەکو یەك نییە، ژیان قۆناغ بە قۆناغ دەگۆڕێت، ئەم گۆڕانە کار دەکاتە سەر پێناسەو چەمکی هەواڵ. لەبەر ئەو هەموو هۆیانە پێناسەکردنی هەواڵ کارێکی ئاسان نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، هەر لە کۆنەوە پسپۆڕو شارەزایان هەوڵیان داوە پێناسەی ئەم ژانرە ڕۆژنامەگەرییە بکەن. کۆنترین پێناسە کە بۆ هەواڵ کرابێتو بە دەستمان گەیشتبێت، ئەو پێناسەیە، کە لۆرد نورس کلیف لە ساڵی ١٨٦٥ بلاوی کردۆتەوەو دەڵێت: هەواڵ وروژاندنو دورکەوتنەوەیە لە شتی باو[٣٠٥]. نموونە بۆ ئەمە هەر ئەو وتە بەناوبانگەیە، کە دەڵێت: "ئەگەر سەگێك پیاوێکی گەست، هەواڵ نییە، بەڵام ئەگەر پیاوێك سەگێکی گەست ئەوە هەواڵە". ئەمە وتەی نووسەرێکی بەناوبانگی ڕۆژنامەی (Newyork Sun)ـە[٣٠٦]. ئەوەی لەم پێناسەیەدا جەختی لەسەر کردووە ڕەگەزی وروژاندنو سەرنج ڕاکێشانە.

لیژنەی نێودەوڵەتی بۆ لێکۆڵینەوە لە گیروگرفتەکانی ڕاگەیاندن، کە بە لیژنەی (ماکبراید) ناسراوە، دەربارەی پێناسەی هەواڵ دەڵێت: "ئەو هەواڵانەی کە بلاودەکرێنەوە ڕەنگدانەوەی

---

٣٠٥- د. سليمان صالح، صناعة الاخبار في العالم المعاصر، ط٢، دار النشر للجامعات، القاهرة – مصر، ١٩٩٨، ص٢٠.

٣٠٦- جون ماكسويل هاملتون وجورج أ. كريمسكی، صناعة الخبر في كواليس الصحف الامريكية، ترجمة احمد محمود، ط١، القاهرة – مصر، ٢٠٠٠، ص٨١.

ریالیستو بیروباوەڕی ئەو کۆمەڵگایەن، کە تیایدا بلاّودەکرێنەوە"[٣٠٧]. دیسان لیژنەی ناوبراو لەبارەی هەواڵەوە دەنووسێ: "هەواڵ ئەبێ بەخێراییو دوا بەدوای قەومانی رووداوەکە بلاّوببێتەوەو بۆ هەموانیش سەرنجڕاکێش بێتو زانیاری نوێی تێدا بێتو کاریگەر بێت، لە هەمان کاتیشدا تایبەتمەندییەکانی کەلتووری کۆمەڵگا، بلاّوبکاتەوە"[٣٠٨]. واتە سیستەمی سیاسیو کۆمەڵایەتی رۆشنبیری رۆڵێکی گەورە لە دەستنیشانکردنی هەواڵەکان، ئەوانەی بلاّودەکرێنەوە یان بلاّوناکرێنەوە دەبینێت.

پێناسەیەکی دیکە دەربارەی هەواڵ دەڵێت: "ڕووداو گەلی نوێ کە بایەخیان هەبێ بۆ ژیانی خەڵکو، لە رۆژنامەی رۆژانە، یان ناوناوەییدا بلاّوبکرێنەوە یان لە رادیۆدا لێ بدرێن. لەوانەیە هەواڵ ناوچەیی بێت، یان هەرێمایەتی، یان نەتەوەیی یان نێودەوڵەتی بێت، یان ئەوەتا پێوەندی بە بوارێکی تایبەتی وەك ئەدەبو هونەرو وەرزشەوە هەبێت"[٣٠٩]. ئەوەی لەم پێناسەدا جەختی لەسەر دەکات ئەوەیە، کە هەواڵ رووداوێکە، بەلاّم ئەوەی راستی بێت هەواڵ گەیاندنو راگەیاندنی رووداوە، هەروەکو (میچل. وی چارنلی دا) مامۆستای رۆژنامەنووسی لە زانکۆی مینسووتای ئەمریکی لە کتێبی (پەیامنێری Reporting)دا دەڵێت: "هەواڵ باسێکی شیاوو کورتکراوەی، وردی رووداوێکە، نەك رووداوەکە خۆی"[٣١٠]. هەروەها ئایدۆلۆژیەتی جیاواز دەبێتە هۆی جیاوازی لە چەمكو پێناسەی هەواڵدا، بەلاّم لە رۆژئاوادا زۆربەی زانایانی ئەم بوارە لەسەر ئەو چەمکە کۆکن کە لەگەڵ گەشەکردنی رۆژنامەگەریی میللی دروستبووە، کە (چارلزدانا)ی سەرنووسەری رۆژنامەی نیویۆرك سەن لە نێوان ساڵانی ١٨٦٩ – ١٨٩٧ دا پێناسەی کردووەو دەڵێت: "هەواڵ هەر شتێکە کە بایەخی بۆ زۆرینەی خەڵك هەبێت لە کۆمەڵگای ناوخۆیی دا Community، کە پێش ئەو کاتە پێی نەزانرا بێ"[٣١١]. هەندێك لە

---

٣٠٧- د. سعيد محمد السيد، د. حسن عماد مكاوي، الاخبار الاذاعية والتلفزيونية، ص١٥.

٣٠٨- بەختیار کەریمی، بەرەو رۆژنامەوانیی مۆدێرن، چ١، دەزگای توێژینەوەو بلاّوکردنەوەی موکریانی، هەولێر – کوردستان، ٢٠٠٦، ل١٤.

٣٠٩- بەدران ئەحمەد حەبیب، فەرهەنگی زاراوە گەلی راگەیاندن، چ١، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کوردستان، هەولێر، ٢٠٠٥، ل١٠٨.

٣١٠- بەختیار کەریمی، بەرەو رۆژنامەوانیی مۆدێرن، ل١٢.

٣١١- د. سعيد محمد السيد، د. حسن عماد مكاوي، الاخبار الاذاعية والتلفزيونية، ص١٦.

نووسەران بە بۆچوونێکی پیشەیی‌و دەروونی بۆ ئەم بابەتە دەچن‌و پێناسەی هەواڵ دەکەن، وەکو (جیرالد. و. جونسون)، کە لە رۆژنامەی (Evening Sun) کاری دەکرد، کە لە بولیتمور لە ویلایەتی میریلاندی ئەمریکی دەردەچوو، دەڵێت: "هەواڵ ئەو جۆرە گەیاندنەی ئەو رووداوانەیە کە رۆژنامەنووسی پلە یەك خۆی بەختەوەر دەزانێت لە نووسین‌و بڵاوکردنەوەی دا"[312].

پێناسەیەکی دیکە رەچاوکردنی یاسا لە نووسینی هەواڵدا دەکاتە خەسیەتێکی هەواڵ‌و دەڵێت: "هەواڵ شێوەیەکە لە گوزارشتکردنی رۆژنامەنووسی بە پێی یاساو رێسای دیاریکراو، بە واقیع‌و رووداو زانیارییە نوێیەکان ئاشنامان دەکەن"[313]. هەروەها نووسەری کتێبی (هەواڵ) (فەرناندۆ ترۆ) کە سەرۆك‌و مامۆستای ئەنستیوتی چاپەمەنیەکانی زانکۆی پاریس بووە، پێناسەی هەواڵ دەکات‌و دەنووسێت: "هەواڵ گوزارشتە لە بڵاوکردنەوەیەکی ئۆرگانیزەکراوانەی پرۆسێسی رووداوو ئاگاداری‌و زانستە مرۆییەکان‌و گوێزانەوەی بیروباوەڕو رای گشتییە"[314].

چەمکی هەواڵ لەبەر رۆشنایی تیۆری بەرپرسیاری کۆمەڵایەتی، کە لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا لە ئەوروپا سەری هەڵداوە، لەو پێناسەیەدا دەردەکەوێت، کە (ئیدگاردیل) کە بۆ ماوەیەکی درێژ راوێژکاری رۆژنامەگەریی رێکخراوی یونسکۆ بووە، پێشکەشی کردووە، ئەو پێناسەی هەواڵ بەپێی رادەی کاریگەری لەسەر خوێنەر دەکات ئاخۆ چەند ئارەزووی خوێنەر لە بواری زانستیدا تێر دەکات‌و کێشەیەك یان نهێنییەك یان دۆخێکی نائاسایی‌و سروشتی پێشکەش بە خوێنەر دەکات‌و یارمەتیی خوێنەر دەدات بۆ ئەوەی هەستی راستەقینەی خۆی دەربارەی ئامانجەکانی خەڵکی دیکە بزانێت[315]. خاڵێکی دیکەش دەبێتە بناغە بۆ پێناسەی هەواڵ ئەویش راستییە، واتە راستی رووداوەکە. لەم بارەیەوە نووسەری ئێرانی (یونس شکرخواه) لە کتێبی (هەواڵ)دا دەڵێت: "هەواڵ دەربڕینی راستییە، بەڵام ناتوانین هەموو راستییەك

---

٣١٢- ف. فريزر بوند، مدخل الى الصحافة، ترجمة راجى صهيون، مؤسسة أ. بدران وشركاه، بيروت- لبنان، ١٩٦٤، ص١١٨.

٣١٣- د. محەمەد ئەلدوربی، رۆژنامەگەری‌و رۆژنامەنووسی هاوچەرخ، ل١٣٠.

٣١٤- فریبا سەیاد – د. عەلی ئەکبەر فەرهەنگی، نەریتی رۆژنامەوانی، وەرگێڕانی کارزان محەمەد، وەزارەتی رۆشنبیری –بەڕێوەبەرایەتی چاپ‌و بڵاوکردنەوەی سلێمانی زنجیرە (٤٤٥)، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل٢٢.

٣١٥- علي محمود، الصحافة مهنة، ط١، مكتب علاءالدين للطباعة والتصاميم، الموصل – العراق، ٢٠٠٦، ص٤٧.

نـاوبنێین هـەواڵ"[٣١٦]. ئامـانجی ئـابووریو سـوودی بازرگـانی خـاڵێکی گرنگـە لـە جیهـانی ڕۆژنامـەگەریـدا لەبەرئـەوە دەبیـنین گرنگییێکـی گـەورە بـەم خاڵـە دەدرێتو لـە پێناسـەکردنی هەواڵیـشدا ئـەم خاڵـە فـەرامۆش نـەکراوە، هـەر وەکـو لـە پێناسـەی (مـاك دونگـال Mac Dongall)دا هاتووە، دەڵێت: "هەواڵی ڕۆژنامـەگەریی ڕاپۆرتێکە دەربارەی ڕووداوێکی دەست نیـشانکراو. ڕۆژنامـە، بڵاوکردنـەوەی هـەواڵ وەکـو هۆکـارێکی سـوودی مـادی دەبینێـت"[٣١٧]. بێگومـان چەمكو پێناسەی هەواڵ لەنێوان ڕاگەیاندنی وڵاتـانی ڕۆژئـاوا (سیـستەمی لیـبراڵ)و ڕاگەیانـدنی وڵاتـانی ڕۆژهـەڵات (سیـستەمی سوسیالیـستی) دەگۆڕێـت. هـەواڵ لـە وڵاتـانی سوسیالیستی دا، ئەوەیە کە خزمـەتی بەرژەوەندییـەکانی چینـی کرێکـاران بکـاتو پـشتیوانو هاندەربێت بۆ دەستکەوتەکانی سوسیالیست"[٣١٨]. لە وڵاتانی ڕۆژئـاوادا زۆر گرنگـی بـە ڕەگـەزی کات دەدەن، پێشبڕکێ لە بڵاوکردنەوەی هەواڵدا دەکەن، بەڵام لە وڵاتانی سوسیالیـستی دا ئـەم ڕەگەزە زۆر گرنگ نییەو لەلای ئەوان ئـەم خاڵـە نـەریتێکی بورجوازییـە. لـە ڕۆژئـاوا چـەندێتی فرۆشتنی ڕۆژنامە خاڵێکی بناغەییە، لەم بارەیەوە مامەڵە لەگەڵ ڕۆژنامـە دەکرێـت، هـەروەکو پرۆژەیەکی بازرگانییەو ئامانجی سوودی داراییە، بـەڵام لـە وڵاتـانی سوسیالیـستی دا ڕۆژنامـە مـولکی حکومەتـەو گرنگـی بـە سـوودی ئـابووری نادرێـت، بـەڵکو ڕۆژنامـە هۆکارێکـە بـۆ پڕۆپاگەندەی حکومەتو دەستکەوتەکانی. هەر لەبەرئەوە، ئەوان پێناسـەی تایبـەتی بەخۆیانـەوە هەیە، کە لەگەڵ ئایدۆلۆژیاو بیروبۆچوونیان دەگونجێتو لە پێناسەی هەواڵدا دەڵێن: "هەواڵ ئەو شـتەیە، کـە خزمـەتی بەرژەوەندییـەکانی ئێمـە دەکـات"[٣١٩]. هەنـدێ نووسـەر بـە بۆچـوونێکی پیشەیی پێناسەی هەواڵ دەکەن وەکو (جلال الدين الحمامصي) کە دەڵێت، ئەگـەر ئێمـە بـزانین هەر شتێك لە هەر ڕۆژنامەیەکدا دەنووسرێت، ئەو شتە لە تۆوێك (بژرە) دروست بـووە، بـەبێ مشتو مڕ ئەو بەشەی کە ئەم تویەی لێدەردەچێت لە هەموو بەشەکان گرنگترە. مەبەستی ئێمـە لـەو بەشـە (بەشـی هـەواڵ)ـە، چـونکە تـۆ پیتێکـی نووسـراو لـە ڕۆژنامـەدا نـابینی ئەگـەر

---

٣١٦- سەرکەوت پێنچوینی، قاڵبەکانی داڕشتنی هەواڵ لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا لە ساڵی ٢٠٠٠دا، گۆڤاری ڕۆژنامەڤانی، ژمارە (٥) ساڵی دووەم، کۆتایی ئاب ٢٠٠١، هەولێر، ل١٩٠.

٣١٧- د. عبداللطيف حمزة، المدخل في فن التحرير الصحفي، ط٤، دار الفكر العربي، ص٥٧.

٣١٨- د. سعيد محمد السيد، د. حسن عماد مكاوي، الاخبار الاذاعية والتلفزيونية، ص١٧.

٣١٩- د. ابراهيم إمام، دراسات في الفن الصحفي، ص٩٨.

سەرچاوەکەی ئەو تیۆەی نەبێت[٣٢٠]. هەروەها پێناسەی هەواڵ لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوودا یان ئەوانەی کە لە کاتی خۆی دا پێیان دەگوترا جیهانی سێیەم جیاوازە چونکە سیستمی کۆمەڵایەتی‌و سیاسی‌و ئابووری لەو وڵاتانەدا جیاوازە. لەبەرئەوە چەمکی هەواڵ لەلایەن ئەوانەوە، ئەوەیە "هەواڵ راپۆرتێکە بە وردی‌و بابەتی پەسنی رووداوێك یان فەومانێك یان بیرێك دروست دەکات، کە پەیوەندی بە بەرژەوەندییەکانی گەورەترین ژمارەی خوێنەران هەیە، سەرنجیان رادەکێشێت بە قەدەر بەشداریکردنی لە گەشەکردن‌و پێشخستنی کۆمەڵگادا"[٣٢١].

هەروەك لەسەرەوە ئاشکرا بوو پێناسەکردنی هەواڵ بەیەك پێناسە، کە جێگای متمانەو رازی بوونی هەموو لایەنێك بێت کارێکی قورس‌و گرانە، گۆڤاری (کولییر)ی حەفتانەی ئەمریکی سمینارێکی بۆ ژمارەیەکی زۆر لە رۆژنامەنووسان بەست، بۆ ئەوەی پێناسەیەکی دروست بۆ هەواڵی رۆژنامەگەریی دابنێن‌و بیدەنە گۆڤارەکە. بەڵام بەشداربووانی سمینارەکە، لەم بوارەدا زۆر جیاوازبوون، ئینجا گۆڤارەکە دەرچوو و لە جیاتی یەك پێناسە ژمارەیەکی زۆر لە پێناسەی هەواڵی تێدابوو[٣٢٢]. لەلای هەندێ نووسەر پێناسەی هەواڵ بەشێوەیەکی وردو پوختە کارێکی زەحمەتە لەبەرئەوە بە چەند سیفەتێك، چوارچێوەیەك بۆ هەواڵ دەستنیشان دەکەن، وەکو (توماس بیری) کە لەم بارەیەوە دەڵێت: هەر بابەتێك شایانی بڵاوکردنەوە بێت پێویستە پێنج تایبەتمەندێتی تێدا بێت" بایەخدار بێت بۆ خوێنەر، بە تەواوەتی دروست بێت، نوێ‌و نێزیك‌و نامۆ بێت[٣٢٣].

خاڵێکی دیکەی گرنگ هەیە پێویستە ئاماژەی بۆ بکرێت، ئەویش شارەزایی‌و زانینی کارمەندانی راگەیاندنە بە گشتی‌و رۆژنامەگەریی بە تایبەتی لەبارەی رەچاوکردنی دۆخی سایکۆلۆجی‌و سوسیولۆجیای خوێنەرەوە، چونکە چەند شارەزایی لەم بوارەدا زیاتر بێت سەرکەوتنی رۆژنامەکەو فرۆشتنی زۆرتر دەبێت، بە پێچەوانەش بێت ئەوا ئەنجامەکانی زیان

---

٣٢٠- عزيز السيد جاسم، مبادىء الصحافة في عالم المتغييرات، دار افاق عربية، بغداد، ١٩٨٥، ص١١٠.

٣٢١- د. سليمان صالح، صناعة الاخبار في العالم المعاصر، ص٢٤-٢٥.

٣٢٢- د. عبداللطيف حمزة، المدخل في فن التحرير الصحفي، ص٥٨، هەروەها بڕوانە: د. ابراهيم امام، دراسات في الفن الصحفي، ص٩٦.

٣٢٣- عدنان عبدالمنعم ابو السعد، تطور الخبر وأساليب تحريره في الصحافة العراقية منذ نشأتها حتى سنة ١٩١٧، وزراة الثقافة والاعلام، دائرة الشؤون الثقافية والنشر، بغداد، ١٩٨٣، ص٣٥.

بەخش دەبن بۆ ڕۆژنامەکە. بەڵام ئەو لێکۆڵینانەی، کە بە ناوی (Agenda Setting) ناسراون، بۆچوونیان لەسەر ئەم بابەتە جیاوازەو ئەوان داکۆکی لەسەر ئەوە دەکەن، کە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن ئاراستەو بایەخ پێدەوەکانی خەڵك دەست نیشان دەکەن‌و هەڵوێست دروست دەکەن[٣٢٤].

بێگومان هەموو هەواڵێك بە یەك ڕادە گرنگ‌و سەرنج ڕاکێش نییە بۆ هەموو تاکێك یان هەموو گروپێك یان هەموو کۆمەڵگایەك، چونکە هەر تاکێك یان گروپێك یان کۆمەڵگایەك خاوەن تایبەتێتی خۆیەتی، هەموویان یان هەندێکیان بەو تایبەتێتییانە جیاوازن لە ئەوانەی دیکە. هەر ئەم خاڵەش دەبێتە هۆی ئەوە کە هەر ڕۆژنامەیەك بە پێی پسپۆری‌و ئایدۆلۆژیاو ئاراستەی خۆی زیاتر لەوانەی دیکە گرنگی بە هەندێك هەواڵ دەدات‌و هەندێ جاریش هەندێ هەواڵ فەرامۆش دەکات. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چوار فاکتەر هەیە بۆ دیارکردنی گرنگی‌و بایەخی هەواڵ[٣٢٥]:

١. نوێیاتی هەواڵ: خوێنەر هەمیشە حەزی لە زانیاری‌و هەواڵی نوێیە، لەم سەردەمەدا تەکنۆلۆژیای ڕاگەیاندن ئەوەندە پێشکەوتووە، لەگەڵ ئەوەی شتێ ڕوودەدا، یەکسەر دەگاتە خەڵك، هەواڵی دوێنێ‌و پێشووتر گرنگی نامێنێت. هەر لەبەرئەوەش دەتوانین بڵێین دوور نییە "وشەی Journalism لە وشەی Diurnalis ی لاتینی، کە بەواتای ڕۆژانە Daily دێت، دروست کرابێت"[٣٢٦].

٢. نێزیکایەتی: هەموو مرۆڤێك زیاتر بایەخ‌و گرنگی بە ڕووداوەکانی کۆمەڵگای خۆی دەدات، زیاتر لەوانەی کە دوورترن، بۆ نموونە ڕاگرتنی هاتووچۆ لە شەقامێکی شاری هەولێر بۆ کەسێکی هەولێری لە بوومەلەرزەیەك یان لافاوی وڵاتێکی دیکە گرنگترە.

---

٣٢٤- د. سعيد محمد السيد، د. حسن عماد مكاوي، الاخبار الاذاعية والتلفزيونية، ص١٦.

٣٢٥- ف. فريزر بوند، مدخل الى الصحافة، ترجمة راجى صهيون، ص١٢٠.

٣٢٦- د. عبدالستار جواد، فن كتابة الاخبار، ص٤٧.

٣. قەوارەو ئاست: هەر ڕووداوێك قەوارەو ئاستی تایبەتی خۆی هەیە: ڕووداوی بچوك هەیە، هەروەها ڕووداوی گەورەش هەیە، بەڵام ڕووداوەکە چەند گەورەتر بێت ئەوەندە زیاتر سەرنج ڕاکێشان‌و بایەخی دەبێت، بۆ نموونە ئەگەر ڕووداوێکی هاتووچۆ قەوماو زیانی نەبوو، یەکێکی دیکە ڕوویداو زیانی گەورەی لێ کەوتەوە، بێگومان ئەوەی دووەم بۆ خوێنەر گرنگتر دەبێت هەروەها ئەگەر ڕووداوێك بەسەر کەسێکی ئاسایی هات، وەکو ئەو ڕوویداوە نابێت کە بەسەر کەسێکی ناودار یان بەرپرسێك دێت.

٤. گرنگی: هەموو هەواڵێك گرنگی خۆی هەیە، بەڵام ئەوەی زیاتر سەرنج ڕاکێش بێت‌و پەیوەندی بە ڕای گشتی‌و بەرژەیەکی زیاتری خەڵکەوە هەبێت بێگومان ئەو هەواڵە گرنگترەو ڕۆژنامە جێگایەکی تایبەتی بۆ تەرخان دەکات‌و بەناونیشانێکی گەورە دەینووسێت.

خاڵێکی دیکە هەیە، پێویستە ئاماژەی بۆ بکرێت، دوور نییە ڕووداوێك زۆر سەیرو نامۆ بێت، بەڵام گرنگ نەبێ‌و هیچ کاریگەرییەکی لەسەر ژیان‌و هەڵوێست‌و بیری خەڵك نەبێ.

## رەگەزەکانی هەواڵ News Elements

رەگەزەکانی هەواڵ کۆمەڵە خەسڵەتێکی هەواڵیان پێ جیادەکرێتەوە، "هەروەکو لێکۆڵەرەوان لە پێناسەی هەواڵدا ناکۆکن، ئاواش لە ژمارەی رەگەزەکانی هەواڵو چەمکەکانیان جیاوازن، لەوانەیە ئەم ناکۆکییە بۆ فاکتەرە ئایدۆلۆژییەکان بگەڕێتەوە"[٣٢٧]. گرنگترین رەگەزەکانی هەواڵ ئەمانەن:

١. نوێیاتیو هەنوکەیی: پێویستە هەواڵ نوێ بێتو لەگەڵ رووداوەکاندا گەشەبکات.

٢. بەرژەوەندی یان سوود: باشترە هەواڵ گرێدای بەرژەوەندی توێژێکی گەورەی کۆمەڵ بێت.

٣. کات: هەر هەواڵێك کاتی تایبەتی بڵاوکردنەوەی خۆی هەیە، شارەزایی رۆژنامەگەریی ئەوەیە، کە دەزانێت کاتی بڵاوکردنەوەی هەر هەواڵێك دەست نیشان بکات. چونکە پێویستە هەواڵ لە کاتی گونجاوی خۆیدا بڵاوبکرێتەوە.

٤. قەبارە: هەواڵی گەورە ئەو هەواڵەیە، کە جێگای بایەخو گرنگی پێدانی زۆرترین ژمارەی خوێنەران بێت.

٥. سەرنج راکێشان (مەرەقداری): هەواڵی سەرنج راکێش ئەو هەواڵەیە، کە پاڵ بە خوێنەرەوە دەنێت بۆ ئەوەی هەواڵەکە بە وردی بخوێنێتەوەو بە ناوەڕۆکەکەیدا بچێتەوە.

٦. ململانێ (زۆرانبازی): هەواڵی رۆژنامەگەریی ئەو هەواڵەیە، کە ململانێیەکی تێدایە. مەبەست لە ململانێ هەبوونی رەگەزی درامایە لە هەواڵدا، ئەم جۆرە هەواڵە زیاتر بڵاودەبێتەوە.

٧. رکەبەری – بەڤلداری (منافسة): رکەبەری شێوەیەکی درامایە لە ژیانی مرۆڤایەتیدا. ئەم جۆرە لە پێشبرکێو یارییەکانی وەرزشیدا خۆی دەنوێنێت، ئەمەش سەرنجی خوێنەران را دەکێشێت.

٨. پێشبینی یان ئەنجام: ئەم رەگەزە گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ خوێنەران وەکو چاوەڕێکردنی ئەنجامی هەڵبژاردنێك یان تاقیکردنەوەیەك.

---

٣٢٧- د. فاروق ابو زيد، فن الخبر الصحفي، ط٢، عالم الكتب، القاهرة – مصر، ١٩٩٢، ص٨٧.

٩. سەیرو نامۆ: ئەگەر هەواڵ بریتی بێت لە شتی سەیر دەبێتە جێگای خۆشحاڵی خوێنەران، هەروەها هەواڵی قەدەغەکراوو نامۆ زیاتر سەرنجی خوێنەر رادەکێشێت.

١٠. ناوبانگی – ناسراویی: ئەگەر هەواڵ دەربارەی سەرۆکی دەوڵەت بێت یان کەسێکی ناسراو لەسەر ئاستی جیهان یان کۆمەڵ بێت، ئەو هەواڵە زیاتر سەرنجی خوێنەر رادەکێشێت، واتە چەند کەسانی ناو رووداوەکە ناسراوو بەناوبانگتربن، هەواڵەکە زیاتر بڵاودەبێتەوە.

١١. گرنگی پێدانەکانی مرۆڤایەتی: رەگەزی مرۆڤایەتی لە هەواڵدا ئەوەیە کە ویژدانی مرۆڤ دەهەژێنێت‌و دەبێتە هۆی ئەوە کە خوێنەر بەزەیی ببزوێ.

١٢. بایەخداری: ئەگەر ژمارەیەك لە رەگەزەکانی سەرەوە لە هەواڵێکدا کۆبوونەوە، ئەو کاتە هەواڵەکە دەبێتە شتێکی گرنگ‌و بایەخدار.

١٣. وروژاندن: چەند هەواڵ بتوانێت خوێنەر بوروژێنێت ئەوەندە گرنگ دەبێت‌و خوێنەر بۆ خۆی رادەکێشێت[٣٢٨].

گواستنەوەو هەڵبژاردنی هەواڵ کارێکی سووك‌و ئاسان نییە، پێویستی بە وردەکارییەکی زۆر هەیە. جا بۆ ئەوەی هەواڵەکە راستگۆو کاریگەرو سەرنج راکێش بێت، پێویستە چەند مەرجێکی تێدا بێ لەوانە:

أ. رووداوەکە رووی دابێ، واتا چالاکی‌و رووداوەکە واقیعی‌و راست بێت.

ب. ئەوەی روویداوە کاتێکی زۆری بە سەردا نەچووبێ، چەند رووداو و چالاکییەکە تازە بێ، کاریگەریی زیاتر دەبێ.

ج. بایەخ بەو رووداوانە بدرێت، کە پەیوەندیدارن بە ئێش‌و ئازارو ویست‌و ئارەزووو داواکارییەکانی خەڵکەوە.

د. رووداوەکە یا چالاکییەکە سەرنج راکێش بێ‌و هۆکارەکانی وروژاندنی تێدا بێت، بەشێوەیەك دابڕێژرێ هۆش‌و هەستی گوێگرو خوێنەرو بینەر رابکێشێ‌و کاریان تێبکا[٣٢٩].

---

٣٢٨- علي محمود، الصحافة مهنة، ص٤٨-٤٩.

٣٢٩- خالید بەکر ئەیوب، هەواڵ‌و هەواڵنوس لە کورتە باسێکدا، گۆڤاری رۆژنامەڤانی، ژمارە (١٠) ساڵی سێیەم پایز، زستانی ٢٠٠٣، هەولێر، ل١٤٢-١٤٣.

# بنەماکــانی هــەواڵ

هـەواڵی رۆژنامەگـەریی بۆئـەوەی توکمـەو تـەواو بێـتو هـیچ گومـانێـك لـە تێگەیـشتنی خوێنەردا دروست نەکات، پێویستە چەند بنەمایـەکی تێـدا هـەبێ. بنـەماکانی هـەواڵ وەڵامـی پرسیارەکانی خوێنەر دەداتەوە وەك ئەوەی کـە رووداوەکـە چـۆن رووی داوەو هـۆی روودانـی چـی بووە؟

سەرچاوە تیۆرییەکانی رۆژنامەگەریی لەم رووەوە ئاماژە بە (شـەش) بنـەما دەکـەن، کـە لـە تـوێی گوزارشـتی پرسـیاردان... واتـە بـۆ تێرکردنـی وەرگـرو وەڵامدانـەوەی پرسـیارە چاوەڕوانییەکانی، پێویستە هەواڵ وەڵامی بۆ ئـەو پرسـیارانەی پـێ بێـت، کـە بنـەرەتی هـەواڵ پێکـدەهێنن، ئـەوانیش بـریتین لـە" (کـێ Who؟ چـی What؟ لـە کـوێ Where؟ کـەی When؟ بۆچـی Why؟ چـۆن How؟). لـە ئـەدەبیاتی رۆژنامەگەریـدا ئـەم بنەمایانـە بـە (5WS+H) ناسراون. بەرجەستەکردنی بنەماکانی هەواڵ دەبێتە هۆی دروستبوونی گەورەترین کاریگەر لەسەر وەرگر. دەربـارەی سـەرهەڵدانی ئـەم بنەمایانـە، هەنـدێك لـە لێکۆڵـەرەوان بـۆ فەیلەسوفەکانی گریکی وەکو: ئەندوکیـد، لیـسی، سـوقراتو دیوسـتن دەگەڕێنـەوە، کـە ئـەوان جەختیان لەسەر ئەوە کردووە، کە پێویـستە قـسەکەر وەڵامـی پرسـیارە گرنگـەکانی بابەتـەکەی خۆی بداتەوە، پاشان بە باشترینو جوانترین شێوە دایبڕێژێت[330].

توێژەرو رۆژنامەنووسی بەناوبانگ (دوشان سلاڤکوڤیچ) بەشێوەیەکی گـشتی سـەرهەڵدانی ئەم بنەمایانە بۆ (کیپلنگ)ی شاعیر دەگێڕێتەوە، کە لە یەکێك لە هۆنراوەکانیدا نووسـیویەتی هەموو شتێك بەهۆی گەڕانی بەردەوامەوە بۆ وەڵامدانەوەی ئەو شەش پرسـیارە دەربـارەی رووداو یان دیاردەیەك، فێربووە، پرسیارەکانیش ئەوانەن، کە ئاماژەمان پێدان[331].

بەڵام (دانیلو گلینـدەر) رەگو ریشە سەرەتاییەکانی ئەم بنەمایە بـۆ سـەدەی یەکـەمی پـێش زایـین دەگەڕێنێتـەوەو بەشـێوەیەکی وردتـر بـۆ (فـابی کیفنتلیانـا)ی نووسـەر لـە نووسـینی

---

٣٣٠- د. محمد الدروبي، الصحافة والصحفي المعاصر، ط١، المؤسسة العربيـة للدراسات والنشر، بيروت، ١٩٩٦، ص٩٣.

٣٣١- سەرچاوەری پێشوو، ل٩٣-٩٤.

(بنەماکانی وتووێژکردن)دا. بەپێی گلیندەر ئەم نووسەرە دەڵێت: ناکرێ بڕیار لەسەر هیچ رووداو یان دیاردەیەك بدرێت، تا وەڵامی ئەو پێنج پرسیارە نەدرێتەوە (کێ، بۆچی، لەکوێ، چۆن، کەی)، بەڵام بنەمای (٥WS)، کە ئەمڕۆ لەسەر رۆژنامەگەریی (ئەنگلۆ — ئەمریکی) تۆمارکراوە، بەپێی زۆربەی لێکۆڵینەوە مێژووییەکانی رۆژنامەگەریی بۆ (مامۆستا ئیدوین لی شومان) دەگەڕێتەوە، کە یەکەمین کتێبی زانکۆیی پسپۆری بۆ خوێندکارانی رۆژنامەگەریی لەو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ساڵی ١٨٩٤ دا بەناونیشانی (رۆژنامەگەریی پراکتیکی) دەرکرد. شومان لەم کتێبەدا جەختی لەوە کردەوە، کە کارەکانی رۆژنامەگەریی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، راستییە سەرەکییەکانی هەواڵ لە رستەی یەکەمدا دابنرێن.

پاشان لە ساڵی ١٩٠٣ دا (مامۆستا شومان) کتێبێکی دیکەی دەرکردو زۆر بە ئاشکرا ئەو پرسیارانەی دیاریکرد، کە پێویستە هەواڵ وەڵامیان بداتەوە، پرسیارەکانیش هەر ئەمانەن: کێ، چی، لەکوێ، بۆچیو ناوی لێنان (٥WS)[٣٣٢]. چونکە هەر پێنج پرسیار بەپیتی (W) دەست پێدەکەنو پرسیاری شەشەمیش بە پیتی (H) لەبەرئەوە هەندێ جار بەم شێوەیە (٥WS+H) دەنووسرێن.

### ١. کێ : Who؟

لەم بنەمایەدا دەبێ ئەوە بخرێتە بەرچاو، ئەو رووداوەی کە روویداوە چ شتێك یان کەسێك بووەتە هۆی دروست بوونی رووداوەکە. بۆ تەواوکردنی هەواڵەکە ئەبێ ناوو، ناوی باوك، تەمەنو شوێنی نیشتەجێ بوون، کارو ژمارەی منداڵەکانی تێدا بێ. "رەگەزی (کێ) هەموو کاتێك مرۆڤ نییە، لەوانەیە شتێك یان رێکخراوێك بێ. لەم حاڵەتەدا ئەبێ زانیاری تەواوی لەسەر باس بکرێ"[٣٣٣].

---

٣٣٢- سەرچاوەی پێشوو، ل٩٤.

٣٣٣- د. کازمی موعتەمەد نەژاد، رۆژنامەگەری، وەرگێڕانی مەجید ساڵح عەزیز، چ٢، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، ٢٠٠١، ل٢٤.

### ٢. چـــی: What؟

ئەم بنەمایە بە زۆریی بەندە بە کرۆکی رووداوەکەوە. (چی) لەوانەیە رووداوی ئوتومبیلێـك، کوشتنی کەسایەتییەکی ناوداری سیاسی یان رۆشنبیری یان کۆمەلایـەتی، دانانی گەلالـە نامەیـەکی گرنگ لـە ئەنجوومەنـداو...هتـد بێـت. "لـە راسـتیدا ئـەم بنەمایـەو ژانـری (کـێ)، گرنگترین بنەمای هەواڵن. زۆرینەی رۆژنامەنووسان ژانری (چی) کە پەیوەندییەکی راستەوخۆی لەگەڵ بەها هەواڵییەکانی )فراوانی)و (لەخۆگری)یەوە هەیە، بۆ سەرنج راکێشانی خوێنەر، لـە سەرەتای هەواڵەکەدا ئەو دوو ژانرە بەکاردەهێنن"[٣٣٤].

### ٣. لە کـــوێ: Where؟

ئەو رووداوەی کە روویداوە خوێنـەر، یـان جەماوەر زۆر بـە لایـەوە گرنگـە بزانێـت لـە کـوێ روویداوە، چونکە نزیکی هەواڵەکە بۆ شوێنێك یان کەسێك جیاوازەو زیـاتر جێگـای سـەرنجدانە. "رەگەزی لە کوێشوێنی رووداوەکە دەستنیشان دەکات، لەگەڵ ئەمەشدا دەبێ پەیامنێر شوێنی نەناسراو پێناسە بکاتو هەندێ زانیـاری بخاتـە روو سـەبارەت بـە شـوێنی رووداوەکـە"[٣٣٥]. ئـەم بنەمـایە "خاوەنی گرنگییەکی تایبەتییەو زۆریش پەیوەندییەکی پتـەوی لەگـەڵ بـەهای هـەواڵی (نزیکی)دا هەیە، جا چ نزیکی جوگرافیایی یاخود نزیکی مـەعنەوی بێت"[٣٣٦].

### ٤. کـــەی: When ؟

ئەم بنەمایە کاتی رووداوەکە دیاری دەکات. لە هەواڵی رۆژنامـەی رۆژانـەدا زۆرجـار دوێنـێ یان ئەمڕۆ یان سبەینێ دەنووسرێ. بـەلام گومـان لـەوەدا نییـە ئەگـەر هـاتوو رووداوەکـە چەند رۆژێـك پێـشتر رووی دابـێو تـازە ئاشـکرا بـوو بێـت، پێویـستە کاتـژمێرو رۆژ یـان هەفتـەو مانگەکانیش باس بکرێن. "ئاماژەکردن بە کاتی رووداوی رووداوەکە زۆر گرنگە، چونکە بەهای

---

٣٣٤- رەزا حاجی ئابادی، دەروازەی رۆژنامەنووسی، وەرگێڕانی کارزان محەمەد، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٢٥.

٣٣٥- هەژار حاتەم، هەواڵو پێکهاتەکانی، گۆڤاری رۆژنامەنووس، ژمارە (٧) ساڵی ٢٠٠٦، ل٣٧.

٣٣٦- رەزا حاجی ئابادی، دەروازەی رۆژنامەنووسی، ل٢٦.

هەواڵ لە تازەییدایەو هەر هەواڵێك زۆر گرنگیش بێت ئەگەر درەنگ بڵاوبکرێتەوە ئەو بەهایەی نامێنێ، بۆیە گرنگە لە سەرەتای نووسینی هەواڵەکەدا ئاماژە بە رۆژی رووداوەکە بدرێت"[337].

٥. بـــۆچی: Why؟

بنەمای (بۆچی) هۆ، یاخود پاڵنەرەکانی هێنانە ئارای ئەو رووداوە دەخەنەڕوو، هەندێ جار وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە لە سەرەتای ئامادەکردنی هەواڵەکەدا ئاسان نییە، چونکە لە سەرەتای روودانی هەندێ هەواڵەوە هۆیەکانی دیار نییە، هەر زانیارییەکیش سەبارەت بە هۆیەکانی رووداني ئەو رووداوە بخرێتە روو دوور نییە بە هەڵەداچوونی تێدابێت، لەبەرئەوە بۆ دۆزینەوەی هۆی راستەو دروست پێویستی بە کاتێکی زیاترە. لە هەندێ جاریشدا هۆ دەبێتە سیمای باڵا لە هەواڵدا.

٦. چـــۆن: How؟

ئەمە چۆنیەتی رووداني رووداوەکە روونەکاتەوە. "بەدرێژی باسی رووداوەکە دەکا، بۆ روونکردنەوەو ئاشکراکردنی شتێك کە روویدا بێ، کاتێکیش ئەو دوورو درێژییە بنەمای سەرەکی بگرێتە خۆی، دەبێ بە ئاگادارییەکی زۆرەوە پیادە بکرێ لە پێناوی دووركەوتنەوە لە زیادکردنی ژمارەی وشەکاندا"[338]. هەروەها دەبێت ئەوەش بووترێت، کە "لە زۆربەی بابەتەکاندا، هەواڵنێر چۆنایەتی هاتنە ئارای رووداوەکە دەزانێت، بەڵام زانیاری لەسەر هۆ یاخود ئەو پاڵنەرەی لە پشت رووداوەکەیە نییە. لێرەدا دیدیی خودیی هەواڵنێر – خوازراو یا نەخوازراو – لەگەڵ هەواڵەکەدا تێکەڵاو دەبێت"[339].

گرنگی بنەماکانی هەواڵ لە هەموو وڵاتێكو لەلایەن هەموو کەسێکەوە وەکو یەك نییە، گروپێك لە شارەزایانی راگەیاندنو رۆژنامەگەریی بۆچوونیان ئەوەیە، کە وەڵامدانەوەی پرسیاری شەشەم شتێکی زیادەو وەڵامدانەوەی پرسیاری پێنجەم (بۆچی) قەرەبووی ئەوی دیکە دەکاتەوە. هەروەها بۆچوونی بە پێچەوانەش هەیە. گروپێکی دیکە هەیە، داوا دەکات وەڵامی پرسیاری

---

٣٣٧- هەژار حاتەم، هەواڵو پێکهاتەکانی، ل٣٧.

٣٣٨- پرۆفیسۆر کورتیس ماکدوگاڵ، بنەماکانی هەواڵنووسین، وەرگێڕانی هەندرێن شێرزاد، چ١، لە بڵاوکراوەکانی بەشی چاپو بڵاوکردنەوەی رادیۆی نەوا، (بێ مێژووو شوێن)، ل١٦٧.

٣٣٩- رەزا حاجی ئابادی، دەروازەی رۆژنامەنووسی، ل٢٧.

حەوتەم بدرێتەوە، کە ئەویش دەربارەی سەرچاوەی هەواڵە. رۆژنامەگەریی ئەڵمانیا زۆر ئەم خاڵە پراکتیزە دەکات‌و وەڵامی هەر حەوت پرسیار دەداتەوە"[٣٤٠].

٣٤٠- د. محمد الدروبي، الصحافة والصحفي المعاصر، ص٩٤.

## سەرچاوەکـــانی هـــەواڵ

هـەواڵ گـرنگترین هونـەری رۆژنامەگەرییـە بـۆ دابینکـردنو وەرگرتنـی گـەورەترین ژمـارەو گـرنگترین هـەواڵ، بـۆ بەدەسـتەوەهێنانی ئـەم کەرەسـتە گرنگـەو کۆکردنـەوەی هەواڵـەکان، رۆژنامەگەریی چەندین سەرچاوەی جیاواز بەکاردەهێنێت وەکو:

١. سەرچاوەی تایبەت یان خودی یان راستەوخۆ:

هەر رۆژنامەو گۆڤارێك بەپێی توانای خۆی لە رووی ماددیو مەعنەوییەوە هەموو رێگایەك بەکاردێنێت بۆ بەدەستەوەهێنانی تازەترینو گرنگترین هەواڵ، چونکە دەبێتە هۆی کۆکردنـەوەی ژمارەیـەکی زۆر لـە خوێنـەران، لـە ئەنجامـدا فرۆشـتنی ژمارەیـەکی زۆر لـە دانـەکانی ئـەو رۆژنامـەیە، هەروەها بـە بـوونی تـۆرێکی بـەرفراوان لـە پەیوەنـدیو هـەواڵنێرو پـەیامنێران لـە ناوەوەو دەرەوەی وڵات، دەبێتە هۆی متمانەی خوێنەران بەو رۆژنامەیە. بوونی ئەم جـۆرە تـۆڕەش دەبێتە هۆی پێشبڕکێو تەکانی رۆژنامـەگەریی، ئەمەش ئاواتی هەموو رۆژنامە یـان گۆڤارێکـە. بێگومان "بەم جۆرە هەر پەیامنێرێك بە پێی زەوقو توانای خۆیو بە لەبەرچاوگرتنی خواسـتی خوێنەرو گوێگرەکانی، هەواڵەکە ئامادە ئەکات، ئەم هەواڵانە بە پێچەوانەی هەواڵی هەوڵدەرییە ناوخۆییو جیهانییەکان کە بە شـێوەیەکی یەکسان بـۆ هـەموو دونیـا رەوانـە دەکـرێن، لایـەنی تایبەتییان هەیە بۆ چاپەمەنیەکی دیارکراون"[٣٤١].

٢. سەرچاوەی ناتایبەت یان ناراستەوخۆ یان دەرەکی:

ئەم جۆرە، ئـەو سەرچـاوانە دەگرێتـەوە، کـە رۆژنامـە یـان گۆڤارەکـە، چـەند سەرچـاوەیەکی دەرەکی بەکاردەهێنێ، وەك ئاژانسەکانی هەواڵو رێکـەوتنی تایبـەت لەگـەڵ ئاژانسورۆژنامـەو رادیۆ ناوخۆییو دەرەکییەکان. "ئەم جۆرە هەواڵانە بەتایبـەت بـۆ رۆژنامەیـەك یـان رادیۆیـەکی دیاریکراو ئامادە ناکرێن، بەڵکو بـۆ هـەموو چـاپەمەنیو راگەیەندنـەکانی جیهـان یـان بـەلای

---

٣٤١- د. کازمی موعتەمەد نەژاد، رۆژنامەگەری، ل٣٩.

کەمەوە بەشێك لە جیهان پەخش دەکرێن و پێیان دەوترێ هەواڵی ناتایبەت یان ناراستەوخۆ"[342].

لە رووی متمانەی خوێنەر بەهێزی و لاوازی، سەرچاوەکانی هەواڵ دابەش دەبێ بۆ:

أ. سەرچاوەی بەهێز: سەرچاوە نزیکەکان لە هەواڵ و زانیارییەکانەوە، ئەو سەرچاوانەش مافی ئەوەیان هەیە، کە داوا بکەن رۆژنامەوانان ناویان بهێنن، یاخود ناویان نەهێنن[343]. لەجیاتی ناویان هەندێ زاراوەی دیکە بەکاردەهێنن وەك: سەرچاوەی بەرپرس، سەرچاوەی باوەڕپێکراو، سەرچاوە فەرمییەکان.

ب. سەرچاوەی لاواز: ئەو سەرچاوانەن کە لە رووداوەکانەوە دوورترن، واتا ناتوانرێت وەکو (سەرچاوەی بەهێز) مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت[344].

بە گشتی سەرچاوەکانی هەواڵ بریتییە لەو سەرچاوانەی یان ئەو هۆکارانەی کە دەزگاکانی راگەیاندن هەواڵی جۆراو جۆریان لێ دەست دەکەوێت. ئەم سەرچاوانەش بەشێوەیەکی گشتی بریتین لە:

١. ئاژانسەکانی دەنگوباسی ناوخۆ و دەرەوە.

٢. نێردراوی رۆژنامەنووسی.

٣. پەیامنێری ناوخۆ و دەرەوە.

٤. رۆژنامەو گۆڤارە ناوخۆیی و دەرەکییەکان.

٥. رادیۆ و تەلەفزیۆنە ناوخۆیی و دەرەکییەکان.

٦. بلاوکراوە جیاوازەکان.

٧. کۆنگرەی رۆژنامەنووسی.

٨. بەڵگەنامەکان.

٩. وەزارەت و فەرمانگە رەسمی و میللییەکان.

١٠. ئەرشیفی رۆژنامەنووسی.

---

٣٤٢- سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩.

٣٤٣- کاروان عەلی، هونەری رۆژنامەنووسی، ل٢٤.

٣٤٤- هەژار حاتەم، هەواڵ و پێکهاتەکانی، ل٣٩.

١١. پەیوەندی رۆژنامەنووسی (ئامادەکاری هەواڵەکان) لەگەڵ کەسایەتییە رەسمی و میللییەکان، هەروەها لەگەڵ رێکخراوو دام و دەزگا جیاجیاکاندا.

١٢. ئەو بەیاننامەو لێدوانانەی کە لایەنی تایبەت بە رووداوەکان بڵاوی دەکەنەوە.

١٣. کەسانی نزیك لە رووداوەکان یا شاهیدەکان[٣٤٥].

١٤. وێب سایتەکانی ئەنتەرنێت.

هەروەها پێویستە ئاماژە بەوە بکەین "کە لە کاتی دەستکەوتنی هەر هەواڵێکیشدا دەبێ لەم لایەنانەی خوارەوە لە زانیارییەکانی ناو هەواڵەکە بکۆڵدرێتەوە:

١. راستی.

٢. بێ لایەنی.

٣. سەلامەتی هەواڵەکە لە رووی یاساییەوە"[٣٤٦].

٣٤٥- کاروان عەلی، هونەری رۆژنامەنووسی، ل٢٤ — ٢٥.

٣٤٦- سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥.

# بەشەکـــانی هـــەواڵ

هەر نووسینێکی داهێنەرانەو هونەری پێویستی بە خاوەن بەهرەو دەسەڵاتی هونەری هەیە، هەواڵیش وەکو هونەرێکی ڕۆژنامەگەری پێویستی بە جۆرە بەهرەو هونەرێکی تایبەت هەیە. سەرەڕای ئەوە، سیستەمو مەرجو ڕێبازو ڕەگەزو شێوازی تایبەتو پێکهاتەکانی خۆی هەیە، کە بە درێژایی قۆناغەکانی مێژووی ڕۆژنامەگەریی، گۆڕینیان بەسەردا هاتووەو گەشەیان کردووە تاکو گەیشتوونەتە شێوەی ئێستا. پێویستە لە نووسینو داڕشتنی هەواڵ ئەو مەرجو خاڵانە لەبەرچاو بگیرێنو فەرامۆش نەکرێن، "چونکە بە پیادە نەکردنی یەکێك لەو مەرجانە کاریگەری خراپ بەسەر هەواڵەکەوە دەبێو بە ناتەواوی دەردەچێ"[٣٤٧]. هەروەها پێویستە گەشەکردنی هەواڵ لەگەڵ سەردەمەکەدا بگونجێت. زۆربەی شارەزایانی ڕۆژنامەگەری هەواڵی ڕۆژنامەنووسی لە ڕووی پێکهاتەکەیەوە بۆ سێ بەش دابەش دەکەن[٣٤٨]:

## ١. ناونیشان Title

ناونیشان ئەو بەشەیە کە پەیوەندی لەنێوان خوێنەرو هەواڵدا دروستدەکات. لە گرنگترین خاڵەکانی ڕووداوەکە پێکدێت، هەروەها هەوڵدانێکە بۆ سەرنج ڕاکێشانی خوێنەرو "هاندانی بۆ بەدواداچوونی ناوەڕۆکی هەواڵەکە"[٣٤٩]. هەر لەبەرئەوە بە فۆنتێکی گەورەتر لە هی هەواڵەکە دەنووسرێت. پێویستە پۆلێن کردنی ناونیشانو دەست نیشانکردنی قەبارەکە لەگەڵ گرنگی بابەتەکەو لەگەڵ پێناسەو کەسایەتیی ڕۆژنامەکە بگونجێت. لە ڕووی داڕشتنەوە ڕوونو ئاشکراو کورتو سەرنج ڕاکێش بێت. لەبەرئەو ڕۆڵە گرنگەی کە ناونیشان دەیبینێت، بنەمای

---

٣٤٧- خالید بەکر ئەیوب، هەواڵو هەواڵنوس لە کورتە باسێکدا، ل١٤٤.

٣٤٨- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

أ. ف. فريزر بوند، مدخل الى الصحافة، ص١٣٧.

ب. عدنان عبدالمنعم ابو السعد، تطور الخبر واساليب تحريره في الصحافة العراقية، ص٤٩.

٣٤٩- مالكولم ف. ماليت، رفيق الصحافيين، ترجمة عبدالرحمن أياس، اللجنة الدولية لحرية الصحافة، ١٩٩٠، ص١١٩.

ڕۆژنامەگەریی تایبەتی بۆ نووسینی ناونیشان دانراوە، کە بریتییە لە ڕێزمان و وشەکان، کە بە زمانی ئینگلیزی پێی دەڵێن (Headlines)، واتە دێری ناونیشان[٣٥٠]. دەربارەی گرنگی ناونیشان (ماکنیل H.C. Mcneile) دەڵێت: "هەوڵدە هەر وشەیەك دەنووسیت، دروست بێت و ئەگەر پێویست بوو چەند ساعەتێکی زۆر بۆ پێداچوونەوە و ڕاستکردنەوەی تەرخان بکە، پاشان چەند ڕۆژێك بۆ گەڕان بە دوای ناونیشانێکی باش تەرخان بکە، چونکە وەکو هەر بەشێکی چیرۆکەکەت گرنگە"[٣٥١]. لەبەر "کەمی شوێن، نووسەرەکە ناچارە لە کاتی داڕشتنی ناونیشاندا ئەم سێ خاڵە لەبەرچاو بگرێ:

أ. بە کەمترین وشە زۆرترین ماناو چەمك بخاتە ڕوو.

ب. لەیەك ناونیشاندا بە هیچ جۆرێك وشەیەك دووجار بەکارنەهێنێ.

ج. خۆی لە بەکارهێنانی وشەی ڕوونکردنەوە و شیکردنەوە بپارێزێ"[٣٥٢].

ناونیشانی سەرکەوتوو ئەوەیە، کە ئەم خاڵانەی خوارەوە لە خۆی دەگرێ:

١. سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێت.

٢. بابەتەکە کورت دەکاتەوە یان شیدەکاتەوە.

٣. وێنەی بابەتەکە دەکێشێت یان بەرجەستەی دەکات.

٤. شێوازی ڕۆژنامەکە قووڵ دەکات.

٥. کەرەستەیەکی سەرەکی بۆ ڕێکخستنی لاپەڕەکە لە ڕووی (تایپۆگرافیا) دروستدەکات.

٦. بەرجەستەکردنی کەسایەتی ڕۆژنامەکە دەکات.

٧. لە ڕووی هونەرییەوە کورتکردنەوەکە زۆر بەرزدەکاتەوە.

٨. یارمەتی فرۆشتنی ڕۆژنامەکە دەدات، واتە خوێنەر بۆ ڕۆژنامەکە ڕادەکێشێت.

٩. پێویستییەکانی خوێنەرانی ناونیشان دابین دەکات.

---

٣٥٠- د. عبدالستار جواد، فن كتابة الاخبار، ط٢، دار مجدلاوي للنشر والتوزيع، عمان-الاردن، ٢٠٠١، ص٢٤٥.

٣٥١- ج. راد فورد ايفانس، صحافة بلا دموع، ترجمة باحثة الجومرد، دار الشؤون الثقافية النشر، الموسوعة الصغيرة ١٤٩، بغداد، ١٩٨٤، ص٦٩.

٣٥٢- د. کازمی موعتەمەد نەژاد، ڕۆژنامەگەری، ل١٦٧.

١٠. وێنەیەکی دەستپێکی لە زەینی خوێنەر بۆ بابەتەکە دروست دەکات[٣٥٣].

دانانی ناونیشان هەندێ خەسڵەتی تایبەتی خۆی هەیە، بەمانایەکی دیکە ئەرکەکانی ناونیشان بریتین لەم خاڵانەی خوارەوە:

١. بابەتی چاپەمەنییەکان دیاری دەکات.

٢. کورتەی ڕووداوەکە دەگێڕێتەوە.

٣. بۆ ڕاکێشانی سەرنجی خوێنەران بەکاردەهێنرێت.

٤. ئاستی گرنگی بابەتەکان ڕووندەکاتەوە.

٥. شێوەی بڵاوکردنەوەکە جوان دەکات[٣٥٤].

نووسینی ناونیشان گرانترین ئەرکی ڕۆژنامەنووسانەو بەشێوەیەکی گشتی لە ڕۆژنامەکاندا ئەم ئەرکە بە ڕۆژنامەنووس‌و پەیامنێرە بە ئەزموون‌و شارەزاکان دەسپێردرێت. بۆ ئەوەی داڕشتن یان دانانی ناونیشان بەشێوەیەکی چاك بەڕێوە بچێ، پێویستە هەندێ خاڵ ڕەچاو بکرێ کە لە باشی‌و خراپی ناونیشاندا کاریگەرییەکی زۆریان هەیە:

١. ئەوەندەی بکرێت لابردنی نیشانەکانی خاڵبەندی لە ناونیشاندا.

٢. دوورکەوتنەوە لە بەکارهێنانی زاراوەو وشەی نامۆ.

٣. بەکارهێنانی فرمانی بکەر دیارو ڕانەبردوو.

٤. دوورکەوتنەوە لە کۆکردنەوەی زانیاری زۆر لە ناونیشاندا.

٥. دوورکەوتنەوە لە بەکارهێنانی کورتکراوەکان.

٦. دوورکەوتنەوە لە بەکارهێنانی ڕاناو (جێناو) لە ناونیشاندا.

٧. دوورکەوتنەوە لە شێوەی پرسیارکردن.

٨. دوورکەوتنەوە لە بەکارهێنانی ناوی جێگاکان، ئەگەر زۆر گرنگ نەبێت.

٩. تاریکی‌و مژاوی لە ناونیشاندا نەبێت.

١٠. دوورکەوتنەوە لەو ناونیشانانەی، کە دەبنە هۆی ترس‌و تۆقاندن[٣٥٥].

---

٣٥٣- د. عبدالستار جواد، فن كتابه الاخبار، ص٢٤٥-٢٤٦.

٣٥٤- د. کازمی موعتەمەد نەژاد، ڕۆژنامەگەری، ل١٦٥ — ١٦٦.

٣٥٥- د. عبدالستار جواد، فن كتابة الاخبار، ص٢٤٦.

بێگومان لەهەر ژمارەیەکی رۆژنامە یان گۆڤارێك چەندین بابەتی جیاواز بڵاودەکرێنەوە، بە هیچ جۆرێك نابێت بابەتێك دووجار لە یەك ژمارەدا بڵاوبکرێتەوە، هەر بۆ چەسپاندنی ئەو جیاوازییە نابێت یەك ناونیشان بۆ دوو بابەت لە یەك ژمارەدا هەبێت، ئەمەش خاڵێکی گرنگە بۆ نووسینی ناونیشانەکانی هەواڵ. نووسینی ناونیشان بنەماو یاسای تایبەتی خۆی هەیە. ناونیشان دەبێتە چەندین جۆری جیاواز، چونکە پێوەری جیاوازبۆ دانانی ناونیشان هەیە. هەندێك لە شارەزایان بە پێی ناوەڕۆکی بابەتی هەواڵ، ناونیشان دابەش دەکەن و هەندێك بەپێی کارو ئەرکی، ناونیشان دابەش دەکەن و هەندێك بەپێی قەوارەو هەندێك بەپێی کاریگەری لەسەر خوێنەر دابەشی دەکەن. بۆ نموونە د. کازمی موعتەمەد نەژاد، باس لەم ناونیشانانە دەکات:

١. ناونیشانی هەواڵی:

بۆ هەموو ئەو بابەتانەی کە باس لە رووداوەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی دەکەن، ناونیشانی هەواڵ هەڵدەبژێرێت.

٢. ناونیشانە راڤەکەرەکان:

ئەو بابەتانەی کە لێکدانەوەو تەفسیرکردنیان تێدایەو کاردانەوەکانیان باس دەکرێ، ناونیشانەکانیان لایەنی هەواڵیان پێوە نییە. هەر بۆیە ئەو بابەتەی کە لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەن، لە رۆژنامەو گۆڤارەکاندا بڵاودەکرێنەوە، پێویست ناکات ناونیشانەکانیان لەناو بابەتەکەدا بۆ دیاری بکرێت و نووسەر خۆی دەتوانێ ناونیشانێکی گونجاویان بۆ بدۆزێتەوە[٣٥٦].

هەندێك سەرچاوە بەپێی قەبارە، ناونیشان دابەش دەکەن بۆ:

١. مانشێت (Manchette)

ئەو رستەیە، یان دەستەواژەیە، یان ئەو وشەیە، کە بە گەورەترین قەبارە لە لاپەڕەی یەکەمی رۆژنامەدا دەنووسرێت، ئەم زاراوەیە لە وشەی (Manchette)ی فەرەنسییەوە هاتووە، کە بە مانای سەرقۆڵی کراس دێت[٣٥٧]، مەبەست دەرخستن و ئاشکراییەو دەربارەی رووداو یان بابەتێکی گرنگ و بایەخداری پلەیەك بەلای رۆژنامەکەوە، دەنووسرێت.

---

٣٥٦- د. کازمی موعتەمەد نەژاد، رۆژنامەگەری، ل١٧٧.

٣٥٧- سامي ذبيان، مدخل نظري وعملي الى الصحافة اليومية والاعلام، ص٩٦.

**٢. ناونیشانی سەرەکی:**

ئەم جۆرە ناونیشانە لە رووی قەبارە لە مانشێت بچوکترە، "هەندێك جاریش بە تایتل یان سەردێریش ناودەبرێت، ناونیشانی هەر بابەتێکی دیاریکراوە لە رۆژنامەدا، واتە هەر بابەتێك هەڵگری ناونیشانێکی تایبەت بە خۆیەتی کە هەڵگری بیرو مەبەستو ئامانجو ناوەڕۆکەکەیەتی، یەکەم وێستگەیە کە خوێنەر دەچێتە سەریو دەروازەی گەیاندنی خوێنەرە بۆ بابەتە نوسراوەکان"[٣٥٨].

**٣. ناونیشانی لاوەکی (Subhead)**

ئەو ناونیشانەیە کە بە فۆنتێکی بچوکتر لە ناونیشانی سەرەکیو گەورەتر لە فۆنتی بابەتەکە، "لەنێوان بڕگەکانی بابەتێکی دیاریکراودا دەنوسرێت، بەمەبەستی کەمکردنەوەی بێزاریی خوێنەرو رێ خۆشکردن بۆ رێنیشاندانی خوێنەر بەو پەرەگرافو بڕگەی کە خواستی خوێندنەوەی دەکاتو لایەنێکی جوانکاریش دەبەخشێتە رێکخستنی بابەتەکە"[٣٥٩].

هەندێ سەرچاوەی دیکە بەپێی ناوەڕۆکی بابەتەکە، ناونیشان دابەش دەکەن وەکو (روبەرت گایست)و (تیودور بیرنشتاین) چیرۆکە هەواڵیەکان بۆ دوو جۆر دابەشدەکەن:

**١. نموونەی فیل : (Elephant Type Story)**

لەم جۆرە هەواڵەدا ژمارەیەك خاڵی گونجاو لە رووی گرنگییەوە هەیەو فاکتەرێکی هاوبەش لەنێوانیان دا نییە، بەڵکو هەر هەموو پێکەوە وەکو یەکەیەکی توکمەوان. لەم جۆرەدا نووسەر جەخت لەسەر خاڵێك دەکاتو دەیکاتە ناونیشانی هەواڵەکە. وەکو هەواڵی ئەو کۆڕو سیمنارانە، کە باسی بابەتی جیاجیا دەکەن.

---

٣٥٨- هەڤال ئەبوبکر حسەین، چەشنە ئەدەبیو رۆژنامەنووسییەکان...، ل١٨٠.

٣٥٩- سەرچاوەی پێشوو، ل١٨١.

### ٢. نموونەی کوللە: (Locust Type Story)

لەم جۆرە هەواڵەدا، چەندین خاڵی باش هەیە، دەکرێت پێکەوە کۆیان بکەنەوە، چونکە فاکتەری هاوبەش لەنێوانیاندا هەیە. بۆ ئەم جۆرە، رۆژنامەنووس ناونیشانێکی گشتی بۆ هەموو ئەو خاڵانە دەنووسێت[٣٦٠]. وەکو هەواڵی ئەو کۆڕو سیمنارانە، کە باسی یەك بابەت دەکەن.

سەرچاوەکانی رۆژنامەگەریی باس لە چەندین جۆری دیکەی ناونیشان دەکەن[٣٦١]، لێرەدا ئەو دەرفەتە نییە، کە باسی هەموویان بکەین.

---

٣٦٠- د. عبدالستار جواد، فن كتابة الاخبار، ل٢٤٨.

٣٦١- بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی جۆرەکانی ناونیشان بڕوانە:

أ. بەختیار کەریمی، بەرەو رۆژنامەوانیی مۆدێرن، چ١، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر – کوردستان، ٢٠٠٦، ل٧١.

ب. د. عبدالجواد سعيد ربيع، فن الخبر الصحفي، ط١، الفجر للنشر والتوزيع، القاهرة – مصر، ٢٠٠٥، ص١٤٦.

ج. د. سليمان صالح، صناعة الاخبار في العالم المعاصر، ط٢، دار النشر للجامعات، القاهرة – مصر، ١٩٩٨، ص١٧٧.

د. علي محمود، الصحافة مهنة، ط١، مكتب علاءالدين للطباعة والتصاميم بالكومبيوتر، الموصل – العراق، ٢٠٠٦، ص٦٠.

ه. فریبا سەیاد، د. عەلی ئەکبەر فەرهەنگی، نەریتی رۆژنامەوانی، وەرگێڕانی کارزان محەمەد، وەزارەتی رۆشنبیری، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل٤٧.

## ٢. پێشەکی: (The Lead)

پێشەکی هەواڵ بە بڕگەی یەکەم دەناسرێ، "پێیدەڵێن (لید Lead)، لەزمانی لاتینیدا بە مانای ڕێنیشاندەرو ڕێنوێنی هاتووە"[٣٦٢]. واتە ئەو دێرانەی دەکەونە نێوان ناونیشانی هەواڵو جەستەی (Body) هەواڵەوە. ئەم بڕگە زۆر گرنگە بۆ هەواڵ لەبەرئەوە دەبینین بە چەندین شێوەی جیاواز پێناسە کراوە[٣٦٣]. چەمكو بنەماو یاساکانی نووسینی پێشەکی هەواڵ لەو وتەیەدا دەردەکەوێت، کە دەڵێت: "هەموو هەواڵەکە لە بڕگەی یەکەمدا بگێڕەوەو، بە درێژایی ماوەی ستوونەکە، سەرنج ڕاکێشی بپارێزە"[٣٦٤]. پێویستە پێشەکی هەواڵ ئەم کارو ئەرکانە بەجێ بێنێت[٣٦٥]:

١. بەکورتی بابەتەکە نیشان بدات.

٢. پێناسەی ئەو کەسو جێگایانەی کە پەیوەندی بە باتەکەوە هەیە، ئاشکرا بکات.

٣. بە زەقی شەقڵی جیاوازی هەواڵ دیاری بکات.

٤. دواترین پێشهاتەکانی ڕووداوەکە پێشکەش بکات.

٥. سەرنجی خوێنەر رابکێشێت بۆ بەدواچوونی خوێندنەوەی هەواڵەکە.

٦. پێویستە پێشەکی هەواڵ وەڵامی هەر شەش پرسیاری هەواڵ بداتەوە[٣٦٦].

لەبەر گرنگیو گرانی کاری نووسینی پێشەکی هەواڵ، ئەم کارە بە ڕۆژنامەنووسی خاوەن توانستو لێهاتوو دەسپێردرێت. دەربارەی کورتیو درێژی پێشەکی زۆربەی سەرچاوەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەونەوە کە پێویستە زۆر کورت بێت، لە ڕستەیەك یان چەند ڕستەیەکی کورت پێك بێتو هەندێك ئاماژە بەوە دەکەن کە باشترە ٣٠ – ٤٠ وشە بێت. بەڵام گرنگە لەگەڵ

---

٣٦٢- بەختیار کەریمی، بەرەو ڕۆژنامەوانی مۆدێرن، ل٩٣.

٣٦٣- بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی پێناسەی پێشەکی بڕوانە: أ. د. عبدالستار جواد، فن کتابة الاخبار، ل٨٠.

٣٦٤- ف. فریزر بوند، مدخل الى الصحافة، ترجمة راجي صهیون، ص١٤٠.

٣٦٥- د. عبدالستار جواد، فن کتابة الاخبار، ص٨٥.

٣٦٦- د. سلیمان صالح، صناعة الاخبار في العالم المعاصر، ص١٧١.

درێژی هەواڵەکە بگونجێت. ئەگەر شێوازەکانی نووسینی پێشەکی هەواڵ جیاوازبن، ئەمە دەبێتە هۆیەکی سروشتی بۆ زۆربوونی جۆرەکانی پێشەکی هەواڵ.

هونەری ڕۆژنامەگەریی پێشکەوتنێکی گەورەی لە شێوازو هۆکارو بۆچوون بەخۆیەوە بینییەوە لە ئەنجامی شۆرشی ئەلیکترۆنیو ئەو زانیاریانەی بە ئاسانی دەگەنە هەموو مرۆڤێک. ئەمانە هەموویان پێکەوە دەبنە هۆی دروستبوونی چەندین جۆری جیاواز لە پێشەکی هەواڵ. بێگومان چەندین پێوەری جیاجیا هەیە بۆ دروست بوونی ئەم جیاوازییە[٣٦٧].

## ٣. جەستەی هەواڵ: (Body)

ئەو بەشەی کە لە دوای پێشەکی دێت پێیدەڵێن جەستە یان هەیکەل (body)، هەروەها "دەتوانین بە درێژەی هەواڵیشی بژمێرین"[٣٦٨]. نووسینی جەستەی هەواڵ بەشێوەی "پەرەگرافی تەواو Block Paragraphs دەنووسرێتو هەر پەرەگرافێك یەکەیەکی سەربەخۆ دەبێت، ئەگەر یەکێك لەو پەرەگرافانە لابرێت کارناکاتە سەر واتای گشتی هەواڵەکە"[٣٦٩]. پێویستە ژمارەی پەرەگرافەکان لەگەڵ گرنگیو درێژی هەواڵەکە بگونجێتو بەپێی گرنگیو ڕێبازو شێوەی هونەری نووسین هەواڵ ریزبەند بکرێت. هەروەها پێویستە "لەهەر شێوەیەکدا ریزبەندکردنی لۆجیکی لەبەرچاو بگرێت"[٣٧٠]، واتە هەر پەرەگرافێك بەوەی دیکەوە گرێ بدات. بەپێی هەندێ سەرچاوە لەم بەشەدا وەڵامی دوو پرسیار دەدرێتەوە: چۆن...؟ بۆچی...؟[٣٧١]

---

٣٦٧- بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی لیدی هەواڵ بڕوانە:

أ. بەختیار کەریمی، بەرەو ڕۆژنامەوانیی مۆدێرن، ل٩٩.

ب. د. عبدالستار جواد، فن کتابة الاخبار، ص٩٥.

ج. د. سليمان صالح، صناعة الاخبار في العالم المعاصر، ص١٧١.

٣٦٨- خالید بەکر ئەیوب، هەواڵو هەواڵنووس لە کورتە باسێکدا، ل١٤٤.

٣٦٩- د. عبداللطيف حمزة، المدخل في فن التحرير الصحفي، ص١١٣.

٣٧٠- د. سليمان صالح، صناعة الاخبار العالم المعاصر، ص١٧٣.

٣٧١- خالید بەکر ئەیوب، هەواڵو هەواڵنووس لە کورتە باسێکدا، ل١٤٤.

هەر جۆرە نووسینێك یاساو بنەماو مەرجی خۆی هەیە، بەپێی بۆچوونی هەندێك شارەزایان نووسینی جەستەی هەواڵیش مەرجی تایبەتی خۆی هەیە وەكو:

١. لە چەند پەرەگرافێكی سەربەخۆ پێك بێت، هەر پەرەگرافێك تایبەت بێت بۆ رەگەزێكی هەواڵ یان لایەنێكی رووداوەكە.

٢. ئەو پەرەگرافانە بەپێی گرنگی ریزبەند بكرێن.

٣. پێویستە هەواڵ یەكەیەكی یەكگرتوو بێت. لە نووسینی هەواڵەكەدا گرێدانێكی زەینیو لوجیكیو دەروونی هەبێت.

٤. پێویستە لە هەواڵدا، پەرەگرافی لێڵو نارێك، ئەوانەی كاریگەریان نییە دوور بخرێنەوە[٣٧٢].

لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بكەین، كە هەندێ سەرچاوە، هەواڵ دابەشدەكەن بەسەر چوار بەشدا، بەشی چوارەم كۆتایی یە، بەڵام مەرج نییە هەموو هەواڵێك كۆتایی هەبێت، بەڵكو هەواڵی درێژو لێكدراو، ئەوانەی لە چەندین راستی دروست دەبن، پێویستیان بە كۆتایی هەیەو كۆتایی دەبێتە چەند جۆرێك:

١. كۆتایی كورتكراوە، ئەوەیە كە هەموو راستییەكانی هەواڵەكە بە كورتی بۆ خوێنەر، دووبارە دەكاتەوە.

٢. كۆتایی شیكردنەوە، ئەوەیە كە رۆژنامەنووس هەوڵدەدات هەواڵەكە شیبكاتەوە.

٣. كۆتایی كە لە گرنگترین راستییەكانی هەواڵ پێكدێت.

٤. كۆتایی پاشخان، ئەوەیە كە ئاماژە بە رەگو ریشەی رووداوەكە دەكات، هەندێك زانیاری پێشكەش دەكات یارمەتی خوێنەر دەدات بۆ تێگەیشتنی رووداوەكە[٣٧٣].

---

٣٧٢- علي محمود، الصحافة مهنة، ص٦٢.

٣٧٣- د. سليمان صالح، صناعة الاخبار في العالم المعاصر، ص١٧٤.

# قاڵبەکانی داڕشتنی هەواڵ

ڕۆژنامەگەریی هەروەکو هەموو هونەرەکانی دیکە بەشێوەیەکی دیالیکتیکی (جەدەلی)، گرێدانێکی پتەوی لەگەڵ ژیاندا هەیە، چونکە کاریگەرییان لەسەر یەکتر هەیە. ڕۆژنامەگەریی لەگەڵ پێشکەوتنی ژیاندا پێشکەوتووەو لەهەمان کاتیشدا بۆتە هۆیەکی ئەو پێشکەوتنە. واتە گۆڕانکاری گەورەو گرنگ بەسەر هەر دووویاندا هاتووە. بۆ لێکۆڵەرو شارەزایانی ئەم بوارە شتێکی شاراوە نییە، کە ئەو گۆڕانکاریانە چەند بەخێرایی تێپەڕیون. هەواڵی ڕۆژنامەگەریش، وەکو ڕەگەزێك لەم هونەرەدا کەوتۆتە بەر گۆڕان بەتایبەتی لە ڕووی داڕشتنەوە، لەبەرئەوەو بەپێی ڕێڕەوی مێژوویی، دەتوانین چەند قاڵبێك یان ڕێبازێك یان شێوازێك بۆ داڕشتنی هەواڵی ڕۆژنامەگەریی دەست نیشان بکەین وەکو:

## ١. قاڵبی باسکردنی مێژوویی (Chronological Order):

ئەمە کۆنترین شێوازی نووسینی هەواڵە. ڕۆژنامەگەریی لە دەستپێکی پەیدابوونیەوە، ڕووداوەکانی بەپێی زنجیرەی یەك لەدوای یەك لە ڕووی کاتەوە دەگێڕایەوە، پاشان ڕۆژنامەی هەواڵی ئەم شێوازەی لە گۆڤارەکان خواستەوە، کە گوتارەکانی بەشێوەی گێڕانەوە (Narrative) دادەڕێژران کە نووسەری لێهاتوو دەتوانی چیرۆکێکی باشی هەواڵی لێ دروست بکات[٣٧٤]. هەروەها "لەم جۆرە هەواڵانەدا مانشێتی بچوك نییەو زۆرجار بەشە گرنگەکانی هەواڵەکە دەکەوێتە کۆتاییەوەو بێ بایەخترین بەشیشی لەسەرەتای دەستپێکردنی هەواڵەکەدا باس دەکرێت"[٣٧٥]. کورتکردنەوەی ئەم شێوازە کارێکی زەحمەتە، چونکە "ئەو چیرۆکەی ڕووداوەکانی یەك لەدوای یەك باس بکرێت، وەکو هەرەمێك وایە، لە لوتکە لەگەڵ قارەمانی ڕووداوەکە دەست پێدەکاتو گێڕانەوەی ڕووداو دوای ڕووداو بەردەوام دەبێت، تاکو لە بناغەی هەرەمەکە دەگاتە کۆتایی چیرۆکەکە"[٣٧٦].

---

٣٧٤- د. عبدالستار جواد، فن كتابة الاخبار، ص١٣٩.

٣٧٥- د. کازمی موعتەمەد نەژاد، ڕۆژنامەگەری، ل٦١.

٣٧٦- ف. فريزر بوند، مدخل الى الصحافة، ص١٥٣.

بێگومان هەر شێوازێکی دارشتنی هەواڵ خاڵی چاکو خراپەی خۆی هەیە. خاڵە چاکەکانی شێوازی باسکردنی مێژوویی ئەمانەی خوارەوەن[377]:

١. بابەتەکە بە تەواوەتی باس دەکرێت.

٢. بەهۆی ئەوە کە لە ئامادەکردنی هەواڵ لە شێوازی مێژووییدا، بابەتەکان وەکو شێوازی هەرەمی بەراوەژوو باس ناکرێت، کاریگەری بیروبۆچوونی هەواڵنێر لەبەر جەستەکردنی بابەتەکان کەمترە.

لە خاڵە لاوازەکانی شێوازی باسکردنی مێژوویی "ئەوەیە کە پێویستە خوێنەر، کاتێکی زۆرتر بۆ خوێندنەوەی هەواڵەکە تەرخان بکات تاوەکو گرنگترین ناواخن بەدەست بهێنێت. بە هۆی درێژیو رانەکێشانی خوێنەر بۆ خوێندنەوەی" درێژەدان بە بابەتەکە خوێنەر ماندوو دەکات. رێکخستنو جێکردنەوەی شوێن بۆ ئەم جۆرە هەواڵانە، بە گرفتە"[378].

ئەم قاڵبە زیاتر بۆ دارشتنی راپۆرتو گوتارو بەدواداچوونەکانو نووسینی کۆبوونەوە فەرمییەکانو بابەتە مرۆڤایەتییەکان بەکاردەهێنرێت. ئەو هەواڵەی لە چوارچێوەی ئەم قاڵبەدا دادەرێژرێت ئەم شێوەیە وەردەگرێت.




شێوەی دارشتنی باسکردنی مێژوویی

---

٣٧٧- بەختیار کەریمی، بەرەو رۆژنامەوانیی مۆدێرن، ل٦٢.

٣٧٨- رەزا حاجی ئابادی، دەروازەی رۆژنامەنووسی، ل٤٢ — ٤٣.

## ٢. قاڵبی هەرەمی هەڵگەڕاوە: (The Inverted Pyramid):

ئەم قاڵبە هونەرییە لەسەر بناغەی لێکچواندن لەنێوان بونیادنانی هەواڵی ڕۆژنامەگەریی‌و بونیادنانی تەلارگەری هەرەمی هەڵگەڕاوە ناوی لێ نراوە. گرنگترین پێکهاتەی هەرەم بناغەیەتی‌و بەوەش دەست پێ دەکات. لە هەواڵدا شێوەی هەرەم بەرەو ژێر دەکەینەوە، "ژێری هەرەمەکە بریتییە لە سەرنج ڕاکێشترین بەشی هەواڵەکە، لە زۆربەی ڕووداوەکاندا گرنگترین بەشی هەواڵەکە پێکدەهێنێ. هەروەها کەم بەهاترین زانیاریش کە بریتییە لە بێ نرخترین بەشی ڕووداوەکە، لە لوتکەی هەرەمەکەدا دادەنرێت"[٣٧٩]. شێوازی هەرەمی هەڵگەڕاوە لە دوو بەش پێکدێت:

پێشەکی یان سەرەتا، کە پێ یدەڵێن Lead، بەشی دووەم جەستەی هەواڵە کە پێی دەڵێن Body. شێوازی هەرەمی هەڵگەڕاوە ئاسانترین قاڵبە بۆ داڕشتن‌و ڕێکخستنی هەواڵە کورت‌و ئالۆزەکان: ئەوە بریتییە لە پێشەکییەکی کورت کە وەڵامی هەر پێنج پرسیاری هەواڵ دەداتەوە جگە لە پرسیاری (چۆن؟). دوای ئەم بەشە مەتنی هەواڵ یان ناوەڕۆکەکەی دێت کە پێی دەڵێن، (Development)، بەپێی گرنگی لەسەرەوە ریزبەند دەکرێن لەم قاڵبەدا بەشی کۆتایی نییە[٣٨٠]. "لەم شێوازەدا، گرنگترین بەشی بابەتەکە لە بڕگەی یەکەمدا (لید) دەنووسێت‌و بڕگەکانی دیکە بەپێی گرنگی بەدوای بڕگەی یەکەمدا دێن. ئەم شێوە دارشتن‌و پۆلین کردنەی بابەتەکانی دەبێ سەرەڕای پاراستنی پەیوەندی لۆژیکی نێوان بەشەکانی هەواڵ، لە گرنگترین‌و سەرەکیترین زانیارییەکانەوە بەرەو کەم بایەخترین بەشەکانی بابەتی هەواڵ بچین"[٣٨١]. ئەوە باوترین شێوازی ڕۆژنامەگەرییەو بە تایبەتی لەو هەواڵانەی ئاژانسەکانی دەنگوباس پەخشی دەکەن، هۆیەکانی بڵاوبوونەوەی دەگەڕێتەوە کە:

١. بە تواناترین هۆکاری گواستنەوەی زانیارییەکانە. خوێنەر کاتێکی زۆر بۆ خوێندنەوەی هەواڵەکان تەرخان ناکات. بەڵکو تەنیا دێرەکانی سەرەتای هەواڵ یان گوتار دەخوێنێتەوە پێش ئەوەی بڕیاری بەردەوام بوون لەسەر خوێندنەوەی پەرەگرافەکانی داهاتوو بدات.

---

٣٧٩- سەرچاوەی پێشوو، ل٣٦.

٣٨٠- د. عبدالستار جواد، فن كتابة الاخبار، ص١٤٦.

٣٨١- بەختیار کەریمی، بەرەو ڕۆژنامەوانیی مۆدێرن، ل٥٥.

٢. ئەو پانتایەی کە بۆ هەواڵ یان گوتار تەرخان دەکرێت. ئاریشەیەکی هەمیشەی ڕۆژنامەیە. ئەگەر هەواڵەکان بە پێی ئەم شێوازە دارێژرابن کورتکردنەوەیان ئاسان دەبێت، چونکە زانیارییە کەم بایەخەکان لە کۆتایی هەواڵەکەدا دێن، واتە لە ژێرەوەن[382].

لایەنە چاکەکانی ئەم شێوازە بە پێی بۆچوونی (د. کازمی موعتەمەد نەژاد)[383] ئەم پێنج خاڵەی خوارەوەن:

١. خوێنەر بە سەیرکردنێکی خێرایی مانشێتی هەواڵەکە، دەزانێ هەواڵەکە، بەلای ئەوەوە گرنگە یان گرنگ نییە.

٢. ئەگەر هاتوو بابەتی هەواڵەکە سەرنجی خوێنەرەکەی بۆ لای خۆی ڕاکێشا، ئەم شێوازە مۆڵەتی ئەوەی پێ دەدا یەکسەر لەسەر خوێندنەوەی بەردەوام بێتو تا ئەو کاتەی خوێنەر حەزی لە زانینی هەواڵەکەیە داخوازییەکانی دێنێتە دی بەدوای بابەتەکەدا بڕوات، بێ ئەوەی هیچ مەسەلەیەکی گرنگی لە دەست بچێ.

٣. ئەو پەیامنێرەی کە ئەرکی ئامادەکردنی بابەتەکەی پێ سپێراوە، لە ڕێگەی ئەم شێوازەوە دەتوانێ لە کاتێکی کەمدا بابەتەکانی بە تەرییی گرنگی ڕێك بخاتو بیاننووسێتەوە.

٤. سەرنووسەری ڕۆژنامە دەتوانێ بە ئاسانیو پاش خوێندنەوەی چەند پەرەگرافێك بابەتە گرنگەکان بۆ مانشێتی بچوك دیاری بکات.

٥. بۆ دەرهێنەری لاپەڕەکان کار ئاسانی دروست دەکاتو هەر کە بینیان جێگای نابێتەوە، هەوڵ دەدەن کۆتایی بابەتەکە هەڵگرنو هیچ زیانێکیش بە دەقی بابەتەکە نەگەیەنن.

لایەنی کەمو کوڕی ئەم شێوازە، کە دەبێتە جێگای ڕەخنە لێگرتن، لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەردەکەوێ:

١. هەواڵنێر لە دیدو تێڕوانینی خۆیەوە، گرنگترین بەشی هەواڵەکە هەڵدەبژێرێت. هەروەها لە پێناو دارشتنەوەی هەواڵەکەشدا، سەر لە نوێ پیایدا دەچێتەوە.

٢. لەبەرئەوەی خوێنەر لیدەکەی خوێندۆتەوە، چاو لە خوێندنەوەی پاشماوەی بابەتەکە دەپۆشێت.

٣. ئەوەی لە لیددا هاتووە، جارێکیتر لە دەقی هەواڵەکەدا دووبارە دەبێتەوە[384].

---

٣٨٢- د. عبدالستار جواد، فن كتابة الاخبار، ص١٤٥ – ١٤٦.

٣٨٣- د. کازمی موعتەمەد نەژاد، ڕۆژنامەگەری، ل٥٥.

٤. هەندێ جار بە هۆی کورت کردنەوەی بابەتەکان لەلایەن سەرنوسەرەوە، بڕی زانیارییەکان لە دەقی هەواڵەکە دەسڕێتەوە[٣٨٥].

لە سەرچاوەکانی ڕۆژنامەگەریدا دەربارەی سەرهەڵدانی ئەم شێوازە چیرۆکێك هەیە، "بەپێی ئەم چیرۆکە، دوای دۆزینەوەی تەلەگراف، ڕۆژنامەنووسان بەتایبەتی ڕۆژنامەنووسانی ئەمریکایی، ئان‌و ساتی سەرهەڵدانی جەنگی ناوخۆیی ئەمریکاو لەکاتی وەرگرتنی هەواڵدا لە ترسی پچڕانی پەیوەندییە تەلەگرافییەکە، سەرەتا بەشی سەرەکی هەواڵەکەیان وەردەگرت‌و دواتر ئەگەر پەیوەندییەکە نەبڕایەوە، بەشەکانی تری هەواڵەکەیان وەردەگرت"[٣٨٦].

هەر دەربارەی مێژووی بڵاوبوونەوەی قاڵبی هەرەمی هەڵگەڕاوە (ئومێد مەسعوودی) دەڵێت: "ئاڵوگۆڕ لە شێوازی هەواڵ نووسین لە چاپەمەنییەکاندا، لە نیوەی سەدەی نۆزدەهەمدا گەیشتە لووتکە. ئەو کاتە کە ڕۆژنامەنووسان بەهۆی هەلومەرج‌و پێداویستی زەمەنی‌و کەڵك وەرگرتن لە خاڵە باشەکانی نووسینی هەواڵ، ڕوویان کردە شێوازێکی نوێ لە هەواڵ نووسین. ئەم شێوازە، هەمان شێوازی هەرەمی هەڵگەڕاوەیە"[٣٨٧]. هەمان نووسەری شەستەکانی سەدەی نۆزدەهەم بە مێژوویی ئەم گۆڕانکارییە دادەنێت.

قاڵبی هەرەمی هەڵگەڕاوە باشترین شێوەیە بۆ داڕشتنی هەواڵەکانی لافاوو کارەساتە سروشتییەکان‌و کۆنگرە سیاسییەکان‌و دیمانەی هەواڵی‌و سمینارەکان.




شێوەی داڕشتنی هەرەمی هەڵگەڕاوە

---

٣٨٤- ڕەزا حاجی ئابادی، دەروازەی ڕۆژنامەنووسی، ل٣٨.

٣٨٥- بەختیار کەریمی، بەرەو ڕۆژنامەوانیی مۆدێرن، ل٥٩.

٣٨٦- ڕەزا حاجی ئابادی، دەروازەی ڕۆژنامەنووسی، ل٣٦.

٣٨٧- ئومێد مەسعودی، بنەماکانی نووسین لە ڕاگەیاندندا، وەرگێڕانی جوامێر مارابی، ل٦٤.

### ٣. قاڵبی سەرنج ڕاکێشان: (Suspended – Interest Order)

ئەگەر ئامانجی نووسەر خۆش ڕابواردنی خوێنەرو سەرنج ڕاکێشانی بێت، بۆ بەدەستەوە هێنانی ئەو ئامانجە، پەنا بۆ پاراستنی ڕەگەزێکی گرنگ دەبات، کە لە کۆتایی باسەکەدا دەربدەبڕێت. واتە دروستکردنی بونیادێك (Structure) یان قاڵبێکی نوێ بۆ هەواڵ، کە لە بناغەدا بە پێچەوانەی هەرەمی هەڵگەڕاوە دەبێت، چونکە گرنگترین ڕەگەزی هەواڵ لە کۆتایەکە دێت نەك لە پێشەکی.

هەندێ جار گێڕانەوەی ڕووداو بە شێوازی سەرنج ڕاکێش دەنووسرێت لەسەر ڕێبازی قاڵبی یەك بە دوای یەك، تۆماردەکرێت، چونکە ئەمە لە زۆربەی شێوازەکانی دیکەدا بۆ گێڕانەوەی هەواڵ سەرنج ڕاکێشترە. نووسەری لێهاتووو خاوەن توانا دەتوانێ بە ڕێگای قاڵبی یەك بەدوا یەك زیاتر سەرنجی خوێنەران ڕابکێشێت.

ئەو هەواڵەی کە بەم شێوازە دەنووسرێت کورت ناکرێتەوە، لەبەرئەوە پێویستە نووسەری هەواڵ لە هەموو دێرەکانی بابەتەکە پێگیری لەسەر ڕەگەزی سەرنج ڕاکێشان بکات. ئەم شێوازە بۆ کورتە هەواڵەکان (Bright) دەگونجێت، کە لە دوو پەرەگراف یان سێ پەرەگراف دادەنووسرێن[٣٨٨].

(ویلیام ڕایفرز) بڵاوبوونەوەی ئەم شێوازە بۆ ئەم هۆیانە دەگەڕێنێتەوە:

١. زۆر بە چێژو درامییە.

٢. بۆ تێگەیشتن ئاسانە.

٣. ڕەگەزەکانی بە شێوەیەکی سروشتی دەدۆزێتەوە.

٤. کورت ناکرێتەوە[٣٨٩].

بە پێی بۆچوونی (ف. فریزەر بوند)[٣٩٠] ئەو ڕەگەزانەی کە دەبنە هۆی سەرنج ڕاکێشان لە هەواڵی ڕۆژنامەگەری دا ئەمانەن:

---

٣٨٨- د. عبدالستار جواد، فن كتابة الاخبار، ص ١٥٢.

٣٨٩- سەرکەوت پێنجوێنی، قاڵبەکانی داڕشتنی هەواڵ لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا لە ساڵی ٢٠٠٠دا، گۆڤاری ڕۆژنامەڤانی ژمارە (٥) ساڵی دووەم، کۆتایی ئاب ٢٠٠١، ل١٩٢.

٣٩٠- ف. فریزر بوند، مدخل الى الصحافة، ل١٢٢ — ١٢٥.

١. گرنگی دان بە خودی مرۆڤ.

٢. دارایی

٣. سێکس.

٤. ململانێ (زۆرانبازی)

٥. نامۆیی

٦. پەرستنی قارەمانو ناوبانگی (ناسراوبوون)

٧. چاوەڕوان بوون، (زیرەڤانی کردن) (ترقب)

٨. مرۆڤایەتی

٩. ئەو ڕووداوانەی بەسەر کۆمەڵەی گەورەی ڕێکخراودا دێن.

١٠. ڕکەبەری

١١. دۆزینەوەو داهێنان

١٢. تاوان

### ٤. قاڵبی راستەوخۆ: (Straight Narrative):

ئەم قاڵبە لە گۆڤارەوە هاتووەتە ناو رۆژنامەی رۆژانەوە، لەبەر شێوازە جیاوازەکەی، لەوانەیە لە گۆڤاردا زۆر گرنگی بە هەواڵ نەدرێت. تیل (Teel)و تایلور (Taylor) وای دەبینن کە قاڵبی گێڕانەوەی راستەوخۆ، ئەوەیە کە بابەتەکە لەسەرەتاوە تاکو کۆتایی بەشێوەیەکی لۆجیکی دەگێڕرێتەوە، بە دەگمەن نەبێت ئەگەر نا لە رۆژنامەدا بەکار نایێت. لەم قاڵبەدا پێویستە خوێنەر بەدوای بابەتەکەدا بچێت تاکو کۆتایی ئینجا بزانێت نووسەرەکە باسی چی دەکات. ئەگەر نووسەرێکی لێهاتوو توانی سەرنجی خوێنەران بەشێوەیەکی دروست رابکێشێت، ئەوە تاکو کۆتایی بابەتەکە بەردەوام دەبێت لەسەر خوێندنەوەی بابەتەکە، نووسەری لێهاتوو دەتوانێت ئەمە بکات خۆ ئەگەر دەست لە گرێ (Plot)و پەرەگرافی سەرەکیش (Nut Graf) بەربدات، ئەوە کرۆکی بابەتەکە کورت دەکاتەوە.

هەرچەندە ئەم قاڵبە سەخڵەتێکی گێڕانەوەی هەیە، بەڵام شێوازێکی چاکە بۆ نووسینی بابەتی بچوك‌و لاوەکی (Sidebar)، کە بابەتی کورتن‌و گرێ دانی بابەتی سەرەکینە. ئەو رەخنەی کە ئاراستەی ئەم شێوازە دەکرێت، ئەوەیە کە قاڵبەکە بە پتەوی بونیادنراوەو دەبێتە هۆی بزربوونی خوێنەر لەنێوان پەرەگرافەکانی یەك لەدوای یەکداو هەروەها لەبەر زۆر ئاسان کردنەوەو زۆر گێڕانەوەی بابەت[٣٩١].

---

٣٩١- د. عبدالستار جواد، فن كتابة الاخبار، ص١٥٧.

### ٥. قالّبی کۆکردنەوە: (The Round- up Story):

زۆربەی جار ئەم شێوازە لە کۆکردنەوەی رووداوەکان پێکدێت، ئەگەر ئەو رووداوانە بە بەهایەکی هەواڵی یەکسان کۆتاییان بێت. بۆ نمونە باسکردنی ژمارەیەکی زۆر لە رووداوەکانی هاتووچۆ لەیەك بابەتدا. ئەم جۆرە هەوالانە پێویستە بە تەواوەتی بلاوبکرێنەوە، چونکە ناوەرۆکیان یەك بەهای هەواڵی هەیە. کورتکردنەوەی ئەم هەواڵە دەبێتە هۆی تێکدانی هاوسەنگەکەی.

دەربارەی پێناسەی ئەم قالّبە بە بۆچوونی (جورج هاو)، ئەم چیرۆکە هەواڵییەیە کە چەند رەگەزێکی جیاوازی رووداوێکی شایستەی بلاوکردنەوە، کۆدەکاتەوە. نموونە بۆ ئەم جۆرە هەواڵە سەرجەمی رووداوەکانی هاتووچۆ لەماوەی هەفتەیەکدا، یان خۆسووتاندنی ژمارەیەکی ئافرەتان لە ماوەیەکی دەست نیشانکراودا. ئەم جۆرە هەواڵانە لەوانەیە بە یەك ناونیشان بێت وەکو (گەشتی هەواڵ)، چونکە ژمارەیەك لە بابەتەکانی هاو سروشت لەخۆ دەگرێتو یەك پێشەکی بۆ دەنووسرێت[٣٩٢].




شێوەی دارِشتنی قالّبی کۆکردنەوە

٣٩٢- سەرچاوەی پێشوو، ل١٦١.

### ٦. قاڵبی گۆزە: (The Carafe):

ئەم شێوازە بریتییە لە پێشەکیو جەستە، هەروەکو لقێك لە شێوەی هەرەمی هەڵگەڕاوە وایە. لە پێشەکییەکەدا گرنگیو کرۆکی رووداوەکە ئاشکرا دەکرێت، پاشان لە جەستەی هەواڵەکەدا بەشێوەی گێڕانەوەی چیرۆکی لاسایی بە وردی هەموو رووداوەکە بە شێوەی پەرەگرافی کورتو ئاسان باس دەکرێت. ئەم شێوازە بۆ هەواڵی دادگاکردنو تاوان بەکاردەهێنرێت. ئەم قاڵبە پێویستی بە ناوەڕۆك هەیە بۆ رستنو چنینی (Weaving) ورد، پێویستە نووسەر هەموو تواناى خۆی لەم بوارەدا بەکاربێنێت[٣٩٣].




شێوەی داڕشتنی قاڵبی گۆزە

---

٣٩٣- سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٥.

### ٧. قاڵبی هێلکەی قاز: (The Goose Egg):

ئەم قاڵبە بەشێوەی پەخشانی ڕۆژنامەنووسیو گێڕانەوەی چیرۆکی سەرنج ڕاکێش دەنووسرێت. نوسەر دەتوانێت لەهەر خاڵێکەوە بچێتە ناو چیرۆکەکەو پاشان بچێتە ناو ناوەڕۆکی ڕووداوەکە، ئەوسا دەگاتە لوتکەو گرنگترین خاڵی ڕووداوەکە، پاشان جارێکی دیکە دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕۆکو ئەو خاڵەی کە دەیەوێت بە زەقی ئاشکرای بکات کە مەبەستەکەیە.

ئەم شێوازە وەکو بازنە وایە، ناوی لێنراوە هێلکەی قاز، چونکە هەردوو لایەنی هێلکەکە دەگەنەوە یەکترو ناوەڕاستەکەی فراوانە، جێگای گرنگترین خاڵی تێدا دەبێتەوە[٣٩٤].

لەم شێوازەدا پێویستە نووسەر زانیاری گرنك دەربارەی ڕووداوەکە بەکاربێنێت پاشخانەکەی ئاشکرا بکات لەگەڵ ڕوونکردنەوەی پێویست، بەشێوەی گێڕانەوەی حەکایەت، کە کۆتاییەکە مەرەقدار بێتو پێشکییەکەی سەرنج ڕاکێش بێت. نووسەر بەپێی ئەم شێوازە دەتوانێت لەهەر خاڵێکەوە دەست بە ئاشکراکردنی ڕووداوەکانی چیرۆکەکە بکات. قاڵبی هێلکەی قاز مێژوویەکی دێرینی هەیە[٣٩٥].

ئەم قاڵبە زیاتر بۆ ئەو ڕووداوانە بەکاردێت کە بەشێوەیەکی درامی کۆتاییان پێدێت.




شێوەی داڕشتنی قاڵبی هێلکەی قاز

---

٣٩٤- ابراهیم الحاج صالح، التحریر الصحفي، المعهد الفني اربیل- قسم الاعلام، الکورس الاول، ١٩٩٩، ص١٤. (ملزمة محاضرات معدة من قبل المدرس المذکور).

٣٩٥- د. عبدالستار جواد، فن کتابة الاخبار، ص١٦٧.

### ٨. قاڵبی ئەڵماسی: (The Diamond):

ئەم قاڵبە بریتییە لە پێشەکیەکی گێڕانەوەیی وەکو چیرۆك، پاشان پەرەگرافی کرۆکی (net graph) دێت، ئەویش ئەو پەرەگرافەیە، کە خاڵی بناغەیی بابەتەکەی تێدا ئاشکرا دەبێت، پاشان پەرەگرافی هەرە گرنگ دێت کە پێی دەڵێن (significance graph). پەرەگرافی کرۆکی بابەتەکەو پەرەگرافی گرنگ، وەکو شێوەی هەرەمی هەڵگەڕاوە دروست دەبن و گفتوگۆ لەسەر ئەو بابەتانە دەکرێت، کە پەیوەندییان بە بابەت و پاشخانەکەیەوە هەیەو بەپێی گرنگی ڕیزبەند دەکرێن[٣٩٦]. هەر لەم قاڵبەدا پەندی پێشینان و قسەی نەستەق بلاوەدەکرێنەوە، ئەگەر لەگەڵ بابەتەکە بگونجێن. ئەوەی گرنگە لەم قاڵبەدا، دەرچوونە لە شێوەی لاسایی و نووسەر سەرپشك کراوە بۆ دەست نیشانکردنی خاڵی پێشەکی بەڵام پێویستە زانیاری ورد دەربارەی بابەتەکە بەکاربێنێت. ئەم شێوەیە بۆ زۆر بابەت بەکاردێت، سەرکەوتنیش پەیوەستە بە توانا و زیرەکی نووسەرەکە خۆی[٣٩٧].

### ٩. قاڵبی ڕووداوە پێش بینی کراوەکان: (Coming Events Format):

شێوازی قاڵبی ڕووداوە پێش بینی کراوەکان لە پێشەکییەکی پوخت پێکدێت، پاشان وردە وردە ڕووداوەکان دێن کە بە جوانی ڕیزبەند دەکرێن، ئەم قاڵبە داکۆکی لەسەر دوو ڕەگەزی گرنگ دەکات: کات و شوێن، زیاتر لە بابەتەکانی دیکە. ئەو بابەتانەی کە بەم قاڵبە چارەسەریان دەکرێت ئەمانەن:

١. ئاگاداریی ئاسایی (ڕۆتینی): (Routine Announcements)

٢. ڕووداوی بەرنامەکراو: (Scheduled Events)

٣. بەرنامەکان: (Progamms)

٤. کۆبوونەوەکان: (Meetings)

٥. ئاهەنگەکان: (Parties)

---

٣٩٦- د. عبدالستار جواد، فن كتابة الاخبار، ص١٦٨.

٣٩٧- سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٠.

٦. شایی بووك گواستنەوە: (Weddings)

٧. بە خاك سپاردنی مردووەكان: (Funnerals)

٨. هەڵبژاردنەكان: (Elections)

٩. گوتاربێژیو ئاخافتن كردن: (Speeches)

١٠. وانەبێژی: (Lectures)

١١. ڕووداوە وەرزشییەكان: (Athletic Events)

ئەو هەواڵانەی كە لەم شێوازەدا بەكاردێن كورتن، هەندێ جار هەواڵە درێژەكانیش بەكاردێن، كە نووسەر زۆر شتی وردو درێژ تۆمار دەكات، بەڵام بەهەمان شێوەی قاڵبەكە پابەند دەبێت. ئەم قاڵبە جۆرو لقی زۆری هەیە، وەكو هەوڵدانێك بۆ زیاتر سەرنج ڕاكێشانی خوێنەران. پێویستە ئەوەش بگوترێت، كە ئەم قاڵبە وەكو لقێكی هەرەمی هەڵگەڕاوە پێشكەوتنی بەسەردا هاتووە[٣٩٨].

---

٣٩٨- سەرچاوەی پێشوو، ل١٧١.

# زمـــانی هـــواڵ

ڕۆژنامەگەریی پەیامی خۆی ئاراستەی خەڵکانێك دەكات، لـە ڕووی فێربـوون‌و ڕۆشـنبیری‌و ئابووری‌و ڕەگەزو تەمەن‌و گرنگی پێدانەوە جیـاوازن. هـەر کەسـێ توانـای خوێندنـەوەی هـەبێت لەوانەیە ڕۆژنامە بخوێنێتەوە، لەبەرئەوە پێویستە ڕۆژنامەگـەریی زمـانێکی وا بـەکاربێنێت، کـە خوێنـەری سـادە تێـی بگـات. ڕۆژنامەگـەریی هـەر لـە سـەرهەڵدانییەوە بـە دروسـتکردنی‌و پێشخـستنی ئـەو زمانـە خـەریك بـووەو تـا ئێـستاش بەردەوامـە. ڕۆژنامەگـەریی زمـانێکی وا بەکاردێنێت کە دەکەوێتە نێوان زمانی بەرزو پەتی کە زمانی ڕۆشنبیری‌و زانستە لەگەڵ زمـانی ڕۆژانەی خەڵکی سادە، واتە ڕۆژنامەگەریی زمانی تایبـەتی خۆی هەیە، هـەروەکو (جـورج دی کووپن) دەڵێت: "ئەگـەر بڕیـار بـێ خوێنـەر لـە مەبەسـتی نووسـەر تێبگـا، پێویـستە نووسـەر پێویـستی خوێنـەر بزانـی‌و دابینـی بکـات"[399]. ئەگـەر ڕۆژنامەگـەریی زمـانی تایبـەتی خـۆی هەبێت، بێگومـان زمـانی هـەواڵ زیـاتر تایبـەتی دەبێـت، چـونکە لەوانەیـە ڕۆژنامـەنووس لـە نووسینی وتار یان ڕیپۆرتـاژ یـان هەڤپـەیڤین زیـاتر ئـازاد بێـت لـە بـەکارهێنان‌و هەڵبـژاردنی وشەدا، بەڵام ئەو ئازادییە لە زمانی هەواڵـدا سـنووردارترە، بـەڵکو پێویـستە نووسـەری هـەواڵ ڕووداوەکە زۆر بە وردی‌و ڕاشکاوی بگەیەنێتە خوێنەر، دوور لە هەر گومـان‌و مـژو مـورانێـك[400].

لەبەرئەوە دەتوانین خەسلەتەکانی زمانی هەواڵ بەم خاڵانەی خوارەوە دەست نیشان بکەین:

## ١. ڕوونی (الوضوح):

پێویستە ئەو وشانەی کە لە زمانی هەواڵدا بەکاردێن، لە چوارچێوەی فەرهـەنگی خوێنـەری ئاسایی دابێ. هەروەها باشـترە نووسـەر ئـەو وشـانەی کـە مـژوموران دروسـت دەکـەن یـان ئـەو ڕستانەی کە ڕوون نین بەکارنەهێنێت، چونکە "سادە نووسین‌و خۆبواردن لە ڕازانـەوەی بـێ هـۆو زیادی لە بابەتی هەواڵیدا، لە بنەما سەرەکییەکانی پەخشانی ژورنالیستیە"[401]، بـەڵام هەنـدێ

---

٣٩٩- ئومێد مەسعوودی، بنەماکانی نووسین لە ڕاگەیاندندا، وەرگێڕانی جوامێرمارابی، ل٥٧.

٤٠٠- د. سليمان صالح، صناعة الاخبار في العالم المعاصر، ص١٣٢.

٤٠١- ئومێد مەسعوودی، بنەماکانی نووسین لە ڕاگەیاندندا، وەرگێڕانی جوامێرمارابی، ل٦٧.

جار مـژوموران لـه سروشـتی هەواڵـدا هەیـە، لەبەرئـەوە پێویـستە نووسـەر هـەوڵ بـدات ئـەو مژومورانە نەهێڵێتو رووداوەکە ئاسانو رووناك بکاتەوە بە مەرجێ لە راسـتی رووداوەکـە دوور نەکەوێتەوە.

### ٢. کورتبڕی (الایجاز):

رۆژانە ژمارەیەکی یەکجار زۆر هەواڵ لەسەرچاوەی جیاجیاو رێگـای جیـاوازەوە دەگەنـە هـەر رۆژنامەیـەك، ئەگـەر رۆژنامەکـە ئـەو هـەموو هەواڵانـە بڵاوبکاتـەوە بێگومـان پێویـستی بـە ژمارەیەکی زۆر لاپەڕە دەبێت، لەبەرئـەوە هـەنگاوی یەکـەم بـۆ چارەسـەری ئـەم ئارێـشەیە، هـەر رۆژنامەیـەك بـەپێی سیاسـەتو ئایـدۆلۆژیاو گرنگـی پێدانـەکانی خـۆی ئـەو هەواڵانـەی بـۆ رۆژنامەکە گرنگن بە وردی هەڵیاندەبژێرێت. ئینجا دێتە سەر هەنگاوی دووەم ئەویش بە کورتی دارشتنی ئەو هەواڵانەیە بـۆ ئـەوەی وەکـو پێویـست هـەر هـەواڵێك لـە جێگـای تایبـەتی خـۆی دابنێت جگە لە هۆی شوێن، رەچاوکردنی کاتی خوێنەریش خـاڵێکی گرنگـە، چـونکە لەوانەیـە هەموو خوێنەرێك کاتی پێویستی نەبێت ئەگەر دارشتنەکە بەشێوەی درێژبڕی بێت، "پەخـشانی رۆژنامـەگەریی لـە پەیـڕەی کـورتبڕیو روونیـدا سـەردەکەوێت"[٤٠٢]. لێـرەدا پێویـستە ئامـاژە بـە خاڵێك بکەین، لەوانەیە ئەم کورت بڕییـە ببێتـە هـۆی شـێواندنی هەواڵەکـە. لەبەرئـەوە باشـترە هاوسـەنگییەك لـەنێوان کـورت بـڕیو گواسـتنەوەی هـەواڵ لەسەرچـاوەکەو پاراسـتنی راسـتی رووداوەکە هەبێت[٤٠٣].

### ٣. خێرایی (السرعة):

هۆکارو کەناڵەکانی راگەیاندن بـە گـشتی رکەبـەری دەکـەن بۆئـەوەی زووتـر هەواڵـەکان بـە گشتیو هەواڵی گرنگ بەتایبـەتی، بڵاوبکەنـەوە، بەمـەش دەڵـێن پێـشدەستی رۆژنامـەگەریی، چونکە ئەگەر بڵاوکردنەکەی دواکەوت هەواڵەکـە نرخـی نامینێت. لەبەئـەوە رۆژنامەنووسـەکان پەلە لە بڵاوکردنەوەی هەواڵ دەکەنو دارشتنی هـەواڵ بەشێوەی رسـتەی کـورت کـە ریتمێکـی

---

٤٠٢- سەرچاوەی پێشوو، ل٦٠.

٤٠٣- د. سلیمان صالح، صناعة الاخبار في العالم المعاصر، ص١٣٥.

خێرای تێدایه، لەگەڵ ریتمی خێرای ئەم سەردەمە دەگونجێت. بێگومان ئەم جۆرە دارشتنە مۆسیقایەکی تایبەتی تێدایەو سەرنج راکێشە. بەڵام جاری واش هەیە ئەم جۆرە نووسینە بۆ نووسینی هەموو هەواڵێك دەست نادات، لەبەرئەوە پێویستە ئەمە نەبێتە پێوەرێکی رەها بۆ زمانی رۆژنامەگەریی‌و رۆژنامەنووس ئەم کارە بە ئازادی ئەنجامبدات[٤٠٤].

## ٤. وردی (الدقة):

پێویستە پرۆسەی وێنەکێشانی رووداوو دەربڕینی زۆر بە وردی ئەنجام بدرێت، بەشێوەیەك کە زۆر لە راستی رووداوەکە نزیك بێت، بۆ ئەم کارە ئەو وشانەی رۆژنامەنووس پێویستی پێیەتی، ئەو وشانەن کە یەك واتا دەبەخشن‌و نابنە هۆی جیاوازی لە تێگەیشتندا. هەروەها پێویستە رۆژنامەنووس زۆر بە وردی لە رووداوەکە بگات، بۆ ئەوەی بتوانێت بە وردی‌و بە راستی وێنەی بکێشێت‌و دەریببڕێت[٤٠٥].

## ٥. بەکارهێنانی کاری رانەبردوو:

بەکارهێنانی کاری رابوردوو لە دارشتنی هەواڵدا زۆرجار زیاتر وردی تێدایە، بەڵام هێماو ئاماژەی هەنووکەیی‌و تازەی هەواڵەکەی تێدا نییە، بەڵکو ئەو هەستە دروست دەکات کە رووداوەکە کۆنە. بەرامبەر بەمە کاری رانەبردوو هێماو ئاماژەی هەنوکەیی‌و بەردەوامی بە رووداوەکە دەدات. ئەگەر کاری رانەبردوو بۆ نووسینی جەستەو ناوەڕۆکی هەواڵ باش بێت، ئەوا بۆ نووسینی ناونیشانی هەواڵەکان باشترە. دووریش نییە بەکارهێنانی ئەم دۆخەی کار ببێتە هۆی هەڵخەڵەتاندنی خوێنەر. لەبەرئەوە باشترە ئەم دۆخەی کار بۆ ئەو هەواڵانە بەکاربێت، کە بەردەوامن‌و پەیوەندییان بە پاشەرۆژەوە هەیە[٤٠٦].

---

٤٠٤- سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٦.

٤٠٥- سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٧.

٤٠٦- سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٨.

### ٦. ئاشكراكردنی بکەری کارەکە (بەکارهێنانی کاری بکەری دیار):

رەگەزێکی گرنگ یان پرسیارێکی گرنگ، لەو شەش پرسیارانەی کە پێویستە لە دارشتنی هەواڵدا وەڵام بدرێنەوە، (کێ؟)یە. وەلامدانەوەی ئەم پرسیارە بەشێوەیەکی روون و ئاشکرا دەبێتە هۆی زیاتر تێگەیشتنی خوێنەر. لەبەرئەوە شارەزایانی رۆژنامەگەریی داکۆکی لەسەر بەکارهێنانی کاری بکەر دیار دەکەن و ئەوەندەی بکرێت ئامۆژگاری دووركەوتنەوە لە کاری بکەر نادیار دەکەن. چونکە لە هەندێ جاردا بکەری رووداوەکە لە سەرەتای روودانی رووداوەکە ئاشکرا نابێت[٤٠٧].

### ٧. دوورکەوتنەوە لە زێدەرۆیی (مبالغة):

پێویستە هەر رووداوێك بەپێی گرنگیی و قەبارەکەی وێنەی بکێشرێت و دەربرێت، بەبێ ئەوەی زێدەرۆیی تێدا بکرێت یان قەبارەکەی گەورەتر بکرێت، چونکە ئەمە دەبێتە هۆی شێواندنی راستی رووداوەکەو لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی هەڵخەڵەتاندنی خوێنەر. لەبەرئەوە پێویستە رۆژنامەنووس لە بەکارهێنانی ئەو وشەو برگەو رستانەی کە دەبنە هۆی دروستکردنی ئەم دۆخە دووربکەوێتەوە. دوور نییە لە هەندێ جار سەرچاوەی هەواڵ دروستکەری ئەم دۆخە بێت، لەبەرئەوە پێویستە هەواڵ بە وردی و زانستی بگوازرێتەوە[٤٠٨].

---

٤٠٧- هەڤاڵ ئەبوبەکر، چەند هەنگاوێك بەرەو راگەیاندن، رۆژنامەنووسس، پرۆپاگەندەو رای گشتی، چ٢، پرۆژەی (١٠٠) کتێبی کوردی ژمارە (١١)، سلێمانی، ١٩٩٧، ل٦٤.

٤٠٨- د. سليمان صالح، صناعة الاخبار في العالم المعاصر، ص١٤٠.

## جۆرەکـــانی هــەواڵ

کەســایەتی هــەواڵ یــان ئــەو خەســلەتانەی کــە هــەواڵیان پێدەناسـرێت، دەبێتــە هــۆی دەستنیـشانکردنی جێگـای بڵاوکردنـەوەی لەسـەر لاپـەڕەکانی ڕۆژنامــەو چـۆنیەتی داڕشـتنی هەواڵەکە. تێگەیشتنی ڕۆژنامەنووس دەربارەی ئەو کەسایەتییە دەبێتە یارمەتیدەرێکی باش بـۆ ئەوەی بتوانێت کۆمەڵە بڕیارێك بـدات لەسـەر دەستنیـشانکردنی قاڵـبو شـێوەی هونـەری بـۆ داڕشتنی هەواڵەکە، سەرەڕای دەستنیشانکردنی پێکهاتەی هەواڵ لـە ڕووی ناوەڕۆکـەوە، پاشـان دەست نیشانکردنی شوێنی بڵاوکردنەوەی لەسەر لاپەڕەکانی ڕۆژنامە.

ئەو خەسڵەتانەی کە دەبنە بنەمای دروستبوونی ئەو کەسایەتییە ئەمانەی خوارەوەن[٤٠٩]:

١. **بەهاکانی هەواڵ News Values**: کۆمەڵە خاڵێکن دەبنە هۆی سەرنج ڕاکێشانی خوێنەرانو لە ئەنجامدا دەبنە جێگای گرنگی پێـدانی ڕۆژنامــەو گۆڤارەکـان. بێگومـان هـەموو بەهاکان یەك هێزی سەرنج ڕاکێشانو یەك ئاستی گرنگی پێدانییان نییە، بەڵکو لە کەسێکەوە بۆ ئەوی دیکە، هەروەها لە کۆمەڵێکەوە بۆ ئەوی تر دەگۆڕێن.

٢. **پێکهاتــەی هــەواڵ**: لـە ڕووی زانیارییەکانـەوەو ڕێکـەوتنی هـەواڵ لەگـەڵ کەسـایەتی ڕۆژنامەکە.

٣. **جۆری هەواڵ**: هەواڵ بەپێی چەندین پێوەری جۆراوجۆر دابەش دەبێتـە سـەر جۆرەکـانی. سەرچاوەکان یەك بۆچوونیان نییە دەربارەی پێوەرەکانی پۆلینکردنی هەواڵ، بەڵام گرنگترینییان ئەمانەن:

١. **پۆلینکردن بەپێی پێوەری جوگرافی:**

ئەم پۆلینکردنە لەسەر بنـەمای دەسـت نیـشانکردنی شـوێنی ڕوودانـی ڕووداوەکـە دروسـت دەبێتو بۆ دوو جۆر دابەش دەبێت:

---

٤٠٩- د. سليمان صالح، صناعة الاخبار في العالم المعاصر، ص٩٩.

أ. هەواڵی ناوخۆ: (Home News):

ئەو هەواڵانەن کە لەناو سنووری ئەو وڵاتە روو دەدەن، کە رۆژنامەکەی لێ دەردەچێت[410]. پەیامنێری رۆژنامە یان کەناڵی راگەیاندن لە شوێنی رووداو، یان ناوچەکە کە هەواڵەکان کۆدەکاتەوەو بۆ رۆژنامەکەی دەنێرێت، هەندێ جاریش لە ئاژانسەکانی ناوخۆیی یان لە رادیۆو تەلەفزیۆنەکانی ناوخۆی وەردەگرێت. رۆژنامەکان گرنگی بەم جۆرە هەواڵە دەدەن، چونکە خوێنەر زیاتر بایەخ بە رووداوەکانی نێزیك خۆی دەدات. هەندێ سەرچاوە[411] ئەم جۆرەش بۆ چەند جۆرێکی دیکەی بچوکتر دابەش دەکەن وەکو:

-- هەواڵە گشتییەکانی دەوڵەت، هەواڵەکانی دامو دەزگاکانی ناوەندی دەوڵەتن.

-- هەواڵەکانی پایتەخت.

-- هەواڵی هەرێمەکان.

-- هەواڵی ناوچە دوورەکان، ئەوانەن کە لە گوندو شارۆچکەکانی روودەدەن.

ب. هەواڵی دەرەوە (Foreign News):

ئەو هەواڵانەن کە لە دەرەوەی ئەو وڵاتە روودەدەن کە رۆژنامەکەی لێ دەردەچێت. ئەم جۆرە هەواڵە زۆر گرنگە چونکە هەندێ جار کار دەکاتە سەر کاروباری وڵاتانی دیکە.

۲. پۆلینکردنی بەپێی بابەتی هەواڵەکە:

ئەم جۆرە بەپێی بابەتی ناوەرۆکی رووداوەکە دابەش دەبێتو دەبێتە چەند جۆری دیکە وەکو:

-- هەواڵی رامیاری

-- هەواڵی پەرلەمانی

-- هەواڵی ئابووری

-- هەواڵی فێرکردن

-- هەواڵی کۆمەڵایەتی

-- هەواڵی ئایینی

---

[410] - عدنان عبدالمنعم ابو السعد، تطور الخبر واساليب تحريره في الصحافة العراقية، ص٤٢.

[411] - د. سليمان صالح، صناعة الاخبار في العالم المعاصر، ص١٠٠.

-- هەواڵی وەرزشی

-- هەواڵی ڕووداوی تاوان

-- هەواڵی ئەدەبی

-- هەواڵی هونەری

-- هەواڵی زانستی

-- هەواڵی سەندیکاو ڕێکخراوەکان... هتد.

لەوانەیە ئەم پۆلینکردنە لەگەڵ پۆلینکردنەکانی دیکە بەناو یەکدابچن.

**٣. پۆلینکردنی هەواڵ بەپێی کات:**

ئەم پۆلینکردنە بەپێی ئاگاداربوون لە کاتی ڕووداوەکە، دەشێ بۆ دوو جۆر دابەش بکرێت:

أ. هەواڵی پێشبینیکراو:

ئەو هەواڵەیە کە ڕۆژنامەکە ئاگادارە لە کاتو شوێنی ڕوودانی. وەکو بەستنی کۆنگرەو دانیشتنی پەرلەمانو گێڕانی ئاهەنگو یارییە وەرزشییەکان...هتد.

ب. هەواڵی پێشبینی نەکراو (کتوپڕ):

ئەو هەواڵەیە کە ڕۆژنامە ئاگادار نییە لەسەر ڕوودانی، پێشبینی ڕوودانیشی ناکات. ڕۆژنامەو ڕۆژنامەنووسی چالاك ئەوانەن کە ئەم جۆرە هەواڵانە بڵاودەکەنەوە[٤١٢].

**٤. پۆلینکردنی هەواڵ بەپێی سادەو لێکدراوی:**

ئەم پۆلێنکردنە بۆ ڕۆژنامەنووس گرنگە، بۆ ئەوەی بتوانێت بە دروستی بڕیار لەسەر هەڵبژاردنی قاڵبو شێوەی داڕشتنەکەی بدات، ئەم جۆرەش دەبێتە:

أ.هەواڵی سادە:

ئەو هەواڵەیە، کە یەك ڕووداو دەگێڕێتەوە، زۆربەی جاران قاڵبی هەرەمی هەڵگەڕاوە بۆ داڕشتنی بەکاردێت[٤١٣].

---

٤١٢- د. عبدالجواد سعيد ربيع، فن الخبر الصحفي، ص٨٤.

٤١٣- د. سليمان صالح، صناعة الاخبار في العالم المعاصر، ص١١٣.

ب. هەواڵی لێکدراو:

هەواڵێکە زیاتر لە ڕووداوێك دەگێڕێتەوە، لەوانەیە ڕووداوەکان لە جێگای جیاواز قەوما بن، لەبەرئەوە ئەم جۆرە هەواڵە پێویستی بە زیاتر لە پەیامنێرێك هەیە.

ج. هەواڵی زنجیرەیی:

ئەو هەواڵەیە، کە ڕوودانەکە بە ڕاگەیاندنی ڕووداوەکە کۆتایی نایێت، بەڵکو بەردەوام دەبێت، لەبەرئەوە پێویستە هەواڵەکە بە شێوەی زنجیرە پێشهاتەکانی ڕووداوەکە باس بکات. شارەزایەك دەربارەی ئەم جۆرە هەواڵە دەڵێت:

"هەواڵی زنجیرەیی، کۆمەڵە هەواڵێکە یەك بەدوای یەك بڵاودەکرێنەوە بەماوەی لێکدابڕاو، دەربارەی بابەتێك کە هێشتا بەردەوامە"[٤١٤].

**٥. پۆلینکردنی بەپێی قەبارەی هەواڵ:**

ئەم جۆرە بەپێی قەبارەی هەواڵ دابەشی دوو جۆر دەکرێت:

أ. هەواڵی کورت: ئەو هەواڵەیە کە بەشێوەیەکی سادەو پوخت دارێژراوە، باس لە ڕووداوێك دەکات.

ب. هەواڵی درێژ: هەندێ جار پێیدەڵێن چیرۆکە هەواڵ، یان پارچە هەواڵ، هەواڵێکە باس لە ڕووداوێکی فرە لایەن دەکاتو بریتییە لە چەندین ڕەگەزی هەواڵو پێویستی بەشیکردنەوەو پاشخان هەیە[٤١٥].

**٦. پۆلینکردن بەپێی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن:**

ئەم جۆرە بەپێی کەناڵ یان هۆکاری ڕاگەیاندنو بڵاوکردنەوەی هەواڵ دابەش دەکرێتو دەبێتە سێ جۆر:

أ. هەواڵی نووسراو: زانیارییەکان دەنووسرێنەوەو چاپ دەکرێنو خوێنەر بە خوێندنەوە پێشوازییان لێدەکات، ئەمە چاپەمەنییەکانە.

---

٤١٤- د. محمد الدروبي، الصحافة والصحفي المعاصر، ص١٠٩.

٤١٥- علي محمود، الصحافة مهنة، ص٥١.

ب. هەواڵی بیستراو: ئەو هەواڵەیە کە لە ڕێگای دەنگییەوەو بە هەستی بیستن بە وەرگران دەگات، ئەمە هەواڵی ڕادیۆییە.

ج. هەواڵی بینین – بیستن: ئەو هەواڵە دەگرێتەوە، کە لەڕێی بینینو بیستنەوە بە وەرگران دەگات، ئەمە هەواڵی تەلەفزیۆنە[٤١٦].

شایانی ئاماژە پێکردنە کە هەندێ سەرچاوەی دیکە، پۆلینکردنی جیاواز بۆ جۆرەکانی هەواڵ دەکەن[٤١٧].

---

٤١٦- هەژار حاتەم، هەواڵو پێکهاتەکانی، ل٣٩.

٤١٧- بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی جۆرەکانی هەواڵ بڕوانە:

أ. فریبا سەیاد، د. عەلی ئەکبەر فەرهەنگی، نەریتی ڕۆژنامەوانی، ل٣٦.

ب. د. کازمی موعتەمەد نەژاد، ڕۆژنامەگەری، ل٢٧.

## مـێژووی سـەرهەڵـدانی هـەواڵ

هەواڵ لەگەڵ سەرەتای ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤدا سەریهەڵداوە، ئەو کاتـەی مـرۆڤ بـووە بـە ئەندامێك لە کۆمـەڵێکدا توانیویـەتی پێشوازی لـە هـەواڵ بکـاتو بیگوازێتـەوە بـۆ تـاکێکی دیکە. واتە سەرهەڵدانی هەواڵ هاوکاتە لەگەڵ پەیدابوونی مرۆڤایەتی. "شارسـتانییە کۆنـەکان گرنگی رەگەزی خێرا گواستنەوەی هەواڵو ئەرکەکانیان لـە کۆمـەڵگادا زانیـوە"[418]. لەبەرئـەوە بەپێی زانینی ئەو سەردەمە مامەڵـەیان لەگـەڵ ئـەم بابەتـە کـردووەو هۆکـاری پێویـستییان بـۆ بەکارهێناوە. هەواڵ بە کۆنترین هونەری رۆژنامـەگەریی دادەنرێو بە چەندین قۆناغـدا تێپـەڕیوە تـا گەیـشتۆتە ئـەم دۆخـەی ئێـستا. هەرچـەندە سەرچـاوەکان جیـاوازن لـە دەسـت نیـشانکردنی قۆناغـەکانی گەشەکردنی هەواڵدا، بەڵام من بەم شێوەی خوارەوە بە پەسەندی دەزانم:

**قۆناغی یەکەم: قۆناغی هێما:**

لەسەرەتادا هۆکاری دەربڕین و گواستنەوەی هەواڵ بە شێوەی هێماو ئاماژە بووە، "واتـا بـە هـۆی بـەکارهێنانی ئەندامـەکانی لـەش یـاخود بـە شـێوازی دیکـە وەك ئاگرکردنـەوەو هەڵکۆڵینو...هتد بووە"[419].

**قۆناغی دووەم: قۆناغی هەواڵی بیستراو:**

ئەم قۆناغـە لـە چـەرخە دێرینەکانـەوە دەسـتی پێکـردووە بـەهۆی دەنگـی دەهـۆڵو کـەرەنا (الابواق)، بۆ راگەیاندنی جـەنگو ئاشـتیو ئاهـەنگی ئـاییینیو ژنهێنـانو مردنـی پاشـایەكو لادانی حاکمێكو دانانی یەکێکی دیکە[420]. هەروەها بەکارهێنانی زمان لەنێوان دوو تاکدا یان لەنێوان تاكو کۆمەڵدا بەشێوەی زارەکی.

---

٤١٨- د. سعيد محمد السيد، د. حسن عماد مكاوي، الاخبار الاذاعية والتلفزيونية، ص٢٩.

٤١٩- کاروان عەلی، هونەری رۆژنامەنووسی، ل١٢.

٤٢٠- د. عبدالجواد سعيد ربيع، فن الخبر الصحفي، ص٥٣.

**قۆناغی سێیەم: قۆناغی هەواڵی دەستنووس:**

پێش دۆزینەوەی چاپخانە لە ناوەڕاستی سەدەی پازدەهەم لە ئەڵمانیا لەسەر دەستی یوهانز گوتنبێرگ هەواڵ بە دەست دەنووسرا، هەواڵ بەدەست لەسەر دیواری ئەشکەوتێك یان پەرستگایەك یان لەسەر پێست یان لەسەر کاغەزێك دەنووسراو بەدیوارێك هەڵدەواسرا یان دەفرۆشرا.

**قۆناغی چوارەم: قۆناغی هەواڵی چاپکراو:**

ئەم قۆناغە پەیوەستە بە دۆزینەوەی چاپخانە. ئەم داهێنانە بە هۆی ئەوە کە بە ئاسانی ژمارەیەکی زۆر لە دانەکانی هەواڵ چاپ دەکرێن و بە فراوانی دەگاتە دەستی خوێنەران، تا ئێستاش ئەم قۆناغە بەردەوامەو دەتوانین هەواڵی ئەلیکترۆنیش هەر بە درێژەپێدانی ئەم قۆناغە دابنێین.

شایانی ئاماژە پێکردنە، کە رۆژنامەگەریی بە هەواڵ دەستی پێکردوە لە قۆناغێکدا تەنیا هەواڵی بڵاودەکردەوە، بەبێ شیکردنەوەو هەڵسەنگاندن. لە قۆناغێکی دیکەدا لە هەندێ وڵاتدا بڵاوکردنەوەی هەواڵی ناوخۆ قەدەغە بوو یان باجی گرانیان لەسەر هەواڵ دادەنا[٤٢١].

٤٢١- د. عبدالجواد سعيد ربيع، فن الخبر الصحفي، ص٥٤.

## هونـەری هـەواڵ لـە گۆڤـاری (هـاوار)دا

گۆڤاری هاوار لە نێوان ١٥ی گوڵانی ١٩٣٢وە تا ١٥ ئابی ساڵی ١٩٤٣ دەرچووە. خـاوەن‌و سەرنووسەرەکەی میر جەلادەت بەدرخان لـە ژمـارەی یەکـەمی گۆڤارەکـەدا، گوتـارێکی بـەناوی (ئارمانج، ئاوایی خەبات‌و نڤیساندنا هاوارێ) بلاوکردۆتەوە، چوارچێوەی کارو ئـەرك‌و گرنگـی پێدانـەکانی هـاوار دەستنیـشان دەکـات. واپیـشان دەدات کـە هـاوار گۆڤـارێکی رۆشـنبیری کەلتووری کـوردی دەبێـت، گرنگـی بـە زمـان‌و دیالێکتـەکانی‌و ئـەلف‌و بـێ دەدات، هـەروەها لاپەڕەکانی بۆ ئەدەب‌و چیرۆك‌و شیعرو ژیاننامەی شاعیرو نووسـەرانی کـورد دەکاتـەوە، لەگـەڵ مێژوو جوگرافیای کوردستان.

هەر لە ژمارە یەك (ل٦) دا، تێبینییەکی لەژێر ناونیشانی (ددورا دنیایـێ دە) نووسـیووە، واتە دەربارەی جیهانەوەو تێدا هاتووە: "بێشك کو خوەندە ڤانێن مەژی مژولاییامـە ئابنگـەهی پێڤە دێ دل بکن سەر هەر تشتێن دونیایێ سەر وەخت بن. مە ئەڤ ستووناهە ژ بو ناوی ڤەکر. ژ هەژمارا دووم ڤە ئەمێ دەست پێ بکن وخوەندە ڤانێن خوە سەربوونە بووێن دنیایێ سەر وەخت بکن"[٤٢٢]. واتە، بێگومـان خوێنەرانی ئێمە جگە لە کاری بناغەیی ئێمە، حەزدەکەن ئاگادار بـن لە هەر شتێ کە لە جیهاندا روودەدات. ئەم ستوونەمـان بـۆ ئـەو مەبەسـتە کـردەوە، لـە ژمـارەی دووەمەوە دەست پێدەکەین‌و خوێنەرانی خۆمـان لەسـەربوویەرەکانی جیهـان ئاگـادار دەکەینـەوە. گۆڤاری هاوار لە سەرجەم ژمارەکانی دا نزیکەی (٤٠) هەواڵی بلاوکردۆتەوە.

لە (ژ٢، ل١)دا، هەواڵێك دەربارەی دامـەزراندنی ئەنجوومـەنی یارمـەتیدانی هەژاران لە شاری جەزیرە لـەژێر ناونیـشانی "جڤاتـا ئاریکاریـێ ژبونـا کـوردێن بەلـەنگاز" بلاوکراوەتـەوەو تێـدا هاتووە:

"ڤێ پاشیێ دژیانا ملەتێ کورد دەتشتەکی مـەزن، ب ئەساس‌و خێرکـار هاتییـە چێکردن. کوردێن جزیرێ ژبونا خوەشکرنا هالێ کوردێن بە لەنگاز جڤاتەك بناڤێ ژورین دانینە.

پیروز ژوان رە، پیروز، هەزار پیروز خوەدێ مالا دانییان ئاڤـاو خـوەش بکـەو شـولێ وان ببـە سەری.

---

٤٢٢- سەروەخت بکن: ئاگادار بکەن: اطلاع، اعلام.

بڤێ جڤاتێ ژی کەماسییێن مەیێن بێ هەژماریەك ژناڤ هاتە هەلاتین. دڤێ کورتالەکە[٤٢٣] کور کو هەر رۆژ ژیانا مە دکوت، راییێن مەد جووت[٤٢٤]، پێ هاتییە گرتن.

ژڤێ جڤاتێ رە هەر وەکی دانی د پێشگوتنا نیزامنامێ دە دبێژن، ژ هەر کەسی بێتر ئەم مللەتێ کورد، هەوداربوون.

پێشگوتنکا نیزامنامێ سەبەبێن دانین‌و جێکرنا جڤاتێ ژ مەرە گەلەك قەنج دده زانین. مە ژی دل دکر خوەند ڤانێن خوە سەروەخت بکەم. داکو ئەو ژی وەك من پێ دلشاوکێف خوەش بن".

ئەگەر بە وردی تێبینی ئەم هەواڵە بکەین دەبینین ناونیشانی تایبەتی خۆی هەیە، پاشان وەلامی زۆربەی پرسیارەکانی هەواڵ ئاشکراکراوە. ناوەڕۆکی هەواڵەکە دەربارەی رووداوێکی کۆمەلایەتی ناوخۆییە. پێویستە ئاماژە بە خاڵێکی دیکە بکەین ئەویش پاش کۆتایی هاتنی هەواڵەکە، پێشەکی پەیڕەوی ناوخۆیی ئەو ئەنجوومەنە بلاوکراوەتەوە.

لە (ژ٨، ل٢)ی هاواردا هەواڵێکی دیکە بە ناونیشانی (رێ یا تەزە) بلاوکراوەتەوە، دەربارەی دەرچوونی رۆژنامەی (رێ یا تەزە)یەو تێدا هاتووە:

"رۆژنامەکە کوردمانجی، ب هەرفێن نوو، ب کورمانجی یەك خوەروو، ل رەوانێ، د شکلەکی سپەهی‌و چەلەنگ دەدەردکەڤە.

ڤێ پاشیێ چەند هەژمارێن وێ گەهشتنە دەستێ مە. چاڤێن مە پێ ب روهن بوون، دلێ مە شاوگەش بوو.

کوردمانجێن رەوانێ ژ رۆژنامێ پێڤە چەند کتێب ژی دەرێخستنە. مەسێ چار رۆژ مژوولاهییا خوە ب وان کرن.

ژ ناڤ روپەلێن وان یێن تازەو تەر بهنا کولیکلێن چیایێ ئەلە گوزێ، بایێ زۆزانێن سەرهەدان دهاتن. دناڤ رەسمێن وان دە شال‌و شەپکێ کوردمانجی، خەنجەرو پشت خەنجەرا کال‌و کالکێن مە دهاتن دیتن.

---

٤٢٣- کورتال: کورتار: قوولی تاریك.

٤٢٤- راییێن مەدجووت: رەگمان دەجوێت: یمضغ جذورنا.

"ڕێ یا تەزە" وەك ناڤێ خوە تازەیە، نوویە، نووبارە لێ ژ هاوارێ کەڤنتر، ب عەمر ژێ مەزنترە. هەژمارا وێ ئا پاشین کو گەهیشتیە دەستێ مە ئا پێنجیی‌و نەهانە. ل گورا کو ڕێیاتەزە ڕۆژنامەیەکە دەهـ ڕۆژکی یە، بەری سالکێ وهن دەست ب دەرکەتن کری یە".

پاشان (هەرە کۆل ئەزیزان)، کە نازناوی میر جەلادەت بەدرخانە، چەند دێرە هۆنراوەیەك لە کتێبێکی کوردەکانی ڕەوانی دەنووسێت، ئینجا جارێکی دیکە دێتە سەر باسی ڕۆژنامەی (ڕێ یا تەزە)و دەڵێت: "ژ بونا ئێرو مە هەڤقاس گوت، پێشدەتر ئەم دیسان ژ ڕێ یا – تەزە بەهس بکن. ئەم ژ هەڤالا خوەرە ڕێ یەکە خوەش‌و داوی یەکە گەش هێڤی دکین. دڤێت کو هەر گاڤ مە های ژ هەڤ هەبت‌و گەرەکە کو ئەم هەڤدوو سەر خەباتا هەڤ سەروەخت بکن".

لەم هەواڵەدا (هەرەکول ئازیزان) باس لە دەرچوونی ڕۆژنامەی (ڕێ یا تەزە) دەکات‌و شادبوون‌و بەختەوەری خۆی بەرامبەر ئاشکرا دەکات‌و ئاماژە بەوە دەکات، کە ژمارەی (٥٩)ی ڕۆژنامەکەی بە دەست گەیشتووەو دووپات دەکاتەوە کە ڕۆژنامەکە لە گۆڤاری هاوار بە تەمەنترەو کۆنترە. هەر لەم هەواڵەدا ئەوەش ئاشکرا دەکات کە چەند کتێبێکی لەگەڵ ڕۆژنامەکە بەدەست گەیشتوون‌و لە کۆتاییدا داوای هاوکاری‌و ئاگاداربوون لە یەکتر دەکات.

باسکردنی ناوەڕۆکی هەواڵ ڕووداوێکی ڕۆشنبیری کوردییە. ئەم هەواڵە لە ڕووی داڕشتنەوە هەواڵێکی لێکدراوە، باس لە دوو ڕووداو دەکات، یەکەمیان دەرچوونی ڕۆژنامەکەو دووەمیان گەیشتنی ژمارەیەکی ڕۆژنامەکە لەگەڵ چەند کتێبێکی دیکە. زمانی هەواڵەکە کوردییێکی پەتی‌و ڕوون‌و ئاسانە.

دەتوانین ژمارەی (١١)ی گۆڤاری هاوار بە ژمارەی شیوەن ناو ببەین، چونکە لە هەموو ژمارەیەکی دیکە زیاتر باسی مردن‌و شەهید بوونی تێدایە، هەر لە لاپەڕەی یەکەمدا، جەلادەت ئالی بەدرخان بە وتارێکی ئەدەبی‌و درێژ، بەشێوازی پەخشانی هونەری باسی شەهیدبوونی شێخ عەبدولڕەحمانی گارسی دەکات. لە (ل٦)دا هەواڵی کۆچکردنی (خەلیل رامی بەدرخان) بڵاودەکاتەوە. ئەم هەواڵەی بەشێوەیەکی جوان‌و تەواو داڕشتووەو هەموو ڕەگەزێکی هەواڵی تێدا بەدی دەکرێت‌و لە ڕووی داڕشتنەوە هەواڵێکی سادەیە، باسی یەك ڕووداو دەکات، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت، ناونیشانی بابەتەکە ئاماژە بۆ ڕووداوەکە ناکات، تەنها نووسراوە: "خەلیل رامی بەدرخان"، ئینجا دێتە سەر باسی ڕووداوەکەو بەم چەشنە دەست پێدەکات:

"دسێزدەهێ ڤێ هەیڤێ، دڕۆژا پێنج شەمبی، بەری نیڤرو ساعەت شەش‌و نیڤادە خەلیل رامی بەدرخان، ل بێروتێ دخانییەکی دوومەزەلین‌و یەك تایین دە چوو رەحمەتێ. خەلیل رامی بەگ سەرخوە بوو. هێژ نەکەتبوو ناڤ جهان. ل سەر کورسییەکی رونشتی قەهوا سوبەهی ڤەد خوار. ژ نشکاڤە د خەورە چوو. خەلکێ دورا وی وەلێ باوەرکرن. لێ دراستی یێ دە دلێ وی ژبونا کوردستانا خوە نەما لێدخست.

عەمرێ وی گەهشتبوو دورا هەڤتی یێ. خەلیل رامی بەگ ژ کورێن میر بەدرخان، ئێن پاشین بو، نمیننددیی نفشکی ولی بو کو لباتێن (اعضا) وی گەلەك کێم بونە. ئەو چەند کو بەلکو ئیرو تەڤدا ناگەهن چاران ژێ" ....هتد.

لە هەمان ژمارە، لە (ل۷)دا، هەواڵی کۆچی دوایی دکتۆر ئەحمەد بیرقدار لەگەڵ وێنەکەیدا بڵاوکراوەتەوە، شایانی باسە دکتۆر ئەحمەد بیرقدار پزیشکێکی کوردە، لە هۆزی بەرازەو دانشتوویی گەڕەکی کوردانی شاری دیمەشق بووە. دیسان ناونیشانی هەواڵەکە ئاماژە بۆ ڕووداوەکە ناکات، چونکە تەنها ناوی کۆچکردووی بەم شێوەیە نووسیوە (دکتۆر ئەحمەد بیرقدار). هەواڵێکی درێژە باسی یەك ڕووداو دەکات.

لە ژمارەی (۲۰)ی گۆڤاری هاواردا، کە لە ڕێکەوتی ۸ی گوڵانی ساڵی ۱۹۳۳ دەرچووە، لە (ل ۱۳)دا هەواڵی دەرچوونی کتێبی قسەی پێشینانی ئیسماعیل حەقی شاوەیسی بڵاوکراوەتەوە کە لەو ساڵەدا لە بەغدا چاپکراوە، ناونیشانێکی بەم شێوەیەی بۆ نووسیوە:

"کتێبان:

قسەی پێشینان

ماموستا ئیسماعیل حەقی"

پاشان مەتنی هەواڵەکەی بەم شێوەیە داڕشتووە:

"ددەما دەرکەتنا ڤێ هەژمارێ دە چەند نڤشتێن کتێبا ژوێن گەهانە کوڤارامە. سپاسان ل نڤیسەڤانێ وێ دکن وخەباتا وی پیروز دکن.. ژ بەر کو دڤێ هەژمارێ دە جه نەمایە ئەم ئیروژێ تەنێ چەند مامکان دگوهزێنین ستونێن خوە".

ناونیشانی هەواڵەکە تارادەیەك لەگەڵ ناوەڕۆکی هەواڵەکە دەگونجێت. هەواڵەکە زۆر بە کورتیو بەشێوەیەکی سادە داڕژاوە، دەربارەی رووداوێکی رۆشنبیری کوردییە، پاشان چەند پەندێکی لە کتێبەکە وەرگرتووەو بڵاویکردۆتەوە.

لە (ژ۲۱، ل٦)ی هاواردا، هەواڵێك بەناونیشانی:

"شین:

ئەلیاس ئەفەندی

کورێ حاجی عوسمان ئاغایێ رەشوییێ دێرکی چو رەحمەتێ"

پاشان ناوەڕۆکی هەواڵەکە بەم شێوەیە دەست پێ دەکات:

"ئەلیاس ئەفەندی کورێ حاجی ئاغایێ رەشوییێ دێرکی دسسەیێ حەزیرانا ڤێ سالێ دروژا شەمبەهی دە چو رەحمەتێ.

لگورا کو ژەمەرە هاتە نڤیساندن رەحمەتی ب مێڤانی چو بو عامودێ. ئەو وچەند هەڤالێن وی حەتا درەنگی شەڤێ د قەهوەکە عامۆدێ دە رونشتبون. وەکی ژ هەڤ ڤە قەتیان ئەلیاس ئەفەندی سەرخوە وب کێف بو. مرن نە دهات بیرا وی، نەژی بیرا هەڤالێن وی. جهێ وی ل گەراژا عامودێ چێکربون. صبەتر حەتا وەختەکی درەنگ خوە شانی نەدابو. هەڤالێن وی چو بونە بالێ. گاڤاکەتن مەزەلاوی دیتنە کو کورێ حاجی عوسمان ئاغا، ژبونا خەوا خوە ئاپاشێنو ئابادین خوە درێژی نڤینا خوە کریە. ژێ دەنگ نەدهات. پاش خوەرە مالكو ولاتەك هشتبون. ئیدی دەنگ ژوان دێ بهاتاو ئەوی گوهداریا وان دێ بکرا. رەحمەتا خودێ لێ ل مالباتا وی بت".

ناونیشانی هەواڵەکە لێکدراوەو بە سێ دێر نووسیویەتی: وشەی شین لە دێرێکدا، پاشان ناوی ئەلیاس ئەفەندی بە فۆنتێکی جیا لە دێری دووەمدا، پاشان رستەی تەواوکەری "کورێ حاجی عوسمان ئاغایێ رەشۆیێ دێرکی چو رەحمەتێ"، لە دێری سێیەمدا نووسیووە.

داڕشتنی هەواڵەکە بەشێوەیەکی سادە باس لە چۆنیەتی مردنو جێگای مردنی کەسێك دەکاتو هەواڵەکە بە زمانێکی سادەو ئاسان نووسراوە.

گۆڤاری هاوار لەسەر بڵاوکردنەوەی دەنگوباسەکان بەردەوام دەبێت، لە (ژ ٢٢، ل٤)دا، هەواڵێکی دیکە بەناوی (عیبرەت) لە نووسینی جگەرخوێن بڵاوکراوەتەوە، تێدا هاتووە:

" ئەمینێ ئەهمەد هاتە کوشتن"

قەدەرێ دوو مەهانە، ئەمینێ ئەهمەد، بناڤەکی دن ئەمینێ پەریخان ب دەستێ ترکان هاتە کوشتن. ئەمین ئاغایەك ژ ئاغاییێن وەلاتێ مەبوو. مینا ئاغاییێن دن ژ ترکان رە خەباتە کە مەزن کربوو. دگەل هەڤالێن خوە چەك هەلگرێن ئەشیرا خوەدا بۆ هەڤ وچوو بوو لسەر رەهمەتی شێخ سەعید ئەفندی پشتی کو شێخێ رەهمەتی هاتە بدار ڤەکرن ئەمین ژی وەك ئاغاییێن دن بازداو هاتی بوو ناڤ کوردێن جزیرێ.

پاش چەندەکی ترکان عەفوەك بەلاڤ کربوون. ئەمین وچەند هەڤالێن وی هەر تشت ژ بیرا کرن‌و ڤەگەریان چوون بەردەستێ رومان. وان یەکو یەکو ئەو ئاغا وندا دکرن. تەنێ ئەمین مابوو. ڤێ پاشیێ دورا وی ژی هات ول بەرچەمێ بشێریێ ب دوو بەرکێن مال خراب هاتە کوشتن.

کوردنو ! دە ژ خوە رە عیبرەت بگرن. ئەڤە کورد دبێژن: رە دبەبوست نەیار نابە دوست".

ئەم هەواڵە بەشێوەیەکی جیاواز لە ئەوانەی دیکە نووسراوە. ناونیشانی سەرسوڕمانی تێدایە تەنیا یەك وشەیە: (عیبرەت). پاشان پوختەی ڕووداوەکە لە پێشەکی (لید)ی هەواڵدا هاتووە، "ئەمینی ئەهمەد هاتە کوشتن". ئینجا دووبارە باسکردنی ڕووداوەکەو تەواوکردنی بە چەند شتێکی دیکەو لە کۆتایی هەواڵەکەدا نووسەر داوا دەکات، کە گەلی کورد پەند لە ڕەفتاری دەسەڵاتی تورکان وەربگرێت‌و پەندێکی پێشینان دێنێتەوە کە دەڵێت:

" رە د بە بوست نەیار نابە دوست".

ئەم هەواڵە لەسەر شێوازی قاڵبی هەرەمی هەڵگەڕاوە نووسراوە، بە شێوەیەکی سادە باسی یەك ڕووداو دەکات‌و بە زمانێکی سادەو ئاشکرا دارژاوە. بابەتی هەواڵەکە لەلایەك تاوانێك پیشان دەدات، لەلایەکی دیکە بێ ویژدانی‌و نیاز پیسی تورکان دووپات دەکاتەوە.

لە ژمارە (٢٧)ی هاواردا دوو هەواڵی ڕاگەیاندنی کوردی بڵاوکراوەتەوە: هەواڵی یەکەم لە (ل٨)دا، دەربارەی دەرچوونی گۆڤاری گەلاوێژە لە بەغداو تێدا هاتووە:

"کوڤارەکە کوردی، ل بەغدایێ ب دەرتێت، کوڤارەك ب هەر ئاوایی، ب روپەل‌و نقیسار، هێژاو دەولەمەند. مە چەند هەژمارێن وێ د دەستێ ناسەکی خوە دە دیتن‌و ل وان تەماشاکرن.

تاریخا هەژمارا چاران، ئادار ١٩٤٠ وتاریخانا دەهان، ئیلونا (١٩٤٠)ە ل گورا ڤان تاریخان و ل گورەیی کو گولاویژ کوڤارەکا مەهی یە دڤێت هەژمارا وێ ئاپێشین د مەها کانونا پاشین، سالا ١٩٣٩ ئان دە ب دەرچووبە.

بەلێ گەلاویژ کوڤارەکە هێژایە. هەیاکو ژ هەمی کوڤارێن کوردی یێن کو هەتانهو دەرکەتنە تەکوزترە ژی. لێ ئەفسوس، مەنزانی بوو ئەم وێ ب تەمامی بخوینن وسەه بکن. ژ بەر کو ئەو نەب تیپێن کوردی لێ ب تیپێن عەرەبی هات بوو چاپ کرن..."

پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین کە ناونیشانی هەواڵەکە بەم شێوەیە نووسراوە:

" نەشرەییێن کوردی

گەلاویژ"

واتە ناونیشانەکە لە دوو دێردا نووسیوە. فۆنتی وشەی گەلاویژ لەوەی دیکە گەورەترە. ناونیشانەکە لەگەڵ بابەتەکە دەگونجێت، ناوەرۆکی بابەتەکە بە زمانێکی ساکار نووسراوە، هەروەها دارِشتنەکەش سادەو ئاسایی یە.

هەر لەو ژمارەیەدا، هاوار بابەتێکی راگەیاندنی کوردی بڵاودەکاتەوە، ئەویش لە (ل١١)دا، لەژێر ناونیشانی:

" درادیو وێ دە

وشینەکێن کوردی"

پاشان پێشەکییەکی کورتی بۆ هەواڵەکە نووسیووەو دەڵێت:

"هن رادیوێن روهەلاتێ نیزنگ ب زمانێ کوردی دوە شینن. ئەم وان ستاسیونان ل ژێرو دگەل پرونڤیسا وان ژ خوەندەڤانێن خوەرە ددن زانین".

لەم هەواڵەدا باسی سێ رادیۆ دەکات کە بە زمانی کوردی بەرنامە پەخش دەکەنو ناونیشانێکی دیکە بەم شێوەیە دەنووسێت:

"بێروت رادیوا روهەلات"

ئینجا دێتە سەر ناوەرِۆکی هەواڵەکەو دەڵێت:

"ژ پێنجێ ئادار ڤێ سالێ (١٩٤١) ئە ئەڤ رادیو ل هەفتێ دوو جاران، ئینو چارەشەمبێ ب کوردمانجی دوەشینە. هەروە شینەك نیڤ سەعەت دوم دکە، ژ سەعەتەت پێنجان هەتا پێنجو

نیڤان. رادیوا روهەلات ل سەر دوو پێلان دوەشینە: پێلێن کورتو پێلێن ناڤین. درێژاهیا پێلێن وێ: پێلێن کورت (٣٧,٣٥) پێلێن ناڤین (٢٩٣,٥٠).

شاندیاریێ بێروتێ د هەر وەشینەکێ دەنووچەییێن دنیایێ د دەزانینو د پشت رە چەند قەوانێن کوردمانجی د دەگەراندن...".

پاشان ناونیشانێکی دیکە لەناو هەواڵەکەدا بەم شێوەیە دەنووسێت:

"ئیراق: رادیوا بەغدایێ"

ئینجا دێتە سەر ناوەڕۆکی هەواڵەکەو دەنووسێت:

"ئەڤ رادیو ژ دەستپێکا ڤی شەری ڤە هەرو جارەکێ ب کوردی دوەشینە. پێلێن وێ کورت (٤٢) میترن. وەشینەك پشتی نیڤرو سەعەت چارو چلو پێنجان (٤٠٤٥) دە دەست پێ دکەو چاریەك سەعەت داژو.

شاندیاریێ بەغدایێ نووچەییێن دنیایێ رۆژ ب رۆژ د دەزانین. جارنـاژی هـن قـەوانێن کوردمانجی دگەرینە".

پاشان ناونیشانێکی دیکە دەربارەی رادیۆی قەفقاس دەنووسێت:

"رادیوکە قەفقاسێ"

پاشان دێتە سەر باسی ئەم رادیۆیە، هەروەکو ئەوانی دیکە باسی دەکات. هەروەکو ئاشکرایە ئەمە هەواڵێکی لێکدراوە. باسی سێ رووداو یان سێ شتی هاوچەشن دەکات بۆ هەر رووداوێك ناونیشانی تایبەت هەیە لە چوارچێوەی یەك هەواڵدا ئەمەش شێوەیەکی تازەیە بۆ گۆڤارەکە.

لە (ژ٣٤، ل١٥) جارێکی دیکەو لە هەواڵێکی دیکەدا، باس لە هەردوو رادیۆی رۆژهەلات لە بەیروتو رادیۆی بەغدا دەکاتەوە، بە جیا باسی هەر رادیۆییێك دەکاتو ئەو زانیاریانەی کە لە هەواڵی پێشوودا هاتوون جارێکی دیکە دووبارەیان دەکاتەوە.

هەر لە (ژ٣٤، ل١٥)دا هەواڵێك دەربارەی دەرچوونی بەرگی یەکەمی کتێبی (شیعرو ئەدەبیاتی کوردی)ی رەفیق حلمی بلاوکراوەتەوەو تێدا هاتووە:

"کتێبەکە سبەهی، چەلەنگو هێژا، ١٤٦ روپەل. مرۆڤ گاڤا ڤێ کتێبێ دبەدەستێ خوە، دەستێ وی پێ تژی، دلێ وی پێ گەشو گەرم دبە. رەفیق حلمی دڤێ کتێبێ دە قالا هند

شـایرێن سـوران ێـن پاشـین کرنـه. ب کـورتی ب سـەرهاتیا وان گـوتی یـه وهـن شـهرێن وان بەلاڤکرنەو ل ئەسەرێن وان هوور بوویه....".

(ژ٥٣، ل٨)دا هاوار مژدەی دەرچوونی رۆژنامەی (رۆژانوو) دەداتە خوێنەرانی خۆیو تێدا هاتووه:

"خوەنـده ڤـانێن دەلال مزگینیـا مـه ل وه. پـشتی هـاوارو روناهیـێ هونـێ ب رۆژنامەکـه کوردی، رۆژانوو ژی شاوکێف خوەش بێ. هەژمارا ڤێ رۆژنامێ یا پێشین دڤـان چـهند رۆژان ده وێ دەرکەڤه. رۆژانوو وەك هاوارو روناهییێ نه ب تەنێ ئەدەبیو جڤـاکی یـه. لـێ بـەلێ رۆژانـوو رۆژنامەکه سیاسی یه..."

ئەم هەواڵە لە جۆری هەواڵی پێشبینی کراوەو ناوەرۆکەکەی بابەتێکی رۆشنبیرییه.

لە ژمارەی (٣٠)ی هاواردا، کـه لـه رۆژی ١٩٤١/٧/١ دەرچـووه، لـه (ل٧)دا، بابـەتێکی نوێ بەناونیشانی (رەوشا دنیایێ) واته بارودۆخی جیهان لە نووسینی (نێرەڤان)، دەبینرێت. له پێشەکی ئەم بابەتەدا هاتووه:

" ژ ئیرو وپێده هاوار د هەر هەژمارا خوه ده خوندەڤانێن خوه ل سەر رەوشا دنایێ وێ سـەر وەخـت بکـه" وتـشتێن کـو دنـاڤ مـەهێ ده چـێبوونه ب ئـورتی ژی وان ره بـدەزانین. ژ بـو دەستپێکرنێ ئەمێ ب شوون ده ڤەگەرنو چاڤێن خوه ل بوویەرێن کو ژ دەستپێکا شەر هەتانی ئیرو چێبوونه بگەرینن...".

لەم پێشەکییەدا نووسەری بابەتەکه خوێنـەرانی هـاوار ئاگـادار دەکاتـەوه، کـه لـەم ژمـارەوه دەست پێ دەکاتو خوێنەرانی گۆڤارەکه له بارودۆخی جیهان ئاگادار دەکاتەوه، ئەو رووداوانەی که لە مـانگێکدا روو دەدەن بە جیاجیا باسیان دەکات. بۆ دەستپێکردنی ئـەم بابەتـە، هـەر لـەم ژمارەیەدا بەدواداچـوونێکی دوورو درێژی دەربـارەی دەسـتپێکردنی جـەنگی دووەمـی جیهـانو هۆیەکانی نووسیووەو ئاماژەی بـه پێـشهاتو رێککەوتننامـەو گۆڕانکارییـەکانی جیهـان داوه. لەمیانی بابەتەکەدا لەسەر رووداوی زۆر راوەستاوه.

لەم ژمارەیەوه گۆشەی (رەوشا دنیایێ) دێتەکایەوەو تاکو ژماره (٥١)ی گۆڤارەکه بەردەوام دەبێت.

ئەم بابەتانەی لەسەر شێوازی هەواڵی لێکدراو نووسراون، واتە هەر جارێ ئەم بابەتە بە هەمان ناونیشان، چەند هەواڵی پەیوەندیداری بە جەنگەوە لە خۆی گرتووە، هەر هەواڵێك ناونیشانێکی لاوەکی بۆ نووسراوە بەم شێوەی خوارەوە:

| پێکهاتەی بابەتی (رەوشا دنیایێ) | ژمارەی لاپەڕەکە | مێژووی دەرچوونی | ژمارەی گۆڤار |
|---|---|---|---|
| شەرێ سورىێ — شەرێ ئەتلەنتیکێ — مەسەلا هندی چینی ئەم بابەتە لە ١٩٤١/٧/٢٧ لە نووسینی (نێرەڤان)ە | ١١ | ١٩٤١/٨/١ | ٣١ |
| هەڤدیتنا روزوەلت و چورچل — هەڤدیتنا هیتلەرو موسولینی (سەرچاوەی هەواڵەکە ئاشکرا کردووە) دروهەلاتێ دووردە — شەرێ ئورس (روسیایان یەکێتی سوڤێتی جاران) | ١٢ | ١٩٤١/٩/١ | ٣٢ |
| ئیشێ سپیچ بەرگێ — شەرێ ئەتلەنتیکێ — هالی فرەنسێ — ئیشێ عەجەم — شەرێ ئورس. شام ١٩٤١/٩/١٦، نێرەڤان. | ١٤ | ١٩٤١/١٠/١ | ٣٣ |
| شەرێ ئورس — شەرێ ئەفریقایێ. شام ١٩٤١/١٠/٣ نێرەڤان. | ١٤ | ١٩٤١/١٠/١٥ | ٣٤ |
| ئیشێ ژا پونیایێ — رەوشا ئەمێریکایێ- شەرێ ئورس. شام ١٩٤١/١١/٣ | ١٢ | ١٩٤١/١١/١٢ | ٣٥ |
| سێ نتق — قانونا بێ تەرەفییێ — شەرێ بەهرێ — شەرێ ئەفریقایێ- شەرێ ئورس. شام مەها ١٩٤١/١١ نێرەڤان | ٦ | ١٩٤١/١٢/١ | ٣٦ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٧ | ١٩٤١/١٢/٢٠ | ١٢ | رەوشا تورکییێ – شەرێ لیبیایێ – ئەنتی کومینتێرن (پەیمان بەر بولشەڤیکیێ) – شەرێ ژاپون. شام ١٩٤١/١٢/١٩ نیرەڤان. |
| ٣٨ | ١٩٤٢/١/٢٢ | ١٠ | شەرێ لیبیایێ – شەرێ ئورس – شەرێ پەسیڤیکی<br>شام ١٩٤٢/٢/١٠ نیرەڤان |
| ٣٩ | ١٩٤٢/٢/١٥ | ١٠ | نتقا چورچل – شەرێ پەسیڤیکێ – شەرێ لیبیایێ – شەرێ ئورس – چینو ماچین.<br>شام ١٩٤٢/٢/١٠ نیرەڤان. |
| ٤٠ | ١٩٤٢/٢/٢٨ | ٨ | شەرێ مانشێ – شەرێ سەنگەپورێ – بیرماینە – شەرێ لیبیایێ – شەرێ ئورس.<br>شام ١٩٤٢/٢/٢٥ نیرەڤان. |
| ٤١ | ١٩٤٢/٣/١٥ | ٨ | شەرێ مانشێ – شەرێ لیبیایێ – شەرێ روهەلاتێ دوور.<br>شام ١٩٤٢/٣/١٤ نیرەڤان |
| ٤٢ | ١٩٤٢/٤/١٥ | ٧ | ئیشێ هندستانێ – شەرێ ئورس – شەرێ لیبیایێ.<br>شام ١٩٤٢/٤/١٢ نیرەڤان |
| ٤٣ | ١٩٤٢/٥/٥ | ٩ | ئەنیکەنوو – شەرێ پەسیڤکێ – شەرێ روئاڤێ – پرسا فرەنسێ – شەرێ ئورس – شەرێ لیبیایێ- شەرێ هندستانێ. شام ١٩٤٢/٤/٢٧ نیرەڤان. |
| ٤٤ | ١٩٤٢/٥/٢٠ | ٨ | شەرێ بیرمانیایێ – پرسا مە دەگەسکارێ – شەرێ فلپینێ – شەرێ ئورس – شەرێ روئاڤێ – شەرێ لیبیایێ – |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | | گینانوو وئەویسترالیایە — مەرتنك — نووچەیێن عەجەمستانێ (دەربارەی کوردانە). شام ١٩/٥/١٩٤٢ نێرەڤان. |
| ٤٥ | ١٩٤٢/٦/٢٠ | ١١ | شەرێ ئورس — شەرێ پەسیڤیکێ — شەرێ لیبیایێ — پەیمانەکانوو — پرسا ئەنیانوو — نووچەیێن جول. شام ١٩٤٢/٦/١٥ نێرەڤان. |
| ٤٦ | ١٩٤٢/٧/١ | ٥ | شەرێ مسرێ — شەرێ ئورس — شەرێ روئاڤێ. شام ١٠/٧/١٩٤٢ نێرەڤان. |
| ٤٧ | ١٩٤٢/٧/٢٥ | ٥ | پرسا ئەنیانوو — پرسا هندستانێ — ستولەکە فرەنسێ — شەرێ مسرێ. شام ٢٥/٧/١٩٤٢ نێرەڤان. |
| ٤٨ | ١٩٤٢/٨/١٥ | ٦ | پرسا هندستانێ — شەرێ مسرێ — شەرێ پەسیڤیکێ — شەرێ ئورس. شام ١٥/٨/١٩٤٢ نێرەڤان. |
| ٤٩ | ١٩٤٢/٩/١٥ | ٩ | ئەسکەرێن سوندخواریان دبەژا ئەوپایێ دە — شەرێ مەدا گاسکارێ. شام ١٥/٩/١٩٤٢ نێرەڤان. |
| ٥٠ | ١٩٤٢/١٠/١٥ | ٧ | شەرێ ئورس — شەرێ پەسیڤیکێ — شەرێ روئاڤێ — شەرێ مسرێ. شام ١٥/١٠/١٩٤٢ نێرەڤان |
| ٥١ | ١٩٤٢/١١/١٥ | ١١ | شەرێ مسرێ — فاس وتونس — جەزایر. شام ١٥/١١/١٩٤٢ نێرەڤان. |

بابەتی (رەوشا دنیایێ) لە نووسینو ئامادەکردنی (نێرەڤان) بووە، زیاتر بەڵگە ئەوە دەسەلمێنێ کە (نێرەڤان) جەلادەت بەدرخان خۆی بووە. شێوەی بڵاوکردنەوەی ئەم بابەتە زیاتر لە گۆشەی رۆژنامەگەریی دەچێت، چونکە لە هەموو ژمارەکاندا بەیەك ناونیشان هاتووە،

چوارچێوەی بابەتەکە جەنگی جیهانی دووەم بووەو نووسەرەکەی تەنیا کەسێك بووە. ئەو هەواڵانەی لەم گۆشەیەدا بڵاوکراونەتەوە هەر هەموویان هەواڵی لێکدراون‌و چەند ناونیشانی لاوەکی لەمیانەی ئەو بابەتەدا هەن. بە زمانێکی سادەو ساکاری کوردی نووسراون.

خاڵێکی دیکە پێویستە ئاماژەی بۆ بکەین ئەویش ئاشکراکردنی سەرچاوەی هەواڵە، بەدرێژایی (٢٢) ژمارە، هەر لە ژمارە (٣٠) تا (ژ٥١)، بابەتی (رەوشا دنیایێ) بڵاوکراوەتەوەو لە (ژ٣٢، ل١٢)دا، ناونیشانێکی لاوەکی (هەڤدیتنا هیتلەرو مووسولینی) لە چوارچێوەی هەمان بابەتدا بڵاوکراوەتەوەو لەم هەواڵەدا ئاماژە بۆ سەرچاوەکەی دەکات‌و دەڵێت:

" ل ٢٩ ێ تەباخێ رادیۆێن بەرلین‌و رومایێ دانەزانین کو ژ (٢٥)ێ تەباخێ ڤە، هیتلەرو مووسولینی ل جەم هەڤ بوون" مووسولینی چوو بو ئوکرانیایێ قەرارگەها هیتلەر".

هەر دەربارەی شەڕی دووەمی جیهان گۆڤاری هاوار گرنگییەکی باشی بەم رووداوە گەورەی جیهان داوە، بەتایبەتی دوای ئەوە کە ئاگرەکەی لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراست نێزێك بووەوە.

لە (ژ ٣٣، ل٤)ی هاواردا بابەتێك لەژێر ناونیشانی (دوو سالێن شەڕ)، لە (١)ی ئەیلولی ١٩٣٩، کە رۆژی دەستپێکردنی شەڕەکەیە تاکو دەگاتە رۆژی (١)ی ئەیلولی ساڵی ١٩٤١، بڵاوکراوەتەوە. ئەم بابەتە وەکو راپۆرتە هەواڵێکی درێژەو ناوی نووسەرەکەی ئاشکرا نییە، ئاماژە بۆ گرنگترین رووداوەکانی ئەو ماوەیە کراوەو لەسەرتاکەیدا هاتووە:

" ژ بەر کوڤی شەری ل یەکێ ئیلونا (١٩٣٩)ان دە دەست پێکریە ل یەکی ئیلونا ١٩٤١ ێ دوو سالێن خوە ئێن پێشین د قەدینەو پێ ل سالا خوە سسیان دکە. زارۆکێن کودشەڤا یەکێ ئیلونا (١٩٣٩) ئان دە ب زکێ ویا خوە کەتنە ئیرو پازدە مەهی ئەو پەیایێن کو وێ شەڤی نوت‌و نەه سالی بوونە ئیرو سەدو یەك سالی نە. ب ڤێ هێنجەتێ ئەم لیستا ژێرین بەلاف دکن. بەری دەستپێکرنا شەری ب هەفت روژان یانی ٢٣ ێ تەباخێ ئورس‌و ئەلمانان پەیمانەکە نە ل هەڤ خستنێ ئیمزا کربوون. ئەلمانان بڤی ئاوایی تخوبێن خوەیێن روهەلێ تەمین کربوون".

لە (ژ ٤٩، ل٥)ی گۆڤارەکەدا، هەر بە هەمان شێوەی بابەتی پێشوو، بابەتێك بە ناونیشانی (سێ سالێن شەڕ، ١ ئیلون ١٩٣٩ – ا ئیلون ١٩٤٢) بڵاوکراوەتەوەو دوایی پێشەکییەك، نووسەری بابەتەکە (نێرەڤان) واتە چاودێر، هاتۆتە سەر باسی رووداوە گرنگەکانی شەڕ، مانگ بە مانگ باسی کردوون.

هەر لە چوارچێوەی شەڕی دووەمی جیهانی، دیسان گۆڤاری هاوار بابەتێکی دیکەی دەربارەی ئەو کارەساتە گەورەیە لە (ژ ٣٢، ل١٦) دا بەناونیشانی (هندك رندك) واتە پوختەو جوان بڵاوکردۆتەوە. ئەم بابەتە باسی ڕووداوەکانی شەڕو کوشتن ناکات، بەڵکو ئەو ڕووداوانە باس دەکات کە سەیرو سەمەرەو سەرنج ڕاکێشن و لە ئەنجامی شەڕەکە ڕوو دەدەن.

لە ڕووی شێوەوە ئەم هەواڵانە، هەروەکو ئەوانەی پێشوو، لەشێوەی هەواڵی لێکدراو نووسراون، واتە بابەتەکە ناونیشانێکی سەرەکی هەیە، ئینجا دابەش دەبێتە سەر چەند هەواڵێکی لاوەکی و هەر یەکێك لەمانە ناونیشانی لاوەکی تایبەت بە خۆی هەیە. لەلایەکی ئەم بابەتەدا باسی هەڵاتنی جۆرێکی هەڵۆ دەکات کە هاتوونەتە ناو سنووری وڵاتی ئەسپانیا، ئەم جۆرە هەڵۆیە زۆر گەورەیەو بۆتە جێگای مەترسی لەسەر مەڕو ماڵاتی ئەو وڵاتە. لەم بابەتەدا هاتووە:

" ئەڤ شەرێ ها نە ب تەنێ ل مرۆڤان، لێ ل هەیوانان ژی دهوکمە. تەخلیتەك ئەیلوهەنە، ژوان رە ئەیلوییێن شاهانە دبێژن. ئەڤ ئەیلول ئەوروپایێ هەکە یەکجار وندا نەبوونە ژی گەلەك کێم بوونە. ل ڤێ پاشیێ رەڤینا ژڤان ئەیلویان درێژی سپانیایی کرنە...".

بابەتێکی دیکە هەر بە هەمان شێوەو بە هەمان ناو، دەربارەی هەمان جۆرە ناوەڕۆك واتە بابەتی سەیرو سەمەرە، لە (ژ ٣٩، ل٥)دا بڵاوکراوەتەوە. لە هەواڵێکی ئەم بابەتەدا باسی ئەوە دەکات کە لەم شەڕەدا چۆن بەراز بۆ تەقاندنەوەی مینەکان بەکاردێنن. لە (ژ٤١، ل٥)دا بابەتێکی تر لەم چەشنە هەواڵانە بە هەمان ناوو شێوە بڵاوکراوەتەوە. شایانی ئاماژە پێکردنە ئەم بابەتە لەلایەن (خەبەر گوهێز)، واتە (پەیامنێر) نووسراوە.

هەر لە درێژەدان بە هەواڵەکانی شەڕی دووەمی جیهان، گۆڤاری هاوار، لە (ژ٥٧، ل٥)دا، بابەتێك بەناونیشانی (سەفەرا سجیلیایێ، قوەتێن سوندخواریان چاوان داکەتنە گراڤێ) نووسیوە. ئەم بابەتە لە نووسینی (نیرەڤان)ە، وەکو لە کۆتاییەکەدا ئاشکرا کراوە لە ڕۆژی (٤)ی ئابی ساڵی ١٩٤٣ نووسراوەو باسی چۆنیەتی گەیشتنی هێزەکانی هاوپەیمانان (سوێند خۆرەکان) بۆ گزیرتەی سجیلیاو کەنارە دەریاییەکانی ئیتالیاو گرنگترین ڕووداوەکانی ئەو شەڕە دەکات.

# هونەری هەواڵ لە گۆڤاری (روناهی)دا

گۆڤاری روناهی هەروەکو بە زمانی فەرەنسی لەژێر ناوەکەی نووسراوە، پاشکۆیەکی وێنەداری گۆڤاری کوردی هاوارە، یەکەم ژمارەی روناهی لە رۆژی یەکی نیسانی ساڵی ١٩٤٢ دەرچووە. خاوەن و بەرپرسیاری ئەم گۆڤارە (میر جەلادەت ئەمین عالی بەدرخان) بوو. خاوەنی روناهی دەربارەی گۆڤارەکە لە (ژ ٤٣، ل٨)ی گۆڤاری هاواردا دەڵێت:

"ژیەکێ نیسانێ ڤە مە دەست ب بەلاڤکرنا کوڤارەکە دن کریە: روناهی. روناهی کوڤارەکە ب رەسم و سورەتە. دتاریخا چاپا کوردان دە تشتەکێ نوو. بەلێ هەتا نهو تو کوڤارێن کوردی ب رەسم و سورەت بەلاڤ نەبوویە. ژ لەورە بەلاڤبوونا روناهیێ د ژیانا مە ئا ملی وجڤاکی دە بوویەرەکە گرانەیە". هەروەکو لە نووسینی خاوەنەکەی ئاشکرا دەبێت زیاتر داکۆکی لەسەر وێنە دەکات و لەسەرجەم ژمارەکانی گۆڤاری روناهی دا، کە دەبنە (٢٨) ژمارە (٧١٤) وێنەی بڵاوکردۆتەوە. زۆربەی ئەم وێنانە دەربارەی رووداوەکانی جەنگی دووەمی جیهانە.

خاوەنی گۆڤاری روناهی گوتارێکی لەژێر ناونیشانی (سینەم خان و رەسمێن روناهیێ) لە (ژ٣، ل٢)ی گۆڤارەکەدا بڵاوکردۆتەوە. لەسەر زاری کچی خۆی سکاڵای ئەوە دەکات، کە وێنەکانی روناهی هەموویان هی بێگانەن، "رەسمێن تێدا هەمی رەسمێن ئاپێ ئینگلیزو ئەسکەرێ ئاپێ لێزگونە – یانی فرەنسیز – تو رەسمێن کوردمانجان تێدە نینن".

لە وەڵامی میر جەلادەت بۆ کچەکەی، هۆی نەبوونی وێنەی کوردی بۆ گرانی ئەو سەردەمەو نەبوونی وێنەی کوردی دەباتەوەو دەڵێت: "بەلێ سینەم خان خەبەرا تەیە. لێ تو دزانی، کودنیا شەرەو هەر تشت گران بوویە، ئەم نکارین ژ نووڤە کلیشان بدن چێکرن. ب کلیشێن هازرو بەردەست ئەم بەس دکن....".

وێنەکانی روناهی زۆربەیان وێنەی هەواڵن، بۆ هەر وێنەیەک هەواڵێک یان توانجێکی نووسیووەو هەندێ جاریش بە گوتار شیکردۆتەوە. لەبەرئەوە دەتوانین بڵێین گۆڤاری روناهی گۆڤارێکی دەوڵەمەندە لە رووی هەواڵەوە زیاتر لە (١٥٠) هەواڵی بڵاوکردۆتەوە. ئەگەر لەسەر هەموو هەواڵەکانی گۆڤارەکەدا راوەستین و باسیان بکەین، پێویستمان بە لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆو زۆر دوورو درێژ دەبێت، بۆیە بە باشمان زانی بە کورتی بە چەند نموونەیەک باسی ئەم بابەتە بکەین. "هەواڵەکانی روناهی رەنگدانەوەی باری سیاسی ئەو کاتەی سووریا بوو، کە

لەژێر دەستی (بەریتانیا) دابوو. رۆناهیش هەواڵی مەیدانەکانی شەڕی بەپێی راگەیاندنی باڵیۆزخانەی بەریتانی بڵاودەکردەوە"[٤٢٥]. هەروەها هەندێ هەواڵی ناوخۆیی واتە هەواڵی پەیوەندیداری بە نەتەوەی کوردەوە بڵاودەکردنەوە. لەبەرئەوەی ژمارەی هەواڵەکانی جەنگ لە ئەوانی دیکە زیاترە، لەوانەوە دەست پێدەکەین:

لە (ژ١، ل١)دا هەواڵێکی (ئەلیسابێت)ی خاوەن تاجی ئینگلیستان کە لەگەڵ جەنەراڵ دیگۆل لە لەندەن سەردانی نەخۆشخانەیەکی فرەنسییان کردووە لەگەڵ وێنەی هەواڵەکە بڵاوکراونەتەوە. لە (ل٤)ی هەمان ژمارەدا، هەواڵێك دەربارەی بەرەی رووسیا بڵاوکراوەتەوەو لەلایەکی دا هاتووە:

"ب نیزنیگ بوونا بهارێ شەرێ ئورس هەرو خورتردبە، ئورس دزانن کو ئەلەمان خوە ژبو بهارێ کار دکن و ب بهارێ ڤە ئەوێ باڤێژن خەتێن رووسی. ل گورا پسپۆرێن ئەسکەری ئەڤ ئێرش نەمازە دقادا نیڤرودە وێ خورت دبە. ئەلەمان وێ بخوازن د قەفقاسێ رە داکەڤن ئەجەمستانێ وژێ درێژێ روهەلاتێ نیزینگ بکن...".

لە هەمان ژمارەدا، لە (ل٥)دا هەواڵێکی دیکە دەربارەی شەڕو خواردن لەژێر ناونیشانی (شەڕوزاد)دا بڵاوکراوەتەوە، تێدا هاتووە:

"نەمازە دڤی شەرێ مەزنو غەدار دە مەسەلا زێدەبوویە یەك ژ هێمانێن[٤٢٦] زەڤەرێ. دژمن هەڤدو نەب تەنێ دقا دێن شەردە لێ دەمەتبەخێن هەڤ دەژی د ئێشینن و دکن زورا هەڤ نە ب تەنێ ب چەكو پوساتان[٤٢٧] لێ ب نێزو[٤٢٨] برچینانێ ژی بن....".

هەر لەم ژمارەیەدا هەواڵێکی دیکە لە (ل٩)دا، دەربارەی پەرەشوتوانانو کارەکەیان لە شەڕدا بڵاوکراوەتەوە.

لە (ژ٢، ل٢)ی گۆڤاری روناهی دا، هەواڵێك لەسەر هێرشە ئاسمانییەکانی بڵاوکراوەتەوەو لەلایەکی دا هاتووە:

---

٤٢٥- فەرهەنگ موزەفەر محەمەد رەشیکینی، بژاڤی رۆژنامەنووسی کوردی لە سووریا ١٩٣٢ – ١٩٤٦، نامەی ماستەر پێشکەش کۆلیجی پەروەردەی زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر کردووە، ٢٠٠٢، ل٧٦.

٤٢٦- هێمان: رەگەز: فاکتەر: عنصر، عضو، عامل.

٤٢٧- پوسات: تەقەمەنی: ذخیرة، عتاد.

٤٢٨- نێز: برسی: جوع.

"رۆژنامەکە سڤێجی دبێژە کو ل گورا پسپۆرێن ئەلمانی تێخستنا باژاران ب بالە فران پشتی تەجربەیێن کو دڤی شەری دەکرنە ب کێری توتشتی نایێن...".

هەر لەهەمان ژمارەو لە (ل٤)دا هەواڵێکی دیکە دەربارەی شەڕی گزیرتەی کوری گیدور بڵاوکراوەتەوە. لە هەمان ژمارەدا لە (ل١٥)دا هەواڵێکی دیکە دەربارەی شەڕەکانی بیرمانیە بڵاوکراوەتەوە.

گۆڤاری روناهی لە (ژ٣، ل٨)دا هەواڵێکی بەناونیشانی (بەسەرهاتیا سێ باڵەفڕڤانێن ئەمێریکانی)، باس لە کەوتنەخوارەوەی سێ فڕۆکەوانی ئەمریکی دەکات‌و تێدا هاتووە:

" دروهەلاتێ دوورو د شەرێ ژاپونان دە سێ باڵەفرڤانێن ئەمیرێکانی کەتنە بەهرێو ٣٤ روژان ل روویێ بەهرێ مانە..."

ئەمە هەواڵێکی درێژە رۆژ بەرۆژ باسی بەسەرهاتی ئەوانە دەکات.

لە هەمان ژمارەو لە (ل١٧)دا، هەواڵێك لەژێر ناونیشانی (دەگول چاوان ژنا خوە ناسکر، واتە دیگۆل چۆن ژنی خۆی ناسی)و تێداهاتووە:

" دەگول بوو بوو کەپتن لێ هێژ نە زەوجی بوو. دسالا ١٩٢٠ ان دە دوستەکی وی ئەو ئەزماند بوو چایێ. دەگول ژ پیان سەکنی بوو" فنجانا چایێ ب دەست. دڤی دەمێ دە ناسەکی وی هات‌و دەستێ وی گوڤاشت. تاسا چایێ هەژهاو چەند دلوپ چایێ کەتن سەر فستانێ خانما کول رەخ دەگول روونشتی بوو. دەگول ژڤێ ئیشی گەلەك ئاجزبوو. زەهف ل بەرخوەکەت‌و چەند جاران عەفوا خانمێ هێڤی کر. ب ڤی ئاوایی خەبەردانێ دناڤبەرا وان دە، چێبوو و ئەو هەتا داویا زیافەتێ دوم کر....".

لەم هەواڵەدا باسی ئەو رووداوە دەکات، کە بوو بە هۆی یەکترناسینی دیگۆل‌و ئەو کچەی کە دواتر بوو بە ژنی. هەواڵێکی سادەیە باسی یەك رووداو دەکات. ناونیشانی ئەم هەواڵەی بەشێوەیەکی زانستی داناوە، لەسەرەوە ناوی دیگۆلی بە فۆنتی گەورە نووسیوە، ئینجا لە ژێرەوە بە فۆنتێکی بچوکتر نووسیویەتی (چاوان ژنا خوە ناسکر)، چونکە دیگول کەسایەتییێکی بەناوبانگ بوو لەو سەردەمەدا، لەبەرئەوە ناوەکەی بە ئاشکراتر نووسیوە، ئینجا هاتۆتە سەر بەشی دووەمی ناونیشانەکەو بە فۆنتێکی بچوکتر نووسیویەتی. داڕشتنی هەواڵەکە بەشێوەی گێڕانەوەی مێژووییەو زمانێکی سادەو ساکاری بۆ بەکارهێناوە.

له (ژ٤، ل٧)دا، هەواڵێك دەربارەی شەڕی بیابان، لەژێر ناوی (شەڕی بەرییێ) دەخوێنینەوە، لەسەرەتای هەواڵەکەدا هاتووە:

"شەڕێ بەرییێ هنەك دمینە شەرێ بەهرێ. دڤێت دناڤبەرا هەردوو شەرڤانیان دە خەتنە گەلەك سابت نینو ئەو بێی کو بزانن بکەڤن پێشو پاشێن هەڤ...".

دیلەکانی شەڕیش بەشی خۆیان لە هەواڵەکانی گۆڤاری روناهی دا هەبوو. لە (ژ٤، ل٨)دا هەواڵێك بەناونیشانی (من رومەلرە چالەك کولا)، واتە (من چاڵێکم بۆ رومێل لێدا). باسی ئەوە دەکات کە دیلێکی ئینگلیزی باسی بەسەرهاتی خۆی دەکات کاتێ کە لەلایەن لەشکەری ئەڵمانی بە دیلی گیرابوو. لەسەرەتای هەواڵەکەدا هاتووە:

"ل شەڤا ٢٢ ێ چریا پاشین مە د سەهرایێ دە ریا خو وندا کربوو. شەڤێ پێدە، ئەم ب تەخمین مەشیان. ب شەڤێ ڤە ئەم راستی کومەکە تانگان هاتینە...".

ئەمە هەواڵێکی درێژە لەسەر زاری دیلێك کە باسی رووداوەکە دەکات.

هەر لە (ژ٤، ل١٨)دا هەواڵێك دەربارەی چەکی نوێ بەناونیشانی (چەکێن نوو) نووسراوە. لەم هەواڵەدا، لە پەرەگرافی یەکەمدا، باسی دروستکردنی (نوقارەنوو)، واتە (غەواسەی تازە) دەکاتو لە پەرەگرافی دووەمدا باسی دروستکردنی فرۆکەی تازە بۆ گواستنەوەی لەشکرو چەك لەلایەن ئەمریکاوە دەکاتو لە پەرەگرافی سێیەمدا باسی ئەوە دەکات کە ئەڵمانیا بومبێکی تازەی لە شەڕ بەکارهێناوە.

ئەم هەواڵە لێکدراوە باسی سێ رووداوی جیادەکات. هەر سێ رووداوی لەژێر یەك ناونیشان کۆکردونەتەوە.

لە (ژ٥، ل٩) هەواڵێك دەربارەی ئەوە بڵاوکراوەتەوە، کە چۆن ژاپۆنییەکان سەربازەکانی خۆیان دەکوژن، لەژێر ناونیشانی (ژاپۆن ئەسکەرێن خوە دکوژیت) هاتووە:

"ماکەنگێ هاتییە بهیستن کو مللەتەکی ئان هکومەتەکێ ئەسکەرێن خوە بیلا سەبەبو ب دەستێ خوە کوشتی یە؟...". پاشان درێژە بە هەواڵەکە دەداتو باسی ئەوە دەکات، کە چۆن فرۆکەوانێکی ژاپۆنی دەکەوێتە خوارەوە لەناو دەریاداو هاوڕێکانی بە چەکی خۆیان کۆشتوویانە بۆ ئەوەی نەکەوێتە دەستی دوژمنانی.

ئەمە هەواڵێکی سادەیە باسی یەك ڕووداو دەکات و بەشێوەی سەرسوڕمان داڕژاوە. لە هەمان ژمارەداو لە (ل١٣)دا هەواڵێك بەناونیشانی (ئاڤو گەرم) نووسراوە، باسی ئەوە دەکات، کە ئاریشەکانی سەربازانی بەرەی ئەفریقیا نەبوونی ئاوو بەرزبوونەوەی پلەی گەرمایە.

لە (ژ٦، ل٤)ی گۆڤاری روناهی دا، هەواڵێك دەربارەی هەڵهاتنی چەند ئەفسەری دیلە لە دەستی لەشکری ئیتالیا لەژێر ناونیشانی (هێسیر لێ خەلاسکارێ هەڤالێن خوە" تێدا هاتووە:

"لوجان د شەرێ مسرێ دە، دگەل چەند ئەسکەران و ب کەمیونەکە زرەهپوش دەرکەت بوو کەشفێ. کەمیونا دنیزنگی خەتێن تالیانی دە کەتبوو بەر تابیەکە دوژمن وژ بەر خورتیاو سەردەستیا نەیار، لوجان بێ گاڤ ماو دگەل پێنج ئەسکەرێن خوە تەسلیم بوو...".

ئەگەر بە وردی سەیری ئەم هەواڵە بکەین دەبینین ناونیشانەکە لێکدراوە، لەدێری سەرەوەدا بە فۆنتێکی گەورە نووسراوە "هێسیر"، بەلام بە فۆنتێکی بچوکتر لەژێرەوە نووسراوە "خەلاسکارێ هەڤالێن خوە". ئینجا دێتە سەر باسی ڕووداوەکەو بەشێوەی گێڕانەوەی مێژوویی باسی ئەم ڕووداوە دەکات. هەواڵێکی سادەیە، چونکە باسی یەك ڕووداو دەکات.

لە هەمان ژمارەو لە (ل٩)دا، هەواڵێکی دیکە دەخوێنینەوە دەربارەی دۆزینەوەی بەڵگەنامەیەکی ئەڵمانی، کە تێدا ئاشکرابووە هیتلەر نیازی گرتنی هەموو ئەورووپاو جیهانی هەیە. هەواڵەکە بەناونیشانی "هیتلەر ب چی ئاوایی دخوازە ل دنیایێ هکمی بکە".

پاشان دێتە سەر چۆنیەتی دستکەوتنی ئەو بەڵگەنامەیە، لە کۆتایی هەواڵەکەدا هاتووە:

"ب کورتی پلانا هیتلەر ڤەگەرتنا دنیایێ، نەمازە ڤەگرتنا ئەوروپایێ یە. هیتلەر دخوازە دئەوروپایێ دە نیزامەکە نوو چێکەو ب وێ نیزامێ ئەورووپێ بێخە دەستێ خوە".

دیسان ئەم هەواڵە وەکو ئەوەی پێشتر سادەیەو دەربارەی یەك بابەتەو ناونیشانەکەش لێکدراوە.

لە (ژ٧، ل١٠)دا، هەواڵێکی سەیری سیخوڕی لەژێر ناونیشانی "رادیو دژاما دێرەکێ دە"، واتە دەستگای رادیۆیی بێ تەلی لەشکەری لەناقۆسی کەنیسیەکدا، ئەم هەواڵە باسی ئەوە دەکات، چۆن دەسەلاتدارانی ئەڵمانیا توانیان سێ قەشە وەکو جاسوس بەکاربێنن و دەستگایەکی رادیۆیی بێ تەل لە ناقوسی کەنیسەیەکدا دابنێن بۆ گواستنەوەی زانیارییە سیخوڕییەکان. پاشان باسی ئاشکراکردنی ئەو سێ قەشەیە دەکات.

هەر لەو ژمارەیەدا لە (ل١٨)دا، هەواڵێك دەربارەی هەڵخەڵەتاندنی لەشکەری ژاپۆنی لەلایەن لەشکری ئەمریکاوە بڵاوکراوەتەوە. لەم هەواڵەدا باسی هێرشی لەشکری ئەمریکی بۆ سەر گزیرتەی سلێمان دەکات کە جلو بەرگی لەشکری ژاپۆنیان بەکارهێناوەو هەواڵەکە لەژێر ناونیشانی "جلێن ژاپۆنی، مێرێن ئەمێریکانی"، تێدا هاتووە:

"ژ ٧ێ تەباخێ ڤە ئەمێریکانیان ئەسکەر دەرێ خستەهن دەرێن گراڤێن سلێمانو شەرێ ژاپۆنان دکن. رۆژنامەڤانەکێ ئەمێریکانی بناڤێ والتەر ستورنگ یێ کو ب ئەسکەرێن پێشین رە داکەتی یە گراڤێن سلێمان دحەقێ وێ حەملەیێ دە بەندەك نڤیساندیەو تێدە گوتیە:....".

لەم هەواڵەدا، ناونیشان هەروەکو ئەوانەی پێشووتر نووسراوە، بەڵام لەم هەواڵەدا ئاماژە بە ئاشکراکردنی سەرچاوەی هەواڵەکە دراوە.

گۆڤاری روناهی نە تەنیا گرنگی بە هەواڵەکانی شەڕ نەداوە، بەڵکو ئەو کارو چالاکیانەی لە پشت بەرەکانی شەڕەوە ئەنجام دەدران بۆ یارمەتیدانی شەڕەکەو بەرزراگرتنی گیانو ورەی سەربازەکانو ئەو رووداوانەی سەیرو سەمەرەو سەرنج راکێش بوون، هەر هەموویان جێگای خۆیان لەسەر لاپەرەکانی روناهی دا کردۆتەوە. لە (ژ٨، ل٣)دا، هەواڵێك دەربارەی بەکارهێنانی باغچەیماڵەکان بۆ بەرهەم هێنانی زەرزەواتو میوە لە ئینگلتەرا دەکات، بەهۆی کەمی زەوی کشتوکاڵی لەو وڵاتەدا، هەواڵەکە لەژێر ناونیشانی (زادو سەبزەو فێکی)، تێداهاتووە:

"خەلکی ئینگلترا ژ بۆ کارکرنا ڤی شەری نە ب تەنێ د فەبریکەیێن چەكو جەبرخانان، لێ دەمروارێ دە ژی خەباتەکە زۆر دخەبتن. چ جوتکاری، چ جەنانی، چ باخچەڤانی...".

ناوەرۆکی ئەو هەواڵە دەربارەی بەهێزکردنی ئابووری ئینگلتەرایە بۆ پشتیوانی کردن لە شەرو هەواڵەکە بەشێوەیەکی سادەو ساکار دارژاوە.

لە (ژ٩، ل١٥)دا، لە هەواڵێکدا کە بەناونیشانی "خوەدێ تو کەسی ژدەستو لنگان نەکەت" نووسراوە، هاتووە کە لە ئەنجامی شەڕەکەدا هەندێ کەس پەك کەوتوونەو بێ دەستو قاچ ماون، دامو دەزگاکانی پەیوەندیدار توانیان دەستو قاچی دەستکرد لە کەرەستەی دارو ئاسن بۆ ئەو کەم ئەندامانە دروست بکەن.

لە (ژ١٠، ل٣)دا هەواڵێکی دیکە دەربارەی کاری سیخوڕی بڵاوکراوەتەوە، لەژێر ناونیشانی "ماچکێن کو مروڤ پێ دنڤستن"، لەم هەواڵەدا باسی کاری سیخوری دەکات بەڵام بەشێوەیەکی

سەیر، ئەویش بەکارهێنانی کچ و ژنە. ئەم ژن و کچانە کەرەستەیەکی بێ هۆشکەر لە دەم و لێوی خۆیان دەدەن و هەر کەسێ ئەو کچ و ژنانە ماچ بکات خەوی لێ دەکەوێت و بە ئاسانی کەل و پەل و بەڵگەنامەو شتە گرنگەکانیان لێ دەدزن. شایانی باسە ئاماژە بۆ سەرچاوەی هەواڵەکە کراوە، ئەویش رۆژنامەیەکی ئەمریکییە. لەو رۆژنامەیەدا کچێك لەم بوارەدا دان بە کارەکانی خۆی دادەنێ.

لە (ژ١١، ل٧)دا هەواڵێك لەژێر ناونیشانی "چەك و واستەیێن گوهاستنێ یێن نوو"، واتە چەك و هۆکارەکانی گواستنی نوێ. لەم هەواڵەدا باسی ئەوە دەکات، کە چینییەکان بۆ پەڕینەوە لە ئاو لە کاتی هێرش کردندا بۆ سەر لەشکری ژاپۆنی گامێش بەکاردێنن.

لە ژمارە (١٢)داو بەرەو سەرەوە بابەتەکانی شەڕ کەم دەبنەوەو لەجیاتی ئەوانەوە بابەتی رۆشنبیری و کەلتووری و پەیوەندیدار بە کۆمەڵگای کوردی جێگەیان دەگرنەوە، بەڵام وێنەکانی شەڕو رووداوەکانی گرێدای بەردەوام بڵاودەکرانەوە. بابەتی (هندك رندك)، کە لە گۆڤاری هاواردا بڵاودەکرایەوە، لە (ژ١٢، ل٢٠) ئەڵقەیەکی دیکەی ئەم بابەتە دەبینین. ئەم بابەتە لە چەند پەرەگرافێکی جیا پێکهاتووە، وەکو (درۆژەکێ دە (١٧٤) ڤاپور)و (تونیلەکە ژاپۆنیایێ)و (٨٧ زارو زمان)و (چەکێن نوو)، هەر دیسان نووسەری ئەم بابەتە (خەبەر گوهێز)ە. لە (ژ١٣، ل١٥)دا جارێکی دیکە بابەتی (هندك رندك) بڵاودەکاتەوە.

لە (ژ١٦، ل١٣)دا هەواڵێك دەربارەی ئاهەنگێکی کوردانی عامووده بە بۆنەی سەرکەوتنی هاوپەیمانان لە تونس دا بڵاودەکاتەوە، بەناونیشانی (جەژنا کوردان ژ تاجا ئینگلیستانێ رە)و تێدا هاتووە:

" ل ٨ێ گولانی ل گورا دەنگێ رادیو وا روهەلات سوندخواریان تونس ڤەگرت. بڤێ مزگێنیێ کوردێن جزیرێ پێك ڤە دلخۆش بوون. کوردێن ئامووددێ د رۆژا دەهێ گولانێ دە، رۆژا دوو شەمبێ، مە شاهینەتەکە کەس نەدی ئینابێ. مەسرەف و ئاوایێ وێ شاهینەتێ ب کورتی و هندکی ئەڤن:

مە دوو کونێن مەزن ڤەگرتن. یەك ژێ ب بەڕو کولاڤو خالیچە راخستی. ئێ دی ب ئاواکی بازاری، هاوێر دورا ماسان کورسی خوارن و ڤەخوارنا ئەفرەنجی. ماسە ب گول و گول چیچەکان خەملاندنی و ب یەکجار زێوەکە کوردی...".

پاشان باسی ئامادەبووان دەکات، ئینجا باسی ئەو شتانە دەکات کە لەم ئاهەنگەدا سەرفیان کردووەو دەڵێت:

"دڤێ شاهینەتێ دە (٤٠) بەرخ هاتنە شەرژێکرن. (٢٠) ئولەك[429] ساڤاری بشیرە، (٦٥) تەنەکە روونو (٤) تەلیس ئارد هاتنە سەرف کرن. سەگمانێن مەژی قەدەرێ (٥٠٠) بەرك بەردانە...".

پاشان ئاماژە بەوە دەکات کە لاوی کورد (نورەدین یوسف) بە زمانی فەرەنسی گوتارێکی پێشکەش کردو باسی هیواو ئومێدی گەلی کوردی کرد.

ئەم هەواڵە (حەسەن هشیار) لە رۆژی ١١/٥/١٩٤٣ لە عاموودی نووسیویەتی. ئەم هەواڵە باسی رووداوێکی کوردی دەکات گرێدای شەڕی دووەمی جیهانە. نووسەرێکی کورد بەشێوەی قاڵبی گێڕانەوەی مێژوویی‌و بە زمانێکی سادەو ساکاری کوردی دایڕشتووە.

هەر لە هەمان ژمارەو لە (ل١٦)دا جارێکی دیکە بابەتێکی تری (هندك رندك) بڵاوکراوەتەوەو چەندین پەرەگرافی تێدا هەیە، لەوانە: (زارۆکێ بێ خوەدی)، (ژ دەنگ بلەزتر)، (بومبەو گاماسی)، (هرچێن زەفەرێ). ئەم هەواڵە لە نووسینی (خەبەرگوهێز)ە. هەواڵەکە لەشێوەی هەواڵی لێکدراوە. ناوەرۆکی بابەتەکە لەبارەی رووداوی سەیرو سەمەرەی ئەو سەردەمەیە. بابەتی (هندك رندك) بەشێوەی ئەڵقەی جیاجیا جگە لەوانەی کە پێشووتر ئاماژەی بۆ کراوە، لە (ژ١٨، ل١٩)، (ژ٢٠، ل٢٠)، (ژ٢٢، ل١٤)، (ژ٢٤، ل٢١)، (ژ٢٦، ل١٦)، (ژ٢٨، ل٢٢)دا بڵاوکراوەتەوەو هەر هەموویان لە نووسینی (خەبەرگوهێز)ە.

لە (ژ١٨، ل٢٢)دا هەواڵی رزگارکردنی شاری خارکوڤ لە لەشکری ئەڵمانی بڵاوکراوەتەوەو تێدا هاتووە:

"دەمەها تەباخێ دە سوندخواری ب دوو زەفەرێن مەزن شابوونە. سەفەرا سجیلیایێ خەلاس بوو وگراف بەتەمامی کەت دەستێن قوەتێن ئینگلیزی‌و ئەمێریکانی‌و ل ٢٣ تەباخێ ئەلەمانان دازانین کو بازارێ خارکوڤێ ڤالاکرنە. ویەی ئەلەمان رە ئورسان ئەلام داو گوت کو ئەسکەرێن سوڤێتیستانێ ب هجومەکە جەبری خارکوڤ ڤەگرتییە...". شایانی باسە ئەم هەواڵە بەناونیشانی (خارگوڤ) بڵاوکراوەتەوە.

---

٤٢٩- ئولچەك: پێوەرێکە بۆ دەخڵو دان.

لـە (ژ١٩، ل٢٠)دا هـەواڵێك لـەژێر ناونیـشانی (پرسـا ئیتالیایـێ) بڵاوكراوەتـەوەو لـەم هەواڵەدا بە وردی لە هەموو لایەكەوە باسی شكەستی ئیتالیاو تەسلیم بوونی دەكات.

لـە (ژ٢١)، لاپـەڕەی كۆتاییـدا، هـەواڵێك دەربـارەی ئارێـشەی راسـتكردنەوەی دەسـتووری لوبنان لەگەڵ فەرەنسا روویداوە بڵاوكراوەتەوەو بە دوورو درێژی لەسەر بابەتەكە راوەسـتاوە، ئـەم هەواڵە لە نووسینی (نێرەڤانە).

لە (ژ٢٦، ل١٧)دا هەواڵێك دەربارەی ژنانی لەشكری لـەژێر ناونیـشانی (ژنێـت ئەسـكەر) بڵاوكراوەتەوە باسی بەشـداری ژنێكـی ئـەڵمانی لەبـەرەی شـەڕ دەكـات كـە تەرمەكـەی كەتۆتـە دەستی دوژمنانی. بە بۆچوونی دیلەكانی ئـەڵمانیا ئـەو ژنـە لەبـەر زیرەكـیو لێهـاتوویی خـۆی پلەیەكی سەركردەی هەبووە.

خاوەنو بەرپرسیاری گۆڤاری روناهی لە (ژ٢٦، ل٢٢)دا، لە هەواڵێكدا باسـی رووداوێكـی خودی خۆی دەكات ئەویش سواربوونی فڕۆكەیەكی لەشكەری بەریتانیو بەشداری كردنییەتی لە گەشتێكی رۆژنامەوانیدا، كە لەشكری ئینگلیزی لە سوریا بۆ كۆمـەڵێك لـە رۆژنامەنووسـانی رێك خستبوو.

گۆڤاری روناهی شان بە شانی هەواڵەكانی جەنگی دووەمی جیهانی بەپێی توانا گرنگی بـە هەواڵەكانی ناوخۆیی كوردستان، واتـە هەواڵـە كوردییـەكان، داوە. لـە (ژ٤، ل١٦)دا هـەواڵێك لـەژێر ناونیـشانی (ژبەغـدایێ: یانـەیی سـەركەوتن) نووسـراوەو باسـی دامـەزرانـدنی یانـەی سەركەوتن لە بەغدا دەكات، تێدا هاتووە:

"یانـەیی سـەركەوتن ئـەم جەمعیەتـە رۆژی ١/٤/١٩٤٢ لـە بەغـدا كرایـەوەو هەیـەتی تەسیسیەی ناوی عیبارەتن لە ئەم زاتانە: ماروف جیاوك بەگ. محەمەد عەلی بـەگ. عـارف بـەگ پژدەری، ئەحمەد بەگ زەهاوی.

هەیەتی ئەعزایی تازە عیبارەتن لە ئەم زاتانە: ئەمین زەكی بەگ. حسێن فەوزی پاشا، عەلی كەمال بەگ، عەبدولەتیف بەگ، سەعید بەگ قەزاز، كەركووكلی زادە ئەحمەد ئاغاو بەشیر مشیر بەگ.

هەیەتی ئیدارە: ئەمین زەكی بەگ، رەیس: ماروف جیاوك بـەگ، موعتەمـەد. عـەلی كـەمال بەگ، محاسبو سندوق ئەمین. سەعید زەكی بەگ. سەكرەتێری هەیەتی ئیدارە".

گۆڤاری گەلاوێژ جێگایەکی تایبەتی لەلای میرجەلادەت عالی بەدرخان هەبووەو لە چەندین ژمارەی گۆڤارەکانی خۆی هاوارو روناهی دا، باسی گەلاوێژی کردووە. لە (ژ٥، ل٤)، (ژ١٢، ل٨)، (ژ١٤، ل٦)، (ژ١٥، ل٤)دا، هەواڵی دەرچوون و گەیشتنی هەندێ ژمارەی تازەی گۆڤارەکەی بڵاوکردۆتەوەو هەندێ جاریش ئاماژەی بە ئەندێکسی هەندێ ژمارەی گەلاوێژ کردووە. لە (ژ٥، ل١٢)دا، باسی ئەوە دەکات کە گۆڤاری گەلاوێژ کەوتۆتە تەنگانەیەکی دارایی و ئاگادارییەکی لەسەر زاری عەلائەدین سەجادی لە ژمارەی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٤٢ وەرگرتووەو دووبارە لەسەر لاپەڕەکانی گۆڤاری روناهی دا بڵاویکردۆتەوەو تکا لە خوێنەرانی خۆی دەکات کە ئابوونەکانی خۆیان بدەن.

لە (ژ٧، ل٧)دا، هەواڵێك دەربارەی رووداوێکی ناوخۆیی کوردی بڵاودەکاتەوە، هەواڵەکە لەژێر ناوی "خوە ژ باڤێ خوە ڤەدزی تەرکا گوندو مالا خوەدا داکوهینی خوەندن و نڤیساندنا زمانێ خوە ببە"، لەم هەواڵەدا باسی کوڕێکی کورد بەناوی جەنگبازێ جبری دەکات، کە خۆی لە ماڵ و کەس و کاری خۆی دزیوەتەوەو چۆتە شاری عامووده بۆ ئەوەی فێری خوێندن و نووسینی زمانی کوردی ببێت.

لە (ژ١٢، ل٢٤)و (ژ١٣، ل٢٤)دا، هەر ئەو مژدە هەواڵە کە لە (ژ٥٣، ل٨)ی گۆڤاری هاواردا بڵاوکراوەتەوە، دووبارە دەکاتەوە، ئەویش دەربارەی دەرچوونی رۆژنامەی رۆژا نوویە.

گۆڤاری روناهی لە (ژ١٨، ل٧)دا هەواڵێکی لە نووسینی (ئوسمان سەبری) لەژێر ناوی (هەڤالێ چاك) بڵاوکردۆتەوە، باسی کۆچی دوایی لاوێکی تێکۆشەری کورد دەکات و لەسەرەتای هەواڵەکەدا هاتووە:

"دسەرێ مەها تەباخێ و شەڤا یەکشەمبێ دا هەڤالێ چاك، خورتێ گەلپارێز ئەحمەدێ باراڤی پشتی نەخوەشیا دوو سالان چوو رەحما خوەدێ...".

لە (ژ١٩، ل٢٣)دا دیسان مژدەی هەواڵێکی بڵاوکراوەتەوە، ئەم جارە مژدەی دەرچوونی ژمارەی یەکەمی گۆڤاری نیشتمان بە خوێنەرانی خۆی رادەگەیەنێت و تێدا هاتووە:

"مزگینیا مە بۆ چاپا کوردی، ب دەرکەتنا کوڤارا نیشتمانی. کوڤارا نیشتمانێ کوڤارەکە کوردی یە. تیپێن عەرەبی دەردەکەڤیت، ل لەهیجانی (منتەقا موکریان — ئیران) لبن دەستێ گەلەك خورتێن هێژا...".

له (ژ٢٣، ل١٥)دا، گۆڤاری روناهی هەواڵێك دەربارەی دەرچوونی گۆڤاری (دەنگی گیتیی تازە) بلاودەكاتەوەو تێدا هاتووە:

"هەتانهو پوستا عیراقیێ ژ مەرە "ژین"و كوڤارا كوردی ئاهێژا "گولاوێژ" تانین‌و ئەم ب وان شادكرن. ئیجار ڤێ پوستێ چاڤێن مە ب كوڤارەكە نوو ب رونی كرن:

دەنگی گیتیی تازە. گیتیی ب مانا دنیایێ یە. كوردمانجیامە: دەنگێ گێتیا تازەیانی دەنگێ دنیا نوو...".

لەم هەواڵەدا باسی گەیشتنی ژمارە سێی گۆڤاری ناوبراو دەكات.

لە هەمان ژمارەداو لە (ل١٦)دا هەواڵێك دەربارەی رووداوێكی دیكەی رۆشنبیری كوردی بلاوكراوەتەوەو، باسی ئەوە دەكات كە دەسەلاتدارانی ئینگلیز لە میسر گۆڤارێك بە زمانی عەرەبی بەناوی (اخبار الحرب) بۆ پرۆپاگەندەی جەنگ بلاودەكەنەوەو لە ژمارەی (٥٣)ی ٢٩ی كانوونی دووەمی ساڵی ١٩٤٤دا، وتارێكی دەربارەی كوردستان بلاوكردۆتەوە. هەر لە هەواڵە رۆشنبیرییەكان، لە (ژ٢٨، ل٢)دا، مژدەی هەواڵی چاپكردنی دیوانی جگەرخوێن دەداتە خوێنەرانی گۆڤارەكەو تێدا هاتووە:

"كتێبخانا هاوارێ، ڤێ پاشیێ دیوانا شایرێ مە ئێ مللی سەیدا جەگەر خوێن خستیە چاپێ. هەرچەند چاپ ب خوە روویێ چاپكاران سپی نەكەژی دیوان ب خوە روویێ مللەتێ كورد سپی‌و روومەتاوی[٤٣٠] بلند دكە...".

---

٤٣٠- روومەت: ناوداری: شهرە.

## هونەری هەواڵ لە رۆژنامەی (رۆژانوو)دا

رۆژنامەی رۆژانوو،هەروەکو لە بانگەشەکانی دا هاتووە رۆژنامەیەکی سیاسییە، لەگەڵ ئەوەشدا، بەشێوەیەکی فەرمی هیچ خەسلەتێکی بۆ دانەناوە، تەنانەن لەژێر ئاڵاکەوە بە زمانی فەرەنسی نووسراوە "رۆژنامەی کوردی". رۆژنامەیەکی هەفتانە بووە.

یەکەم ژمارەی لە رۆژی ٣/٥/١٩٤٣و دوا ژمارەی لە رۆژی ٢٧/٥/١٩٤٦ دەرچووە، واتە لەنێوان ساڵانی ١٩٤٣ – ١٩٤٦ لە شاری بەیروت، پایتەختی وڵاتی لوبنان دەرچووە. هەموو ژمارەکانی چوار لاپەڕەی قەبارە (٣٠ × ٤٦سم) بووە. تەنیا ژمارەکانی (٦٨، ٧٢، ٧٣) دوو لاپەڕە بوون. رۆژانوو بە دوو زمان دەردەچوو: زمانی کوردیو زمانی فەرەنسی. تا ژمارە (٤٨) سێ لاپەڕە بە زمانی کوردیو یەك لاپەڕە بە زمانی فەرەنسی بووە. لە ژمارە (٤٩)ەوە، ژمارەیەك بە کوردیو ژمارەکەی دیکە بە فەرەنسی بووە، بەڵام بەرێکو پێکی نەبووە، چونکە هەردوو ژمارەی ٥٤و ٥٥ بە کوردی بوون، هەروەها ژمارەکانی ٦٣ و ٦٤ دیسان ژمارەکانی ٦٨و ٦٩ هەروەها ژمارەکانی ٧٠ – ٧١و ٧٢ بە زمانی کوردی بوون. ئەم رۆژنامەیە بە ئەلفو بێی لاتینیو بە دیالێکتی کرمانجی سەروو بووە. خاوەنو بەڕێوەبەری، هەروەکو لەسەر لاپەڕەی یەکەمی هەموو ژمارەکانیدا نووسراوە، میر دکتۆر کامران ئالی بەدرخان بووە.

رۆژانوو هەموو ژمارەکانی رەشو سپی بوونو رۆژنامەیەکی وێنەداربووە. بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێ ئەو ژمارانەی کە بە زمانی فەرەنسی دەرچوون وێنەیان تێدا نییە.

شایانی ئاماژە پێکردنە، کە دابڕانێك کەوتووەتە رێڕەوی ئەم رۆژنامەیە وەکو لە ژمارەکانیدا ئاشکرا دەبێت. ژمارەی (٤٨) لە رۆژی ١٥ی گوڵانی ١٩٤٤ دەرچووەو ژمارە (٤٩) کە هەمووی بە زمانی فەرەنسی بووەو ژمارە (٥٠) کە هەمووی بە زمانی کوردی بووە. ئەم هەردوو ژمارە هاوکاتن، لە رۆژی (١٦)ی تیرمەه واتە تەمووزی ساڵی ١٩٤٥ دەرچوون، نیزیکی ساڵێكو دوو مانگ دابڕان لەنێوان هەردوو ژمارەی ٤٨و ٤٩دا هەیە. خاوەنی رۆژنامەکە هیچ ئاماژەیەکی بەو دابڕانە نەداوە. هەروەها لە پێشهاتو گۆڕانی ناوەڕۆکی رووداوەکانو سەرجەمی ژمارەکان، بەپێی ماوەی گشتی دەرچوونی رۆژنامەکە ئەم دابڕانە دووپات دەبێتەوە، چونکە لە هەشت مانگی ساڵی ١٩٤٣ دا (٣٢) ژمارە دەرچوون، لە چوار مانگو نیوی ساڵی ١٩٤٤ دا (١٦) ژمارە دەرچوونو لە پێنج مانگو نیوی ساڵی ١٩٤٥دا

(١٧) ژمارەی دەرچوونو لە پێنج مانگی ساڵی ١٩٤٦دا (٨) ژمارە دەرچوون. هەروەها دوای ئەو دابڕانە گۆڕان بەسەر سیستەمی دەرچوونی ڕۆژنامەکەدا هاتووە. هەر دوو ژمارە یەکی کوردیو ئەوی دیکەی فەرەنسی لە یەك ڕۆژدا دەردەچوون وەکو هەردوو ژمارەی ٤٩ و ٥٠ لە ڕۆژی ١٦/٧/١٩٤٥ دەرچوونو هەردوو ژمارەی ٥١و ٥٢ لە ڕۆژی ٣٠/٧/١٩٤٥ دەرچوونو هەردوو ژمارەی ٥٣و ٥٤ لە ڕۆژی ١٣/٨/١٩٤٥ دەرچوون.

شایانی باسە لە ژمارەی ٤٥دا لە لاپەڕەی یەکەمدا مێژووی ژمارەکە بەهەڵە نووسراوە ١٣/تیرمەه ١٩٤٥، بەڵام لەسەر لاپەڕەکانی دیکە نووسراوە ١٣ی تەباخ ١٩٤٥. پاشان ڕۆژنامەی ڕۆژا نوو گەڕایەوە سەر سیستەمی پێشوو، واتە هەر ژمارەیەك لە کاتێکی تایبەتدا دەردەچوو.

پێش ئەوەی باسی ڕەنگدانەوەی هەواڵ لەم ڕۆژنامەیەدا بکەین، پێویستە بزانین کە ئەو ماوەی ڕۆژنامەکەی تێدا دەرچووە، ماوەی گەرمە گەرمی شەڕی جیهانی دووەم بووەو قۆناغی کۆتایی شەڕی ناوبراو (١٩٤٣ – ١٩٤٥) بووە، کە بە قۆناغی هەرەسی ئەڵمانیا دەناسرێت[٤٣١]. لەو ماوەیەدا ئاگری شەڕەکە گەیشتبووە ناوچە نێزیکەکانی شوێنی دەرچوونی ڕۆژنامەکە لەلایەكو لەلایەکی دیکەوە، ئەو شەڕە کاریگەری خۆی لەسەر سیستەمی سیاسی ئەوسای جیهان هەبوو. لەبەرئەوە کاریگەری ئەو شەڕە ڕەنگدانەوەی لەسەر لاپەڕەکانی ڕۆژنامەکە چ بە نووسین یان بە وێنە زۆر ئاشکراو دیارە. "ڕۆژا نوو زیاتر ڕۆژنامەی هەواڵ بووەو لە هەردوو بەشە کوردیو فەرەنسییەکەیدا بە پلەی یەکەم گرنگی بە بلاوکردنەوەی هەواڵ داوە، لە ڕووی جۆری هەواڵەکانیش لە پێشینەی بۆ ڕووداو واقیعی گەرمی ئەوسا داناوە"[٤٣٢].

بێگومان ڕۆژنامەی ڕۆژانوو گرنگییەکی یەکجار گەورەی بە بلاوکردنەوەی هەواڵ داوە، لەسەرجەم ژمارە کوردییەکانی دا کە دەبنە (٦٢) لە کۆی (٧٣) ژمارەدا واتە (١١) ژمارە هەمووی بە زمانی فەرەنسی بووە، زیاتر لە (٤٣٠) هەواڵی بلاوکردۆتەوە. ئەو هەواڵانەی کە لە ڕۆژنامەی (ڕۆژانوو)دا بلاوکراونەتەوە بەپێی پێوەری جوگرافی دەبنە دوو جۆر: هەواڵی دەرەوە کە زۆربەی هەرە زۆریان دەربارەی جەنگی دووەمی جیهانن یان پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بەو

---

٤٣١- نەوزاد عەلی ئەحمەد، هەواڵ لە ڕۆژنامەی "ڕۆژانوو"دا، گۆڤاری ڕۆژنامەنووس، ژمارە (١)، ٢٠٠٤/٤/٢٢، ل٩٢.

٤٣٢- سەرچاوەی پێشوو، ل٩٣.

بابەتەوە هەیە. جۆری دووەم هەواڵی ناوخۆیی کوردستانە، کە دەربارەی رووداوە سیاسیو رۆشنبیریو رۆژنامەگەرییو راگەیاندنەکانو ئەوانی دیکەیە کە لەناو کوردستان روویان دابوو. ئەم جۆرە لە رووی چەندییەوە رێژەیەکی کەمە لەچاو جۆری یەکەم. هەر لەبەرئەوەش بە جۆری یەکەم واتە هەواڵەکانی دەرەوە دەست پێ دەکەین:

لە (ژ١، ل١)دا ناونیشانی چوار هەواڵ بە فۆنتێکی گەورە دەبینرێت، لەسەرەوە نووسراوە، "فرەنساو جڤاتا مللەتان"، پاشان لەژێرەوە نووسراوە "فرەنسێ خوە ژ جڤاتا مللەتان ب شووندا نەکشاندیە"، پاشان مەتنی هەواڵەکە بەم شێوەیەوە دەست پێدەکات:

"لوندەر-: A.F.I. سەرمیانێ فرەنسا شەرەڤانی گەنەرال بناڤێ خوەو ل سەر زمانێ گەنەرال ژیرو. ژ جڤاتا مللەتان رە، ل ژەنەڤێ دا زانین کو فرەنسێ خوە ژڤێ جڤاتێ ب شووندا نەکشاندی یەو مینا بەرێ لە باتا جڤاتا مللەتان".

ئەگەر بە وردی سەیری ئەم هەواڵە بکەین دەبینین ناونیشانی هەواڵەکە لەگەڵ ناوەڕۆکەکەیدا دەگونجێت. پاشان خاڵی گرنگی هەواڵەکە بە رستەیەك لە پێشەکیدا باسکراوە، ئینجا سەرچاوەی هەواڵەکەی "لوندەر -: A.F.I" ئاشکراکردووە، پاشان تەواوی هەواڵەکەی نووسیوە. قەبارەی هەواڵەکە کورتەو لە رووی شێوازەوە لە قاڵبی هەرەمی هەڵگەڕاوە دەچێت، بابەتی هەواڵەکە سیاسی نێودەوڵەتییە.

لە هەمان ژمارەو لاپەڕەدا، هەواڵی دووەم بەم ناونیشانە نووسراوە:

"بومباردمانا ئەسەنێ"

پێش دەستپێکردنی هەواڵەکە سەرچاوەکەی ئاشکرا کردووە، "ستوکهولم -: R." واتە رادیۆی ستوکهولم، پاشان دێتە سەر هەواڵەکەو بەم شێوەیە دەست پێ دەکات:

"رێونگیێن کو بازارێ ئەسەنێ، پشتی بومباردمانێن رەفێن بریتانی ب چاڤێ خوە دیتنەو قسەدکنو دبێژن: ئەسەن ئەو شارستا ئەلەمانی ئامەزن. ئێدی نە بازار لێ کاڤلو خەرابە زارەکە، وخەسارێن کو گهانەوی. ژیێن کو بەری ب سێ سالان گهابوون لوندری ب دەه جاران بێترن..."

سەرچاوەی هەواڵەکە لەسەر زاری بینەرانی رووداوەکە باسی زیانو وێرانکاری رووداوەکە دەکاتو ناونیشانی هەواڵەکە لەگەڵ ناوەڕۆکەکەی دەگونجێتو بەشێوەیەکی ئاسایی باسی رووداوەکە دەکات.

ناونیشانی سێیەم لەهەمان لاپەڕەدا دەڵێت: "جهابا بریتانیا مەزن".

ئەم هەواڵە باسی ڕووداوێك دەكات، كە ئەڵمانیا خۆی ئامادە دەكات بۆ بەكارهێنانی گازی ژەهراوی لەبەرەی شەڕی ڕووسیادا. لەم هەواڵەدا، ئاماژە بەسەرچاوەكە كراوە.

ڕۆژنامەی ڕۆژانوو گرنگییەكی یەكجار زۆری بە هەواڵ و بڵاوكردنەوەی داوەو هەواڵەكان بە پێی هەندێ پێوەری تایبەتی پۆلێن كراون. بۆ ئەم مەبەستەش هەر لە ژمارەی یەكەوە گۆشەیەك بەناوی (دەما داوین) واتە كاتی دوایی بۆ هەواڵی زۆر تازەو نوێ تەرخانكردووە. ئەم گۆشەیە بە هەمان ناو لە ژمارەی دووەمدا بەردەوام بووە، بەڵام لە ژمارەی سێیەمەوە ناوی گۆشەكە بووە (دەمانها)، ئەم گۆشەیە تا ژمارە (٤٧) بەردەوام بووە، جگە لە ژمارەكانی (١٨، ٢٦، ٤٥). لە هەموو ژمارەكاندا لەلاپەڕەی دووەمدا جێگای خۆی گرتووە، جگە لە (ژ٤٣، ژ٤٤، ژ٤٦) كە لە لاپەڕەی سێیەم بڵاوكراوەتەوە.

لەم گۆشەیەدا نوێترین هەواڵ بڵاوكراوەتەوە لە (ژ١، ل٢)دا بەم شێوەیە هاتووە:

" دەما داوین

لوندەر – R: ئەمیرالیا بریتانی ددەزانین: نوقاڤێن بریتانیو بەهرا سپی دە ژنووڤە ٢١ ڤاپورێن مهوەرێ بن ئاڤ كرنە: و خەسار گهاندنە هەفت هەبێن دن.

لوندەر = R: رەفێن بریتانی تورپیل رەشاندنە بەهرێن دژمنان.

لوندەر = R: دئەنیا شەرێ توونیسێ دە پێشڤەچوونا لەشكەرێن هەڤالبەندا دوم دە: هەر چەند ژی قوەتێن مهوەرێ بەرێریان دكن"

ئەمەی سەرەوە پەرەگرافێكی گۆشەی ناوبراوە.

لە (ژ٢)ی ڕۆژنامەی ڕۆژانوودا، لەسەر هەمان شێوەو ڕێباز ڕۆیشتووە. لە لاپەڕەی یەكەمی ژمارەكەدا، دیسان (٤) ناونیشانی هەواڵ بڵاوكراونەتەوە، یەكێكیان بەناونیشانی "ئەگیدێن ئوردیاسۆر!" لە ژێرەوە هەواڵەكە بەم شێوەیە نووسراوە:

"موسكوو – R: شەڤێدی رادیوا موسكوڤایێ بانی ئوردیێن سوڤیەتی دكرنو دگوت: شەرەڤانییێن ئوردیا سۆر خوە ژبۆنا ئێریشنە نوو پێكبینن و ئەمرێن سەر فەرماندارێ خوە ستالین یەك ب یەك بینن جە".

ئەوەی لەم هەواڵەدا جێگای سەرنجە خێرایی هەواڵەکەیە کە دەڵێت: "شەڤێدی"، واتە دوێنێ شەو، ئەمە ئەوە ئاشکرا دەکات کە هەواڵەکە تازەیەو دوور نییە هەر لەبەر ئەوە لە لاپەڕەی یەکەم جێگەی گرتبێت.

لە لاپەڕەی دووەمدا لە گۆشەی (دەمێ داوین) چوار هەواڵی کورت بڵاوکراونەتەوە.

لە هەندێك بابەتی ڕۆژانوودا ئاشکرا دەبێت کە پەیوەندی ئەم ڕۆژنامەیە لەگەڵ گۆڤارەکانی هاوارو روناهی دا پەیوەندییەکی بەهێزەو لەیەکتر نێزیکن، سەرەڕای ئەوە کە ڕۆژانوو لە بەیروت دەردەچووو ئەوانی دیکە لە دیمەشق، بابەتی (هندك رندك) کە لە سەرەتادا لەسەر لاپەڕەکانی هاواردا بڵاودەکرایەوە، پاشان لە گۆڤاری روناهی، ئینجا لە ڕۆژانووشدا دەبینرێت‌و لە (ژ٣، ل٢)دا ئەلقەیەکی دیکە بەم شێوەی خوارەوە بڵاوکراوەتەوە:

"هندك رندك

تەلەگرافا کو گەنەرال ئالەکساندەر شیاندیە مستر چورچل

لوندەر = R: گەنەرال ئالەکساندەر، فەرمانداریێ لەشکەرێن بەریتانی لە توونیسێ" زەفەرا ئەفریکا — باکووری، ب تەلەگرافا ژێرین ل سەرەك وەزیرێ بەریتانیا مەزن مستر چورچل رە ئەلام دایە: من دڤێ، ئەزێ ژوەرە بدم زانین کو شەرێ توونیسێ قەدیایە. دژمن خوە ئاڤێتی یە بەختێ مە. پەراڤێن ئەردێ ئەفریقیا باکووری ددەستێ مەدەیە.

بەگێ توونیسێ ئێ نوو.

تونس — A.F.I. ب قەرارا گەنەرال ژیرو ژبۆنا سەلامە تیا توونیسێ، بەگێ ڤێ ئەردێ ژ تەخت رابوو وژ بەگیتیێ کەت. ل گورا تەڤگەرا مالباتا توونیسێ، سیدی ئامل بەگ وێ بکەڤە شووناوی ول سەر تەختێ وی روونە".

لەم ئەلقەی (هندك رندك)دا دوو هەواڵ هەبوون.

لە (ژ٦، ل٢)دا کۆمەڵە هەواڵێك لەژێر ناونیشانی (دەقیقا داوێن)دا بڵاوکراونەتەوە، هەر لە ناونیشانەکەوە دیارە، کە ئەمانە نوێترین هەواڵن بۆ ڕۆژنامەکە لەبەرئەوە زۆر بە کورتی داڕێژراون:

"مونتەڤدیو —R: د ئەرژەنتینێ دە هکومەت هاتیە گوهارتن.

لوندەر = R: دتوونیس، بزەرت‌و پوزێ بۆنێ دە (٥٥٨) بالافرێن مەهوەرێ — ٤٣٣ ئەلەمانی‌و ١٢٥ تالیانی کەتنە دەستێ هەڤالبەندا.

لوندەر = R: میجر ئەتلیؒو پەشیا جڤاتا ملەلیؒ بریتانی دە، خەسارێن کو دناڤ سیؒ سالێن شەری یێن پێشێن دەگهانە ئوردیێن کشوەریؒ بریتانی ئەلام (عەلام) دایە. خەسار ئەڤن:

کوشتی ۹۲۰۸۹، بریندار ۸۸۲۹۱، وندابوویی ۲٦۲۷۱۷ هێسیر ۱۰۷۸۹۱ پەیا ۲۷۵۸۱٤ هەبێن وان ژ خەلکیؒ بریتانیاییؒ نە".

لەگەل چەندین هەواڵی دیکە، کە زۆر بە کورتی لەژێر ئەو ناونیشانەدا بڵاوکراونەتەوە. ئەمەش شتێکی تازەیە بۆ ڕۆژنامەگەریی کوردی لەو سەردەمەدا.

هەواڵەکانی جەنگی دووەمی جیهان، ڕێژەی هەرە زۆری هەواڵەکانی ڕۆژنامەی ڕۆژانوو بوون. خاوەنی ڕۆژنامەکە تاکو کۆتایی جەنگ لەسەر ئەو ڕێبازە بەردەوام بوو.

لە (ژ۲۱، ل۱) دیسان هەروەکو ژمارەکانی دیکە کۆمەڵێك هەواڵی پەیوەندیدار بە جەنگەوە بڵاوکراونەتەوە، لەوانە ناونیشانێك بە فۆنتێکی گەورەو لەسەرەوە دەستەواژەی "ستولا تالیانی" ئینجا لەژێرەوە بە فۆنتێکی بچووکتر بە دەستەواژەی "سەد واپور هاتنە مالتیؒ" تەواوکراوە.

وەکو دەبینین ئەم ناونیشانە لێکدراوە لە دوو بەش پێکهاتووە، پاشان هەواڵەکە نووسراوەو تێیدا هاتووە:

"جەزایر — ژ سەدیؒ بێتر واپورو چەنگ کەشتیێن تالیانی دمالتانیؒ دە ل هەڤ جڤیانە. دناڤ وان دە: ۵ زرەهپووش، ٦ ڤروازور، ڤروازورێن سڤك، ڤروا خورەکە ئاریکاریێ، واپورەکە بالافر هلگر، ۱۹ نوقاڤ، ۲۸ دەستریور، ۱۲ ڤەدەتێن تورپیل ئاڤێژ، ٦ کورڤەت، واپورەکە نە ساخو برینداران‌و یەکینەینە بەهری یێن دن هەنە".

لە (ژ۳۳، ل۱)دا هەواڵێکی دیکە بە ناونیشانێکی لێکدراو، کە لەسەرەوە بە فۆنتێکی گەورەو باریك نووسراوە (ئەنیا دووەمین)، واتە بەرەی دووەمین، ئینجا لەژێرەوە بە دەستەواژەی "وەختەکی گەلەك نیزنگ دە جەنگنە مەزن دەست پیؒ بکن" تەواوکراوە. پاشان هەواڵەکە بەم شێوەیە نووسراوە.

"ستوکهولم — هاوێرێن ئەسکەری یێن سەلاهیەتدار باوەردکن کو ئێرشا هەڤالبەندان ئامەزن ل ئەورپا ڕۆژئاڤایی دناڤ چەند مەهێن کو پێشیا مەدەنە، ویؒ دەست پیؒ بکن".

واته لایەنی دەسـەڵاتداریی لەشـکەری باوەڕیـان وایـە کـە هێرشـی گـەورەی هاوپـەیمانان لـە ئـەوروپای ڕۆژئـاوا، لـەماوەی چـەند مـانگی داهـاتوودا دەسـت پـێ دەکـات. ئەمـە هـەواڵێکی پێشبینی کراوە بە قەبارەی زۆر کورت نووسراوە.

لە (ژ٤٦، ل١)دا دیسان ناونیشانی هەواڵێك بـە فـۆنتی گـەورەو باریـك نووسـراوە "بـەرب سەرفرازیێ ڤە" هەر ئەم ناونیشانە بۆ هەواڵێکی دیکە داندراوە کە لـە ژمـارە (٤٨)دا دووبـارە بووەتەوە، واتە بەرەو سەرکەوتن، لە هەواڵەکەدا هاتووە:

"لوندەر — بومبە ئاڤێژێن بریتانی دپێشیا پەراڤێن هولەندایێ دە، ژنووڤە، درێژی واپورێن ئەلمانی کرنە:: سێ واپوران دەرب خوارنە، یەك شەوتییەو خەسارنە دژوارگەهانە د دوییێن مایین".

لە ناونیشانی ئەم هەواڵەدا پێشبینی ئەوە دەکرێت، کە سەرکەوتنی هاوپەیمانان نێزیکە.

لە (ژ٥٠، ل١)دا هـەواڵێك بـە ناونیـشانی "جڤانـێ سـێ مـەزنان" واتـە کۆبوونـەوەی سـێ گەورەو تێدا هاتووە:

"جڤانێن سی مەزنان، پێن سەرەك جمهوریێ ئەمەریکاییێ ترومـان، سـەرەك وەزیـرێ بریتـانی چورچلو مارە شال ستالین. ل پوتسدامێ، درنیزنگی بەرلینێ دەست پێ کرنە. ئیرۆژبۆنا هەمی مللەتێن جیهانێ، بوویەرا هێژاتر ئەڤ جڤانە"....".

لە (ژ٥٥، ل١)دا دوایین هەواڵ دەربارەی جەنگەو بەناونیشانی "جـەنگێ جیهانـا قەدیایـە"، واتە جەنگی جیهان دوایی هـاتو تێـدا هـاتووە: "ژاپونـا ژی، بـێ شـەرتو بـازار خـوە ئاڤێتـە بـەختێ هەڤالبەنـدانو پـێ ل روهـەلاتو ل رۆئاڤـایی، شـەرێ جیهانـێ ئـێ مـەزن گهایـە داویاخوە...". واتە ژاپۆن بێ مەرج خۆی بەدەست هاوپەیمانان داوە، بەوە لە رۆژهـەڵاتو رۆژئـاوا شەڕی جیهانی گەروە گەیشتە کۆتایی.

## هەواڵەکانی ناوخۆ

گرنگترین رووداو لەماوەی دەرچوونی رۆژنامەی رۆژانوودا، بۆ گەلی کورد لە سەرانسەری جیهان، دامەزراندنی کۆماری کوردستان بوو کە بە کۆماری مهاباد ناسراوە. د. کامران عالی بەدرخان هەستی بە بەرپرسیاریی مێژوویی دەربارەی ئەم دەستکەوتە گەورەیە کردووەو لەسەر لاپەڕەکانی رۆژنامەکەیدا خەباتی بۆ کردووە، بەپێی تواناو بارودۆخی ئەو سەردەمە گرنگییەکی یەکجار گەورەی بەم رووداوە مەزنو پڕ بەهایە داوە.

لە (ژ٥٩، ل١)دا، یەکەم هەواڵ بە ناونیشانی "ب سەرخوە بوونا کوردستانێ" بڵاوکراوەتەوە، ئەمەش دەقەکەیە:

"ئاژانسا A.F.P ژ تەهرانێ ددەزانین: ژ هکومەتا ئیرانێ رە، خەبەر هاتیە داین کو سەرەکێن کوردان قەراردانەو مینا پارتیا دەمۆکراسیا ئازەربەیجانێ پارتیەك دانینە ب قەسدا خوەستنا ب سەرخوە بوونا کوردستانێ. ناڤێ ڤێ جڤاتێ کوردی، کومەلە. مەزناهیا ڤی جڤاتی ب چڤاسە هێژ نەهاتیە سەه کرن. بەری ب چەند رۆژان ڤی جڤاتی نمینەندەیێن خوە شیاندبوو تەبرێزێ ونهاژی نمینەندەیێن خوە رێکر باکویێ، شارستانێ سوڤییەتستانێ ی مەزن".

هەر دەربارەی پێشهاتەکانی ئەم بابەتەو بەدواداچوونی رووداوەکانی، لە (ژ٦١، ل٤)دا، دیسان هەواڵێکی دیکە بە ناونیشانی "خەباتا کوردێن ئیرانێ" بڵاوکراوەتەوەو ئەمەش دەقەکەیەتی:

"رۆژنامەیێن تەهرانێ "ئەرەس"و "ئیتلاعات" هاتنە گەریندەکاریا رۆژانوو. ئەڤ رۆژنامان زەهف قالا کوردستانا ئیرانێ دکنو مەتێدە بانگینا کو جڤاتا ئیستقلالا کوردستانێ چاپو بەلاڤ کریە خوەندیە. دڤێ بانگینێ دە، خورتێن کورد دبێژن دەه ملیون کورد هەنە، و کوردستان ٥٠٠ ٠٠٠ کلیومێتر چارگوشەیە، مینا مللەتێن دن" مللەتێ کورد ژی ئیستقلالا خوە دخوازە. بانگین هەروەکی رۆژنامەیێن تەهرانێ ددن زانین ب زمانێ کوردی، رووسی، ئینگلیزی، عەرەبی، فارسی، وترکی هاتیە نڤیساندنو چاپکرن.

رۆژنامەکە تەهرانێ ب پرسا کوردستانێ مژوول د بەو نڤیسە: فکرا ئیستقلالا کوردستانێ مینا نەساخیاگران وەباو تاعوون، ژ کوردستانا عیراقێ کەتیە کوردستانا ئیرانێ".

بۆ درێژەدان بە بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی کوردستان، لە هەمان ژمارەو لاپەڕەدا، هەواڵێکی تر بە ناونیشانی "ب سەرخوە بوونا کوردستانێ" بڵاوکراوەتەوەو ئەمە دەقەکەیەتی:

"تەهران A.F.P دکوردستانا ئیرانێ دە زەهف تەشخەلان چێدبن" خەلك ئیستقلالا کوردستانێ دخوازن" هەیئەتەکە گران، ژ هەفت نمینەندەیان ب هەڤکەتی چوونە باکویێو سەرەکێ کوردان، ژی ژێ خوە هلانیەو بەرێ خوەدایە موسکوڤایێ. ئەڤن لە باتێن جڤاتا ئیستقلالا کوردستانێ: میرزا قازی محەمەد، ئیلخانی زادە، محەمەد حوسەینی سەیفی قازی، عەلی ریحانی" هەمزە ئاغا مامەش، عەبدولا بەسەرهاجی، هەمزە جەلدیان".

لە (ژ٦٣، ل١)دا، ناونیشانی هەواڵێك بە فۆنتێکی گەورە نووسراوە: "تەهران ددەزانین" پەرەگرافی یەکەمی هەواڵەکە دەربارەی چالاکی ئەزەربێجانیەکانە، بەڵام لە پەرەگرافی دووەمی هەواڵەکەدا هاتووە:

"ژ ئالیێ دن، ل گورا تەلەگرافێن کو ژ ئەنقەرێ تێنو ئەژانسا A.F.P بەلاڤ دکە، ژ کوردێن ترکیایێ قوەتنە مەزن، کەتنە ئەردێ ئیرانێو هاتنە ئاریکاریا کوردێن ئیرانو عیراقێ" پێن کودکوردستانا ئیرانێ دە کوم بوونەو هێزکوم دبن. نووچەیێن داوین ددن زانین کو ۰۰۰ ١٥ ئەسکەرێن کورد دکوردستانا ئێرانێ دە، خوە پێك ئانینە".

دیسان لە هەمان ژمارەو لاپەڕەدا مانشێتێکی گەورە دەڵێت: "کوردستانا ئیرانێ". هەواڵێکی درێژ بڵاوکراوەتەوەو لەلایەکیدا هاتووە:

"رۆژنامەیێن تەهرانێ ێن داوین پێن کوگهانە دەستێ مە، مینا سەباح، ئەرەس، ئیرانێ کتوونی، زەهف ڤالا خەباتا کوردێن کوردستانا ئیرانێ دکن. ل گورا ڤان رۆژنامان، هەمی کوردێن ئیرانێ ئیستقلالا کوردستانێو دانینا کوردستانە کە مەزن دخوازنو ژبۆنا ڤێ ئارمانجێ خەباتەکە زۆر دخەبتن.

کوردێن ئیرانێ ئەڤ بیست سالن ژ هکوومەتا ئیرانێ چەند تشت دخوەستن. وان دخوەست کو مێمورو کارکەرێن ئاخا کوردستانا ئیرانێ ژ کوردان بێنە بژارتن" وان د خوەست کو د خوەندەگاهێن ئەردێ کوردستانێ دە سەیداو مامۆستە دەرسا زارویان ب زمانێ کوردی ب بێژنو زمانێ کوردی دهەمی خوەندەگاهان دە، بێتە خوەندەن" وان دخوەست کو سێ چاریەکێن

وێرگویـان[٤٣٣] کوژکـوردان تێنـه سـتاندن، دئاخـا کوردسـتانێ دە، ژبونـا چـێکرنا پـرو رێ، خەستەخانەو خوەندەگاهـ، گوندنه نوو و نووژەن بێتە سەرف کرن...".

لە (ژ٦٤، ل١)دا، بارودۆخی کوردستانی ئێران جێگایەکی بەرچاوی گرتووەو ئەو گفتوگـۆو تاوانبارکردنو وەڵامدانەوەی لەنێوان کۆمـەڵەو رۆژنامەکانی ئێـران رووەدا. رۆژنامـەی رۆژانـوو بۆ ئەوەی خوێنەرانی خۆی لێ بێ بەش نەکات، هەندێ لەوانە دەگوازرێتەوە بۆ سـەر لاپـەڕەکانی خۆی.

لە (ژ٦٦، ل١)دا، دیسان هەواڵێك بە ناونیشانی "رۆژنامەیێن جیهانێو پرسو دوزو دەهـوا کوردستانێ" بڵاوکراوەتەوە، تێدا باسی چەند رۆژنامـەیـەکی فەرەنـسیو ئـەمریکیو ئینگلیـزی دەکات، کە باس لە بـارودۆخی تـازەی کوردسـتان دەکـەن. ئـەم چەشـنە هەواڵـە لـە ژمارەکـانی دیکەشدا دەبینرێت. لە هـەمان ژمـارەو لاپـەڕەدا هـەواڵێکی دیکـە لـەژێر ناونیـشانی "جڤاتـا لوندرێ دە" هاتووەو ئەمە دەقەکەیەتی:

"ل گورا تەلەگرافا کو نووچەگهایێ ئەژەنسا فرەنسیزی A.F.P ژ ئەنقەرێ بەلاڤ دکە: تێدە توشـك نینـە کـو پرسـا کوردسـتانێ د جڤاتـا لونـدرێ دە، یـا مللـەتێن یـەکبوویی وێ بکەڤـە ئاخافتنێ".

نەبەس بارودۆخی سیاسی کوردستان جێگای بایەخ پێدانی رۆژنامەی رۆژانـوو بـووە، بـەڵکو رۆژنامەکە گرنگی بە هەموو لایەنەکانی ژیانی خەڵکی کوردسـتان داوە، وەکـو لایـەنی زانـینو رۆشنبیریو هۆشیاری نەتەوەیی. ئەگەر ئاورێـك لـە رۆژنامەگـەریی کـوردی بـە گـشتیو هـاوارو رۆناهیو رۆژانوو ستێر، بەتایبەتی بدەینەوە کە لەلایەن هەردوو برا جەلادەتو د. کـامران ئـالی بەدرخان دەرکراون، بە ئاسانی دەگەینە ئەو راستییە کە ئەوان گرنگییەکی یەکجار گەورەیان بـە بەرزکردنەوەی ئاسـتی زانـینو رۆشـنبیریو هۆشـیاری نەتـەوەیی داوە، لەبەرئـەوە دەبیـنین کاتـێ رۆژنامـەیەك یان گۆڤارێك لە پارچەیەکی کوردستان یان لە شارێکی کوردستان دەردەچێت یـان رادیـۆیێکی کـوردی لـە جێگایـەك دەکرێتـەوە، یـان قوتابخانەیـەك لـە شـوێنێکی کوردسـتان دەکرێتەوە یان قوتابییەك لە خوێندندا سەردەکەوێت، رۆڵـەکانی بنەماڵـەی بـەدرخانیان زۆر بـە گەرمی پێشوازی لـەو کـارە دەکـەنو بـە دەسـتکەوتێك لـە قەڵـەمی دەدەن. رۆژنامـەی رۆژانـوو

٤٣٣- وێرگو: داهات: وارد.

درێژەی بەم ڕێبازە داوە. ئەو هەواڵانەی کە دەربارەی ئەم بابەتە بلاوکراونەتەوە لە رووی ژمارەوە دوای هەواڵەکانی شەڕی جیهانی دووەم بە پلەی دووەم دێن.

ڕۆژنامەی ڕۆژانوو لە (ژ۲، ل۲)دا هەواڵێکی لەژێر ناونیشانی (چاپا کوردی) بلاوکردۆتەوە، ئەمەش دەقی هەواڵەکەیە:

" ڕۆژانوو یاکو نوو د کەڤە ناڤ ئەیلەتا چاپا کوردی، سلاڤان ل هەڤالێن خوە یێن ژێ کەڤنتر دەکەو هلانینا ناڤێن وان ژ خوەرە وەزیفەکە هەڤالیتیێ دناسە. کوڤارو ڕۆژنامەیێن کوردی یێن کو ئیرو بەلاڤ دبن ئەڤن:

ڕەیا – تەزە: ل هەفتێ سێ جاران و ل باژارێ ڕەوانێ بەلاڤ دبە، ڕۆژناما کوردێن سوڤیەتستانێ یە. ب زارو پیتێن کوردمانجی تێتە نڤیساندن.

ژیان: کوڤارەکە ئەدەبی و علمی یە، ل سەرێ هەر هەفتێ جارەکێ و ل سلێمانیێ ب دەرتێت. ب زارێ سورانی تێتە نڤیساندن.

گەلاوێژ: کوڤارەکە ئەدەبی و علمی یە. ل سەرێ هەر مەهێ جارەکێ ل بەغدایێ دەدکەڤە. زارێ وێ سورانی یە. کوڤارا کوردی ئا مەزنترو تەکووزترە.

هاوار: کوڤارەکە ئەدەبی یە. ژ سالا ۱۹۳۳ (ئەوەی ڕاست بێت لە ساڵی ۱۹۳۲ دەرکەوتووە – لێکۆڵەر) ئان ڤە ل شامێ و ب زارێ کوردمانجی تێتە بەلاڤ کرن.

ڕوناهی: ئەڤ دوو سالن ل شامێ دەست ب دەرکەتنێ کریە. زارێ وێ کوردمانجی یە. ڕوناهی کوڤارەکا مسوەرەل سەرێ مەهێ جارەکێ دەردکەڤە".

لە (ژ٦١، ل٤) دا جارێکی دیکە ناونیشانی (چاپا کوردی) دەبینرێت بەلام ناوەڕۆکی هەواڵەکە گۆڕاوەو بەشێوەی خوارەوە بلاوکراوەتەوە:

"نهو ب زمانێ کوردی هەڤدە کوڤارو ڕۆژنامە دەردکەڤن. ژڤان پێڤە، ل بێروتێ، هەر پازدە ڕۆژ جارەکێ، ب زمانێ فرەنسزی ڕۆژنامەیەك دەردکەڤە ناڤێ وێ "Le jour Nouveau"یە؟ چار رووپەلێن دوێ یێن مەزن هەنە. ئەڤ ڕۆژنامە ڤالا چاندو نڤیسا رو سیاسەتا کوردستانێ دکەو دوزو دەهوا مللەتێ کورد تێخەپێش چاڤێن جیهانێ. ئەڤن ناڤێن کوڤارو ڕۆژنامەیان و وەلاتێن کوتێدە تێنە چاپکرن ل سوڤیەتستانێ: ڕیاتازە، کوڤارا قەفقاسێ.

ل ئیرانێ: پەیام، نیشتمان، کوهستان، زەگروس، چیا، ترووسکە، یەکیتیا تێکوشین[434] (تێکۆشین).

ل عیراقێ: ئازادی، ژیان، گەلاوێژ، دەنگی — کیتی — تازە.

ل شامێ: هاوار، روناهی.

ل بیرۆتێ: ستێر، رۆژانوو".

هەر هەمان ناونیشان و هەواڵ لە (ژ٦٤، ل٤)، (ژ٦٦، ل٤)، (ژ٧٠-٧١، ل٤)دا دووبارە بووەتەوە.

هەر لە (ژ٦١، ل٤)دا لە ناونیشانێکی دیکە کە پەیوەندیدارە بە بابەتی رۆژنامەگەریی دەڵێت:

"سێ رۆژنامێن دن"، لە هەواڵەکەدا باسی دەرچوونی سێ رۆژنامەی کوردی تازە دەکات، کە لە ئێران دەردەچن ئەوانەش، چیاو ترووسکەو یەکێتیا تێکوشینن.

هەر دەربارەی بابەتی رۆژنامەگەریی، رۆژانوو بەردەوام بووە لە سەر بەدواداچوونی دەرچوونی رۆژنامەو گۆڤاری کوردی تازەو بە خوێنەرانی خۆی ئاساندوون.

لە (ژ٢٦، ل١)دا هەواڵی دەرچوونی گۆڤاری نیشتمان لە کوردستانی ئێراندا بە ناونیشانی "مزگینیەکە مەزن" بڵاوکراوەتەوەو هەواڵەکە دەڵێت:

"د ئەردێ ئیرانێ دە، دەر ئەیالەتا کوردستانێ، خورتێن کورد ب ناڤێ نیشتمان "وەلات" کوڤارەکێ چاپ دکن، کوڤارەکە قەدرگران، ب بەندێن هێژا. کوردێن ئیرانێ ژی میناییێن سوڤیەتستان، عیراق، وسووریێ، ژ بۆنا پێشڤەچوونا مللەتێ کورد دەست ب خەباتێ کرنە".

هەر لە چوارچێوەی ئەم بابەتەدا لە (ژ٣٨، ل١)دا، هەواڵی گەیشتنی گۆڤاری (دەنگی گیتی تازە)، لەژێر ناونیشانی "کوڤارەکە کوردی ئا نوە" بڵاوکراوەتەوەو تێدا هاتووە:

"هەتانهو پوستا عیراقێ ژ مەرە "ژین"و کوڤارا کوردی ئاهێژا "گەلاوێژ" دئانێ و ئەم ب وان شادکرن. ئیجار ڤەپوستێ چاڤێن مە ب کوڤارەکە نوو ب رونی کرن. دەنگی گیتی تازە. گیتی ئان کیتی ب مانا دنیایێ یە، ب کوردمانجیامە: دەنگێ کیتیا تازە...".

---

٤٣٤- یەکێتی تێکۆشین لە عیراق دەردەچوو نەك لە ئێران. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە گۆڤاری رۆژنامەنووس، ژ١، ٢٠٠٤/٤/٢٢، هەولێر، ل٢٣١.

له (ژ٥٢، ل٤)دا بابەتێكی دیكه لەژێر ناونیشانی (كوڤار) بلاوكراوەتەوەو پێناسەیەكی كورتی هەریەكێ لەو رۆژنامەو گۆڤارانەی كردووه كه له عێراق‌و ئێران‌و سووریاو لوبنان‌و سۆڤیەتستان دەردەچن.

له (ژ٦٦، ل٤)دا، له هەواڵێكی دیكەدا دەرچوونی گۆڤارێكی تازەمان پێ رادەگەیەنێت‌و هەواڵەكە بەناونیشانی "كوڤارەكه نوە، ماد" بلاوكراوەتەوەو بەم شێوەیه دەست پێ دەكات:

"دتەهرانێ دە كوڤارەكه نوو ب ناڤێ ماد دەست ب دەركەتنێ كریە. ئەڤ كوڤار ب پرسێن كوردی یێن زانین‌و زانستی ویێن چاندو كومەلی‌و دیرۆك‌و چیروكێی مژوول دبه. گەرینەندەیێ وێ ئاكو ئازاد پووره...".

رۆژنامەی رۆژانوو نەبەس گرنگی به دەرچوونی رۆژنامەو گۆڤارە كوردییەكان داوه، بەڵكو بایەخێكی گەورەشی به دەرچوونی ئەو كتێبانه داوه، كه پەیوەندییان به گەلی كوردەوە هەبوو.

له (ژ٥٠، ل٤)دا هەواڵێكی بەناونیشانی (چاپ‌و نڤیسار) بلاوكراوەتەوه، باسی دەرچوونی كۆمەڵە كتێبێك دەكات‌و ئەمە دەقەكەیەتی:

"دڤێ داویێ دە، سەر كوردو كوردستانێ سێ كتێبێن نوو هاتنه بەلاڤ كرن‌و هەر سێ ژی ب زمانێ عەرەبی نه. نڤیسەڤانێن دڤان دوستێ هەق‌و راستیێ نه، ب ئاواكی خوەش‌و بێ مەیلداری كتكتێن پرسا نەژادێ مه خستنه پێش چاڤێن خوەنده ڤانان.

ئەڤن ناڤ ونشانێن وان: كورد د سووریەو لبنانێ دە. ب قەلەما نڤیسەڤانێ هێژاو دكتۆرێ فەلسەفەو زانینێن جڤاكی د. ئەدیب مەعوەز.

٥٨ روو پەلێن ڤێ كتێبێ هەنه. بهایێ وێ ١٠٠ قروشێن لبنانی یه، هەچی كوڤێ كتێبێ دخوازن پەیدا بكن: ناڤو نیشانێ نڤیسەڤان ئەڤە: ملك دەبس، تاریق عەبدولباست ئەلفاخوری. بێروت — لبنان.

كوردستان ئان وەلاتێ كوردان. ب قەلەما نڤیسەڤانێ قیمەتدار خوەدیێ رۆژناما ئەترا، میرزا یوسف مالك.

٤٤ روو پەلێن ڤێ كتێبێ هەنه. بهایێ وێ ١٠٠ قروشێن لبنانی یه. پەیداكرنا وێ ب دەستێ نڤیسەڤانی چێدیه.

نافنیشانێ وی:

میرزا یوسف مالك — ساندوق ئەلبەرید ۸۵۷، بێروت — لبنان.

پرسا کوردستانێ دناڤبەرا دوهیو ئیرودە

ب قەلەما نڤیسەڤانێ گوزیدەو دکتورێ فەلسەفەو زانینێن جڤاکێ د. ئەدیب معەوەز.

٤٦ روپەلێن ڤێ کتێبێ هەنە، بهایێ وێ ۱۰۰ قروشێن لبنانی یە.

میرزا د. ئەدیب معەوەز، ملك دەبس، تاریق عەبدولباست ئەلفاخووری بێروت — لبنان".

وەکو دەبینین هەواڵەکە لێکدراوە لە چەند پەرەگراف پێکهاتووەو ناونیشانی هەواڵەکەش هەر دیسان لێکدراوە لە دوو دەستەواژە دروست بووە "چاپ ونڤیسار" لەگەڵ "کتێبێن نوو".

لە (ژ۵۲، ل۳)دا هەر هەمان بابەت دووبارە بووەتەوە. هەر ئەو بابەتانە لەگەڵ گۆڕینی ناونیشانەکە بۆ "کتێبێن داوین یێن کوڤالا پرسا کوردستانێ دکن"، لە (ژ٦١، ل٤)و (ژ٦٤، ل٤)دا دووبارە بووەتەوە. بۆ درێژەدان بە ڕێبازی گرنگی دان بەو هۆکارو کەناڵانەی کە ڕۆشنبیری کوردی بڵاودەکەنەوەو بایەخ بە زمانی کوردی دەدەن، لە (ژ۵۲، ل٤)دا، لە هەواڵێکدا باسی ئەو رادیۆیانە دەکات کە دەنگوباس بە زمانی کوردی بڵاودەکەنەوە، ڕۆژنامەکە ویستویەتی سەرنجی خوێنەران بۆ ئەو رادیۆیانە رابکێشێت، هەواڵەکە لەژێر ناونیشانی "رادیو"یە، تێدا هاتووە:

"وەشینەکێن هەرۆژە ب کوردی

ل بێرووتێ:

رادیویا بێرووتێ، ل سەر پێلێن کورتو ناڤین، هەرو پشتی نیرو ل سەعەت پێنجو سیە دەقیقان دە، نووچەیێن جیهانێ یێن داوین ب زمانێ کوردی بەلاڤ دکە. درێژاهیا پلان، پێلێن کورت ۳۷ میترو ۳۹ سەنتیمێتر: ئان ۳٦و ۸ کیلوسکل، پێلێن ناڤین ٤۱۱ میتر، ئان ۷۳۰ کیلوسکل.

ل بەغدایێ:

هەرو پشتی نیرو د سەعەت چاران دە دەست پێ دکەو هەتا پێنجان دوم دکە:

درێژاهیا پێلان: ٤۲ میترو ۳۷ سەنتیمێتر، پێلێن کورت.

رادیوا کوردستانێ:

ل سەر پێلێن کورت دوە شینە، درێژاهیا دوێ، ٤٢ هەتا ٤٤ ونیڤ مێتران. هەرو بەری نیرو ل سەعەت ١١و ٤٥ دەقیقان دە دەست پێ دکە.

رادیو ئەزربێجانێ:

هەرو پشتی نیرو سەعەت پێنجان، ل سەر پێلێن درێژ ب کوردی دوەشینە.

پێلێن درێژ، ١٤١و هەتا ١٤١٥ مێتران".

ئەم بابەتە لە (ژ٦١، ل٤)، (ژ٦٤، ل٤)، (ژ٦٦، ل٤)، (ژ٦٩، ل٤)و (ژ٧٠-٧١، ل٣)دا دووبارە بووەتەوە.

ڕۆژنامەی ڕۆژانوو گرنگی بەکردنەوەی قوتابخانەی کوردیو دەرچوونی قوتابیان لە کولێژو زانکۆو لە قوتابخانەکان داوە، لە (ژ٦، ل٢)دا هەواڵێك بەناونیشانی "مژدە" بڵاوکراوەتەوەو تێدا هاتووە:

"ئەمە یەکەمین جارە بە کەرەتەك سێ گەنج لە گەنجەکانمان بەیەکەوە شەهادەتی (B.A) وەرئەگرن لە کوللیەی ئەمەریکانی بێرووت. وەئێمەش لێرەدا ناویان بە فەخرەوە بڵاوئەکەینەوە، وە بانگیان ئەکەین بۆ بەجێ هێنانی ئەو خزمەتانەی بەسەر شانیانەوەیە، لەگەڵ تەبریك کردنمان بە دڵی گەرمەوە:

١. محەمەد ئەرمەخانی: (B.A) لە (کیمیا)دا.

٢. عەلی سایب: (B.A) لە (ئەدەب)دا.

٣. قادر خەفاف: (B.A) لە (هەندەسە)دا.

ئەمانە هەرسێکیان لە گەنجانی (عیراق)ن، خوا سەر بەرزیان بکات وە ئەمسالیان زۆر بکات".

هەر دەربارەی گرنگی دان بە خوێندنو زانین لە (ژ١٠، ل٢)دا هەواڵێك بە ناونیشانی "دبستانا کوردی ئابێرووتێ" هاتووە، لەم هەواڵەدا باسی دەرچوونی کۆمەڵێك لە قوتابیان

دەكات، كە لە قوتابخانەی كوردی لە بەیروت دەرچوون و فێری خوێندن و نووسینی زمانی كوردی بوون، ئەمەش دەقی هەواڵەكەیە:

" ئەڤە ناڤێ میرزا ومیرزەیێن كو د دبستانا بێرووتێ ئاكوردی دە هینی خوەندەن و نڤیساندنا زمانێ خوە بوونە: ما. سادە عەلی بوتی، م م. سلەیمان حەسەن مەرجێ، خەلیل سلێمان دێركی، چاچان مەرزكێ، براهیم مەتینێ، شێخ مووس مەحموود قەسركێ، حسنی مەرزكێ، محەمەد سەلیم توهێ، سلێمان براهیم خزنێ، عەبدولكەریم كندێرێ، عەبدولكەریم ئەتمێن، محەمەد نوور مهەلێ، تاهر ملێزنێ، میرخان راجنی، حەجی نوور بوتی".

هەر لە چوارچێوەی بابەتی خوێندن و زانیندا، لە (ژ٦٣، ل٣)دا كۆمەڵە هەواڵێك بلاوكراونەتەوە كە پەیامنێری (جزیرێ) بۆ رۆژنامەكەی ناردووەو لە پەرەگرافی سێیەمدا باسی قوتابخانەكانی چەند ناوچەیەكی كوردستانی سوریا دەكات و دەڵێت:

"مفەتشێ جزیرێ ێ زانین و خوەندگاهان ب خەیرەتەكە خوەش د خەبتە، ب هەمەتاوی، د هەسەجێ و كامشلووكێ دە، ژ بۆنا خوەندەگاهانە نوو، چار ئاڤاهی هاتنە كرێ كرن.

ژ ئالیێ دن خوەندەگاهێن دەرباسی یە، عاموودە، سەرێ كانی ودێركێ هاتنە فرەهترو سنفێن وان بێتركرنە".

لە هەمان هەواڵداو لە پەرەگرافی كۆتاییدا، باسی دابینكردنی چەند پێویستییەكی خوێندنگاكانی ناوچەكە دەكات و دەڵێت:

"ب هەمەتا مفەتش ٣٠٠ تەختە بەند ٢٠ ماسە، ٢٠ دەپرەش، ١٠ دولاب، و ٥٠ روونشتەك هاتنە رێكرن خوەندەگاهێن جەزیرێ".

لەم هەواڵەدا خاڵێكی گرنگ لە كاری رۆژنامەگەریی دا ئاشكرا دەبێت ئەویش هەبوونی پەیامنێری رۆژنامەیە لە ناوچە دوورەكاندا. نووچەگهایێ (پەیامنێر)ی رۆژانوو لە ناوچەی جزیرێ چەندین هەواڵی بۆ رۆژنامەكە رەوانەكردووەو لە (ژ٥٩، ل٣)، (ژ٦١، ل١)، (ژ٦٣، ل٣)، (ژ٧٠-٧١، ل٣) بلاوكراونەتەوە.

خاڵێكی دیكە، كە شایستەی ئاماژە پێكردنە، ئەو هەواڵانەی كە پەیامنێری رۆژنامەكە ناردوونی، لەژێر یەك ناونیشاندا بلاوكراونەتەوە، ئەمەش نەریتێكی رۆژنامەگەرییە تا ئێستاش لە هەندێ رۆژنامەدا بەكاردێت.

رۆژنامەی رۆژانوو لاپەڕەکانی خۆی بۆ هەموو جۆرە هەواڵێکی پەیوەندیدار بە کوردو کوردستانەوە کردۆتەوەو بڵاوی کردوونەتەوە، وەکو:

لە (ژ١٨، ل٢)دا هەواڵێك لەژێر ناونیشانی "دتاخا کوردان دە" بڵاوکراوەتەوەو تێدا باسی ئەوە دەکا کە لە رۆژی ٢٣/٨/١٩٤٣ لاوانی کورد لە شاری دیمەشق و لە گەڕەکی کوردان، ئاهەنگێکیان بۆ نوێنەرانی کورد لە سوریا سازکردووەو باسی رێو رەسمی ئاهەنگەکە دەکات.

لە (ژ٤٧، ل١)دا هەواڵێك بەناونیشانی (شین) واتە ماتەمین هاتووە، باسی کۆچی دوایی سەرۆك خێلی (عەزیزان)، حاجی دەروێش حاجی مووسا دەکات.

لە (ژ٥٩، ل١)دا لە هەواڵێکدا بە ناونیشانی (کوردەك قەهرەمانێ سوڤیەتستانێ)، باسی کوردێکی سوڤییێتی دەکات کە ناوی (سەمەدی سیامەندۆڤ)ە، وەکو قەهرەمانێك لەو وڵاتەدا ناسراوە.

لە هەمان ژمارەو لە (ل٣)دا لە هەواڵێکدا لەژێر ناونیشانی (میرزا مەلە عەلی)دا باسی کۆچی دوایی مەلا عەلی دەکات، کە لە رۆژی ١٦/٩/١٩٤٥ لە شاری قامشلو کۆچی دوایی کردووەو پاشان باسی رێو رەسمی ناشتنی تەرمەکەی دەکات.

رۆژنامەی رۆژانوو چەندین هەواڵی دیکەی بڵاوکردۆتەوە.

بەمە دەتوانین لە پێناسەی ئەم رۆژنامەیەدا بڵێین رۆژنامەیەکی هەواڵی، سیاسی کوردییە.

## هونەری هەواڵ لە رۆژنامەی (ستێر)دا

رۆژنامەی ستێر، رۆژنامەیەکی کوردییە، هەروەکو لە (ژ١، ل٣)دا هاتووە، "خوەدیو گەرینەندە: میر د. کامران عالی بەدرخان"، لەسەر لاپەڕەی یەکەمی بە زمانی فەرەنسی نووسراوە، پاشکۆی وێنەداری رۆژنامەی کوردی رۆژانوویە. لە رۆژنامەی ستێر سێ ژمارە دەرچووە، ژمارەی یەکەم لە رۆژی دوشەممەی ٦ی کانونی یەکەمی ١٩٤٣، ژمارەی دووەم لە رۆژی دوشەممەی ٢٨ی شوباتی ساڵی ١٩٤٤و ژمارەی سێیەمو کۆتایی لە رۆژی دوشەممەی ٢٢ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٤٥ دەرچووە. وەکو ئاشکرایە ئەم رۆژنامەیە یان ئەم پاشکۆیە بەشێوەیەکی رێکو پێکو لە کاتێکی دەست نیشانکراودا دەرنەچووە. رۆژنامەیەکی رۆشنبیری وێنەدار بووەو لە هەر سێ ژمارەدا (٤٥) وێنەی بلاوکردۆتەوە. لە ژمارەی یەکەمدا (١٦) وێنەو لە ژمارەی دووەمدا (١٢) وێنەو لە ژمارەی سێیەمدا (١٧) وێنە. وەکو دروشمی رۆژنامە لە سەرەوەی لاپەڕەی یەکەمدا لە هەر سێ ژمارەدا نووسیویەتی "وەلات بەری هەر تشتی"، واتە (نیشتمان پێش هەموو شتێك).

رۆژنامەی ستێر وەکو رۆژنامەی رۆژانوو گرنگی بە بلاوکردنەوەی هەواڵ نەداوە. لە سێ ژمارەکەدا تەنیا شەش هەواڵ بلاوکراوەتەوە. دوو لە ژمارەی یەکەمداو لە ژمارەی دووەمدا هیچ هەواڵێك نییەو لە ژمارەی سێیەمدا چوار هەواڵ بلاوکراوەتەوە، زۆربەی زۆریان هەر لە رۆژنامەی رۆژانوو وەرگیراون.

لە (ژ١، ل٣)دا هەواڵێك بە ناونیشانی "کوڤارو رۆژنامەیێن کورد" بلاوکراوەتەوە، نێزیکە لەو هەواڵەی کە لە (ژ٦١، ل٤)ی رۆژنامەی رۆژانوودا بلاوکرا بووەوە تێدا هاتووە:

"کوڤارو رۆژنامەیێن کوردی یێن کوئیرو بە لاڤ دبن ئەڤن:

ریاتازە: ل هەفتێ سێ جاران و ل باژارێ رەوانێ بەلاڤ دبە.

ژیان: کوڤارەکە ئەدەبیو علمی یە، ل سەرێ هەر هەفتێ جارەکێ و ل سلەیمانیێ ب دەرتێت.

گەلاوێژ: کوڤارەکە. ئەدەبیو علمی یە. ل سەرێ هەرمەهێ جارەکێ ل بەغدایێ دەردکەڤە.

هاوار: کوڤارەکە ئەدەبی یە ل شامێ تێتە بەلاڤ کرن.

روناهی: ئەڤ دوو سالن. ل شامێ دەست ب دەرکەتنێ کریە.

ئیشتمان: ل ئیرانێ دەرتێ.

رۆژانوو: ل بیروتێ دەردکەڤە".

هەر لە (ژ١، ل١)دان هەواڵێکی دیکە بە ناونیشانی "دەنگێ سەربەستییێ" نووسراوە، تێدا هاتووە:

"ژ تەهرانێ دەنگێ سەربەستیو ئازاهیا مللەتان تێ. هەر سێ مرۆڤ دەولەتێن مەزن سەروک جمهور رووزوەلت، سەرەك وەزیر چورچلو مارەشال ستالین گوتنە: هەمی مللەتێن دنیایێ ژ زلمو زورکاریا مللەتێن دن خەلاس بنو بگەهن ئازاهیو سەربەستییێ".

لە (ژ٣، ل١)دا، هەواڵێك بە ناونیشانی "بەسەرخوە بوونا کوردستانێ" بڵاوکراوەتەوەو تێدا هاتووە: "هەروەکی ئەژەنسا A.F.p ژ تەهرانێ دەەزانین کوردێن ئیرانێ ژ بۆنا ستاندنا هەقێ خوەو دانینا کوردستانەکە بەسەرێ خوە، جڤاتەکە رەسمی چێکرنە: وگاڤا ئەڤ خەبەرەگهایە تەهرانێ، هاویرێن پایتەختێ ئیرانێ، گەلەك خەما ڤی تشتێ خوارنە".

هەر لە هەمان ژمارەداو لە (ل١)دا، هەواڵێك لەژێر ناونیشانی "پەیمانا کوردی" بڵاوکراوەتەوە باسی ئەو پەیمانە کوردییە دەکات، کە لە رۆژنامەی ئازادی حزبی کۆمۆمیستی کوردی لە عێراق بڵاوکرابووەوە. هەر ئەم بابەتە بەشێوەیەکی درێژتر لە رۆژنامەی رۆژانوودا لە (ژ٦١، ل١)دا بڵاوکرابووەوە.

هەر لە (ژ٣، ل٣)دا، هەواڵێك بەناونیشانی (رادیو) بڵاوکراوەتەوەو باسی ئەو رادیۆیانە دەکات کە دەنگوباس بە زمانی کوردی پەخشو بڵاودەکەنەوە. ئەمە دووبارە کردنەوەی ئەو هەواڵەیە کە لە (ژ٢٥، ل٤)ی رۆژنامەی (رۆژانوو)دا بڵاوکرابووەوە.

لە (ژ٣، ل٤)دا، دیسان هەواڵێك بەناونیشانی (کتێبێن داوین) بڵاوکراوەتەوە، باسی چەند کتێبێك دەکات کە لەو کاتەدا، دەربارەی پرسی کورد، بە زمانی عەرەبی دەرچوون. ئەمە هەر ئەو هەواڵەیە کە لە (ژ٦١، ل٤)ی رۆژنامەی رۆژانوودا بڵاوکرابووەوە.

# بەشی سێیەم

## هونەری وتاری ڕۆژنامەگەریی:

- زاراوەو پێناسەی وتاری ڕۆژنامەگەریی
- مێژووی سەرهەڵدانی وتاری ڕۆژنامەگەریی
- کارو ئەرکەکانی وتاری ڕۆژنامەگەریی
- زمانی وتاری ڕۆژنامەگەریی
- جۆرەکانی وتاری ڕۆژنامەگەریی
- وتاری ڕۆژنامەگەریی لە گۆڤاری (هاوار)دا
- وتاری ڕۆژنامەگەریی لە گۆڤاری (روناهی) دا
- وتاری ڕۆژنامەگەریی لە ڕۆژنامەی (ڕۆژانوو)دا
- وتاری ڕۆژنامەگەریی لە ڕۆژنامەی (ستێر)دا

# هونـەری وتـاری ڕۆژنامەگەریی

## زاراوەو پێناسەی وتاری ڕۆژنامەگەریی

وشەی وتار بەرامبەر وشەی essay لە زمانی ئینگلیزیدا بەکاردێت، ئەم وشـەیە لـە کـاری essayer دروست بووە، کە واتاکەی پێوان یان کێشان یان تاقیکردنەوە دێت، هەروەها لەناوی assay دروست بووە، کە واتاکەی تاقیکردنەوەی کانزاکانی وەکـو زێـڕو زیـو دێـت بـۆ زانینـی گەوهـەرو ڕاسـتی ئـەو کانزایانـە، هاووانـای وشـەی essay لـە زمـانی فەرەنـسیدا وشـەی essaiیە[٤٣٥]. ئێستاش وەکو ناوێك بـۆ وتـاری ڕۆژنامـەگـەریی بـەکاردێت. لـە زمـانی عەرەبیـدا وشەی (مقال – مقالة) بۆ ئەم هونەرە ڕۆژنامەگەرییە بەکاردێت.

هونـەری وتـار ژانرێکـی سـەرەکی ڕۆژنامەگەرییـە، سـەرهەڵدانی ئـەم ژانـرە بـە مێـژوویی ڕۆژنامەگەریی بەستراوەتەوە، ئەگەر ئەمە نەبووایە، ئەویش نەدەبوو، چونکە مەبەست لە نووسینی وتار بڵاوکردنەوەیە. لە وتار نووسەر بە پێی بۆچوونی خۆی کێشەو ڕاستییەکان دەخاتـە ڕووو بـە باشی شییان دەکاتەوە. وتار "بریتییە لە کورتە بابەتێك کە دەربـڕی ئـارەزووی نووسـەرەکەیەتی، لـە هەڵبـژاردنی ناونیـشانو شـێوازی داڕشـتندا ئـازادە، هـەر بۆیـەش کەسـێتی وتـارنووس لـە وتارەکەیدا ڕەنگ دەداتەوە، بەڵام مەرجیش نییە وتار هەر کورت بێ چونکە دەشێ ما ناوەنـدیو درێژیش بێ"[٤٣٦].

---

٤٣٥- د. أبراهيم امام، دراسات في الفن الصحفي، ص١٨٠.

٤٣٦- د. ئیسماعیل ئیبراهیم سـەعید، ئـەدەبی ڕۆژنامەنووسـی کـوردی بـەغدا ١٩٧٠ – ١٩٧٤ قۆنـاغێکی نوێ، دەزگای ڕۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا، ٢٠٠٥، ل٢٧٦.

گرنگی وتار لەوەدایە، کە "هونەرێکە دەتوانێت لە هونەرەکانی تر زیاتر بڕوا لای خوێنەر دروستبکات، چونکە بەپێی کارامەیی وتارنوسەکە وەڵامی بڕوا بەخش بۆ ئەو پرسیارانە دەخاتە روو کە لای خوێنەر پەیدا دەبن"[437].

پێناسەکردنی وتار کارێکی ئاسان نییە، چونکە شێوازو ئامانجو قەبارەو بابەتو زمانی وتار جیاوازنو لە ئایدۆلۆژیاو بیری جیاجیا هەڵدەقوڵێن. بۆ ئەوەی باشتر لە پێناسەی وتار نیزیك ببینەوە، ناچارین ژمارەیەك لە پێناسەکانی وتار بخەینە بەرچاو:

ئینسکلۆپیدیای بەریتانی وتاری رۆژنامەگەریی بەم شێوەیە پێناسە دەکات: "دارِشتنێکە نە کورتەو نەدرێژە، بەو مەبەستە دەنووسرێ تا لە رۆژنامەدا بلاوبکرێتەوە، بەشێوەیەکی ئاسانو کورتو پوخت تاوتوێی بابەتێکی دیاریکراو دەکات، بە مەرجێ نووسەر لە سنووری بابەتەکە دەرنەچێ"[438]. بەڵام هەندێ لە شارەزاو پسپۆرانی بواری رۆژنامەگەریی بە پێناسەی پێشوو رازی نابن، وای دەبینن کە پێناسەکە هەموو رەگەزو جۆرەکانی وتار لەخۆی ناگرێت، وەکو وتاری شیکردنەوە، کە لەلایەن نووسەرێکی پسپۆرو لە کاتێکی دەست نیشانکراودا دەنووسرێتو بابەتێك لە هەموو لایەنەکانیەوە شیدەکاتەوە"[439]. هەروەها فەرهەنگی (ئۆکسفۆرد) پێناسەی وتار دەکاتو دەڵێت: "وتار دارِشتنی نووسینێکە، لە رووی درێژییەوە مام ناوەندە، باسی بابەتێکی دیاریکراودا دەکات، هەمیشە پێویستی بە (مشتو ماڵ) کردنەوە هەیە، لەبەرئەوە هەندێ جار بەبێ تێگەیشتن بە نارێکی دەکەوێتە بەرچاو"[440]. هەر دەربارەی پێناسەی وتار فەرهەنگی لاروسی فەرەنسیش بۆچوونی خۆی هەیەو دەڵێت: "وتار ناوێکە بۆ ئەو نوسینانە بەکاردێت کە خاوەنەکانیان بە دوای قوڵبوونەوەدا ناگەڕێن لە بابەتەکانو وەڵامی تەواویان

---

٤٣٧- هەڤاڵ ئەبوبەکر حسەین، چەشنە ئەدەبیو رۆژنامەنوسییەکان...، ل١٢٩.

٤٣٨- د. فاروق عەلی عومەر، کلیلی دەسەلاتی چوارەم، چۆن لە جیهانێکی گۆڕاودا دەبیتە رۆژنامەنووس؟، وەرگێرانی هیوا سالح ئەحمەد، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێران، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل١٤٩.

٤٣٩- د. اسماعیل ابراهیم، فن المقال الصحفي، ط٣، دار الفجر للنشر والتوزيع، القاهرة-مصر، ٢٠٠٦، ل٢٠.

٤٤٠- د. عبداللطيف حمزة، المدخل في فن التحرير الصحفي، ص٢٢٧.

نادەنەوە"[٤٤١]. فەرهەنگی (Littre) ئەویش پێناسەی تایبەتی بە وشەی وتار Essai هەیەو دەڵێت: "وتار دانانێکە نووسەر بابەتێك چارەسەر دەكات بەبێ ئەوەی پروپاگەندە بۆ راو بۆچوونێكی دیاریكراو بكات"[٤٤٢]. پێناسەیەكی دیكە بە دیدێكی پیشەیی رۆژنامەگەریی سەیری وتار دەكاتو دەڵێت: "وتاری رۆژنامەگەریی، ئامرازی رۆژنامەگەرییە، بەشێوەیەكی راستەوخۆ سیاسەتی رۆژنامەكە دەردەبڕێ" بە بۆچوونی هەندێ نووسەر، وتار دەربارەی رووداوە هەنوكەییەكانو ئەو كێشانەیە، كە رای گشتی ناوخۆو نێودەوڵەتی پێوە خەریكە. بەمەوە وتار بە پێی رەهەندو دەلالەتی جیاواز ئەو رووداوانەی روودەدەن شییان دەكاتەوەو راڤەیان دەكاتو توانجیان لێ دەدات"[٤٤٣]. هەورەها پێناسەیەكی دیكە بوونی هەواڵی رۆژنامەگەریی دەكاتە بناغەیەك بۆ پێناسەكردنی وتاری رۆژنامەگەرییو دەڵێت: "وتاری رۆژنامەنووسی نووسینو بەرفراوانكردنی بیرو باوەڕو تێڕوانینە بە سود وەرگرتن لە بابەتێكی هەواڵیو بەكارهێنانی رێبازە راستەكانی نووسین، بەرەچاوكردنی سیستەمێكی لۆژیكیو پوختە"[٤٤٤]. نووسەر كەرەم شەلەبی، بڕوای خوێنەر دەكاتە بنەمایەك بۆ پێناسەكردنی وتاری رۆژنامەگەرییو دەڵێت، "نووسینی بابەتێكە كە گوزارشتی راستەوخۆ لە رای نوسەرەكەی دەكات. نوسەر دەربارەی بابەتێكی دیاریكراو دەدوێتو هەوڵدەدات لێكدانەوەو بەڵگەو شایەتو شیكردنەوە گەلێكی وەها لە تێڕوانینی خۆیەوە بێنێتەوە، كە بڕوا لای خوێنەر دروست بكات"[٤٤٥]. هەورەها نووسەری عەرەب جەلالەدین حەمامسی پێناسەی وتاری رۆژنامەگەریی دەكاتو دەڵێت: "ئەو گوتارەیە مەبەستی وەڵامدانەوەی هەموو ئەو پرسیارانە یا بابەخدانە هەنووكەییانەیە كە بە راستی بە رووداوەكانەوە یا بە گیروگرفتەكانەوە یا بە كێشە گرنگەكانی رۆژانەی ژیانی خوێنەرانەوە

---

٤٤١- د. منير بكر، اساليب المقالة وتطورها في الادب العراقي الحديث والصحافة العراقية، ط١، مطبعة ارشاد، بغداد – العراق، ١٩٧٦، ص٣.

٤٤٢- د. عبدالعزيز شرف، فن المقال الصحفي، دار قباء للطباعة والنشر والتوزيع، القاهرة – مصر، ٢٠٠٠، ص٢٠.

٤٤٣- د. فاروق ابو زيد، فن الكتابة الصحفية، ط٤، عالم الكتب، القاهرة – مصر، ١٩٩٠، ص١٨٠.

٤٤٤- رەزا حاجی ئابادی، دەروازەی رۆژنامەنووسی، وەرگێڕانی كارزان محەمەد، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٨٥.

٤٤٥- هەڤاڵ ئەبوبەكر حسەین، چەشنە ئەدەبیو رۆژنامەنوسییەكان...، ل١٢٩.

پەیوەستن، یا ئەوانەی پێدەچێ لە داهاتوویەکی نزیکدا روو بدەن، گوتاری رەوانبێژیی رۆژنامەنووسی رەچاودەکات‌و شێوازێکی بەرچاوی مۆرکی ئەو رۆژنامەیشی پێوەیە کە بڵاوی دەکاتەوە، یا شێوازی بەرچاوی ئەو قوتابخانەیە یا رێبازگەی رۆژنامەنووسییەی نووسەری گوتار لایەنگریەتی"[٤٤٦]. نووسەری کورد (عەبدولرەزاق بیمار) لە دیدێکی ئەدەبییەوە سەیری وتار دەکات‌و دەڵێت: "وتار پارچە ئەدەبێکی پەخشانە، نە کورت نەدرێژە، بە شێوازێکی روون، بە زمانێکی دڵکێش لە بابەتێك لە بابەتەکانی ژیان دەدوێ"[٤٤٧].

---

٤٤٦- د. فاروق عەلی عومەر، کلیلی دەسەڵاتی چوارەم، وەرگێڕانی هیوا ساڵح ئەحمەد، ل١٤٩.

٤٤٧- عبدالرزاق بیمار، پەخشانی کوردی، دەزگای رۆشنبیری‌و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا، ١٩٩٨، ل١٩.

## مێژووی سەرهەڵدانی وتاری ڕۆژنامەگەریی

وتـار بەرهـەمـی پێشکەوتنی شارسـتانییە، لـە ژینگەیەکدا گەشـە ناکـات ئەگـەر ئـازادیو جیـاوازی بـیرو بۆچـوونو ئاراسـتەو پێشکەوتنی سیاسـی تیـادا نـەبێت، لەگـەڵ بڵاوبوونـەوەی خوێندنو نووسینو گەشەی هونەریو بڕوابوون بە بیروباوەڕی زانستیو بە بابەتی دوورکەوتنەوە لە زەینـی ئەفسانەییو شـتی خۆیـەتی. ئـەم ژینگەیـە لـە ئـەورووپا دوای ڕێنیسـانس دروسـت بـوو. خەسلەتەکانی ڕێنیسانس کە زەمینەی بۆ دروستکردنی ژینگەی وتار خۆشکرد، بریتی بـوون لـە شەقڵی بیرکردنەوەی تاکانەو مەیل کردن بۆ زانینو حەزکردن لە تاقیکردنەوە. هەروەها حەزکردن بە ئاگاداربوون لە دەوروبەرو بەرفراوان کردنی ئاسۆی زانینی مرۆڤایەتیو خولیـای لێکۆڵینـەوە لە شـتی نادیـار (مجهـول)، لـەجیاتی ترسـان لـە شـتی نەناسـراو. ئـەوە بـوو هـەردوو کێشوەری ئەمریکا دۆزرانەوە. هەروەها فەیلەسوفەکان دەستیان کرد بە بیرکردنەوە لە بوارە تازەکانی ژیـان بەهۆی هۆکاری نوێو داهێنەرەوە مرۆڤی ئەو سەردەمە لـە سانسـۆری کەنیسـە ڕزگـار بـوو. بـەم شێوەیە ئاشکرا دەبێت کە خەسڵەتەکانی ڕێنیسانس هەر هەمان خەسڵەتەکانی وتارن، کە بریتین لە بڕوابوون بە مێشکی مرۆڤو ڕێزگرتن لە خـودی مـرۆڤو حـەزکردن لـە ئاگـاداربوونو ویـستی مرۆڤ بۆ زانینو ئازادی لێکۆڵینەوەو چالاکی تاکە کەسی[448]. ئەمانە هەموویان پێکەوە ژینگـەی وتاریان دروستکرد.

دەربارەی سەرهەڵدانی وتاری ڕۆژنامەگەریی نوێ، زۆربەی سەرچاوەکان باسی ئەوە دەکەن کـە نووسـەری فەرەنـسی (میـچێل ئـەیکیم دی مـونتێین Michel Ey Quem De Montaigne ١٥٣٣ – ١٥٩٢) سـاڵی ١٥٨٨ کتـێبی هەوڵـەکان یـان تاقیکردنـەکانی essaies بڵاوکـردەوە، کـە بریتـی بـوو لـە کۆمەڵـە وتارێـك. لـەو وتارانـەدا مـونتێین باسـی بیرەوەرییەکانی خـۆی لـە منـداڵیو لاوێتـیو قۆناغـەکانی دیکـەی ژیـانی خـۆی دەکـاتو شـتە شاراوەکانی دەروونی خۆی دەردەبڕێ. لـە پێشەکی وتارەکـانی دا دەڵێـت: "خـودی مـن بابـەتی وتارەکانی منـە"[449]. ئەم بەرهەمە بوو بـە سـەرەتای سـەرهەڵدانی وتـارو نووسـەرەکەی "بـوو بـە پێشەوای ئەم هونەرەو نووسـەران چاویان لـێ کـردو وتـار نووسـین بـرەوی سـەندو ناوبـانگی لـە

---

٤٤٨- د.أبراهيم امام، دراسات في الفن الصحفي، ص١٧٢.

٤٤٩- سەرچاوەی پێشوو، ل١٨١.

ئەورووپادا بڵاوبووەوە"[450]. هەرچەندە هەندێ لێکۆڵەرەوە وەکو (ئارسەر کریستۆفەر بنسۆن Arther Chirstopher Benson) مێژوویەکی کۆنتر بۆ وتار دەست نیشان دەکاتو ئاماژە بەوە دەکات کە مۆنتێین لەم کارەدا قەرزاری شیشرونە، کە بە شێوازێکی ئاسان چارەسەری بابەتەکانی خۆی دەکردو ئەویش لەژێر کاریگەری ئەفلاتوون دابوو[451].

وشەی (essaei) لە زمانی فەرەنسی چووە ناو زمانی ئینگلیزیو لەوێ بە واتای وتاری ئەدەبی بڵاوبووەوە پاشان وشەی (essay) وەکو زاراوەیەك بۆ ئەو پارچە پەخشانە ئەدەبییە بەکارهات، کە نووسەر چارەسەری بابەتێکی تایبەت بەخۆیەوە دەکات[452]. جون فلوبیر وتارەکانی مۆنتێینی وەرگێرایە سەر زمانی ئینگلیزیو ناوی نا Atite Mptstrials واتە هەواڵەکان، یان ئەو وتارانەی کە لەسەر رێبازی مۆنتێین دەنووسرێن. ژمارەیەکی زۆر لە نووسەرانی ئینگلیزی کەوتنە بەر کاریگەری ئەو وەرگێرانەو لە پێشەوەی هەموویان (فرەنسیس بیکون Francis Bacon ١٥٦١ – ١٦٢٦)و (ئەبراهام کولی Abraham Cowly ١٦١٨ – ١٦٦٧)و (جون درایدن Jhon Dryden ١٦٣١ – ١٧٠٠)و (ولیەم تێمپڵ William Timple ١٦٢٨ – ١٦٩٩)[453].

ئەوەی تێبینی دەکرا وتارەکانی مۆنتێین زیاتر خودی بوون، بەڵام وتارەکانی بیکون زیاتر شەقڵی بابەتییان پێوە دیاربوو، هەروەها بە پێی پێوەری زمان، وتارەکانی مۆنتێین بە وتاری ئەدەبی دەژمێردرێن، بەڵام وتارەکانی بیکون بە وتاری زانستی ناوزەد دەکرێن[454].

لە سەدەی هەژدەهەمدا کۆمەڵە نووسەرێك لە ئینگلتەرا دەرکەوتنو توانییان برەو بە وتار بدەنو گەشەی پێ بکەنو بیکەنە هونەرێکی سەربەخۆ، دوای ئەوە کە هونەرێکی لاوەکی بوو. هەروەها لەو سەدەیەدا رۆژنامەگەریی رۆڵێکی یەکجار گەورەی لە پەرەسەندنی وتار هەبوو پانتاییەکی گەورەی بۆ ئەم هونەرە تەرخانکرد بوو. ئەو نووسەرانەی کە لەم ماوەیەدا رۆڵیان هەبوو لە پێش خستنی وتاردا ئەمانە بوون: (جوناسان سویفت Johnathan Swift

---

٤٥٠- عبدالرزاق بیمار، پەخشانی کوردی، ل٢٠.

٤٥١- د. اسماعيل ابراهيم، فن المقال الصحفي، ص٣٣.

٤٥٢- د. منير بكر، اساليب المقالة وتطورها في الادب العراقي الحديث والصحافة العراقية، ص٢.

٤٥٣- د. اسماعيل ابراهيم، فن المقال الصحفي، ص٣٤.

٤٥٤- د. عبداللطيف حمزة، المدخل في فن التحرير الصحفي، ص٢٢٣.

١٦٦٧ – ١٧٤٥)و (جۆزێف ئەدیسون J. Addison ١٦٧٢ – ١٧١٩)و (ریتشارد ستیل Ritshard Steele ١٦٧٢ – ١٧٢٩)و (د. ساموێل جونسون Dr. Samwel Johnson ١٧٠٩ – ١٧٧٤)و (ئولیڤەر گۆڵد سمیس Oliver Gold Smith ١٧٢٨ – ١٧٧٤)[٤٥٥].

وتار لە سەرەتای سەرهەڵدانییەوە بەوە ناسرابوو، کە "یاساکانی کلاسیکی پیڕەودەکرد، بە زمانێکی قورس دەنووسرا، بۆ چینێکی دیاری کراوی کۆمەڵ بوو. بەڵام پاشان شێوازەکەی گۆڕاو ئاراستەی جەماوەر کرا. دوای ئەوەش نەوەیەکی نوێی رۆژنامەنووسان هاتنە گۆڕێ کە بیریان بە رۆشنبیری رۆژئاوا گۆش ببوو وتارەکانیشیان بابەتی گرنگیان لە خۆ گرتبوو. وتارنووسەکان لە رێگای دەربڕینی هەستی کەسی خۆیانەوە وتاری بەپێزیان دارشت، هێمنانە کەرەستەیەکی گەورەی زانستو رۆشنبیرییان هەڵرشت کە بوونە هەوێنی لێکۆڵینەوەی گەلێك بابەتی ئەدەبیو هونەری[٤٥٦].

وتار لە جێگای خۆی نەوەستا، بەڵکو لەگەڵ پێشکەوتنی ژیاندا هەنگاو دوای هەنگاو بەرەو پێشەوە چوو، "لە سەدەی نۆزدەهەم بەو لاوە وتار بناغەکەی پتەوترو فراوانتر بوو. بابەتەکانی زۆرترو هەمەجۆرتر بوونو پێوەندییان بە رۆشنبیریی فراوانی نووسەرەکەو پێوەندییان بە ژیانەوە زیاتر بوو"[٤٥٧]. لەم ماوەیەدا کۆمەڵە وتارنووسێکی بە توانا هاتنە مەیدانی رۆژنامەگەریی، لەوانە: "چارلس لامپ Charles Lamp ١٧٧٥ – ١٨٣٥)و (لی هنت Leigh Hent ١٧٧٤ – ١٨٥٩)و (ولیام هازلیت William Hazlit ١٧٧٨ – ١٨٣٠)و (توماس دی کوینسی Thomas de Quincy ١٧٨٥ – ١٨٥٩)، ئەم کۆمەڵە نووسەرانە توانییان بابەتی وتار لە چوارچێوەی شارو جلو بەرگو دابو نەریتو رەوشت ببەنە دەرێو نووسەرەکان دەستیان بە نووسینی ئەو بابەتانە کرد کە حەزیان لێ بووو بە پێی رۆشنبیری خۆشیان بابەتیان هەڵدەبژارد[٤٥٨].

---

٤٥٥- د. اسماعيل ابراهيم، فن المقال الصحفي، ص٣٤.

٤٥٦- د. ئیسماعیل ئیبراهیم سەعید، ئەدەبی رۆژنامەنووسی کوردی بەغدا، ل٢٧٩.

٤٥٧- عبدالرزاق بیمار، پەخشانی کوردی، ل٢١.

٤٥٨- د. اسماعيل ابراهيم، فن المقال الصحفي، ص٣٥.

ناوەراستی سەدەی نۆزدەهەم بە چەرخی زێڕینی وتار لە ئەمریکا دەناسرێت. لەم ماوەیەدا چەندین وتارنووسی بە توانا دەرکەوتن کە کاریگەرییان لەسەر دەسەلاتی بەرزی ئەو ولاتە هەبوو، لەوانە: "ویلیام کولین بریانتWillaim Cullen Breyant )و (هوراس گریلی Horace Greeley)و (هێنری رایموند Henry. J. Raymond )و هەندێکی تر...[٤٥٩]

نابێ ئەو خالە گرنگە لە بیر بکەین، کە پەیدابوونی وتار پابەند بوو بە سەرهەلدانی رۆژنامەگەریی. ئەم راستییە لە ئەدەبو رۆژنامەگەریی کوردیشدا بەدی دەکرێ، یەکەم وتاری کوردی لەسەر لاپەڕەکانی رۆژنامەی کوردستان لە (٢٢/ نیسانی سالی ١٨٩٨) بلاوکرایەوە.

---

٤٥٩- سەرچاوەی پێشوو، ل٣٦.

## کارو ئەرکەکانی وتاری رۆژنامەگەریی

وتاری رۆژنامەگەریی وەکو هەموو هونەرەکانی دیکەی رۆژنامەگەریی ئامرازو هۆکارێکی رۆژنامەیە بۆ بە دەست هێنانی ئامانجەکانی رۆژنامەکە. دەربارەی کارو ئەرکی وتاری رۆژنامەگەریی دوو بۆچوونی جیاواز هەیە: ئەوەی لە رۆژنامەگەریدا بە قوتابخانەی هەواڵی دەناسرێت The Report School، بە پێی بۆچوونی ئەم قوتابخانەیە ئەرکی سەرەکی رۆژنامەگەریی راگەیاندنە واتە نووسینی راپۆرتێکی تێرو تەسەلە لەبارەی رای گشتی کۆمەڵو هەموو لایەنەکانی ژیان بەشێوەیەکی بێ لایەنانە. قوتابخانەی دووەم" قوتابخانەی رایە The Opinion School، لایەنگرانی ئەم قوتابخانە رۆڵی وتاری رۆژنامەگەریی وەکو ئاوێنەیەکی کۆمەڵایەتی نابینن، بەڵکو بەپێی بۆچوونی ئەوان، پێویستە رۆڵی وتار وەکو سەرکردەو رابەرو پەروەردکارێك بێت لەناو کۆمەڵگادا[٤٦٠]. لەبەر رۆشنایی بۆچوونی هەردوو قوتابخانەی (هەواڵی)و (را) دەتوانین کارو ئەرکەکانی وتاری رۆژنامەگەریی بەم خاڵانەی خوارەوە دەست نیشان بکەین:

١. وتاری رۆژنامەگەریی کاری راگەیاندن رادەپەڕێنێت بەشێوەی پێشکەش کردنی زانیاریو بیری نوێ لەبارەی ئەو رووداوو کێشەو ئارێشانەی، کە جێگای بایەخی رای گشتین.

٢. شیکردنو راڤەکردنی هەواڵەکانی رۆژانەو تـوانج لـێ دانیان بۆ روونکردنەوەی ئاستو لایەنە جیاوازەکانیان.

٣. رۆشنبیرکردن لە رێگای بلاوکردنەوەی هەموو زانستە مرۆڤایەتییەکان.

٤. پروپاگەندەی سیاسی" بە بلاوکردنەوەی سیاسەتی حکومەتو پارتەکانو هەڵوێستە جیاوازەکانیان لەبارەی کێشەکانی کۆمەڵگا.

٥. پروپاگەندەی ئایدۆلۆژی، بە بلاوکردنەوەی بیرو فەلسەفەکانو بەرگری لێ کردنیان بەرامبەر رکەبەرەکانیان.

٦. بزواندنو هاندانی (تعبئة) جەماوەر بۆ خزمەتکردنی سیستەمی سیاسیو کۆمەڵایەتی دەست نیشانکراوو هاوکاری کردن لە گەشەکردنی نیشتمانیدا.

---

٤٦٠- د. عبدالعزيز شرف، فن المقال الصحفي، ص٢٣.

٧. دروستکردنی رای گشتی لە کۆمەڵگاداو کار کردنە سەر ئاراستەکانی ناو کۆمەڵگا، چ بە شێوەی نێگەتیڤ بێ یان پۆزەتیڤ.

٨. خۆشیو رابواردن، بە هۆی وتاری پێکەنینو حەنەكو گاڵتەجاریو وتاری رابواردنو جوان[٤٦١].

٩. سەرکردایەتی کردن، واتە ئاراستە کردنو هاندانی خەڵك لە ماڵو کۆمەڵگادا بۆ ژیانێکی باشترو بەختەوەرتر.

ئەم ئەرکە زیاتر لە کاتی تەنگانەو تێکچوونی بارودۆخی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابووری رۆڵی خۆی دەبینێت.

١٠. بەرگریکردن لە ئایینو کەسو شوێنە پیرۆزو بە بەهاو بیرو باوەڕەکان دژی خوانەناسیو لادانو دوورکەوتنەوە لە بیرو باوەڕە گشتییەکان بە هەر شێوەیەك بێت[٤٦٢].

---

٤٦١- د. فاروق ابو زيد، فن الكتابة الصحفية، ط٤، عالم الكتب، القاهرة – مصر، ١٩٩٠، ص١٨٠.

٤٦٢- د. اسماعيل ابراهيم، فن المقال الصحفي، ص٦٦.

## زمانی وتاری ڕۆژنامەگەریی

ڕۆژنامەگەریی کارێکی کۆمەڵایەتییە، لەبەرئەوە پێویستە ئەو زمانەی لەم بوارەدا بەکاردێت دیسان لە ژیان وەرگیرابێت، چونکە ڕۆژنامەگەریی کاریگەرییەکی زۆری لەسەر بیرو زمانی خەڵکی کۆمەڵگاکە هەیە. هەروەها چالاکی ژیری نەتەوەش ئاراستە دەکات[٤٦٣].

وتاریش وەکو ژانرێکی ڕۆژنامەگەریی پێویستە تایبەتی خۆی هەبێت لە بەکارهێنانی زماندا. وتاری ڕۆژنامەگەریی لە وتاری ئەدەبی یان وتاری زانستی جیاوازە. وتاری ئەدەبی هەستو تاقیکردنەوەی خودیو ویژدانی نووسەر بەرامبەر هەڵوێستێکی تایبەت یان گشتی دەردەبڕێت. وتاری زانستیش ئامرازی زانایانە بۆ وەسفکردنی شتی زانستی بە پێی میتۆدی زانستی کە لەسەر بابەتێکی ڕەها بیناکراوە. بەڵام وتاری ڕۆژنامەگەریی لەنێوان وتاری ئەدەبیو وتاری زانستیدایە. شتێکی لە خودی نووسەرو شتێکی لە بابەتی زانا تێدایە[٤٦٤].

زمانی وتاری ڕۆژنامەگەریی زمانی ژیانی گشتییە، واتە زمانی مرۆڤی سادەیە، ئەو زمانەیە کە هەموو خوێنەرێك لەگەڵ جیاوازی ئاستی زانستیو ڕۆشنبیریو کۆمەڵایەتی تێی دەگەن. زمانی وتاری ڕۆژنامەگەریی کە سادەو ساکارو ڕوونە، لەوانەیە کەمێك سوود لە ئیستاتێکای شێوازی ئەدەبیو سوودێکی زۆر لە وردی شێوازی زانستی ببینێت، بەڵام ئەوەی وتاری ڕۆژنامەگەریی جیادەکاتەوە شێوازە ڕوونو ئاسانەکەیە[٤٦٥]. هەروەها پێویستە نووسەری وتاری ڕۆژنامەگەریی، بیرکردنەوە لای خەڵك بوروژێنێت، بە بەکارهێنانی شێوازی دیالۆگی ئاشکرا کە لەسەر نێزیك کردنەوەو ئاسان کردنەوەو دوورکەوتنەوە لە نامۆییو ئاڵۆزیی بینا کرابێت[٤٦٦]. هەر لەبەر ئەمەش دیفۆ دەڵێت: "ئەگەر پرسیارێکم دەربارەی ئەو شێوازە لێ بکەن کە من پێی دەنووسم،، دەڵێم ئەو شێوازەیە ئەگەر قسە لەگەڵ پێنج هەزار کەس بکەم، کە توانای ژیرییان زۆر جیاواز بێ، جگە لەوانەی کە ساویلکەو شێتن، هەر هەموویان تێ دەگەن من چی دەڵێم"[٤٦٧].

---

٤٦٣- د. عبدالعزيز شرف، لغة الحضارة وتحديات المستقبل، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٩٩، ص١٤٠.

٤٦٤- د. عبداللطيف حمزة، المدخل في فن التحرير الصحفي، ص٢٢٢.

٤٦٥- د. فاروق ابو زيد، فن الكتابة الصحفية، ص١٨١.

٤٦٦- د. اسماعيل ابراهيم، فن المقال الصحفي، ص٦٧.

٤٦٧- د. أبراهيم امام، دراسات في الفن الصحفي، ص١٩٧.

## جۆرەکانی وتاری رۆژنامەگەریی

وتاری رۆژنامەگەریی وەکو هەموو ژانرەکانی دیکە بەپێی چەندین پێوەری جیاواز دابەش دەبێت بۆ سەر ژمارەیەکی زۆر لە بەش‌و جۆرەکانی دیکە، ئەگەر بەپێی پێوەری شێواز ئەم هونەرە دابەش بکەین، ئەوە دەبێتە دوو جۆر:

**أ. وتاری خۆیەتی:**

ئەمە کۆنترین وتارەو سەرهەڵدانەکەی بۆ وتارەکانی مۆنتێین دەگەرێتەوە، هەر لەناوەکەیەوە دیارە، "کە کەسێتی نووسەر خۆی هەستی پێشان دەدات‌و هەست‌و سۆزو خەیاڵ‌و رامانی خۆی بە شێوازێکی دڵڕاکێشی سەرنج راکێش‌و بە زمانێکی پاراو وشەی هەڵبژاردەو رستەی بە پێزو وێنەی خەیاڵکرد دەکا بە وتار". لە رووی قەبارەوە درێژە.

**ب. وتاری بابەتی:**

سەرهەڵدانی ئەم جۆرە بۆ بیکۆنی ئینگلیزی دەگەرێتەوە، "لەسەر بنەمای بایەخدان بە ناوەرۆك‌و بابەتەکەی بنیات دەنرێت"[٤٦٨]. بۆ باسکردنی بابەتێکی دیارکراو تەرخان دەکرێت‌و دوورە لە هەست‌و سۆزو لایەنگری نووسەر، لە رووی قەبارەوە کورتە.

وتاری رۆژنامەگەریی بە پێی پێوەری زمان دابەش دەبێت بۆ سێ جۆری جیا وەکو:

**١. وتاری ئەدەبی:**

ئەمە بەشێکە لە پەخشانی ئەدەبی‌و لە نووسینەکەیدا رەگەزەکانی ئەدەب رەچاودەکرێن. سەرهەڵدانی ئەم جۆرە بۆ سەردەمی رێنیسانس لە ئەوروپا دەگەرێتەوە. "وتاری ئەدەبی پێش هەموو شتێك تاقیکردنەوەیەك دەردەبڕێ کە کاریگەریی لەسەر دەروونی نووسەر هەبووەو ویستوویەتی ئەو کاریگەرییە بۆ دەروونی خوێنەر بگوازێتەوە"[٤٦٩]. وتاری ئەدەبی بەشێوەیەکی

---

٤٦٨- کاروان عەلی، هونەری رۆژنامەنووسی، ل١٢٢.

٤٦٩- د. عبدالعزیز شرف، فن المقال الصحفي، ص٥٤.

(عفوی) بەبێ رەچاوکردنی میتۆدێکی دەست نیشانکراو دەنووسرێتو وتاری ئەدەبی چەند تایبەتێتییەکی هەیە لەوانە[٤٧٠]:

١. وتاری ئەدەبی بە پەخشان دەنووسرێت.

٢. درێژی وتاری ئەدەبی مام ناوەندییە. زۆر درێژ نییە، لە هەموو روویێکەوە باسی بابەتەکە ناکات.

٣. وتاری ئەدەبی بەشێوەی (عفوی) دەبێ واتە ناچێتە ژێر چەتری رێبازێکی دیاریکراوەوە.

٤. وتاری ئەدەبی لە خودی نووسەرەکەوە هەڵدەقوڵێت. دیدو هەستەکانی دەردەبڕێو کەسایەتی نووسەر لە وتارەکەیدا دیارە.

٥. شێوازی نووسینی وتاری ئەدەبی شێوازێکی هونەریو تایبەتەو پشت بە ئەندێشەو مۆسیقاو وێنەی هێماکەر قایم دەکاتو رەگەزەکانی سەرنجکێشنو خوێنەر رازی دەکەن.

٢. وتاری زانستی:

ئەم جۆرە وتارە " لەبارەی بابەتێکی زانستییەوە دەدوێت، رەنگە لەبارەی تاقیکردنەوەیەکی زانستی یا بیردۆزەیەك یا هەر رووداوێکی زانستییەوە بێت. برگەو زاراوەی زانستی دیاریکراوی تێدا بەکاردێت. ئەمجۆرەیان پسپۆرو شارەزاو زانای بوارێکی زانستی تایبەتو دیاریکراو دەینووسێت"[٤٧١]. وتاری زانستی دەبێتە دوو جۆر: جۆری یەکەم بۆ پسپۆڕان دەنووسرێتو جۆری دووەم بۆ خوێنەری ئاسایی دەنووسرێت. جۆری دووەم لە رۆژنامەی رۆژانەو گۆڤاری هەفتانەو ساڵانەدا بڵاودەکرێتەوەو رۆژنامەگەریی گرنگی پێدەدات، ئەم جۆرە وتارە دوو مەبەستی رۆژنامەگەریی بە دەستەوە دێنێت ئەویش: ئامۆژگاریو ئاراستەکردنو رابواردنو خۆشییە[٤٧٢].

وتاری زانستی کە لە رۆژنامەگەریدا بڵاودەبێتەوە پێویستە چەند مەرجێکی تێدا بێ:

١. کەم بەکارهێنانی زاراوەی قورسی تایبەت بە پسپۆرانی ئەم بوارە.

---

٤٧٠- د. فائق مصطفى ود. عبدالرضا علي، في النقد الآدبي الحديث منطلقات وتطبيقات، ط١، جامعة الوصل، ١٩٨٩، ص١٦١.

٤٧١- کاروان عەلی، هونەری رۆژنامەنووسی، ل١٢٣.

٤٧٢- د. عبداللطيف حمزة، المدخل في فن التحرير الصحفي، ص٢٦٩.

٢. ئاسانكردنی ئەو زانیارییانەی كە پێشكەش بە خوێنەران دەكرێن.
٣. دروستكردنی قاڵبی ئەدەبی بۆ دەربڕینی بابەتی زانستی وەكو چیرۆك.
٤. گرێدانی زانیاری زانستی بە پێداویستییەكانی خوێنەران.
٥. زاڵ نەكردنی سیفەتی خۆیەتی بەسەر سیفەتی بابەتیدا[٤٧٣].

٣. وتاری رۆژنامەنووسی:

ئـەم جـۆرە وتـارە ئـامرازی رۆژنامەگەرییـە بەشـێوەیەكی راسـتەوخۆ سیاسـەتو هەڵوێـستی رۆژنامەكە یان نووسەرەكە دەردەبـڕێ، هـەروەها بـە رێگـای وتـاری رۆژنامەگـەریی هەنـدێك لـە نووسەرانی رۆژنامەكە راو بۆچوونی خۆیـان لـەبارەی رووداوی رۆژانـەو ئـەو كێـشانەی كـە دەبنـە جێگای بایەخ پێدانی رای گشتی لە ناوەوەو دەرەوە، دەردەبڕن.

وتاری رۆژنامـەگەریی "بە زمانێكی سادەو ساكارو رەوان، بێ پـەنا بردنـە بـەر بـەكارهێنانی رستەو زاراوەی قورس دەنووسرێ تا خوێنەر بە جیاوازی ئاستەكەی، لێی تێبگـات، هـەروەها بـە هەناسەو شێوازێكی وا دەنووسرێت كە لە ئەوانی تر زۆر جیاوازە. لەوتاردا رۆژنامـەنووس هـەموو توانایەكی دەخاتە گەڕ بۆ گەیاندنی پەیامەكـەی بـە ئاسـانترین شـێوە نـەك بـە جـوانترین یـاخود زانستی ترین شێوە"[٤٧٤].

یـەكێ لـە كـارو ئەركـەكانی وتـاری رۆژنامەگـەریی "گەشـەدان بـە بـیرو بـاوەڕ یـا هـزرو دەستاوێژەكەیە، لەگەڵ بەكارهێنانی رێبازی راستو دروستی نووسینو رەچـاوكردنی رێـسایەكی لـۆژیكی. هـەر سـێ خەسـڵەتی كـورتبڕی، خێرایـیو هەواڵیانـە لـە خەسـڵەتەكانی"[٤٧٥]. وتـاری رۆژنامـەگەریین.

بـۆ ئـەوەی وتـاری رۆژنامەگـەریی ئامانجـەكانی خـۆی بپێكێـت، پێویـستە "نووسـینی وتـار بیركردنەوەی لۆژیكیو بڕیاردانی ژیریو دەرخستنی داهێنەرانـەی لایەنـە جیاوازەكـانی بابەتەكـە لەخۆ بگرێت، هەروەها ئەگەر شان بـە شـانی ئەمانـە پرۆگرامـی شـیكردنەوەیی – لێكدانـەوەی

---

٤٧٣- د. عبداللطيف حمزة، المدخل في فن التحرير الصحفي، ص٢٧١.

٤٧٤- كاروان عەلی، هونەری رۆژنامەنووسی، ل١٢٣.

٤٧٥- فریبا سەیادو د. عەلی ئەكبەر فەرهەنگی، نەریتی رۆژنامەوانی، ل٢٧٧.

زانیاریو راستییەکانی لەبەردەستدان، لەخۆ نەگرێت، ئەوا لە بەجێهێنانی ئەم ئەرکەدا شکست دەهێنێت"[476]. هەروەها ئەرکێکی دیکەی وتاری ڕۆژنامەگەریی، "خستنە ڕووو لێکدانەوەو ڕاڤەکردنی ڕووداوەکانە، ئەو ڕووداوانەی کە هەواڵ ناتوانێت هەموو پێکهاتەو ڕووکارو لایەنەکانیان بخاتە ڕوو. وتارنووس دێتو پایەی بە توانستی ئەندازیارانەی خۆی لەسەر بنیاتی هەواڵەکان دادەمەزرێنێت"[477]. وتاری ڕۆژنامەگەریی لە ڕووی تەکنیکیشەوە لە سێ بەش پێکدێت: (سەرەتا، ناوەڕاست، کۆتایی)[478]. زۆربەی سەرچاوەکانی ئەم بابەتە، وتاری ڕۆژنامەگەریی بە پێی پێوەری پیشەیی ڕۆژنامەگەرییو جێگاو ئەرکی وتار لە ڕۆژنامەدا دابەشدەکەن بۆ چەند جۆرێك، کە ئەمانەی خوارەوەن[479]:

١. سەروتار

٢. ستوونی ڕۆژنامە

٣. وتاری ڕەخنەیی

٤. وتاری شیکاری

## ١. سەروتار Leading Article یان Editorial Article:

ئەم جۆرە وتارە ڕاو بۆچوونو هەڵوێستی ڕۆژنامە، یان خاوەنی ڕۆژنامە یان ئەو لایەنەی کە لە پشت ڕۆژنامەکەیە، لەبارەی بابەتێکی دیاریکراو دەردەبڕێتو دیارترین بابەتی ڕۆژنامەیە. هەروەها سەروتار بەوە پێناسە دەکرێ، "کە دەربڕینێکە لە ڕاو بۆچوونێکی جێگای باوەڕ دەربارەی هەواڵو ڕووداوەکانو ڕاستی لەبەر ڕۆشنایییەکی تازە پێشکەش دەکات بەشێوەیەك کە بۆ هەموو کەسێك ئاشکرا بێت کە لە پێش ئەو کاتەدا شتێکی زانراو نەبووە"[480]. لەم وتارەدا هەواڵو ڕووداوە گرنگەکان، بەپێی بیرو بۆچوونی ڕۆژنامەکە شیدەکاتەوەو ڕاڤەی دەکات.

---

٤٧٦- د. محمد الدروبي، الصحافة والصحفي المعاصر، ص١٤٥.

٤٧٧- هەڤاڵ ئەبوبەکر حسەین، چەشنە ئەدەبیو ڕۆژنامەنوسییەکان، ل١٢٩.

٤٧٨- د. ئیسماعیل ئیبراهیم سەعید، ئەدەبی ڕۆژنامەنووسی کوردیی بەغدا، ل٢٨٠.

٤٧٩- د. فاروق ابو زید، فن الكتابة الصحفية، ص١٨١.

٤٨٠- د. اسماعيل ابراهيم، فن المقال الصحفي، ص٨١.

"سەروتار خوێنەران لەلایەك بە ڕۆژنامەکە گرێ دەداتو لەلایەکی دیکە بە ڕووداوەکان"[481].
ئێستا جێگای سەروتار وەکو نەریتێکی ڕۆژنامەگەریی دیارو نەگۆڕە، "لە ڕۆژنامە لاتینییەکاندا لە ستونی یەکەمی لای چەپی لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەدا دەنوسرێتو لای ئێمەش لەلای ڕاست دەنوسرێت"[482]. بەلام لە کۆندا کە سەردەمی ڕۆژنامەگەریی (ڕا) بوو، لاپەڕەیەك یان زیاتر بۆ سەروتار تەرخان دەکرا، دوای گرنگی دان بە هەواڵو بلاوکردنەوەی، ئەو پانتاییە تەسكو سنووردار بووە.

سەرهەڵدانی سەروتار بۆ نووسەری ئینگلیزی (دانیال دیفۆ) دەگەڕێتەوە، لەو کاتەدا بە (Letter Introductory) دەناسرا، واتە گوتاری دەستپێك[483].

لە کارو ئەرکەکانی سەروتار دروستکردنی هەڵوێستە لای خوێنەرانو ڕایان دەکێشێت بۆ بەشداری کردنێکی ویژدانی لە کێشو ئارێشە گرنگەکانی کۆمەڵگادا.

سەروتار بە چەند خسلەتێك لە هونەرەکانی دیکەی نووسین جیا دەبێنەوە[484]، لەوانە:

١. دەربڕینی سیاسەتی ڕۆژنامە: ئەگەر ئەم ڕۆژنامەیە سەربەخۆ بێت یان سەر بە پارتێك بێت، یان دەربڕینی ئاراستەیەکی سیاسی یان کۆمەڵایەتی یان هزری بێت لەو وڵاتەی کە لێی دەردەچێت.

٢. بەدواداچوونی ڕووداوە هەنووکەییەکان دەکات، چ ئەوانەی لەناو کۆمەڵگادا ڕوودەدەن یان ئەوانەی لە دەرەوەدا.

٣. بایەخدان بەو کێشانە کە بۆ ڕای گشتی گرنگن.

٤. پێویستە پاشخانی ئەو ڕووداوو کێشانە ئاشکرا بکات، کە لە سەروتاردا باس دەکرێن.

٥. بەکارهێنانی زمانێکی سادەو ساکارو ئاسانو شێوازێکی ڕوونو ئاشکراو دیاریکراو کە لەگەڵ سروشتی جیاوازی خوێنەرانی ڕۆژنامەکە بگونجێت.

---

٤٨١- د. فاروق ابو زید، فن الكتابة الصحفية، ص١٨٢.

٤٨٢- هەڤاڵ ئەبوبەکر حسەین، چەشنە ئەدەبیو ڕۆژنامەنوسییەکان، ل١٣٢.

٤٨٣- د. عبدالعزيز شرف، فن المقال الصحفي، ص٥٧.

٤٨٤- د. فاروق ابو زيد، فن الكتابة الصحفية، ص١٨٢.

٦. توانای دروستکردنی راو هەڵوێست لەلای خوێنەران لەبارەی ئەو بابەتەی لێی دەدوێت، بە ڕێگای هێنانی بەڵگەو بەهانەی لۆژیکی‌و تەواو.

### ٢. ستوونی رۆژنامە (Column):

رۆژنامەگەریی لەگەڵ ژیاندا دەگۆڕێت‌و پێش دەکەوێت. سەرهەڵدانی ستوونی رۆژنامە هونەرێکی تازەی رۆژنامەگەرییە. مێژووی سەرهەڵدانی لە رۆژنامەگەریی عەرەبیدا بۆ سەرەتای سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە[٤٨٥]. لە ئەوروپاو ئەمریکادا پێش ئەو کاتە دەستی پێکرابوو. "ستوونی رۆژنامەنووسی بەو بابەتە دەڵێن کە لە یەکێك لە ستوونەکانی رۆژنامەکەدا بڵاودەکرێتەوە، درێژییەکەی بە درێژایی لاپەڕەی رۆژنامەکەیەو پانییەکەی بەپێی قەبارەی رۆژنامەکە دەگۆڕێت، بەڵام هەموو کاتێك مەرج نییە ستوونێکی رۆژنامەنووسی هەموو درێژیی لاپەڕەکە بگرێتەوە"[٤٨٦]. زۆربەی جاران ستوونی رۆژنامە جێگایەکی نەگۆڕی هەیە لەناو لاپەڕەکانی رۆژنامەکەدا، هەروەها لەژێر ناونیشانێکی نەگۆڕدا بڵاودەکرێتەوە. دیسان لە رووی کاتەوە لە کاتێکی نەگۆڕدا بڵاودەبێتەوە، لەوانەیە هەموو رۆژێك بێت یان چەند رۆژێك جارێك بێت یان حەفتانە بێت[٤٨٧]. ستوونی رۆژنامە هزرێکی بچووکی سنوورداره، بە ئارێشەیەکی خوێنەران یان ئارێشەیەکی نووسەری ستوونەکە بەستراوەتەوە، چونکە ستوونی رۆژنامە لە بناغەدا وەکو قسەیەکی راستەوخۆ لەگەڵ هاوڕێیەکدا دادەڕێژرێت[٤٨٨]. پێویستە ستوونی رۆژنامە ناوی نووسەرەکەی لەسەر بێت‌و مەرج نییە نووسەری ستوونەکە پێگیری بە سیاسەتی رۆژنامەکە بکات. سنوورو مەرجی تایبەت بۆ دەست نیشانکردنی بابەتی ستوونی رۆژنامە نییە. نووسەری ئەم هونەرە مافی هەیە هەر بابەتێك هەڵبژێرێت، لە سیاسەت یا لە ئابووری یا لە کێشەکانی کۆمەڵایەتی یا بابەتی هزری یان رۆشنبیری یان هونەری‌و ئەدەبی...هتد[٤٨٩].

---

٤٨٥- د. عبدالعزيز شرف، فن المقال الصحفي، ص١٠٥.

٤٨٦- هەڤاڵ ئەبوبەکر حسەین، چەشنە ئەدەبی‌و رۆژنامەنوسییەکان، ل١٣٥.

٤٨٧- د. فاروق ابو زيد، فن الكتابة الصحفية، ص١٩٣.

٤٨٨- د. اسماعيل ابراهيم، فن المقال الصحفي، ص١٤١.

٤٨٩- د. فاروق ابو زيد، فن الكتابة الصحفية، ص١٩٣.

ستوونی رۆژنامە وەکو هەموو هونەرەکانی دیکەی ئەم بوارە بە چەندین خەسلەت دەناسرێت‌و ئەو خەسلەتانەی شێوازی نووسینی ستوونی رۆژنامە لە شێوازی نووسینی هونەرەکانی دیکە جیادەکەنەوە، ئەمانەی خوارەوەن[٤٩٠]:

١. ستوونی رۆژنامە لە رووی بایەخدان بە ووشەو بەکارهێنانی شێوازێکی جوان‌و هەندێ لە هونەرەکانی رەوانبێژی لە وتاری ئەدەبی دەچێت.

٢. ستوونی رۆژنامە بەشێکە لە وتار، هەردووکیان هاوبەشن لە هەندێ رەگەزدا وەکو رەخنەگرتن بەشێوەی سووکایەتی پێکردن (سخرية)و گاڵتە ئامێز.

٣. خاڵێکی دیکە، کە ستوونی رۆژنامە لە وتاری ئەدەبی نێزیك دەکاتەوە هەبوونی رەگەزی خۆیەتییە لە ستوونی رۆژنامەدا.

٤. شێوەی دارشتنی ستوون لە شێوەی هەرەمی ئاسایی دەچێت، لە سەرەتادا هزری بابەتەکە پێشکەش دەکات پاشان بەڵگەو بەهانە بۆ بیرۆکەکە دێنێتەوە تاکو دەگاتە ئەنجام.

٥. لەبەرئەوەی ئەو پانتاییەی بۆ ستوون تەرخان دەکرێت بچووکە، نووسەرەکە ناچارە بابەتەکە بە شێوازی کورتبڕی دابڕێژێت واتە زۆرترین مانا لە کەمترین ووشەدا.

ستوونی رۆژنامە بە چەند خاڵێك لە سەروتار دەچێت‌و بە چەند خاڵێکی دیکە لێی جیادەبێتەوە، ئەو خاڵانەی کە هاوبەشن ئەمانەن[٤٩١]:

١. لە رووی جێگا هەردووکیان جێگای تایبەت‌و نەگۆڕی خۆیان هەیە.

٢. ناونیشانێکی نەگۆڕیان هەیە.

٣. لە رووی کاتەوە بەشێوەیەکی رێك‌و پێك بڵاودەکرێنەوە. لەوانەیە ستوونی رۆژنامە لە سەروتار رێك‌و پێکتر بێت.

ئەو خاڵانەی کە ستوونی رۆژنامەگەریی لە سەروتار جیادەکەنەوە ئەمانەی خوارەوەن:

١. نووسەری ستوونی رۆژنامە بە شێوەیەکی تەواو پێگیری بە سیاسەتی رۆژنامەگە ناکات، بەڵام نووسەری سەروتار پێویستە پێگیربێت.

---

٤٩٠- د. عبداللطيف حمزة، المدخل في فن التحرير الصحفي، ص٣١٢.

٤٩١- د. فاروق ابو زيد، فن الكتابة الصحفية، ص١٩٤.

٢. ستوونی رۆژنامە بە ناوی نووسەرەکە بڵاودەکرێتەوە جا چ ناوی راستەقینە بێت یان نازناو بێت یان ناوێکی خوازراو بێت، بەڵام ناوی نووسەری سەروتار دیار نییە، چونکە سەروتار گوزارشت لە سیاسەتی رۆژنامەکە دەکات.

٣. وتاری رەخنەیی:

رەخنە لە رۆژنامەگەرییدا پانتاییەکی بەرفراوان لە خۆدەگرێت، "هونەری رۆژنامەنووسی خودی بە شێوەیەکی گشتی لەسەر بنیاتی رەخنەگرتن‌و پرۆسەی رەخنە سازییانەی بابەت‌و رووداوەکان دامەزراوە، بەڵام مەبەست لە هونەری رەخنەگرتن وەکو هونەرێکی سەربەخۆ لە رۆژنامەنووسییدا، رەخنەیەکی نوسراوە کە راستەوخۆو بابەتییانەو ئاشکرایانە رەخنەکانی تێدا خراوەتە روو"[٤٩٢]. وتاری رەخنەیی بەشێکە لە پرۆسەی رەخنەیی لە رۆژنامەگەرییدا لەلایەك، لەلای دیکەوە بەشێکە لە وتاری رۆژنامەگەریی، چونکە بابەتی رەخنەیی لە شێوەی وتاردا پێشکەش دەکات. "وتاری رەخنەیی لەسەر بنەمای خستنە روو راڤەکردن‌و شیکردنەوەو هەڵسەنگاندنی بەرهەمێکی زانستی، ئەدەبی، هونەری بنیات دەنرێت لە پێناو وشیارکردنەوەی خوێنەر بە گرنگی ئەو بەرهەمەو یارمەتیدانی لە هەڵبژاردنی ئەو شتەی کە دەیخوێنێتەوە یان دەیبینێت یان دەیبیستێت، لەنێو ئەو بەرهەمە هونەری‌و ئەدەبی‌و زانستییە زۆرەی کە رۆژانە، چ لەسەر ئاستی ناوخۆیی یان نێودەوڵەتی دا، دەکەونەوە بەر دەستی خەڵك"[٤٩٣].

لە نووسینی رەخنەییدا پێویستە نووسەر خاوەنی دوو جۆرە خەسڵەت بێ: خەسڵەتی رەخنەگری‌و خەسڵەتی رۆژنامەنووسی، چونکە " لە وتاری رەخنەییدا، نووسەر دەبێ رەچاوی ئەوە بکات کە وتارەکەی زیاتر بۆ هەڵسەنگاندنی بابەتێکی هونەری، زانستی یا ئەدەبییە، بۆیە دەبێ کاتێك بابەتەکەی لەسەر بوارێکی ئەدەبییە، بە زمانێکی ئەدەبیانەو لە هەمان کاتدا ئاسان‌و دوور لە ئاڵۆزی بنووسێت، کە بابەتەکەی لەسەر بوارێکی زانستیش بوو، ئەوا بێگومان دەبێ پشت بە تیۆرو یاساو بنەما زانستییەکان ببەستێت‌و بە هەمان شێوەش ئەگەر لەسەر بوارێکی

---

٤٩٢- هەڤاڵ ئەبوبەکر حسەین، چەشنە ئەدەبی‌و رۆژنامەنووسییەکان، ل١٤٥.

٤٩٣- د. فاروق ابو زید، فن الكتابة الصحفية، ص٢١٧.

هونەری بنووسێت"[٤٩٤]، هەروەها پێویستە زمانی وتاری ڕەخنەیی هەردوو شێوازی تێدا بێت: شێوازی ڕۆژنامەگەریی‌و شێوازی پسپۆری یان زانستی.

بواری وتاری ڕەخنەیی مەیدانێکی فراوانە، هەموو ژینگەی مرۆڤایەتی لە خۆ دەگرێت‌و کاری تێدا دەکات، بەڵام بەشێوەی پسپۆری دابەش دەکرێت، لەبەرئەوە بوارەکانی وتاری ڕەخنەیی هەر یەکجار زۆرن وەکو سیاسی، ئابووری، زانستی، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری، ئایینی، هونەری، وەرزشی، دەروونی....هتد.

وتاری ڕەخنەیی چەند کارو ئەرکێك ئەنجام دەدات لەوانە[٤٩٥]:

١. خستنە ڕوو شیکردنەوەو ڕاڤەکردنی کارو بەرهەمی ئەدەبی‌و هونەری‌و زانستی‌و ئاشکراکردنی ئاست‌و سیما جیاوازەکانیان.

٢. هەڵسەنگاندنی ڕوخسارو ناوەڕۆکی کارو بەرهەمی هونەری‌و ئەدەبی‌و زانستی بە ئاشکرا کردنی لایەنە نێگەتیڤ‌و پۆزەتیڤەکانیان.

٣. ئامۆژگاری کردنی خوێنەرو یارمەتیدانی لە هەڵبژاردنی باشترین کارو بەرهەمی هونەری‌و ئەدەبی‌و زانستی، ئەوانەی ئاستێکی بەرزیان هەیە.

٤. ئاشکراکردنی کاریگەرو ئەنجامی کارو بەرهەمی هونەری‌و ئەدەبی‌و زانستی لەسەر خوێنەران.

نووسینی وتاری ڕەخنەیی بە دوو جۆر یا شێواز دەنووسرێت: یەکێکیان قاڵبی هەرەمی ئاساییە، ئەوی دیکە قاڵبی هەرەمی هەڵگەڕاوەیە. لە قاڵبی هەرەمی هەڵگەڕاوەدا نووسەر ڕاو بۆچوون یا هەڵسەنگاندنەکانی خۆی بۆ بەرهەمێك دەخاتە سەرەتای وتارەکە، ئینجا لە ناوەڕۆکدا بەڵگەو بیانووەکان دەخاتە ڕوو، کە بۆچوونەکەی ئەو بەهێزو پشت ڕاست دەکەنەوە، بەڵام لەم جۆرەدا کۆتایی لە وتارەکەدا نییە، چونکە نووسەرەکە ئامانج‌و مەبەستەکەی لە پێشەکیدا خستۆتە ڕوو، ئەگەر کۆتایی هەبێت تەنها بۆ ئەوەیە جارێکی تر ئەوەی لە پێشەکیدا ڕایگەیاندووە تەئکیدی بکاتەوە، بەڵام لە قاڵبی هەرەمی ئاساییدا، وەك جۆرەکانی دیکەی وتار

---

٤٩٤- کاروان عەلی، هونەری ڕۆژنامەنووسی، ل١٥١.

٤٩٥- د. فاروق ابو زید، فن الکتابة الصحفیة، ص٢١٨.

(سەروتار، ستوونی رۆژنامە، وتاری شیکاری)، کۆتـایی هەیـە. وتـاری رەخنـەیش لـە سـێ جـۆر پێکدێت:

١. پێشەکی یا سەرەتا.

٢. ناوەڕۆک یا جەستە.

٣. کۆتایی.

٤. وتاری شیکاری:

وتـاری شـیکاری ئـەو جـۆرە وتارەیـە، کـە "بـۆ شـیکردنەوەی دیاردەیـەک، رووداوێـک، یـا مەسـەلەیەک تـەرخان دەکرێـت، واتـا لەسـەر بنـەمای شـیکردنەوەیەکی قـووڵی ئـەم بوارانـەی ئاماژەمان پێدان بنیات دەنرێن. هەریەک لەم بوارانەو هی تـریش بـە وردی دیراسـە دەکـاو لێـی دەکۆڵێتەوە تا دەگاتـە ئاکامێـک کـە دواجـار بیروبۆچوونی نووسـەرەکەیە"[٤٩٦]. وتـاری شـیکاری نووسەرێکی پسپۆر لەکاتێکی دیاریکراودا دەینووسێتو لە هەموو رووییێکەوە دەیخاتە روو. ئـەم جۆرە وتارە هەموو هونەرەکانی نووسینی رۆژنامەگەریی لـەخۆ دەگرێـت وەکـو هونـەری هـەواڵ، هونـەری هەڤپـەیڤین، هونـەری ریپۆرتـاژ، هـەروەها هـەموو ئـەو زانیاریانـە لـەخۆدەگرێت کـە پەیوەندییان بە بابەتەکەوە هەیە لەبـەر رۆشـنایی ئـەو زانیاریانـە نووسـەری وتـاری شـیکاری راو بۆچوونی خۆی ئاشکرا دەکاتو رایدەگەینێت[٤٩٧].

وتـاری شـیکاری تـەنها رووداوەکـانی رابـوردو ئێـستا شـیدەکاتەوە، هـەردووکیان پێکـەوە گرێدەدات بۆ ئەوەی لە ئەنجامدا رووداوەکانی ئاینده دەست نیشان بکات. زۆربەی جاران حەفتانە دەنووسـرێت ئەگـەر لـە رۆژنامـەی رۆژانـە بـڵاوی بکاتـەوە. هـەروەها وتـاری شـیکاری قـەبارەی دیاریکراوی نییە، لەوانەشە لاپەڕەیەکی تەواوی رۆژنامە پڕبکاتـەوە یـان زیـاتر، لەوانەیـە کـەمتر بێت. جیاوازی وتاری شیکاری لەگەڵ سەروتار جگە لە قەبارەو پانتاییو جێگـای بڵاوکردنـەوەی، وتاری شیکاری گوزارشت لە سیاسەتی رۆژنامەکـە ناکـات، بـەڵکو نووسـەری ئـەم جـۆرە وتـارە

٤٩٦- کاروان عەلی، هونەری رۆژنامەنووسی، ل١٤٧.

٤٩٧- د. اسماعيل ابراهيم، فن المقال الصحفي، ص١٩٧.

بەشێکی زیاتر لە ئازادی پێ دەدرێت، کە راو بۆچوونەکەی لـە هـی رۆژنامـەکـە جیـا بێـت[498].

وتاری شیکاری دیارترین هونەرە لە وتاری رۆژنامەگەریی‌و لە هەموویان زیاتر کاریگـەری خـۆی هەیە، "چونکە ئەو بابـەت‌و دیاردانـە دەخاتـە بـەر لێکۆڵینـەوە کـە بـیرو هۆشـی خـەڵکی پێـوە خەریکە"[499]، بابەتەکان بە شێوەیەکی قووڵ‌و بـەرفراوان شـیدەکاتەوە. ئـەو بابەتانـەی کـە زیـاتر دەبنە کەرەستەی وتـاری شـیکاری، سـەرەڕای ئـەوەی بـواری هەڵبـژاردنیان فراوانـە لـە بـەردەمی نووسەر دەتوانێت لـە بـوارە جیاجیاکـانی ژیـانی مرۆڤایـەتی بابـەت هەڵبـژێرێت، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشدا وەکو دیارە بابەتی سیاسی زاڵە، ئەمـەش دەبێتـە خـاڵێکی سـەرەکی بـۆ جیاکردنـەوەی وتاری شیکاری لە ستوونی رۆژنامەدا، چونکە ئەمەی دوایی زیاتر بە کاروباری کۆمەڵایەتییـەوە خەریکە[500].

نووسین‌و بڵاوکردنەوەی وتاری شیکاری کارو ئەرکێکی زۆر بەجێ دێنێت وەکو[501]:

١. شـیکردنەوەی رووداوە هەنووکەییـەکان‌و ئاشـکراکردنی ئاسـت‌و دەلالـەت‌و هۆکـارە جیاوازەکانی.

٢. تاوتوێکردن‌و خستنە رووی ئەو کێشەو دیاردانەی رای گشتی نـاوخۆو دەرەوەیـان خـەریك کردووە بە مەبەستی یارمەتیدان بۆ تێگەیشتنی خوێنەر.

٣. شیکردنەوەی رووداوو هەڵوێستە جیهانییەکان‌و دیارکردنی پاشخانەکانیان‌و ئامـاژەکردن بە کاریگەرییان لە بڕیارو سیاسەتەکانی دەوڵەت‌و ژیانی خەڵکدا.

٤. شیکردنەوەی ئاراستەی هێزە سیاسییە جیاجیاکان‌و راڤەکردنیان بۆ خەڵك.

٥. گوزارشت کردن لە سیاسەت‌و ئاراستەی باو لە کۆمەڵگاداو خستنە رووی بیرو بۆچوونی هێزە سیاسـی‌و کۆمەڵایەتییـەکانی ئـەو وڵاتـەی رۆژنامەکـەی لـێ دەردەچێت. ئەمـە زیـاتر لـە رۆژنامەی حزبیدا دەردەکەوێت.

---

٤٩٨- د. فاروق ابو زيد، فن الكتابة الصحفية، ص٢٨٨.

٤٩٩- کاروان عەلی، هونەری رۆژنامەنووسی، ل١٤٧.

٥٠٠- د. فاروق ابو زيد، فن الكتابة الصحفية، ص٢٣٠.

٥٠١- د. اسماعيل ابراهيم، فن المقال الصحفي، ص١٩٩.

نووسینی وتاری شیکاری:

وتاری شیکاری وەکو هەموو جۆرەکانی دیکەی وتاری رۆژنامەگەریی بەشێوەی قاڵبی هەرەمی ئاسایی دەنووسرێت. واتە بریتییە لە پێشەکی و جەستەو کۆتایی، بەڵام ئەوەی وتاری شیکاری لە سەروتارو ستوونی رۆژنامە جیادەکاتەوە، گەورەیی قەبارەکەیە. ئەمەش دەبێتە یارمەتییەك بۆ نووسەری وتاری شیکاری کە ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە شارەزایی و زانیاری لۆژیکی و بەڵگەیی لە وتاری شیکاریدا بەکاربێنێت[٥٠٢].

بەشی یەکەم/ پێشەکی لەم رەگەزانە پێکدێت[٥٠٣]:

١. دەرخستنی رووداوێکی گرنگ کە تەوەری بابەتەکەیە.

٢. خستنە رووی بابەتێکی گرنگ بە لای رای گشتی و بەرژەوەندی خەڵکەوە.

٣. خستنە رووی پێشنیازێکی نوێ کە سەرنجی خوێنەر رابکێشێ.

بەشی دووەم/ جەستەی وتاری شیکاری لەم رەگەزانە پێکدێت[٥٠٤]:

١. ئاست و مەغزاکانی بابەتەکە.

٢. زانیارییەکانی پاشخانی بابەتەکە.

٣. کۆکردنەوەی بەڵگەو پاساو کە بۆچوونی نووسەرەکە بەهێز دەکەن.

٤. خستنە رووو وەڵامدانەوەی ئەو راو بۆچوونانەی لەگەڵ یان دژی بۆچوونی نووسەرن.

بەشی سێیەم/ کۆتایی وتاری شیکاری لەم رەگەزانە پێکدێت[٥٠٥]:

١. پوختەی راوبۆچوونی نووسەر لەسەر بابەتەکە.

٢. وروژاندنی مێشکی خوێنەرو هاندانی بۆ گرنگی دان بە بابەتەکە.

---

٥٠٢- د. فاروق ابو زید، فن الكتابة الصحفية، ص٢٣١.

٥٠٣- کاروان عەلی، هونەری رۆژنامەنووسی، ل١٤٩.

٥٠٤- د. اسماعيل ابراهيم، فن المقال الصحفي، ص٢٠٠.

٥٠٥- د. فاروق ابو زید، فن الكتابة الصحفية، ص٢٣١.

٣. كردنەوەی دیالۆگێك لەسەر بابەتەكە لەنێوان نووسەرو خوێنەران، لەلایەك‌و لەنێوان نووسەرو نووسەرانی دیكە لەلایەكی دیكەوە.




نووسینی شیكاری لەسەر شێوەی هەرەمی ئاسایی بینا دەكرێت

جۆرە دابەشكردنێكی دیكەی وتاری رۆژنامەگەریی هەیە، ئەویش بەپێی پێوەری ناوەڕۆك یان بابەتی وتارەكە دەبێ وەكو: وتاری سیاسی، وتاری ئابووری، وتاری كۆمەلایەتی، وتاری زانستی، وتاری ئەدەبی، وتاری هونەری، وتاری وەرزشی، وتاری ئایینی، ...هتد.

## وتـاری رۆژنامەگەریی لـە گۆڤـاری (هـاوار)دا

گۆڤاری هاوار لەنێوان ١٥/٥/١٩٣٢و ١٥/٨/١٩٤٣ دەرچووە. ئەو ماوەیە تاكو جەنگی جیهانی دووەم زیاتر سەردەمی رۆژنامەگەریی (ڕا) بووە، نە بەس بۆ رۆژنامەگەریی كوردی، بەڵكو بۆ رۆژنامەگەریی ناوچەكە بە گشتی، هەر لەبەرئەوەش زیاتر گرنگی بە وتار دراوە. هەروەكو نووسەری میسری (سەلامە موسا[٥٠٦]) ئاماژە بەوە دەكات، كە لە میسر لە ماوەی نێوان ساڵانی داگیركردنی هێزەكانی بەریتانیاوە، تاكو ساڵانی ١٩٣٠، رۆژنامەگەریی میسری لە چوارچێوەی قوتابخانەی وتاریدا بووە. بێگومان رۆژنامەگەریی عەرەبی لەو سەردەمەدا كاریگەریی خۆی لەسەر رۆژنامەگەریی‌و رۆژنامەنووسانی كوردی هەبووە، بە تایبەت لە قۆناغی یەكەمدا. رۆژنامەگەریی كوردی هەر لە دەستپێكردنییەوە تاكو جەنگی دووەمی جیهانی زیاتر بایەخی بە وتار دەدا، بگرە زۆرجار هەواڵیش لەسەر شێوەی وتار دەنووسراو بڵاودەكرایەوە. جگە لە وتاری هەواڵی‌و وتاری وەرگێڕاو، ژمارەیەكی باش لە ناودارترین نووسەرانی كوردی ئەو سەردەمە بەشدارییان لە نووسینی وتارەكانی گۆڤاری هاوار كردووە. ناوەڕۆكی زۆربەی زۆری ئەو وتارانە لەبارەی كێشەو پرسی نەتەوەیی كورد بووە، لەگەڵ زمان‌و ئەدەبەكەی.

لە (ژ١، ل١)دا، گۆڤاری هاوار وتارێكی لەژێر ناونیشانی (ئامانج، ئاوایێ خەبات‌و نڤیساندنا هاوارێ) بە هەردوو ئەلف‌و بایی عەرەبی‌و لاتینی بڵاوكردۆتەوە، هەروەها ئەم وتارەی بۆ زمانی عەرەبیش وەرگێڕاوەو لە هەمان ژمارەدا بڵاوی كردۆتەوە. وتارەكە لەسەر شێوەی سەروتار نووسراوەو ناوی نووسەرەكەی دیار نییە، واتە سیاسەت‌و بۆچوونی گۆڤارەكە دەردەبڕێ‌و تێیدا هاتووە:

" هاوار دەنگێ زانینێ یە. زانین خوە ناسینە، خوە ناسین ژ مەرە رێ یا فەلات‌و خۆشیێ ڤە دكە. هەر كەسێ كو خوە ناس دكە، دكارە خوە بدە ناسكرن.

هاوارمە بەری هەر تشتی هەبینا زمانێ مەدێ بدە ناسكرن. لەوما كو زمان شەرتا هەبینێ ئاپێشینە.

---

٥٠٦- سلامة موسى، الصحافة حرفة ورسالة، سلامة موسى للنشر والتوزيع، ص٨٨.

هاوار ژوو پێڤه ب هەر تشتێ کو کوردانی‌و کوردیتی پێ بەندەوارە دێ مژوول ببە. تنێ سیاسەت ژێ دوورە، خوە نا ئێخە سیاسەتێ.

هاوارێ سیاسەت ژ جڤاتێن وەلاتی رە هشتی یە. ب سیاسەتێ بلا ئەو مژوول ببن. ئەم ژی دوارێ زانین، هنەرو سنهەتێ دە دێ بخەبتین".

پاشان دێتە سەر دانانی پرۆگرامی گۆڤارەکەو دەڵێت:

"ئاوایێ خەباتێ کارەکی کوبکارە بچە سەری، دڤێت ژێ رەپرو نڤیسەك بێت چێکرن. مەپرو نڤیسا خوە سەر بنگەهێن ژێرین لێکرییە".

هەر لە ژمارەی یەکەمی هاوارەدا لە (ل٤)دا، هەنگاوێکی دیکە بەرەو هونەری ڕۆژنامەگەریی دەبینین، ئەویش بەکارهێنانی ستوونە. سەرهەڵدانی ئەم هونەرە لە ڕۆژنامەگەریی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بۆ سەرەتای سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە.

گۆڤاری هاوار چەند جۆرە ستوونێکی بەکارهێناون وەکو" (ستوونا فەقەهان) لە (ژ١، ل٤)، (ژ٢، ل٣)دا، (ستوونا زاروان) لە (ژ١، ل٤)، (ژ٢، ل٢)و (ژ٣،ل٢)دا. (ستوونا خوەندەڤانان) لە (ژ٩، ل١٠)، (ژ٣١، ل١٠)دا. (ستوونا کەبانییان) لە (ژ٢٧، ل٧)دا. (ستوونا نوگەهشتیان) لە (ژ١٠، ل٧)دا. (کنجکا پزیشکی) واتە (گۆشەی پزیشکی) لە (ژ٣، ل٣)دا.

ئەوەی شایانی ئاماژە پێکردنە لە ستوونی منداڵاندا تەنیا بابەتی شیعری بڵاوکراوەتەوە، لەوانەیە ئەویش ڕەچاوکردنی سروشتی ئەوان بێت.

لە (ستوونا فەقەهان) دا، لە (ژ١، ل٤)دا، وتارێك نووسراوەو تێدا هاتووە:

"پێرار، دگەل چەند هەڤالان دەرکەتی بووم گەرێ. چەندەکێ دناڤ فەقەهان دە مام. مەسێ چار مەدرەسە دیتن ل هن مەدرەسان دە دەرکەتی ژ خەلکێ جە بێتربوون. لناڤ وان دەخورتێن هەر وەلاتی، هەر ئەشیری یەپداوبوون سەرهەدی، هەزا رومی، بۆتی، دیاربەکری، بدلیسی، مووشی...هـ.پ.

ب دیتنا من گەلەك کێف خوەش دبوون، ژمن سەر کوردانی گەلەك تشتان دپرسین. پرانیا وان ب حەرفێن لاتینی ژێ دزانی بوون.

پێکڤە دگوتن کو کوردمانجی ب حەرفێن لاتینی گەلەك قەنج تێت نڤیساندن ژمن پاشلێن خوە پەلن دەردختن‌و ژمن ڕەدخوەندن. تە دگوت حەمی ژێ شاعربوون. شەرێن وان تەڤ سەر وەلێت‌و ملەت بوون...".

بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە ناوی نووسەری وتارەکە دیار نییە، ئەمەش بۆ هونەری ستوونی ڕۆژنامەکە نەریتێکی دروست نییە.

هەر لە ستوونی فەقەهان دا لە (ژ٢، ل٣)دا فەقێیەك بەناوی (حەسەنێ کۆچەر) کە خەڵکی دەشتی هەسنانە. پرسیارێك لەبارەی نەخۆشی (تا، تاوی بوون) ئاراستەی گۆڤارەکە دەکات. لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا، (د. ئەحمەد نافز) وتارێکی لەو ستوونەدا نووسیووەو تێدا هاتووە:

"خەلکێ دەشتا هەسنان ژ هەسنی چێکری بوا ناژی دڤیا بوو هەتا نهو دڤەیتونا[٥٠٧] تایێ دەبهاتانا حەلاندن. هەروەکی دحەلن ژی.

ژ خوە برێ وەلاتێ مە ئێ گەرمیانو دەشت ژ ڤێ ئافەتێ خراب دبە.

گاڤا خەلکێ تێت پرسین، خەلکێ نەزان دبێژن کو نەخۆەشی ژ ئاڤا گوندی یە. نك دلێ وان ئاڤا وان نە پاقژە ب ژەهرە، هەرچی ڤەخون پێ دکەڤن.

لێ نەوە لێ یە. ئەو ئاڤا زەلالو شیرین کو بەر گوندێ وە پێ شێنو ئاڤادبە، د ئەسلێ خوە دە پاقژە، ئاڤیژە، کانی یا ژیاناوەیە. ژەهرو نەخوەشی د نەزانیو تراليێ[٥٠٨] دەیە...".

هەر لە درێژەپێدانی ئەم هونەرەدا ستوونێك بۆ ژنان تەرخانکراوە بەناوی (ستوونا کەبانیان)، لەم ستوونەدا هونەرەکە زیاتر پەراکتیزەکراو پێشکەوتووە.

ڕەوشەن بەدرخان وتارێکی لەم ستوونەدا لە (ژ٣٧، ل٧)دا لەژێر ناونیشانی (کەبانیو ماملۆستە) نووسیووەو تێدا هاتووە:

"خوەندەڤانێن کو چاڤێن وان ل سەر نامەیێن ڤی بەندو ڤێ ستوونێ بگەرینن هەیە کو بەری ئەول ببێژن، گەلۆ دڤێ ستوونێ دە ژ مەرەقالا درووتنو ئاشبازیێ وێ بکن. ژبەر کو ب عادەتی دڤان ستوونان دە قالا ڤان تشتان دکن. ژملێ دن وێ لێ عەجێب مایی. بمینو ژ خوە بپرسن، کەبانیو مامۆستە ب چ ئاوایی گهانە هەڤو ژبۆ ناچی؟

لێ هەکە وان سەبر ب خوەداو ب نڤیسارا من ڤەچوونو ئەو خوەندن ئەوێ ببینن کو حەق دەستێ من دەیەو دڤێت کەبانیو مامۆستە بگەهن هەڤو هەر کەبانیا کوردمانج دە مامۆستەیەك هەبە...".

---

٥٠٧- ڤەیتون: ئاگردان: أتون، موقد.

٥٠٨- ترالی: تەمبەڵی: تەوەزەلی: کسول، تنبل.

لە (ژ٢٩، ل١٠)دا ستوونێکی دیکە بۆ خوێنەران تەرخانکراوەو لەم ستوونەدا وەلامی پرسیاری خوێنەران دەداتەوە بەشێوەی وتاری پوختەو بە پێز. بۆ روونکردنەوەی کارو ئەرکو مەبەستی ستوونەکە، ئەم دەستەواژەیە بە فۆنتێکی گەورەتر لە ناونیشانی ستوونەکە، وەکو دروشمێك نووسراوەو دەلێت:

(هەچی دپرسە د عملە، پرسین نە شەرمە، لێ نەهیبوون[٥٠٩] شەرمە".

لە وەلامی (میزا هشیار لە عامودە)دا، وتارێك لەم ستوونەدا بلاوکراوەتەوەو تێدا هاتووە:

"کوردمانجی دڤێت ب تیپێن کوردمانجی بێتە نڤیساندن ژ خوە ژ مەکتووبا تە دخویایە کو تە قەنج ب تیپێن زمانێ خوە دزانی. ژ لەورە ئەم ژ تە هێڤی دکن جارەکە دن نڤیسارێن خوە ب تیپنە بیانی نە نڤیسینی.

دناڤ نڤیسارێن تەبەندا "ناڤێن کوردو کوردستانێ" ب کێرهات، مە ئەو خستە هەژمارا ٢٨ ئان.

ژ نەزمێ بێتر مێلا خوە بدە نەسرێ. ژخوە زمان ب نەسرێ تێتەپێ. ژ شەرو نەزمێ رە قابلیەتەکە جهێ دڤێتن. ئەو قابلیەت زکماکی یەو دهەر کەسی دەنینە. هەبوونا وێ وەسفەکی قەنج ببەژی نەبوونا وێ نەتۆکێما نی یە...".

لە (ژ٣، ل١٠)دا، لە هەمان ستووندا، (سبحی دیاربەکری) دوو پرسیار لە گۆڤاری هاوار دەکاتو دەلێت: "گەلۆ، راستە کو ئەم کورد ژ نژادێ ئاری نە؟ چ کورد ل وەلاتێ ئورس هەنەو ئەو د چ حالی دەنە؟"

لە وتارێکدا وەلامی پرسیارەکان دراوەتەوەو تێداهاتووە:

"بەلێ ئەم کورد ژ نژاندێ ئاری نە. هەرچی پسپۆرێن نژادان هەنە دڤێ بابەتێ دەیەکن. یانی تەڤ وە دبێژن کو کورد ژ نژادێ ئاری نەو درو هەلاتێ نیزنگ دە وەسفێن ئاریتیێ ژ هەڤ نژادێن خوە ئێن دن چێترو بێتر هلانینە.

کورد ئاری نژادو ئاری زمانن ژی، یانی زمانێ وان ژی زمانەکی ئاری یە، و ب زمانەکی ئاری دپەیڤن. ئو ئەو، یانی کورد دکانیا زمانێ ئاریان دەروونشتی نە. ل گورا هنو زمانناسان

---

٥٠٩- هیبوون: فێربوون: تعلم.

دەرگوشا[٥١٠] زمانێن ئاری ئەو وەلاتە کو دەکەڤە ناڤبەرا دیاربەکرو خورستانێ "خورەسان". نیڤێ ڤی وەلاتی کوردستانەو نیڤێ دن ژی عەجەمستانە..."

سەرەڕای ستوونی رۆژنامە" گۆڤاری هاوار گۆشەی رۆژنامەگەریشی هەبووە. لە (ژ٣، ل٣)دا، گۆشەی پزیشکی لەژێر ناوی (کونجکا پزیشکی) بڵاوکردۆتەوەو لەم گۆشەیەدا (د. ئەحمەد نافز)، وتارێکی لەژێر ناونیشانی (نەخۆشیو دەرمانکرن) نووسیووە، لەلایەکی وتارەکەدا هاتووە:

"حەسەنێ کوچەر ژ مە نەخوەشیا تایێ پرسی بوو. د هەر ژمارا پاشین دە مە پەیدابوون، بەلاڤبوونو دەرمانکرنا نەخوەشیێ ژ خوەندەڤانێن خوەرە ب بەندەکە درێژو دگەل هەر تەخلیت کتکتێن[٥١١] وێ دابوو زانین.

دناڤ گوندو عەشیرێن کوردمانجان دە ژ تایێ پێڤە هەر جەلەب[٥١٢] نەخوەشی تێنە دیتن. لێ ئەو نەوەك تانە ب هن تەڤدران ژ بنی بێنە قەلاندن. دگەل ڤێ هندێ، مروڤ دکارە خوە ژ وان نەخوەشیان ژی بپارێزە. لێ ئیرو دانینکا[٥١٣] مە نە ئەوە. دانینکا مە ئا ئیرو دەرمانکرنا نەخوەشانە...".

گۆڤاری هاوار شان بە شانی بڵاوکردنەوەی هەموو جۆرە وتارێك، گرنگیو بایەخی گەورەی بە وتاری رەخنەیی داوە. زێدەڕۆیی نییە، ئەگەر بڵێم لە هەموو ژمارەیەکی گۆڤارەکەدا وتارێك یان زیاتر دەبینرێت کە سیمای رەخنەیی پێوە دیارو ئاشکرا بێت، ئەگەر چەمکی رەخنە بەشێوەیەکی گشتیو بەرفراوان وەربگرین، بێگومان ئەو وتارانەی پەیوەندی بە ئەدەبو زمانەوە هەیە، رێژەیان لەوانی دیکە زیاترەو ئاستی زانستی وتارەکان بۆ ئەو سەردەمە خاڵێکی شایستەی رێزگرتنە. لە (ژ٥، ل١)دا، (هەڤندێ سوری) وتارێکی بە ناونیشانی (ئەدەبیاتی کوردی) بڵاوکردۆتەوەو تێدا هاتووە: "لێرانەدا دەمانەوێت بە کورتی باسی ئەدەبیاتێك بکەین، کە عیلاقەیێکی زۆری هەیە لەگەڵ ئەدەبیاتی دونیا،و بە تایبەتی ئەدەبیاتی ئاری، نەختێك لە هەندێ ئەدەبیاتی رۆژئاوا دەکاتو هەندێك لێی جودا دەبێت ئەویش (ئەدەبیاتی کوردی)یە.

---

٥١٠- دەرگوش: بێشکە: مهد.

٥١١- کتکت: مفردات. دقائق. تفاصیل.

٥١٢- جەلەب: جۆر: نوع، صنف.

٥١٣- دانینك: بابەت: لێکۆڵینەوە: موضوع: بحث.

هەروەكو تاریخی كوردان بە نەزانراوی ماوەتەوەو هێشتا بە تەواوەتی لەلای تاریخ زانەكان نەزانراوە، ئەدەبیاتی كوردیش ئەو چەشنە مەعلوم نییەو مەعلوم نەبووە. هەروەكو ئێمە بە تەواوەتی ئەو شتانە نازانین كە (تأثیری) كردووەتە سەر كوردانو تاریخی كوردان، هەروەها ئەو شتانە نازانین كە (تأثیری) كردووەتە سەر ئەدەبیاتی كوردی، ئینجا ئەو شتانە ئایا سیاسی بێ كۆمەڵی (جڤاكی) بێ، یان دینی...".

لە پەرەگرافێكی دیكەی هەمان وتاردا دەڵێت:

"ئەدەبیات پێك هێنانو گوتنی مێشكو فكری ئینسانە بە چەشنێكی جوانو خۆشو صاف كە (تأثیر) بكات لەسەر ئینسان غەمگینو دڵ تەنگ دەكات، یان فەرحناكو دڵ خۆشو كەیفدار دەكات.

ئەدەبیات ئەو شتانەیە كە لە دڵی ئینسان گیرد دەبێتەوەو دێتو دەچێتو دەری دەكاتە دەرەوەو دەیلێت بە زمانێكی شیرینو جوان.

ئینجا ئەدەبیات بێژینو گوتنی هەموو شتێك نییە، بەشكو عیبارەتە لە گوتنو بێژینی شتێك كە بەستراوە بە (ژیان)ەوە، و كە پێویستی ژیانە..."

لە (ژ٧، ل٤)دا، (رەفیق حلمی) وتارێكی رەخنەیی لەژێر ناونیشانی (جوابنامە) بلاوكردۆتەوەو دەڵێت: "بو (نەوروز)ی موستەعار خاوەنی مەقالی (زمان) كە بەسەر لەوحەی (بۆ شاعرێكی كورد) لە ژمارە (٢٤)مى زاری كرمانجیدا نەشركرابوو.

مەقالەیەك كە حەوت ساڵ لەمەو پێش لە تەنقیدی شعرێكدا لە دەفتەری خاگراتی خۆتا نووسیوتە ئیمڕۆ ئەیخەیتە ساحەی ئینتشارەوە لە جەریدەی (زاری كرمانجی)دا عەرزی خوێندەوارانی ئەكەی. ئەمە هەمتو توانایەكی بەرزە، جێی تەقدیرو تەشەكرە. ئومێدم وایە كە ئەو دەفتەری خاگراتەت خزینەیەكی زەنگینو رەنگینو بە ئیعتباری محتەویاتی توحفەیێكی نوینی گران قیمەت بێ. هەرچەندە تەنقیدەكەت بەراستی مەعقولو مەقبولە بەلام ئەگەر عاجز نەبی دەڵێم: كە بۆ نەشری ئەو تەنقیدە لە ئینتخابی زەماندا ئیصابەتت نەكردووە. چونكی تەنقیدی فعلێك ئوصولەن یا لە وەختی كردنی ئەو فعلەدا و یا لە عەقیبەوە دەكرێت. ئەگەر وا نەبوایە تاریخ بۆ ئێمە نەدەبوو بە دەرسی عیبرەت. سانیەن تەنقیدێك ئەبێ تەوجیهی هەدەفێكی موعەین بكرێ ئەگەر وانەبێ بێ عەكسی صەدا ئەمێنێتەوە...."

له (ژ٣٣، ل٦)دا (جەلادەت بەدرخان) بە نازناوی (هەرەکولی ئازیزان) وتاریکی دریژی لەژیر ناونیشانی (کلاسیکیێن مە، ئان شاهرو ئەدیبیێن مەئیێن کەڤن) بلاوکردۆتەوەو تیێدا باسی کۆمەلیک لە شاعیرانی کلاسیکی کورد دەکات‌و نموونەی شیعریان بلاودەکاتەوە، بیگومان هەندیک لەو تیبینیانەی وتارەکە دەچنە ژیر چەتری رەخنەوە.

وتاری شیکاری یان ئەو وتارانەی کە بنەمای شیکردنەوەیان تیدایە، جیگای خۆیان لەناو لاپەرەکانی گۆڤاری هاواردا کردۆتەوەو دەتوانین چەند نموونەیەک لەو جۆرە وتارانە دەست نیشان بکەین، وەکو لە (ژ٣، ل١) د. کامەران عالی بەدرخان وتاریکی دریژی لەژیر ناونیشانی (د دورا هەڤخستنا زمانان دە)، واتە دەربارەی ململانییی زمانەکان‌و تیداهاتووە:

"گاڤا خوەدێ دنێ ئافراندو ئەو ئاڤاکر، ژیرە ئینتزام دا. ژ لەورە کوبێ ئینتزام تو تشت ناگەهە، نامەشە، توجارنکارە هەتا پاشیێ ب مینە.

هەر تشتێن دنێ ددەستێن قانونێن خوەدێ دەنە. توتشت نکارە خوە ژ فەرمانێن قانونان دوور ب ئێخە ژێ ب فەلتە. هەر تشت بن دەستێ وێ یە.

ئینتزام ژ نیزامێ دەردکڤە، ونیزام ژ قانونێ.

قانون ئەو تشتە کو، ب سەمت، ب رێ ب جەو راستە. خوە هەر جار ناگوهێرە، ل سەر سەکنی یە، هەروەکی رابوویە، وەلێ ژێ پێش ڤەدچە. هە تشت‌و ئاواییێن وێ ئابادینن.

قانون دوو تەخلیتن. ئا پێشین ئەوەکو ژ مێژڤە، ژ بەری ڤە، ژ بەر خوەدێ ڤە هاتیەدانین. یانی دانییێ وێ خوەدێ یە. ئادن ئەوەکو ژ سەرو مەژیێ مروڤان، ژ هش وژینا وان، ژ دیروک‌و ریزکێن وان تێنە پێ. ئەڤ قانونێن ها قانونێن جڤاکی نە..."

پاشان دریژە بە وتارەکە دەدات تاکو دیتە سەر باسی ململانییی نیوان زمانان‌و دەلیت:

"زمان ژی وەك هەر تشت ل هەڤ دخن، نەقەبا وان نینە، د شەری دەنە. ژ بەر کو هەر زمان دل دکە مەزنتر ببە هاویدورێن خوە ڤەکەبکەڤە لێڤێن نوو، سەرێن نوو، ئەڤ یەك ژوویێڤە زمان د خوازن، زمانێن دن بکوژن‌و بگەڤن شوونا وان.

دیروکا دنێ ژ مەرە ددەزانین کو هەتانهو گەلەك زمانێن دنێ هاتنە کوشتن ژوان زمانان رە "زمانێن مری" دبێژن".

له (ژ٩، ل١)دا، جەلادەت بەدرخان وتاریکی شیکاری لەژیر ناونیشانی "وەلات، وەلاتینی‌و ئال" بلاوکردۆتەوە تیدا بابەتەکەی شیکردۆتەوە دەلیت:

"وەلات ئەردێ باڤو کالکێن مەیە.

وەلات ئەو دەرەکو، پێشییێن مە ل وێ رابوونە. ژبونا ئاڤاهیا وێ خەبتینە ول وێ مرنە.

وەلات ئەو دیارەکو، ئەم تێدە سەکنینەو رۆژەکێ دناڤ ئاخێن وی دە بێنە ڤەشارتن.

خەلکێ وەلاتەکی، وەلاتییێن هەڤن. بوری، هالو داویا وان ب هەڤ رەگرێدانە. زمانێ وان، گرێدانا وان، هەر هالو لە بتێن وان مینا هەڤن. پێشییێن وان ل رەخ هەڤدو رابوون، روونشتنو مرنە.

وەلاتی ب قەنجیا هەڤ شادبن، هەر خرابیا هەڤ دکەڤن. شینو شاهینە تاوان یەکن...".

پاشان دێتە سەر باسی ئالای کوردانو دەڵێت:

"ئالا کوردان، ژ ژور بەر ب ژێرڤە، سەر هەڤ، سور، سپیو کەسکە، دناڤ وێ دە رۆژ د چریسە..."

زۆربەی وتارەکانی گۆڤاری هاوار لەسەر شێوەی هەرەمی ئاسایی داڕێژراون. وەکو پێویست ئاماژە بە بابەتی وتارەکان نەکراوە، چونکە بەدرێژی لە جێگایەکی دیکە باسکراوە[٥١٤].

٥١٤- بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی بابەتەکانی وتاری گۆڤاری هاوار بڕوانە: عبدالصمد إسلام طه دوسکی، رەنگدانەوەی ئەدەب لە گۆڤاری هاواردا ١٩٣٢ – ١٩٤٣، نامەی ماستەر، پێشکەش بە کۆلیژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەدین کردووە، ٢٠٠١، ل١٠٧.

## وتـاری رۆژنامەگەریی لـە گۆڤـاری (رونـاهی)دا

گۆڤاری روناهی وەکو پاشکۆیەکی وێنەداری گۆڤـاری هـاوار لـەنێوان ١ی نیسانی سـاڵی ١٩٤٢و مانگی ئاداری ساڵی ١٩٤٥، ٢٨ ژمارەی لـێ دەرچووە. تـا ژمـارە (١٢) نـاوی هـیچ نووسـەرێکی گۆڤارەکـە ئاشـکرا نـەبووە، هـەروەها تـا ئـەو ژمارەیـە گۆڤارەکـە بـەبێ پێرسـتی بابەتەکان دەردەچوو. بەڵام لە ژمارە (١٢)دا ئەو نەریتە نەماو گۆڕانکارییەکی بەسەرداهات. لـە هەموو ژمارەیەکدا پێرستەکە لە گۆشەی سەرەوەی لای چەپی لاپەڕەی دووەمدا هاتووە. هـەروەها ناوی نووسەران چ وەکو ناوی راسـتو دروسـت، چ وەکـو نـاوی خـوازراو، بڵاوکراونەتـەوە. ئـەوەی شایانی ئاماژە پێکردنە، تا ژمارە (٤) بابەتی پەیوەندیدار بـە کـوردو کوردسـتانی تێـدا نییـە، تەنیا دوو بابەت نەبێ، دوای ئەو ژمارە وردە وردە بایەخی بـە بابـەتی کـوردی داوەو دوای ژمـارە (١٢) بابەتەکانی کوردی وەکو دیاردەیەکی زەق بەرچاو دەکەونو ژمارەیەکی زۆر لـە نووسـەران دێنە ئەم گۆڕەپانـەو لاپـەڕەکانی رونـاهی بـە بەرهەمـەکانی خۆیـان دەڕازێننـەوە وەکـو" ئوسمان سەبری، جگـەرخوێن، حەسـەن هـشیار، سمـاینی سـەرحەدی، بشارێ سـەگمان، سلێمان فـەرحۆ، قەدری جان، حەسەن مستەفا، جەمیل تاجو، دلاوەر چـارپینە، خـەلیل گـەنجۆو قـادرێ فـەرمانو هەندێکی دیکە. ئـەوەی تێبینـی دەکـرێ بەشـداری ئوسمـان سـەبری، جگـە لـە خـاوەنی رونـاهی جەلادەت بەدرخان، لە هەموو نووسەرانی دیکە زیاترەو بەرهەمەکانی دەگاتـە (٣٧) بابـەت کـە لە گۆڤارەکەدا بڵاوبوونەتەوە. روناهی زیاتر بایـەخی بـە دەنـگو بـاسو بابـەتی پەیوەندیـدار بـە جەنگی دووەمی جیهانی داوە بە تایبەت لە چوار ژمـارەی دەسـتپێکدا، کـە هـەمووی دەربـارەی جەنگ بوون جگە لـە دوو وتـاری خـاوەنی رونـاهی جـەلادەت بـەدرخان کـە یەکـەمیان لـە (ژ٣، ل٢)دا لەژێر ناونیشانی (سینەم خانو رەسمێن روناهیێ)، دەتـوانین ئـەم وتـارەی مـیر جـەلادەت بەدرخان وەکو پێناسـەیەکی ناراسـتەوخۆی رونـاهی دابنـێین، چـونکە لـە دیالۆگێکـدا لـەنێوان باوكو کچەکەی، واتە جەلادەت بەدرخانو سینەم خـان دا، باسـی رونـاهی دەکـەن. بـە پێویـست دەزانم کە دەقی وتارەکـە لێـرەدا بڵاوبکەمـەوە، لەبـەر دوو هـۆ: یەکـەمیان بـۆ ئـەوەی بۆچـوونی خاوەنی گۆڤارەکە بە دروستی ئاشکرابێت، دووەم ئەم وتارە بە شێوەی دیـالۆگ نووسـراوە، واتـە شێوەی نووسینی جیاوازە لە وتارەکانی دیکەو ئەمە دەقی وتارەکەیە:

"سینەم خانو رەسمێن روناهیێ

هەژمارا روناهیێ ئا ددوان ب دەرکەتی بوو. من ژێ چەند نقشت ئانی بوون مال. چاڤێ سینەم خانێ پێ کەت وژمن پرسی:

- باڤو ئەڤ هاوارە ئان روناهی یە؟

من گوت: کەچا من ئەڤ روناهی یە، هاوارا نوو هەتا چەند روژان وێ دەرکەڤە.

- ژ کەرەما خوەکایەکێ بدە من.

من نقشتەك دایێ. سینەم خانێ روناهییا خوە کرە بەرخوەو ب دقەت ل رەسمێن وێ تەماشاکر. پشتی کو تەماشا خوە قەداند سەرێ خوە هلداو گوتە من:

- باڤو! ئەڤ روناهی نەقەنجە، ئادن ژێ چێتر بوو.

من گوت: کەچامن، ژ بەر ڤاژێ ڤە ئەڤ روناهی ژ ئادن قەنجترە، رەسمێن وێ بترنو ب تەڤایی ژ ئا پێشین ل هەڤ هاتیترە. سینەمخانێ ل من ڤە گەراندو گوت: نوباڤو، ئەڤ روناهی نەسپەهی یە. رەسمێن تێدە هەمی رەسمێن ئاپێ ئینگلیزو ئەسکەرێن ئاپێ لێزگونە — یانی فرەنسیز- تو رەسمێن کوردمانجان تێدەنینن. دئادن دە رەسمێن کوردمانجان هەبوون، کوردمانج درەقسین.

سینەمخان هنەك سەکنی. قەی ددا ئەقلێ خوەو خو یادکر کو قیما خوە ب ڤێ روناهیێ نەدئانیو هێژ دلێ خوە ل من راهەت نەکربوو. جارەکەدن سەرێ خوە هلداو گوتە من:

- باڤو، ژبویی هاوارێ گاڤا ئەم ژ تە دپرسین تو دبێژی:

ئەڤ هاوارا کوردمانجانە، ماروناهی ژی نە روناهیا کوردمانجانە؟

ئەز کەنیم ومن لێ ڤەگەراندو گوت: بەلێ سینەمخان خەبەرا تەیە. لێ تو دزانی. کو دنیا شەرەو هەر تشت گران بوویە، ئەم نکارن ژ نووڤە کلیشان بدن چێکرن. ب کلیشەیێن حازرو بەردەست ئەم بەس دکن. کانی رەسمێن کوردمانجان، ژ خوە رەسمێن کوردمانجان ل نك مەنینن.

سینەمخانێ نە مەردی نەکر هەما رابوو چوو و رەسمەکی خوە دگەل جەمشیدئانیو دادەستێ منو گوت:

- ئەڤ ژ تەرە رەسمەکی کوردمانجان، ما ئەزو جەمشید ئەم نە کوردمانجن؟

جەمشیدێ کو هەتا هنگێ تێکلی شتێخالیێ نە دبوو گاڤا ناڤێ خوەبهیست بێی کو بزانە ئەم ڤالا چ دکن بەرێ خوە دامنو گوت:

- بەلێ باڤو ئەز ژی کوردمانجم، ئەز تورنێ[٥١٥] مالا ئازیزانم.

زارووان زورا[٥١٦] من بربوو. من نزانی بوو ئەز ژوان رە چ بێژم. هەڤ ددەستێ وان دەبوو لێ من نەدکاری بوو ئەز دخوازا وان بینم جه. من رەسمێ وان کرە کورکا خوەو بەرێ خوە دا چاپخانێ".

وتاری دووەم لە (ژ٤، ل١٢)دا لەژێر ناونیشانی رەشبەلەك واتە نامەو بەشێوەی نامە نووسیووەو ئاراستەی لاوانی کوردستانی عێراق کردبوو تێدا هاتووە:

"رەشبەلەك

ژ خورت و میرزایێن کوردستانا نیڤرو ل عیراقێ.

بێن کو ژ روناهییێ‌رە ژ بەغدا، هەڤلێر، دهوك، ئامێدی، زاخو، رانیە، سلێمانی، ئاکرە، کەرکوك، ئەتروش‌و ژ رەواندزێ نڤیساندنە.

خورت‌و میرزایێن دەلال! من کاغەزێت وە گرتنەو ئەز ب وان گەلەك کێف خوەش‌و دلشاد بوومە. ژ بەر کو من نکاری بوو ل کاغەزێن وەیەکو یەکو ڤەگەریم، من ژوە هێڤی یە، ڤان خێزکان ل شوونا بەرسڤا (جهاب) کاغەزێن خوە بگرن.

روناهی ژی وەکە هاوارێ هەر زارێ کوردی دێ بەلاڤ بکە، چ کوردمانجی چ بابانی ژ خوە هاوار ژی ژ ١٥ێ نیسانا ١٩٤١ێ‌و ژ نووڤە دەست ب دەرکەتنێ کرییەو هەتانهو ١٩ هەژمار بەلاڤ بوونە.

هە ژمارا هاوارێ تا ٤٥ ئان ل ٢٠ێ هزیرانێ ب دەرچوویە.

ئەز ژوە هێڤی دکم نڤیسارێن خوە ب تیپێن مە ئێن کوردی، پاقژو ژ هەڤە قەتاندی بنڤیسینن، داکو ئەز وان بکارم وەکە خوە بخوینم و وتێکم هاوارو روناهیێ.

هەرچی کریارێن هاوارو روناهیێ، ژ بو عیراقێ کریاریا هەر یەکێ، ب ٧٥٠ فلسانە.

خوە دیێ روناهیێ"

لەسەرجەم ژمارەکانی روناهی دا نیزیکەی (١٥٠) وتاری جۆراوجۆر بڵاوبوونەتەوە، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنج‌و تێبینیە لە هیچ ژمارەیەکدا سەروتار نییە، هەروەها هونەری ستوون‌و گۆشەش بەکارنەهاتووە، بەڵام دیاردەی زنجیرە وتار بە باشی بەرچاو دەکەوێت وەکو" زنجیرە

---

٥١٥- تورن: نەووە: نەڤی: حفید.

٥١٦- زور...بر: دوڕاندن: غلب: قهر.

وتارێك كە بریتییە لە (١٣) ئەڵقە لەبارەی ژیانی ناپلیون، لە نووسینی ئوسمان سەبرییەو لە (ژ١٦، ل١٢) دەستپێدەكاتو بەردەوام دەبێت تاكو لە (ژ٢٨، ل١١)دا كۆتایی پێ دێت.

ئەڵقەی یەكەمی ئەم زنجیرە وتارە وەكو (پێشگوتن) واتە پێشەكی بڵاوبۆتەوەو بە قسەیەكی، ناپلیون دەستپێدەكات، كە دەڵێت: "وەلاتینی بێژەیە كە وەلێ یە كو ژ رامانەكە بلندتێ". پاشان وتارەكە دەستپێدەكاتو تێداهاتووە:

"ئەز دبێژم، توخواندەڤان نینن كو ناڤێ ناپولیون نەبهیستنە. لێ گەلەكێ وان دیروكا ژیانا ڤی سەرداری مەزن نزانن. نەمازە ب زاری مە كوردمانجی، دەرهەقێ ناپلیون دا بەندەك بلەز نەهاتیە نڤیساندن. ژ بەر كو ئەڤ دیروكان هان ژ هەر كەسی را، خاسما ژ گەلپارێزان را شیرەتنامەیەكە مەزنەو خوە دیی وێ، ژ رامانا وەلاتینیێ را ئالەكە بلندو هەفت رەنگە، من خوەست دڤی واری دا چەند بەندان بەلاڤ بكم. ئەرێ ئەز دبێژمە چەند بەندان، لێ قەسدا من خولاسەیەكە دیروكاژینا وی یە...".

هەر بەهەمان شێوە زنجیرە وتارێك دەربارەی ژیانی (سەلاحەددین ئەیوبی) بڵاوكراوەتەوە، كە لە بنەرەتدا وەرگێڕانی كتێبی (ژیانی سولتانی ئەیوبی)یە، لە نووسینی (د. ئەحمەد بێلی)، كە نووسەرێكی میسری یە. ئەمەش هەر لەلایەن ئوسمان سەبری وەرگێڕاوەتە سەر زمانی كوردیو (٥) ئەڵقەی لە (ژ٣، ل١٢)، (ژ٢٤، ل١٧)، (ژ٢٥، ل٢١)، (ژ٢٨، ل٩)دا بلاوكراوەتەوەو پێش ئەوەی دەست بە بابەتەكە بكات لە پێشەكیەكدا دەڵێت:

"ژ مێژڤادهاتە بیرا من كو تشتەكی ژدیروكاژینا سەرداری كورد سلتان سەلاحەدینێ ئەیوبی بنڤیسم، لێ نخابن كو زانینا من تێرا بجهئا نینا ڤێ داخازا هێژا نەدكر. ئەرێ چقاس كو من ددیروكێن تورکو عەرەبان دا ل سەرگیهان، رابوون، مەزناتیو هكمداریا ڤی كوردێ گەورە گەلەك تشت خواندنە ژی، تەڤەز (محەقەق) ئەڤ زانین ژ داخوازە كە هولێ رانەبوون بنگەهەكی خورت. ژڤێ پێڤا هەر گاڤ من دڤێ تێخم گوهێن خوەندەڤانێن خوە كو ئەز نە پەیایێ قەلەمو زانینێ مە. هەیە ژ بێ مروەتیا كوردێن زانا، ئان شەوتا دلێ خوە لێ نە هەر حال ژ نەچاری ئەز بوومە ریویێ[٥١٧] ڤێ رێ. ئەو ریاكو ریوییێن وەكی من ناهەوینە...".

هەر هەمان نووسەر بە هەمان شێوە سێ ئەڵقە وتاری لەسەر ئایینی ئێزیدی لەژێر ناونیشانی (ئێزیدیو ئولاوان) نووسیووەو لە (ژ١٩، ل١٣)، (ژ٢٠، ل١٦)و (ژ٢١، ل١٥)دا

---

٥١٧- ریوی: ریڤینگ: رێبوار: مسافر.

بلاوکراوەتەوەو پێشکەشی (تاوس پەرێزی) کردووەو تێدا هاتووە: "تەڤی کودەر حەقێ ئێزدیان دا هەیانها چەند کتێبوك هاتنە نڤیساندن ژی، ئاراست کەسی خوە نەگهاندیە راستییێ، ژ بەر کو راستی ژ بەر سەبەبەکی وندا بوویە. ئەو سەبەب ژی هەیا ئیرو حەزنەکرنا ئێزدیانە ئا ژ خواندنو نڤیساندنێ رایە. گاڤا ئەز ب تێخستییێن ڤان کتێبوکان قایلیا خوە، نە ئەوەکو زانینا خوە ئادڤی واری دا بناڤێ راستییێ بەرپەیی خواندەڤانان دکم...".

خاڵێکی دیکە کە دەمەوێت ئاماژەی بۆ بکەم ئەویش هەبوونی شەش وتارە لەبارەی بابەتی (نێچیر)، واتە راو. لە (ژ١٧، ل١٣)، (ژ١٨، ل١١)دا، دوو وتار لەژێر ناونیشانی (نێچیر) لە نووسینی ئوسمان سەبری. لە (ژ٢٢، ل١٥)دا، وتارێك لەژێر ناونیشانی (نەچیرەکە پلنگان) لە نووسینی دلاوەر چارپینەیە. هەروەها لە (ژ٢٥، ل٥)دا، وتارێك لەژێر ناونیشانی (نێچیرا کەوان)و لە (ژ٢٦، ل٦)دا، وتارێکی دیکە بە ناونیشانی (نێچیرا هرچو کوڤیان) بلاوکراونەتەوە. ئەم دوو وتارانە لە نووسینی (ئەڤدورەهمان عەلی یونس)ن. شایانی گوتنە کە نووسەری ناوبراو، لە (ژ٢٣، ل٢)دا، دیباجەیەکی بەشێوەی شیعر بۆ ئەم بابەتە نووسیووە. قەدری جانی شاعیریش بەشداری لە نووسینی بابەتی (نێچیر) کردووەو لە (ژ٢٨، ل٥)دا، وتارێکی لەژێر ناونیشانی (نێچیرا بەرازان) نووسیوە.

(ئەڤدرەهمان عەلی یونس) لە وتاری (نێچیرا کەوان)دا دەڵێت:

"گاڤا ئەم نێچیر دبێژن ئەڤ پرس ژ تەمامێ نێچیرا تەیرانو حەیوانێن کوڤی رەتێ گوتن. لێ گاڤا کو ئەم نێچیرا کەوان دبێژن دڤێت گوهدارێن مە وەربزانن کو ئەڤ ژ تەمامیا نێچیرڤانیا کەوان رە تێ گوتن. هەکە ئەم کەو گیرڤانی ئان کەو – ڤەدانی دبێژن، قەنجە تێ ساکرن کو مەخسەد ڤەدانا رباتو جەلابە.

رباتو جەلاب دوو ناڤێن عەرەبی نە. گەلو ئەڤ دوو ناڤ ژ کو کەتنە ئان هاتنە ناڤ کوردمانجان ئەز ڤێ نزانم...".

لەم چەند وتارە بابەتی راو ئاشکرا دەبێت کە گۆڤاری روناهی گرنگییەکی باشی بەم بابەتە داوە، دوور نییە لەبەرئەوە بێت کە کارو پیشەیەکی کوردەوارییە، هەروەها وەکو ئارەزووو نەریتێکی کۆمەڵگای کوردی بێتو میر جەلادەت حەزی لێ بێت.

وتارەکانی روناهی لە رووی بابەتو قەبارەو کارو ئەرکدا هەمەجۆرن، وەکو لە (ژ٢، ل٧)دا، وتارێك دەربارەی شاری توکیۆی پایتەختی ژاپۆن بلاوکراوەتەوەو تێدا هاتووە:

"توكيو پايتەختێ ژاپونيايێ يە. باژارل سەرگراڤا هوندويێ يە. نفوسا پايتەختێ ژابونان پێنج مليونە. ناڤێ وێ ئێ كەڤن يا دو بوو. دسالا ١٨٦٨ ئان دەگاڤا بوو پايتەختێ كورێ رۆژێ – ئيمپەراتورێ ژاپونان – ناڤێ توكيويێ لێ كرنە. دەما توكيو بوو پايتەخت گوندێن دورێ ژێ دانە سەر...".

گۆڤاری روناهی لە وتاری رەخنەیی بێ بەش نەبووە، بەڵكو گرنگی بەم بوارە داوەو دەتوانین چەند وتارێك وەكو نموونەی ئەم بوارە باس بكەین، لە (ژ٢٠، ل٥)دا وتارێك بەناونیشانی (چەند گازند) لە نووسینی (ئوسمان سەبری) بڵاوكراوەتەوەو تێداهاتووە:

"ئيرو بوونە چاردە سال كو زمانێ مە كوردان ب تيپنە خوە سەر تێبيە نڤيسين، ئالا ڤێ تەڤگەرا چاكو بەرخوار، جارا پێشين دروو پەلێن كوڤارا كوردى هاوارێ دا ب دەستێ خوەديێ وێ هاتە هلدان. ئەرێ چقاس كو ژبەرێ دا زمانێ مە ب تيپێن عەرەبان هاتيە نڤيسين ژێ، ڤێ يەكا هان رەوشەكە سەرخوە نەدابوو زمێن. لێ ڤان تيپێن خوە سەر زمانێ مە دتەنگانياكو تێدا بوودا ب دەرخستو ژ ئاخافتيێن وى را ريا گەنگازيێ[518] ڤەكر. تەڤى ڤێ يەكێ، ئەز دنێرم كو هنەك ژ كوردێن خواندا، نەمازە گەلپارێزێن وان، ب خواندنو نڤيساندنا زمانێ خوە را بەندەواريە كە هێژا راڤە نەكنە!..پرا نياڤاكسان، تەڤى كو خواندنو نڤيساندنا زمێن دپێشيا هێڤيێن قەومى دا دهەژمێرن، هەمى نڤيسانێن خوە ب زمانێن بيانيان دكن....".

هەر لە درێژەپێدانی وتاری رەخنەیی دا، لە (ژ٢٦، ل٢٠)دا، بەكر عومەر یەحیا، وتارێكی بەناونیشانی (بێزاربووم) بڵاوكردۆتەوە تێدا بێزاری خۆی بەرامبەر چەند دیاردەیەكی دواكەوتووو خراپی ناو كۆمەڵگای كوردی دەست نیشان كردوەو هەڵوێستی بێزاری خۆی بەرامبەر ئەو دیاردانە دەربڕیوە. ئەم وتارە بەشێوەیەكی جوانو شێوازێكی رۆژنامەگەریی داڕژاوەو ئەو وتارە بۆ ئەو رۆژو سەردەمە هەنگاوێكی وشیارانەو پێشكەوتوو بووە، بە راستگۆیی بۆچوونەكەی خۆی خستۆتە روو، تێداهاتووە:

"بێزاربووم لە درۆ و دەلەسەی ئەو پیاوانەی كە خۆیان بە سەركردە دەزانن، بەناوی نیشتمان پەروەریو گفتوگۆی شیرین هەزاران دەسخەرۆ دەكەن، لەپێناو بەرژەوەندی خۆیان بە هەزاران نەمام لەناو دەبەن، بەهۆی ئەمو ئەمەوە خۆیان، خۆیان پێدەگەیەنینو ئەنجامیشیان بۆ كۆمەڵ وەكو نەبوون بە وایە.

---

٥١٨- گەنگاز: ئاسان: سهل.

بێزاربووم لەوانەی زۆر قسەدەکەن و هیچیان لە بارانییەو رەخنەش لەو کەسانە دەگرن کە دەیانەوێ خزمەتی کۆمەڵ بکەن.

بێزاربووم لەو کەسانەی کە تۆزێك تاپۆی زانستیان بەرچاو کەوتووە، خۆیان بە زانا دەزانن جا رێگا لە هەموو شتێك دەگرن گویا لە دنیا ئاگادارن.

بێزاربووم لەوانەی کە خەڵك گونەهبار دەکەن بە شتی خراپ، کەچی خۆیان خاوەنی ئەو خراپانەن.

بێزاربووم لەو کۆمەڵەی کە رێگەی پێش کەوتن و سەرکەوتن دەگرێ. جا بۆ ئەوەی پێکێك لەناویان دەرنەکەوێ و بە پاکی ناوی بلاونەبێتەوە هەزار پرۆپۆگاندەی لەتەك دەکەن...".

هەرچەندە رێژەی زۆری بابەتەکانی روناهی پەیوەندیدارن بە جەنگی دووەمی جیهانەوە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خاوەنی گۆڤارەکە هەوڵی داوە شان بە شانی ئەو بابەتانە هەندێك بابەتی رۆشنبیری و سیاسی و زانستی و ئابووری و زانستی و کۆمەلایەتی بلاوبکاتەوە. لەو کاتەدا وتاری زانستی زۆر بە دەگمەن لە رۆژنامەگەریی کوردیدا دەبینرا، گۆڤاری روناهی گرنگی ئەم بوارەی لەبەرچاو گرتووەو چەندین وتاری زانستی بلاوکردۆتەوە. لە (ژ١٣، ل٤) وتارێکی بە ناونیشانی (تشتێن بکێر) لەبارەی درێژی شەورۆژ بلاوکردۆتەوە لە نووسینی (رەملدار) کە نازناوێکەو تێداهاتووە:

"دروژەکێ دە ٢٤ سەعەت هەنە. لێ درێژاهیا شەڤو رۆژان، ل سالێ ب تەنی جارەکێ، ل ٢٣ێ ئاداری، ل رۆژا نەوروزێ[٥١٩]، وەکە هەڤ دبن، هەردووژی دوانزدە سەعەتن. ژڤێ تاریخێ ڤەشەڤ ب درێژ بوونێ، رۆژ ب کورتبوونێ[٥٢٠] دکن لێ هەروەکی لیستا ژێرین شانی ددە رۆژ تو جاران ب قاسی شەڤێ کورت نابن.

| | |
|---|---|
| روژا درێژتر: ٢٢ هزیران | ١٦ سەعەت و ٦ دەقیقە |
| رۆژا کورتر: ٢٢ کانونا پێشین | ٦ سەعەت و ١١ دەقیقە |
| شەڤا درێژتر: ٢٢ کانونا پێشین | ١٥ سەعەت و ٤٩ دەقیقە |
| شەڤا کورتر: ٢٢ هزیران | ٧ سەعەت و ٥٢ دەقیقە". |

٥١٩- رۆژی نەورۆز دەکەوێتە ٢١ی ئادار نەك ٢٣ ئادار.

٥٢٠- بە پێچەوانەی بۆچوونی نووسەرەکە لەو رۆژەوە بەرەو درێژبوون و شەو بەرەو کورت بوون دەچن.

له هەمان ژمارەی گۆڤارەکە له (ل٦)دا، وتارێك دەربارە مێشکی مرۆڤو قەبارەو کارەکەی بەناونیشانی (مەژی، نیڤ مەژیو چاریەك مەژی) له نووسینی (پژیشکێ هاواری)، کە نازناوی (د. ئەحمەد نافز)ە بلاوکراوەتەوە. هەروەها لە (ژ٢٨، ل٣)دا، وتارێکی دیکە لە نووسینی (پزیشکێ میران) دەربارەی ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ بە ناونیشانی (پەرچەیێن جانێ مروڤان) بلاوکراونەوەو تێیدا باسی دروستکردنی دەستو قاچی دەستکرد دەکات، هەروەها باسی کاریگەری جەنگی دووەمی جیهان لەسەر ئەم بوارە دەکاتو لەلایەکی ئەم وتارەدا هاتووە:

"بەری چەند مەهان دنیویورکێ دە عەمەلیاتەکەوەلێ چێبوو کو خەلك تەڤدەلێ عەجێب مایی مان. ژنکەك هەبوو وێ ژنکێ ژبەریا دەه سالاندەچاڤێن خوە ونداکربوون. دکتور رەشکێن چاڤێن ژنکا کور ب رەشکێن چاڤێن مروڤەکی مری گوهارتن. بڤی عەمەلیاتێ ژنکا کور ساخ بووو گهشتە بیناهیا خوە..."

هەروەها پزیشکێ هاوارێ وتارێکی دیکەی له (ژ١٢، ل٢٣)دا بەناونیشانی (رۆژی نێزو[٥٢١] برچیتی) بلاوکردۆتەوە.

لەناو وتارەکانی روناهی دا وتاری شێکاری هەیە، یەکێك لەو وتارانەی کە زۆر سەرنجی راکێشاوم وتارێکی (ئیحسان نوری)یە، کە سەرکردەی شۆڕشی ئارارات بوو. لە (ژ٢٨، ل١٧)دا، بەناونیشانی "ژ لاوان را" بلاوکراوەتەوە. وتارەکە زیاتر ئەنجامی شارەزاییو تێکۆشانی ئەوە. لەو وتارەدا بارودۆخی کوردستان شیدەکاتەوە، وتارەکە لەشێوەی گووتاربێژییەو ئاراستەی لاوانی کوردی دەکاتو هەندێ دەستەواژەی بانگ کردنی تێیدا بەکار دێنێت وەکو: "لاوۆ تو دزانی..."، "بابۆ،...."، "نەکورێ من....". ئێحسان نوری لە کۆتایی شیکردنەوەی بابەتەکەدا چەند بنەماو بناغەیەك بۆ سەرکەوتنی شۆڕشی گەلێ کورد دەست نیشان دەکات:

"ئەڤ ژی ب تەنێ ب مێرانیێ چێنابە. سەر زانینو پێك ئانینو گرێ دانا دەستو پێی وان دێوو عەفریتان ژی دڤێت. بەلێ ژێ رە ئەساسێن ژێرین گەرەکن:

١. ژ شڤانو گاڤانان هەتا میرێ میران دڤێت کورد بزانن کو برایێن هەڤن. ژ داو بابەکی چێبوونە، خوونا وان یەك، ناموسا وان یەك، تەعەسباوان یەکە، ژیانو مرناوان یەکە.

٢. زانایو زور سەرەکانیا خوەشییێ نە. دان — زانین ئەساسێ ئازاهیا ملەتە. یەك ب خوەندنێ، ئێ دن ب یەکبوونێ چێدبە.

---

٥٢١- نێز: برس: جوع.

٣. باوەریێ ئیتاعەتا بچووك ژ مەزنێ خوەرا، شەفقەت و همایەت و مەحبەتا مەزن ژ بچووكێ خوەرە.

٤. ناڤێ نەیاریتا عەشیران ناڤ کوردان رابە، ب حکمێ شەریعەتا محەمەدي هەر کەس ژکرنا خوە مەسئوول بە، باب، برا، پسمام، جینار ئەبەدەن تەڤ نەبە. تەعەسبا ملی شوونا تەعەسبا عەشیری بگرە.

٥. هەموو ملەتێ کورد د دورا جڤاتەکە ملی دەبگەهن هەڤ.

دەما کو ئەڤ تشت چێبووتە بەرێ ملەتێ کورد بەر ب ئەسمانە...".

ئەمەو چەندین وتاری دیکە لە جۆری شیکاری لەسەر لاپەڕەکانی روناهی دا جێگای خۆیان گرتووە وەکو" وتاری "فرەنسا ئازاو ستولاوێ" لە (ژ٣، ل١٠)دا. هەروەها وتاری "ئوردوا ئەلمانی ل بەر سێ دەرییێن قەفقاسێ" لە (ژ٧، ل٤)دا.

لە گۆڤاری روناهی دا خاڵێکی زۆر گرنگ ئاشکرا دەبێت، ئەویش هەبوونی سانسۆر بوو لەسەر گۆڤارەکەدا. لە پێرستی (ژ٢٤)دا ناونیشانی دوو وتار لەگەڵ ناوی نوسەرەکانیان هاتووە، وتاری یەکەم بە ناونیشانی (نژاد) لە نووسینی (ت. ئەلهوبێدوهی)، وتاری دووەم بە ناونیشانی (گازندو هێڤی) لە نووسینی (دلکۆلێ دۆسکی). بەڵام لە لاپەڕەی کۆتایی ژمارەکە جێگای هەردوو بابەتەکە بە بۆشایی ماوەتەوەو بە زمانی کوردی لەسەر نووسیووە: (سانسۆری ئەڤ نڤیسار راکرییە)، هەروەها بە زمانی عەرەبیش نووسیویە: (حذفه المراقب).

# وتـاری رۆژنامـەگەریی لـە رۆژنـامەی (رۆژانـوو)دا

رۆژنامەی رۆژانوو، یەکەم ژمارەی لە ۳/۵/۱۹٤۳ دەرچـووەو ژمـارەی (۷۳)و کۆتـایی لـە ۲۷/۵/۱۹٤٦ بلاوکراوەتـەوە. خـاوەن‌و گەریندەکـەی مـیر د. کـامران ئـالی بـەدرخان بـوو. دەرچوونی رۆژنامەکە نێزیکەی سێ سـاڵی خایانـدووە. زۆربـەی ماوەکـە لەگـەڵ شـەڕی دووەمـی جیهانی هاوکات بووە، هەر لەبەرئەوەش رەنگدانەوەی رووداوەکانی شەڕ لەسەر لاپەڕەکانی دیارەو زیاتر گرنگی بە بابەتـەکانی جـەنگ داوە، چ بـە هـەواڵ یـان بـە وتـار بلاوکراونەتـەوە، هـەروەها رۆژنامـەکە بێ بەش نەبووە لە بابەتی رۆشنبیری‌و کەلـەپوری کـوردی‌و ژمارەیـەك لـە نووسـەرانی کوردی ئەو سەردەمە بەشداریان تێدا کردووە وەکو" جـەلادەت بـەدرخان‌و قـەدری جـان‌و ئوسمـان سەبری‌و رەشید کوردو حەسەن هشیار، لەگەڵ خاوەنەکەی.

رۆژنامەی رۆژانوو گرنگی بە وتاری رۆژنامەگەریی داوە، نێزیکەی (۱۲۰) وتاری لەسـەرجەم ژمارەکانی دا بلاوکردۆتەوە، هەروەکو دەبیـنین لـە (ژ۱، ل۱)دا، لـە سـتوونی یەکـەمی دەسـتی چەپدا، کە لـە نـەریتی رۆژنامەگـەریی ئـەو سـەردەمەدا جێگـای سـەروتارە، جـەلادەت بـەدرخان وتارێکی لەژێر ناونیشانی "مەرحەلە" نووسیووەو تێداهاتووە:

"دژینا ملەتان دە مەرحەلەیین هەنەو ملەتێ کودخـوازە بگەهەتـەکوزی‌و مەدەنیـەتێ‌و وان ل خوە بکە، ژێرا دڤێت بدەرەیا وان مەرحەلان‌و ب وان را دەرباس ببە.

گەلۆ ملەتێ کورد دایە پەی وان مەرحەلان‌و هەکە دایـە ئـیرو گهاشـتیە، کیـژانێ. دەلێلـەتێن هەنە کو ملەتێ مە بەرێ خوە دایە ڤێ رەیێ و ب گاڤنە گران، ب گاڤنە گرانیێ تێ رە دچە.

هەیە کو هون ببێژن ژ ملەتێ مەرە، ژ ملەتەکی ب شوەندە مایی رە، نە گاڤنە گرانیـێ لـێ گاڤێن چارگاڤیێ گەرەکن، داکو ئەو خوە دسەر مەرحەلان رە زەریکەو رۆژکێ بەری رۆژەکێ خوە بگەهێنە ملـەتێن کـو دڤـێ بـەزێ دە، ژێ دەرکەتنـەو ئـەو ب شـوون دە هـشتنەو ژ بـەر ڤـێ ب شووندا ماینێ ملەتێ مە بندەستیا وان دکەو ئەم بوون راژوورێن وی. هەکە ئەو هولێ گـوت ئـەم ژی وەرەنە. لێ ئەڤ، تشتێ گەرەکە وتشتێ گەرەك خوە روو داخـوازە، و نەتـشتێ دەسـت خـستی یە....".

هەر هەمان نووسەر لە (ژ۳، ل۱)داو لە جێگای سەروتار، وتارێك لەژێر ناونیـشانی (۱۸۹۸ و ۱۹٤۳ رۆژا مە ئانوو) بلاوکردۆتەوەو تێدا هاتووە:

"خوەدێی رۆژانوو ژمنو ژهنێن دن، ژ بۆ هەژمارا رۆژناما خوە ئا پێشین نڤیسارێن خوەستی بوون. من ژێرە بەندەك نڤیساند: لێ بەریا کوڤالا رۆژنامێ بکم بەندا من گهاندن داویێو خستن رۆژنامێو ژێرە "مەرحەلە" گوتن.

هەرچی ئەز، دلێ من هەبوو، چاڤێن خوە ل بوریێ بگەرینمو بیرەکی باڤو مامەکی خوە، بڤێ هەنجەتێ ڤەژینم.

رۆژناما کوردی ئا پێشین بەری ٤٥ سالان، یانی دسالا ١٨٩٨ ئان دە، ل مسرێ بەلاڤ بوویە: دوێ سالێ دە مامەکی من مدحەت بەگ ژ ستەنبولێ رەڤیو چوو بوو مسرێ. مدحەت بەگ دقاهرێ دە ب زمانێ کوردی رۆژنامەیەك دەرێ خست: کوردستان.

کوردستان رۆژناما کوردی ئا پێشینە.

وەلێ دخویە کو هنگێ، مدحەت بەگ ژ برایێ خوە ئێ مەزن، ئەمین عالی بەگ، یێ کو هنگێ ل ستەنبولێ بوو، نڤیسان خوەستی بوون. ئەمین عالی بەگ ژ برایێ خوە ئێ کچك رە، دناڤ نڤیسارەنە دندە، تەقریزەك ژی رێ کربوو، لێ نەب ناڤێ خوە، ژ بەرکو نکاری بوو، لێ بەلێ ب ناڤێ "لاوێ شێخێ، فەتاح".

مەبەستی نووسەر لەو پارچە شیعرە (تقریضە)یە کە لە (ژ٣، ل٤)ی رۆژنامەی کوردستان دا بڵاوکراوەتەوەو سەرەتاکەی دەڵێت:

"پیروز ژ تەرە هەزار جارا ئەڤ دەنگە نهول ناڤ یارا

مزگینیا ڤێ جەریدەیا قەنج شاباش دبیتن جقا هەبت گەنج"

نووسەری کورد ئوسمان سەبریش بەشداری لە نووسینی وتارەکانی رۆژنامەی رۆژانوودا کردووەو چەندین وتاری لەسەر لاپەڕەکانی رۆژانوو بڵاوکردۆتەوە، بۆ نموونە لە (ژ٢، ل١)دا، هەر لە جێگای سەروتار، وتارێکی بە ناونیشانی "سنجو ئول سنجی (ئەخلاڤ)و ئول (دین) گرێدانا وان ب مەڤ را" بڵاوکردۆتەوەو تێداهاتووە:

"دەرحەقێ سنجی دا بەرێو پاشێ گەلەك تشت هاتنە گوتن. هە کە ئەم ڤان گوتنان بینن بەر چاڤێن خوە، پێ ببینن کودڤی واریادا یاکو ئەم دکن بێژن، تشتەك پری بچووكو بێ کێرە. ژ لەورا بلا نەیێ بیرا خوەندەڤانان کو ئەم دخوازن سنجی ژوان را ساخ بدن، ئان دڤی واری دا تشتنە نووو هێژا بێژن. ب تەنێ قەسدا مە ژ نڤیساندنا ڤێ بەندێ، ل سەر گرێدانا سنجیو ئولێ پەیڤینە...".

هەر هەمان نووسەر دوو وتاری دیکەی لە ستوونەکەدا، لە ژێر دروشمی "زانین‌و پێشکەتن"، یەکەمیان لە (ژ٩، ل١)دا‌و ئەوی دیکە لە (ژ١٧، ل١)دا بڵاوکردۆتەوەو هەردوو وتار لەبارەی بابەتی کۆمەڵایەتینە. وتاری یەکەم بە ناونیشانی "بوبلاتێن"[٥٢٢] مەئێن جڤاکی" واتە شتی هەڵبەستراوی کۆمەڵایەتی. وتاری دووەم بە ناونیشانی " پر ژنی‌و بەلایێن وی" واتە فرە ژنی‌و ئاریشەکانی. ئەم هەردوو وتارەی ئوسمان سەبری لەسەر شێوەی ستوونی رۆژنامەدا نووسراون.

رۆژنامەی رۆژانوو هەر لە (ژ٤)دا ستوونی لای چەپی لاپەڕەی یەکەمی وەکو ستوونێکی رۆژنامەگەریی تەرخانکردووە، ناوی لێ ناوە "جەنگ‌و سیاسەت"، ئەم ستوونە تا (ژ٤٧) بەردەوام بوو، جگە لە ژمارەکانی : (٩، ١٧، ٤٠، ٤٢، ٤٣، ٤٤). ستوونی (جەنگ‌و سیاسەت) زیاتر بۆ بابەتی سیاسی پەیوەندیدار بە جەنگەوە تەرخانکراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ جار بابەتی سیاسی دەربارەی کێشەی کوردو کوردستانیشی تێدا بڵاوکردۆتەوە، وەکو لە (ژ٤٥، ل١)دا وتارێکی تێدا بڵاوکردۆتەوە بەناونیشانی "ئەم چ دخوازن"و ناوی نووسەرەکەی دیار نییەو لە وتارەکەدا هاتووە:

"دنایێ دە، دەعوا داخوازو مرازنە راست‌و نەراست حەق‌و نەحەق هەنە.

دلێ مرۆڤان زەحف تشتان دخوازن‌و گەلەك جاران داخوازکەر باوەر ناکن کو داعوا وان حەقەو یێن پێ قایل نابن نەحەقییێ ل وان دکن. گەلو داعوا مە کوردان چ یەو تێدە داخوازنە نەراست هەنە ئان نە؟ کوردان ئەڤ تشت زەحف جارادانە ئەقلێ خوەو نەهـ ملیون کورد قایلن کو داعوا وان راست‌و حەقە..". خەسڵەتی سەروتار زیاتر بەم وتارەیەوە دیارن.

لە هەمان ستووندا لە (ژ٢٦) بابەتێکی دیکەی بەناونیشانی "پرسامە" واتە پرسی ئێمە بڵاوکردۆتەوە، هەروەها لە (ژ٤٧)دا‌و لە هەمان ستووندا بابەتێکی دیکەی بە ناونیشانی "مینا کو ئەم دخوازن" بڵاوکردۆتەوە. بەڵام ئەوەی شایستەی ئاماژە پێکردنە ئەم سێ وتارەش دیسان لە سەروتار دەچن چونکە لە جێگای سەروتار بڵاوکراونەتەوەو ناوی نووسەرەکەیان ئاشکرا نەکراوە واتە وتارەکان هەڵوێست‌و بۆچوونی رۆژنامەکە دەردەبڕن.

لە (ژ٤٨، ل١)دا، حەسەن هشیار وتارێکی شیکاری درێژی لەژێر ناونیشانی "کوردستان یەکیتیا کورد چ یە، و ب چ پێك تێ" نووسیووەو تێدا باسی یەکێتی زمان‌و یەکێتی تیپ‌و یەکێتی جوگرافی‌و ئامانجی کوردو رامانی کوردو دین‌و مەزهەبی کورد دەکات‌و دەڵێت:

---

٥٢٢- بوبلات: شتی هەڵبەستراو، افتراء.

"د کوردستانێ ده هەفت زاراڤ ئان شێوه هەنه، هەروەکی: سوری، کولهوری، بەختیاری، هاورمان، گەوران، زازی، و کوردمانجی.

دڤایه ئەڤ هەفت شێوه بگیینه هەڤو زمانەکی تەڤایی بێته پێ، ئەڤ ژی ب هاڤلا خوەندەڤانو رۆژنامەڤانێن مه ئێ زانا پێك تێ.

دڤێ ژ ڤان هەر هەفت زاراڤان، خوەندەڤانێ مه هەبن، و هەریەك ب زاراڤێ خوه شهر ئان نەسر بشینن رۆژنامەیێن کوردی، گەرینەنده هەردەم پرسێن دڤاو زاناکی ژ ناڤ بگرەو دناڤ زمانێ کوردی ده بچینه، پرسێن کود کوردمانجیەده تونەبن، ژ ڤان زاراڤان تەڤا بکن بڤێ پێچاندنێ یەکیتیو نێزنگیو پرانیا زمێن پێك تێ، هەکه خوەدیێ ڤان شێوان بێژن: چما زاراوێ مه ناکەڤه رەواجێ؟!..".

خالێکی دیکەی گرنگ پێویسته ئاماژەی بۆ بکەین ئەویش بابەتی وتاری وەرگێڕاوه، قەدری جان کتێبێکی بەناوی "دوەلاتێ زەمبەڤێ گەورده"، له نووسینی گریگوری پەتروف وەرگێڕاوه بۆ زمانی کوردیو بەشێوەی زنجیره وتار له (ژ٤، ل٤)ی رۆژنامەی رۆژانوودا بلاویکردۆتەوەو له پێشەکی وەرگێڕانەکەدا دەڵێت:

"بەری پێنج سالان ب تەشویقو هیمەتا دوکتۆر ئەحمەد نافز بەگ من ئەڤ کتێب وەرگەراند زمانێ کوردمانجی. من هێڤی دکر کو رۆژەکێ پەرێن چاپێ پێدابکمو ڤێ کتێبا یەکتا ژ ملەتپەروەرێن کورد نەمازه ژ خورتێن نوه بەر پێ بکم. لێ موخابن، هەتا ئیرو هێڤیاکو من دکر خویا نەبوو...

من دیت کو سال مینا شیپا ئاڤێو هەرکنو کاغەتێن کو من ل سەروان نڤیسی یه، هێدی هێدی دڕزنو کورمو مشك وان دخون...ژ ئالیێ دن مەرڤ مرنو مایینا خوه ژی نزانه، ئەز ترسیام کو پشتی خەباتو وەستاندنەکه نه هندك هێڤیا من نەچه سەری، نڤیساندنێ من یان وندا بنو یان ژی برزن. ژ لەورا دڤێ رۆژنامێ ده بەره بەره بەلاڤ دکم. هەکه خوەدێ ل هەڤ ئانی رۆژەکێ د به کتێبو تێ چاپکرن ژی...".

(١٨) ئەڵقه لەم بابەته له ژمارەکانی: (٤، ٥، ٦، ٧، ٨، ٩، ١٠، ١١، ١٢، ١٣، ١٤، ١٦، ١٧، ١٨، ١٩، ٢٠، ٢٤، ٢٥، ٤٠، ٤١) بلاوکراونەتەوەو ئەوەی تێبینی دەکرێ وەرگێڕانی کتێبەکه کۆتایی پێ نەهاتووه، چونکه له کۆتایی ئەڵقەی (١٨)دا نووسیوویەتی (هێژ هەیه)، بەلام دوای ئەو ئەڵقەیه هیچی تر بلاونەکراوەتەوه. هەروەها د. کامران عالی بەدرخان، تەفسیری

قورئـانی پـیرۆزی بـەش بـەش لـە رۆژانـوودا بڵاودەکـردەوەو بەشـی یەکـەم لـە (ژ٥٦، ل٣)دا بڵاوکراوەتـەوە لـە ژمارەکـانی (٥٩، ٦١، ٦٣، ٦٤، ٦٦، ٦٨، ٦٩، ٧٠- ٧١، ٧٢) بـەردەوام بووە. ئەم تەفسیرە تەواوکـەری ئـەو بەشـەیە کـە لـە گۆڤـاری هـاواردا دەسـتی بـە بڵاوکردنـەوەی کردووە، هەر لە (ژ٢٧) دەستی پێکردبوو، تاکو ژمارەی کۆتایی جگە لـە (ژ٥١) کـە تەفـسیری قورئان تێدا نییە.

# وتـاری رۆژنامـەگەریی لـە رۆژنـامـەی (سـتێر)دا

رۆژنامـەی ستێر وەکو پاشکۆیەکی وێنەداری رۆژنامـەی رۆژانوو دەرچـووە، ژمـارەی یەکـەمی لە رۆژی دووشەممە لە رێکەوتی ٦/١٢/١٩٤٣و ژمارەی دووەمی لە رۆژی دووشەممەی رێکـەوتی ٢٨/٢/١٩٤٤و ژمـــارەی شـــێیەمی لـــە رۆژی دووشـــەممەی رێکـــەوتی ٢٢/١٠/١٩٤٥ بڵاوکراونەتەوە. لە هەر سێ ژمارەی سـتێردا (٨) وتـار بڵاوکراونەتـەوە لـە ژمـارەی یەکەمـدا ٦ وتارو لە هەر یەکێ لـە ژمارەکـانی دیکـەدا یـەك وتـار بڵاوکراونەتـەوە. ئـەوەی جێگـای ئامـاژە پێکردنە ناوی هیچ نووسەرێك لەسەر ئەو وتارانە نەنووسراوە، واتە بە پێی نەریتی رۆژنامـەگەریی دەبێ لە نووسینی خاوەنی رۆژنامـەکە، د. کامران عالی بەدرخان، بن. هەر شەش وتـاری ژمـارەی یەکەم دەربارەی وەلاتی فرەنسانە. وتاری یەکەم بە ناونیشانی "ژان دارك خلاسکارا فرەنسێ"، لە ستوونی یەکەمی لای راستی لاپەڕەی یەکەمدا بڵاوکراوەتەوەو تێدا هاتووە:

"ژان دارك ناڤێ کەچکە وڤێ کەچکێ بەری پێنج سەد سالان، گاڤا فرەنسە کـەتبوو دەسـتێ نەیاران، وەلاتێ خوە ژدەستێ دژمنان خلاس کـر. کـەنگێ مـروڤ تـشتێن کـو ژان دارك کریـە د بهیسە ژ خوەرە دبێژە قەی چیروکەکە، لێ نەوەلێ یە، تشتەکی راستو تـاریخی یـە. قسە تـا ژان دارك سالا ١٤٢٨ ئان دە، دەست پێکریـە. دوێ وەختـێ دە فرەنـسە نـەمینا ئـیرو مـەزنو پـەڤرە گرێدایبوو. هەر پەرچەکێ فرەنسێ دەدەستێ بەگ ئان ئاغایەکی دەبووو جارناژی ئەڤ مەزنێن هە، نەیارێن هەڤو دووبوون..."

لە لاپەڕە دووی هەمان ژمارەی رۆژنامـەی سـتێردا، وتـارێکی دیکـە لـە نووسـینی (ئێلیـا ئەهرەنبورگ) لەبارەی فرەنساو شەڕی دووەمی جیهانی بڵاوبۆتەوە. لە لاپەڕە سێی ژمارە یەکـدا، وتارێکی دیکە بەناونیشانی (ژان راسین شاهرو ستران) بڵاوکراوەتەوەو تێدا هاتووە:

"هەڤینو ئەشق دلێ مروڤان گەرم دکە، هەر تشتێ هێژا کـو ئـەم ژی ب خورتیـا دلـێ خـوە هەزدکن، مینا خوەدێ، وەلات، ژنکەك، مێرانی هشێ مەروناك د کەو پەیایێ کـو ب گوتنـانو دشکلە چەلەنگ دە ڤێ گەرمی ورۆناهیێ دکارە ژ یەکێ دن رە بدە سەهکرن شاهرە. هەکـە ئـەڤ پەیا نەزانە کلامێن دوورك. بەردلوڤانی، وسترانان چێدکە، هەکە زانایە رادبە دشکلەکی سـپەهی دەشهر دنڤیسە. داستانو تیاترویان دنڤیسە. وپێڤە دچەکو وراهیا دلو هشێ مروڤان ل قـدرەت، زراڤی، سستیو کێمانیا وان هوور دنێرەو پێش چاڤان دکە.

راسین شایرەکی فرەنسیزە، سالا ١٦٣٩ دە ژ دیا خوە بوویە. ٣٠٠ سال بەری دەستپێکا ڤی شەرێ مەزن. ژ سەد سالا کو تێدە راسین عومرکریە، سەد سالا مەزن دبێژن. ژ بەرکو دوێ وەختێ دە شایرێن فرەنسیز ئێن مەزن مولیەر، بوالوو لافونتەن ژی عەمرکرنە. ئەڤ شایرێن هە گەلەك خدمەتا زمانێ فرەنسیزێ کرنەو ب نڤیسارێن وان زمانێ فرەنسیزی هێژتە کوزتر، دەولەمەنترو بە دەوتربوویە. ملەتێن پێشڤەکەتی ب شایرێن خوە ئیفتخار دکن‌و پێ سەر بلند دبن". ئەم وتارە زیاتر لە وتاری رەخنەیی دەچێت‌و زۆر بە جوانی باسی بەهرەمەندی‌و توانای شاعیرو هونەرمەند دەکات‌و بۆ رۆژی خۆی هەنگاوێکی زانستی بووە لە بواری رەخنەیی ئەدەبیدا.

لە لاپەرەی سێیەمی ژمارەی یەکدا سێ وتار بلاوکراونەتەوە، وتارێك بەناوی (کالوکالکێن رەبەن) وتاری دووەم بەناوی (فەلسەفەو فەیلەسوف)و وتاری سێیەم بەناوی (دەستەختێن چەلەنگ). لە ژمارەی دووی رۆژنامەی ستێر تەنیا یەك وتار بلاوبۆتەوە، ئەویش لە (ل٢)دا، لەژێر ناونیشانی "خەبات جا نفیدا کارینە مەزن". لەم وتارەدا، باسی بابەتێکی زۆر گرنگ‌و پێویست بۆ گەلی کورد دەکات، ئەویش خوێندن‌و نووسینەو لە وتارەکەدا دەڵێت:

"هەر وەکی ئەم ژێ بێ بەهرن، دڤێ هەمی خوەندەڤانێن مە، خوە ماموستە بەهەسیبینن، و دەرسا خەلکێ ببێژن، کورد، گوندی، پالە، و خەباتکارێن مە ژ خوەندەن ونڤیساندنێ، ژ زانینێ گەلەك هەز دکن، ومنێکاری عیلم‌و هونەرێ نە، لێ پرانیاوان باوەر دکن کو خوەندن‌و نڤیساندن تشتەکی گەلەك زەهمەتە، بێ کو مروڤ ب سالاڤە بکەڤە خوەندگا هەکێ، نکارە هینی خوەندن‌و نڤیساندنێ ببە.

دڤێ ئەم ناڤ د خەلکێ خوە بدن، وب شەوق‌و خوەشی ببن ماموستەیێن وان. دڤێ ئەم وان قانع بکن کە ئەم کوردێن خوەندا ژوان نە ئاقل ترن، ئەوژی، ئەم ژی کوردن زارۆیێن وەلاتەکینە هێژا بوو نامە — هەکە هەیە — ژ خوەندن‌و زانینێ تێ، کو وان ژی خوەندو زەحف‌و چاك خوەند ئەوێ ببن مینامە، هەکە نەچێتر...".

ژمارە سێ‌و کۆتایی رۆژنامەی ستێر تەنیا یەك وتاری لە خۆگرتووە، ئەویش بە ناونیشانی "مانە ولویە؟"، لە لاپەرەی یەکەمی رۆژنامەکەدا بلاوبۆتەوەو تێدا هاتووە:

"گوتنا چێتر ئەڤە کو کورتو راستە. پێشیا تو کەسی دە، پەسناوی نەکن، کو ئارمانجاتە راستە، هێڤی تو نەبە ژی دەست ب خەباتێ بکە، کو تە دڤێ دە، پێ دا ئەمردێ، دەریو دەرگەهـ دپێشیاتە دە ڤەدبن.

گاڤا قەدرێ یەکی دگری، بینە بیرا خوە کو توژی مینا وی مروڤەکی، وخوە دپێشیاوی دە زراڤ مەکە. قەدرێ مروڤێن هێژا تێتە گرتن، ومروڤێن هێژا، مروڤێن مەزنن، لێ نە هەوجەیە کو ئەمێ خوە بکن عەبدو خولامێ وان. یێ کو جانێ هێژ نەدایە وەلاتێ خوە، دڤێ دەست ژ خەباتا وەلێت مەکشینە.

خدمەت وئاریکاریا فەقیرو بەلەنگازا[٥٢٣] بکن، وەرن هاوارو گازیا وان، خورتو دەولەمەند ب سەرێ خوە د کارن ئێشێ خوە پێك بینن...".

ئەم وتارە زیاتر لە شێوەی ئامۆژگارییەو ئاراستەی مرۆڤی کوردی کردووە بۆ ئەوەی شیرازەی کۆمەلایەتی گەلی کورد بە تین تر بێتو یەکێتییەکەی خاوو سست نەبێت.

---

٥٢٣- بەلەنگاز: هەژار، بێ توانا: فقیر.

# بەشی چوارەم

# هونەرەکانی دەرهێنانو وێنە لە ڕۆژنامەگەریدا:

## • هونەری دەرهێنانی ڕۆژنامەگەریی

- پێناسەی دەرهێنانی ڕۆژنامەگەریی
- کارو ئەرکو ئامانجەکانی دەرهێنانی ڕۆژنامەگەریی
- ئامرازەکانی دەرهێنانی ڕۆژنامەگەریی
- مێژووی سەرهەڵدانی دەرهێنانی ڕۆژنامەگەریی
- ڕەگەزەکانی دەرهێنانی ڕۆژنامەگەریی
- دەرهێنانی لاپەڕەکان
- دەرهێنان لە گۆڤاری هاواردا
- دەرهێنان لە گۆڤاری ڕۆناهی دا
- دەرهێنان لە ڕۆژنامەی ڕۆژانوودا
- دەرهێنان لە ڕۆژنامەی ستێردا

## • هونەری وێنەی ڕۆژنامەگەریی

- جۆرەکانی وێنەی ڕۆژنامەگەریی
- نووسینی ناوەڕۆکی وێنەی هەواڵ
- وێنە لە گۆڤاری هاواردا
- وێنە لە گۆڤاری ڕۆناهی دا
- وێنە لە ڕۆژنامەی ڕۆژانوودا
- وێنە لە ڕۆژنامەی ستێردا

## هونەری دەرهێنانی ڕۆژنامەگەریی

کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بۆ چەندین کۆمەڵگای بچوکتر دابەش دەبێت، هەر کۆمەڵگایەك تایبەتمەندی خۆی هەیەو جیاوازە لە ئەوانی دیکە ئەو تایبەتمەندییە جیاوازییانەش کەسایەتی کۆمەڵگاکە دروست دەکەن. کەسایەتی هەر مرۆڤێکیش هەر بەم پێوەرانە دروست دەبێت. ڕۆژنامە یان گۆڤار ئەوانیش دەزگای کۆمەڵایەتین هەر بەو پێوەرانە کەسایەتی خۆیان دروست دەکەن، هەر ڕۆژنامەیەك یان گۆڤارێك خاوەن تایبەتمەندی خۆیەتی‌و جیاوازە لە هاوچەشنەکانی دیکە بۆ دروستکردنی کەسایەتی ڕۆژنامە یان گۆڤار سێ جۆرە چوارچێوی هەیە وەکو:

١. چوارچێوەی ئایدۆلۆژیەتی ڕۆژنامە یان گۆڤارەکە.
٢. چوارچێوەی شێوازی دەرهێنانی هونەری ڕۆژنامە یان گۆڤارەکە.
٣. چوارچێوەی جۆری خوێنەرانی ڕۆژنامە یان گۆڤارەکە[٥٢٤].

دەرهێنانی ڕۆژنامەگەریی Layout زانست‌و هونەرە، چونکە لەسەر دوو بناغەی گرنگ دروست دەبێت، یەکەمیان پرۆسەی داهێنانە کە لەسەر بنەمای دەروونی‌و ئێستاتیکی بینادەکرێت‌و ئارمانجەکەی دروستکردنی روخساری دەرەوەی ڕۆژنامە یان گۆڤارە بەشێوەیەکی گونجاو. بناغەی دووەم بەکارهێنانی زانیاری‌و کارزانی‌و هۆکارو تەکنەلۆژیای پێویستە بۆ بیناکردنی ئەو روخسارە، وەکو جل‌و بەرگێك بکرێتە بەر ڕۆژنامە یان گۆڤارەکە.

دەرهێنان بەشێوەیەکی تیۆری لەسەر بنەمای پەیوەندی دیالێکتیکی لەنێوان روخسارو ناوەڕۆکدا دروست دەبێت‌و جێگای گەورەو تایبەت بۆ ناوەڕۆکە، هەر گۆڕانکارییەك لە ناوەڕۆکدا ڕووبدات پێویستە روخسارەکەش بگۆڕدرێت، چونکە روخسار ڕۆڵێکی تایبەتی هەیەو کاردەکاتە سەر ناوەڕۆك. هەروەها دەرهێنانی ڕۆژنامەگەریی لەسەر چەند بناغەیەکی دیکەش دروست دەبێت ئەوانەش چوار جۆرن، وەکو: بناغەی ڕۆژنامەگەریی کە پەیوەندی بە ئایدۆلۆژیای ڕۆژنامەکەو هەڵسەنگاندنی بۆ هەواڵ‌و بابەت‌و گرنگی پێدانەکانی خوێنەرانەوە هەیە. بناغەی

---

٥٢٤- فاروق ابو زید، مدخل الى علم الصحافة، الناشر عالم الكتب، القاهرة — مصر، ١٩٨٦، ص٢٧٣.

دەروونی کە پەیوەندی بە زانینی ئاراستەکانی رای گشتیو بیرکردنەوەی خەڵكو چێژو فیزیۆلۆجییەوە هەیە کە پەیوەستە بە یاساکانی بینینو جوڵانەوەی چاوو کاریگەری تیشك لەسەر کەرەستەکە. بناغەی هونەری کە کار بۆ دروستکردنی گونجانو ریتمو راشکاویو ئاسانی خوێندنەوەو پەیداکردنی چالاکیو سەرنج راکێشانو جوانی دەکات[٥٢٥].

---

٥٢٥- طلعت همام، مائة سؤال عن الاخراج الصحفي، ط١، موسوعة الاعلام والصحافة، دار الفرقان للنشر والتوزيع، عمان – الاردن، ١٩٨٤، ص١٣-١٢.

## پێناسەی دەرهێنانی ڕۆژنامەگەریی

هونەری دەرهێنانی ڕۆژنامەگەریی لە ڕۆژنامەیەك بۆ ئەوی دیکەو لە گۆڤارێك بۆ ئەوی تر دەگۆڕێت، واتە جیاوازی یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی دەرهێنان، واتە ئەم هونەرە بە شێوەو شێوازی جیاجیا دەخرێتە ڕوو، لە قۆناغێك بۆ قۆناغێکی دیکە گۆڕانی بەسەر دادێت، هەر لەبەرئەوەش پێناسەکردنی دەرهێنانی ڕۆژنامەگەریی بەشێوەیەکی جیاواز دەکرێت.

دەرهێنانی ڕۆژنامەگەریی واتە "دابەشکردنی یەکەکانی چاپکردن Typographic Units لەسەر پانتایی لاپەڕەی ڕۆژنامە بۆ بەدەست هێنانی ئەو ئامانجانەی کاری بۆ دەکات، وەکو خستنەڕووی هەندێك یەکە بە زەقیو کارکردن بۆ پیشاندانی هەموو یەکەکان بەشێوەیەك کە بۆ خوێنەران ئامادەبێت بە ئاسانی بخوێنرێتەوە"[526].

دەرهێنانی ڕۆژنامەگەریی بە بۆچوونێکی دیکە پێناسە دەکرێت، کە دەڵێت: دەرهێنانی ڕۆژنامەگەریی هەنگاوێکە لە هەنگاوەکانی بەرهەمهێنانی ڕۆژنامە، پەیوەندی بە ڕوخساری دەرەوەو شێوەی هونەرییەکەوە هەیە، واتە کاریگەری لەسەر ئەو لایەنانەی گرێدای ناوەڕۆکن هەیەو دەربڕی ئەوە[527]. پێناسەیەکی دیکە بە تێڕوانینێکی پیشەیی دەڕوانێتە ئەم هونەرەو دەڵێت: دەرهێنان پراکتیزەکردنی کۆمەڵێکی نەگۆڕە لە بنەما، کە پەیوەندییان بە دۆخێکی دیاریکراوەوە هەیە، وەکو ڕێكو پێککردنی ڕەگەزەکانی بانگەشەیەك لە لاپەڕەیەکدا یان لە بەشێکدا یان لە ژمارەیەکدا[528].

پێناسەیەکی دیکەی دەرهێنان بە کەسایەتی ڕۆژنامە یان گۆڤارەکە بەستراوەتەوە، کە دەڵێت: "دەرهێنانی هونەری Layout بریتییە لە ئامادەکردنو دەرهێنانی هونەرییانەی چاپکراوێك بەرلەوەی بچێ بۆ چاپخانە. لەپێناوی دەرهێنانی هونەرییانەی هەر چاپکراوێکیش دەبێ ڕەچاوی

---

٥٢٦- د. فهد بن عبدالعزيز بدر العسكر، الاخراج الصحفي اهميته الوظيفية واتجاهاته الحديثة، ط١، مكتبة العبيكان، الرياض – السعودية، ١٩٩٨، ص١٥.

٥٢٧- م. نورالدين أحمد النادي، رستم ابو رستم، فن الاخراج الصحفي، ط١، مكتبة المجتمع العربي للنشر، عمان – الاردن، ٢٠٠٤، ص٢٠.

٥٢٨- مالكولم ف. ماليت، رفيق الصحافيين، ترجمة عبدالرحمن أياس، اللجنة الدولية لحرية الصحافة، ١٩٩٠، ص٨٦.

بەیەکەوەسازانی ناونیشانی سەرەکیو لقەکانو دەقەکانو وێنەو نەخشەی هێلکاریو، ڕەنگەکان بکرێت بۆ ئەوەی جوانییەکی بەرچاوو سەرنج کێشکەر بە کەسایەتی چاپکراوەکە بدات"[٥٢٩].

پێناسەیەکی دیکە بە دیدێکی بازرگانی دەڕوانێتە دەرهێنانی ڕۆژنامەگەریی، زانیاری ڕۆژنامەگەریی بە کاڵایەکی ئابووری دەچوێنێت کاتێ کە دەڵێت: دەرهێنانی ڕۆژنامەگەریی هونەری لە قووتوو بەندکردنی زانیاری چاپکراوە[٥٣٠].

پێناسەیەکی دیکە بە بۆچوونێکی هونەری سەیری دەرهێنانی ڕۆژنامەگەریی دەکات. بەلای ئەوانەوە مەبەست لە دەرهێنانی ڕۆژنامەگەریی تەنیا ئیستاتێکا نییە، چونکە دەرهێنانی ڕۆژنامەگەریی هونەرێکی پراکتیکییە مەبەستو ئامانجەکانی ڕۆژنامەگەریی سەرکەوتوو بەدەست دێنێت کە بریتییە لە ڕاشکاویو وردیو ڕاستگۆیی لە دەربڕینو ئاسانی خوێندنەوەو سەرنج ڕاکێشانی ڕۆژنامەکە لەلای خوێنەرانەوە[٥٣١].

هەندێك سەرچاوە جیاوازی لەنێوان دەرهێنانی ڕۆژنامەگەرییو دیزاین یان نەخشەسازی ناکەنو بەیەك شتی دەزانن وەکو (م. نورالدین احمد النادی ورستم ابو رستم)[٥٣٢]. بەڵام هەندێکی دیکە دەرهێنان لە دیزاین جودا دەکەنەوەو بۆ هەر یەکێك چوارچێوەیەك دەست نیشان دەکەن، وەکو (د. فهد بن عبدالعزیز بدر العسکر)[٥٣٣]، کە دیزاین یان نەخشەسازی بە بەشێك لە دەرهێنانی ڕۆژنامەگەریی دەزانێت. هەروەها (د. سعید الغریب البخار)[٥٣٤] پشتگیری لە بۆچوونی دووەم دەکات.

---

٥٢٩- بەدران ئەحمەد حەبیب، فەرهەنگی زاراوەگەلی ڕاگەیاندن، ل٩٤.

٥٣٠- سمیر صبحي، الجورنال من الصفحة الاولى للصفحة الاخيرة، دار المعارف، القاهرة – مصر، ١٩٩٥، ص١٥١.

٥٣١- د. ابراهيم إمام، دراسات في الفن الصحفي، ص٢٢١.

٥٣٢- م. نورالدين أحمد النادي، رستم ابو رستم، فن الاخراج الصحفي، ص٢٠.

٥٣٣- د. فهد بن عبدالعزيز بدر العسكر، الاخراج الصحفي اهميته الوظيفية واتجاهاته الحديثة، ص١٦.

٥٣٤- د. سعيد الغريب النجار، مدخل الى الاخراج الصحفي، ط١، الدار المصرية اللبنانية، القاهرة، ٢٠٠١، ص١٣.

## کـارو ئـەرك‌و ئامـانجەکـانی دەرهێنـان

گرنگـی دەرهێنـانی ڕۆژنامەگـەریی پەیوەندییـەکی بـەتینی لەگـەڵ کـارو ئەرکـەکانی ڕۆژنامەگەریی هەیە. دەرهێنانی ڕۆژنامەگەریی بایەخ بە دوولایەنی گرنگ دەدات:

١. دانـانی دیزاینـی بناغـەیی، کە بریتییـە لـە دیمـەنی گشتی‌و دەبێتـە سیمای نـەگۆڕی ڕۆژنامەکە.

٢. دابەشـکردنی کەرەسـتەی نووسـینی ڕۆژنامەگـەریی‌و کەرەسـتەی بانگەشـەکردن‌و تەرخانکردنی جێگای گونجاوو پانتایی سنووردار، بە شێوازێك کە دیارو ئاشکرابن، بەمە دەڵێن کاری ڕۆژانەی دەرهێنان[٥٣٥].

دەرهێنان ئەو ڕوخسارەیە کە بەو ڕێگایەوە ناوەڕۆکی ڕۆژنامەگەریی پێشکەش بـە خوێنـەران دەکات. چونکە ناوەڕۆك تەنیا فاکتەر نییە بۆ سەرنج ڕاکێشانی خوێنـەران، بـەڵکو دەرهێنـان‌و چۆنیەتی چاپکردن‌و دابەشکردنی بابەت‌و کەرەستەکان لەسەر لاپـەڕەکانی ڕۆژنامـە یـان گۆڤـار دەبێتە فاکتەرێکی دیکەی بەهێز بۆ ڕاکێشانی خوێنەران‌و کۆکردنەوەیان لە دەوروبەری ڕۆژنامـە یان گۆڤارەکە.

لێکۆڵینەوەیەك[٥٣٦] ئاماژە بەوە دەکات کە جوانی چاپکردنی ڕۆژنامە دەبێتە هۆی ڕاکێشانی خوێنەران بە ڕێژەی ٤٦,١٪، هەروەها دەرهێنـانی بـاش دەبێتـە هـۆی ڕاکێـشانی خوێنـەران بـە ڕێژەی ٣٨,٨٪ کۆی هەردووکیان دەبێتە ٨٤,٩٪، ئەمـەش ڕێژەیەکی یەکجار زۆرە ئەگـەر بـزانین تەنیا ١٥,١٪ بۆ ناوەڕۆکی ڕۆژنامە یان گۆڤار دەمێنێتەوە. جگـە لەمـەش ئەگـەر بەشـێوەیەکی پراکتیکی مامەڵە لەگەڵ بابەتەکە بکەین، لە بـازاڕی پـەرتووك‌و ڕۆژنامـەو گۆڤارەکـان دەبیـنین دەزگاکانی بڵاوکردنەوە، ئەوانەی بە دیدێکی بازرگانی کاردەکـەن، گرنگییـەکی زۆر بـە لایـەنی دەرهێنـان دەدەن. خـاڵێکی دیکـەی گرنگـی دەرهێنـانی ڕۆژنامەگـەریی ئەوەیـە، کـە دەبێتـە

---

٥٣٥- م. نورالدين أحمد النادي، رستم ابو رستم، فن الاخراج الصحفي، ص٢٠.

٥٣٦- د. فهد بن عبدالعزيز بدر العسكر، الاخراج الصحفي اهميته الوظيفية واتجاهاته الحديثة، ص٨٧.

چوارچێوەیەك بۆ دەست نیشانکردنی کەسایەتی ڕۆژنامە یان گۆڤار. مەبەست لە دەرهێنانی ڕۆژنامەگەریی بە دەستهێنانی چەنند ئامانجێکە لەوانە:

١. بەرزکردنەوەی ڕێژەی خوێندنی ڕۆژنامە یان گۆڤارەکە.

٢. دەست نیشانکردنی شوێنی بابەت کە لەگەڵ گرنگی بابەتەکە بگونجێت، لە رووی قەبارەو ناونیشانو جێگاکەی لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامە یان گۆڤار.

٣. دیزاین کردنی لاپەڕەکان بەشێوەیەك کە سەرنج ڕاکێشو مەرەقدار بێت بۆ خوێنەرو مەبەستەکانی بە دەستەوە بێنێتو خوێندنەوەی ئاسانو خۆش بێت.

٤. کەسایەتی ڕۆژنامە یان گۆڤار دروست بکات بەشێوەیەك کە خوێنەر بە ئاسانیو لەیەکەم دیتنیدا بیناسێت[٥٣٧].

٥. جوانییەك بە لاپەڕەکان ببەخشێت، ئەمەش دەبێتە هۆی ڕاکێشانی خوێنەران، بەپێی تیۆرە نوێیەکانی بواری هونەرە پراکتیکییەکان، کە بەهاکانی ئیستاتیکا لەسەر کاری جێبەجێ کردنی شتەکان زیادبکرێت بۆ ئەوەی ئەم شتانە لە خەڵك نزیك ببنەوە، ئەمەش لەم سەردەمەدا بۆ ڕۆژنامەو گۆڤار زۆر گرنگە چونکە ڕکەبەرییەکی گەورە لەم بوارەدا هەیە[٥٣٨].

دەرهێنانی ڕۆژنامەگەریی لەسەر چەند بنەمایەکی جیاواز دروست دەبێت لەوانە:

١. بنەمای ڕۆژنامەگەریی:

دەرهێنانی ڕۆژنامەگەریی پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ هەڵسەنگاندنو گرنگی هەواڵو بابەتەکانی ڕۆژنامە یان گۆڤار هەیە، چونکە پێویستە هەر بابەتێك بەپێی گرنگییەوە جێگاو شوێنو قەبارەی بۆ دەست نیشان بکرێت، ئەم کارەش دەچێتە ناو چوارچێوەی دەرهێنان. ڕۆژژنامەگەری نوێ بابەت بەسەر خوێنەراندا ناسەپێنێت، بەڵکو لێکۆڵینەوە لەسەر حەزو گرنگی پێدانەکانی خوێنەران دەکاتو بەپێی ئەو حەزو گرنگی پێدانانە، گرنگی بە هەواڵو بابەتەکانی خۆی دەدات[٥٣٩].

---

٥٣٧- د. ابراهيم إمام، دراسات في الفن الصحفي، ص٢٢١.

٥٣٨- د. فهد بن عبدالعزيز بدر العسكر، الاخراج الصحفي اهميته الوظيفية واتجاهاته الحديثة، ص١٢١.

٥٣٩- طلعت همام، مائة سؤال عن الاخراج الصحفي، ص١٣.

٢. بنەمای دەروونی:

بێگومان هونەری ڕۆژنامەگەریی بنەما دەروونییەکانو لێکۆڵینەوە ئەزموونگەرییەکان لەبەرچاو دەگرێتو گرنگی پێدەدات. گرنگترین فاکتەری دەروونی کە کاریگەری لە ڕۆژنامەگەریدا هەبێت: تەمەنو ئاراستەی بۆچوونو چێژی خوێنەرانە لەگەڵ بیرکردنەوەی خەڵکو ڕۆشنبیرییان، هەروەها دابو نەریتی خوێندنەوەو ڕۆڵی ڕەنگەکان لە کاریگەریو ئاسانکردنو قایلکردنی خوێنەرانە[540].

٣. بنەمای فیسیۆلۆجی:

پێشکەوتنی لێکۆڵینەوەی پزیشکیو توێژینەوەی دیتنو ڕووناکی بووەتە هۆی ئەوەکە تیشک بخرێتە سەر ئاریشەو گیروگرفتەکانی خوێندنی ڕۆژنامەو گۆڤارەکانو کاریگەرییەکەی لەسەرچاو. لەبەرئەوە پێویستە دەرهێنەری ڕۆژنامەگەریی بزانێت کە خوێنەری ڕۆژنامەو گۆڤار خوێنەری پەرتووک نییەو لە بارودۆخێکی نالەباردا ئەو کارە ئەنجام دەدات، چونکە لەوانەیە یەکێك لەناو ئوتومۆبێل، شەمەندەفەر یان جێگایەکی دیکە ڕۆژنامە بخوێنێتەوەو لەوانەیە ڕووناکی ئەو شوێنە کەم بێت[541].

٤. بنەمای هونەری:

لە دەرهێنانی ڕۆژنامەگەریی نوێدا، دەرهێنەر دەتوانێت ڕەگەزە جیاجیاکانی چاپکردن هەر لە پیتو وێنەو نیگارو نەخشەوە بە هەمان ڕێگا پیشان بدات، کە هونەرمەندێك وێنەو نیگارەکانی خۆی دەخاتە ڕوو. دەرهێنەری ڕۆژنامەگەریی، وەکو یەکەیەکی هونەری تەواوو یەکگرتوو لە ڕووی ڕوخساری گشتیو دەرهێنانی هونەرییەوە سەیری ئەو ڕۆژنامە یان گۆڤارە دەکات کە دەری دەهێنێ. لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە هەر بابەتێك لە جێگای دروستی خۆی دابنێت[542].

---

٥٤٠- سەرچاوەی پێشوو، ل١٥.

٥٤١- سەرچاوەی پێشوو، ل١٧.

٥٤٢- سەرچاوەی پێشوو، ل٢١.

## ئامرازەکانی دەرهێنانی رۆژنامەگەریی

دەرهێنانی رۆژنامەگەریی لە ئەنجام دانی کاری خۆیدا دوو جۆرە ئامراز بەکاردێنێت وەکو:

١. رەگەزە نەگۆڕەکانی چاپ:

ئەم جۆرە رەگەزانە لە سەرووی لاپەڕەی یەکەمدا جێگا دەگرن‌و بریتین لە: ناوی چاپەمەنی، دوو گوێچکە، گەردن. کە پێناسەی رۆژنامەکەو ژمارەو مێژووی دەرچوونی‌و نرخەکەی لەخۆدەگرن لەگەڵ هەندێ زانیاری دیکە.

لە لاپەڕە ناوخۆییەکان بریتییە لە: ناونیشانی لاپەڕەکە، ناونیشانی گۆشە یان ستوونەکان، ژمارەی لاپەڕە، ناونیشانی رۆژنامە، مێژویی دەرچوونی.

٢. رەگەزە گۆڕاوەکانی چاپ بەگوێرەی سروشتی کەرەستەی رۆژنامەو بانگەشەکردن:

ئەم جۆرە بریتییە لە: پیتی مەتن (ناوەڕۆك)، ناوبڕەکان (فواصل)، نەخشەکان، چوارچێوە (پەرواز)، کەرەستەی وێنەیی‌و نیگاری، رەنگ، زەمینەکان، بۆشاییەکان، ناوی نووسەر یان نیگارکێش یان وێنەگر[٥٤٣].

٥٤٣- م. نورالدين أحمد النادي، رستم ابو رستم، فن الاخراج الصحفي، ص٢٠.

## مێژووی سەرهەڵدانی دەرهێنانی ڕۆژنامەگەریی

هەر هونەرو زانستێك لەگەڵ ڕێرەوی ژیاندا گۆڕانی بەسەرداهاتووە، قۆناغ بە قۆناغ پێشکەوتووە، بەپێی بارودۆخ و پێداویستییەکانی سەردەمەکە گەشەی بەخۆیەوە بینیووە. هونەری دەرهێنانی ڕۆژنامەگەریی مێژووی خۆی هەیە، لە کۆندا پرۆسەی دەرهێنانی ڕۆژنامەگەریی هەروەکو سیستەمی دەرهێنانی پەرتوك بووە، بە ڕۆژنامەکانیان دەگوت پەرتوکی هەواڵ News books و بە ڕۆژنامەنووسیشیان دەگوت دانەر Author[٥٤٤].

لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەم شۆڕشی پیشەسازی لە ئەوروپا دەستیپێکرد، پاشان لەسەرتاسەری جیهان بڵاوبووەوە، هەروەها بای دیموکراسی ئەوروپای گرتەوە، پاشان بیروباوەڕی سوسیالیستی سەریهەڵدا لەگەڵ ڕێزگرتن لە مافی گەلان. لەم ماوەیەدا دەوڵەتانی ئەوروپا دانیان بە ئەرکە کۆمەلایەتییەکانی خۆیان داناو فێرکردن و ڕۆشنبیرکردنی خەڵك و پاراستنی تەندروستیان و بەرزکردنەوەی ئاستی ژیانیان بە ئەرکی خۆیان زانی، لەگەڵ خۆشکردنی زەمینە بۆ ژیانێکی بەختەوەر. ڕۆژنامەگەریی ئەو سەردەمەش بەو بیروباوەڕو گۆڕانکاریانە کاریگەر بووە، بە پێویستی زانیوە کە کارو ئەرکەکانی خۆی فراوانتر بکات بۆ ئەوەی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا سوودی لێ وەربگرن. لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم، لەگەڵ سەرهەڵدانی ڕۆژنامەگەریی میللی بیر لە گۆڕانی ڕوخساری ڕۆژنامەگەریی کرایەوە، بۆئەوەی لەگەڵ ناوەڕۆك و پەیامی ئەو جۆرە ڕۆژنامەگەرییە بگونجێت.

گەورەترین گۆڕانکاری لە دەرهێنانی ڕۆژنامەگەریی لە ساڵی ١٨٩٠[٥٤٥] ڕوویدا، ئەویش لە ڕۆژنامەکانی نیویۆرك وورلد Newyork World، کە لەلایەن پولیتزەر Pulitzer دەردەچوو، ڕۆژنامەی مورنینگ جورنال Morning Journal، کە لەلایەن هێرست Hearst دەردەچوو. دیارترین سیماکانی ئەم گۆڕانکارییە دەرکەوتنی مانشێتی گەورەو درێژ بوو بە قەد فراوانی لاپەڕەی ڕۆژنامەکە، یان بە قەد پانی چەند ستوونێك. لەگەڵ زیاد

---

٥٤٤- د. ابراهيم إمام، دراسات في الفن الصحفي، ص٢٢٢.

٥٤٥- سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢٥.

بڵاوکردنەوەی وێنەو نیگارو زێدەڕۆیی لە هەواڵە سەرنج ڕاکێشەکان لە ڕووی نووسینو دەرهێنانەوە.

لە ڕۆژی ٢٨ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٠٤ تاقیکردنەوەی دووەمی نورسلکینی سەرکەوت کاتێ ڕۆژنامەی دەیلی میرۆر Daily Mirror بڵاوکردەوە، دەرهێنانێکی تازەی تێدا بەرکاهێنابوو. ئەم شێوازەی دەرهێنان بووە مایەی لاسایکردنەوەی چەند ڕۆژنامەیەکی دیکەی بەریتانیاو ئەم شێوازە تاکو ساڵی ١٩٣٣ بەردەوام بوو[٥٤٦].

لە ساڵی ١٩٣٣ ئارسەر کریستیانسن Arthur Christiansen بوو بە سەرنوسەری ڕۆژنامەی دەیلی ئەکسپرێس Daily Express. ئەمە توانی شێوازی نورسکلینی بگۆڕێت. بۆ جاری یەکەم لە مێژوویی دەرهێنانی ڕۆژنامەگەریدا دەبینین کریستیانسن وەکو تابلۆیەکی سپی دەڕوانێتە لاپەڕەی ڕۆژنامە، دەتوانێت بە حەزو ئارەزووی خۆی، کەرەستەکانی ڕۆژنامەگەریی لەسەر لاپەڕەکە پیشان بدات، بەبێ ئەوەی ڕەچاوی ستوونەکانی ئەو لاپەڕەیە بکات یان بەبێ بەکارهێنانی ستوونەکان. بەمە دەرهێنان لە سیستەمی ستوونەکان ڕزگاربوو[٥٤٧]. پاشان شێوازی دەرهێنانی ئاسۆیی پەرەیسەندو زۆر پێشکەوت، ئەم شێوازە زۆر جیاوازە لە شێوازی ستوونی لاسایکەر[٥٤٨].

دەرهێنانی ڕۆژنامەگەریی لە وڵاتانی عەرەبی، بە تایبەتی لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا سیمای پاشکەوتنو دواکەوتنی پێوە دیاربوو، زۆر سادەو ساکاربوو. ڕۆژنامەی (الوقائع المصریە) کە یەکەمین ڕۆژنامەی عەرەبییە، ساڵی ١٨٢٨ دەرچووە، لە سەرەتای دەرچوونی تەنیا بە دوو ستوونو بە قەبارەی نیو لاپەڕەی تابلوید Tabloidو، بەبێ ناونیشانی هەواڵو بابەتەکان بووە. پاشان وردە وردە ئەم شێوازە گۆڕانی بەسەرداهاتو ڕۆژنامەی ئەهرام لەسەرەتادا بە سێ ستوون دەردەچوو، پاشان لە ساڵی ١٨٨٦ بوو بە چوارو پێنج ستوون، ساڵی ١٨٩٠ بوو بە شەشو ساڵی ١٨٩٧ بوو بە حەوتو پاشان گەیشتە هەشت، ساڵی ١٩٣١ جارێکی دیکە بوو بە حەوت[٥٤٩].

---

٥٤٦- طلعت همام، مائة سؤال عن الاخراج الصحفي، ص١٢.

٥٤٧- د. ابراهيم إمام، دراسات في الفن الصحفي، ص٢٢٦.

٥٤٨- طلعت همام، مائة سؤال عن الاخراج الصحفي، ص١٢.

٥٤٩- د. ابراهيم إمام، دراسات في الفن الصحفي، ص٢٢٧.

رۆژنامەی کوردستان کە یەکەمین رۆژنامەی کوردییە، رۆژی ۲۲ی نیسانی ساڵی ۱۸۹۸ لە وڵاتی میسر دەرچوو، لەسەرەتادا تاکو ژمارە (۲۰) بیست بە دوو ستوون دەرچووە، لە (ژ۲۰، ۲۱، ۲۲، ۲۳) بە سێ ستوون دەرچووە، پاشان جارێکی دیکە بووە بە دوو ستوون. هەروەها لە ژمارەکانی سەرەتادا وتارەکانی بەبێ ناونیشان بڵاودەکردنەوە، پاشان تاک تاک ناونیشان بەرچاودەکەوێ. هەروەها ناوی رۆژنامەکە هەر لە ژمارە (۱)دا تاکو ژمارە (۱۵) بە یەك ئەلفەو بێ نووسراوە، ئەویش ئەلفەو بێی عەرەبییە، نووسراوە (کردستان). پاشان لە ژمارە (۱٦) تاکو ژمارە (۳۱) جگە لە ژمارەی (۲٤)، لەژێر ناوی رۆژنامەکە بە ئەلفەو بێی لاتینی یان بە زمانی ئینگلیزی نووسراوە (Kurdistan).

دوای ئەوە کە بڵاوبوونەوەی رۆژنامەی کوردستان لە میسر چووە دەرەوە، لە (ژ۲٤)و بەسەرەوە، بە زمانی ئینگلیزی لە گۆشەی سەرەوەی لای چەپی لاپەڕەی یەکەمدا، سەرنووسەری رۆژنامەکە (عەبدولرەحمان بەدرخان) ناونیشانی خۆی بە زمانی ئینگلیزی نووسیووە. پێویستە ئاماژە بە خاڵێکی دیکە بکەین ئەویش لەگەڵ گۆڕانی سەرنووسەری رۆژنامەکە جۆرو قەبارەی فۆنتی نووسینی رۆژنامەکە گۆڕا. فۆنتی نووسینی ناوی رۆژنامەکە گەورەیە، بەڵام فۆنتی مەتن لەگەڵ فۆنتی ناونیشان زۆر لە یەکتر جیان، بەڵکو لە رووی رەنگەوە نووسینی ناونیشانەکان تاریکترە.

دوور نییە ئەم گۆڕانەش بەهۆی گۆڕینی چاپخانە بێت، چونکە (ژ۱، ۲، ۳) لە چاپخانەی (هلال) چاپ بووە، (ژ٤، ٥) لە چاپخانەی کوردستان چاپ بووە، (ژ٦، ۷، ۸، ۹، ۱۱، ۱۳، ۱٤، ۱٥، ۱٦، ۱۷، ۱۸) لە چاپخانەی (جەمعیەتا تفاقو قەنجیا مسلمانا) چاپ بووە، (ژ۲۰، ۲۱) تەنیا لە سەری نووسراوە لە میسر چاپ بووە، (ژ۲۲، ۲۳) ئەم دەستەواژەیەی لەسەر نووسراوە (هندیة مطبعة سنده طبع اولمشدر) لە (ژ۲٤، ۲٥، ۲٦، ۲۷) ناوی هیچ چاپخانەیەك دیار نییە. لە (ژ۲۸، ۲۹، ۳۰، ۳۱) دەستەواژەی (انتقام مطبعة سنده طبع اولونمشدر) لەسەر نووسراوە.

## ڕەگەزەکانی دەرهێنانی ڕۆژنامەگەریی

هەر هونەرێك یان زانستێك بە ڕێگای چەند ڕەگەزێکەوە دەتوانێت کارو ئەرکەکانی خۆی ئەنجام بدات، هونەری دەرهێنانی ڕۆژنامەگەریش خاوەن چەند ڕەگەزێکەو بە ڕێگای ئەوانەوە، کارو ئەرکەکانی خۆی رادەپەڕێنێت لەوانەش:

١. ڕووبەری لاپەڕەکان.

٢. ژمارەی لاپەڕەکان.

٣. دابەشکردنی کەرەستەو بابەتەکان.

٤. جۆری کاغەز.

٥. بانگەشە.

٦. بیناکردنی لاپەڕە.

٧. ژمارەی ستوونەکان.

٨. ڕەگەزەکانی تایپۆگرافیا.

٩. فەلسەفەی دیزاین (نەخشەسازی)[٥٥٠].

---

٥٥٠- م. نورالدین أحمد النادي، رستم ابو رستم، فن الاخراج الصحفي، ص٢١.

## دەرهێنـــانی لاپــەڕەکـــان

دەرهێنــانی لاپــەڕەکانی ڕۆژنامــەو گۆڤارەکــان، گۆڕەپــانی پراکتیکــی کــاری دەرهێنــانی ڕۆژنامەگەرییــە. دەرهێنــەرەکان هــەموو توانــاو شــارەزایی خۆیــان بــۆ ئامــادەکردنی شــێوەو (دیزاینــی) نەخشەسازی بناغــەیی لاپــەڕەکانی ڕۆژنامــەو گۆڤارەکــان بــەکاردێنن. دەرهێنــانی ڕۆژنامــە لــە دەرهێنــانی گۆڤــار جیایــە لەبــەر کاریگــەری پێکهاتــەی شــێوەی بناغــەیی هــەر یەکێکیان، بە تایبــەتی ئــەوەی پەیوەنــدی بــە قــەبارەوە هەیــە، وەکــو دابەشــکردنی ستوونەکانو ژمارەی لاپەڕەکانو دابەشکردنی بابەتــەکان، لەگــەڵ جــۆری کاغــەز. لەبەرئــەوە داواکارییــەکانی ئامادەکردنی نەخشەسازی بناغەی جیاوازە، لەکاتێکدا وەکو یەکەیەکی دەرهێنان مامەڵە لەگەڵ لاپەڕەی ڕۆژنامە دەکاتو بریتییە لە ژمارەیەکی جیاواز لە یەکەکانی چاپکردن لە ڕووی قەبارەو شێوەدا، بەپێی بناغەی هونەری نەخشەسازی (یەکە، هاوتایی، جیاوازی، جولە، گونجاندن...هتد) دابەش دەکرێن، بەڵام لە گۆڤاردا بابەت دەبێتە بناغە بۆ یەکەی دەرهێنان، چونکە لەوانەیە هــەر بابــەتێك چــەندین لاپــەڕە داگیربکــات. هــەروەها دەرهێنــانی ڕۆژنامــە لــە دەرهێنــانی گۆڤــار جیادەکرێتــەوە بــەپێی سروشــتی ڕەگــەزەکانی چــاپکردن، کــە لــە کــاری چــاپکردنی یەکــەکان بەکاردێن. لە دەرهێنانی گۆڤارەکاندا زیاتر وێنەو ڕەنگ لەگەڵ نەخشەسازی بەرگو هونەرەکانی دیکەی چاپەمەنی، سەرەڕای جۆری کاغەز، ڕۆڵ دەبینن.

### أ. دەرهێنانی لاپەڕە یەك:

لەکاری دەرهێنانی ڕۆژنامەگەریی بە گشتیو دەرهێنانی ڕۆژنامــە، بــە تایبــەتی دەرهێنــانی لاپەڕە یەك ڕۆڵێکی گەورەو کاریگەر دەبینێتو، زیاتر گرنگی پێدەدرێت، چونکە "ڕۆژنامــە بــە دیمەنو ڕواڵەتەکەی دەرەوەی یەکەم کاریگەریەتی خۆی دەکاتە سەر هەســتو دەروونــی خــەڵکی، ئەمە بەرلەوەی ناوەڕۆکەکەی کاری خۆی بکات، ئەم ڕواڵەتــەش لــە دیمــەنی لاپــەڕە یەکــدا خــۆی دەنوێنێ، ڕێبازو بۆچــوونی خــۆی لــە دەرهێنانیــدا دەخاتــە ڕوو، کەســایەتی خــۆی پێــدەردەبڕێو سیاسەتی لە نووسینو ڕاگەیاندندا ئاشکرا دەکات"[٥٥١].

---

٥٥١- عەبدولقادر عەلی مەردانو ئەحمەد سەید عەلی بــەرزنجی، چــاپکردنو نەخشــەسازی، چ١، کتێبی برایەتی ژمارە (٤)، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ١٩٩٩، ل٨٥.

واتە لاپەڕە یەك ڕەنگدانەوەی ڕوخسارو ناوەڕۆكی ڕۆژنامەیەو ئەو دەرگایەیە كە خوێنەران بە ڕێگای ئەوەوە دەچنە ناو لاپەڕەكانی دیكەی ڕۆژنامەو لە ئەنجامدا ئاشنایەتییەك لەنێوان هەردوولادا دروست دەبێت. لەبەر گرنگی لاپەڕەی یەكەم پێویستە لەكاری دەرهێناندا چەند بنەمایەك ڕەچاوبكرێن لەوانە:

١. دەرهێنانی لاپەڕەی یەكەم ڕەنگدانەوەی گرنگی پێدانی ڕۆژنامەنووسان بە حەزو ئارەزووەكانی خوێنەران بێت، بە ڕێگای دیاریكردنی ئەو بابەتانەی كە پێویستییەكانی خوێنەران بەجێ دێنێت، لە ڕووی پەیوەندی پێكردن. لەگەڵ كاركردن بۆئەوەی لاپەڕەی یەكەم لە لاپەڕەكانی دیكە ئاسانتر بێت بۆ خوێندنەوە.

٢. پێویستە شێوەی دەرهێنانی لاپەڕەی یەكەم تازە بێت، چونكە ڕۆڵێكی گەورە لە بەدیهێنانی ئامانجەكانی ڕۆژنامەكە دەبینێت، ئەم مەبەستە لە دەرهێنانی لاسایی‌و كۆن بە دەستەوە نایێت. هەروەها پێویستە لاپەڕەكە سەرنج ڕاكێش‌و جوان بێت.

٣. پێویستە گرنگی بە نەخشەسازی بناغەیی لاپەڕەكە بدرێت، بە ڕێگای بەكارهێنانی بنەمای زانستی تایبەت بە كاری دەرهێنانەوە.

٤. كاركردن بۆ بیناكردنی كەسایەتییێكی دیارو ئاشكرا بۆ ڕۆژنامەكە، كە ببێتە هۆی دروستكردنی پەیوەندییەكی بەتین لەنێوان خوێنەران‌و ڕۆژنامەكەدا[٥٥٢].

پێكهاتەی لاپەڕەی یەكەم:

لاپەڕەی یەكەم لە ڕووی پێكهاتەو جیاوازەو بەپێی كاتەوە دەبێتە دوو جۆر: جۆری یەكەم ڕەگەز یان یەكەكانی نەگۆڕو چەسپاوە، واتە ئەو یەكانەی كە لە هەموو ژمارەكاندا دووبارە دەبنەوەو دەبنە سیمایەكی هەمیشەیی بۆ ڕۆژنامەكە.

جۆری دووەم ئەو ڕەگەزانەن، كە بە شێوەی ڕۆژانە نوێ دەكرێنەوە یان ڕۆژانە دەگۆڕێن. بەشی سەرەوەی لاپەڕەی یەكەم بە ڕووبەرێكی نەگۆڕی ڕۆژنامە دەژمێردرێت‌و دەبێتە بەشێك لە پێناسەو كەسایەتی ڕۆژنامەكە. ئەم بەشە لە ناوی ڕۆژنامەو دروشمی ڕۆژنامەو دوو گوێچكەو

---

٥٥٢- د. فهد بن عبدالعزيز بدر العسكر، الاخراج الصحفي اهميته الوظيفية واتجاهاته الحديثة، ص١٣٨.

دێرەکانی ژمارە پێکدێت، کە بە مل یان گەردنی رۆژنامە ناودەبرێت. بەم بەشە هەمووی دەڵێن (هێد Head)ی رۆژنامەو پێکدێت لە:

-- ناوی رۆژنامە لە بەشی سەرەوەی لاپەڕەی یەکەم دەنووسرێت، ئەمە ئاڵای (flag) رۆژنامەیە، بە لۆگۆی رۆژنامەش ناودەبرێت، نیشانەیەکی بازرگانی دەژمێردرێتو پێویستە بەشێوەیەکی دیارو ئاشکرا بنووسرێت بۆ ئەوەی بە ئاسانی لە رۆژنامەکانی دیکە جیابکرێتەوە، چونکە وەکو هێمایەك بۆ رۆژنامەکە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت[553]. لەوانەیە ئەم ناوە بە رەنگێکی تایبەت بنووسرێتو دەش بێت بە رەشو سپی بێت. "ئاڵا لەگەڵ ناسنامەی رۆژنامەکەو دروشمی رۆژنامەکەدا پلێتی ناونیشان (Name Plate) پێکدەهێنێت کە بە بەشی سەرەکی هێدی رۆژنامەکە دەزانرێت"[554].

-- مل یان گەردن (Dateline)، ئەم چەند دێرە کورتەیە کە دەکەوێتە ژێر ئاڵای رۆژنامەکە. دەش بێت ئەو چەند دێرە بەشێوەیەکی ئاسۆیی بە یەك دێر بنووسرێت. گەردن لە مێژوو ژمارەی رۆژنامەکە پێکدێت، زۆربەی جاران ئەم دێرە لەناو چوارچێوەیەك دادەنرێت. هەندێ جار بۆئەوەی باشتر دیارو ئاشکرابێت شێوازی هونەری تایبەت بە نووسینو دروست کردنی زەمینەی تایبەتی بۆ بەکاردەهێنن[555].

-- دوو گوێچکەی رۆژنامە (Ears)، زۆربەی جاران وەکو دوو چوارگۆشە یان دوو لاکێشە لە هەردوو لای راستو چەپی ناوی رۆژنامەکە دروست دەکرێنو هەندێ جاریش بەبێ چوارچێوە تەنیا بە نووسین دروست دەکرێن. ئەم دوو گوێچکەیە لە هەندێ رۆژنامە بۆ زانیاری تایبەت بە رۆژنامەکە تەرخان دەکرێن، وەکو ناوی خاوەنی ئیمتیازو سەر نووسەرو هەندێ شتی دیکەو هەندێ جاریش بابەتی بانگەشەکردنی تێدا بلاودەکرێتەوە[556]. یان هەواڵێکی گرنگ، کە لەدوا ساتەکانی دەرچوونی رۆژنامەکەدا دەگاتە رۆژنامە، یان ئیندێکسی لاپەڕەکانی ناوەوە بلاودەکرێتەوە. بەلام هەندێ لێکۆڵینەوە ئاماژە بەوە دەکەن، کە ئەو دوو گوێچکە بۆ خوێنەران

---

٥٥٣- مالکولم ف. مالیت، رفیق الصحافیین، ترجمة عبدالرحمن أیاس، ص٩٢.

٥٥٤- هەڤال ئەبوبکر حسەین، چەشنەی ئەدەبیو رۆژنامەنوسییەکان....، ل١٧٨.

٥٥٥- د. فهد بن عبدالعزیز بدر العسکر، الاخراج الصحفي اهمیته الوظیفیة واتجاهاته الحدیثة، ص١٤٥.

٥٥٦- سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٥.

زۆر سەرنج ڕاکێش نین، لەبەرئەوە بۆ شتی گرنگ بەکار نایەن[557]. هەندێ ڕۆژنامەو بە تایبەتی ڕۆژنامەی نیو لاپەڕەیی (تابلوید) دەستی لە بەکارهێنانی ئەم دوو گوێچکە هەڵگرتووە، واتە بەکاریان ناهێنێ، بەڵکو شوێنەکەیان ئەوان بۆ چەند شتی دیکەی گرنگ بەکاردێنێ[558]. هەندێ ڕۆژنامە دروشمێك بۆ خۆی دادەنێت وەکو بانگەشەکردن بۆ ناوەڕۆکی بابەتەکانی خۆی وەکو نیویۆرك تایمز دروشمی (هەموو ئەو هەواڵانەی کە شایەنی بڵاوکردنەوەیە) بووە، هەروەها ڕۆژنامە کۆمۆنیستییەکان دروشمیان (کرێکارانی جیهان یەك بگرن) بووە. لە هەندێ ڕۆژنامەدا ئەم دروشمە لە سەرەوەی ناوی ڕۆژنامەکە دەنووسنو لە هەندێکی دیکەدا لەژێر ناوەکە.

جگە لە ڕەگەزو یەکە نەگۆڕو چەسپاوەکانی لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەکان، هەندێ ڕۆژنامە جێگایەکی تایبەت بۆ ئاماژەکردن بۆ بابەتەکانی خۆی ئەوانەی لە لاپەڕەکانی ناوەوە بڵاودەکرێنەوە، تەرخان دەکەن. هەندێ ڕۆژنامە وەکو گۆشەیەکی نەگۆڕ مامەڵە لەگەڵ ئەم نەریتە دەکەنو ناوێکی تایبەتو نەگۆڕ بۆ ئەم گۆشەیە یان ئەم پانتاییە بەکاردەهێنن بۆ نموونە: (لەم ژمارەیەدا)، (خەباتی ئەمڕو)...هتد. ئەمە وەکو بانگەشەکردنی خوێنەران بۆ خوێندنەوەی ڕۆژنامەکە بەکاردێت.

---

٥٥٧- مالكولم ف. ماليت، رفيق الصحافيين، ترجمة عبدالرحمن أياس، ص٩٢.

٥٥٨- د. فهد بن عبدالعزيز بدر العسكر، الاخراج الصحفي اهميته الوظيفية واتجاهاته الحديثة، ص١٤٥.

## قوتابخانەکانی دەرهێنانی لاپەڕەی یەکەم

دەرهێنانی لاپەڕەی یەکەم بە چەندین قۆناغی مێژوویيدا تێپەڕیوە، لە هەر قۆناغێکدا کاریگەر بووە بە ئاراستەکانی هونەری باوی ئەو سەردەمەو توانای تەکنەلۆژیای ئەو کاتە لەگەڵ هۆشیاری پیشەیی‌و هونەری کارمەندانی ئەم بوارە. بەپێی ئەم چەمکەو بەدرێژایی مێژوو، سێ قوتابخانەی دەرهێنان دروست بوون‌و هەر قوتابخانەیەك لە چەندین ڕێبازی جیا پێکدێت، کە لە تایبەتمەندییەکانی هەر قوتابخانەیەك دەردەبڕێ‌و پەیوەندی بەو فاکتەرانەوە هەیە، کە پێشووتر ئاماژەمان بۆ کردن. ئەو قوتابخانانە ئەمانەن:

١. قوتابخانەی لاسایی:

ئەمە کۆنترین قوتابخانەی دەرهێنانەو مێژووی سەرهەڵدانی بە سەرهەڵدانی ڕۆژنامەگەریی لە جیهاندا بەستراوە. لەبەر کەمی هۆشیاری پیشەیی‌و ئیستاتیکیی کارمەندانی ئەم بوارەو خوێنەرانی ئەو سەردەمە. لەبەرئەوە قوتابخانەکە ناچار بووە لاسایی سروشت بکاتەوە، لە دەرهێنانی لاپەڕەکان بەشێوەیەکی هاوسەنگ (**Formal Balance**) لە بەکارهێنانی ڕەگەزەکانی چاپکردن لە بیناکردنی یەکەکان ئەوانەی لە شوێنی بەرامبەر یەکتر لە لاپەڕەدا بڵاودەکرێنەوەو لاپەڕەکە بە شێوەیەکی هاوسەنگ لە شێوەو سەنگەکان دەخرێتە ڕوو. "چونکە سروشت خۆی پەیڕەوی دەکاو بە دیشی دێنێ، ئەندامەکانی هەر زیندەوەرێك وەك یەك بەشێوەیەکی لە یەکچوو بۆ دوو نیوەی یەکسان دابەشبوون، لقەکانی درەخت وەك یەك بەم لاولای قەدەکەیدا پەلوپۆی هاویشتووە، ئیدی دەرهێنەرانی لاپەڕە یەکیش دەبێ پشت بەم بناغە هونەرییە ببەستن، هەر لەوەشەوەیە کە دەبینین (تەرویسە) کە لە ناوەڕاستی سەرەوەی لاپەڕەکەدایەو (لەش)ەکەی دابەش دەبێ بە دوو بەشی ستوونی وەك یەك، هێڵێك لەسەرەوەی لاپەڕەکە تا خوارەوەی درێژ دەبێتەوەو لەیەکیان جیادەکاتەوە، هەروا هاوسەنگی بەشە تیپۆگرافییەکانی نیوەی لای ڕاست وەك نیوەکەی لای چەپ وایە. ئەمە وەك چۆن هەردووتای تەرازوویەك بەهۆی سەنگەکانەوە هاوتا دەوەستن"[٥٥٩]. ئەم قوتابخانەیەش دەبێتە دوو ڕێباز[٥٦٠]:

---

٥٥٩- عەبدولقادر عەلی مەردان‌و ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی، چاپکردن‌و نەخشەسازی، ل٨٦.

أ. ڕێبازی شێوەی هاوتایی ورد: (Perfect Balance)

ب. ڕێبازی هاوتایی نیمچە شێوەیی: (Near Formal Balance)

**٢. قوتابخانەی مامناوەندی:**

دوای چەسپاندنی چەمکەکانی کارو ئەرك لە زۆربەی هونەرو پیشەسازییەکانداو گەشەکردنیان لەدوای جەنگی جیهانی دووەمدا، قوتابخانەی مامناوەندی لە دەرهێنانی ڕۆژنامەگەریدا سەریهەڵداو ئامانجەکەی بەدەستەوە هێنانی کارو ئەرکی دەرهێنانە، بە ڕێگای بەکارهێنانی شێوەی لاپەڕەکە بۆ خزمەتکردنی بابەتو بۆ ئەوەی کەرەستەکانی لەگەڵ سروشتی بابەتەکان بگونجێت"[٥٦١]. پێی دەڵێن قوتابخانەی مامناوەندی چونکە "ئەم ڕێبازە بە تەواوی دەستبەرداری بیری هاوتایی نابێ، هەرچەند بە شێوازێکی ئازادانە جێبەجێی دەکات، جگە لەمە بریتییە لەو ڕێبازو شێوازە مامناوەندیانەی کە نە کۆنو تەقلیدین کە پارێزگاری لە کۆن بکەنو نە نوێگەرییەکی توندیشن، بەڵکو مامناوەندین لەنێوان کۆنو نوێدا"[٥٦٢]. ئەم قوتابخانەیە دەبێتە سێ ڕێباز:

أ. ڕێبازی هاوتایی ناشێوەیی: (Informal Balance)

ب. ڕێبازی چوارینی (چواری): (Quadrant)

ت. ڕێبازی گردکردنەوە: (Focus)

---

٥٦٠- د. فهد بن عبدالعزيز بدر العسكر، الاخراج الصحفي اهميته الوظيفية واتجاهاته الحديثة، ص١٥٠.

٥٦١- سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٥.

٥٦٢- عەبدولقادر عەلی مەردانو ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی، چاپکردنو نەخشەسازی، ل٩٦.



ریتبازی هاوتایی ورد : ( Perfect Balance )



( Near formal Balance ) : ڕێبازی هاوتایی نیمچە شێوەیی

**٣. قوتابخانەی نوێ:**

دوای ئەوە هۆشیاری‌و تێگەیشتن دەربارەی گرنگی دەرهێنانی ڕۆژنامەگەریی‌و ڕۆڵی لە ئاسان‌و روونی (وچوح) خوێندنەوە گەیشتە پلەیەکی بەرز، بووە هۆی سەرهەڵدانی قوتابخانەی نوێ لە بواری دەرهێنانی ڕۆژنامەگەرییدا[٥٦٣]. واتە ئامانجی ئەم قوتابخانەیە ئاسانکردنی خوێندنەوەو زیاتر سەرنج ڕاکێشانی خوێنەرانە، هەر لەبەر ئەوە ئەم قوتابخانەیە "بە تەواوی خۆی لە هەموو کۆتێك رزگار دەکاو بەلای شێوازە کۆنەکەدا ناچێ، بریتییە لەو ڕێبازو بۆچوونە نوێگەرییانەی کە دەرهێنان تیایاندا بە ریالیستی‌و دەربڕینی زیندووەوە دەناسرێتەوە، هەروا بزاڤی خێراو بەکارهێنانی هۆکاری پیشاندانی تازە بەسەربەستییەکی وا کە دەگاتە رادەی شۆرش بەرپاکردن"[٥٦٤].

٥٦٣- د. فهد بن عبدالعزيز بدر العسكر، الاخراج الصحفي اهميته الوظيفية واتجاهاته الحديثة، ص١٥٩.

٥٦٤- عەبدولقادر عەلی مەردان‌و ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی، چاپکردن‌و نەخشەسازی، ل١٠٧.



رێبازی هاوتایی ناشێوەیی : ( Informal )



( Quadrant ) : ریندزی چوارینی



رتبازی کردکردنەوە Focus



( Functional Modernism ) : رێبازی نوێگەری پیشەیی



رێبازی ئاسۆیی : ( Horizontal )



( Broken Column ) : رێبازی تێکەڵ

### ب. دەرهێنانی لاپەڕەکانی ناوەوە:

پێش ئێستا لەسەر دەرهێنانی لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامە ڕاوەستاینو گرنگی ئەو کارەمان باسکرد. بەڵام ئەمە واتای ئەوە ناگەیەنێت، کە لاپەڕەکانی دیکەی ڕۆژنامە لە ڕووی دەرهێنانەوە بێ بایەخو گرنگی خۆیان نییە، بە پێچەوانەوە، "لاپەڕەکانی ناوەوە بایەخی تایبەتی خۆیان هەیە، چونکە بابەتەکانی نووسینو ئاگادارییەکان (اعلانات)ی پێکەوە تیا کۆدەبێتەوە، بەشداربوونی نووسینو وتارەکان بەیەکەوە تیایاندا ئەوەی دەوێ کە لە کاتی دەرهێناندا هەر یەکەو جێگاو پایەی خۆی بدرێتێ، هیچ کامیان لەسەر حیسابی ئەوەی دی وەلا نەخرێ"[٥٦٥].

دەتوانین گرنگیو بایەخی لاپەڕەکانی ناوەوە بە چەند خاڵێك دەست نیشان بکەین لەوانە:

١. لاپەڕەکانی ناوەوەی ڕۆژنامە، ڕووبەری هەرە گەورەیە بۆ جێبەجێ کردنی حەزو گرنگی پێدانەکانی خوێنەرانی ڕۆژنامەکە.

٢. لاپەڕەکانی ناوەوەی ڕۆژنامە، ڕووبەرێکی گەورەیە بۆ بڵاوکردنەوەی بانگەشەکان، ئەوانەی کە دەبنە داهاتووی سەرەکی بۆ دارایی ڕۆژنامەگەریی هاوچەرخو بە تایبەتی ئەو ڕۆژنامانەی کە ڕووبەرێکی کەم بۆ بانگەشەکان لە لاپەڕەی یەکەمدا تەرخان دەکەن.

٣. لە هەردوو خاڵی سەرەوە دەردەکەوێ کە لاپەڕەکانی ناوەوەی ڕۆژنامە ڕووبەرێکە بابەتو بانگەشەکان تیادا بڵاودەکرێنەوە، لەبەرئەوە پێویستە لە ڕووی دەرهێنانەوە یەکسانو گونجاندنێك لەنێوانیاندا هەبێت[٥٦٦].

لەبەر ئەم هۆیانەو بۆ ڕازی کردنی خوێنەرو بەیەکەوە بانگەشەکارەکان هەموو، هەر ڕۆژنامەیەك گرنگی بە دەرهێنانی لاپەڕەکانی ناوەوە دەداتو ئەم دەرهێنانەش بە دوو قۆناغ ئەنجام دەدرێت:

---

٥٦٥- سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٩.

٥٦٦- د. فهد بن عبدالعزیز بدر العسکر، الاخراج الصحفي اهمیته الوظیفیة واتجاهاته الحدیثة، ص٢١٤.

**قۆناغی یەکەم: نەخشەسازی لاپەڕەکانی ناوەوە:**

لە بەشی ئاگادارییەکان پرۆژەیەک بۆ هەر لاپەڕەیەک بە دوو دانە دروست دەکرێت، لەم پرۆژەیەدا رووبەرێک بۆ بانگەشەکان بارمتە دەکرێت[٥٦٧]، هەروەها ئەم بانگەشانە بەپێی تەمەن‌و رەگەز لەو لاپەڕانە دادەنێن کە جێی بایەخن، وەکو لاپەڕەکانی وەرزش‌و لاوان‌و ئافرەت‌و ئابووری... هتد. پاشان دانەیەک لەم ماکێتە بۆ بەشی دەرهێنان‌و دانەی دیکە بۆ بەشی مونتاژ رەوانە دەکرێن بۆ ئەوەی هەر بەشێک بەپێی پسپۆڕی خۆی کارەکەی تەواو بکات. ماکێت سازی لاپەڕەکانی ناوەوە بە چەندین شێوازی جیاجیا دەکرێت لەوانە:

١. شێوازی نیو هەرەم[٥٦٨].

٢. شێوازی بیر[٥٦٩].

٣. شێوازی دورگەیی[٥٧٠].

٤. شێوازی سەرپێیی (ارتجالی)[٥٧١].

شایانی باسکردنە کە هەندێک لەم شێوازانە بە چەندین رێگای جیاواز ئەنجام دەدرێن.

**قۆناغی دووەم: دەرهێنانی لاپەڕەکانی ناوەوە:**

دەرهێنەری رۆژنامەکە کە هەموو بابەت‌و کەرەستەکان بەسەر لاپەڕەکاندا دابەش دەکات، لەگەڵ پێگیری کردن بەو رووبەرە، کە بەشی بانگەشەکانی بۆ کەرەستەکانی نووسین تەرخانکردووە[٥٧٢]. لاپەڕەکانی ناوەوە سروشتێکی تایبەتییان هەیە، ئەویش بەشداربووانی

---

٥٦٧- طلعت همام، مائة سؤال عن الاخراج الصحفي، ص٤٤.

٥٦٨- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: د. فهد بن عبدالعزیز بدر العسكر، الاخراج الصحفي اهمیته الوظیفیة واتجاهاته الحدیثة، ص٢١٦.

٥٦٩- بۆ زاینیاری زیاتر بڕوانە: طلعت همام، مائة سؤال عن الاخراج الصحفي، ص١٥٠.

٥٧٠- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: عەبدولقادر عەلی مەردان‌و ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی، چاپکردن‌و نەخشەسازی، ل١٣٨.

٥٧١- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: د. فهد بن عبدالعزیز بدر العسكر، الاخراج الصحفي اهمیته الوظیفیة واتجاهاته الحدیثة، ص٢٢٣.

٥٧٢- طلعت همام، مائة سؤال عن الاخراج الصحفي، ص١٤٨.

یەکەکانی نووسینو بانگەشەکردنە لە نەخشەسازییەکەیدا. لەبەرئەوە پەیڕەوکردنی ڕێبازو قوتابخانەکانی دەرهێنانی لاپەڕە یەك، لەسەر ئەو لاپەڕانە کاریگەری قورسو زەحمەتە[٥٧٣]. لەبەرئەوە دەرهێنەر ناچار دەبێت شێوازێکی گونجاو لەم شێوازانەی خوارەوە بەکاربێنێت[٥٧٤]:

١. شێوازی دەرهێنانی هاوتایی: (Balanced)

٢. شێوازی دەرهێنانی چڕکردنەوە: (Focused)

٣. شێوازی دەرهێنانی پلەیی: (Decending)

بێگومان هەر کاتێك لە قۆناغەکانی ئەنجامداندا، تووشی چەندین ئاریشەو گیروگرفت دەبێتو دەرهێنانی ڕۆژنامەگەریی لە سروشتی خۆیدا لە چەندین ڕەگەزی جیاواز پێکدێتو بە ژیانی خەلکەوە بەستراوەو کاریگەری گۆڕینو پێشکەوتنەکانی ژیانی لەسەرە. لەبەرئەوە دەرهێنانی ڕۆژنامەگەریی تووشی چەند ئاریشە دەبێت[٥٧٥] لەوانە:

١. میکانیزمی خوێندنەوە: خوێندنەوە کارزانییێکی وەرگرتووەو زەحمەتە، هەروەها تێکرایی (معدل) تەمەنی خوێنەرانی ڕۆژنامەکان لە زۆربەی وڵاتاندا لەبەرزبوونەوەدایە. لەبەرئەوە پێویستە ڕەچاوی کزی بینینی خوێنەران لەوتەمەنەدا بکرێتو کار بۆ ئاسانکردنی خوێندنەوە بکرێت.

٢. سایکۆلۆجیەتی خوێندنەوە: هەمیشە خوێنەر بە دوای شتی تازەدا دەگەڕێت، بەڵام هەواڵەکانی ڕۆژنامە لە چاو هەواڵەکانی ڕادیۆو تەلەفزیۆن شتێکی دووبارەیە، لەبەرئەوە پێویستە ڕۆژنامە ناوەڕۆکێکی باش پێشکەش بە خوێنەرانی خۆی بکات، بۆئەوەی خوێنەران دەربارەی ناوەڕۆکەکەی ڕازی بکات، پێویستە دەرهێنانێکی زۆرباش بۆ ڕۆژنامەکە بکرێت بۆئەوەی سەرنجی خوێنەران رابکێشتێتو لە دەوری خۆیدا کۆیانبکاتەوە.

---

٥٧٣- د. فهد بن عبدالعزیز بدر العسکر، الاخراج الصحفي اهمیته الوظیفیة واتجاهاته الحدیثة، ص٢٢٣.

٥٧٤- بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەم شێوازانە بڕوانە:

أ. عەبدولقادر عەلی مەردانو ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی، چاپکردنو نەخشەسازی، ل١٤١.

ب. د. فهد بن عبدالعزیز بدر العسکر، الاخراج الصحفي اهمیته الوظیفیة واتجاهاته الحدیثة، ص٢٢٥.

٥٧٥- مالکولم ف. مالیت، رفیق الصحافیین، ص٨٥ -٨٦.

٣. ئارێشەی سێیەم، ئابووری دەرهێنانە، واتە پێویستە رۆژنامە بە نرخێك بەرهەم بهێنرێت، کە بتوانێت بە قازانج لە بازاردا بفرۆشێت. هەروەها خاڵێکی دیکەش هەیە، ئەویش پەیوەندی دەرچوونی رۆژنامەیە بە کاتەوە. نابێت دەرچوونی رۆژنامە لە کاتی خۆی دوابکەوێت، لەبەرئەوە پێویستە دەرهێنەر ئاگاداری ئەم خاڵەش بێت، چونکە ئەگەر دواکەوت دوور نییە تووشی زیانی دارایی ببێت.

# دەرهێنـــان لـە گۆڤـاری (هــاوار)دا

گۆڤاری هاوار لە ١٥ی گوڵانی ١٩٣٢ لە شاری دیمەشقی پایتەختی سوریا دەرچووە، زۆربەی ژمارەکانی لە چاپخانەی (تەرەقی) چاپ بووە. بێگومان لە دەرهێنانی هەر گۆڤارێکدا، بەرگی گۆڤارەکە رۆڵێکی سەرەکی دەبینێت. لەبەرئەوەی گۆڤارەکـە تـاکو ژمـارە (٢٣) بـەدوو ئـەلف‌و بێی جیاواز دەردەچوو، ئەلفو بێـی عـەرەبی لەگـەڵ ئـەلف‌و بێـی لاتینـی‌و شـتێکی زانـراوە کـە ئەلف‌و بێی عەرەبی لەلای راستەوە دەست پێدەکات‌و ئەوی دیکە بە پێـچەوانەوە لـەلای چـەپەوە. لەبەرئەوە گۆڤاری هاوار لە هەردوو لا بەرگی هـەبوو. بەشـی سـەرەوەی بـەرگی گۆڤارەکـە، واتـە هێدی گۆڤارەکە، بریتی بوو لە ناوی گۆڤارەکە، وشەی (هاوار)، کە دەکەوێتە ناوەڕاستی لاپەڕە، ئینجا دوو گوێچکە لە هەردوو لای ناوەکە بە نووسین دروستکراون. لەسـەر بـەرگی لاتینیـدا لـە گوێچکەی لای راستی ناوەکە، ژمارەو مێژووی دەرچـوونی گۆڤارەکـە نووسـراوە، لـە گوێـچکەی لای چەپی ناوەکە ژمارەی ساڵ‌و ناوی رۆژی دەرچوونی نووسراوە.

لەسەر بەرگی ئەلف‌و بێی عەرەبی دانانی گوێچکەکان بە پێچەوانەی بەرگی لاتینییـە، واتـە لە گوێچکەی لای راستدا ژمارەی ساڵ‌و ناوی رۆژەکە نووسراوە، لە گوێچکەی لای چەپ ژمارەی گۆڤارەکە لەگەڵ مێژووی دەرچوونی تۆمارکراوە. پاشان لە دێرێکی فراواندا لە جێگـای گـەردن، لەژێر ناوی گۆڤارەکەدا، ئەم دەستەواژەیە (کومـەلا کـوردی) نووسـراوە، هـەر لـە تەنیـشت ئـەم دەستەواژەیەدا بـە زمـانی فەرەنـسی نووسـراوە (Revue Kurde) (گۆڤـاری کـوردی). لـە ناوەڕاستی بەرگ‌و لەژێر هێدی گۆڤارەکە ئەندێکسی ئەو ژمارەیـە لـەژێر نـاوی (تێـدە خستییێن کومەلیێ) بە فۆنتێکی بچوکتر لە نووسینەکانی هێد نووسراوەو ناوی بابەت‌و ناوی نووسەر تێـدا نووسراوە بەبێ دەست نیشانکردنی ژمارەی لاپەڕەکە. لە خوارەوەی بەرگەکە ناوی چاپخانەکە بـەم شێوەیە نووسراوە (چاپخانا تەرەقی ١٩٣٢ — شـام)، بـەڵام بـەرگی لای راسـتی گۆڤارەکـە، کـە دەبێتە دەستپێك بۆ بابەتەکانی ئەلف‌و بێی عەرەبی، نـاوی چـاپخانەکە بـە زمـانی عـەرەبی بـەم شێوەیە نووسراوە: "١٣٥١هـ. مطبعة الترقي بدمشق ١٩٣٢م".

ئەوەی تێبینی دەکرێت لـەم خاڵـەدا لەسـەر بـەرگی ئـەلفو بێـی لاتینـی لەگـەڵ ئەندێکسی ژمارەکە، ئەندێکسی بەشی فەرەنسی نووسیووە، بەڵام لەسەر بـەرگی ئـەلف‌و بێـی عـەرەبی ئـەو ئەندێکسە نییە.

ناوی خاوەنی گۆڤارەکە لە ژمارە یەکی بەشی لاتینیداو لە داوێنی لاپەڕە (١١)دا بەم شێوەیە نووسراوە: "صاحب الامتياز والمدير المسؤل الأمير جلادت عالي بدرخان".

لە ژمارە دووی گۆڤارەکەدا زیادبوونێك لەسەر دەرهێنانی بەرگی گۆڤارەکە هاتووە، ئەویش لە ناوەوەی بەرگی لای چەپی گۆڤارەکەدا، بە زمانی فەرەنسی سێ بانگەشە بڵاوکراونەتەوە، لەگەڵ ناونیشان‌و نرخ‌و ئابوونەی گۆڤارەکە. هەر بە هەمان شێوە لە ناوەوەی بەرگی لای راست، کە بە ئەلف‌و بێی عەرەبییە دیسان ئەو سێ بانگەشەیە بە زمانی عەرەبی لەگەڵ نرخ‌و ئابوونەکە تۆمارکراون.

ئەم شێوە دەرهێنانە لە ژمارەکانی (٢، ٣، ٤)دا بەردەوام دەبێت. لە ژمارە (٥)دا وشەی (کومەڵ) گۆڕاوەو کراوە بە وشەی (کوڤار)، لەگەڵ زیادکردنی بانگەشەیەکی دیکە دەربارەی کتێبخانەی هاوار لە ناوەوەی بەرگی گۆڤارەکەدا. بەم شێوەیە بەردەوام دەبێت تاکو لە ژمارە (٨)دا گۆڕانێکی دیکەی بچووك بەسەر بەرگی گۆڤارەکەدا دێ، لەسەر بەرگی لاتینی ژمارەو ساڵ‌و رۆژو مێژووی دەرچوونی هاوار بە زمانی فەرەنسی لە گوێچکەی لای راستی ناوەکە نووسراوە. هەر هەمان گۆڕین لەسەر بەرگی ئەلف‌و بێی عەرەبیشدا هاتووە، دیسان ژمارەو ساڵ‌و رۆژو مێژووی دەرچوونی هاوار بە زمانی عەرەبی لە گوێچکەی لای چەپی ناوی گۆڤارەکەدا نووسراوە.

لە ژمارە (٩)دا لەسەر بەرگی ئەلف‌و بێی لاتینی‌و لە جیاتی ئەندێکسی ژمارەکە، وێنەیەکی کوردانی دەشتی هەسنان بڵاوکراوەتەوە، بەڵام ئەو وێنەیە لەسەر بەرگی ئەلف‌و بێی عەرەبی بڵاونەکراوەتەوە. لە ژمارە (١٠)دا بانگەشەی کتێبخانەی هاوار لە ناوەوەی بەرگی گۆڤارەکەدا نەماوە. لە (ژ١١)دا لەسەر بەرگی ئەلف‌و بێی لاتینیدا وێنەی ئاڵای کوردستان بڵاوکراوەتەوەو لەسەر بەرگی ئەلف‌و بێی عەرەبیدا وێنەی کێڵی گۆڕی شێخ عەبدولرەحمان گارسی بڵاوکراوەتەوە. لە (ژ١٣)دا لەسەر بەرگی ئەلف‌و بێی لاتینیدا وێنەیەکی سوڵتان سەلاحەددین ئەیوبی لە جیاتی ئەندێکسی ژمارەکە بڵاوکراوە. ئەم شێوەی دەرهێنانەی بەرگی گۆڤاری هاوار بەردەوام دەبێت تاکو (ژ٢٣) کە دوایین ژمارەیە بە دوو ئەلف‌و بێی جیاواز دەرچوویێت.

لە (ژ٢٤)و بە سەرەوە، گۆڤاری هاوار تەنیا بە یەك ئەلف‌و بێ ئەویش ئەلف‌و بێی لاتینی دەرچووە، بەم گۆڕانە دەرهێنانی بەرگەکە تەنیا یەك لا دەگرێتەوە، ئەویش لای چەپ.

دەرهێنانەکە بە هەمان شێوەی پێشووەوەلەسەر بەرگی دوایی و دەرەوەی گۆڤارەکە تەنیا ناوی خاوەنی هاوار بەم شێوەیە نووسراوە: "خوەدی و گەرینەدەیێ بەرپرسیار: میرجەلادەت عالی بەدرخان شام سوریا"، هەر هەمان دەستەواژە بە زمانی فەرەنسی لەژێر دەستەواژەی زمانی کوردی بڵاوکراوەتەوە.

دەرهێنانی بەرگی هاوار بەشێوەی پێشوو بەردەوام دەبێت سەرەڕای بڵاوکردنەوەی ڕیکلامی کتێبخانەی هاوار، لەگەڵ نرخ و ئابوونەو ناونیشانی خاوەنی گۆڤارەکە بە هەردوو زمانی کوردی و فەرەنسی، لەسەر رووی دەرەوەی بەرگی پشتەوەی گۆڤارەکە، کە لە (ژ٢٧) دەست پێدەکات و تاکو دەگاتە (ژ٤٤) درێژەی دەبێت.

لە (ژ٤٥)دا بەرگی گۆڤارەکە نامینێت، مامەڵە لەگەڵ لاپەڕەی یەکەمی گۆڤارەکە وەکو بەرگ دەکرێت، هێدی گۆڤارەکە لە سەرەوە لاپەڕەی یەکەمی گۆڤارەکە جێگای دەگرێتەوە، پاشان ئەندێکسی ژمارەکە لە گۆشەی سەرەوەی لای چەپ و لەژێر هێدەکە داناوە، ئینجا لاپەڕەکە بە نووسینی بابەتێکی گۆڤارەکە تەواو کردووە. ئەم شێوە دەرهێنانەی بەرگ تاکو (ژ٥٧) کە ژمارەی کۆتاییە بەردەوام دەبێت.

SAL 1 — YEQŞEMB

# HAWAR

HEJMAR 1 — 15 GULAN 1932

Qomela Qurdi * Revue Kurde

سال — یکشب

# هاوار

هژمار ١

کومەلا کردی

SAL 1 — HEJMAR 10 — YEQŞEMB — 23 Çirîya Berî 1932

# HAWAR

ANNÉE 1 — NUMÉRO 10 — DIMANCHE — 23 Octobre 1932

Qovara Qurdi * Revue Kurde

سال ٢ — هژمار ٢٣ — یکشب

# هاوار

سنة ٢ — العدد ٢٣ — الاحد — ٢٥ تموز ١٩٣٣

کوڤارا کردی * مجلة کردية

SAL 2 — HEJMAR 24 — YEKŞEMB — 1 NÎSAN 1934

# HAWAR

ANNEE 2 — NUMÉRO 24 — DIMANCHE — 1 AVRIL 1934

KOVARA KURDÎ * REVUE KURDE

چەند نموونەیەک لە هێندێ کۆڤاری هەوار

## دەرهێنانی لاپەڕەکانی ناوەوەی هاوار:

لە دەرهێنانی لاپەڕەکانی ناوەوەی گۆڤاری هاواردا، خاڵێك هەیە پێویستە ئاماژەی بۆ بکرێت، ئەویش ئەوەیە، ئەو هێدەی لەسەر بەرگی گۆڤارەکە دانراوە، هەر ئەو هێدەیە کە لەسەر لاپەڕەی یەکەمی هەردوو جۆری ئەلف‌و بێی گۆڤارەکە دووبارەکراوەتەوەو هێڵێکی رەشی تۆخ‌و فراوان لەژێر هێدەکەدا کێشراوە، بۆ ئەوەی لە رووبەری لاپەڕەکە جیابکرێتەوە.

نەخشەسازی لاپەڕەکانی ناوەوەی گۆڤارەکە، ئەوانەی بە ئەلف‌و بێی لاتینی نووسراون، لە ناوەڕاستی سەرەوەی لاپەڕەکە ناوی گۆڤارەکە، (هاوار) بە فۆنتێکی مامناوەندی نووسراوەو لەلای چەپی ناوەکە ژمارەی لاپەڕە داندراوەو لەلای راستی ناوەکە ژمارەی گۆڤارەکە دیارکراوە. ئینجا هێلێکی رەش بە درێژایی لاپەڕەکە لەژێر ئەو زانیاریانە کێشراوە.

لاپەڕەکانی ئەلف‌و بێی عەرەبی بە هەمان شێوە نەخشەی بۆ کێشراوە، واتە لە ناوەڕاستی سەرەوەی لاپەڕە ناوی گۆڤارەکە تۆمارکراوە، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت نووسینی ناوی گۆڤارە بە ئەلف‌و بێی عەرەبی لە ئەلف‌و بێی لاتینی بچوکترە. لەلای چەپی ناوەکە ژمارەی گۆڤارەکە دانراوەو لەلای راستی ناوەکە ژمارەی لاپەڕەکە تۆمارکراوە.

ئەو رووبەرەی لەسەر لاپەڕەکانی ناوەوە بۆ نووسین‌و بڵاوکردنەوەی بابەت‌و کەرەستەکانی گۆڤارەکە تەرخانکراوە، بەسەر دوو ستووندا دابەشکراون‌و بە هێڵێکی ستوونی رەنگ رەش بە درێژایی لاپەڕەکە، هەر دوو ستوونەکە لە یەك جیاکراونەتەوە. بابەتە درێژەکانی هاوار بەسەر هەردوو ستوونی لاپەڕەکە دابەشکراون، بەڵام بابەتە کورتەکانی هەر یەکێك لە ستوونێك دانراون.

ناونیشانی بابەتەکانی هاوار ئەوانەی لە لاپەڕەی یەکەمدا بڵاوکراونەتەوە، هەندێکیان لەسەر دوو ستوونی لاپەڕەکەدا بە فۆنتێکی مامناوەندی نووسراون، ئەوانی دیکە لە سەر یەك ستوون. بەڵام ناونیشانی بابەتەکانی دیکە، کە لە لاپەڕەکانی تر بڵاوکراونەتەوە لەسەر یەك ستوون نووسراون. ئەم جۆرە نەخشەسازییە لە هەردوو بەشی گۆڤارەکەدا واتە بەشی ئەلف‌و بێی عەرەبی‌و بەشی ئەلف‌و بێی لاتینی دەبینرێت.

لە (ژ٤، ل٢)ی بەشی لاتینی بابەتێك لەژێر ناونیشانی (یەکبوون‌و یەکیتیا کوردی) هاتووە، لە نووسینی (د. کامیران عالی بەدرخان)ـە، ناونیشانی ئەم بابەتە بەسەر دوو ستووندا

دابەشکراوە. لە (ژ٥، ل٢)ی بەشی لاتینیدا شیعرێکی (د. کامیران عالی بەدرخان)، لەژێر ناونیشانی (شین‌و پەسنازینێ) بلاوکراوەتەوە، ئەم شیعرە بەفراوانی لاپەڕەکەو لەسەریەك ستووندا نەخشەی بۆ کێشراوەو ناونیشانی شیعرەکەش هەر بە هەمان شێوە نووسراوە. ئەم شیعرە بەشێکی لە (ل٣) داگیرکردووە. بەمە ئاشکرا دەبێت کە هەندێ لاپەڕەی گۆڤاری هاوار بەسەر سێ ستووندا دابەشکراون وەکو: (ژ٨، ل٣)، (ژ٩، ل٣، ٤)، (ژ١٣، ل٦)، (ژ١٩، ل٤)، (ژ٢٠، ل٤)، (ژ٢٣، ل٩). هەروەها هەندێ لاپەڕەی دیکەی هاوار بەشێوەیەکی تێکەڵ نەخشەیان بۆ کێشراوە، واتە بەشێك لەسەر سێ ستوون‌و بەشی دیکە لەسەر دوو ستوون دابەشکراوە وەکو: (ژ٩، ل٥و ٧)، (ژ١٠، ل٢)، (ژ١١، ل٥)، (ژ١٢، ل٣و ٦)، (ژ١٣، ل٢و ٥)، (ژ١٤، ل٢و ٤)، (ژ١٥، ل٤)، (ژ١٧، ل٤)، ژ١٨، ل٥و ٨)، (ژ١٩، ل٥و ٦و ٧)، (ژ٢١، ل٨و ٩).

گۆڤاری هاوار لە (ژ٢٤)وە چەند گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە لەوانە، لەجیاتی بەکارهێنانی دوو ئەلف‌و بێ تەنیا ئەلف‌و بێی لاتینی جێگیر بووە. چاپخانەی چاپکردنی تاکو (ژ٢٣) چاپخانەی (تەرەقی) بوو، بەلام (ژ٢٤) لە (چاپخانەی (المضحك المبكي)[٥٧٦] چاپکراوە. دیسان لە (ژ٢٤)وە ئەرکیان گۆڕاوەو هەریەك لە جێگای ئەوی دیکە بەکارهاتووە. واتە دەتوانین ئەم ژمارەیە بە سەرەتای قۆناغێکی تازەی گۆڤاری هاوار دابنێین. لەم قۆناغە تازەیەدا گۆڤاری هاوار لە رووی دەرهێنانەوە گۆڕانکاری گەورەی بەسەردا نەهاتووە، تەنیا چەند تێبینییەکی بچووك نەبن وەکو:

لەسەر بەرگی گۆڤارەکە ئەو دەستەواژە کۆنە، کە دەڵێت "تێدەخستیێن کوڤارێ"، بە دەستەواژەیەکی دیکە گۆڕاوە، کە دەڵێت: "دڤی هەژمارێ دە" واتە لەم ژمارەیەدا. هەروەها نووسینی ناوو ژمارەی گۆڤارو ژمارەی لاپەڕەکەی لە سەرەوەی لاپەڕەکانی ناوەوە نەمان، بەلکو تەنیا ژمارەی لاپەڕە لە خوارەوەی لاپەڕەکەدا تۆمارکراوە.

گۆڤاری هاوار تا (ژ٢٣) بە دوو رووی بەرگ بۆ هەر ژمارەیەك دەردەچوو، واتە رووی ئەلف‌و بێی عەرەبی لەلای راستەوەو رووی ئەلف‌و بێی لاتینی لەلای چەپەوە.

دیسان لە (ژ٢٤)وە ئەم سیستەمە نەماو تەنیا بەیەك روویی بەرگ دەردەچوو، ئەویش روویی ئەلف‌و بێی لاتینییە لەلای چەپی گۆڤارەکە.

---

٥٧٦- هەر بە هەمان ناو گۆڤارێکی هەفتانەی گاڵتە ئامێز لە ساڵی ١٩٢٩ لە شاری دیمەشقی پایتەختی سوریا دەردەچوو، بە یەکجاری لە ٢٩ی گولانی ١٩٦٦ لە کار وەستاو خاوەنەکەی (حبیب کحالە) بوو.

له (ژ٢٥)وه چاپکردنی گۆڤارەکە جارێکی دیکە گەڕایەوە بۆ چاپخانەی (تەرەقی).

دەرهێنانی لاپەڕەکانی ناوەوە هەروەکو پێشوو لەسەر دوو ستوون دابەشکراون، تەنیا چەند لاپەڕەیەکی کەم نەبێت، کە بەسەر سێ ستووندا دابەشکراون، ئەو ستوونانە بە بۆشاییەکی باریکی سپی بەشێوەی ستوونی بەدرێژایی لاپەڕەکە لە یەکتر جیاکراونەتەوە وەکو:

(ژ٢٤، ل٧)، (ژ٢٧، ل١٢)، (ژ٣٢، ل١٤)، (ژ٣٦، ل٧)، (٤٦، ل٤)، (ژ٤٧، ل٤)، (ژ٤٨، ل٥)، (ژ٤٩، ل٢)، (ژ٥٠، ل٥)، (ژ٥١، ل٨)، (ژ٥٣، ل٢و ٤)، (ژ٥٤، ل٣و ٥)، (ژ٥٥، ل٤و ٥)، (ژ٥٦، ل٨)، (ژ٥٧، ل٤).

دەرهێنانی ناونیشانەکان لە گۆڤاری هاواردا بەشێوەیەکی سادەو ساکارو دوور لە شێوەی هونەری بووە، زۆربەی هەرە زۆری ناونیشانەکان لەسەر یەك ستوون نووسراون، جگە لە چەند ناونیشانێکی کەم نەبێت کە لەسەر دوو ستوون نووسراون، وەکو ئەو بابەتانەی کە لە لاپەڕەی یەکەمی ژمارەکانی (١، ٣٢، ٤، ٦، ٧، ٨، ٩، ١٠، ١١، ١٣، ٢٧، ٤٠) نووسراون. هەروەها چەند بابەتێکی دیکە ناونیشانیان لەسەر دوو ستوون نووسراوە وەکو:

(ژ٢٥، ل٥)، (ژ٢٦، ل٩)، (ژ٢٧، ل١٢)، (ژ٤٠، ل٢). ئەو ناونیشانانەی لە لاپەڕەکانی ناوەوە بلاوکراونەتەوە زۆبەی زۆریان لە رووی قەبارەوە یەك قەبارەیان هەبووە، ئەویش مامناوەندی بووە، ئەگەر لەدێرێکدا نووسرابن، بەلام ئەگەر ناونیشانەکە دوو دێر بێت ئەوە دێری سەرەوە قەبارەکەی مامناوەندی بووەو دێری خوارەوە تۆزێ بچووکتر بووە، هەندێ جاریش بە پێچەوانەوە دەبینرێن.

قەبارەی نووسینی مەتنی بابەتەکان، دوو جۆر بووە، جۆرێکی ورد وەکو ئەوەی لە پەراوێزەکاندا بەکاری دێنن و جۆرەکەی دیکە تۆزێ لە ئەوەی یەکەم گەورەتر بووە، هەروەها خاڵێکی دیکە شایانی ئاماژەپێکردنە ئەویش ئەوەیە ناوی نووسەری بابەت لە کۆتایی بابەتەکە دەنووسرا.

دەرهێنانی گۆڤارەکانی ئەو سەردەمە لە ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەڕاست بەم شێوەیە بوو، چونکە ئەو کاتە هەر گۆڤارێك کارمەندی هونەری تایبەتی خۆی وەکو دەرهێنەرو نەخشەسازو خۆشنووس نەبووە، بەلکو دەرهێنانی گۆڤار زیاتر پەیوەندی بە چاپخانەکەوە هەبووە.

SAL 1
HEJMAR 11
PENÇŞEMB
[illegible] 1932

# HAWAR

ANNÉE 1
NUMÉRO 11
JEUDI
[illegible] Novembre 1932

Qovara Qurdî * Revue Kurde

## Şêx Evdirehmanê Garisî Çû Rehmetê

Şin ... şin ... şin ... her der reşne ma besin[illegible] biq[illegible] bigrin.

Bang dan. Şêx Evdirehmanê Garisî me ma, hati [illegible] rehmetê [illegible]

Herê Şêx Evdirehmanê Garisî, [illegible] Qurdistane, [illegible] qurdên Kenc, li du [illegible] dest ji me qetand [illegible] milete xwe, [illegible] xwe.

Herê [illegible] [illegible]

[illegible]

Hingî [illegible] dest [illegible] [illegible] Şêx dela xwe [illegible] [illegible] xwe [illegible] ve [illegible]

[illegible] kul [illegible]

[illegible]

HAWAR

### Avertissement

[illegible] de nos lecteurs nous ont posé par lettres, des questions au sujet de la langue kurde. La plupart de ces questions ont trait à la grammaire. Sans doute la grammaire kurde à laquelle nous travaillons depuis plusieurs années paraîtra dans un proche avenir, de même qu'un ouvrage en langue française.

Nous ne pouvons néanmoins attendre sa publication pour éclairer nos lecteurs sur ces questions, mais nous nous trouvons malgré toute notre bonne volonté dans l'impossibilité de leur répondre individuellement. Nous nous proposons donc faire paraître ici une série d'articles au cours desquels nous nous efforcerons de procurer une idée d'ensemble de la langue kurde et d'étudier les principaux traits de sa grammaire.

Si nos lecteurs désirent un complément d'explication au sujet des matières traitées dans les articles, nous les prions de nous poser de nouvelles questions, aux quelles nous répondrons par la même [illegible] et de l'étymologie en [illegible]

### L'article

Il existe dans la langue kurde un élément qui se place à la fin des substantifs et qui sert [illegible] [illegible] on le désignera [illegible] le mot généralement d'article.

Mais, surtout dans sa forme définie, ce n'est point un article pris au sens de la grammaire française et analogue à l'article du français, qui accompagne le mot même lorsque celui-ci est dépourvu de complément.

En réalité l'article kurde est un déterminatif qui sert à modifier en quelque sorte l'étendu des noms, en restreignant l'application, de ces noms à un individu, ou à une classe déterminée, ou en faisant qualifier le nom par un autre mot quelconque.

L'ARTICLE DÉFINI — Comme dans la langue kurde il y a deux genres il y a aussi deux articles, le masculin, le féminin et le pluriel pour les deux genres.

[illegible]

نەخشـەری لاپەرەکانی نموونەی گـۆڤاری هـەوار
دابەشکردن بەسـەر دوو سـتوون ونووسینی نونیشانەکان

Diqeli û ferxosê vê re me
Yan derdê min bêxe gora
Ev hon zêdetir bide min
Pa tijeaniyim li ber xwe ragi-
rim
Dilê xwe yê xir … li dag-
[illegible]

* * *

Ey gewretirê şeh û emiran
Mihrivanê hêqes û fexiran
Lew hinde direj diqime peyi-
[illegible]

Da qo ji ko min lihat diiovan
Ne insaf e qo yeqi gunehejar
Tu hewce biqi ber destê neyat
Bi … suxteyê evînê ji me, im
Diqim toqa xwe ho te bêjim
Ev hinde giran te da milê min
Ev are xweş te qir dilê min
De care li hale min binêre
Belhu bigerine li min li dere
Ger qada diqim dibe evin
[illegible]

Vegerîme naq Yûnis û Girêk
Iro ji haline … êrdê …
Hinde geriyam dilê min bû xav
… çûme ware … bê Lav
Gava qo li wirjî hûme bê fer
Min da rê çûme niq qurê Azer
Min gotê hera be qur jê qevnar
Tirqan ke vinê te qirin ava sar
Heviya gotiqan … lina te
Di ber hemûyave hatme bal
Ji bo felata me … çi … qî
Çi mizgîniyê di destê min ji
Dojevime bextê te hezar car
Min neqî rê … derwala …
Da qêla neyar li me nebe x…
Piyeqi dilê me ji … gez
Ewê ji li min neqi … xwedî
Herweqt evê … min dil
Bangêt hemûyan … bim yeqe
[illegible]
Mingazi gotiqin qu te …
Ket qeşi negote min tu …
Hawara te … li …

Romî, mêrê mezin me qustin
Qila … me …
Kira me anin evan bê bavan
Weq quçê di nav per bê pivan
Qemendî û … diqin Remaz-
lan
Weq ber xa serjêdiqin Şepalan
Ji xwe re dibin Qeşan û Bûqan
Davêjine nav … Buqan
Dibêjine — welatê Egîlm —
Ya … qatar Qurd degilmi
Qirê qo … me … direjin
Em … arin hemûyê …
Em hinde diqin Hewar û car
Ji … û … tej …
Dilej … em … nagrin
Me … ke nagrin
Li dest … Rewa te
Min destê xwe avetî dawa te
Hawariya me … kerayê
Pêra … me … emaye
Ev hale qedî no … direj be
Hawarî … me …

ژمارە ٢٣ هاوار ڕۆژی ٩

دوو ئاسی بێکس

[illegible]

نەخشەسازی لاپەڕەکانی ئەو دووی گۆڤاری هـــاوار
دیـــــەبێکـــردنــــی بـــە ســەرســـی ســنــوورن دا

# هەوا و دلداری

[illegible]

[illegible] ئاخ خوا !! [illegible]

[illegible]

[illegible] ڕێک [illegible]

[illegible] چەند ساڵێک [illegible]

[illegible]

[illegible] وەک [illegible]

[illegible] تۆم [illegible]

[illegible]

(ئەوا بە هەزرهات کە تۆ گورەمکێن)
(دلی عالەمشادە دەبەی خوەمکێن)

[illegible]

غونچە بکەنین [illegible] زانا

[illegible] بهار [illegible]

خوشی لە دەوڵەت [illegible] لە داران

خوشی لە گوڵی باخە گوڵزاران

[illegible]

# دەرهێنان لە گۆڤاری (ڕۆناهی)دا

گۆڤاری ڕۆناهی هەروەکو لەژێر ناوەکەی بە زمانی فەرەنسی نووسراوە، "پاشکۆیەکی وێنەداری گۆڤاری کوردی هاوارە"، خاوەن و بەرپرسیارەکەی میر جەلادەت عالی بەدرخان بوو. ژمارەی یەکەمی ئەم پاشکۆیە لە ڕۆژی چوارشەممەی (١)ی نیسانی ساڵی ١٩٤٢ دەرچووە. سەرجەم ژمارەکانی (٢٨) ژمارەیە، ژمارەی کۆتایی لە ئاداری ساڵی ١٩٤٥ دەرچووە. بابەتەکانی بە ئەلف و بێی لاتینی بڵاودەکردنەوە، خەسڵەتی هەرە دیاری ئەم گۆڤارە وێنەدارییە بڵاوکردنەوەی بابەتی پەیوەندیدار بوو بە جەنگی دووەمی جیهانەوە.

دەرهێنانی بەرگی گۆڤارەکە سیمایەکی تایبەتی هەبوو. ناوی گۆڤارەکە لە ناوەڕاستی سەرەوەی بەرگی گۆڤارەکە دانرابوو. دوو گوێچکە بە نووسین لە هەردوو لای ناوەکە دروست کرابوون، لە گوێچکەی لای چەپی ناوەکە، ژمارەی ساڵ و ژمارەی گۆڤار و ناوی ڕۆژ و مێژووی دەرچوونی بە زمانی کوردی تۆمارکرابوون، هەر ئەو زانیاریانە لە گوێچکەی لای ڕاستی ناوی گۆڤارەکە بە زمانی فەرەنسی نووسرابوون. لەژێر ناوی گۆڤارەکە بە دێرێکی درێژ ئەم دەستەواژەیە، (پاشکۆیەکی وێنەداری گۆڤاری کوردی هاوارە)، بە زمانی فەرەنسی نووسرابوو.

لەسەر بەرگی هەموو ژمارەیەك وێنەیەك چاپ دەکراو لەژێر وێنە توانجێکیان بۆ دەنووسی ئینجا لە ناوەڕاستی خوارەوەی بەرگ بە دوو دێری کورتی یەك لەسەر یەك لەسەرەوە نووسرابوو "شام – ١٩٤٢" ئینجا لە ژێرەوە ناوی چاپخانەکە بەم شێوەیە نووسرابوو "چاپخانا سەباتێ". هەر هەمان هێدی سەر بەرگی گۆڤارەکە لەسەر ڕووی ناوەوەی بەرگەکە چاپ دەکراو هێڵێکی ڕەشی بە درێژایی بەرگەکە لەژێر کێشرابوو. ئینجا دەست بە بڵاوکردنەوەی بابەتەکان دەکرا. دیسان بەرگی کۆتایی گۆڤارەکە بە وێنەیەکی دیکە دەرازاندرایەوەو ئەویش توانجێکی بۆ دەنووسرا ئینجا لە خوارەوەی بەرگی کۆتایی بە زمانی کوردی ناوی خاوەنی ڕۆناهی بەم شێوەیە نووسراوە، "خوەدیو گەریندەیێ بەرپرسیار: میرجەلادەت عالی بەدرخان. شام – سووریە". هەر ئەو زانیارییە بە زمانی فەرەنسی لەژێر دەستەواژە کوردییەکە نووسراوە. ڕووی ناوەوەی بەرگەکە بۆ بابەتی گۆڤارەکە تەرخانکرابوو.

لە (ژ٢)دا دووبارەکردنەوەی هێدی گۆڤارەکە لە ڕووی ناوەوەی بەرگ نەماوە، لە (ژ١٢)دا ئەندێکسی ژمارەکە کە لە گۆشەی سەرەوەی ڕووی ناوەوەی بەرگ دانراوەو لە سەرەوەی نووسراوە:

"دڤی هەژماریَ دە". ئەم نەریتە تاکو ژمارەی کۆتایی گۆڤارەکە بەردەوام بووە. لە (ژ۱۳)دا چاپخانەی گۆڤارەکە گۆڕا، لەجیاتی چاپخانەی (سوبات) بۆ چاپخانەی (تەرەقی) تاکو ژمارەی کۆتایی هەر لەو چاپخانەیە چاپ دەکرا. لە (ژ۲۰)دا ژمارەی تەلەفۆنێك لە خوارەوەی هێندی گۆڤارەکە تۆمارکراوە، تاکو (ژ۲٦) بەو شێوەیە ماوەتەوە. لە (ژ۲۷و ۲۸) ژمارەی دوو تەلەفۆنەکە لەو جێگایە تۆمارکراون، ژمارەی یەکەم تەلەفۆنی ماڵەو ژمارەی دووەم تەلەفۆنی چاپخانەیە، تازە ئەوەش ئاشکرا دەبێت، کە ژمارەی پێشوو، ژمارەی ماڵی خاوەنی گۆڤارەکە بووە. لە (ژ۱٥)و سەرەوە بۆ هەر وێنەیەکی سەر بەرگی گۆڤارەکە چوارچێوە یان پەروازێك دروست کراوە.

SAL 1
HEJMAR 1
ÇARŞEMB
1 NÎSAN 1942

# RONAHÎ

ANNÉE 1
NUMÉRO 1
MERCREDI
1 AVRIL 1942

SUPPLÉMENT ILLUSTRÉ DE LA REVUE KURDE HAWAR



Balafirên ingilizî di peravên Norvêjê de bi ser vaporên dijmin de girtine û ew daneber bombeyên xwe. Balafiran hingafte vaporekê û ew bin av dibe.

ŞAM - 1942
ÇAPXANA SEBATÊ

نەخشەسازی بەرگی یەکەمی گۆڤاری روناهی لەگەڵ هێندەکە

## دەرهێنانی لاپەڕەکانی ناوەوەی گۆڤاری ڕۆناهی

لاپەڕەکانی گۆڤاری ڕۆناهی بەسەر دوو ستووندا دابەشکراون، بەڵام لە هەندێ لاپەڕە بەهۆی هەبوونی چەند وێنەیەك، نووسینەکە لەگەڵ وێنەکان ڕێکخراوە، بەبێ ڕەچاوکردنی سیستەمی دوو ستوونی، هەروەها هەندێ لاپەڕەی دیکە بەسەر سێ ستوون دابەشکراون وەکو: (ژ٦، ل١٥)، (ژ١١، ل٣و ٧و ١٢)، (ژ١٢، ل١٠و ١٨و ٢٠و ٢٣)، (ژ١٤، ل٥و ١٠)، (ژ١٦، ل١٦و ٢٠)، (ژ١٨، ل١٠، ٢١)، (ژ٢٠، ل١٨)، (ژ٢١، ل١٢)، (ژ٢٣، ل١٤و ١٧)، (ژ٢٤، ل١٣و ٢٠)، (ژ٢٥، ل٢٣و ٢٤)، (ژ٢٦، ل١٧)، (ژ٢٨، ل٣و ١٧).

شایانی ئاماژە پێکردنە هەندێك لاپەڕە بەشێکیان لەسەر دوو ستوونەو بەشی دیکەیان لەسەر سێ ستوون نەخشەی بۆ کێشراوە.

هەر دەربارەی دەرهێنانی لاپەڕەکانی ڕۆناهی، لە سەرجەم ژمارەکانیدا، ژمارەی گۆڤار لەلای چەپو ژمارەی لاپەڕە لەلای ڕاست، لە خوارەوەی هەموو لاپەڕەکانیدا نووسراوە.

نووسینی ناونیشانی بابەتەکانی ڕۆناهی زۆربەی هەرە زۆری لەسەر یەك ستوون نووسراوە. بەڵام ژمارەیەکی کەم لە ناونیشانەکانی لەسەر دوو ستوون یان سێ ستوون نووسراون وەکو: (ژ١، ل٤)، (ژ٣، ل١٠)، (ژ٥، ل٧)، (ژ٦، ل٧و ٢٠)، (ژ١٢، ل٢٣)، (ژ١٩، ل٢٤)، (ژ٢٣، ل١٦)، (ژ٢٤، ل٤و ١٣و ٢٠)، (ژ٢٥، ل٢٣).

قەبارەی نووسینی ناونیشانەکان زۆربەی هەرە زۆریان بە یەك قەبارە نووسراون، بەتایبەتی ئەگەر ناونیشانەکە سادە بێت واتە لەیەك دێڕ پێکهاتبێت، قەبارەکە مامناوەندییە، بەڵام ئەگەر ناونیشانەکە لێکدراو بێت، واتە لە دوو دێڕ پێکهاتبێت لە زۆربەی جاران دێری سەرەوە بە فۆنتێکی مامناوەندی نووسراوەو ئەوەی خوارەوە بە فۆنتێکی بچووکتر نووسراوە. هەندێ جاریش بە پێچەوانە بووە.

دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین، کە ناونیشانەکانی گۆڤارەکە بە دوو سێ فۆنتی جیاواز نووسراون.

نووسینی بابەتەکانی گۆڤاری ڕۆناهی واتە مەتنی گۆڤارەکە، ئەویش بە چەند فۆنتێکی جیاواز نووسراوە، تەنیا یەك فۆنت یان قەبارە بەکارنەهاتووە. هەروەها وەکو نەریتێکی نەگۆڕو جێگیر ناوی نووسەری بابەت لە کۆتایی بابەتەکە نووسراوە.

خاڵێکی دیکەش پێویستە ئاماژەی بۆ بکەین ئەویش بەکارهێنانی چەند زەخرەفەو هێڵی جیاوازە لە شوێنە جیاجیاکانی گۆڤارەکەدا، بۆ لە یەك جیاکردنەوەی بابەتەکان یان بۆ جوانکردنی ئەو بۆشاییانەی لە کۆتایی لاپەڕەدا بەکارهاتوون. ئەگەر بەراوردێك لەنێوان گۆڤاری هاوارو گۆڤاری روناهی دا لە رووی دەرهێنانەوە بکەین، هەست دەکەین دەرهێنانی گۆڤاری رۆناهی رێك‌و پێکترو سەرنج راکێشترەو بەشێوەیەکی هونەری باشتر دەرهێنانەکە ئەنجام دراوە.

# PIRSIYARIYA GULAVÊJÊ

## ZMANÊ KURDÎ BI ÇI AWAYÎ DIVÊT BÊTÊ NIVÎSANDIN BI TÎPÊN SAMÎ AN BI TÎPÊN LATÎNÎ

Gulavêj, kovara kurdî a hêja ya ko li Helîlayê bi zarê soranî bi der têt, di hejmara xwe a 9an, sal 4, meha Ilonê de tiştê jorîn ji xwendevanên xwe dipirse û bi nîzingani ve dibêje:

Ziman mihenga eqliyeta milet e. Ev miheng eqliyeta milet şanî me dide. Pêşketin an paşvemayina mileteki, bi hêsanî, ji zimanê wî dikare bête zanin.

Heke me got ko zimanê kurdî fro bi her awayî ji zimanên din ên mezin ne zêde be jî, ji wan ne kêmtir e; em ewle ne ko ji rastiyê bi dûr nekevin. Bi tenê [illegible] û wext ne hiştiye ko em [illegible] zimanê xwe û ji bo nivîsandina wî jê re tîpine gerek bibijêrin.

[illegible]

xwendevanên xwe dipirsin.

Em ji xwendevanên xwe hêvî dikin di vê babetê de rayên xwe ji me re bidin zanin. Ji bo nivîsandina zimanê kurdî kîjan tîpan di ser re digirin: erebî an latinî.

Tiştê ko Gulavêjê gotiye ev e. Berî her tiştî em wê ji ber vê fikra mezin û bingehîn piroz dikin û ji Yezdanê pak hêvî dikin ko di vê reya xelaskariyê de wê payedar bike û vî karê mezin bîne serî.

Me di vê babetê de [illegible] ji her ko [illegible] bi dengî [illegible] me û Ronahî [illegible] me [illegible] tu an [illegible]

[illegible]

## PÎRA TORÊ

[illegible]

CEGERXWÎN

da kêvroşk dûr nareve. Heke kêvroşk dûr nereve, tajiyê çak di nîv kîlometrê û hin hindikîr da digire.

Kêvroşk ko bi çavpehnî û teresiyê hatine nasîn, carcaran tanabin. Qewimiye ko nêçîrvan pê li serê wî kiriye û di bin lingê xwe da girtiye. Ji bo vê di girtina meraşê da divê nêçîrvan geleki serwext be ko kêvroşk bi sûn xwe da nehêle û jê derbas nebe.

SOWA (?) TAJIYAN

Sowa tajiyan ji wek ên hespan gelek balê ne li nav û bunyatan. Ji bo naskirinê, sowa hespan bi navê xwediyên ko li cem hatine naslîn; lê ji bona tajiyan tiştekî holê ne fikirîne. Bi tenê, ên ko tajî pir bi xwedî kirine

## HEY KURD

[illegible]

Me ne getin e ko di [illegible]
[illegible]
Şêx û axa bûne mîj[illegible] ketine [illegible]
Dil [illegible] mezin ji van bê xwendin û [illegible]
Kurd û nayekti û ne hesti zanim sê ser e.
Ev welatê wek bihuşt bê. kîye zindan [illegible]
[ ter ]

Dil û gerden-xwar î tek da bê gilbak û pencer
Ev çi ye ey milet im bê dost û dijmin bê [illegible]
Beçika ko şêx û axa dane ber te, tê mere.
Şêx ne dilxwazê te ye. lê rencberê navê xwe [illegible]
Tekyesana wî di vê tê da hebin çend kerker
Ew bi xwe parsê dikin kengê Xwedê ev goti[illegible]
Ma kiramet dizbî ye, yan lop û tang û qumbere
Xaniyê axa mezin her dem di ser gundan [illegible]
Lê û hêlîna dizavê wek şikeftan sê der e.
Ma ne bes ey milet im yeu rip û xapan bi[illegible]
[ de[illegible] ]

Ev çiya rast û dirist e. bes Cegerxwîn [illegible]

CEGERXWÎN

نەخشەسازی نووسینەکانی کۆڤاری ڕوناهی

# JI E MÊRTIR RE



EDWAR CHEWL DI …



DI ENIYA ELIROAYÊ DE DEŞTÊN ELEMANÎ

نەخشەسازی لاپەڕەکانی دووبەدووی گۆڤاری ڕۆناهی

# TORPÎL

## XWE KAR BIKIN

[illegible]

Li 8ê Sibata sala 1942 [illegible] Sengapurê da [illegible]

[illegible]



[illegible]

21 [illegible] 11

نەخشەی لاپەرەکانی دووەمی کۆڤاری ڕووناهی
لە نەخشکردنی لاپەرە بە سەرەی ستوون دا

## دەرهێنـان لـە رۆژنـامەی (رۆژانـوو)دا

رۆژنامەی رۆژانوو، رۆژنامەیەکی کوردی — فەرەنسی بوو، بە چوار لاپەڕەی قەبارە تابلوید واتە نیو لاپەڕە لە شاری بەیروتی پایتەختی لوبنان بە ئەلف‌و بێی لاتینی دەردەچوو، ژمارەی یەکەمی لە رۆژی دووشەممەی ٣ گوڵانی ساڵی ١٩٤٣ دەرچووە. لەسەرەتا تاکو ژمارە (٤٨) سێ لاپەڕەی بە زمانی کوردی بوو، یەك لاپەڕەی بە زمانی فەرەنسی بوو، پاشان لە (ژ٤٩)ەوە تاکو کۆتایی ژمارەیەك بە کوردی‌و ژمارەیەك بە فەرەنسی دەردەچوو. سەرجەم ژمارەکانی (٧٣) ژمارەیە.

رۆژنامەیەکی هەفتانە بوو رۆژانی دووشەممە دەردەچوو، تاکو (ژ٥٢)، پاشان بوو بە دوو هەفتە جارێك، یان زیاترو رۆژی دەرچوونی ئاشکراو رێك‌و پێك نەبووە. خاوەن‌و گەرینەدەی رۆژنامەکە میر د. کامیران عالی بەدرخان بووە. رۆژنامەی رۆژانوو رۆژنامەیەکی سیاسی بوو. دەرهێنانی لاپەڕە یەکی رۆژنامەی رۆژانوو بریتییە لە رەگەزو یەکە نەگۆڕو جێگیرەکان لەگەڵ رەگەزو یەکە گۆڕاوو نەچەسپاوەکان. یەکە چەسپاوەکانی لاپەڕە یەکەمی رۆژنامە هێدی رۆژنامەکەیە. هێدەکە بریتییە لە ناوی رۆژنامە، وشەی (رۆژانوو) دەکەوێتە ناوەڕاستی سەرەوەی لاپەڕە، ئینجا لە هەر لایەکی گوێچکەیەك لە شێوەی چوارگۆشەدا هەیە. لە گوێچکەی لای چەپدا نرخی رۆژنامەکە بە چەند جۆری پارەی ئەو سەردەمە نووسراوە. لەسەرەوەی گوێچکەکە ژمارەی ساڵ‌و ژمارەی رۆژنامەکە تۆمارکراوە. لە گوێچکەی لای راستدا ناونیشانی رۆژنامە لەگەڵ ژمارەی تەلەفۆنی خاوەنی رۆژنامەو تەلەفۆنی چاپخانە تۆمارکراون‌و لە سەرەوەی گوێچکەکە ناوی رۆژو مێژووی دەرچوونی ژمارەکە نووسراوە. ئینجا لە جێگای گەردنی هێدەکە واتە لەژێر ناوی رۆژنامەکە بە دێرێك ناوی خاوەن‌و بەرپرسیاری رۆژنامە بەم شێوەیە نووسراوە: "خوەدی‌و گەرینەندە: میر د. کامیران عالی بەدرخان" ئینجا هێڵێك بە فراوانی لاپەڕەکە لەژێر هێدەکە کێشراوە.

لە نەخشەسازی بناغەیی رۆژنامەکەدا لاپەڕەی یەکەمی رۆژنامەکە بەسەر چوار ستووندا دابەشکراوە، بە هێڵێکی رەشی باریك کە بە شێوەیەکی ستوونی بە درێژایی لاپەڕەکە کێشراوە، لەیەکتری جیاکراونەتەوە.

شێوازی دەرهێنانی ڕۆژنامەی ڕۆژانوو زیاتر نزیکە لە قوتابخانەی مامناوەندیو ڕێبازی گردکردنەوە (Focus)، چونکە لە چوارچێوەی ئەو نەخشەسازییەدا جێگای تایبەتو بەرچاو بۆ بابەتە گرنگەکان لەسەر سنگی لاپەڕەکە تەرخانکراوەو ناونیشانێکی گەورەی بۆ بەکارهاتووە.

هەر دەربارەی دەرهێنانو نەخشەسازی لاپەڕە یەك زۆرجار ستوونی لای چەپی لاپەڕەکە، کە جێگای سەروتارە بۆ سەروتارو بابەتی گرنگو ناوخۆیی کوردی بەکارهاتووە. ستوونەکانی دیکە لەسەر بابەتەکانی دیکە دابەشکراونو گرنگی بابەت لەبەرچاو گیراوە چ بە شوێنو چ بە قەبارەی نووسینی ناونیشانەکە.

نووسینی ناونیشانەکان لە لاپەڕەی یەکەمدا بەشێوەی جیاجیا دەبینرێن، وەکو ناونیشانی گەورە بە قەبارەی فۆنتو هەندێکیان لەسەر سێ ستوون نووسراونو هەندێك لەسەر دوو ستوونو ئەوانی دیکە لەسەر یەك ستوونو ناونیشانی سادەو لێکدراویش لەنێوانیاندا هەیە، واتە ئەو ناونیشانانە هەندێك بەدێرێك نووسراونو ئەوی دیکە بە دوو دێر نووسراوە.


ROJA NÛ

CENG Û SIYASET

DEWRAN

SERSALA MEZIN

RONAHIYA XELASI & SERBESTIYA MILETAN

SEREKCIMHUR ROZWELT Û SEREKWEZIR ÇORÇIL DI BEHRA ETLANTIKÊ DE, LI ZIREHPÊ ... MEZIN, GIHANE HEV Û ... DANINE

CIVANA ÇORÇIL - RUZWELT

BER BI BRIANSK & XARKOVÊ VE

Şerê Pasifîkê

Derba Belfirok

لەحتەسەری لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەی ڕۆژا نوو

بەکارهێنانی مانشێت خالێکی ئاشکرایە لە دەرهێنانی ڕۆژانوودا. بۆ نموونە لـە ژمارەکـانی (٢، ٦، ١٣، ١٤، ١٥، ١٦، ٣٤، ٣٧)دا، مانشێتی گەورە دەبینرێـت کـە لەسـەر سـێ سـتوون نووسراوە هەندێکیان بە قەبارەی زۆر گەورە.

بۆ نووسینی بابەتەکانی ڕۆژنامەکە واتە نووسـینی مـەتنی بابەتـەکان لـە لاپـەڕەی یەکەمـدا یەك فۆنتی نووسین بەکارهاتووە.

لە دەرهێنانی لاپەڕەی یەکەمدا وێنەش بەکارهاتووەو لە هەندێ ژمارەدا، زیاتر لـە وێنەیـەك بە قەبارەی جیاجیا بڵاوکراونەتەوە.

## دەرهێنـانی لاپەڕەکـانی نـاوەوەی ڕۆژنـامەی ڕۆژانـوو

لـە نەخشەسازی لاپـەڕەکانی نـاوەوەی ڕۆژانـوودا، لـە ناوەڕاسـتی سـەرەوەی لاپەڕەکـە نـاوی ڕۆژنامەکە بە فۆنتێکی بچووك‌و باریك نووسراوە، ئینجا لەلای چەپی ناوەکـە ژمـارەی لاپەڕەکـە تۆمارکراوەو لەلای راستی ناوەکە مێژووی دەرچوونی ژمارەکە نووسراوە ئینجـا هێڵێکـی ڕەشـی باریك بەژێر ئەو زانیارییانەدا کێشراوە. پاشان لاپەڕەکە بەسـەر چوار سـتووندا دابەشـکراوە. لـە زۆربەی ژمارەکانـدا، لاپـەڕەی دووەم بەسـەر چـوار سـتووندا دابەشـکراوە دوو سـتوون لەوانـە بـۆ نووسینی بابەت تەرخانکراون‌و دوو ستوونی دیکە بۆ بڵاوکردنـەوەی وێنـە لەگـەڵ توانجـەکانیان. لاپەڕەی سێیەم تاکو (ژ٤٨) بۆ زمانی فەرەنسی تەرخانکراوەو بەسەر چوار ستووندا دابەشکراوە، لە ڕووی دەرهێنانەوە مامەڵەی لاپەڕەی یەکـەمی لەگەڵـدا کـراوەو هێـدو زانیاریـەکانی دیکـەی ڕۆژنامەکە بە زمانی فەرەنسی لەسەرەوەی لاپەڕەکەدا نووسراوە.

لاپەڕەی چوارەم هەروەکو لاپـەڕەی دوو نەخشـەسازی بـۆ کـراوە، واتـە لەسـەر چوار سـتووندا دابەشکراوە، دوو ستوونی لای چەپی لاپەڕەکە بۆ نووسینی بابەتەکان تەرخانکراون‌و جێگای دوو ستوونی لای راستی لاپەڕەکە بۆ بڵاوکردنەوەی وێنە ئامادەکراون.

دەرهێنانی ناونیشان لە لاپەڕەکانی ناوەوەی ڕۆژنامەی ڕۆژانوودا بەشێوەی جیاجیا بووە، واتە ناونیشانی گەورە لەگەڵ ناونیشانی بـچووك هەیـە، هـەروەها ناونیـشانی ئەسـتوورو ناونیـشانی باریك، ناونیشانی درێژو ناونیـشانی کـورت. هـەروەها دوو فـۆنتی جیـاواز بـۆ یـەك ناونیـشانی لێکدراو بەکارهاتووە.

رۆژنامەی رۆژانوو وێنەی بە قەبارەی جیاواز بڵاوکردۆتەوە، بۆ نموونە لە (ژ٦)دا لاپەڕەی کۆتایی هەر هەمووی بۆ یەك وێنەی گەورە لەگەڵ توانجەکەی تەرخانکراوە، هەروەها لە (ژ٤٨)و لە لاپەڕەی کۆتاییدا وێنەیەك بە قەدەر نیو لاپەڕە بڵاوکراوەتەوە. ئەوەی تێبینی دەکرێت هەبوونی وێنە لە لاپەڕەو ژمارەکانی زمانی فەرەنسیدا زۆر کەمن.



# DEMA NIHA

## Di Enîyên Dinyayê De

**Hevalbend Bi Derbên Xwe Dijmana Dişkînin**

## GUADEL KENAL

# MIREKA CIHANE

## ÇAWAN DESTPÊKIR

نەخشەسازی لاپەرە دووی رۆژنامەیی رۆژانو

ROJ NÛ 4 — ROJA NÛ

# DŪRIK

## GILÊ NORÊN

# WEYSO!

## M' Xewna Te Di

## Strana Kurdî

### Fermana Mala Brahîm Paşe

### A Dawîn Sala 1919

# PÊJINÊN DINYAYÊ







نەخشەساری لاپەرەکێی ناوەوەی ڕۆژنامەی ڕۆژانو

## DI WELATÊ ZEMBEQÊ GEWIR DE

## DÛRIK

### HISO

### XIZÊMÊ

## PÊJINÊN DINYAYÊ

### REFÊN HEVALBENDA BER BI FIRINÊ NE







## STOLA BRITANÎ

### ERDÊ ITALYAYÊ BOMBARDIMAN DIKE

IMP. LE MIROIR D'ORIENT - BEYROUTH

نەخشەسازی لاپەڕەی دوەی ڕۆژنامەی ڕۆژانوو

## دەرهێنان لە ڕۆژنامەی (ستێر)دا

ڕۆژنامەی ستێر، پاشکۆی ڕۆژنامەی ڕۆژانوو بووە، بە زمانی کوردیو بە ئەلفو بێی لاتینی لەلایەن میر د. کامیران عالی بەدرخان لە شاری بەیروتی پایتەختی لوبنان دەرچووە. ئەم ڕۆژنامەیە بە چوار لاپەڕەو تەنیا (٣) ژمارەی لێ دەرچووە. ژمارەی یەکەم لە ڕۆژی دووشەممەی ١٩٤٣/١٢/٦ بڵاوبۆتەوەو ژمارەی سێیەمو کۆتایی لە ڕۆژی دوو شەممەی ١٩٤٥/١٠/٢٢ دەرچووە.

ئەم ڕۆژنامەیە لە ڕووی هونەری دەرهێنانەوە پێشکەوتووترە لەوانەی پێشوو. نەخشەسازی لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەی ستێر، بریتییە لە هێدی ڕۆژنامەکە، کە دەکەوێتە سەرەوەی لاپەڕەی یەکەم، دەرهێنانی هێدی ئەم ڕۆژنامەیە لە هێدی ڕۆژنامەی ڕۆژانوو جیاوازە. هێدەکە لە ناوی ڕۆژنامەکە پێکدێت بە شێوەیەکی هونەریو جوان لە لاکێشەیەکدا نووسراوەو، ئەو لاکێشەیە لەسەر باگراوەندێك دانراوە، کە نەخشەی جیهانەو لەناو بازنەیەکدایەو لە گۆشەی سەرەوەی لای چەپی لاپەڕەکە جێی خۆی گرتووە. دوو گوێچکەو گەردنی هێدەکە هەر سێکیان لەژێر ناوی ڕۆژنامەکە دانراون.

گوێچکەی لای چەپی ناوەکە بە نووسین لە شێوەی چوارگۆشەیەك دروستکراوە، ناونیشانی ڕۆژنامەکە بە زمانی کوردی لەگەڵ ژمارەی تەلەفۆنی تێدا نووسراوە. گوێچکەی لای ڕاستی ناوەکە هەر بە هەمان شێوەو هەمان زانیاری بە زمانی فەرەنسی نووسراوە. گەردنی هێدەکە بریتییە لە ژمارەی ڕۆژنامەو ژمارەی ساڵ لە دێری سەرەوەدا، لە دێری ناوەڕاستدا ناوی ڕۆژو مێژووی دەرچوونی نووسراوە، لە دێری خوارەوەی گەردن نرخی ڕۆژنامەکە نووسراوە. ئەم بەشەی هێد وەکو چوارگۆشەیەك دروست بووە. بەشی دووەمی هێد لە لای ڕاستی سەرەوەی لاپەڕەی یەکەمدا دانراوەو، بریتییە لە دروشمی ڕۆژنامەکەو ئەمە شتێکی تازەیە لەچاو چاپەمەنییەکانی دیکە. دروشمی ڕۆژنامەکە دەستەواژەیەکە دەڵێت "وەلات بەری هەر تشتی"، واتە نیشتمان پێش هەموو شتێك. لە ژێر دروشمەکە بە زمانی فەرەنسی پێناسەی ڕۆژنامەکە دەکا، کە پاشکۆیەکی وێنەداری ڕۆژنامەی ڕۆژانوویە لەژێر ئەو پێناسەیە دیسان بە زمانی فەرەنسی لەلای چەپ ژمارەی ڕۆژنامەکەو ژمارەی ساڵی ڕۆژنامەکە نووسراوە، لەلای ڕاست مێژووی دەرچوونی ستێر

تۆمارکردووە. دروست کردنی هێدی ئەم رۆژنامەیە بەشێوەیەکی تازەیە، وەکو ئەوانەی دیکە نییە، لە دوو بەش پێکهاتووە.

پاشان رووبەری لاپەڕەی یەکەم وەکو نەخشەی بناغەیی بەسەر چوار ستووندا دابەش کراوە، بەڵام لەبەر بڵاوکردنەوەی دوو وێنە لە لاپەڕەی یەکەمی ژمارەی یەکەمدا جێگای سێ ستوونی گرتووە، وێنەیەکی گەورەی شاری پاریسە بە فراوانی سێ ستوونەوە وێنەیەکی بچووکی (ژان دارك) لە ستوونی چوارەمدا بڵاوکراوەتەوە. ئینجا بابەتەکان لەسەر پاشماوەی لاپەڕەکەدا دابەشکراون. لاپەڕەی یەکەم لە ژمارەی دووەمدا هەر بەهەمان هێدەو هەمان نەخشەی بناغەیی بۆ دروست کراوە، واتە بەسەر چوار ستووندا دابەشکراوە، سێ وێنەی قەبارە جیاواز لەسەرەوەی لاپەڕەکەدا بڵاوکراونەتەوە، دوو وێنە بە فراوانی جێگای سێ ستوونی گرتووە لە خوارەوەو ناوەڕاستی لاپەڕەکە دانراون. وێنەی سێیەم بەقەد فراوانی ستوونێکە لەسەرەوەی ستوونی چوارەمی دەستی راست دانراوە. ئینجا بابەتەکانی رۆژنامەکە بەشێوەیەکی هونەری لەسەر رووبەری پاشماوەی لاپەڕەکەدا دابەشکراون.



STER

WELAT BERÎ HER TIŞTÎ

Supplément illustré du Quotidien Kurde «Roja Nû»

DÉCEMBRE

QEWIL

JAN DARK

MIRARIYA CIHAN Ê PARIS

Payitexte Fransê Bajarê Zirev Deleng Spahî û Meyvan-niwaz

بەشەمەزنی لاپەرەی یەکەمی رۆژنامەی ستێر

له لاپەڕەی یەکەمی ژمارەی سێیەمدا، هەر هەمان هێدو هەمان نەخشە، بەڵام دابەشکردنی کەرەستەکان جیاوازە. پێنج وێنەی قەبارە جیاجیای بچووك لە خوارەوەی لاپەڕەکە بە فراوانی هەر چوار ستوون دانراون، ئینجا چەند بابەتێکی هەمەجۆر لە رووبەری پاشماوەی سەرەوەی وێنەکان جێگای خۆیان گرتووە. ئەمە دەربارەی لاپەڕەی یەکەم.

نەخشەسازی لاپەڕەکانی ناوەوە، لە ناوەڕاستی سەرەوەی لاپەڕەکاندا ناوی رۆژنامەکە نووسراوە لەلای چەپی ناوەکە ژمارەی لاپەڕەکە دانراوەو لەلای راستی ناوەکە مێژووی دەرچوونی ژمارەکە تۆمارکراوە. ئینجا لاپەڕەکە بەسەر چوار ستووندا دابەشکراوە، جێگای دوو ستوون بۆ وێنە تەرخانکراوەو دوو ستوونی دیکە بۆ نووسینی بابەتی رۆژنامەگەریی ماون. ئەوەی جێگای سەرنجەو شتێکی تازەیە هەبوونی مانشێتی گەورەیە لە سەرەوەی لاپەڕەکانی ناوەوەی رۆژنامەی ستێرداو نەبوونیان لەسەر لاپەڕەی یەکەمدا. لە (ژ١، ل٤)دا مانشێتێکی گەورە بە قەد فراوانی لاپەڕە، واتە لەسەر چوار ستوون نووسراوە، دەڵێت: "خەباتەکە زۆر بێ بهن ستاندن". لە لاپەڕەی دوو سێی ژمارەی دووی رۆژنامەکە مانشێتێکی گەورە هەیە بە قەد فراوانی هەر دوو لاپەڕەکەیە دەڵێت:

"خەبات جان فیداکارینە مەزن بهایێ ئازاهیو سەربەستیا مللەتانە".

لە لاپەڕەی کۆتایی ژمارەکە مانشێتێکی دیکە دەڵێت: "مینا پلنگەکە هارو دژوار" لاپەڕەکانی ناوەوەی ژمارەی سێیەم جیاوازن، مانشێتی گەورە نییە، بەڵکو چەند ناونیشانێکی بچووك دەبینرێت کە بۆ چەند بابەتێك دانراون.

دەرهێنانی رۆژنامەی ستێر دوور نییە لاسایکردنەوەی رۆژنامەکانی تابلویدی ئەورووپای ئەو سەردەمە بێت، هەروەها گرنگیدان بە دەرهێنانی ستێر بۆ هەبوونی ماوەیەکی درێژ لەنێوان ژمارەکانی رۆژنامەکەدا دەگەڕێتەوە.

# XEBAT CANFIDAKARIYINE MEZIN

[illegible]





Balafirvanên Hevalbendan bi Firazî bi hewa ketine û berê xwe dane neyaran

[illegible]

## TOPÊN BER BALAFIRÊ



Di gor û bê ve topên kelafiçiken di nubetdariyê de ne. Ev topên he bûna kelafira diçiklina

## ROVI & TOZ BEG

[illegible]

نەخشەسازی لاپەڕەی دووەم و نووسینی ناونیشانەکانی ڕۆژنامەی ستێر

# XEBATEKE ZOR BÊ BIHINSTANDIN

TORA



EYFEL



NAPOLYON BONAPART



RODIN

Kalê Kolkên Reben

FELSEFE

FEYLESOF



VICTOR HUGO



DESTXETÊN CELENG



PASTOR

نەحشەسەری لاپەڕەی دوایی ڕۆژنامەی ستێر

## وێنەی ڕۆژنامەگەریی Photo Journalism

وشەی فۆتۆگراف photograph، وشەیەکی گریکییە لە دوو وشە دروست بووە، وشەی یەکەم photos واتە تیشك، وشەی دووەم craphos واتە نووسین، واتای هەردوو وشە پێکەوە دەبێتە نووسینی تیشك[577]. وێنەی فۆتۆگرافی ئەو وێنەیە، کە بە ڕێگای کامێرە دەکێشرێتو وشەی کامێرە لە دەستەواژەی لاتینی (camera obscuer) واتە ژووری تاریك هاتووە[578].

وێنە وەکو هەر هونەرێکی دیکە بە چەندین شێوەی جیاواز پێناسە دەکرێت، هۆی ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ دیدو بۆچوونو تێگەیشتنی جیاواز، هەندێك وێنە بەشێوەیەکی گشتی پێناسە دەکەن، کە "وێنە زمانێکی جیهانی بووەو ئێستاش هەروایەو خەڵك لە سەرتاسەری جیهان تێی دەگەن"[579]. هەندێکی دیکە وێنەی ڕۆژنامەگەریی بەشێوەیەکی تایبەتی پێناسە دەکەن، کە "وێنە وەکو تۆمارێکی زیندوو واقیعیو مێژوویی ژیانە، ئەوەی لە چرکەیەکدا تۆمار دەکرێت بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ بە نەمری دەمێنێتەوە، دەبێتە بەڵگەنامەیەکی بەرچاو بۆ ژمارەیەکی زۆر لەو ڕووداوانەی وەکو بروسکە تێدەپەڕن"[580].

وێنەی ڕۆژنامەگەریی هونەرێکی گرنگی ئەم بوارەیەو هونەرێکی بینراوەو لە وێنەو نیگارو نەخشەو چەندین هۆکاری ڕوونکردنەوەی دیکە پێکدێت. وێنەی ڕۆژنامەگەریی ڕۆڵێکی سەرەکی بۆ بەدەستەوە هێنانی ئامانجەکانی ڕۆژنامەگەریی دەگێڕێت، چونکە "وێنە ئاوێنەی ڕووداوەکانە. ڕۆژنامەنووس کە وێنە لەگەڵ نووسینەکەی بەکاردەهێنێ، بۆ ئەوەیە فاکتەرەکانی بەهێزتر بێ و

---

٥٧٧- عامر ابراهيم قنديلجي، توثيق الصورة في الاعلام والصحافة، دار الشؤون الثقافية العامة، الموسوعة الصغيرة ٣٩٨، بغداد، ١٩٩٩، ص٧.

٥٧٨- جون. ر. بيتز، مقدمة في الاتصال الجماهيري، ص٢٠٥.

٥٧٩- عامر ابراهيم قنديلجي، توثيق الصورة في الاعلام والصحافة، ص٦.

٥٨٠- علي محمود، الصحافة مهنة، ص١١٣.

هەواڵ دەدا واقیعی ڕوداوەکە وەك خۆی بگەیەنێتە خوێنەران"[٥٨١]، ئەم ڕۆڵە دەبێتە هۆی ئەوە "زیندوێتی‌و بڕواو جوانییی‌و کامڵبون بە بابەتە نوسراوەکان ببەخشێت"[٥٨٢].

زۆرجار "وێنە لەگەڵ هەواڵی بڵاوکراوەدا یەکسانە لە ڕووی ڕازی کردنی خەڵکەوەو هەندێ جاریش بۆ خوێنەر لە سەرەوەی هەواڵ دەبێت‌و، دەبێتە تەواوکەری هەواڵەکەو وا لە خوێنەر دەکات کە دەربارەی ڕاستی‌و دروستی زانیارییەکانی هەواڵ پرسیار نەکات"[٥٨٣]. زۆربەی ئەو لێکۆڵینەوانەی لەسەر کاریگەری وێنەی ڕۆژنامەگەریی کراون "جەخت لەسەر بایەخی گەورەو کاریگەری دیاری وێنە لەسەر هەست‌و هۆشی خوێنەر دەکەنەوە، تا ئەوەی دەشێ ئەمڕۆ نیوەی زیاتری پانتایی ڕۆژنامەکان بە وێنە پڕ بکرێنەوە"[٥٨٤]. هەر دەربارەی گرنگی وێنە، "زانایانی کۆمەڵناسی پێمان دەڵێن کاریگەری وێنە لە کاریگەری وشەی چاپکراو زیاتر لە هۆشیاری ئێمەدا دەمێنێتەوە"[٥٨٥]. لێرەدا مەبەست لە وێنە، نیگارو فۆتۆگراف‌و نەخشەو هەر هۆکارێکی ڕوونکردنەوەیە کە لەگەڵ بابەتێکی ڕۆژنامەگەریی دا بڵاودەکرێتەوە.

ئەگەر باسی سەرهەڵدانی وێنە بەشێوەیەکی گشتی بکەین، ئەوە دەبینین "مرۆڤی سەرەتایی بە هەزاران سەدە پێش تۆمارکردنی مێژوو چیرۆکی ژیانی خۆی بە نیگارکێشان لەسەر دیواری ئەشکەوتەکان هەڵدەکەند[٥٨٦]، بەڵام مەبەستی ئێمە ئەوە نییە، بەڵکو ئاماژەکردنە بە مێژووی بەکارهێنانی وێنە لە ڕۆژنامەگەریدا، پێویستە ئەوەش بزانین، کە ڕۆژنامەگەریی لە سەرەتادا بەشێوەی ئێستا وێنەی بڵاونەدەکردەوە، بەڵکو لەسەرەتادا وێنە لە ڕۆژنامەگەریی‌و کتێبدا نیگاری قەڵەمکێش بوون‌و لەسەر تەختەیەك کەلیشەیان هەڵدەکەندو ئەم ڕێگایە بەردەوام بوو تاکو نیزیك کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم. "یەکەم وێنەش کە بە چاپکراوی لە ڕۆژنامەدا بڵاوکرایەوە، هێلکاریەك بوو لەسەر تەختە بە دەست هەڵکۆڵرابوو **wood cuts**، لە

---

٥٨١- د. مەغدید سەپان، ژانرەکانی ڕۆژنامەوانی‌و مێژووی چاپخانە ١٤٥٠ – ١٥٠٠، چ١، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کوردستان، هەولێر، ٢٠٠٥، ل١٠٤.

٥٨٢- هەڤاڵ ئەبوبەکر حسەین، چەشنە ئەدەبی‌و ڕۆژنامەنوسییەکان...، ل١٧٥.

٥٨٣- د. عبدالجواد سعید ربیع، فن الخبر الصحفي، ص ٩٦.

٥٨٤- هەڤاڵ ئەبوبەکر حسەین، چەشنە ئەدەبی‌و ڕۆژنامەنوسییەکان...، ل١٧٦.

٥٨٥- ف. فریزر بوند، مدخل الی الصحافة، ص٣٨١.

٥٨٦- سەرچاوەی پێشوو، ل٣٨١.

ڕۆژنامەی weekly news کە بەیەکەم ڕۆژنامەی ئینگلیزی دادەنرێ لە ١٦٢٢. وێنەکە لە دیسێمبەری ١٦٣٨ لەسەر لاپەڕە یەکیدا بڵاوکراوەتەوە"[587]. وێنە لە ڕۆژنامەگەریی دا ساڵ دوای ساڵ پێشکەوت، بە تایبەتی "پرۆسەی هەڵکەندن کە لە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی نۆزدەهەم گەشەی بەخۆوە بینی، تاکو س.هـ. هورگان لە ساڵی ١٨٦٩ توانی یەکەم کەلیشەی تۆڕی رصاص بەرهەم بێنێت‌و ئەو وێنەیەی لە ژمارەی ڕۆژی ٢١ی کانوونی دووەمی هەمان ساڵ لە ڕۆژنامەی نیویۆرك تریبیون بڵاوکردەوە"[588]. وێنە قۆناغ بە قۆناغ لەگەڵ پێشکەوتنی زانست‌و تەکنەلۆجیا پێشکەوت، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ ڕووداوی گرنگی جیهانی بوونە هاندەری ئەم پێشکەوتنە، "جەنگی یەکەمی جیهانی ئەویش یارمەتی پێشکەوتنی خێرای بڵاوبوونەوەی وێنەیدا، کە جێگایەکی گرنگی لە هەموو بوارێکی پرۆسەی ڕاگەیاندندا هەبوو. هەروەها کامێرەو ئامرازی چاپ‌و شووشتنەوەی وێنە پێشکەوت، ڕۆژنامەو دەزگاکانی ڕاگەیاندن هەر یەکێکیان تاقیگەی تایبەت بە وێنەو هەڵکەندنی خۆی هەبوو"[589].

هونەری وێنە لە ئەڵمانیاو لە دەوروبەری ساڵی ١٩٢٥ پێشکەوتنێکی گەورەی بە خۆوە دیت‌و لەوێ بەرەو هەموو وڵاتانی جیهان بڵاوبووەوە[590].

هەرچەندە وێنە پێش زیاتر لە سەدەیەکدا بەکارهاتووە، بەڵام بەکارهێنانی بەشێوەی بەرفراوان لەم ساڵانەی دواییدا کاریگەرییەکی زۆری لە ڕۆژنامەگەرییدا کرد، تاکو ساڵانی چلەکانی سەدەی بیستەم ڕۆژنامەکان زیاتر لە یەك دوو وێنەیان لەسەر لاپەڕە یەکەمەکاندا نەبوو زیاتر لە دە وێنە لە هەموو لاپەڕەکانی دیکەدا نەبوون‌و زۆربەی وێنەکان وشك‌و بێ گیان بوون، بەڵام دوای ئەو ماوەیە، ژمارەو قەبارەو سروشتی وێنە گۆڕانی بەسەرداهات[591].

---

٥٨٧- عەبدولقادر عەلی مەردان‌و ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی، چاپکردن‌و نەخشەسازی، چ١، لە بڵاوکراوەکانی ڕۆژنامەی برایەتی، هەولێر، ١٩٩٩، ل٧٤.

٥٨٨- ف. فريزر بوند، مدخل الى الصحافة، ص٣٨٤.

٥٨٩- عبدالجبار محمود علي، التصوير الصحفي، ط١، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، بغداد، ١٩٨٠، ص١٨.

٥٩٠- ف. فريزر بوند، مدخل الى الصحافة، ص٣٩٤.

٥٩١- د. ابراهيم امام، دراسات في الفن الصحفي، ص٢٧٢.

دەربارەی سەرەتای پەیدابوونی وێنە لە ڕۆژنامەگەریی کوردیدا، "یەکەم وێنەی ڕۆژنامەوانی کوردی کە ساڵی ١٩٠٨ لە (کورد تەعاون و تەرەقی غەزەتەسی) بڵاوکراوەتەوە، کە لە هەر (٩) ژمارەکەیدا (١٢) وێنەی جۆراوجۆر بڵاوکراوەتەوە، یەکەم وێنەش شاری ئەستەنبوڵ بووە"[٥٩٢]. شایانی باسە وێنەکان بەشێوەی "زەنکوغراف بڵاوکراونەتەوە"[٥٩٣]. تەنیا "ژمارەکانی ٢ و ٧ وێنەیان لەگەڵ نییە"[٥٩٤].

وێنەی ڕۆژنامەگەریی سوودێکی گەورە بە ڕۆژنامە یان گۆڤار دەگەیەنێت، دەتوانین بەم خاڵانەی خوارەوە دەست نیشانیان بکەین:

١. وێنە کەش و هەوایەکی ریالیستی دەبەخشێتە بابەتەکەو هێزێکی دەداتێ.

٢. خوێنەر دەتوانێت لە ڕێگای وێنەوە زۆر زانیاری بزانێت، پێویستی بە ناوەڕۆکی زیادو درێژ ناکات، هەروەکو فەیلەسوفی چینی کۆنفۆشیۆس دەڵێت: "هەزار وشە ناتوانێ وەکو یەك وێنە بە ڕەوانی بدوێت"[٥٩٥].

٣. وێنە یارمەتی چەسپاندنی زانیارییەکان لە مێشکی خوێنەردا دەدات، چونکە ئەو هەواڵ و وتارەی وێنەی لەگەڵدایە زیاتر لە مێشکی خوێنەردا دەمینێتەوە.

٤. وێنە زیاتر خوێنەر بۆ خوێندنەوەی بابەتەکە رادەکێشێت.

٥. وێنە دەبێتە هۆی گەشەکردنی وردبینی خوێنەر، چونکە خوێنەر بە هۆی وێنەوە دەتوانێت تێبینی دەلالەت لە وێنەدا بکات.

٦. وێنە کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی لەسەر خوێنەر هەیە، گرنگترین هۆکاری ڕوونکردنەوەو ورووژاندن و سەرنج ڕاکێشانە.

٧. ڕاستی ڕوودانی هەواڵەکە دووپات دەکاتەوەو پشتەوانییێکی گەورە بۆ بابەتەکە دەکات[٥٩٦].

---

٥٩٢- فوئاد عەلی ئەحمەد، مێژووی وێنە لە ڕۆژنامەنیی کوردیدا (١٨٩٨ – ١٩٣٩) بەشی سێیەم و کۆتایی، گۆڤاری ڕۆژنامەنوسس، ژمارە (١) لە ٢٠٠٤/٥/٢٢، ل١٦٨.

٥٩٣- جەمال خەزنەدار، کورد تعاون وترقی غرتەسی، گۆڤاری هاڤیبون، ژمارە (٩)، ٢٠٠١، ل٣٦.

٥٩٤- نەوشیروان مستەفا ئەمین، کورد تەعاون و تەرەقی غەزەتەسی، گۆڤاری ڕۆژنامەڤانی، ژمارە (٩)، ساڵی سێیەم هاوین ٢٠٠٢، ل٨٩.

٥٩٥- عامر ابراهیم قندیلجي، توثیق الصورة في الاعلام والصحافة، ص١١.

٥٩٦- عامر ابراهیم قندیلجي، المعلومات الصحفیة وتوثیقها، دار الرشید للنشر، بغداد، ١٩٨١، ص٤٦-٤٧.

هونەری وێنەی ڕۆژنامەگەریی، هونەرێکی چوارچێوەکراوو سەربەخۆیەو لە هونەرەکانی دیکە جیاوازە. واتە هەموو وێنەیەك بە کەڵك نایێت ببێتە وێنەیەکی ڕۆژنامەگەریی‌و لە ڕۆژنامەو گۆڤاردا بڵاوبکرێتەوە، بەڵکو وێنەی ڕۆژنامەگەریی خەسڵەتی خۆی هەیە، بەو خەسڵەتانە لە وێنەکانی دیکە جیادەکرێتەوە. لێرەدا دەتوانین چەند خەسڵەتێك بۆ وێنەی ڕۆژنامەگەریی دەست نیشان بکەین لەوانە:

١. گرنگترین خەسڵەتی وێنەی ڕۆژنامەگەریی هونەرێکی ئامانجبەرە، بۆ مەبەستی دەست نیشانکراو بەکاردێت‌و پەیوەندییەکی لەگەڵ ریالیستدا هەیە.

٢. وێنەی ڕۆژنامەگەریی هۆکارێکی دەربڕینی ئیستاتیکا نییە، بەڵکو هۆکارێکی ڕاگەیاندنەو دەچێتە ناو چوارچێوەی هونەری پراکتیکی نەك هونەرە جوانەکان. چونکە دوور نییە بەها جوانییەکانی وێنە بۆ ڕۆژنامەنووسێك شتێکی زیاد بێت لە وێنەدا.

٣. بابەتی سەرەکی وێنە پێویستە ڕوون‌و ئاشکرا بێت، بە دیتنی وێنەکە یەکسەر بابەتەکە بێتە بەرچاو نەك شتێکی دیکەو نەبێتە جێگای گومان بۆ خوێنەر.

٤. وردبینی‌و ڕاستگۆیی لە خەسڵەتەکانی وێنەی ڕۆژنامەگەرییە، نابێت وێنەیەکی دەستکردو دروستکراو قەڵپ (زائف) بێت.

٥. پێویستە وێنەی ڕۆژنامەگەریی لەگەڵ ڕێبازو ئایدۆلۆژیای ڕۆژنامە یان گۆڤارەکە بگونجێت‌و وێنەی سەرکەوتوو ئەوەیە کە سەرنجی خوێنەر بۆ خوێندنەوەی بابەتەکە ڕادەکێشێت. نەك ببێتە تێکدانی چێژی خوێنەر[٥٩٧].

٦. قەبارەی وێنە پێویستە لەگەڵ بابەت‌و پانتایی لاپەڕەکە بگونجێت، هەروەها پێویستە لە ڕووی هونەرییەوە وێنە دیسان لەگەڵ گرنگی بابەتەکەوە بگونجێت[٥٩٨].

---

٥٩٧- د. أبراهيم امام، دراسات في الفن الصحفي، ص٣٠٠.

٥٩٨- د. عبدالجواد سعيد ربيع، فن الخبر الصحفي، ص٩٨.

## جۆرەکـانی وێنـەی ڕۆژنامەگەریی

گرنگی دان بە وێنە ڕۆژ دوای ڕۆژ گەورەتر دەبێت. هەر ڕۆژنامەیەك یان گۆڤارێـك یـان داموو دەزگایـەکی ڕاگەیانـدن، هـەوڵی گـەورە دەدات بـۆ دەسـت خـستنی زۆرتـرین ژمـارە لـە وێنـەی ڕۆژنامەگەریی و بۆ ئەم مەبەستە پارەیەکی باش تەرخان دەکات، چونکە هەموو وێنەیەك بۆ هـەر بابەتێکی ڕۆژنامەگەریی دەست نـادات، بـەڵکو پێویـستە هـەر وێنـەیـەك لەگـەڵ بابـەت و کـاتی خۆیـدا بـەکاربێت، ئەمــە ئـەوە دەسـەلمێنێت، کـە وێنــەی ڕۆژنامـەگـەریی زۆر جـۆری هەیـە، دابەشکردنی لەسەر بنەمای چەند پێوەرێك دەبێت، بەڵام دەتوانین وێنەی ڕۆژنامـەگـەریی بـۆ دوو بەشی سەرەکی دابەش بکەین[٥٩٩] وەکو:

أ. وێنەی کەسایەتی

ب. وێنەی بابەتی

هەروەها جۆری وێنەی بابەتی ئەویش بەپێی بابەت دابەش دەبێت بۆ چەند جۆری دیکە:

١. وێنەی هەڵکەوت و بۆنەکان. وەکو پێشوازی کردن و ئاهەنگی نەتـەوەیی و جەژنـە ئـایینی و نیشتمانی و سەردانەکان.

٢. وێنەی ڕووداوەکان، هەر جۆرە ڕووداوێك بێت وەکو ڕووداوی هاتوچۆ، ڕووداوی سروشـتی وەکو بوومـەلەرزە و لافاو، ڕووداوی کەوتنە خوارەوەی فڕۆکە....هتد.

٣. وێنەی شوێن و ناوچە جوگرافییەکان، وەکو وێنەی شارەکان یان گەڕەکـەکان و گونـدەکان، وێنەی گەشت و گوزاری و جوگرافی.

٤. وێنەی شوێنەوارەکان، وەکو وێنەی ناوچـە شـوێنەوارییەکان بـۆ نموونـە وەکـو ئەشـکەوتی شانەدەر و قەڵاو منارەی هەولێر و...هتد.

٥. وێنەی شەڕ و جەنگ، وەکو وێنەکانی شەڕ و جەنگەکانی ناوخۆ و نێودەوڵەتی و جیهانی.

٦. وێنەی پڕۆژەکان، وەکو پڕۆژەی کشتوکاڵی و پیشەسازی و تەلاری...هتد.

---

٥٩٩- عامر ابراهيم قنديلجي، توثيق الصورة في الاعلام والصحافة، ص١٣.

٧. وێنەی هونەری، ئەو وێنەیە کە بۆ جوانی کێشراوەو زۆرجار لەسەر لاپەڕەکانی دوایی رۆژنامەدا، یان جێگایەکی تایبەت، لە گۆڤارێکدا بلاّودەکرێتەوە.

٨. وێنەی وەرزشی، وەکو وێنەی هەموو جۆرەکانی چالاکییە وەرزشییەکان لەسەر هەموو ئاستێکدا[٦٠٠].

لەگەڵ ئەم دابەشکردنەدا، هەندێ جار تێکەڵ کردنێك دروست دەبێت وەکو، لەنێوان وێنەی وەرزشیو وێنەی هەڵکەوتدا. هەروەها وێنە بەپێی پێوەری ژانرو هونەری رۆژنامەگەریی دابەش دەبێت وەکو:

١. وێنەی هەواڵ: ئەو وێنە هونەرییە کە رەشو سپی یان رەنگاو رەنگەو بەپێی توانا گوزارشت لە راستگۆییو راشکاویو بابەتی رووداوەکە دەکات، ناوەڕۆکی رووداوەکە یان چالاکییەکەیان هەڵوێستێکی تازە بۆ خوێنەران دەگوازێتەوە[٦٠١]. وێنەی رووداوێکە کە لە شوێنو کاتێکی دەست نیشانکراودا روویداوە، وەکو کۆبوونەوەیەك یان ئاگر کەوتنەوەیەك، یان هەر رووداوێکی دیکە. ئەم جۆرە وێنەیە دەبێتە تەواوکەری هەواڵی نووسراو. زۆرجاریش وێنەی هەواڵ نەخشەی وڵاتێکە یان ناوچەیەکی جوگرافییە. یان ئامارێکە، کە دەبێتە هۆی روونکردنەوەی هەواڵەکە.

٢. وێنەی ریپۆرتاژی رۆژنامەگەریی: ئەو وێنەیە دەبێتە بەڵگەیەك بۆ بۆچوونی ریپۆرتاژی رۆژنامەگەریی. ئەم جۆرە وێنەیە لەگەڵ وێنەی هەواڵ جیایە، چونکە کێشانی وێنەی ریپۆرتاژ کاتی زیاتری دەوێ لە وێنەی هەواڵ چونکی پێویستە وێنەی هەواڵ وێنەی رووداني رووداوەکە بێت، بەڵام لەوانەیە وێنەی ریپۆرتاژ وێنەی ئەنجامی رووداوەکە بێت.

٣. وێنەی کەسایەتی: کە پێیدەڵێن (پۆرترێت) واتە نیوەی وێنە (صورة نصفية)، کە لەگەڵ ئاخاوتنێك یان لەگەڵ هەواڵێك بلاّودەکرێتەوەو باشترە ئەم جۆرە وێنەیە تازە بێت.

٤. وێنەی هونەریو جوانی، هەر لە کۆنەوە وەکو نەریتێکی رۆژنامەگەریی وێنەی جوانو هونەری وەکو شاکارێکی وێنەگرەکە بلاّودەکرێتەوە. دەبێتە مایەی جولانەوەی هەستی خوێنەرو جوانییێك دەداتە رۆژنامە یان گۆڤارەکە.

---

٦٠٠ -عامر ابراهيم قنديلجي، المعلومات الصحفية وتوثيقها، ص٤٣.

٦٠١- د. عبدالجواد سعيد ربيع، فن الخبر الصحفي، ص٩٧.

٥. وێنـەی بانگەشـە: ئـەو وێنەیـە کـە لەگـەڵ بانگەشـەیەکدا بـەکاردێتو پـسپۆڕان دەڵـێن کاریگەری هەر وێنەیەك بە قەد هەزار وشەیە. وێنەی مرۆڤ زیاتر سەرنجی خوێنەر رادەکێشێت، لە وێنەی شتەکانی دیکە[٦٠٢].

---

٦٠٢- عبدالجبار محمود علي، التصوير الصحفي، ص٢٠.

## نووسینی ناوەڕۆکی وێنەی هەواڵ

لەکاتی بڵاوکردنەوەی وێنەیەك لەگەڵ هەواڵێکدا لە ڕۆژنامە یان گۆڤارێکدا زۆرجار بە نووسینێك ناوەڕۆکی وێنەکە ڕوون دەکرێتەوەو تیشك دەخرێتە سەر چەند خاڵێکی گرنگ لە وێنەکەدا، بەڵام نووسین بۆ هەموو وێنەکان وەکو یەك نییە، لەبەرئەوە چەندین جۆری نووسینی ناوەرۆکی وێنەی هەواڵ هەیە لەوانە:

١. نووسینێك وەسفی وێنەکە دەکات. ئەو نووسینەیە کە بەشێکە لە چیرۆکی هەواڵی ئەو ڕووداوانەی لە وێنەکەدا هاتووە. ئەم جۆرە نووسینە پێویستە زۆر کورت بێت.

٢. نووسینێك وەسفی وێنە دەکات لە لاپەڕەیەکداو چیرۆکی هەواڵەکە لە لاپەڕەیەکی دیکەدا بڵاودەکرێتەوە. ئەم جۆرە نووسینە پێویستە درێژو فراوان بێت.

٣. نووسینێك وەسفی وێنەیەك دەکاتو هیچ بابەتێك لەگەڵ وێنەکەدا بڵاوناکرێتەوە، هەر ئەو نووسینە بە تەنیا دەبێت، لەبەرئەوە پێویستە نووسینێکی گشتی بێتو هەموو ڕاستییەکان لەخۆ بگرێت.

٤. نووسینێك لەگەڵ وێنەیەکدا وەسفی چیرۆکێکی هەواڵی دەکاتو هەموو ڕاستییەکانی ئەو چیرۆکە لەبەردەست نین، کە بەبێ وێنە بڵاوبکرێتەوە، لەبەرئەوە پێویستە ئەو نووسینە بە دوورو درێژی بنووسرێتەوە.

نووسینی ناوەڕۆکی وێنەی هەواڵ پێویستە سەرنج ڕاکێش بێتو وێنەکە ڕوون بکاتەوە، ڕاستەوخۆ باسی بابەتەکە بکات. ئەم نووسینە دەبێت لە سەرەوەی وێنە یان لە ژێرەوەی وێنە بێت یا لە تەنیشتێکی بێتو ئەم نووسینە بە هەمان فۆنتی نووسینی دەقی لاپەرەکە دەبێت[٦٠٣].

### وێنە لە گۆڤاری هاواردا:

گۆڤاری هاوار ١٩٣٢ – ١٩٤٣ بەپێی سەردەمی خۆی هەوڵیداوە وێنە بڵاوبکاتەوەو لاپەڕەکانی بەم هونەرە ڕۆژنامەگەرییە برازێنێتەوەو سەرنجی خوێنەران ڕابکێشێتو هێزێکی دیکە بداتە ناوەڕۆکی بابەتەکانی خۆی. لە (ژ٥، ل٥)دا وێنەی لاوانی کورد لە بەغدا

---

٦٠٣- د. عبدالجواد سعيد ربيع، فن الخبر الصحفي، ص١٠١.

بلاوكراوەتەوە. ئەم وێنەیە وەکو هەواڵێك وایە ئەو راستییە دووپات دەکاتەوە، کە ژمارەیەك لە لاوانی کورد، لە کۆلیژو پەیمانگاکانی بەغدا دەخوێنن، دەبنە هۆی پاشەرۆژێکی گەش بۆ خەڵکی کوردستان. لە سەرەوەی وێنەکەدا ناونیشانێك بە فۆنتێکی گەورە نووسراوەو دەڵێت: "خورتێن کورد درێیا خوەندن‌و پێشکەفتنێ دە"، پاشان لە ژێرەوەی وێنەکەدا ئەم ناونیشانە بە فۆنتێکی باریکتر نووسراوە: "توفەك ژ شاگرتێن کوردێن عیراقێ". ئینجا لەژێر وێنەکەدا نووسراوە: "ئاوا وێنەی لاوانی کوردی بەغدادم بە یادگار پێشکەشی هاواری کردووە، ئەم لاوانە بەعزێکیان لە دار ئەلوعەلمین‌و هەندێکیان لە مەکتەبی سانەوی، حقوق، دار ئەلعلوم‌و قوتابییەکانی حەربییەتیانیە".

لە (ژ٩)داو لەسەر بەرگی یەکەمی گۆڤارەکەدا وێنەیەك بلاوکراوەتەوەو لە ژێرەوەی نووسراوە: "توفەك ژ کوردمانجێن دەشتا هەسنان". هەر هەمان وێنە لە (ل٥)ی ئەو ژمارەیەدا جارێکی دیکە بلاوکراوەتەوە دەستەواژەی کوردییەکە بۆ زمانی فەرەنسی وەرگێڕاوە.

لە (ژ١١، ل٣)دا، وێنەیەکی خوالێخۆشبوو خەلیل رامی بەدرخان بەگ بلاوکراوەتەوە، لەگەڵ هەواڵی کۆچکردنی ناوبراو، ئەمەش نەریتێکی رۆژنامەگەرییە بۆ زیاتر سەرنج راکێشانی خوێنەران‌و دووپاتکردنەوەی ناوەڕۆکی هەواڵەکە. هەر بۆ هەمان مەبەست‌و لە هەمان ژمارەو (ل٧)دا وێنەیەکی (د. ئەحمەد بیرقدار) بە بۆنەی کۆچی دوایی بلاوکراوەتەوە. ئەم چوار وێنەیەی کە باس کران وێنەی فۆتۆگرافین.

لە (ژ١٣)و لەسەر بەرگی یەکەمی گرڤارەکەدا، وێنەیەکی ئاشووپی سەلاحەددین ئەیوبی بلاوکراوەتەوەو لە ژێرەوەی نووسراوە "سلتان سەلاحەدینی ئەیوبی". هەر هەمان وێنە لە هەمان ژمارەو لە (ل٤)دا بەهەمان نووسین بلاوکراوەتەوە. لە (ژ٦، ل٩)دا بابەتێك لەژێر ناونیشانی "زەردەشت‌و رێیا زەردەشت" بلاوکراوەتەوە، لەگەڵ ئەم بابەتەدا وێنەیەکی ئاشووپی، کە گوایە وێنەی زەردەشتە، بلاوکراوەتەوە. ئەم وێنەیە لە رووی قەبارەوە لە وێنەکانی پێشتر گەورەترە. لە (ژ٤٢، ل٥)دا بابەتێك لەژێر ناونیشانی "نەوروز بیست‌و سیێ نیسانێ" لە نووسینی (هەرەکول ئازیزان" بلاوکراوەتەوە، لەگەڵ ئەم بابەتەدا جارێکی دیکە وێنەکەی پێشووی زەردەشت، بەلام بە قەبارەیەکی بچووکتر بلاوکراوەتەوەو لەژێر وێنەکەدا نووسراوە "زەردەشت رێبەرو رێزانێ مللەتێن ئیرانی‌و خوەدێی ئاڤێستایێ".

شایانی باسە لە (ژ١١)داو لەسەر هەردوو بەرگی گۆڤارەکەدا وێنەی ئالآی کوردستان بلاوکراوەتەوە، ئەوەی گرنگە کە باسی بکەین هەموو وێنەکانی گۆڤاری هاوار وێنەی ناوخۆیینو، لەگەڵ بابەتی هەمەجۆردا بلاوکراونەتەوە. واتە لەگەڵ هەواڵو لەگەڵ وتارو بەبێ بابەتیش بلاوکراونەتەوە. لەسەرجەمی (٥٧) ژمارەی هاواردا تەنها حەفت وێنە بلاوکراونەتەوە، هەرچەندە سێ لەو وێنانە دووجار بلاوکراونەتەوەو هەر سێ وێنەی دوایی نەخشی دەستن یان قەڵەمکێشن.

رحمتی خلیل رامی بدرخان بك



Rehmeti Xelil Rami Bedir-Xan Beg



دوو نموونە لە وێنەی کەسایەتییەکان – گۆڤاری هاوار (ژ١١، ل٧)

# Dildiziya Guleqê

Li ber deriyê Diyarbeqrê parizeqî mezin heye. Ev pariz bi sosin û rêhan in, bi lale û benefşan xemilandî ye.

Her êvar biyanî xwe û hoziq bi wan gulelîqan re dileyize. Bilbil di helînêqan bayî de xwe dihejînin.

...yîn. Qortal qeş û di guhdariyê de ye.

***

Di wî parizî de her şev guleq vedibit. Rengê wê ji hêvên bûqan sortir, pelên wê bel û geş in.

Gava desteqî biyanî dr. ji wê dibe, pelên gulê lêu yeq.

Ew gul guleqe bi nav û deng e.

## Xortên Qurd Di Rêya Xwendin û Pêşveçelinê De

### Qomeq Ji Şagirtên Qurdên Iraqê



اوا وینه ی لاوانی کوردی بغدادم به یادگار پیشکه شی هاواری کردوه

ئەم لاوانە بعضیکیان لە دار المعلمین وەمە ندیکیان لە مکتبی ثانوی و حقوق و دار العلوم و ئەوانیکەش مدرسەی ثانیە

Avên zelal ji singên kuleteyan divezîqin. Ji ermanî, sterîq, bêdeng li wan fedisirin.

***

Di bin wê erdê de, di binaniya himen wî parizî de qortaleq heye. Qortal, qortaleqe tarî.

Li wê qortalê de Şêx Seîd bi hevalên xwe ve veşartî ye. Ji wê qortalê deng ...

Qurdên qo di şerê welatî de hazir bûn, dildiziya wê gulê dizanin. Dizanin qo spehîtî û geşiniya gulê nîşaneq ji imrda Qurdistanê ye.

Dizanin jî qo di nav her pelê wê gulê de hezar axên birîndaran, hezar evdên şehîdan, bi hezaran hêstirên sêwî û jinûbiyan, bi hezaran şînên welatiyan di xew de ne.

نموونەیەک لە وێنەی بۆنەو بیرەوەرییەکان — گۆڤاری هاوار (ژ٣، ل٥)

SAL 1
HEJMAR 13

ÇARŞEMB
14 Çileyê-Berê 1932

# HAWAR

ANNÉE 1
NUMÉRO 13

MERCREDI
14 Decembre 1932

Qovara Qurdî * Revue Kurde



Siltan Selahedinê Eyûbî

Çapxana Tereki
ŞAM — 1932

نموونەیەك لە وێنەی نەخشەی دەست لەسەر بەرگی گۆڤاری هاوار — ژ١٣

## وێنە لە گۆڤاری (ڕۆناهی)دا

هەروەکو لە پێناسەی گۆڤاری ڕۆناهی داهاتووە، کە پاشکۆیەکی وێنەداری گۆڤاری هاوارە، جەخت لەسەر وێنەداری ئەم گۆڤارە کراوەتەوە. لە سەرجەمی (٢٨) ژمارەی ڕۆناهی دا، (٧١٤) وێنەی بڵاوکردۆتەوە، ئەم وێنانە لە رووی قەبارەوە جیاوازن، بچووکترین وێنە لە (ژ١، ل٩)دا بڵاوکراوەتەوەو بە قەد پولی پۆستەیەو رووبەرەکەی نیزیکەی (٤سم٢)یە، گەورەترین وێنە لە (ژ١٥، ل١٢ + ١٣)دا بڵاوکراوەتەوە.

وێنەکان لە رووی جۆرەوە هەمەجۆرن: فۆتۆگرافی، نەخشەی دەستو وێنەی کاریکاتێری، هەروەها وێنەی کەسایەتیو وێنەی ڕووداوو وێنەی بابەتیو وێنەی هەواڵو وێنەی هونەریو وێنەی جوگرافیو وێنەی هەڵکەوتو بۆنە، هەر هەموویان لە گۆڤارەکەدا دەبینرێن. بەپێی پێوەری جوگرافی وێنەی ناوخۆو دەرەوە لە گۆڤارەکەدا بڵاوکراونەتەوە. سەرجەمی لاپەرەکانی هەر ٢٨ ژمارەی گۆڤاری ڕۆناهی دەبنە ٥٨٦ لاپەڕە، ئەگەر وێنەکان لەسەر ژمارەکان دابەش بکەین هەر ژمارەیەك زیاتر لە (٢٥) وێنەی بەردەکەوێتو ئەگەر سەرجەمی وێنەکان بەسەر سەرجەمی لاپەڕەکانی هەموو ژمارەکانی گۆڤارەکەدا دابەش بکەین، هەر لاپەڕەیەك زیاتر لە وێنەیەکی بەردەکەوێت، ئەمەش بۆ ئەو سەردەمە ڕێژەیەکی زۆرباش بووە بە پشت بەستن بەم ڕاستییانە دەتوانین دووپات بکەینەوە، کە "لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا تا ساڵانی دوای شۆڕشی ١٤ی تەمموزیش هیچ گۆڤارو ڕۆژنامەیەك ئەوەندەی گۆڤاری (ڕۆناهی/١٩٤٢) بایەخی بە بڵاوکردنەوەی وێنە نەداوە بەرادەیەك دەتوانین بە یەکەم گۆڤاری وێنەداری دابنێین لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا"[٦٠٤].

ئەگەر بە وردی سەیری وێنەکانی ڕۆناهی بکەین دەبینین (٢٣) وێنە قەڵەمکێشن واتە بە دەست دروستکراون، لەوانە (٥) جار وێنەیەکی سەلاحەددین ئەیوبی دووبارەبۆتەوە، ئەوانەی دیکە فۆتۆگرافینە. لەناو وێنەکانی ڕۆناهی دا (٨) وێنەی ناوخۆییە واتە کوردییە، دیسان لەوانەش (٥) جار وێنەیەکی ئاشووپی سەلاحەددین ئەیوبی لە ژمارەکانی (٢٣ -٢٤، ٢٥،

---

٦٠٤- نەژاد عزیز سورمێ، ڕۆژنامەگەری کوردی چەند سەرەقەڵەمێك لەبارەی تەکنیكو هونەرەکانی، چ١، لە بڵاوکراوەکانی ڕۆژنامەی برایەتی ژمارە (٣)، هەولێر، ١٩٩٩، ل١٨.

۲٦ ، ۲۸)دا دووبارەبۆتەوە. ئەوانی دیکە وێنەی کوردەکانی دەشتی هەسنانە لە (ژ۱ ، ل۸)دا بڵاوکراونەتەوە هەر هەمان وێنە کە لە (ژ۹)ی گۆڤاری هاواردا بڵاوکراوەتەوە، بەڵام بە قەبارەیەکی بچووکتر. وێنەیەکی دیکە هی لاوانی کوردە، ئەوانەی لە بەغدا دەیانخوێند. لە (ژ۱۲) لەسەر بەرگی یەکەمدا بڵاوکراوەتەوە.

RONAHÎ

HEJMAR 12 — ANNÉE 1, NUMERO 12

DUŞEM [illegible] — LUNDI 1 MARS 1943

[illegible] KURDE HAWAR



[illegible] NOPÎTÊN [illegible] IRAQÊ EN NAWENDA

[illegible] resim [illegible] resimal îro bi şahise [illegible] bibile.

Navên [illegible] rastê, ber bi çepê ve

Rêza pêşîn: [illegible] Ehmed Mistefa Amêdî, [illegible] Seîd, Şewket Ebmed, Mihemed [illegible], Elî Hesen — [illegible] Smaîl Seîd Doskî, Ehmed Neman, [illegible], Remezan [illegible], Fazil Seîd, Kemal Erbîlî.

Rêza [illegible]: Ziya [illegible], [illegible] Mistefa, Mihemed Seîd, Horşîd Hevlêrî, Ehmed Zeyno, Mistefa Brahîm, Hesen Hadî, Isam Hevlêrî, Hesen Hemîd.

ŞAM - 1943
ÇAPXANA SEBATÊ

نموونەیەك لە وێنەی بیرەوەری و بۆنەكان لەسەر بەرگی ژ١٢ی گۆڤاری (ڕۆناهی)دا

وێنەی دوایی لە وێنەكانی ناوخۆ، ـهی لاوێكی كوردی دانیشتووی شاری دیمەشقە، كۆچی دوایی كردووەو ناوی (ئەحمەد باراقی) بووەو لە (ژ٢٨، ل٧)دا بڵاوكراوەتەوە.

وێنەکانی دیکەی گۆڤاری رۆناهی، رێژەی هەرە زۆریان دەربارەی جەنگی دووەمی جیهانییەو بابەتەکانیان پەیوەندیدارن بەو جەنگەوە، چ وەکو رووداوی شەڕ یان چەك‌و تەقەمەنی تازە یان سەرکردەو ئەو کەسانەی کە جەنگەکەیان بەڕێوە دەبردو هەندێك وێنەی دیکەی هەمەجۆریش.

خاڵێکی دیکە کە بە پێویستی دەزانم ئاماژەی بۆ بکەم ئەوەیە کە لەسەر بەرگی یەکەمی هەموو ژمارەکاندا، وێنەیەك بڵاوکراوەتەوە. ئەمەش هۆیێك بوو بۆ سەرنج راکێشانی خوێنەران.

لەسەر بەرگی (ژ١)دا، وێنەیەکی فرۆکەکانی ئینگلیزی بڵاوکراوەتەوە کە بومباردانی کەشتی‌و پاپۆڕە جەنگییەکانی دوژمنانی دەکات لە کەنارەکانی نەرویجداو لەژێر وێنەکەدا نووسراوە:

"بالافرێن ئینگلیزی دپاراڤێن نورڤێژێ دە ب سەر ڤاپۆرێن دژمنەدە گرتنەو ئەو دانە بەر بمبەیێن خوە. بالافران هنگافتە ڤاپورەکێ‌و ئەو بن ئاڤ دبە".

هەر لە (ژ١، ل٢)دا وێنەیەکی ئەلیسا بێتای خاوەن تاجی ئینگلیستان لەگەڵ جەنەراڵ دیگول بڵاوکراوەتەوە کە سەردانی نەخۆشخانەیەکی فەرەنسیان کردووە، ئەم وێنەیە لەگەڵ هەواڵێکدا بڵاوکراوەتەوە.

لە (ژ٢، ل٤)دا وێنەی کۆمەڵە سەربازێکی فەرەنسی بڵاوکراونەتەوەو لەژێر وێنەکەدا نووسراوە: "بەریستانێن ئەفریقێ دە ئەسکەرنە فرەنسا ئازا رۆژنامان دخوینن".

هەر لە (ژ٢، ل١٢)دا وێنەی ژنێکی ئینگلیزی بە جل‌و بەرگی لەشکرییەوە بڵاوکراوەتەوەو دیسان لەژێرەوە نووسراوە: "سەفەر بەریا ژنان ژنەکە ئینگلیزی د خزمەتا وەلێت دە".

لە (ژ٣، ل١٣)دا، وێنەی کۆمەڵە سەربازێکی ئینگلیزی هاتووە کە هەوڵ دەدەن تۆپێکی فرۆکەشکێن لە جێگایەك جێگیر بکەن‌و لە تەنیشت وێنەکە نووسراوە: "توپا بالافڕشکەن، ئەسکەرێن ئینگلیزی دقادا لیبیایێ دە توپەکە بالافڕشکەن کاش دکن. ئەوێ وێ دتابیەکێ دە جە بکن".

لە (ژ٤، ل٩)دا وێنەی گروپێکی سەربازیی فەرەنسا بڵاوکراوەتەوە کە حوشتر سوارن‌و لە ناوچەی تەدمری سووریا راهێنان دەکەن. لەژێر وێنەکەدا نووسراووە: "حێشتر سوارێن فرەنسا ئازاد دورا تدمرێ دە مناوران چێ دکەن". لە (ژ٥، ل١٣)دا وێنەی دوو دیلی ئەڵمانی لەبەرەی رووسیادا بڵاوکراوەتەوەو لەژێر وێنەکەدا نووسراوە: "ژ ئەنیا شەرێ ئورس هێسیرێن ئەلەمانی یێن کە کەتنە دەستێن ئەسکەرێن ئورس". لەسەر بەرگی یەکەمی (ژ٦)دا، وێنەی کچێکی

جوان، که خەریکی کارکردنە، بڵاوکراوەتەوەو لەژێرەوەی نووسراوە: "ما گەرەکە ئەم ژ وەرە بێژن ئەڤ کییە، چییەو ژ دکە؟... ب داری چاڤانە کەچکەکە سپەهیو جوانە، دکەنو د خەبتە".

لە (ژ٩، ل٦)دا وێنەی پەرستگایەکی هیندستان بڵاوکراوەتەوەو لەژێرەوەی نووسراوە: "ژ عیبادە تخاییێن هندستانێ تا چ مەحالە ب ناڤو دەنگ".

لە (ژ١١، ل١٢)دا وێنەی گروپێکی کچانی بەرازیلی بڵاوکراوەتەوە مەشق دەکەنو لەژێرەوە نووسراوە: "کەچکێن برازیلی وەك ئەسکەران د تەعلیمێ دە".

SAL 1
HEJMAR 1

ÇARŞEMB
1 NÎSAN 1942

# RONAHÎ

ANNÉE 1
NUMÉRO 1

MERCREDI
1 AVRIL 1942

SUPPLÉMENT ILLUSTRÉ DE LA REVUE KURDE HAWAR

## ELÎSABÈT

### XUDANTACA INGILÎSTANÊ

Qraliçe Elîsabêt li rex mêrê xwe ê xudantac û digel miletê xwe ê dilqewîn ji bo zefer û serdestîya welat û kişwerê xwe bi her awayî û li her derê dixebite. Elîsabêt herçî civatên arîkariyê ji bo şerevaniyên ingilîzî hene tê de ye û bi lebatên wan civatan re bi kar û wezîfa xwe a milî mîna yeke ji xelkê radibe. Dikeve destegahên ko tê de gore û kirasên hirî cêdikin; radihêje şingikan, hiriyê dirêse û ev dayika dilovan ji kurên xwe ên esker re goran çêdike.



Di resmê jorîn de xudantaca Ingilîstanê, li Londrê, li ber deriyê xestexaneke frensizên aza têle dîtin. Elîsabêt ev xestexane digel serkarê [illegible] aza û fermandarê hunerwer, general De Gol ziyaret kiriye. Qraliçe [illegible] yaretê, li ber derî sekiniye û bi general De Gol re dipeyive.



Piştî kêlîkê balafirvanên ingilîzî û elemanî di [illegible] de [illegible]

### BALAFIRVAN

Di [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] Her [illegible] [illegible] [illegible] resmê jorîn de [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] ser wan [illegible] wargehê wan [illegible]

نموونەیەك لە وێنەی هەواڵ گۆڤاری رۆناهی (ژ۱، ل۲)

# AV Û GERM

Di şerê Efriqa bakur de şervanî ji du tiştan aciz in: piraniya germê û kêmbûna avê. Nemaze eskerên ko di tangan, di wan kelehên hesinîn de ne, ji germê [illegible] nakin. Ji lewre di tangên ko di wê qadê de tene şixulandin tertîbatine welê hene ko hundirê tangê xêra van tertîbatan honik e û germa [illegible] ko tê de ye bi germa derve naliese.



[illegible] DIJMIN DE GIRTINE

Di vê qadê de herçend germ zehf e, ewçend ji av [illegible] e. Ji xwe çem û kanî ninin; ava wan bîr e. Lê ew bîr ji ne nêzingî hev in. Berê, ava bîran bi kemyonan [illegible] qadên şer. Lê ev av bi rê ve dikeliha, nîvê wê dibû [illegible] û winda dibû, [illegible] ji [illegible] ne dibûte vexwarin. Ji lewre îro eskerên qadên Efriqê bi [illegible] ava behirê vedixwin. Ma ava behirê ji têtevexwarin. Heke [illegible] ji kemyonine xweser çêkirine. Ava behirê li wan kemyonan dikin. Di wan kemyonan de cihazine welê hene ko bi rê ve, ji behirê heta qada şer, ava behirê [illegible] û xweya wê dibin û ew dibe aveke şêrin. Ji milê din cihazine din, dîsa [illegible] wê ave honik dikin û ev av gava dikeve ceşdikên eskeran dibe aveke xweş [illegible] vexwarinê.



JI ENIYA ŞERÊ ÛRIS DU HÊSIRÊN ELEMANÎ YÊN KO KETINE DESTÊN ESKERÊN ÛRIS

5 13

نموونەیەکی وێنەی رووداو گۆڤاری رۆناهی (ژ٥، ل١٣)

لەسەر بەرگی یەکەمی (ژ١٢)دا وێنەی کۆمەڵە خوێندکارێکی کورد لە شاری بەغدا بڵاوکراوەتەوەو لەژێرەوەی نووسراوە: "برەك ژخورتێن کوردێن عیراقێ یێن خوەندا، ئەڤ خورتێن ها برەك ژ خوەندەڤانێن مەیێن عیراقێ نە. ڤان خورتان ئەڤ رەسم ب هێنجەتا جەژنەکە مللی ژ چاپخانا مەرە دیاری کربوون. ئەم ڤی رەسمی ئیرو ب شاهیکە مەزن بەلاڤ دکن. خوەدێ وان زێدە بکەو ژ ملەتێ کورد رە بهیلە". پاشان یەك بە یەك ناوی ئەو لاوانە نووسراوە.

لە (ژ١٣)، لاپەڕەی دواییدا، وێنەیەکی قەڵەمکێشی خوجە نەسرەدین بڵاوکراوەتەوەو لەژێر وێنەکەدا نوکتەیەکی بڵاوکراوەتەوە: "خوجەل بەر رادیو وێ روونشتی یەو گوهدارییێ دکە. شاندیاری رادیوێ دانەزانا ئەلەمانی دخوینەو دبێژە: بالافرێن ئینگلیزی بسەر بەرلینێ دە گرتنەو ئەو دانە بەر بومبەیێن خوە. خەسارگهایە دبستان، خەستەخانەو هەرچی موئەسسەیێن یەختیارو فەقیران.

خەجە — ئەڤ ژ باژارەکی عەجێبە کو تێدە ژ دبستان، خەستەخانەو موئەسسەیێن فەقیران پێڤە تو ئاڤاهی نینن".

لە (ژ١٦، ل١٢)دا وێنەیەکی سەرکردەی فەرەنسی ناپلیون لەگەڵ ئەڵقەی یەکەم لە زنجیرە بابەتێکدا دەربارەی ژیانی، بڵاوکراوەتەوە. ئەم وێنەیە لە هەموو ژمارەکانی دیکەی رۆناهی دا دووبارەبۆتەوە. لەسەر بەرگی یەکەمی (ژ١٩)ی رۆناهی دا وێنەی ژنێکی جوان بڵاوکراوەتەوەو لەژێر وێنەکەدا ئەم چەند دێرە نووسراوە:

"دووکێ کەنتێ برایێ قرالێ ئینگلستانێ بوو. دووك گاڤا دچوو ئەیسلاندێ ژبۆ تەفتیشا یەکینە کێن بریتانی بالافراوی ب رێ ڤەکەتو دووك مر. بانواهان دووکا کەنتێ ژناوی یە. ژ بەر سپەهیتیو زرافیا تەورو تەڤگەرا وێ مە روو پەلێ کوڤارا خوە ئێ پێشین ب رەسمێ وێ خەملاند". لە (ژ٢٢، ل٤) وێنەیەکی دیکەی هەمان شاژن لەگەڵ کچو کوڕەکەی بڵاوکراوەتەوە. هەر لە هەمان ژمارەداو لە (ل٤)دا وێنەیەکی دوو هونەرمەندی ئینگلیزی بڵاوکراوەتەوەو لەژێرەوە نووسراوە:

"ئارتستنە ئینگلیزی یێن کو بوونە ئەسکەر ئیرو د ئوردوێ دە ژ هەڤالێن خوەرە دلەیزن". لە (ژ٢٣، ل٨)دا وێنەی کۆمەڵە ژنێك بڵاوکراوەتەوەو لەو وێنەیەدا ئەو کۆمەڵە ژنە خەریکی ئامادەکردنی تۆڕی ماسیگرتنن‌و لەژێر وێنەکەدا ئەم نووسینە دەخوێنینەوە:

"مێردقادا شەرێ دەنە، ژن دکن ب کارێ وان رابن. بەلێ ژن بە زینە هاوارێ لێ مێر نەکەتنە کەوارێ. ئەڤ ژنێن ها کەچو ژنێن ماسیڤانانن، توران سازدکن داکو هەرن ماسیڤانییێ".

لە (ژ٢٤، ل٨)دا وێنەی دیمەنێکی شارێکی ئیتالی پیشان دەدات کە بە هۆی بۆمب بارانکردن وێران بووەو لەژێر وێنەکەدا نووسراوە:

"پشتی بومبە بارانێ بەرگەهێ باژەرەکی تالیانی".

هەر لە (ژ٢٤، ل٢٠)دا، وێنەیەك بلاوكراوەتەوەو لەژێرەوەی نووسراوە:

"جندیکی ئەمێریکانی د شەرێ ئەفریقاییێ دە بەدەویکی عەرەب دەرمان دکە".

لە (ژ٢٥، ل١٣)دا، وێنەی ئۆتۆمبیلێك لە جۆری (پاسی نەفەران) بلاوكراوەتەوە. ژنێك لێی دەخورێتو لەژێرەوەی ئەم نووسینە دەخوێنینەوە:

"ژ وەختێ کوڤی شەری دەست پێکریە ژبەر کو مێر چوونە ئەنیان ژن دگەلەك تشتان دە ب کارێ وان رادبن. کلیشامە د ئاژویا ئوتوبووسەکێ شانی دەە، مفەتشەکی پولیسێ بەکەنو ب زراڤی ژێ رە تەعلیماتن دەە. ئان خەلەتەکەوێ راست دکە. هەکە دئاژو مێرەك بووا گەلو مفەتش دیسان وێ هولێ بکەینا".

SAL 4
HEJMAR 28
1945
ADAR

# RONAHÎ

ANNEE 4
NUMÉRO 28
1945
MARS

SUPPLEMENT ILLUSTRE DE LA REVUE KURDE HAWAR



ÇAPXANA TEREQIYÊ
ŞAM — 1945

تابلۆیەکی هونەری بەرگی (ژ۲۸)ی گۆڤاری رۆناهی پێ رازاوەتەوە

له (ژ۲۷، ل۱۰)دا وێنەی کۆمەڵە دیلێکی ئەلمانی بلاوکراوەتەوەو لەژێر وێنەکەدا نووسراوە:
"هێسیرنە ئەلەمانی چاڤ گری دای ب هێسیر گاڤانقە تێنە ئاژووتن".

پێش ئەوەی بێینە کۆتایی باسی وێنەکانی گۆڤاری رۆناهی دوو خاڵی گرنگ هەیە پێویستە لەسەریان راوەستین‌و ئاماژەیان بۆ بکەین: خاڵی یەکەم وێنەی کاریکاتورییەو خاڵی دووەم چیرۆکی وێنەییە.

کاریکاتور یان کاریکاتێر، لە وشەی ئیتالی "Caricatura" هاتووە ئەویش لە وشەی "Caricare" دروست بووە، کە بە واتای زێدەڕۆیی‌و (تحميل) دێت[٦٠٥].

کاریکاتێر بەوە پێناسە دەکرێت، کە "وێنەکێشانی مرۆ گەلە بە هۆی هێلکارییەوە بە جۆرێك کە شێوەی ئەو کەسانە ئاشکراو دیار بێ‌و بە ئاسانی بناسرێنەوە. لە کاریکاتێردا جیاکەرەوەی ئەو کەسانە بە زیادەڕۆییەوە پێشان دەدرێ بۆ ئەوەی ببێ بە مایەی تیزو گاڵتە. کاریکاتێر نیگاریشەو هەندێك جار ئاخاوتنیشی لەگەڵدایە. لەوانەیە کاریکاتێر بۆ ئاژاڵ‌و کەلوپەلیش بکێشرێت"[٦٠٦]. مێژووی سەرهەڵدانی ئەم هونەرە "بۆ چاخە کۆنەکانی پێش مێژوو دەگەڕێتەوە"[٦٠٧].

بلاوکردنەوەی کاریکاتێر لە رۆژنامەگەریدا چەند کارو ئەرکی گرنگ بەجێ دێنێت لەوانە: ئەرکی هەواڵ، ئەرکی جوانی، ئەرکی بازرگانی – واتە دەبێتە هۆی زیاتر فرۆشتنی رۆژنامە یان گۆڤار، چونکە دەبێتە هۆی راکێشانی خوێنەران – ئەرکی پەروەردەیی‌و ئەرکی گەیاندن، ئەرکی زانیاری، ئەرکی ورژاندن‌و ئەفراندن[٦٠٨]. هونەری کاریکاتێری بۆ چەندین جۆری جیاجیا دابەش دەبێت وەکو: کاریکاتێری سیاسی، کۆمەلایەتی، فیکری، خەندە ئامێز، پەروەردەیی، پۆرترێتی[٦٠٩].

---

٦٠٥- د. ممدوح حمادة، فن الكاريكاتير في الصحافة الدورية، دار عشتروت للنشر، دمشق – سوريا، ١٩٩٩، ص٣.

٦٠٦- بەدران ئەحمەد حەبیب، فەرهەنگی زاراوە گەلی راگەیاندن، ل٣٦.

٦٠٧- محەمەد قادر، کاریکاتێر لە رۆژنامەنووسی کوردیدا، گۆڤاری رۆژنامەڤانی، ژ٨، ساڵی دووەم ٢٢ نیسانی ٢٠٠٢، ل٣٦٦.

٦٠٨- د. ممدوح حمادة، فن الكاريكاتير في الصحافة الدورية، ص٦٨.

٦٠٩- محەمەد قادر، کاریکاتێر لە رۆژنامەنووسی کوردیدا، ل٣٦٧.

گۆڤاری رۆناهی ئەم هونەرەی فەرامۆش نەکردووەو لاپەڕەکانی خۆی لە کاریکاتێر بێ بەش نەکردووە. لە (ژ٨، ل١٤) دا وێنەیەکی کاریکاتێری هیتلەر بلاوکراوەتەوەو لەژێر وێنەکەدا نووسراوە: "شەر، هەنەك‌و راستی ژ رۆژنامەکە ئینگلیزی" واتە شەڕ، گاڵتەو راستی لە رۆژنامەیەکی ئینگلیزی. ئینجا لەژێر ئەو نووسینە بە فۆنتێکی وردتر نووسراوە:

"هیتلەر چار ژ فەرماندارێن خوە عەزل کرن‌و کومێن وان کرنە سەرێ خوە. ب ڤی ئاوایی هیتلەر بوویە سەرفەرمانداره‌ك پێنج سەر. لێ دگەل ڤێ هندێ ئیشێ خوە نەبرە سەری". واتە هیتلەر چوار لە سەرکردەکانی خۆی لەکار لاداو کڵاوەکانیانی لەسەری خۆی نا. بەم شێوەیە هیتلەر بوو بە سەرکردەیەکی پێنج سەر، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا کاری خۆی نەبردە سەرێ.

لە (ژ٩، ل٨)دا وێنەیەکی دیکەی کاریکاتێری بلاوکراوەتەوە، باسی پروپاگەندەکانی هیتلەر دەکات‌و بەجێ نەهاتنی ئەو پروپاگەندەیە، بەڵکو رووداوەکان بە پێچەوانەی ئەو بۆچوونانە بەرێوەدەچن. گومان لەوەدا نییە، ئەو وێنە کاریکاتێریانە کە لە گۆڤاری (رۆناهی) دا بلاوکراونەتەوە بەرهەم‌و بیرۆکەیان هی گۆڤارەکە نییە، بەڵکو لە سەرچاوەی ترەوە وەرگیراون، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا بلاوکردنەوەیان لە رۆناهی دا، واتە هونەرێکی دیکەی رۆژنامەگەریی زیادکردووەو نەریتێکی دیکەی رۆژنامەگەریی پیادە کردووە.



نموونەی وێنەی کاریکاتێری گۆڤاری ڕۆناهی (ژ٨، ل١٤)



# SÊHIRBAZ

Di dora Ibrazavilê de gundek heye. [illegible] çemekî [illegible] ew çend [illegible] biniyê tê re [illegible]

Di gund de [illegible] Ev kozik ji dar [illegible] çêkirin. Di [illegible] gund de [illegible] yek heye ko [illegible] kew ji kozikên [illegible] mala kefteweyê [illegible] gund de [illegible] çavan. [illegible] baz e.

Pengale [illegible] gundên dorê de [illegible] Xelk ji diyarine [illegible] xwe bi Pengale [illegible] ne. Lê tev de [illegible] Hest [illegible] şirêsti diceberîne, nexweşiyên [illegible] derman dike. [illegible] dizane bi şeytên [illegible] Her kes jê re hirmet [illegible]

Pengale ji sêhirbazî û bijîşkiyê [illegible] Sinheta wî [illegible] Gelek caran [illegible] pede xwe ji ser hesîra xwe [illegible] şev dikeve rêlê û dibêjin [illegible] şewirîna datîne.

[illegible] wî ji morî, hesti-yên [illegible] û hûr tiştî ye. Di [illegible] de [illegible] hişk [illegible] ber çavan. Pengale bi wan [illegible] çêdike ko ew ji hezar derdî re dibin derman. Bi [illegible] ber bi jêr [illegible] ye. [illegible] pê ve di beltikên [illegible] de û li ser [illegible] dranên deh-ban, perçeyên [illegible], çermên maran, [illegible] û hraxine tijî û vala û [illegible] têne dîtin. Karê her tiştî cihê ye. [illegible] şûna ê din.

Pengale [illegible] dixwe. Qey riya-zetê dikişîne. [illegible] jê re şorbeyekê çêdikin. Wî [illegible] şev gava diçe [illegible] ji xwe re [illegible] fêkiyên rêlê [illegible] û wan ji dixwe.

16 17

نموونەی وێنەی نەخشەی دەستی گۆڤاری رۆناهی (ژ١٦، ل١٧)

خالێکی تری گرنگ چیرۆکی وێنەییە، واتە گێڕانەوەی چیرۆك تەنیا بە نیگارە بەبێ نووسین. هەنگاو بە هەنگاو نیگاری بۆ دەکێشێت. ئەم جۆرە چیرۆکە لەسەر لاپەرەکانی رۆناهی دا دەبینرێت. لە (ژ١٩) لاپەڕەی دواییدا، لەژێر ناونیشانی "چیرۆکا بێگوتن"دا لە سێ هەنگاوی نیگاریدا رووداوەکانی چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە. لە هەنگاوی یەکەمدا، دیارە کابرایەکی چەکدار نیازی خۆکوشتنی هەیە، لە هەنگاوی دووەمدا وێنەی خۆی لە ئاوێنەدا دەبینێت، لە هەنگاوی سێیەمدا تەقە لە وێنەی خۆی دەکاتو لە جیاتی خۆکوشتن ئاوێنەکە دەشکێنێت.

لە (ژ٢٥، ل١٤)دا دیسان چیرۆکێکی تری وێنەیی بڵاوکراوەتەوە، ئەم چیرۆکە بریتییە لە شەش هەنگاو، واتە لە شەش وێنە دروست بووەو لەژێرەوەی نووسراوە:

"چیرۆکا بەقەکێ. سوورەت ب خوە، بێی نڤیسار، چیرۆکێ قسە دکە".

واتە چیرۆکی بوقێك، وێنەکە خۆی بێ نووسین، چیرۆك قسە دەکات. لەم چیرۆکە وێنەییەدا، وێنەی ئەوەی کێشاوە کە چۆن بۆقێك شتێك دەخواتو هەنگاو بە هەنگاو وێنەی رووداوەکە کێشراوە.

## وێنـە لـە ڕۆژنـامەی (ڕۆژانـوو)دا

ڕۆژنامەی ڕۆژانوو بەپێی تواناو سەردەمی خۆی لە ئاستێکی بەرزدا بووە، گرنگی بە هەموو ژانرەکانی ڕۆژنامەگەریی داوە، لەسەرجەم ژمارەکانیدا، (١١) ژمارە کە هەر هەموویان بە زمانی فەرەنسین، لەگەڵ ژمارەی (٦٨)دا کە بە زمانی کوردییە، هەر دوازدە ژمارە بەبێ وێنەن. ژمارەکانی دیکە کە دەبنە (٦١) ژمارە هەر هەموویان بە وێنەن، سەرجەمی ئەو وێنانەی کە لە ڕۆژنامەی ڕۆژانوودا بڵاوکراونەتەوە دەبێتە (٣٥٨) وێنە. ڕێژەی هەرە زۆری ئەم وێنانە وێنەی فۆتۆگرافی دەرەوەیە، (١٨) وێنە قەڵەمکێشە یان نەخشەی دەستە، لەوانەش (٥) وێنە نەخشەی جوگرافییە. لە (ژ١٢ -١٣، ل٤)دا نەخشەی بەرەی ڕۆژهەڵات، واتە بەرەی سوڤیەتستان بڵاوکراوەتەوەو لە (ژ٢٦، ل١)دا دیسان نەخشەیەکی دیکەی بەرەی ڕۆژهەڵات بڵاوکراوەتەوە. لە (ژ٢٨، ل١)دا نەخشەیەکی وڵاتی ئیتالیا بڵاوکراوەتەوە. لە (ژ٣٢، ل٤)دا دوو نەخشە بڵاوکراونەتەوە: یەکەمیان هی سوڤیەتستانەو ئەوی دیکە نەخشەی ئیتالیایە.

(٢) وێنەی ڕۆژنامەکە نەخشەسازن (تصمیم)، لە (ژ٢٧، ل٣)دا تەصمیمی تانکێکی تازە بڵاوکراوەتەوەو لە (ژ٣١، ل٣)دا تەصمیمی فڕۆکەیەك بڵاوکراوەتەوە. لە (ژ١١، ل٣)دا نەخشەی ئامارێك بۆ چەکی قورسی هەردوو لایەنی شەڕکەر وەکو فڕۆکەو تانك‌و پاپۆڕو کەشتی بڵاوکراوەتەوە.

لە (ژ٤٢، ل٤)دا وێنەیەکی نەخشەی دەست دەربارەی شەڕی سۆڤیەتستان‌و ئەڵمانیا بڵاوکراوەتەوەو لەژێر وێنەکە نووسراوە: "قوەتێن ئازاهی‌و سەربەستیێ. لەشکەرێن رووسی ئیشری نەیاران دکن". هەر دەربارەی وێنەی نەخشەی دەست لە (ژ٤٧، ل٢)دا حەفت وێنەی دەست دەربارەی مۆدیلی جل‌و بەرگ‌و پەرچەم‌و پێڵاوو ڕازاندنەوەی ئافرەتانی ئەوروپا بڵاوکراونەتەوە. لەژێر وێنەکاندا نووسراوە: "کوفی، خەفتان، جل‌و دەلالیا دۆت‌و ژنێن ئەوروپایێ".

لە (ژ٤٨، ل٤)دا دیسان وێنەیەکی دیکەی نەخشەی دەست دەربارەی مودیلی کڵاوی ژنانی ئەوروپایی بڵاوکرایەوەو لەژێر وێنەکەدا نووسراوە: "شەفقەیێن ژن‌و دۆتێن ئەوروپایێ".

ڕۆژنامەی ڕۆژانوو نیزیکەی (٣٤٠) وێنەی فۆتۆگرافی بڵاوکردۆتەوە. ئەوەی تازەیە لە ڕۆژنامەکەدا تەرخانکردنی دوو گۆشەیە بۆ بڵاوکردنەوەی وێنەی ئەو سەردەمە. گۆشەی یەکەم بە

ناوی (مرەکا جیهانە) خاوەنی رۆژنامەکە پێناسەی ئەم گۆشەیە دەکات‌و دەڵێت: "مرێکا جیهانێ مرێکا وێنەیێن شەرو ئاشتییێ یە". گۆشەی دووەم (پێژنێن دونیایێ)یە.

گۆشەی یەکەم (مرێکا جیهانێ) لە زۆربەی ژمارەکانی رۆژنامەکەدا بڵاوکراوەتەوە، جگە لە ژمارەکانی (٦، ٣٩، ٥٢، ٥٣، ٥٥، ٥٦، ٥٨، ٦٠، ٦٢، ٦٥، ٦٧، ٦٨، ٧٠-٧١، ٧٢، ٧٣)، کە دەبنە (١٥) ژمارە. ئەو وێنانەی لەم گۆشەیەدا بڵاوکراونەتەوە هەمەجۆرن، وێنەی جەنگ، وێنەی شارستانی، وێنەی دیکە.




نموونەی وێنەی نەخشەی جوگرافی لە ڕۆژنامەی ڕۆژانوو (ژ٣٤، ل٤)



LE JOUR NOUVEAU

QUOTIDIEN KURDE

## Vers la Victoire

CHRONIQUE HEBDOMADAIRE DE LA GUERRE

2e ARTICLE D'INITIATION SUR LES CHARS DE COMBAT

## “CHARS DE COMBAT” ou “TANKS” MODERNES

D.1 (13 tonnes) le premier char de combat français adopté pour remplacer les matériels de 1918

Periscope

Canon de 47

Lunette de pointage

Radiateurs

Moteur

Chemin de roulement de la tourelle

Boite de vitesses et de transmission au barbotin

Patins dont l'ensemble constitue la chenille

Galet de roulement

Reservoir d'essence

نموونەی وێنەی نەخشەسازی لە ڕۆژنامەی ڕۆژانوو (ژ٢٧، ل٣)

له (ژ١، ل٢)دا چوار وێنه لەم گۆشەیەدا بڵاوکراونەتەوە: وێنەی یەکەم پاپۆڕێکی فەرنسییە، وێنەی دووەم قەسری حکومەت لەنیودەلهی، وێنەی سێیەم کەشتێکی ئەمریکییە، وێنەی چوارەم کەنیسەیەکی ئینگلیزییە. له (ژ٧، ل٢)دا سێ وێنه لەم گۆشەیەدا بڵاوکراونەتەوە، وێنەیەکی سوارانی لەشکری فەرەنسی، وێنەیەکی ئەستولێکی بەریتانیو وێنەیەکی شەڕی جیهانی یەکەم.

له (ژ١٥، ل٢)دا دوو وێنەی پەیکەرسازێکی ئینگلیزی بڵاوکراونەتەوە.

لە (ژ٢١، ل٢)دا، هەر لە چوارچێوەی گۆشەی (مرێکا جیهانێ)، دوو وێنە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بڵاوکراونەتەوە. له (ژ٣٤، ل٢)دا له هەمان گۆشەدا سێ وێنەی دیکە بڵاوکراونەتەوەو لەسەرەوەیان نووسراوە: "خەبات – فیداکاری – سەرفرازی- سەربەستی" هەر سێکیان وێنەی لەشکرن.

له (ژ٦١، ل٣-٤)دا له هەمان گۆشەدا چوار وێنه بڵاوکراونەتەوە یەکێکیان وێنەی کچێکی جوانە، لەژێر وێنەکەدا نووسراوە: "هن ب شەفقەو روبن، هن ب کووفیو خەفتانن، هن پور زەرو چاڤ شینن، دەرمانێ دلانن، خامرەوڤینا دلێ خورتانن".

دوایین ئەڵقەی گۆشەی مرێکا جیهانێ لە (ژ٦٩، ل٤)دا بڵاوکراوەتەوەو دوو وێنەی رۆژهەڵاتی دوور پیشان دەدات.

گۆشەی دووەم (پێژنێن دنیایێ) دیسان ئەویش وەکو گۆشەی یەکەم لە زۆربەی ژمارەکانی رۆژانوودا بڵاوکراونەتەوە جگە لە ژمارەکانی (١،، ٦، ١٤، ٣٤، ٣٩، ٤٨، ٥١، ٥٤، ٥٦، ٥٨، ٦٠، ٦٢، ٦٥، ٦٧، ٦٨، ٧٠-٧١، ٧٢، ٧٣) واتە لە (١٨) ژمارە بڵاونەکراوەتەوە. لە (ژ٢، ل٤)دا، دوو وێنە لە چوارچێوەی ئەم گۆشەیەدا (پێژنێن دونیایێ)دا بڵاوکراوەتەوە هەر چوار وێنە دەربارەی لەشکری فرەنسینە.

لە (ژ١٧، ل٤)و لە هەمان گۆشەدا، دوو وێنە بڵاوکراونەتەوە یەکەمیان رێ پێشوانێکی لەشکرییە ئەوی دووەم باخچەیەکی شاری لەندەنە. لە (ژ٣٦، ل٤) سێ وێنەی فەرماندەو سەربازانی رووسیا بڵاوکراونەتەوە. لە (ژ٤٤، ل٤)دا دوو وێنەی بڵاوکراوەتەوە: یەکەمیان پەرستگایەکە لەژێر وێنەکەدا نووسراوە: "عیبادەتگەهەکە سپەهی، هەمی ئاڤاهیێن کودواندە ناڤێ خوەدێ تێتە گوتن قەدرگرانن". وێنەی دووەم پاپۆڕێکی جەنگە. لە (ژ٥٥، ل٤)دا سێ وێنەی وەرزشی بڵاوکراونەتەوە.

ئەڵقەی دوایی لە گۆشەی (پێژنێن دونیایێ) لە (ژ٦٩، ل٣)دا سێ وێنە پیشان دەدات، کە بەڵگەی پێشکەوتنی شارستانی ئەوروپایە.

جگە لەم هەردوو گۆشانە چەندین وێنەی دیکە لاپەڕەکانی رۆژنامەکەیان رازاندۆتەوە، چ لەگەڵ بابەتێکی تایبەتدا بێت یان بەبێ بابەت. لە (ژ٦، ل٤)دا گەورەترین وێنەی رۆژنامەی رۆژانوو بڵاوکراوەتەوە، وێنەی باوک و کچێکەو لەژێر وێنەکەدا نووسراوە:

"باڤ ب کەچا خوەرە دچە شەڕێ ئەلمانا".




نموونەیەك لە گۆشەی میریكا جیهانێ كە تایبەتە بە بڵاوكردنەوەی وێنە — رۆژنامەی رۆژانوو

(ژ٢، ل٢)



RÛPEL— 4 ROJA N.Ū

STRANA KURDÎ

# WAY LO

Way lo, way lo, ma'qulo romi! bebe, axo rom!!

Mi di lavê dabû ser Xalokê Diwanêde rima tav bilaun, kula Şamê tu ê lu kul bî.

Tekevî mala qeymeqamê Ko pê Ehmedê Berazî.

# QEMERZEMAN

— 2 —

# PÊJINÊN DINYAYÊ

Xebat - Fidekarî - Serêracî Serdestî

نموونەیەك لە گۆشەی پێژنێن دنیایێ كە تایبەتە بە بڵاوكردنەوەی وێنە – ڕۆژنامەی ڕۆژانوو

(ژ٤٧، ل٤)

# JI BONA WELÉT



## AZAHÎ Û SERBESTIYA AXA BAV Û KALIKAN

BAV BI KEÇA XWE RE DIÇE ŞERÊ ELEMANA

نموونەی وێنەی گەورە لە ڕۆژنامەی ڕۆژانوو (ژ٦، ل٤)

# DEMA NIHA

## 53 TON BOMBE

## SIN

— 2 —

## DE LO LO

# MIREKA CIHANE

## HINIK BIHAR & BIHIN





نموونەی وێنەی نەخشەی دەست لە ڕۆژنامەی ڕۆژانوو (ژ٤٧، ل٢)

له (ژ٣٤، ل١)دا وێنەیەکی گەورەی (کەعبە) بڵاوکراوەتەوە، لەسەرەوەی نووسراوە: "قیبلەگاهێ مسلمانان"و لە ژێرەوە نووسیوە: "مەکە — باژارێ کو خوەدێ لێ هاتیە رەحمێ". هەروەها لە (ژ٤٨، ل٤)دا وێنەیەکی گەورەی شاری نیویۆرک بڵاوکراوەتەوە، لەژێرەوەی نووسراوە: "باژارو بەندەرا ئەمەریکاییێ مەزنتر نیویورك: پشتی لوندرێ شارستانێ دنیاییێ ی تێر خەلك".

وێنەی ناوخۆیی کوردی ئەویش جێگای خۆی لەناو لاپەڕەکانی رۆژنامەی رۆژانوودا هەیە، بەڵام بەرێژەیەکی زۆر کەمتر، لەسەرجەمی ژمارەکانی رۆژنامەکەدا تەنها (١٢) وێنەی ناوخۆیی بڵاوکراونەتەوە، لەوانە:

لە (ژ٣٧، ل١)دا وێنەیەکی گەورەی لاوانی کورد لە شاری دیمەشق بڵاوکراوەتەوەو لە سەرەوەی وێنەکەدا نووسراوە: "کومەك ژ خورتێن کوردان"و لە ژێر وێنەکەدا نووسراوە: "خورتێن مەییێن تاخا کوردان ل شامێ ب زانین، خەیرەتو پێشڤەچوونا خوە هێژانە".

لە (ژ٣٩، ل١)دا وێنەی دوو لاوی کورد بڵاوکراوەتەوە، وێنەی یەکەم لاوێکی کوردی شاری دیمەشقەو وێنەی دووەم لاوێکی کوردی کوردستانی عێراقە.

لە (ژ٤٦، ل٣)دا لە گۆشەی (مرێکا جیهانێ)دا دوو وێنەی برا ئێزیدییەکان بڵاوکراوەتەوە. لەژێر هەردوو وێنەدا نووسراوە: "برایێن مە ئێزدی ب مێرخاسیو جوانمێری یا خوە ناڤو دەنگ دانە". لە هەمان ژمارەدا لە (ل٤)دا، دوو وێنەی دیکەی برا ئێزدییەکان لە گۆشەی (پێژنێن دنیایێ)دا بڵاوکراونەتەوە. لەژێر وێنەکاندا نووسراوە: "ژ بەرگەهێن (دیمەن) ئاخا کوردستانێ عیبادەتگەهێن برایێن مەیێن ئێزدی".

لە (ژ٤٧، ل٤)دا دیمەنێکی سروشتی لە چوارچێوەی گۆشەی (پێژنێن دنیایێ)دا بڵاوکراوەتەوە، ئەم دیمەنە لە سروشتی دەریای وان دەچێت لەبەرئەوە لەژێر دیمەنەکە نووسراوە:

"کوردەك وێ یێژە ئەڤە گۆلا وانێو چیایێ مەئێ بلندو موقەدەس ئارارات، پایەداری یا ئازاهیو سەربەستیا کوردستانێ".

## وێنە لە رۆژنامەی (ستێر)دا

ستێر وەکو پاشکۆیەکی وێنەداری رۆژنامەی رۆژانوو پێناسەکراوە، هەرلەبەر ئەوەشدا دەبینین زیاتر گرنگی بە بڵاوکردنەوەی وێنە داوە. لە هەرسێ ژمارەی ستێردا (٤٥) وێنەی فۆتۆگرافی بڵاوکراونەتەوە. لە ژمارەی یەکەمدا (١٦) وێنەو لە ژمارەی دووەمدا (١٢) وێنەو لە ژمارەی سێیەمدا (١٧) وێنە. هەر ژمارەیەکی ستێر چوار لاپەڕە بوو واتە سەرجەمی لاپەڕەکانی دەبنە (١٢) لاپەڕە، ئەگەر وێنەکانی رۆژنامەکە بەسەر لاپەڕەکانیدا دابەش بکەین هەر لاپەڕەیەک زیاتر لە سێ وێنەی بەردەکەوێت، ئەمە رێژەیەکی زۆرە لە بواری رۆژنامەگەرییدا، رێژەی هەرە زۆری وێنەکان پەیوەندی بە دەرەوەی کوردستانەوە هەیە.

لە (ژ١، ل١)دا دوو وێنە بڵاوکراونەتەوە، وێنەی یەکەم وێنەی (ژان دارك)ە لەگەڵ بابەتێك و لەژێر وێنەکەدا نووسراوە: "خەلاسکارا فرەنسێ". لە هەمان ژمارەدا وێنەیەکی شاری پاریس بڵاوکراوەتەوەو لەسەرەوەی وێنەکە نووسراوە: "مراری یا جیهانێ پاریس" و لەژێرەوەی نووسراوە: "پایتەختێ فرەنسێ باژارێ زراڤ چەلەنگ سپەهیو مەیڤان نواز".



# XEBATEKE ZOR BÊ BIHINSTANDIN

TORA

EYFEL

NAPOLYON BONAPART

RODIN

Kal û Kalikên Reben

FELSEFE

FEYLESOF

VICTOR HUGO

DESTXETÊN ÇELENG

PASTOR

وێنەی جۆراوجۆر لە (ژ١، ل٤)ی رۆژنامەی ستێر

له لاپه‌ڕەی دووه‌می هه‌مان ژماره‌دا بابه‌تێك به ناونیشانی "چیاو روبارێن وه‌لاتێ فره‌نسا" نووسراوه‌و له‌گه‌ڵ ئه‌م بابه‌ته‌دا چوار وێنه‌ی سروشتی فره‌نسا بڵاوکراونه‌ته‌وه. له لاپه‌ڕه‌ی سێیه‌مدا بابه‌تێکی دیکه ده‌رباره‌ی گوندو شاره‌کانی فره‌نسا به‌ناونیشانی "گوندو بازارو ئاڤاهی‌و به‌رگه‌هێن فره‌نسێ"و ناونیشانێکی بچوکتر: "ژان راسین شاهرو ستران" بڵاوکراوه‌ته‌وه له‌گه‌ڵ ئه‌م بابه‌ته‌دا چوار دیمه‌نی شارو دێیه‌کانی فه‌ره‌نسا بڵاوکراونه‌ته‌وه. له‌لاپه‌ڕه‌ی چواره‌مدا بابه‌تێك به‌ناونیشانی "خه‌باته‌که زۆر بێ به‌هنستاندن" بڵاوکراوه‌ته‌وه، له‌ژێر ئه‌م ناونیشانه‌دا ناونیشانێکی دیکه نووسراوه "فه‌لسه‌فه‌و فه‌یله‌سوف" شه‌ش وێنه‌ی دیکه له‌گه‌ڵ ئه‌م بابه‌ته‌دا بڵاوکراونه‌ته‌وه: یه‌که‌میان (برج ئیڤیل)ه‌و دووه‌میان وێنه‌یه‌کی (ناپلیون بوناپرت)ه‌و سێیه‌میان په‌یکه‌رێکی (رۆدینه)و چواره‌میان وێنه‌یه‌کی فیکتۆر هۆگۆی شاعیری فه‌ره‌نسایه‌و پێنجه‌میان وێنه‌ی (ئه‌دڤارد بره‌نلی)یه، که تازه‌گه‌رێکی فه‌ره‌نسییه‌و شه‌شه‌میان وێنه‌ی پاستوره دیسان ئه‌ویش تازه‌گه‌رێکی فه‌ره‌نسییه‌و ناونیشانێکی دیکه له‌م لاپه‌ڕه‌دا ده‌خوێنرێته‌وه، که ده‌ڵێت: "ده‌ستخه‌تێن چه‌له‌نگ" وێنه‌کانی ژماره‌ی یه‌که‌م هه‌ر هه‌موویان ده‌رباره‌ی وڵاتی فه‌ره‌نسان. له (ژ٢، ل١)دا سێ وێنه بڵاوکراونه‌ته‌وه: وێنه‌ی یه‌که‌م دوو لاوی کوردی کوردستانی عێراقن وێنه‌ی دووه‌م فڕۆکه‌یه‌کی جه‌نگییه‌و وێنه‌ی سێیه‌م وێنه‌ی سه‌ربازێکی چه‌کداره.

له (ل٢)دا سێ وێنه‌ی دیکه بڵاوکراونه‌ته‌وه هه‌رسێ وێنه ده‌رباره‌ی جه‌نگی دووه‌می جیهانن. له (ل٣)دا چوار وێنه‌ی به‌ره‌کانی شه‌ڕی له (ل٤)دا دوو وێنه بڵاوکراونه‌ته‌وه هه‌ر دووکیان وێنه‌ی سه‌ربازو شه‌ڕن. وێنه‌کانی ژماره‌ی دووه‌م هه‌ر هه‌موو، جگه له وێنه‌ی لاوانی کوردی کوردستانی عیراق، ئه‌وانی دیکه ده‌رباره‌ی شه‌ڕی دووه‌می جیهانین. له (ژ٣، ل١)دا پێنج وێنه‌ی سروشتی لوبنان بڵاوکراونه‌ته‌وه‌و له (ل٢)دا سێ وێنه‌ی دیکه ده‌رباره‌ی وه‌رزی زستان له لوبنان بڵاوکراونه‌ته‌وه‌و له لاپه‌ڕه‌ی سێیه‌مدا چوار وێنه‌ی دیکه، دوویان وێنه‌ی سروشتن‌و دوو وێنه‌که‌ی دیکه وێنه‌ی دوو کچی لوبنانین. له لاپه‌ڕه‌ی چواره‌مدا پێنج وێنه‌ی دیکه‌ی جۆراوجۆر له وڵاتانی جیهان پیشانی خوێنه‌ران ده‌دات. زۆربه‌ی وێنه‌کانی ژماره‌ی سێیه‌م ده‌رباره‌ی وڵاتی لوبنانن.



# STÊR

## WELAT BERÎ HER TIŞTÎ

SUPPLÉMENT ILLUSTRÉ DU QUOTIDIEN KURD «ROJA NÛ»

2ème ANNÉE Nº 2 — 28 FEVRIER 1944

### QEWIL

### DU XORT

Du xortên kurd, ji herêma Kurdistana Iraqê.

## Cihan, cihana Miletên Aza

## DE RABIN

## Can û Çelengiya Miletên Hêja Welat e

## XWENDEVAN

چەند وێنەکی هەمەڕەنگ لەسەر لاپەڕەی یەکەمی (ژ۲)ی ڕۆژنامەی ستێر



BÊTEL 2

Çîroka Kurdî

# Bûm û Rovî

RADYO

BERF

32

دابەشکردنی وێنەی سروشت و جوانی لە (ژ٣، ل٢)ی رۆژنامەی ستێر

# ئەنجــام

لە کۆتایی لێکۆڵینەوەکەدا گەیشتینە چەند ئەنجامێك کە گرینگترینیان ئەمانەن:

١. ئەو گۆڤارو رۆژنامەی بوونەتە کەرەستەی ئەم لێکۆڵینەوەیە گۆڤارو رۆژنامەی ئەهلی بوون سەر بە هیچ لایەنێکی سیاسیو ئیداریو کۆمەڵایەتی نەبوونو ئۆرگانی هیچ لایەنێکیش نەبوونو بۆ قازانجێکی دارایی نەبوون، بەڵکو بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵکی زۆرلێکراوی کوردستان بوون.

٢. رۆژنامەگەریی کوردی لە رووی هونەرییەوە هاوشێوەی رۆژنامەگەریی گەلانی دەوروبەری گەلی کورد بووە، چونکە لە رووی هونەرییەوە سوودی لە تەکنەلۆژیاو شارەزایی ئەوان وەرگرتووە.

٣. ژمارەیەکی زۆر لە رۆشنبیرانی کوردی ئەو سەردەمە بەشداریان لە نووسینی بابەتەکانی ئەو گۆڤارو رۆژنامانەدا کردووە. بۆ دروستکردنی رای گشتیو بەهێزکردنی گیانی خۆڕاگری.

٤. رۆژنامەو گۆڤارەکان لە زۆربەی شارو شارۆچکەکانی کوردستان بڵاوبوونەتەوەو خوێنەری خۆیان هەبووە، هەروەکو لە نامەو بابەتەکانیاندا ئاشکرا دەبێت.

٥. گرنگیان بە هەموو رووداوەکانی کوردستان داوە چ لە رووی سیاسی یان کۆمەڵایەتی یان هەر لایەکی دیکە.

٦. گۆڤاری هاوار زیاتر گرنگی بە ئەدەبو زمان داوە بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەش وتاری رۆژنامەگەریی بە زۆربەی جۆرەکانییەوە بەکارهێناوە. گۆڤاری روناهی زیاتر بایەخی بە وێنە داوە، هەموو جۆرەکانی وێنە لە سەر لاپەڕەکانیدا دەبینرێن. رۆژنامەی رۆژانوو پتر خەریکی بڵاوکردنەوەی هەواڵ بووە. لەبەرئەوە دەتوانین ئەمە وەکو سەرەتایەك بۆ رۆژنامەگەریی پسپۆری کوردی دابنێین.

٧. گۆڤاری هاوارو رۆژنامەی رۆژانوو بە دوو زمان دەردەچوون زمانی کوردیو زمانی فەرەنسی، بەڵام گۆڤاری روناهیو رۆژنامەی ستێر بە یەك زمان بووە، ئەویش زمانی کوردییە.

٨. هەردوو گۆڤاری هاوارو روناهی لەگەڵ هەردوو رۆژنامە رۆژانوو ستێردا بە ئەلفو بێی لاتینی دەردەچوون. ئەوەی میر جەلادەت بەدرخان داینابوو.

٩. هەردوو گۆڤاری هاوارو روناهی لە شاری دیمەشق لە وڵاتی سوریا دەردەچوون‌و خاوەنەکەیان میر جەلادەت بەدرخان بووە.

هەردوو رۆژنامەی رۆژانووو ستێر لە شاری (بەیروت)ی پایتەختی وڵاتی لوبنان دەردەچوون‌و خاوەنەکەیان د. کامیران عالی بەدرخان بووە.

١٠. ئافرەتی کورد بەشداری لە نووسینی بابەتی رۆژنامەگەریی کوردی بۆ گۆڤاری هاوار کردووە، بەڵام ئەو بەشدارییە لە گۆڤاری روناهی‌و هەردوو رۆژانوو رۆژنامەی ستێردا نەبووە، بەڵام لە ناوەرۆکی بابەتەکانییاندا روون دەبێتەوە، کە بایەخێکی گەورە بە کارو چالاکییەکانی ئافرەت دراوە.

١١. رێژەیەکی ئەو هەواڵانەی بڵاودەکرانەوە لە زمانانی بێگانە وەردەگیران هەروەکو لە سەرچاوەکانیان ئاشکرا دەبێت، واتە داڕشتنیان لە دەرەوە بوو، لەبەرئەوە دەبینین لە رووی هونەری‌و بەکارهێنانی قاڵبەوە تازەبوون.

١٢. هەندێك نەریتی رۆژنامەگەریی وەکو تەرخانکردنی ستوون‌و گۆشەی تایبەت‌و بەکارهێنانی سەروتار لەم گۆڤارو رۆژنامانەدا بەدی دەکرێن. ئەمەش پێشکەوتنێك بوو، بۆ رۆژنامەگەریی کوردی لەو سەردەمەدا.

١٣. بەکارهێنانی پەیامنێر بۆ ناردنی هەواڵ‌و بابەتی رۆژنامەگەریی بۆ گۆڤارو رۆژنامەکان کارێکی تازەبوو، بەتایبەت لە رۆژنامەی رۆژانوودا.

١٤. زمانی کوردی ئەوەی لەم گۆڤارو رۆژنامانەدا بەکارهاتووە، زمانێکی پەتی‌و پاك‌و خاوێنە، هەروەها زمانێکی سادەو ساکارە کە هەموو خوێنەران تێیدەگەن‌و جیاوازە لە زمانی ئەدەبی.

١٥. هەندێك هونەری رۆژنامەگەریی لەم گۆڤارو رۆژنامانەدا بەکارنەهاتوون وەکو راپۆرت‌و ریپۆرتاژو هەڤپەیڤین یان چاوپێکەوتن واتە دیداری رۆژنامەگەریی.

١٦. جگە لە هەواڵی رۆژنامەگەریی لە هونەری وتاردا بایەخ بە خاڵبەندی دراوەو زۆر بە رێك‌و پێکی بەکارهاتووە. خزمەتی دەق‌و خوێنەری کردووە.

١٧. لە ناوەرۆکی بابەتەکانی ئەو گۆڤارو رۆژنامانە کە بووینە کەرەستەی ئەم لێکۆڵینەوەیە، ئاشکرا دەبێت کە هەڵوێستی سیاسی‌و هزری خاوەنەکانیان دژی نازیەت‌و فاشیزم بووە.

١٨. جگە لە نووسینی بابەت، هیچ ئاماژەیەك نییە كە كەسێكی دیكە یارمەتی خاوەنەكانی ئەم رۆژنامەو گۆڤارانەی دابێت لە رووی كارگێری‌و بلاوكردنەوە، تەنیا لە گۆڤاری رۆناهی دا جارێك ئاماژە بۆ ناوێك كراوە كە كارمەندی گۆڤاری هاوارە ئەویش (عەبدولعەزیز كەرەم)ە. ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت كە جەلادەت بەدرخان‌و د. كامیران بەدرخان لە بواری رۆژنامەگەریدا زۆر شارەزاو لێهاتوو بوون. توانییان رۆژنامەگەریی كوردی لەو سەردەمەدا بەرەو پێش بەرن.

١٩. لە گۆڤاری روناهی دا ئاشكرا دەبێت كە سانسۆر لەسەر بلاوكردنەوە هەبووە، چونكە چەند جارێك ناوی بابەت لە پێرستی بابەتەكاندا هاتووە، بەلام بابەتەكە بلاونەبۆتەوەو ئاماژەی پێداوە كە سانسۆر رێگای بەو بابەتە نەداوە بلاوبكرێتەوە.

٢٠. لەم لێكۆلێنەوەیەدا زۆر بە وردی ئاشكرا دەبێت، كە رۆلەكانی بنەمالەی بەدرخانییەكان بە دلسۆزی‌و لێهاتوویی خزمەتی رۆژنامەگەریی كوردی كردووە، وەكو هۆكارێك بۆ هۆشیاركردنەوەی خەلكی كوردستان بەلام هیچ مەبەستێكی دیكەی بەدواوەوە نەبووە.

# ئامـــارێن گۆڤـــارو رۆژنـــامە

## كوڤارا هاوار

**خوەدى و مديرێ بەرپرسيار: مير جەلادەت ئالى بەدرخان**

| ژمارا كوڤارێ | رۆژو مێژوویا دەرچوونێ | هژمارا روپەلا | جهێ دەرکەفتنێ | سال | جۆرێ ئەلفەبێ | ژمارا وێنا | ژمارا هەوالا | ژمارا گوتارا | ژمارا بانگەشە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ١٥ گولان ١٩٣٣ يەكسەمب | ٢٠ ١١ لاتينى | چاپخانا تەرەقى-شام | ١ | عەرەبى و لاتينى | | | ٥ | — |
| ٢ | ١ حزيران ١٩٣٢ ژارشەمب | ١٦ ١٠ لاتينى | چاپخانا تەرەقى-شام | ١ | عەرەبى و لاتينى | | ١ | ٤ | ٢ |
| ٣ | ١٥ حزيران ١٩٣٣ چارشەمب | ١٦ ١١ لاتينى | چاپخانا تەرەقى - شام | ١ | عەرەبى و لاتينى | | | ٥ | ٣ |
| ٤ | ٣ تيرمەه ١٩٣٢ يەكشەمب | ١٦ ٩ لاتينى | چاپخانا تەرەقى - شام | ١ | عەرەبى و لاتينى | | | ١ | ٣ |
| ٥ | ٢٠ تيرمەه ١٩٣٢ چارشەمب | ١٦ ١١ لاتينى | چاپخانا تەرەقى - شام | ١ | عەرەبى و لاتينى | ١ وێنە | | ٤ | ٤ |
| ٦ | ٨ تەباخ ١٩٣٣ دووشەمب | ١٦ ١٠ لاتينى | چاپخانا تەرەقى - شام | ١ | عەرەبى و لاتينى | | | ٥ | ٤ |
| ٧ | ٢٥ تەباخ ١٩٣٢ پێنج شەمب | ١٦ ٩ لاتينى | چاپخانا تەرەقى - شام | ١ | عەرەبى و لاتينى | | | ٦ | ٤ |
| ٨ | ١٢ ئيلون ١٩٣٢ دووشەمب | ١٦ ١١ لاتينى | چاپخانا تەرەقى - شام | ١ | عەرەبى و لاتينى | | ١ | ٥ | ٤ |

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٩ | ٣٠ ئیلون ١٩٣٢ ئینی | ١٦ ٩ لاتینی | چاپخانا تەرەقی - شام | ١ | عەرەبی و لاتینی | ١ وێنە | | ٥ | ٤ |
| ١٠ | ٢٣ چریابەرێ ١٩٣٢ یەکشەمب | ١٦ ٨ لاتینی | چاپخانا تەرەقی - شام | ١ | عەرەبی و لاتینی | | ٢ | ٥ | ٣ |
| ١١ | ١٠ چریاپاشێ ١٩٣٢ پێنج شەمب | ١٦ ٨ لاتینی | چاپخانا تەرەقی - شام | ١ | عەرەبی و لاتینی | ٤ وێنە | | ٣ | ٣ |
| ١٢ | ٢٧ چریاپاشێ ١٩٣٢ یەکشەمب | ١٦ ٨ لاتینی | چاپخانا تەرەقی - شام | ١ | عەرەبی و لاتینی | | | ٦ | ٣ |
| ١٣ | ١٤ چلەیێ بەرێ ١٩٣٢ شەمبێ | ١٦ ١٠ لاتینی | چاپخانا تەرەقی - شام | ١ | عەرەبی و لاتینی | ١ وێنە | | ٥ | ٣ |
| ١٤ | ٣١ چلەیێ بەرێ ١٩٣٢ شەمبی | ١٦ ٨ لاتینی | چاپخانا تەرەقی - شام | ١ | عەرەبی و لاتینی | | | ٥ | ٣ |
| ١٥ | ٢٣ چلەیێ پاشێ ١٩٣٣ دووشەمب | ١٦ ٩ لاتینی | چاپخانا تەرەقی - شام | ١ | عەرەبی و لاتینی | | | ٦ | ٣ |
| ١٦ | ١٥ سبات (گەجوك) ١٩٣٣ دووشەمب | ١٦ ١٠ لاتینی | چاپخانا تەرەقی - شام | ١ | عەرەبی و لاتینی | | | ٣ | ٣ |
| ١٧ | ٦ ئادار ١٩٣٣ دووشەمب | ١٦ ٩ لاتینی | چاپخانا تەرەقی - شام | ١ | عەرەبی و لاتینی | | | ٥ | ٣ |
| ١٨ | ٢٧ ئادار ١٩٣٣ دووشەمب | ١٦ ٨ لاتینی | چاپخانا تەرەقی- شام | ١ | عەرەبی و لاتینی | | | ٥ | ٣ |
| ١٩ | ١٧ نیسان ١٩٣٣ دووشەمب | ١٦ ٨ لاتینی | چاپخانا تەرەقی- شام | ١ | عەرەبی و لاتینی | | | ٦ | ٣ |
| ٢٠ | ٨ گولان ١٩٣٣ دووشەمب | ١٦ ٧ لاتینی | چاپخانا تەرەقی - شام | ١ | عەرەبی و لاتینی | | ١ | ٢ | ٣ |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢١ | ٥ حزێران ١٩٢٣ دووشەمب | ١٦ ٧ لاتینی | چاپخانا تەرەقی - شام | ٢ | عەرەبی‌و لاتینی | | ١ | ٣ | ٣ |
| ٢٢ | ١ تیرمەه ١٩٢٣ دووشەمب | ١٦ ٧ لاتینی | چاپخانا تەرەقی - شام | ٢ | عەرەبی‌و لاتینی | | ١ | ٤ | ٣ |
| ٢٣ | ٢٥ تیرمەه ١٩٢٣ سێ شەمب | ١٦ ٧ لاتینی | چاپخانا تەرەقی - شام | ٢ | عەرەبی‌و لاتینی | | | ٥ | — |
| ٢٤ | ١ نیسان ١٩٣٤ یەکشەمب | ١٦ هەمی لاتینی | چاپخانا (المضحك المبكي) شام ١٩٣٢ | ٢ | ب لاتینی | | | ٣ | — |
| ٢٥ | ١٩ تەباخ ١٩٣٤ یەکشەمب | ١٦ هەمی لاتینی | چاپخانا تەرەقی - شام | ٣ | عەرەبی‌و لاتینی | | | ١ | — |
| ٢٦ | ١٨ تەباخ ١٩٣٥ یەکشەمب | ١٦ هەمی لاتینی | چاپخانا تەرەقی - شام | ٤ | عەرەبی‌و لاتینی | ١ وێنە | | ٢ | — |
| ٢٧ | ١٥ نیسان ١٩٤١ سێ شەمب | ١٦ هەمی لاتینی | چاپخانا سەباتێ شام ١٩٤١ | ٩ | عەرەبی‌و لاتینی | | ٢ | ٣ | ١ |
| ٢٨ | ١٥ گولان ١٩٤١ پێنج شەمب | ١٦ هەمی لاتینی | چاپخانا سەباتێ شام ١٩٤١ | ٩ | عەرەبی‌و لاتینی | | | ٣ | ١ |
| ٢٩ | ١٥ حزێران ١٩٤١ سێ شەمب | ١٦ هەمی لاتینی | چاپخانا سەباتێ شام ١٩٤١ | ٩ | عەرەبی‌و لاتینی | | | ٣ | ١ |
| ٣٠ | ١ تیرمەه ١٩٤١ سێ شەمب | ١٦ هەمی لاتینی | چاپخانا سەباتێ شام ١٩٤١ | ٩ | | | ١ | ٥ | ١ |
| ٣١ | ١ تەباخ ١٩٤١ ئینی | ١٦ هەمی لاتینی | چاپخانا سەباتێ شام ١٩٤١ | ٩ | | | ١ | ٣ | ١ |

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٣٢ | ١ ئیلون ١٩٤١ دووشەمب | ١٦ هەمی<br>لاتینی | چاپخانا<br>سەباتێ شام<br>١٩٤١ | ٩ | | | ٢ | ٥ | ١ |
| ٣٣ | ١ چریا پێشین<br>١٩٤١ چارشەمب | ١٦ هەمی<br>لاتینی | چاپخانا<br>سەباتێ شام<br>١٩٤١ | ٩ | | | ٢ | ٢ | ١ |
| ٣٤ | ١٥ چریا پێشین<br>١٩٤١ چارشەمب | ١٦ هەمی<br>لاتینی | چاپخانا<br>سەباتێ شام<br>١٩٤١ | ٩ | | | ٣ | ٣ | ١ |
| ٣٥ | ١٢ چریا پاشێن<br>١٩٤١ چارشەمب | ١٦ هەمی<br>لاتینی | چاپخانا<br>سەباتێ شام<br>١٩٤١ | ٩ | | | ١ | ٣ | ١ |
| ٣٦ | ١ کانونا پێشین<br>١٩٤١ شەمبی | ١٦ هەمی<br>لاتینی | چاپخانا<br>سەباتێ شام<br>١٩٤١ | ٩ | | | ١ | ٣ | ١ |
| ٣٧ | ٢٠ کانونا<br>پێشین ١٩٤٢<br>پێنج شەمب | ١٦ هەمی<br>لاتینی | چاپخانا<br>سەباتێ شام<br>١٩٤١ | ٩ | | | ١ | ٤ | ١ |
| ٣٨ | ٢٢ کانونا<br>پاشین ١٩٤٢<br>پێنج شەمب | ١٦ هەمی<br>لاتینی | چاپخانا<br>سەباتێ شام<br>١٩٤١ | ١٠ | | | ١ | ٣ | ١ |
| ٣٩ | ١٥ شبات ١٩٤٢<br>یەکشەمب | ١٢ هەمی<br>لاتینی | چاپخانا<br>سەباتێ شام<br>١٩٤٢ | ١٠ | | | ٢ | ٣ | ١ |
| ٤٠ | ٢٨ شبات ١٩٤٢<br>شەمبی | ١٢ هەمی<br>لاتینی | چاپخانا<br>سەباتێ شام<br>١٩٤١ | ١٠ | | | ١ | ٣ | ١ |
| ٤١ | ١٥ ئادار ١٩٤٢<br>یەکشەمب | ١٢ هەمی<br>لاتینی | چاپخانا<br>سەباتێ شام<br>١٩٤١ . | ١٠ | | | ٢ | ٢ | ١ |
| ٤٢ | ١٥ نیسان ١٩٤٢<br>چارشەمب | ١٢ هەمی<br>لاتینی | چاپخانا<br>سەباتێ شام<br>١٩٤١ | ١٠ | | ١<br>وێنە | ١ | ٢ | ١ |

| | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٤٣ | ٥ گولان ١٩٤٢ سێ شەمب | ١٢ | هەمی لاتینی | چاپخانا سەباتێ شام ١٩٤١ | ١٠ | | | ١ | ٣ | ١ |
| ٤٤ | ٢٠ گولان ١٩٤٢ چارشەمب | ١٢ | هەمی لاتینی | چاپخانا سەباتێ شام ١٩٤١ | ١٠ | | | ١ | ١ | ١ |
| ٤٥ | ٢٠ حزیران ١٩٤٢ شەمبی | ١٦ | هەمی لاتینی | چاپخانا سەباتێ شام ١٩٤١ | ١٠ | | | ١ | ٢ | – |
| ٤٦ | ١٠ تیرمەه ١٩٤٢ ئینی | ٨ | هەمی لاتینی | چاپخانا سەباتێ شام ١٩٤١ | ١٠ | | | ١ | ٢ | – |
| ٤٧ | ٢٥ تیرمەه ١٩٤٢ شەمبی | ٨ | هەمی لاتینی | چاپخانا سەباتێ شام ١٩٤١ | ١٠ | | | ١ | ٢ | – |
| ٤٨ | ١٥ تەباخ ١٩٤٢ شەمبی | ٨ | هەمی لاتینی | چاپخانا سەباتێ شام ١٩٤١ | ١٠ | | | ١ | ٢ | – |
| ٤٩ | ١٥ ئیلون ١٩٤٢ سێ شەمب | ١٢ | هەمی لاتینی | چاپخانا سەباتێ شام ١٩٤١ | ١٠ | | | ٢ | ٤ | – |
| ٥٠ | ١٥ چریا پێشین ١٩٤٢ پێنج شەمب | ٨ | هەمی لاتینی | چاپخانا سەباتێ شام ١٩٤١ | ١٠ | | | ١ | ١ | – |
| ٥١ | ١٥ چریا پاشین ١٩٤٢ یەکشەمب | ١٢ | هەمی لاتینی | چاپخانا سەباتێ شام ١٩٤١ | ١٠ | | | ١ | ٣ | – |
| ٥٢ | ٢٠ کانونا پاشین ١٩٤٣ چارشەمب | ١٦ | هەمی لاتینی | چاپخانا سەباتێ شام ١٩٤١ | ١٠ | | | — | ٦ | – |
| ٥٣ | ١٥ ئادار ١٩٤٣ دووشەمب | ٨ | هەمی لاتینی | چاپخانا تەرەقیێ شام ١٩٤٣ | ١١ | | | ١ | ٢ | – |

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٥٤ | ١٥ گولان ١٩٤٣ شەمبی | ٨ هەمی لاتینی | چاپخانا تەرەقیێ شام ١٩٤٣ | ١١ | | | — | ٣ | — |
| ٥٥ | ١٥ حزیران ١٩٤٣ شەمبی | ٨ هەمی لاتینی | چاپخانا تەرەقیێ شام ١٩٤٣ | ١١ | | | — | ٣ | — |
| ٥٦ | ١٥ تیرمەه ١٩٤٣ پێنج شەمب | ٨ هەمی لاتینی | چاپخانا تەرەقیێ شام ١٩٤٣ | ١١ | | | — | ٣ | — |
| ٥٧ | ١٥ تەباخ ١٩٤٣ یەکشەمب | ٨ هەمی لاتینی | چاپخانا تەرەقیێ شام ١٩٤٣ | ١١ | | | ١ | ٣ | — |
| ٥٧ | | سەرجەم/ ٨١٦ روپەل | | | سەرجەم/ ٩ وێنە | | ٤٠ هەوال | ١٩٩ گوتار | ٨٥ بانگەشە |

## کوڤارا روناهی

**خوەدیێ و گەرینەندەیێ بەرپرسیار: میر جەلادەت ئالی بەدرخان. شام – سوریا**

| هژمارا کوڤاریَ | رۆژو مێژوویا دەرچوونێ | هژمارا روپەلا | | جهێ دەرچوونێ | سال | ژمارا وێنا | ژمارا هەوالا | ژمارا گوتارا | ژمارا بانگەشە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | چارشەمب ١ نیسان ١٩٤٢ | ١٤ | | شام ١٩٤٢ چاپخانا سەباتێ | ١ | ٢٣ | ١٠ | – | — |
| ٢ | ئینی ١ گولان ١٩٤٢ | ١٦ | | شام ١٩٤٢ چاپخانا سەباتێ | ١ | ٣٢ | ٩ | ٣ | — |
| ٣ | دووشەمب ١ حزیران ١٩٤٢ | ٢٠ | | شام ١٩٤٢ چاپخانا سەباتێ | ١ | ٤٠ | ١٥ | ٥ | — |
| ٤ | چارشەمب ١ تیرمەه ١٩٤٢ | ٢٠ | | شام ١٩٤٢ چاپخانا سەباتێ | ١ | ٤٢ | ١٣ | ٤ | — |
| ٥ | شەمبی ١ تەباخ ١٩٤٢ | ٢٠ | | شام ١٩٤٢ چاپخانا سەباتێ | ١ | ٤٠ | ٨ | ٦ | — |

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٦ | سێ شەمب ١ ئیلون ١٩٤٢ | ٢٠ | | شام ١٩٤٢ چاپخانا سەباتێ | ١ | ٣٤ | ٦ | ٩ | — |
| ٧ | پێنج شەمب ١ چریا پێشین ١٩٤٢ | ٢٠ | | شام ١٩٤٢ چاپخانا سەباتێ | ١ | ٢٥ | ٦ | ٩ | — |
| ٨ | یەکشەمب ١ چریا پاشین ١٩٤٢ | ٢٠ | | شام ١٩٤٢ چاپخانا سەباتێ | ١ | ٣٧ | ٧ | ٥ | — |
| ٩ | سێ شەمب ١ کانونا پێشین ١٩٤٢ | ٢٠ | | شام ١٩٤٢ چاپخانا سەباتێ | ١ | ٣٥ | ٩ | ٦ | — |
| ١٠ | ئینی ١ کانونا پاشین ١٩٤٣ | ١٦ | | شام ١٩٤٣ چاپخانا سەباتێ | ١ | ٢٧ | ٤ | ٣ | — |
| ١١ | دووشەمب ١ سبات ١٩٤٣ | ١٦ | | شام ١٩٤٣ چاپخانا سەباتێ | ١ | ٢٢ | ٦ | ٨ | — |
| ١٢ | دووشەمب ١ ئادار ١٩٤٣ | ٢٤ | | شام ١٩٤٣ چاپخانا تەرەقیێ | ٢ | ١٩ | ٣ | ٦ | — |
| ١٣ | پێنج شەمب ١ نیسان ١٩٤٣ | ١٦ | | شام ١٩٤٣ چاپخانا تەرەقیێ | ٢ | ٢٠ | ٤ | ٤ | — |
| ١٤ | شەمبی ١ گولان ١٩٤٣ | ١٦ | | شام ١٩٤٣ چاپخانا تەرەقیێ | ٢ | ١٢ | ٧ | ٩ | — |
| ١٥ | سێ شەمب ١ حزیران ١٩٤٣ | ٢٤ | | شام ١٩٤٣ چاپخانا تەرەقیێ | ٢ | ١٩ | ٥ | ٥ | — |
| ١٦ | پێنج شەمب ١ تیرمەه ١٩٤٣ | ٢٤ | | شام ١٩٤٣ چاپخانا تەرەقیێ | ٢ | ١٥ | ٦ | ٧ | — |
| ١٧ | یەکشەمب ١ تەباخ ١٩٤٣ | ٣٢ | | شام ١٩٤٣ چاپخانا تەرەقیێ | ٢ | ٣١ | ٣ | ٩ | — |

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٨ | چارشەمب ١ ئیلون ١٩٤٣ | ٢٤ | | شام ١٩٤٣ چاپخانا تەرەقیێ | ٢ | ٢٢ | ٥ | ٤ | — |
| ١٩ | ئینی ١ چریا پێشین ١٩٤٣ | ٢٤ | | شام ١٩٤٣ چاپخانا تەرەقیێ | ٢ | ٢٠ | ٣ | ٥ | — |
| ٢٠ | دووشەمب ١ چریا پێشین ١٩٤٣ | ٢٤ | | شام ١٩٤٣ چاپخانا تەرەقیێ | ٢ | ١٩ | ٢ | ٥ | — |
| ٢١ | چارشەمب ١ كانونا پێشین ١٩٤٣ | ١٦ | | شام ١٩٤٣ چاپخانا تەرەقیێ | ٢ | ١٣ | ٢ | ٣ | — |
| ٢٢ | شەمبی ١ كانونا پاشین ١٩٤٤ | ١٦ | | شام ١٩٤٤ چاپخانا تەرەقیێ | ٣ | ١٥ | ٣ | ٤ | — |
| ٢٣ | سبات — ئادار ١٩٤٤ | ٢٤ | | شام ١٩٤٤ چاپخانا تەرەقیێ | ٣ | ٢٤ | ٢ | ٥ | — |
| ٢٤ | نیسان ١٩٤٤ | ٢٤ | | شام ١٩٤٤ چاپخانا تەرەقیێ | ٣ | ٢٥ | ٣ | ٥ | — |
| ٢٥ | گولان ١٩٤٤ | ٢٤ | | شام ١٩٤٤ چاپخانا تەرەقیێ | ٣ | ٢٥ | ٢ | ٦ | — |
| ٢٦ | حزیران — تیرمەه ١٩٤٤ | ٢٤ | | شام ١٩٤٤ چاپخانا تەرەقیێ | ٣ | ١٦ | ٢ | ٦ | — |
| ٢٧ | تەباخ — ئیلون ١٩٤٤ | ٢٤ | | شام ١٩٤٤ چاپخانا تەرەقیێ | ٣ | ٢٧ | ٣ | ٢ | — |
| ٢٨ | ئادار ١٩٤٥ | ٢٤ | | شام ١٩٤٥ چاپخانا تەرەقیێ | ٤ | ٢٢ | ٢ | ٧ | — |
| ٢٨ | | سەرجەم/٢٨٦ ڕوپەل | | | | هەوال | ١٥٠ | ١٥٠ گوتار | |

## رۆژناما رۆژانوو

خوەدیو گەڕینەندە: میر د. کامران ئالی بەدرخان

| هژمارا رۆژنامێ | رۆژو مێژوویا دەرچوونێ | هژمارا روپەلا | | جهێ دەرچوونێ | سال | ژمارا وێنا | ژمارا هەوالا | ژمارا گوتارا | ژمارا بانگەشە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | دووشەمب ١٩٤٣/٥/٣ | ٤ | دوو فرەنسی | بێروت - لبنان | ١ | ٤ | ٨ | ١ | — |
| ٢ | دووشەمب ١٩٤٣/٥/١٠ | ٤ | ١ فرەنسی | بێروت - لبنان | ١ | ١٢ | ٦ | ١ | — |
| ٣ | دووشەمب ١٧/گولان/١٩٤٣ | ٤ | ١ فرەنسی | بێروت - لبنان | ١ | ١٠ | ١٣ | ١ | — |
| ٤ | دووشەمب ٢٤/گولان/١٩٤٣ | ٤ | ١ فرەنسی | بێروت — لبنان | ١ | ٧ | ٨ | ٣ | — |
| ٥ | دووشەمب ٣١/گولان/١٩٤٣ | ٤ | ١ فرەنسی | بێروت - لبنان | ١ | ٧ | ٩ | ٢ | — |
| ٦ | دووشەمب ٧/حزیران/١٩٤٣ | ٤ | ١ فرەنسی | بێروت - لبنان | ١ | ١ | ٧ | ٢ | — |
| ٧ | دووشەمب ١٤/حزیران/١٩٤٣ | ٤ | ١ فرەنسی | بێروت - لبنان | ١ | ٨ | ٥ | ٢ | — |
| ٨ | دووشەمب ٢١/حزیران/١٩٤٣ | ٤ | ١ فرەنسی | بێروت - لبنان | ١ | ١٠ | ٦ | ٢ | — |
| ٩ | دووشەمب ٢٨/حزیران/١٩٤٣ | ٤ | ١ فرەنسی | بێروت - لبنان | ١ | ١١ | ٥ | ٢ | — |
| ١٠ | دووشەمب ٥/تیرمەه/١٩٤٣ | ٤ | ١ فرەنسی | بێروت - لبنان | ١ | ٩ | ٥ | ٣ | — |
| ١١ | دووشەمب ١٢/تیرمەه/١٩٤٣ | ٤ | ١ فرەنسی | بێروت - لبنان | ١ | ٨ | ٧ | ٤ | — |
| ١٣- Dec | دووشەمب ١٩/تیرمەه/١٩٤٣ | ٤ | ١ فرەنسی | بێروت — لبنان | ١ | ٣ | ٨ | ٢ | — |

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٤ | دووشەمب ٢/تەباخ/١٩٤٣ | ٤ | ١ فرەنسی | بێروت - لبنان | ١ | ٥ | ١٠ | ٣ | — |
| ١٥ | دووشەمب ٩/تەباخ/١٩٤٣ | ٤ | ١ فرەنسی | بێروت - لبنان | ١ | ٧ | ١٠ | ٢ | — |
| ١٦ | دووشەمب ١٦/تەباخ/١٩٤٣ | ٤ | ١ فرەنسی | بێروت - لبنان | ١ | ٦ | ١٠ | ٣ | — |
| ١٧ | دووشەمب ٢٣/تەباخ/١٩٤٣ | ٤ | ١ فرەنسی | بێروت - لبنان | ١ | ٥ | ٩ | ٤ | — |
| ١٨ | دووشەمب ٣٠/تەباخ/١٩٤٣ | ٤ | ١ فرەنسی | بێروت - لبنان | ١ | ٦ | ١١ | ٢ | — |
| ١٩ | دووشەمب ٦/ئیلون/١٩٤٣ | ٤ | ١ فرەنسی | بێروت - لبنان | ١ | ٥ | ٨ | ٤ | — |
| ٢٠ | دووشەمب ١٣/ئیلون/١٩٤٣ | ٤ | ١ فرەنسی | بێروت - لبنان | ١ | ٥ | ١٢ | ٤ | — |
| ٢١ | دووشەمب ٢٠/ئیلون/١٩٤٣ | ٤ | ١ فرەنسی | بێروت — لبنان | ١ | ٦ | ١٣ | ٢ | — |
| ٢٢ | دووشەمب ٢٧/ئیلون/١٩٤٣ | ٤ | ١ فرەنسی | بێروت - لبنان | ١ | ٥ | ٩ | ٣ | — |
| ٢٣ | دووشەمب ٤/چریا پێشین/١٩٤٣ | ٤ | ١ فرەنسی | بێروت - لبنان | ١ | ٥ | ٦ | ٢ | — |
| ٢٤ | دووشەمب ١٨/چریا پێشین/١٩٤٣ | ٤ | ١ فرەنسی | بێروت - لبنان | ١ | ٧ | ٨ | ٢ | — |
| ٢٥ | دووشەمب ٢٥/چریا پێشین/١٩٤٣ | ٤ | ١ فرەنسی | بێروت - لبنان | ١ | ٦ | ٧ | ٣ | — |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢٦ | دووشەمب ١/چريا پاشين/١٩٤٣ | ٤ | ١ فرەنسی | بێروت - لبنان | ١ | ٥ | ٨ | ٣ | — |
| ٢٧ | دووشەمب ٨/ چرياپێشين/١٩٤٣ | ٤ | ١ فرەنسی | بێروت - لبنان | ١ | ٦ | ٥ | ٣ | — |
| ٢٨ | دووشەمب ١٥/چرياپێشين/١٩٤٣ | ٤ | ١ فرەنسی | بێروت - لبنان | ١ | ٨ | ٩ | ٢ | — |
| ٢٩ | دووشەمب ٢٢/چرياپێشين/١٩٤٣ | ٤ | ١ فرەنسی | بێروت — لبنان | ١ | ٦ | ١٠ | ٢ | — |
| ٣٠ | دووشەمب ٦/كانوونا پێشين/١٩٤٣ | ٤ | ١ فرەنسی | بێروت - لبنان | ١ | ٦ | ٨ | ١ | — |
| ٣١ | دووشەمب ٢٠/چرياپێشين/١٩٤٣ | ٤ | ١ فرەنسی | بێروت - لبنان | ١ | ٩ | ٨ | ١ | — |
| ٣٢ | دووشەمب ٢٧/چرياپێشين/١٩٤٣ | ٤ | ١ فرەنسی | بێروت - لبنان | ٢ | ٦ | ٨ | ٣ | — |
| ٣٣ | دووشەمب ٣/كانونا پاشين/١٩٤٤ | ٤ | ١ فرەنسی | بێروت - لبنان | ٢ | ٧ | ١٧ | ١ | — |
| ٣٤ | دووشەمب ١٠/كانونا پاشين/١٩٤٤ | ٤ | ١ فرەنسی | بێروت - لبنان | ٢ | ٧ | ١٦ | ١ | — |
| ٣٥ | دووشەمب ١٧/كانونا پاشين/١٩٤٤ | ٤ | ١ فرەنسی | بێروت - لبنان | ٢ | ٦ | ١٢ | ١ | — |
| ٣٦ | دووشەمب ٢٤/كانونا پاشين/١٩٤٤ | ٤ | ١ فرەنسی | بێروت - لبنان | ٢ | ٦ | ٩ | ١ | — |
| ٣٧ | دووشەمب ٣١/كانونا پاشين/١٩٤٤ | ٤ | ١ فرەنسی | بێروت - لبنان | ٢ | ٦ | ٨ | ٢ | — |

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٣٨ | دووشەمب ١٤/ سبات/١٩٤٤ | ٤ | ١ فرەنسی | بێروت - لبنان | ٢ | ٥ | ٦ | ٣ | — |
| ٣٩ | دووشەمب ٢١/ سبات/١٩٤٤ | ٤ | ١ فرەنسی | بێروت — لبنان | ٢ | ٧ | ٨ | ١ | — |
| ٤٠ | دووشەمب ٦/ ئادار/١٩٤٤ | ٤ | ١ فرەنسی | بێروت - لبنان | ٢ | ٦ | ٥ | ٢ | — |
| ٤١ | دووشەمب ١٣/ ئادار/١٩٤٤ | ٤ | ١ فرەنسی | بێروت - لبنان | ٢ | ٥ | ٧ | ٢ | — |
| ٤٢ | دووشەمب ٢٠/ ئادار/١٩٤٤ | ٤ | ١ فرەنسی | بێروت - لبنان | ٢ | ٥ | ٤ | ١ | — |
| ٤٣ | دووشەمب ٢٧/ ئادار/١٩٤٤ | ٤ | ١ فرەنسی | بێروت - لبنان | ٢ | ٥ | ٥ | ١ | — |
| ٤٤ | دووشەمب ٣/ نیسان/١٩٤٤ | ٤ | ١ فرەنسی | بێروت - لبنان | ٢ | ٤ | ٧ | ١ | — |
| ٤٥ | دووشەمب ١٧/ نیسان/١٩٤٤ | ٤ | ١ فرەنسی | بێروت - لبنان | ٢ | ٤ | ٣ | ١ | — |
| ٤٦ | دووشەمب ١/ گولان/١٩٤٤ | ٤ | ١ فرەنسی | بێروت - لبنان | ٢ | ٤ | ٦ | ١ | — |
| ٤٧ | دووشەمب ٨/ گولان/١٩٤٤ | ٤ | ١ فرەنسی | بێروت - لبنان | ٢ | ١١ | ٦ | ٢ | — |
| ٤٨ | دووشەمب ١٥/ گولان/١٩٤٤ | ٤ | ١ فرەنسی | بێروت - لبنان | ٢ | ٤ | ٣ | ١ | — |
| ٤٩ | دووشەمب ١٦/ تیرمەه /١٩٤٥؟ | ٤ | هەمی فرەنسی | بێروت — لبنان | ٢ | نینە | — | — | — |
| ٥٠ | دووشەمب ١٦/ تیرمەه /١٩٤٥؟ | ٤ | هەمی کوردی | بێروت - لبنان | ٣ | ٩ | ٢ | ٢ | — |

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٥١ | دووشەمب ٣٠/ تیرمەه /١٩٤٥؟ | ٤ | هەمی فرەنسی | بێروت - لبنان | ٣ | نینە | — | — | — |
| ٥٢ | دووشەمب ٣٠/ تیرمەه /١٩٤٥؟ | ٤ | هەمی کوردی | بێروت - لبنان | ٣ | ٦ | ٥ | ٢ | — |
| ٥٣ | دووشەمب ١٣/ تەباخ /١٩٤٥؟ | ٤ | هەمی فرەنسی | بێروت - لبنان | ٣ | نینە | — | — | — |
| ٥٤ | دووشەمب ١٣/ تەباخ /١٩٤٥؟ | ٤ | هەمی کوردی | بێروت - لبنان | ٣ | ٧ | ١ | ٢ | — |
| ٥٥ | دووشەمب ٣/ ئیلون /١٩٤٥؟ | ٤ | هەمی کوردی | بێروت - لبنان | ٣ | ٣ | ١ | ٥ | — |
| ٥٦ | دووشەمب ١٠/ ئیلون /١٩٤٥؟ | ٤ | هەمی فرەنسی | بێروت - لبنان | ٣ | نینە | — | — | — |
| ٥٧ | دووشەمب ٢٤/ ئیلون /١٩٤٥؟ | ٤ | هەمی کوردی | بێروت - لبنان | ٣ | ٦ | — | ٤ | — |
| ٥٨ | دووشەمب ١/ چریا پێشین /١٩٤٥؟ | ٤ | هەمی فرەنسی | بێروت - لبنان | ٣ | نینە | — | — | — |
| ٥٩ | دووشەمب ٨/ چریا بەرێ /١٩٤٥؟ | ٤ | هەمی کوردی | بێروت — لبنان | ٣ | ٥ | ٦ | ٢ | — |
| ٦٠ | دووشەمب ١٥/ ١٠ /١٩٤٥ | ٤ | هەمی فرەنسی | بێروت - لبنان | ٣ | نینە | — | — | — |
| ٦١ | دووشەمب ٥/ چریا پاشین /١٩٤٥ | ٤ | هەمی کوردی | بێروت - لبنان | ٣ | ٤ | ١٠ | ٣ | — |
| ٦٢ | دووشەمب ٢٦/ چریا پاشین /١٩٤٥ | ٤ | هەمی فرەنسی | بێروت - لبنان | ٣ | نینە | — | — | — |

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٦٣ | دووشەمب ٢٦/ چریا پاشین /١٩٤٥ | ٤ | هەمی کوردی | بێروت - لبنان | ٢ | ٤ | ٥ | ٢ | — |
| ٦٤ | دووشەمب ١٧/ کانونا پێشین /١٩٤٥ | ٤ | هەمی کوردی | بێروت - لبنان | ٣ | ٥ | ٨ | ٢ | — |
| ٦٥ | دووشەمب ٢٤/ کانونا پێشین /١٩٤٥ | ٤ | هەمی فرەنسی | بێروت - لبنان | ٣ | نینە | – | – | — |
| ٦٦ | دووشەمب ١٤/ کانونا پاشین /١٩٤٦ | ٤ | هەمی کوردی | بێروت - لبنان | ٤ | ٣ | ٦ | ٢ | — |
| ٦٦ | دووشەمب ١٤/ کانونا پاشین /١٩٤٦ | ٤ | هەمی فرەنسی | بێروت - لبنان | ٤ | نینە | – | – | — |
| ٦٨ | دووشەمب ٤/ سبات /١٩٤٦ | ٢ | هەمی کوردی | بێروت - لبنان | ٤ | نینە | ١ | ٢ | — |
| ٦٩ | دووشەمب ٢٥/ سبات /١٩٤٦ | ٤ | هەمی کوردی | بێروت - لبنان | ٤ | ٥ | ٩ | ١ | — |
| ٧٠ | دووشەمب ١١/ ئادار /١٩٤٦ | ٤ | هەمی فرەنسی | بێروت - لبنان | ٤ | نینە | – | – | — |
| ٧٠ — ٧١ | دووشەمب ٢٠/ ئادار /١٩٤٦ | ٤ | هەمی کوردی | بێروت — لبنان | ٤ | ٤ | ٥ | ١ | — |
| ٧٢ | دووشەمب ١٣/ گولان /١٩٤٦ | ٢ | هەمی کوردی | بێروت - لبنان | ٤ | ١ | – | ١ | — |
| ٧٣ | دووشەمب ٢٧/ گولان /١٩٤٦ | ٢ | هەمی فرەنسی | بێروت - لبنان | ٤ | نینە | – | – | — |
| ٧٣ | سەرجەم | ٢٨٢ | رویەل | | سەرجەم | ٣٥٨ وێنە | ٤٣٧ هەواڵ | ١٢٧ گوتار | — |

## رۆژناما ستێر

## خوەدیو گرینەندە: میر دز کامران ئالی بەدرخان

| هژمارا کوڤارێ | رۆژو مێژوویا دەرچوونێ | هژمارا روپەلا | جهێ دەرچوونێ | سال | ژمارا وێنا | ژمارا هەوالا | ژمارا گوتارا | ژمارا بانگەشە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | دووشەمب ٦ کانونا پێشین ١٩٤٣ | ٤ هەمی روپەل کوردی | بێروت - لبنان | ١ | ١٦ | ٢ | ٦ | — |
| ٢ | دووشەمب ٢٨ سبات ١٩٤٤ | ٤ هەمی روپەل کوردی | بێروت - لبنان | ٢ | ١٣ | — | ١ | — |
| ٢ | دووشەمب ٢٢ چریا بەرێ ١٩٤٥ | ٤ هەمی روپەل کوردی | بێروت - لبنان | ٣ | ١٧ | ٤ | ١ | — |
| ٣ | | سەرجەم/ ١٢ روپەل | | سەرجەم/ ٤٥ وێنە | | ٦ هەواڵ | ٨ گوتار | — |

# سەرچاوەکـــان

## یەکەم: بە زمـــانی کـوردی

### أ. کـــتێب


- ئازاد عەبدولعەزیز مزوری، جەلادەت بەدرخان‌و شعر لێکۆڵینەکە شرۆڤەکارییە، چ۱، دەزگەها سپیریز یا چاپ‌و وەشانێ، دهۆک، ۲۰۰٦.

- ئیسماعیل ئیبراهیم سەعید (دکتۆر)، ئەدەبی رۆژنامەنووسی کوردی بەغدا ۱۹۷۰ — ۱۹۷٤ قۆناغێکی نوێ، دەزگای رۆشنبیری‌و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا، ۲۰۰۵.

- ئیسماعیل بادی، رۆژنامەڤانیا کوردی دناڤبەرا بژاڤا سیاسی‌و رەوشەنبیریدا، چ۱، چاپخانا هاوسەر، هەولێر، ۲۰۰٤.

- ئومێد مەسعودی، بنەماکانی دارشتن لە میدیاکاندا، وەرگێڕانی مەجید سالح، بڵاوکراوەکانی بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، زنجیرە (۳)، سلێمانی، ۲۰۰۲.

- ئومێد مەسعوودی، بنەماکانی نووسین لە راگەیاندندا، وەرگێڕانی جوامێر مارابی، چ۱، بڵاوکراوەکانی بنکەی ئەدەبی‌و رووناکبیری گەلاوێژ، سلێمانی، ۲۰۰۵.

- برایمی مەلا، رۆژنامەگەریی لە سەرەتای سەرهەڵدانەکانەوە تا چەرخی نوێکاری، وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ۱۹۹۸.

- بەختیار کەریمی، بەرەو رۆژنامەوانیی مۆدێرن، چ۱، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ۲۰۰٦.

- جەلیلی جەلیل، ئوتوبیوگرافیا عەبدولرەزاق بەدرخان، ژوەشانێن کوڤارا مەتین، چاپخانا خەبات، دهوک، ۱۹۹۹. (بە ئەلفو بێی لاتینی).

- دەنیس دارگول، میدیاو بەرنامەڤانی، چ۱، دەزگەها سپیریز یا چاپ‌و وەشانێ، چاپخانا حەجی هاشم، هەولێر، ۲۰۰٦.

- رەزا حاجی ئابادی، دەروازەی رۆژنامەنوسی، وەرگێڕانی کارزان محەمەد، دەزگای چاپ‌و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ۲۰۰۵.

- سامان جەلال، رۆڵی رۆژنامە لە خولقاندنی رای گشتی خوێندکاران، چ١، چاپخانەی ووشە، سلێمانی، ٢٠٠٢.
- سەلاح محەمەد سەلیم هروری (دکتۆر)، عەبدولرەزاق بەدرخان ١٨٦٤ — ١٩١٨ ژیان، تێکەلیێن سیاسی، خەباتا چاندی، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٥.
- سەلاح هروری (دکتۆر)، پێداچوونەك ل سەر هندەك بەلگەنامێن تایبەت ب کوردان ڤە، چ١، ژ وەشانێن ئێکەتیا نڤیسەرێن کورد — دهۆك، چاپخانا هاوار، دهۆك، ٢٠٠٦.
- عەبدولرەزاق بیمار، پەخشانی کوردی، دەزگای رۆشنبیریو بلاوکردنەوەی کوردی، بەغدا، ١٩٩٨.
- عبدالصمد اسلام طه، رەنگدانەوەی ئەدەب لە گۆڤاری هاواردا ١٩٣٢ — ١٩٤٣، چ١، دەزگای چاپو بلاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٢.
- عەبدولقادر عەلی مەردانو ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی، چاپکردنو نەخشەسازی، چ١، لە بلاوکراوەکانی رۆژنامەی برایەتی، هەولێر، ١٩٩٩.
- فاروق عەلی عومەر، رۆژنامەگەریی کوردی لە عێراقدا بەرایییەکان ١٩١٤ — ١٩٣٩، وەرگێڕانی تاریق کارێزی، چ١، دەزگای چاپو بلاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠١.
- فاروق عەلی عومەر (دکتۆر)، کلیلی دەستەلاتی چوارەم، چۆن لە جیهانێکی گۆڕاودا دەبیتە رۆژنامەنووس، وەرگێڕانی هیوا سالح ئەحمەد، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، سلێمانی، ٢٠٠٥.
- فریبا سەیاد — د. عەلی ئەکبەر فەرهەنگی، نەریتی رۆژنامەوانی، وەرگێڕانی کارزان محەمەد، وەزارەتی رۆشنبیری بەڕێوەبەرێتیی چاپو بلاوکردنەوەی سلێمانی، زنجیرە (٤٤٥)، سلێمانی، ٢٠٠٦.
- قەیس ئەلیاسری (دکتۆر)، رۆژنامەنووس، وەرگێڕانی سەلام کەریم، چ١، لە بلاوکراوەکانی بانگەوازو رووناکبیری ئیسلامی، سلێمانی، ٢٠٠٣.
- کاروان عەلی، هونەری رۆژنامەنووسی، چ١، چاپخانەو ئۆفسێتی بەدرخان، سلێمانی، ٢٠٠٤.
- کازم موعتەمەد نەژاد (دکتۆر)و، هەندێکی دیکە، جیهانی سێیەمو گەڕان بەدوای رۆژناوانیی ئازاددا، وەرگێڕانی د. هیمدادی حوسێن، زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، کتێبی گیرفانی ژ (٣٣)، سلێمانی، ٢٠٠٣.
- کازمی موعتەمەد نەژاد (دکتۆر)، رۆژنامەگەریی، وەرگێڕانی مەجید سالح عەزیز، چ٢، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، ٢٠٠١.
- کەمال مەزهەر ئەحمەد (دکتۆر)، تێگەیشتنی راستی، شوێنی لە رۆژنامەنووسی کوردیدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٨.

- كورتيس ماكدوگاڵ (پرۆفیسۆر)، بنەماكانی هەواڵنوسن، وەرگێڕانی هەندرێن شێرزاد، چ١، لە بڵاوكراوەكانی بەشی چاپو بڵاوكردنەوەی رادیۆی نەوا، (ب.م).

- لوتفی، میر بەدرخان، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە جەمال گردەسۆری، چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٩.

- محەمەد ئەلدروبی (دكتۆر)، رۆژنامەگەریی‌و رۆژنامەنووسی هاوچەرخ، وەرگێڕانی سۆزان جەمال‌و لوقمان غەفور، چ١، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٦.

- مەغدید سەپان (دكتۆر)، ژانرەكانی رۆژنامەوانی‌و مێژووی چاپخانە ١٤٥٠ – ١٥٠٠، لە چاپكراوەكانی كۆڕی زانیاری كوردستان، هەولێر، ٢٠٠٥.

- نەژاد عزیز سورمێ، رۆژنامەگەریی كوردی چەند سەرە قەلەمێك لەبارەی تەكنیك‌و هونەرەكانی، چ١، لە بڵاوكراوەكانی رۆژنامەی برایەتی، ژ٣، هەولێر، ١٩٩٩.

- نەوزاد عەلی ئەحمەد، رابەری رۆژنامەگەریی نهێنیی كوردی، چ١، وەزارەتی رۆشنبیری، بەڕێوەبەرێتی گشتی چاپو بڵاوكردنەوە، سلێمانی، ٢٠٠١.

- نەوشێروان مستەفا ئەمین، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی رۆژنامەوانیی كوردی ١٨٩٨ – ١٩١٨، دەزگای چاپو پەخشی سەردەن، سلێمانی، (ب.م).

- هەڤاڵ ئەبوبەكر حسەین، چەشنە ئەدەبیی‌و رۆژنامەنوسییەكان‌و رەنگدانەوەیان لە ژیان‌و ژین دا (١٩٢٢ – ١٩٥٠)، بنكەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٧.

- هەڤاڵ ئەبو بەكر، چەند هەنگاوێك بەرەو: راگەیاندن، رۆژنامەنوسیی، پروپاگەندەوڕای گشتی، چ٢، كتێبخانەی رۆشنبیر، سلێمانی، ١٩٩٧.

- وەسفی حسەن ردێنی، ئێزگەو تەلەفزیۆنێت كوردی ١٩٣٩ – ٢٠٠٢، چ١، وەزارەتی رۆشنبیری، بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاپو رۆژنامەگەریی‌و دابەشكردن‌و بڵاوكردنەوەی، هەولێر، ٢٠٠٥.

- یوسف ئەحمەد مەنتك، بەدرخانییەكان ماڵباتێكی خەباتكار، كتێبفرۆشی سۆران، هەولێر، ٢٠٠٥.

### ب. گۆڤـــار

- جەمال خەزنەدار، رۆژی كورد، چاپخانەی (المؤسسة العراقیة)، بەغدا، ١٩٨١.

- جەمال خەزنەدار، كورد تعاون وترقی غزتەسی، گۆڤاری هاڤیبون، ژ (٩)، ساڵی ٢٠٠١، ل٢٩.

- حەمرەش رەشو، گوڤارا هاوار، ژ ٢٣ – ٥٧، بەرلین – ئەلمانیا، ١٩٧٦.

- خالید بەكر ئەیوب، هەواڵ‌و هەواڵنوسی لە كورتە باسێكدا، گۆڤاری رۆژنامەڤانی، ژ (١٠)، ساڵی سێیەم ٢٠٠٣، هەولێر، ل١٤١.

- دلاوەرێ زەنگی، سالڤەگەرا رەوشەن بەدرخان، گۆڤاری پرس، ژ (١٥)، سالێ ٦، ١٩٩٨، سوریا، ل٣٠. (بە ئەلف‌و بێی لاتینی).

- تەحسین ئیبراهیم دۆسکی، ژ رۆژنامە نڤیسێن کوردییێن دەستپێکێ: محەمەد سالح بەردخان‌و گۆڤارا (رۆژێ کورد)و (یەکبوون)، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژ (٥)، نیسانی ١٩٩٨، ل١٨٥.

- سالمێ جاسم، میر کامیران بەدرخان ژییەکێ درێژو خەباتەکا مەزن، گۆڤاری هاڤیبوون، ژ (١٨)، ٢٠٠٧، ل٨٩.

- سەرکەوت پێنچوینی، قاڵبەکانی داڕشتنی هەواڵ لە رۆژنامەنووسیی کوردیدا لە ساڵی ٢٠٠٠ دا، گۆڤاری رۆژنامەڤانی، ساڵی دووەم، ئاب ٢٠٠١، ل١٨٨.

- صادق بەهائەدین ئامێدی، جەلادەت بەدرخان، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق — دەستەی کورد، بەرگی حەوتەم، ١٩٨٠، ل٢٥٥.

- عیزەدین مستەفا رەسووڵ (دکتۆر)، بەدرخان، گۆڤاری رۆژنامەنووس، ١(٤)، ٢٠٠٥، ل٣٤.

- فرات جەوەری، گوڤارا هاوار ژ١ — ٢٣، جلد ١، وەشخانا نودەم، ستوکهولم، ١٩٩٨.

- فرات جەوەری، گوڤارا هاوار ژ٢٤ — ٥٧، جلد٢، وەشخانا نودەم، ستوکهولم، ١٩٩٨.

- فوئاد عەلی ئەحمەد، مێژووی وێنە لە رۆژنامەوانیی کوردیدا (١٨٩٨ — ١٩٣٩)، بەشی سێیەم‌و کۆتایی، گۆڤاری رۆژنامەنووس، ژ (١)، ٢٠٠٤، ل١٦٣.

- کوردستان موکریانی (دکتۆر)، زار کرمانجی، چ١، دەزگای چاپ‌و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٢.

- کومبەندا کاوا، گوڤارا روناهی ١٩٤٣ — ١٩٤٥، چ١، کومبەندا کاوا بۆ چاندا کوردی، هەولێر — کوردستان، ٢٠٠١.

- محەمەد ئەمین بوز ئەرسەلان، ژین کوڤارا کوردی — ترکی ١٩١٨ — ١٩١٩، جلد ١، کومبەندا کاوا بۆ چاندا کوردی، هەولێر، ٢٠٠١.

- محەمەد ئەمین بوز ئەرسەلان، ژین کوڤارا کوردی — ترکی، ١٩١٨ — ١٩١٩، جلد ٢، کومبەندا کاوا بۆ چاندا کوردی، هەولێر، ٢٠٠١.

- محەمەد بەکر، گوڤارا هاوار، ژ١ — ٩، جلد ١، وەشخانا هاوار، ستوکهولم، ١٩٨٧.

- محەمەد بەکر، هاوار دەنگێ زانین‌و خوەناسینێ، گۆڤاری رۆژنامەڤانی، ژ (٥)، ٢٠٠١، ل٢٥٧.

- محەمەد قادر، کاریکاتێر لە رۆژنامەنووسیی کوردیدا، گۆڤاری رۆژنامەڤانی، ژ (٨)، ساڵی دووەم، ٢٠٠٢، ل٣٦٣.

- ناهیدە رەفیق حیلمی، ژیانی پرشنگداری میر جەلادەت بەدرخان، گۆڤاری رۆشنبیری نوێ، ژ (٣٩)، ساڵی ١٩٩٧، ل٧١.

- نەوزاد عەلی ئەحمەد، هەواڵ لە رۆژنامەی "رۆژانوو"دا، گۆڤاری رۆژنامەنووس، ژ (١)، ٢٢/٤/٢٠٠٤، ل٨٤.

- نەوشیروان مستەفا ئەمین، کورد تەعاون‌و تەرەقی غەزەتەسی، گۆڤاری رۆژنامەڤانی، ژ (٩)، ٢٠٠٢، ل٨١.

- هەژار حاتەم، هەواڵ‌و پێکهاتەکانی، گۆڤاری رۆژنامەنووس، ژ (٧)، ساڵی ٢٠٠٦، ل٣٥.

ج. رۆژنامە

- حازم کلیچ، ستێر وەلات بەری هەر تشتێ، وەشخانا خانی‌و باتەیی، دانیمارك، ١٩٩٢.

- رۆژانوو، رۆژناما سیاسی هەفتەیی (١٩٤٣ – ١٩٤٦)، وەشانێن ژینا نوو، چاپی یەکەم، سوید، ١٩٨٦.

- کەمال فوئاد (دکتۆر)، کوردستان یەکەمین رۆژنامەی کوردی ١٨٩٨ – ١٩٠٢، چاپخانەی (الاخلاص)، بەغدا، ١٩٧٢.

- کەمال فوئاد (دکتۆر)، کوردستان یەکەمین رۆژنامەی کوردی ١٨٩٨ – ١٩٠٢، وەرگێڕانی بەشە تورکییەکەی، شێرزاد عەبدولکەریم، چ١، لە بلاوکراوەکانی بنکەی ئەدەبی‌و رووناکبیری گەلاوێژ، ٢٠٠٠.

## دووەم: بە زمانی عەرەبی:

أ. کتێب

- ابراهيم الحاج صالح، التحرير الصحفي، الكورس الأول، قسم الاعلام، المعهد الفني، اربيل، ١٩٩٩.

- ابراهيم إمام (دكتور)، دراسات في الفن الصحفي، مكتبة الانجلو المصرية، القاهرة – مصر، ١٩٩١.

- اجلال خليفة (دكتورة)، اتجاهات حديثة في فن التحرير الصحفي، ط٢، مكتبة الانجلو المصرية، القاهرة، ١٩٨١.

- احمد بدر (دكتور)، الاتصال بالجماهير والدعاية الدولية، ط١، دار القلم، كويت، ١٩٧٤.

- إسامة عبدالرحيم علي (دكتور)، فنون الكتابة الصحفية والعمليات الادراكية لدى القراء، ط١، ايتراك للنشر والتوزيع، القاهرة – مصر، ٢٠٠٣.

- اسماعيل ابراهيم (دكتور)، فن المقال الصحفي، ط٣، دار الفجر للنشر والتوزيع، القاهرة – مصر، ٢٠٠٦.

- أميل بواظان، تاريخ الصحافة، ترجمة محمد اسماعيل محمد، دار المصرية للطباعة والنشر، القاهرة – مصر، ١٩٤٩.

- ب دينوابيه، الصحافة في العالم، ترجمة عبدالعاطي جلال، مراجعة د. خليل صابات، دار سعد، القاهرة – مصر.

- بلة ض شيرطوة (دكتور)، القضية الكردية، ماضي الكرد وحاضرهم، ط١، رابطة كاوا للثقافة الكردية، دار الكاتب، بيروت، ١٩٨٦.

- ج. رادفورس ايظانس، صحافة بلا دموع، ترجمة باحثة الجومرد، دار الشؤون الثقافية والنشر، الموسوعة الصغيرة ١٤٩، بغداد، ١٩٨٤.

- جوزيف الياس، تطور الصحافة السورية في مائة عام ١٨٦٥ – ١٩٦٥، الجزء الاول، ١٨٦٥ – ١٩١٨، ط١، دار النضال، بيروت، ١٩٨٢.

- جليلي جليل، نهضة الاكراد الثقافية في نهاية القرن التاسع عشر وبداية القرن العشرين، نقلة الروسية باظى نازى، د. ولاتو، ط١، رابطة كاوا للثقافة الكردية، دار الكاتب، بيوت، ١٩٨٦.

- جون. ر. بيتنر، مقدمة في الاتصال الجماهيري، مركز الكتب الاردني، عمان – الاردن، ١٩٩٠.

- جون ماكسويل هاملتون وجورج أ. كريمسكي، صناعة الخبز في كواليس الصحف الامريكية، ترجمة أحمد محمود، ط١، القاهرة – مصر، ٢٠٠٠.

- خليل صابات، وسائل الاتصال نشأتها وتطورها، ط٨، مكتبة الانجلو المصرية، القاهرة – مصر، ١٩٩٩.

- تيسير أبو عرجة (دكتور)، دراسات في الصحافة والاعلام، ط١، دار مجدلاوي للنشر والتوزيع، عمان – الاردن، ٢٠٠٠.

- تودروف (دكتور)، تاريخ الصحافة العالمية، ترجمة د. أديب خضور، ط١، المكتبة الاعلامية، دمشق – سوريا، ١٩٩٠.

- روهات آلاكوم، خويبون وثورة آطري، مراجعة شكور مصطفى، منشورات رابطة كاوا للثقافة الكردية، اربيل، ٢٠٠٠.

- ريوي، تاريخ الأدب الكردي الحديث والمعاصر، جزء الأول، مطبعة عيتاني الحمراء، بيروت، ١٩٩٤.

- زنار سلوشي، في سبيل كردستان (مذكرات)، ترجمة ر. علي، بيروت، ١٩٨٧.

- سامي ذبيان، مدخل نظري وعملي الى الصحافة اليومية والاعلام – الموضوع والتقنية والتنفيذ، ط١، دار الميسرة، بيروت – لبنان، ١٩٧٩.

- سعدالدين خضر، الصحافة والعصر، دائرة الشؤون الثقافية والنشر، بغداد – العراق، ١٩٨٦.

- سعيد الغريب النجار (دكتور)، مدخل الى الاخراج الصحفي، ط١، الدار المصرية اللبنانية، القاهرة، ٢٠٠١.

- سعيد محمد السيد (دكتور) و د. حسن عماد مكاوي، الاخبار الاذاعية والتلفزيونية، مركز جامعة القاهرة للتعليم المفتوح، ٢٠٠٢.

- سلامة موسى، الصحافة حرفة ورسالة، سلامة موسى للنشر والتوزيع، القاهرة.

- سلمان عثمان (كونێ رەش)، الامير جلادت بدرخان حياته وفكره، تقديم روشن بدرخان، مطبعة الكاتب العربي، دمشق، ١٩٩٢.

- سلوى أبو سعدة (دكتورة)، الصحافة في الاتحاد السوفيتي، دار الموقف العربي للصحافة والنشر والتوزيع، القاهرة – مصر، (ب – ت).

- سليمان صالح (دكتور)، صناعة الاخبار في العالم المعاصر، ط٢، دار النشر للجامعات، القاهرة – مصر، ١٩٩٨.

- سليمان صالح (دكتور)، مقدمة في علم الصحافة، دار النشر للجامعات، القاهرة – مصر.

- سمير صبحي، الجورنال من الصفحة الاولى للصفحة الاخيرة، دار المعارف، القاهرة – مصر، ١٩٩٥.

- صابر فلحوط (دكتور)، د. محمد البخاري، العولمة والتبادل الاعلامي الدولي، ط١، منشورات دار علاءالدين، دمشق – سوريا، ١٩٩٩.

- صلاح محمد سليم هروري (دكتور)، الأسرة البدرخانية نشاطها السياسي والثقافي ١٩٠٠ – ١٩٥٠، ط١، دار سبيريز للطباعة والنسر، دهوك، ٢٠٠٤.

- صلاح هروري، امارة بوتان في عهد الأمير بدرخان ١٨٢١ – ١٨٤٧، ط١، مؤسسة موكرياني للطباعة والنشر، اربيل، ٢٠٠٠.

- طلعت همام، مائة سؤال عن الاخراج الصحفي، ط١، دار الفرقان للنشر والتوزيع، عمان – الاردن، ١٩٨٤.

- عامر ابراهيم قنديلجي، توثيق الصورة في الاعلام والصحافة، دار الشؤون الثقافية العامة (الموسوعة الصغيرة)، بغداد، ١٩٩٦.

- عامر ابراهيم قنديلجي، المعلومات الصحفية وتوثيقها، دار الرشيد للنشر، بغداد، ١٩٨١.

- عبدالجبار محمود علي، التصوير الصحفي، ط١، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، بغداد، ١٩٨٠.

- عبدالجواد سعيد ربيع (دكتور)، فن الخبر الصحفي، ط١، دار الفجر للنشر والتوزيع، القاهرة — مصر، ٢٠٠٥.

- عبدالستار جواد (دكتور)، فن كتابة الاخبار، ط٢، دار مجدلاوي للنشر والتوزيع، عمان — الاردن، ٢٠٠١.

- عبدالستار جواد (دكتور)، اللغة الاعلامية دراسة في صناعة النصوص الاعلامية وتحليلها، ط١، منشورات دار الهلال للترجمة، اربد — الاردن، ١٩٩٨.

- عبدالستار جواد (دكتور)، النقد الصحفي، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٩٩.

- عبدالعزيز شرف (دكتور)، فن المقال الصحفي، دار قباء للطباعة والنشر والتوزيع، القاهرة — مصر، ٢٠٠٠.

- عبدالعزيز شرف (دكتور)،، لغة الحضارة وتحديات المستقبل، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة — مصر، ١٩٩٩.

- عبداللطيف حمزة (دكتور)، الاعلام له تاريخه ومذاهبه، ط١، دار الفكر العربي، القاهرة، ١٩٦٥.

- عبداللطيف حمزة (دكتور)، المدخل في فن التحرير الصحفي، ط٤، دار الفكر العربي، القاهرة، (ب — ت).

- عدنان عبدالمنعم ابو السعد، تطور الخبر وأساليب تحريره في الصحافة العراقية منذ نشأتها حتى سنة ١٩١٧، وزارة الثقافة والاعلام، دائرة الشؤون الثقافية والنشر، بغداد، ١٩٨٣.

- عزيز السيد جاسم، مبادئ الصحافة في عالم المتغيرات، دار آفاق عربية، بغداد، ١٩٨٥.

- علي محمود، الصحافة مهنة، ط١، مكتب علاءالدين للطباعة والتصاميم بالكومبيوتر، موصل، ٢٠٠٦.

- فائق مصطفى (دكتور) ود. عبدالرضا علي، في النقد الأدبي الحديث منطلقات وتطبيقات، ط١، جامعة موصل، ١٩٨٩.

- فاروق ابو زيد (دكتور)، فن الخبر الصحفي، ط٢، عالم الكتب، القاهرة، ١٩٩٢.

- فاروق ابو زيد (دكتور)، فن الكتابة الصحفية، ط٤، عالم الكتب، القاهرة، ١٩٩٠.

- فاروق ابو زيد (دكتور)، مدخل الى عالم الصحافة، ط١، عالم الكتب، القاهرة، ١٩٨٦.

- فتحي الأبياري، صحافة المستقبل والتنظيم السياسي، ط٣، دار المعرفة الجامعية، اسكندرية — مصر، ١٩٨٥.

- ف. فريزر بوند، مدخل الى الصحافة، ترجمة راجي صهيون، مؤسسة أ. بدران وشركاه، بيروت — لبنان، ١٩٦٤.

- فلاح كاظم المحنة (دكتور)، د. سؤود القادري، الفنون الاذاعية والتلفزيونية، جامعة بغداد، كلية الاداب، قسم الاعلام، (ب. ت).

- فهد بن عبدالعزيز بدر العسكر (دكتور)، الاخراج الصحفي أهميته الوظيفية واتجاهاته الحديثة، ط١، مكتبة العبيكان، الرياض — السعودية، ١٩٩٨.

- فيصل حسون، صحافة العراق مابين عامي ١٩٤٥ — ١٩٧٠، دار المدى، (ب.ت).

- فيليب تايلور، قصف العقول، الدعاية للحرب منذ العالم القديم حتى العصر النووي، ترجمة سامي خشبة، سلسلة عالم المعرفة ٢٥٦، المجلس الوطني للثقافة والفنون والأدب، الكويت، ٢٠٠٠.

- فيليب غايار، تقنية الصحافة، ترجمة فادي الحسيني، ط١، منشورات عويدات، بيروت — لبنان، ١٩٧٣.

- ليلى عبدالمجيد (دكتورة)، التشريعات الاعلامية، مركز جامعة القاهرة للتعليم المفتوح، القاهرة، ٢٠٠٥.

- مالكولم ف. ماليت، رفيق الصحافيين، ترجمة عبدالرحمن أياس، اللجنة الدولية لحرية الصحافة، ١٩٩٠.

- ماليساند، بدرخانيو جزيرة بوتان، ترجمة شكور مصطفى، مطبعة وزارة الثقافة، اربيل، ١٩٩٨.

- محمد الدروبي (دكتور)، الصحافة والصحفي المعاصر، ط١، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، ١٩٩٦.

- محمد حسن عبدالعزيز (دكتور)، لغة الصحافة المعاصرة، السلسلة الثقافية، المركز العربي للثقافة والعلوم، بيروت — لبنان، (ب — ت).

- محمد سيد محمد (دكتور)، الاعلام واللغة، عالم الكتب، سلسلة البحوث الاعلامية، القاهرة، ١٩٨٤.

- محمود ادهم (دكتور)، التعريف بالمجلة، دار الثقافة للطباعة والنشر، القاهرة، ١٩٨٥.

- محمود علم الدين (دكتور)، الفن الصحفي، مطبوعات قطاع الثقافة، مؤسسة اخبار اليوم، القاهرة — مصر، ٢٠٠٤.

- محمود نجيب ابو الليل (دكتور)، تاريخ الصحافة في اوربا وامريكا منذ بدايتها حتى قيام الحرب العالمية الثانية، ط١، مطبعة التحرير، القاهرة، ١٩٥٤.

- ممدوح حمادة (دكتور)، فن الكاريكاتير في الصحافة الدورية، دار عشترون للنشر، دمشق — سوريا، ١٩٩٩.

- منير بكر التكريتي، الصحافة العراقية واتجاهاتها السياسية والاجتماعية والثقافية من (١٨٦٩ – ١٩٢١)، مطبعة الارشاد، بغداد، ١٩٦٩.

- منير بكر (دكتور)، أساليب المقالة وتطورها في الأدب العراقي الحديث والصحافة العراقية، ط١، مطبعة ارشاد، بغداد – العراق، ١٩٧٦.

- م. نورالدين أحمد النادي، رستم أبو رستم، فن الاخراج الصحفي، ط١، مكتبة المجتمع العربي للنشر، عمان – الاردن، ٢٠٠٤.

- هوگر طاهر توفيق، دور الصحافة الكردية في تطوير الوعي القومي الكوردي ١٨٩٨ – ١٩١٨، ط١، دار سثيريز للطباعة والنشر، دهوك، ٢٠٠٤.

- ياس خضير البياتي (دكتور)، الاعلام الدولي والعربي، جامعة بغداد، كلية الاداب، دار الكتب للطباعة والنشر، بغداد، ١٩٩٣.

- يوسف محيي الدين أبو هلاله (دكتور)، الاعلام نشأته وأساليبه، ما يؤثر فيه، ط١، مكتبة الرسالة الحديثة، عمان – اردن، ١٩٨٧.

- يوسف مرزوق (دكتور)، الخدمة الاخبارية في الاذاعة الصوتية، دراسات اعلامية، بغداد، ١٩٨٦.

### ب. گۆڤـار

- عبدالفتاح علي يحيى، بوتان والبوتانيون والاغنية الكردية التاريخية، مجلة كاروان، العدد ٢٨، السنة الثالثة، كانون الثاني، ١٩٨٥، ص١٥٢.

- وليد أبو بكر، بين لغة الأدب ولغة الاعلام، مجلة الاقلام، العدد ٦، السنة التاسعة عشرة، حزيران ١٩٨٤.

## سێیەم: بە زمانی فارسی

### أ. كـتێب

- حسن حاج سيد جوادى (دكتر)، بررسىو تحقيق در ادبيات معاصر ايران، چاپ اول، انتشارات گروه پژو هشگران، تهران – ايران، ١٣٨٢.

## چوارەم: فەرهەنگو ئینسکلوپیدیا

- ابراهيم زكي خورشيد وآخرون، دائرة المعارف الأسلامية، المجلد الحادي عشر، مكتبة الشعب، القاهرة — مصر.
- بطرس البستاني، دائرة المعارف، مجلد سادس، مؤسسة مطبوعاتي اسماعيليان، تهران — ايران.
- بەدران ئەحمەد حەبیب، فەرهەنگی زاراوە گەلی راگەیاندن، چ١، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کوردستان، هەولێر، ٢٠٠٥.
- جبور عبدالنور، معجم الادبي، ط١، دار العلم الملايين، بيروت — لبنان، ١٩٧٩.
- عباسعلى مهاجرى (دكتر)، واژنامهء علوم مطبوعات وروژنامەنگارى، انگليسى — فارسى، چاپ اول، دانشيار، تهران — ايران، ١٣٨٣.
- عەلی سەیدو گۆرانی، فەرهەنگا کوردی نووژەن، کوردی — عەرەبی، چ٢ (شركة الشرق الاوسط)، عەمان — ئوردن، ١٩٨٥.
- گیوی موکریانی، فەرهەنگی کوردستان، چ١، دەزگای چاپو بلاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ١٩٩٩.
- مجدي وهبة، معجم مصطلحات الأدب، مكتبة لبنان، بيروت، ١٩٧٤.
- محمد فريد وجدي، دائرة معارف القرن العشرين، ط٣، دار المعرفة للطباعة والنشر، بيروت — لبنان، ١٩٧١.
- **J. A. Cuddon, A Dictionary of Literary Terms,** چاپخانەی حافظ، تهران — ایران، ١٣٨٠.
- **Websters New World Dictionary, Pocket Books Reference, Printed in U.S.A.**

## پێنجەم: نامەی زانکۆیی:

- عبدالصمد اسلام طه دۆسكی، رەنگدانەوەی ئەدەب لە کۆڤاری هاواردا ١٩٣٢ — ١٩٤٣، نامەی ماجستێر، کولێجی ئادابی زانکۆیی سەلاحەدین — هەولێر، ٢٠٠١.
- فەرهەنگ موزەفەر محەمەد رەشكينی، بزاڤی رۆژنامەنووسی کوردی لە سووریا، نامەی ماستەر، کولێجی پەروەردەی زانکۆی سەلاحەدین — هەولێر، ٢٠٠٢.

# ملخص الاطروحة

هذه الاطروحة التي اعدت تحت عنوان (دور العائلة البدرخانية في تطوير الصحافة الكردية ١٩٣٢ – ١٩٤٦) تتناول الدور الاعلامي والثقافي التي لعبته العائلة البدرخانية في نشر الوعي القومي وتعبئة الجماهير الكردية للمطالبة بحقوقها القومية المشروعة من خلال اصدار الجرائد والمجلات الكردية التي ساهمت بشكل فعال في نشر الوعي الاعلامي والثقافي عبر كردستان ويعود اصدار اول جريدة كردية في تاريخ الصحافة الكردية الى هذه العائلة وهي جريدة كردستان (٢٢/٤/١٨٩٨) التي كانت الاولى من نوعها في تاريخ الاعلام والثقافة الكردية. وقد استمرت هذه العائلة في تعميق دورها الاعلامي في المراحل اللاحقة والتي تتمثل بالفترة الواقعة بين الحربين العالميتين. حيث اصدرت هذه العائلة خلال هذه الفترة مجلتين (هاوار و روناهی) وجريدتين (رۆژانوو وستێر) التي ادت دورا مشرقا وبارزا في نشر الاخبار المحلية والعالمية لاطلاع الرأي العام الكردي على ما يجري على الساحة من قتال وخسائر تتكبدها هذه الجهة او تلك. كما لها الدور الكبير في ترجمة ونشر بعض الروائع العالمية الى اللغة الكردية بشكل حلقات، وما بذلته من جهود لتقريب اللهجات الكردية كعامل فعال في توحيد الشعب الكردي.

تقع اهمية هذه المجلات والجرائد و دورها الفعال في توجيه القارئ الكردي نحو النضال ضد محتلي كردستان في مقدمة الاسباب التي ادت بنا لاختيار هذا الموضوع عنوانا للاطروحة، بالاضافة الى انه لم يجر حتى الآن دراسة مستفيضة عن الفن الصحفي لأية مجلة او جريدة كردية.

الاطروحة تتكون من مقدمة يتبعها مدخل ثم أربعة فصول وتنتهي بالمراجع وملخصين باللغتين العربية والانكليزية.

يتناول المدخل بشئ من التفصيل نشؤ وارتقاء العائلة البدرخانية ودورها في ارساء قواعد الصحافة الكردية وتطويرها، خاصة في نهاية القرن التاسع عشر والنصف الاول من القرن العشرين.

الفصل الأول: يقدم بعض المعلومات النظرية العامة المتعلقة بالصحافة كتعريف مصطلح الصحافة وانواعها وتاريخها والنظريات الصحفية المختلفة.

الفصل الثاني: يبحث عن فن الكتابة الصحفية والفرق بين الكتابة والتحرير الصحفي. ثم يتناول البحث فن تحرير الاخبار في كل من المجلتين هاوار و روناهى وجريدتين رۆژانوو ستێر.

الفصل الثالث: يدرس فن المقالة الصحفية وتاريخه وانواعه ومميزاته في المجلات والجرائد المعنية.

اما الفصل الرابع والأخير: فيعالج النواحي الفنية المتمثلة بالاخراج الصحفي والفني وتطبيق قواعد الاخراج هذه على المجلات والجرائد المذكورة ويعالج مسألة فن التصوير الصحفي في المطبوعات المذكورة.

وفي النهاية قائمة بالمراجع والمصادر مع ملخصين احدهما باللغة العربية والآخر باللغة الانكليزية

## پێڕست


پێشەکی ٩
دەروازە ١٣
ڕۆڵی بنەماڵەی بەدرخانییەکان لە ڕۆژنامەگەریی کوردیدا ١٤
بنەماڵەی بەدرخانییەکان و ڕۆژنامەگەریی کوردی ١٩
ڕۆژنامەی کوردستان ١٨٩٨ – ١٩٠٢ ٢٠
کورتەی ژیانی میقداد – مەدحەت بەدرخان ٢٢
کورتەی ژیانی عەبدولڕەحمان بەدرخان ٢٣
ڕۆژنامەی کوردستان دەورەی دووەم و سێیەم ٢٥
کورتەیەک لە ژیانی سورەییا بەدرخان ٢٧
کورتەی ژیانی عەبدولڕەزاق بەدرخان ٢٨
محەمەد سالح بەدرخان و ڕۆڵی لە ڕۆژنامەگەریی کوردیدا ٣١
گۆڤاری هاوار ١٩٣٢ – ١٩٤٣ ٣٣
گۆڤاری ڕۆناهی ١٩٤٢ – ١٩٤٥ ٣٥
کورتەیەک لە ژیانی میر جەلادەت بەدرخان ٣٧
کورتەی ژیانی ڕەوشەن بەدرخان ٣٩
ڕۆژنامەی ڕۆژانوو ١٩٤٣ – ١٩٤٦ ٤١
ڕۆژنامەی ستێر ١٩٤٣ – ١٩٤٥ ٤٣
کورتەی ژیانی د. کامیران عالی بەدرخان ٤٤
بەشی یەکەم ٤٩
پێناسەو جۆرو تیۆرەکانی ڕۆژنامەگەریی: ٤٩
پەیڤ و زاراوەی ڕۆژنامەگەریی ٥٠
ڕۆژنامەنووس ٥٤

| | |
|---|---|
| جۆرەکانی رۆژنامەگەریی | ٥٨ |
| رۆژنامە | ٦٨ |
| گۆڤار | ٧٤ |
| کورتەیەك لە مێژووی رۆژنامەگەری | ٨٢ |
| تیورەکانی رۆژنامەگەری | ١٠١ |
| بەشـــی دووەم | ١١٣ |
| هونـــەری هـــەواڵی رۆژنـــامەگەریی | ١١٣ |
| هونەری نووسینی رۆژنامەگەریی | ١١٤ |
| هونەری هەواڵ | ١٢٦ |
| رەگەزەکانی هەواڵ | ١٣٤ |
| بنەماکانی هەواڵ | ١٣٦ |
| سەرچاوەکانی هەواڵ | ١٤١ |
| بەشەکانی هەواڵ | ١٤٤ |
| قاڵبەکانی دارشتنی هەواڵ | ١٥٣ |
| زمانی هەواڵ | ١٦٦ |
| جۆرەکانی هەواڵ | ١٧٠ |
| مێژووی سەرهەڵدانی هەواڵ | ١٧٥ |
| هونەری هەواڵ لە گۆڤاری (هاوار)دا | ١٧٧ |
| هونەری هەواڵ لە گۆڤاری (روناهی)دا | ١٩١ |
| هونەری هەواڵ لە رۆژنامەی (رۆژانوو)دا | ٢٠٢ |
| هونەری هەواڵ لە رۆژنامەی (ستێر)دا | ٢١٩ |
| بەشـــی ســـێیەم | ٢٢١ |
| هونـــەری وتـــاری رۆژنـــامەگەری | ٢٢٢ |
| زاراوەو پێناسەی وتاری رۆژنامەگەریی | ٢٢٢ |

| | |
|---|---|
| مێژووی سەرهەڵدانی وتاری رۆژنامەگەریی | ٢٢٦ |
| کارو ئەرکەکانی وتاری رۆژنامەگەریی | ٢٣٠ |
| زمانی وتاری رۆژنامەگەری | ٢٣٢ |
| جۆرەکانی وتاری رۆژنامەگەری | ٢٣٣ |
| وتاری رۆژنامەگەری لە گۆڤاری (هاوار)دا | ٢٤٦ |
| وتاری رۆژنامەگەری لە گۆڤاری (روناهی)دا | ٢٥٤ |
| وتاری رۆژنامەگەری لە رۆژنامەی (رۆژانوو)دا | ٢٦٣ |
| وتاری رۆژنامەگەری لە رۆژنامەی (ستێر)دا | ٢٦٨ |
| بەشـــی چـــوارەم | ٢٧١ |
| هونەرەکـانی دەرهێنانو وێنـە لە رۆژنـامەگەریدا | ٢٧١ |
| هونەری دەرهێنانی رۆژنامەگەری | ٢٧٢ |
| پێناسەی دەرهێنانی رۆژنامەگەری | ٢٧٤ |
| کارو ئەرکو ئامانجەکانی دەرهێنانی رۆژنامەگەری | ٢٧٦ |
| ئامرازەکانی دەرهێنانی رۆژنامەگەری | ٢٧٩ |
| مێژووی سەرهەڵدانی دەرهێنانی رۆژنامەگەری | ٢٨٠ |
| رەگەزەکانی دەرهێنانی رۆژنامەگەری | ٢٨٣ |
| دەرهێنانی لاپەڕەکان | ٢٨٤ |
| دەرهێنان لە گۆڤاری (هاوار)دا | ٣٠٣ |
| دەرهێنان لە گۆڤاری (روناهی) دا | ٣١٣ |
| دەرهێنان لە رۆژنامەی (رۆژانوو)دا | ٣٢١ |
| دەرهێنان لە رۆژنامەی (ستێر)دا | ٣١٩ |
| وێنەی رۆژنامەگەری | ٣٣٥ |
| جۆرەکانی وێنەی رۆژنامەگەری | ٣٤٠ |
| نووسینی ناوەڕۆکی وێنەی هەواڵ | ٣٤٣ |

| | |
|---|---|
| وێنە لە گۆڤاری (هاوار)دا | ٣٤٣ |
| وێنە لە گۆڤاری (روناهی)دا | ٣٤٨ |
| وێنە لە رۆژنامەی (رۆژانوو)دا | ٣٦٣ |
| وێنە لە رۆژنامەی (ستێر)دا | ٣٧٤ |
| ئەنجامەکان | ٣٧٩ |
| پاشکۆ | ٣٨٢ |
| سەرچاوەکان | ٣٩٧ |
| کورتەیەکی لێکۆڵینەوە بە زمانی عەرەبی | ٤٠٩ |

# زنجیرەی چاپکراوەکانی ساڵی (٢٠١٠)ی
# بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی

| | ناوی کتێب | ناوی نووسەر | بابەت | زنجیرە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | دیوانی سامی عەوداڵ | ئا/د. کەمال مەعروف | شیعر | ٧١١ |
| ٢ | سایکۆلۆژیای دەسەڵات | سەمەد ئەحمەد | لێکۆڵینەوە | ٧١٢ |
| ٣ | وێنەیەك بەسەر ئاوەوە | سەلاح عومەر | رۆمان | ٧١٣ |
| ٤ | شەڕی زمان لەپێناو تەئویلکردنی دەقدا | عەبدولمتەلیب عەبدوڵڵا | لێکۆڵینەوە | ٧١٤ |
| ٥ | ناونیشان لە چیرۆکی کوردیدا | ئارام صدیق | لێکۆڵینەوە | ٧١٥ |
| ٦ | مرۆڤ گەردونێکی نادیار | د.هادی محمد | لێکۆڵینەوە | ٧١٦ |
| ٧ | رێچکەی مێروولەکان | جوتیار ئەحمەد | چیرۆك | ٧١٧ |
| ٨ | ئافۆریسم | نەوزاد جەمال | لێکۆڵینەوە | ٧١٨ |
| ٩ | مێژووی تۆپی پێ و پاڵەوانێتییەکانی لە جیهاندا | هەوراز کاوە | وەرزشیی | ٧١٩ |
| ١٠ | شەڕی گۆگامێلا | محمد ئەمین عەلی | مێژوویی | ٧٢٠ |
| ١١ | بونیاتی هونەری لەشیعرەکانی لەتیف هەڵمەتدا | سامان عیزەدین | لێکۆڵینەوە | ٧٢١ |
| ١٢ | ذاكرة مدينة منقرضة | زوهدی داودی | رۆمان | ٧٢٢ |
| ١٣ | تۆ لە هەموو شوێنێکی تۆ | کەریم دەشتی | شیعر | ٧٢٣ |
| ١٤ | هۆشیاریی یاسایی | فوئاد تاهر | یاسایی | ٧٢٤ |
| ١٥ | میرزا مەنگوڕی و یوتۆپیا جیهانییەکەی | سەربەست کەرکوکی | لێکۆڵینەوە | ٧٢٥ |
| ١٦ | دیوانی ناری | ئا/عوسمان ناری زادە | شیعر | ٧٢٦ |
| ١٧ | کۆمەڵێك شوێنەواری دێرینی بەر لە مێژوو و مێژووی کوردستان | کەمال نوری مەعروف | شوێنەوار | ٧٢٧ |
| ١٨ | ساڵی سفر | سەباح رەنجدەر | شیعر | ٧٢٨ |
| ١٩ | تاوانە ئینتەرنێتییەکان | سەروەت عەبدوڵڵا | لێکۆڵینەوە | ٧٢٩ |
| ٢٠ | زمان ئاسۆیەکە لەنێوان ئاسمان و زەویدا | هەندرێن | لێکۆڵینەوە | ٧٣٠ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٢١ | جاك دريدا و هەڵوەشاندنەوە | ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل | لێکۆڵینەوە | ٧٣١ |
| ٢٢ | ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا | جەلال مەحمود عەلی | زمانەوانی | ٧٣٢ |
| ٢٣ | شار و دنیای منداڵی | عومەر دەروێش | کوراسی شێوەکاری | ٧٣٣ |
| ٢٤ | بەرەو زانستی دەنگسازی لە ئاخاوتنی کوردییەوە | شێرکۆ بابان | زمانەوانی | ٧٣٤ |
| ٢٥ | حقوق الملكية الفكرية ذات الصلة بالاصناف النباتية الجديدة والمنتجات الدوائية | د. دانا حمە باقی | لێکۆڵینەوە | ٧٣٥ |
| ٢٦ | بنەماکانی پێڕست و پۆلێن لە کتێبخانە و بنکە زانیارییەکاندا | شێرزاد سەعید محەمەد | لێکۆڵینەوە | ٧٣٦ |
| ٢٧ | تێکست | هاشم سەراج | شیعر | ٧٣٧ |
| ٢٨ | فێربوونی زمانی فارسی هەنگاو بەهەنگاو | عەدنان عەبدولڕەحمان سەجادی | فەرهەنگ | ٧٣٨ |
| ٢٩ | کوردستان و کورد لە چەند لێکۆڵینەوەیەکی مێژووییدا | د.کەیوان ئازاد | مێژوویی | ٧٣٩ |
| ٣٠ | کتێبی خۆشەویستی | و. جەلال دەباغ | شیعر | ٧٤١ |
| ٣١ | ڕۆڵی بنەماڵەی بەدرخانییەکان لە گەشەپێدان و پێشخستنی هونەرەکانی ڕۆژنامەگەری کوردیدا | عەبدولسەمەد ئیسلام تەها | مێژوویی | ٧٤٠ |